هەڵەبجە و موزیك

بیرەوەری و یاد

Institut kurde de Paris

ئازاد سالّح (شنرۆ)

2023



لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی دۆستانی هەڵەبجە،
زنجیرە کتێبی ژمارە (١٣)

لەسەر ئەرکی بەڕێز (ئاسۆ حاجی محەمەد بامۆکی) لەچاپ دراوە

Institut Kurde de Paris

هەڵەبجەو موزیک، بیرەوەری و یاد
ئازاد سالح (شنرۆ)

- بابەت: یادەوەری
- پیاچوونەوە و هەڵەبڕی: مەریوان سەلاح حیلمی
- تایپ: مەریوان سەلاح حیلمی
- دیزاینی بەرگ و ناوەرۆک: نزار نوری
- چاپخانە:
- تیراژ: ٥٠٠
- نرخ: ٨٠٠٠ دینار
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارە ( )ی ساڵی (٢٠٢٣)ی پێدراوە

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە

پێشەکی

لای من کاک ئازاد و لای هەڵەبجەییەکانیش بە ئازادی صاڵحی مەلا سابیر و لەبواری هونەریی و لەسەر ئاستی کوردستانیش بە ئازادی شنرۆێ ناسراوە، تەمەنێکی درێژی لەبواری هونەردا بەسەر بردووە، ئەم هونەرمەندە داینەمۆ و بزوێنەری گەشەکردنی هونەر بەگشتی و موزیک بەتایبەتی بووە لەهەڵەبجە دا، بۆ یەکەمجار ئەم بەڕێزە بەشێوەیەکی زانستی و دروستکردنی تیپ و کۆکردنەوە و هاندانی هاوڕێکانی و هاوتەمەنەکانی بۆ گەشەسەندن و پێشخستنی موزیکی کوردی کاریان کردووە، ئەگەرچی پێشتر لەڕێی هەندێ کەسی دڵسۆزەوە بەتایبەتی مامۆستاوشاعیری نەمر (ع.ع.شەونم) لەڕێی قوتابخانەکانی هەڵەبجەوە بەردی بناغەی هونەر بەگشتی و ئاواز و موزیکی بەتایبەتی داناوە، بەڵام کاک ئازاد و هاوڕێکانی توانییان بۆیەکەمجار کاری هونەری لەقوتابخانەکان بهێننە دەرەوەو لەناو شاری هەڵەبجەدا بایەخ بەم کارە گرنگە بدەن و دواتر چالاکییەکانیان لەسەرتاسەری کوردستان و عێراق دەنگی دایەوەو بۆ یەکەمجاریش لەهەشتاکاندا تیپی مۆسیقای شنرۆێ بەرهەمی لەتەلەفزیۆنی کەرکوک بڵاوکرایەوە.

کاک ئازاد و هاوڕێکانی لەساڵی ١٩٧٣ بۆ یەکەمجار بەردی بناغەی تیپی مۆزیکی هەڵەبجە دادەنێن، کەبۆ ئەو کاتە کارێکی ئێجگار گرنگ بوو، ئەگەر دامەزراندنی ئەم تیپە بەراورد بکەین بە شارەکانی تری کوردستان، ئەوەمان بۆ روونەبێتەوە کە هەڵەبجە دوانەکەوتووە لەکاروانی هونەر بەگشتی و مۆزیک بەتایبەتی، بەپێچەوانەوە ئەگەر بارودۆخی سیاسی ناوچەکە ناڕەبار نەبوایە، ئەوا گەشەسەندنی زیاتری بەخۆیەوە دەدی، چونکە هونەر بەگشتی لەناوچەی ئارام و

Institut Kurde de Paris

سەقامگیر گەشەدەکات و پێشدەکەوێت و دانابڕێت، بەڵام ئەگەر سەیری مێژووی شاری هەڵەبجە بکەین بەتایبەتی ئەو کاتەی کە کاک ئازاد صاڵح منارڵ و دواتر گەنج بووە، ڕێکەوتەکەی دەکەوێتە دوای شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١، کە قورسایی شۆڕشەکە لەناوچەی هەڵەبجە بووە، بمانەوێ و نەمانەوێ ئەمانە گەشەسەندنی هونەر بەگشتی دوادەخات، تەنانەت دوای دوو کەرتبوونی پارتی لەساڵی ١٩٦٤ و دروستبوونی باڵی مەکتەبی سیاسی کە دواتر بە جەلالی و مەلایی ناسرا، قورسترین ململانێ و شەڕەکانی ئەم دوو باڵە لەناوچەکانی هەڵەبجە بووە، ئەمانە هەمووی کاریگەربوون بۆ ئەوەی ڕێگربێت لەوەی هونەر لەسەر ڕەوتی خۆی نەڕوات، بەڵام لە ١١ی ئازاری ١٩٧٠ چونکە سەقامگیری سیاسی و ئابووری هەبوو، ئا لەوکاتەدا وردە وردە هونەر کەوتە سەر ڕێچکەی ئاسایی خۆی و تیپی مۆزیکی هەڵەبجە لەساڵی ١٩٧٣ دادەمەزرێت کە تا ئێستا بەردەوامە، ئەگەرچی دوای ساڵێک لەدامەزراندنی تیپی هەڵەبجە، کارەساتی ٢٦-٤-١٩٧٤ بەسەر هەڵەبجەدا دێت، دوای نسکۆی ١٩٧٥ و بەدیاریکراوی شەڕی عێراق – ئێران گەورەترین گورزی لە هەڵەبجەدا، چونکە لە ساڵانی ١٩٨٠ تا ١٩٨٨ کەم ڕۆژ هەبووە کە هەڵەبجە بۆردومان نەکرێت، بەتۆپ و ڕاجیمە، کە ئەمە ئەگەرچی چالاکییەکانی تیپی هەڵەبجەی سست نەدەکرد، بەڵام ئەگەر کوردستان و عێراق سەقامگیر بووایە، ئەوا بێگومان تیپی مۆزیکی هەڵەبجە زۆرتر چالاکییان دەبوو، بێگومان کیمیابارانی هەڵەبجە لە ١٦-٣-١٩٨٨ گەورەترین گوزری لەژیان بەگشتی و هونەر بەتایبەتی لە هەڵەبجەدا، هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەو شارە نەهاتۆتەوە سەرخۆی، لەلایەک خەڵک بەگشتی و هونەرمەندان بەتایبەتی بەجۆرێک پەرتەوازە بوون کە دوای ڕاپەڕینیش ئەو ئاواتە نەهاتەدی کە هەڵەبجەو خەڵکەکەی بگەڕێتەوە بۆ مێژووی پێش ١٩٨٨، چونکە لەدوای ڕاپەڕین و گەمارۆکانی ئابووری و خواروخێچی دەسەڵاتی کوردی بواری ئەوەی نەدا کە هەڵەبجە پشوویەک بدات، بەپێچەوانەوە حیزبە کوردییەکان هاتن لەسەر جەستەی ماندوو، جەستەی هەلاهەلابووی پاشماوەی کیمیاباران، سەختترین شەڕی ناوخۆیان بردە هەڵەبجە.

کەواتە هەڵەبجەیەک ئەمە مێژووی خوێناوی بێت، ئەگەر کاک ئازادو هاوڕێکانی نەبوونایە ئەوا ئەو تروسکەیەش نەدەبوو. لەکاتی دروستبوونی تیپەکەدا هەرگیز بیری لەوە نەکردبۆوە کە ببێت بەسەرۆکی تیپ، بەڵکو دووان

Institut Kurde de Paris

لەئەندامی تیپەکە، خۆیان بەکاک ئازاد دەڵێن کە ئەرکی لێپرسراوی تیپەکە بگرێتە ئەستۆ، ئەو کات کاک ئازاد خوێندکاری ئامادەیی بووە، هەڵبژاردنی کاک ئازاد لەلایەن دووان لە ئەندامانی تیپەکەوە کاک ئازادی بەجۆرێک خستە ناو بەرپرسیارێتیکەوە، هەتا ئێستاش بەو پەڕی دڵسۆزی کارەکانی خۆی ئەنجام دەدا.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ گرنگی مامۆستاو پەروەردە بکەین کە بناغە و کاریگەری لەسەر کاک ئازاد داناوە لەشەستەکاندا، ئەویش یەکەم بەرکەوتنی کاک ئازاد لەگەڵ ئامێری کەماندا ئەو کاتە بووە کە مامۆستاکەی پێی وتووە بچۆ کەمانەکەم بۆ بێنە، کاک ئازادیش تاوەکو کەمانەکەی تەسلیمی مامۆستاکەی کردووە لە ڕێگادا هەر دەستی بەئامێرەکەدا هێناوەو بەوردی سەیری کردووە، ئەمە سەرەتای کاک ئازاد بووە بۆ مۆزیک، بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە مامۆستاکەی لە هەڵەبجە ئامێرەکەی ژەنیوەو کاک ئازاد بەوردی سەرنجی داوە.

لەقۆناغێکی دواتر دایکی کاک ئازاد لیرەیەکی بۆ فرۆشتووەو باوکیشی پێنج دیناری ئەو کاتەی داوەتێ بۆ ئەوەی کاک ئازادی مێرد مناڵ یان هەرزەکار ئامێری مۆسیقی بکرێت و ئیتر ئەمە دەبێتە خولیایی و لەتاریکترین ڕۆژەکانی هەڵەبجەدا، کاک ئازاد دەبێتە چرایەکی ڕۆشن و ئومێد، بۆ پێشخستنی هونەر و گۆرانی کوردی.

لەدوای بۆردومانی (١٩٧٤/٦/٢٦) کاک ئازاد و خێزانەکەی دێنە سلێمانی و هەر لە سلێمانی لەلایەن مامۆستای بەئەزموون و دێرین ڕەئوف عوسمان، هەڵسەنگاندن بۆ کاک ئازاد دەکات و داخڵی ئەزموونە گشتییەکانی پۆلی شەشەمی ئامادەیی دەکرێت و بەیەکەمی سلێمانی لەبەشی وێژەیی و نمرەیەکی بەرز دەهێنێت و لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری لەبەغدا وەردەگیرێت، ئەگەرچی ئەو حەزی لەکۆلێژی هونەر بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەشی موزیک لە کۆلێژی هونەرەجوانەکان نەبووە، بۆیە بەناچاری دەچێتە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری، بەڵام ئەمە لەکاری هونەری دووری ناخاتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەشدار دەبێت لەزۆربەی ئەو کارو چالاکییانەی لەبەغدا ئەنجام دراون، چ ئەو هونەرمەندانەی لەشارەکانی کوردستانەوە چوون بۆ بەغدا، چ چالاکییە جۆراوجۆرەکانی هونەرمەندانی بەغدا و شارەکانی تری عێراق، لەبەغدا خوێندنەوە و گەڕان بەدوای سەرچاوەی جۆراو جۆرو بینینی چالاکییەکان و هەوڵدان بۆ زیاتر فێربوونی

Institut kurde de Paris

مۆزیک بەشێوەیەکی زانستی، ژیانی کاک ئازادی بەتەواوی گۆڕی، لەناو ژیانی زانکۆی بەغداد دا، کاک ئازاد کەسێکی شەرمن بووە، ئەم شەرمنییە لەلایەک زیان و لەلایەکی تر قازانجی بە کاک ئازاد گەیاندووە، زیانەکەی ئەوەبووە کەمتر تێکەڵی خەڵک بەتایبەتی قوتابیانی زانکۆی کردووە، بۆیە ئەزموونی دڵداری کاک ئازاد لەم کتێبەدا غایبە، ئەگەر شانۆی ژیانی کاک ئازاد، خۆشەویستی و دڵداری تیابووایە، رەنگە زیاتر بەهرەی بتەقیایەتەوەو چەندین ئاوازی ناسکی دڵداری دابنایە، چونکە کاریگەری ئافرەت لەسەر داهێنان گرنگی خۆی هەیە.

لەلایەکی تریشەوە قازانجی کردووە کە ئەمەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە کاک ئازاد خەریکی دوو شت بێت، یەکەمیان خوێندنی زانکۆ و دووەمیان فێربوونی زیاتری مۆزیک، رەنگە ئەم دوو هۆکارە وای لەکاک ئازاد کردبێت کە نەپەرژێ سەر بەرزبکاتەوە و جوانی ئافرەت لەو قۆناغەدا ببێتە هەوێنی لەدایکبوونی ئاوازی نوێ.

لەساڵی ١٩٧٩ ناوی تیپی مۆسیقای هەڵەبجە دەگۆڕن بۆ شنرۆێ، ئەگەرچی ناو گرنگ نییەو ناوەڕۆک گرنگە، بەڵام ئەمە هەڵەیەک بووە تاوەکو ئێستا بەسەریاندا تێپەڕیوە، دەبوو ناوی تیپە سەرەکییەکە هەر ناوی هەڵەبجە بووایە و تیپەکانی منالاْن و گەنجان ناوی شنرۆێ بوایە، چونکە بمانەوێ نەمانەوێ سلێمانی و هەولێر و کۆیەو هتد ناوی شارەکەیان کردۆتە ناسنامە، دەبوو هەڵەبجەش وابوایە، ئەمە ناوچە پەرستی و فاشیزمی شارچێتی ناگەیەنێ، بەڵکو کورت و پوخت ئەوە دەگەیەنێ کە هەڵەبجەش وەک شارەکانی تر ئەگەر پێشنەکەوتبێت ئەوا دوانەکەوتووە، وە ناوی هەڵەبجە یەکەم بەرکەوتنی گوێگرو بینەرە لەگەڵ ناوەکەدا، واتە ناو سەرەتای یەکەم و کاریگەرە بۆ چوونە ناوخەڵکەوە (مەبەستم خەڵکی ئاساییە)، هەروەها لەدوای راپەڕینیش هەڵەبجە بەوە ناسرا هەر لە شانزەی سێدا کۆمەڵی ئاواز و گۆرانی غەمگین نمایش بکات، دەبوو ناوی هەڵەبجە و تیپی هەڵەبجە لە تیڤی و راگەیاندنەکاندا بەوە بناسرایەتەوە کە سەرەڕای ئەو کارەساتە گەورەیە، ئەوەتا تیپی هەڵەبجە هەڵساوەتەوەو نایەوێ لەکاروانەکەدا دوابکەوێت، ئەگەرچی دوانەکەوتووە، بەڵام مەبەستەکەمان ئەوە بووە کە کارو چالاکییە جۆراوجۆرەکانی ڤیستیڤاڵ و تیڤیەکان بەناوی هەڵەبجەوە بووایە، نەک شنرۆێ، چونکە هەڵەبجە لەئێستادا ناوێکی نێودەوڵەتییە، بەڵام شنرۆێ ناوچەییە و بەشێکە لە هەڵەبجە.

Institut Kurde de Paris

رووداوێکی ناخۆش لەم کتێبەدا هەیە ئەویش ئەوەیە کە کاک ئازاد و هاوڕێکانی لە هەشتاکاندا لە رۆشنبیری هەڵەبجە پرۆژەیان کردووە، شەوێکیان پێشمەرگە دێن و بەشێک لە ئامێرەکانی تیپەکە و تەسجیلەکە دەبەن بۆ خۆیان و ئەمە بەچالاکی ئەژماردەکەن، کە هەموو کەس چاک ئەوە دەزانێت ئەمە گورزێکی کوشندە بووە لەتیپەکە درا، چونکە بەشێک لەو ئامێرانە بە هەوڵ و پارەی کەسانی ناو تیپەکە کڕدرابوون.

هەر لەم پێشەکییەدا پێویستە ئاماژە بۆ چوار خاڵی گرنگ بکەم:

یەکەمیان مالّی باوک و دایک و تێکڕای ئەندامانی خێزانەکەیان کە هاوکارییەکی باشی کاک ئازاد بوون کە تا بووە بەم کاک ئازادەی ئەمڕۆ، تەنانەت لەکاتی پێویستدا کاک ئازاد خوشکەکانی خۆی بردووە بۆ بەشداری کردن و وتنی کۆرس لە ئاهەنگەکاندا.

دووەم: لەئاهەنگێکدا مامۆستا هەتاو کە ناسراوە بە ست هەتاوی حەمەسەعید فەنی، پاندایکی شیفەر پێشکەش بەکاک ئازاد دەکات، کە مانایەکی گرنگ و تایبەتی خۆی هەیە، چونکە قەڵەم هێمایە بۆ داهێنان و نوسین، هەر لە هۆنراوەیەکەوە تا دەکاتە نۆتەکانی مۆسیقا، کە ماوەیەکی درێژ دەمێنێتەوە، بەڵام رەنگە ئەگەر دیارییەکە جل و بەرگ بوایە، هەر سااڵێک یان دووان دەمایەوە، بەڵام قەڵەم رەمزی مانەوەو داهێنانە.

سێیەم: کاک ئازاد صاڵح و کاک عادل حەسەن لەگرنگی مۆزیک تێگەیشتوون و دەزانن دەبێت وردە وردە بەهۆی تەمەنەوە ئەم ئەرکە قورسە تەسلیم بەنەوەی تازە بکەن، بۆیە لە خەمخۆرییان فێرگەی مۆزیکیان لە هەڵەبجە کردۆتەوە، بۆ ئەوەی منااڵن بەشێوەیەکی زانستی فێربکەن و نەهێڵن چرای رووناکی و ئومێد لە هەڵەبجەدا بکوژێتەوە، واتە هەر گرنگ ئەوە نییە تۆ هونەرمەند بیت، بەڵکو لەوەش گرنگتر ئەوەیە دوای خۆت نەوەیەکی تازە دروستبکەیت و بمێنێتەوە، وەک چۆن ئەندامانی تیپی مۆسیقای سلێمانی لەناویاندا ئەنوەر قەرەداغی هەمیشە شانازی بەوەوە دەکەن کە مامۆستا و رەوانشاد (ولیەم یوحەنا) دەستی گرتوون و فێری مۆزیکیان کردوون، ئێستا خۆشبەختانە ئەم هەوڵە لە لایەن کاک ئازاد و کاک عادلەوە گرنگی پێدەدرێ و نایانەوێ ئەو روناکییە لە هەڵەبجە بکوژێتەوە، ئەگەرچی لەکوردستاندا تاوەکو ئێستاش فێربوونی هونەر زیاتر هەوڵی تاکە کەسییە، بەڵام مامۆستاو داهێنەرانی ئەم بوارەوە رۆڵی گرنگ دەگێڕن لەمانەوەو

Institut kurde de Paris

گەشەندنی هونەر بەگشتی، کاک ئازادیش لەکوێ زانیارییەک هەبووبێت، دوای کەوتووەو دەرفەتی لەکیس نەداوە و سوودی لە ئەزموونی کەسانی تر وەرگرتووە، ئەگەرچی سەرەتا مۆزیکی وەک خولیا وەرگرتووەو دوای کەوتووە، لەسەرەتادا فێرگەی مۆزیک نەبووە کە کاک ئازاد لێوەی فێربێت، بەڵکو وەک(گۆران)ی شاعیر لەم بوارەدا دەڵێ (نەحەرفی مەکتەبێکت خوێند نە ئوستازێ پەلی گرتی/ صیرف بەرزی زەکا ئەم سنعەتی فێرکرد بە شمشاڵت/ هەموو وەزنێکی گۆرانی لە تولانی هەتا کورتی/ بەسەر پەنجەی هونەر کردتت بەدیلی کۆشش زاڵت) کاک ئازادیش وابوو، وەک هەوڵ و خولیای تاکە کەسی فێربوو، پاشان بەهۆی وریایی و چالاکی خۆیەوە چ لەشارەکانی کوردستان، چ زانکۆی بەغدا، زیاتر چاوی کرایەوە و بووە هۆی ئەوەی کە هەرگیز کۆڵ نەدات.

ئەوەی بەلامەوە گرنگە بیڵێم لەسەر فێرگەی موزیکی شنرۆێ لەهەڵەبجە ئەوەیە کە نابێت کاک ئازاد و کاک عادل و هەموو ئەو کەسانەشی لەدوای ئەمان دێن چاوەڕێی منااڵ و فێرخواز بکەن بۆ ئەوەی ناوی خۆیان تۆماربکەن و یان کەس و کاریان بیهێنن بۆ فێربوونی موزیک، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە کاک ئازاد و هاوڕێکانی راستەوخۆی بچنە ناو منااڵن و خەڵکەوە، بۆ نمونە هەموو ساڵێک لەسەرەتای کردنەوەی دەوامی قوتابخانەکاندا کاک ئازاد و کاک عادل و چەند منااڵێک، سەعاتی یەکەمی کردنەوەی خوێندنگەیەک بە ئاهەنگێک یان چەند پارچە مۆسیقایەک ئەنجام بدەن، یان لەوەرزی بەهاردا، یان لەکاتی گونجاودا راستەوخۆ بەشێک لە چالاکییەکان ئەگەر نیو سەعاتیش بێت بەرنە ناو قوتابخانەکانەوە بۆ ئەوەی قوتابیان راستەوخۆ بەریەککەوتنیان هەبێت لەگەڵ بەرهەم و ئامێرەکانی مۆزیکدا، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت لەوەرزی هاویندا زیاتر منااڵن روو لە فێرگەکە بکەن، وە پێویستە کاک ئازادیش ئەوە بۆ بەڕێوەبەری خوێندنگەکان و مامۆستایان روونبکاتەوە کە منااڵ لەم سەردەمەدا هەموو خەون و خولیای بۆتە مۆبایل و ئایپاد و تۆڕەکۆمەاڵیەتییەکان، کە ئەمەش زیانی گەورەی بە تەندروستی و بیرکردنەوەیان گەیاندووە، بۆیە پێویستە ئەوە بخەنە مێشکی قوتابیانەوە کە کاتەکانی خۆیان لەشتی بەنرخدا بەسەربەرن بەتایبەتی مۆسیقا، پێویستە جەغت لەسەر ئەوە بکرێتەوە لەکۆبوونەوەی دایکان و باوکاندا، کە لەکاتی پێویست و گونجاودا منااڵکانیان بخەنە خولە جۆراوجۆرەکانەوە بەتایبەتی خولی موزیک لە فێرگەی شنرۆێی هەڵەبجە، تەنانەت ئەم کارەش بۆ

Institut Kurde de Paris

خوێندکارانی هەرزەکار و ئامادەییەکان گرنگە، کە فێرگەی موزیک جاروبار هەڵسێت بە ئاهەنگی دەهۆڵ و زورناو گۆرانی شاد بۆ ئەوەی ئەو خوێندکارانە هەم چێژی لێوەربگرن، هەم بیر لەوە بکەنەوە رۆژێک لەرۆژان ببن بە ژەنیاری ئامێرە موزیکییەکان.

هەروەها لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە قوتابخانەکانی دەرەوەی شارو لادێکان بێبەش نەکرێن لەم بەرهەم و بەهرانە.

ئێمە کە ئەم پێشنیارە دەکەین ئەوەش دەزانین کە ئەمە هاتوچۆ و نانخواردن و خەرجی جۆراوجۆری دەوێت، ئەمەش لەسەر شانی یەک دوو کەس ناکرێت، بۆیە پێویستە پارێزگارو دام و دەزگاکانی هەڵەبجە، تەنانەت وەزارەتی رۆشنبیریش هاوکاری جدی ئەم فێرگەیە بکەن.

چوارەم: کاک ئازاد لەم کتێبەدا خۆی نەکردووە بە پاڵەوانی سەرەکی و هەموو شتێ بکات بەناوی خۆیەوە، ئەگەرچی ئەو داینەمۆ و کۆڵنەدەر بووە هەر لەسەرەتاوە تاوەکو ئەمڕۆ، بەنەبوونی و قەیرانەوە دڵی هەر لەلای مۆزیک و تیپی شنرۆێ بووە، بەڵام کاک ئازاد ئەوەندەی زاکیرەی یارمەتی دابێت ناوی هەموو ئەو کەسانەی بردووە کە لەکوردستاندا هاوکار و بەشدابوون لە تیپی شنرۆێدا، تەنانەت کاک ئازاد ناوی یەک بەیەکی خوێندکارەکانی سەردەمی منااڵی و گەنجی و زانکۆشی بردووە.

لەم کتێبەدا هەندێ شتی کۆمیدیشی تیایە، بۆ نمونە جارێکیان لە حەفتاکاندا کاک ئازاد کەمانەکەی پێدەبێت و هاوڕێیەکی دەبینێت، هاوڕێکەی پێی دەڵێ چەندت کوشتووە؟ کاک ئازادیش دەڵێ کوشتنی چی؟ هاوڕێکەی دەڵێ کەو و کۆتر؟ چەندت راوکردووە؟ کاک ئازاد دەڵێ ئەوە ئامێری کەمانە بەدەستمەوە، هاوڕێکەشی تەریق دەبێتەوە و دەڵێ وامزانی تاپڕە.

لەکۆتاییشدا پێویستە ئاماژەیەکی خێرا بۆ بەشێکی تری ئەم کتێبە بکەین، (واتە جگە لەبیرەوەرییەکان) بەشێکی تری ئەم کتێبە بریتیە لە لەو وتار و لێکۆڵینەو چاوپێکەوتنانەی کە لەگەڵی ئەنجام دراون، یان کاک ئازاد ئەنجامی داوە، بەتایبەتی ئەو چاوپێکەوتنەی لە حەفتاکاندا لەگەڵ هاوڕێیەکی بەناوی هێرش محەمەد ئەمین، لەگەڵ مینەی لولک ژەن، لە هەڵەبجە ئەنجامی داوە، کە نرخێکی مێژوویی هەیە، هەر ئەمەشە وایکردووە دوای ساڵێک لە چاوپێکەوتنەکەی مینەی لولک ژەن، رۆژنامەی هاوکاری ئەو کاتە بە بایەخەوە سەیری هونەری مینە بکات و بۆ

Institut kurde de Paris

کـۆچی دوایـی بابـەتی لەسـەر بنوسـن، هـەروەها ئـەوەی گرنگـە لەسـەر ئـەو چاوپێکەوتنەی مینە ئەوەیە کە کاک ئازاد ئەو کات گەنجێکی خوێندکاری زانکۆی بەغداد بووە، لەیەکێ لـە سـەردانکردنەوەیدا بـۆ شـاری هەڵەبجـە دەرفـەتی ئـەوە وەردەگرێت کە مینە بەخوێنەرانی هەموو کوردستان بناسێنێت، هەر کەسێکی تر بوایە لەباتی کاک ئازاد لەو ماوەیەی کە گەڕاوەتەوە بۆ هەڵەبجە خەریکی گەڕان و پیاسەو شتی تایبەتی خۆی دەبوو، بەڵام کاک ئازاد چونکە خەمی هونـەری بـووە، هەمیشـە هـەوڵی داوە لەهـەر شـوێنێک پێی بکرێت و عـەقڵی پێشـکابێت خزمـەتی گەلەکەی بکات.

هەروەها لەوتار و لێکۆڵینەوەکاندا بەوردی لەبابەتەکانی کۆڵیوەتەوە، پێویستە ئاماژەیەکی خێرا بەوە بکەم کە نوسەری بواری موزیک لەکوردستاندا لەپەنجەی دەست تێناپەڕێت، خۆشبەختانە کـاک ئـازاد یەکێکـە لەنوسـەرە باشـەکانی بـواری موزیک، بۆ نمونە ئـەو دوو بابـەت و لێکۆڵینەوەیـەی لەسـەر بیتهـۆڤن نوسـیویەتی شتێکی ئیجگار گرنگە، چونکە ئێمەی کورد بەشێوەیەکی گشـتی هـەر بـەناو، نـاوی ناودارانی جیهانیمان بیستووە، بە بێ ئەوەی ئیشمان لەسـەر کارەکانیان کردبێت، بـۆ نمونـە هـەموومان دەزانـین (ئەنیشـتاین) زانایـەکی بەناوبانگـە، بـەڵام دوودێڕ نـازانین لەسـەر بەرهـەم و نوسـینەکانی، بـۆ بیتهـۆڤنیش بەهـەمان شـێوە، هـەر ئەوەندەی لێدەزانین کە هونەرمەندێکی موزیکی بەناوبانگی جیهانە و ئیتر تـەواو، بـەڵام کـاک ئـازاد لـە لێکۆڵینەوەیـەکی راڤەییـدا بـەجۆرێک چۆتـە نـاو کارەکـانی بیتهۆڤنەوە کەم کەس دەرەقەتی ئەوە دێت بتوانێت لێکۆڵینەوەی وەهـا بنوسـێت و بیتهۆڤن و سەمفۆنیاکانی بە خوێنەری کورد بناسێنێت.

خاڵێکی گرنگی تر کـە پێویسـتە هـەموو تیپـە مۆسـیقییەکان لەبـەرچاوی بگـرن، ئەوەیە کە پێویست ناکات موزیک ژەن یان گۆرانی بێژ هەڵسـێت بـەدانانی شـیعر، (مەگەر لە حاڵەتێکدا کەسەکە بۆ خۆی شـاعیر یـان نوسـەری بـواری ئـەدەب بێت) چونکـە شـیعر رەگـەزێکی گرنگـی گۆرانییـەو ئەگـەر شـیعرەکە بـەهێز بێت، ئـەوا تەمەنی گۆرانییەکەش درێژ دەبێتـەوە، بەپێچەوانەشـەوە ئەگـەر شـیعرەکە کـرچ و کـاڵ یـان لاواز بێت، ئـەوا گۆرانییـەکـە لای گـوێگر نامێنێتـەوە، رەنگـە بەشـێک لـە موزیکژەنەکان یان ئاوازدانەرەکان بڵێن ئێمە ناوەڕۆکی شیعرێکمان ئەوێ رەنگـە نەبێت، بەدڵنیاییەوە هەیە، چ شیعری کۆن یان نوێ، یان ئەگـەر کـەم و دەگمـەنیش بێت پێویستە داوا لە شاعیرێک بکرێت شیعرەکە بنوسێت نەک کەسی تر، باشترین

Institut Kurde de Paris

بەڵگەش بۆ ئەمە گۆرانی پێشەکی دراما و حەلقەکانە، کە هەم شیعرەکەی تازەیە، هەم ئاواز و دابەشکردنەکە. ئەگەر سەرنجی تەمسیلی (ژاڵە) بدەین کە ناوەڕاستی هەشتاکان پەخش کرا، دەبینین کە شیعرەکە کەڵە شاعیرێکی وەک حەسیب قەرەداخی نوسیویەتی، ئاوازەکەش هی مامۆستا سەلاح رەئوفە، وتنەکەی عەدنان کەریم، بەکورتی ئەم سیانە هەم شاعیر هەم ئاوازدانەر هەم وتنەکە وەها چوون بەناویەکدا وەها داهێنانی تیاکراوە کە هەرگیز ئەو گۆرانییە نامرێت، چونکە هەرسێکیان شارەزای بوارەکەی خۆیانن.

ئەمە لەبارەی ناوەڕۆکی شیعرەوە، لەبارەی روخسار و قاڵبی شیعرییەوە ئەوا هەموو جۆرە قاڵبێکی شیعری لە ئەدەبی کوردییدا دەستەکەوێت لەچواربڕگەییەوە هەتا شانزە بڕگەیی، بەڵام باش وایە ئاوازدانەر هەمیشە خۆی لەو شیعرانە نزیک بکاتەوە کە شیعرەکەی قاڵبی چوار یان حەوت، یان هەشت یان دە بڕگەیی بێت، چونکە هەتا ژمارەی دێڕ و بڕگەی شیعری کورت بێت زیاتر ئەچێتە ناو خەڵکەوە و لەسەر زمانی خەڵکی دێت و دەڕوات و دەمێنێتەوە، بۆ نمونە گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک (جگە لە مەقامەکانی) زۆرینەی گۆرانییەکانی فۆلکلۆر یان ئەدەبی میللین، سیحری مانەوەی گۆرانییەکانی ئەوەیە کە بەزۆری قاڵبی هەشتی و دەیی بەکارهێناوە، ئەمە لای گوێگر دەمێنێتەوە، رەنگە هەندێ جار قاڵبی یانزەیی یان دوانزەیی یان چواردەیی بەکارهێنابێت، بۆ نمونە گۆرانی (گەوهەرێ) قاڵبەکەی چواردە بڕگەییە، بەڵام حەسەن زیرەک زۆر لێهاتووانە کردوویەتی بە دوو حەوتی، واتە دیسان گەڕاوەتەوە بۆ قاڵبە کورتەکە کە حەوت بڕگەییە.

بەکورتی هەڵەیە گۆرانی بێژ یان ئاوازدانەر شیعر بنوسێت، بۆ نمونە رەوانشاد حەمەجەزای هونەرمەند کاتێک لە حەفتاکان شیعری (هێمن) لەنمونەی (بەهاربوو فەصڵی زستانم ئەگەر یارم لەگەڵ بایە) یان (ئەگەر چی شەو درەنگە ساقی بۆم تێکە کەمێکی تر) یان شیعرەکەی عەبدوڵا پەشێو (لەدەستم دێ کاتژمێری کامەرانیت بوەستێنم) ... هتد کاتێک ئەمانە ئەکات بەگۆرانی و مەقام، هەمیشە گۆرانییەکە لەبەرزیدا دەمێنێتەوە، بەڵام کاتێک خۆی لەکۆتاییەکانی تەمەنیدا گۆرانی (بەلێوم) یان (رانیەو قەڵادزێ) دەنوسێت و دەڵێت، لای گوێگر ئەو بایەخەی نییە، چونکە شیعر نوسین بەدەگمەن نەبێت (وەک کاکی پێشمەرگە) ئیشی ئەو نییە، ئەم ئیشە بەو ناکرێت، نمونە زۆرە، هەموو گۆرانییەکانی

Institut Kurde de Paris

رەوانشاد سابیر کوردستانی ناگاتە گۆرانی (لەدوورەوە ناوت بیستووم) چونکە شیعرەکە بەهێزەو هی عەبدوڵا پەشێوە، تەنانەت کاتێک هاوڕێکانی دوای مردنی هونەرمەند ویستیان یەکێک لەگۆرانییەکانی نوێ بکەنەوە، گۆرانی (لەدوورەوە ناوت بیستووم)یان هەڵبژارد، بۆچی؟ چونکە شیعرەکەی بەهێزە و کار لە گوێگر دەکات و لای خەڵک دەمێنێتەوە.

ئەڵبەتە نمونە زۆرە لەمبارەیەوە و ئەتوانین دەیان وسەدان نمونە بهێنینەوە، بەڵام بەم نمونەیە ئەم بەشە کۆتایی پێ دێنین ئەویش گۆرانی (بەتەنیا جێم مەهێڵن) هۆی سەرکەوتنی ئەم گۆرانییە چی بوو؟ بۆچی چووە ناو خەڵکەوە؟ بۆچی هەموو کەس ئەیڵێتەوە؟ لەبەر ئەم دوو هۆیەیە: یەکەم شیعرەکە هی شاعیری نوێخواز و بەناوبانگ (رەفیق سابیر)ە. دووەم کێشی شیعرەکە چواردەیی کە کراوەتە دوو حەوتی بەم شێوەیە (بەتەنیا جێم مەهێڵن (٧بڕگە) – (ئەمشەو زریان ئەمچێنێ (٧بڕگە) واتە قاڵبی شیعرەکە کورتە نەک درێژ، قاڵبی کورتیش زووتر ئەچێتە ناو خەڵکەوە.

ئەڵبەتە ئێمە ئەوەش دەزانین کە ئاواز و دابەشکردن و دەنگی هونەرمەند واتە وتنەکەی زۆر گرنگە و هەموویان یەکتر تەواودەکەن، بەڵام ئەوەی گرنگە ئێمە بیڵێین ئەوەیە کە ئاوازدانەر بۆیەکەمجار هاتووە لەسەر بناغەکە ئیشی کردووە کە شیعرەکەیە، رەنگە هەندێ جاریش ئاواز لەدایک ببێت و ئینجا قاڵبێکی شیعری بەبەردا بکرێت، ئەمەش بابەتێکی ترە.

هەروەها ئەگەر ئاوازدانەر شیعری شاعیر بکات بەگۆرانی و ئاواز، باش وایە شیعرەکە پیشانی یەک دوو شاعیر یان رەخنەگر بدات، یان باش وایە بۆ هەر ئاوازێک زیاتر لە شیعرێک ئامادەبێت، بۆ ئەوەی باشترینیان هەڵبژێرێت.

با ئەوەشم لەبیر نەچێت کە پێویستە موزیک ژەن یان ئاوازدانەر رۆژانە لانیکەم دەبێت شیعرێک دوان، لاپەڕەیەک یان دووان بخوێنێتەوە، چ لە کتێب و دیوانەکاندا، یان تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، بۆ ئەوەی هەمیشە رابێن لەگەڵ شیعرو ئیقاعی شیعریدا بژین، بۆ ئەوەی شیعری چاک و لاواز لەیەک جیابکەنەوە، بۆ ئەوەی لە نەستیدا بمێنێتەوەو ببێتە هۆی لەدایکبوونی ئاوازێک، وە بۆ شیعریش پێویستە شیعری هەموو شاعیرانی ناوچەکانی کوردستان لەبەرچاوبگرێت، واتە مەرج نییە شاعیرەکە هەر خەڵکی هەڵەبجە یان سلێمانی بێت، بەڵکو پێویستە هەولێر و کۆیەو سنەو مەهابادیش .. هتد لەبەرچاوبگیرێ.

Institut Kurde de Paris

مادام لەو چەند دێڕەی سەرەوەدا باسی ئاواز و قاڵبی شیعریمان کرد، باش وایە ئاماژە بۆ ئەوەی بکەین کە کاک ئازاد جگە لەوەی لەئێستا و رابردوودا موزیک ژەنێکی بەتوانابووە، بەڵام هاوکاتیش بیری لەوە کردۆتەوە کە نابێت هەر بەتەنیا گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان، یان بەرهەمەکانی تری تیپە مۆسیقییەکانی کوردستان دووبارە بکاتەوە، ئەگەرچی ئەم کارە بۆ سەرەتای دەستپێکردن کارێکی گرنگە، بەڵام کاک ئازاد بەسوود وەرگرتن لەو وانانەی کە جاروجار لەبەغدا و سلێمانی وەریگرتووە لەسەر موزیک، ئیتر هەوڵی داوە لەگەڵ بەهرەی خودی خۆی و ژەندنی ئامێری کەماندا ئاوازی تازەش دابنێت، کە هەموو کەس ئەوە دەزانن کەکاری مۆزیک ژەندن و ئاوازدانان دوو پسپۆڕی جیان و هەر یەکەیان تواناو شارەزایی و داهێنانی خۆی دەوێت، نەک هەر ئەمەش بەڵکو ئاوازی تازەش بۆ دنیای منالاّن دابنێت، کە من لام وایە دانانی ئاواز بۆ منالاّن کارێکی ئێجگار قورسە، چونکە دەبێت ئاوازدانەر بەتەواوی بچێتە ناو دنیای منالاّنەوە، بۆ ئەوەی منالاّن بەرهەمەکەی لێوەربگرن، ئەزمونی کاک ئازاد بۆ دنیای منالاّن بۆ کۆتایی حەفتاکان دەگەڕێتەوە، بەڵام لەهەشتاکانی سەدەی بیست و بەدیاریکراوی لەئۆپەرێتی سەوزەدا، ئاواز و گۆرانی بۆمنالاّن لای کاک ئازاد دەگاتە لوتکەی داهێنان، بەجۆرێکە ئەگەر لەگەڵ ئەو ئۆپەرێتەدا گۆرانییەکانی لەگەڵ نەبێت، ئەوا کاریگەری ئەوتۆی نابێت، یان باشتر وایە بڵێین گۆرانی ئۆپەرێتەکان بەگشتی کە کاک ئازاد کاری تێدا کردوون، وەهای لەمنالاّ کردووە کە بەدیار تەماشاکردنی ناوەڕۆکی ئۆپەرێتەکەوە بێتاقەت نەبێت و جارو بار گۆرانییەک تێکەڵ بە نمایشەکە بکات بۆ ئەوەی منالاّن تەنانەت گەورەکانیش چێژ و سوودی لێوەربگرن.

لەلایەکی تریشەوە کاک ئازاد هەموو جارێک فۆلکلۆری وەک خۆی، واتە وەک ئەوەی کە هەیە کۆپی نەکردووە، بەڵکو هەوڵی ئەوەشی داوە تازەگەری تیا بکات بۆ ئەوەی گوێگری تازەش زیاتر چێژی لێوەربگرێت، یان بۆیەکەمینجار بەهەوڵی کاک ئازاد گۆرانی هەورامی چۆتە سەر شاشەی تەلەفیزیۆن، کە پێشتر هیچ گۆرانییەکی هەورامی مەگەر بەدەگمەن لەراگەیاندنەوە واتە لەرادیۆدا بڵاوکرابێتەوە، وەک دەگێڕنەوە لەپەنجاکاندا تیپی رادیۆی مۆسیقای بەغداد لەگەڵ ئەوەدا نەبوون کە گۆرانی هەورامی بەتایبەتی سیاچەمانە تۆماربکەن و وتویانە گۆرانییەکە یان مەقامەکە دریژە و بەکەڵکی رادیۆ نایەت، بەڵام کاک ئازاد

Institut Kurde de Paris

بەشێوەیەکی ئەکادیمی گۆرانی هەورامی بۆیەکەمجار خستە سەر شاشەی تەلەفیزیۆنی کەرکوک لەسالّی ١٩٨٣دا، کە تا ئەو کاتە گۆرانی هەورامی بە بێ مۆسیقا یان بە بەزمی چەپڵە تۆمار دەکرا لەمالّان و سەیرانگاکاندا.

لەلایەکی تریشەوە کاک ئازاد لەباتی لایف موزیکی یانەکان و پارەپەیداکردن بەهونەرەوە، دیّت کاتەکانی خۆی بە دانانی کۆڕالّ و ئاوازی تازەو بابەتی ئەکادیمییەوە تەرخان دەکات، نەک بابەتی کڕچ و کالّ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم هونەرمەندە هەمیشە لەخەمی داهێنان و تازەگەرییدایە.

لەناو کتێبەکەدا ئەلبوومی وێنە هەیە، کە بەشێکی ئێجگار گرنگە، چونکە ئەو وێنانە زۆربەیان هی سەردەمی کامێرای رەش و سپی و رەنگاورەنگن، کە نرخێکی میّژوویییان هەیە، رەنگە بەشێک لەو وێنانە تەنها لای کاک ئازاد هەبێت، بۆیە وێنەکان وەک میّژوو، وەک ئەرشیف، راستی و دروستی و هیلاکی و ماندووبوونی کاک ئازادمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە وێنەکان گەشتمان پێدەکەن بۆ رابردوو، هەر بەهۆی وێنەکانەوە چەندین یادەوەری ئەو رۆژانەی خۆمانمان دەهێنێتەوە یاد، هەروەها گرنگییەکی تری ئەوەیە کە ئێمە وەک کورد لە میّژوودا بەکەمی گرنگیمان داوە بەوێنەو ئەرشیف، کە ئەمەی کاک ئازاد کردوویەتی زیاتر بینەرو خوێنەر رادەکێشێت بۆ خۆی.

لەکۆتاییدا خۆزگەی ئەوەم ئەخواست کاک ئازاد بیتوانیایە کە سەرجەم گۆرانییەکانی تیپی موزیکی هەڵەبجەو شنرۆیی هەر لە حەفتاکانەوە تاوەکو ئێستا (٢٠٢٢) واتە تێکستەکانی بنوسیایەتەوە، هەم بۆ ئەوەی هونەرمەندانی نوێی کورد سوودی لێوەربگرن و گۆرانییەکانییان بڵێنەوە، هەم بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە دوای لێکۆڵینەوەی دەقی ئەدەبی ئەکەون، لێکۆڵینەوەی راڤەیی لەسەر بنوسن، هەم دەبێتە سەرچاوەیەکیش کە هەندێ لەو گۆرانییانە لەفەوتان رزگار دەبن.

جارێکی تریش دەستخۆشی لە کاک ئازاد ئەکەم، هیوای تەمەن درێژی بۆ ئەخوازم، هیوادارم ئەو ئەرکەی کە کاک ئازاد لەرابردوو وە ئێستا کێشاویەتی، نەوەی تازە بەو پەڕی دڵسۆزی و بەرپرسیارێتیەوە پەیامەکەی کاک ئازاد وەربگرن و نەهێڵن هونەر لە هەڵەبجەو کوردستان خاموّش بێت و بکوژێتەوە.

مەریوان سەلاح حیلمی

Institut Kurde de Paris

بەشی یەکەم

بیرەوەرییەکان

سەرەتای منداڵیم، کۆتایی ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەم
لە گەڕەکی جووڵەکان لە هەڵەبجە

Institut kurde de Paris

Institut kurde de Paris



چەند دێڕێک
لە بیرەوەری منداڵیم

Institut Kurde de Paris

یادەوەریم دەمباتەوە بۆ سەرەتای منداڵیم، کۆتایی ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەم لەگەڕەکی جوولەکان لە هەڵەبجە لە جوگرافیایەکی زۆر بچووک لە زەمەنێکی پڕ لە گۆڕانکاری، لە چەندین ڕووداو و ئاڵۆگۆڕی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی.

هێندەی وەک تروسکاییەک لە بیرم بێت، کۆڵانە تەنگەبەرەکانی گەڕەک، خانووە قوڕەکانی، گوێسەبانەکانی، کە بە داربەڕوو وەک منداڵێک سەیرم ئەکرد ڕێکوپێک لەگەڵ یەک ڕیز کرابوون، دیوارە سواغ دراوەکان، کە هەمووی لەگەڵ کایەکی زبردا تێکەڵ کرابوون، هەموو دیوارەکان درزیان تێ کەوتبوو، ئەو کۆڵانە تەسکانەی کە بە زستان لەقوڕدا دەچەقیت و بە هاوین تەپ و تۆز و جارجارەش بۆ بەردێک دەگەڕایت بۆ ئەوەی یارییەکی پێ بکەیت.

من نۆبەرەی منداڵەکانی خێزانی خۆمان بووم، وەک دایکم بۆی گێڕاومەتەوە نەوزادی مامە تاهیرم چل شەو لە من گەورەتر بووە، ئەوکاتانە واتە لە ساڵی (١٩٥٥) لە ماڵی نەنکم (دایکی باوکم واتە ناجیە خان) لەگەڵ نەنکم وکچەکانی ئافتاو و زەکاو و ماڵی مامە تاهیرم پێکەوە لە خانوویەک بووین ، وەک خەیاڵیک دارەڕاو کۆڵەکەکانی، شەوانی سەربانی هاوینم لە بیر دێت کە لە تەنیشت ماڵی کاک (فازیڵی خەیات)ەوە بووین، شێوەو ڕوخساری دادە (بەداو)ی خێزانی: (بەدری وەستا رەشید ١٩٢٧– ٢٠٠٥)، بەرامبەریشیان ماڵی دایە گەورەم؛ واتە دایکی دایکم بەدریە، ماڵی (فاتمە ئەحمەد)سنەیی و ماڵی باپیرم (حسین بانەیی)، لە پاڵیشیان ماڵی مامی دایکم صاڵح بانەیی، ئەو کۆڵانە دەرنەئەچوو، لە پاڵ ئەوانیش ماڵی جەمالی مەلا قادر و دایکی گێلاس خان، ڕێک بەرامبەر ماڵی دایە گەورەم ماڵی وەستا مەجیدی دەلاک ئامۆزای باوکم، تەمەنم سێ چوار ساڵێک ئەبوو، ئەو کاتە ماڵی ئێمەو پورە فەخریەم خوشکی دایکم خێزانی عومەری وەستا مەردان و ماڵی توحفە خان خێزانی عوسمانی وەستا مەردان، لە ماڵێک بوون لەو گەڕەکە، بیرم دێت لەسەر تەختەیەکی حەمام منداڵێک کە خوێن بە دەمیدا هاتبووە خوار بە دانیشتنەوە دەیان شت کە تەمەنی ٨ ڕۆژێک بوو گیانی لەدەست دابوو، بیرم دێت شەویک چەند کەسێک بردیان بۆ گۆڕستانی شێخ سمایل لە بەرماڵێک پێچرابوو بردیان ناشتیان، منیشیان لەگەڵ بووم.

هەر لەو یادەوەرییە زۆر تەلیسماویانەم بە منداڵی وەک دایکم بۆی گێڕاومەتەوە بە کفتەم وتووە تۆپ، حەزم لێبووە، بیرم دێت نیوەڕۆیەک ئامۆزای دایکم شەهید (عومەری ڕەسام) کە منی زۆر خۆش دەویست، هەر ئەویش ناوەکەی بۆ هەڵبژاردبووم، نیوەڕۆیەکیان بە باوەشیەوە بووم بردمی بۆ ماڵی خۆیان کە کفتەیان لێنابوو، هەر لە یادەوەری منداڵیم زۆر جار خاڵەکانم دەستیان دەگرتم و دەیان بردم بۆ بازاڕ، یان تەمەنم سێ چوار ساڵ بوو، باوکم دوکانی عەتاریی هەبوو لە پیرمحەمەد لەدوکانەکانی شارەوانی، جارجاریش کێک و شەکرلەمەی دروست ئەکرد، یەکێک بوو لە هەرە دوکانە جوانەکان، کە پڕ بوو لە چکلێت و نوقڵ و فستق وجۆرەها چەرەسات وشەربەت وپێداویستی قوتابخانە لە دەفتەرو قەڵەم و جانتا، بیرم نایەت بەس وەک ئەیان گێڕایەوە ساڵێکیان دوکانەکەی سووتاوە.

Institut Kurde de Paris

تەمەنم سێ ساڵان بووە شۆڕشی چواردەی تەموزی (١٩٥٨) رووبداوە لەو کاتەدا ئازادی سیاسی بوونی بووە، وە حیزبەکان چالاک بوون بەتایبەتی شیوعی و پارتی و شەڕو ئاژاوە لە نێوانیان دروستبووە، چەندین ڕێکخراوی کرێکاران،لاوان، قوتابیان و جوتیاران گەشەیان کردووە.

یەکێک لەکۆنترین ئاوازلەبیرم بێت هەمیشە دایکم بۆی دەگوتم (ئەمڕۆ سەیرە لە گەنجان .. عەسکەری تۆین، کەریم گیان) یان ئاوازێکی تری کۆن (عبدالکریم تۆی پاڵەوانەکەم) یان سروودی (من شەڕم ناوێ) کە ئاوازێکی ئیبراهیم خەیات بووە، ئەوانە یەکەمین تروسکایی ئاواز بوون کە لە بیرم بێت.

هێندەی بیرم بێت ساڵی (١٩٥٩) بوو، لەگەڕەکی کانی قولکە، باوکم (٣٠٠) مەتر زەوی کڕی، جاران هەر بە (پەت) دەپێورا، لەگەڵ عوسمانی وەستا مەردان کە بەنایەکی کارامە بوو، هەمان ساڵ بەرامبەرمان ئەویش زەوی کڕیبوو، ئیتر ئەو زۆربەی خانووەکانی ئەو گەڕەکەی دروستدەکرد بە بەرد، کە شێوازی ڕۆژهەڵاتی بوو، دیوارەکانی بەردو سەرەکەی گڵی عەبابەیلێ بوو، کە گڵێکی سپی باو بوو، بۆباران بارین خۆڕاگر بوو دژی دڵۆپە، ئیتر ڕۆژانە دایکم ئەوکاتە تەنها من و کاوەی برام بووین پێکەوە لەگەڵ مامڵی (توحفەخان)و کچەکانی شەوبۆ و پرشنگ و پێکەوە نانمان دەخوارد کە هەموومان شیری یەکترمان خواردبوو وە خوشک و برای شیری بووین.

دێتە یادم کە چووینە ئەو خانووە دیوارەکانی حەوشەکەی قامیش بەند بوو، دوای یەکسالّ زیاتر ئینجا کردیان بە دیواری بەرد. ئەوەی لە یادم بێت زۆربەی کاتەکان بە یاری کردنەوە خەریک بووم لەگەڵ کوڕان و کچانی گەڕەک. ئیتر یاری کردن بووبوو بە تانوپۆم، ڕاکردن و تەپ و تۆزی ئەو کۆڵانە تەسکانە کە کاتی خۆی جولەکەکان تێیدا ژیابوون، سەرەتای ساڵانی پەنجاکان هەموو شت ومەکیان فرۆشتبوو و بە گریانەوە بە جێیان هێشتبوو، چونکە پەیوەندییەکی قووڵی کۆمەڵایەتیان هەبووە لەگەڵ دانیشتوانی هەڵەبجەدا، کچێکی جوانیان هەبووە بە ناوی (شێوە) کە پەیوەندییەکی سۆزداری هەبووە لەگەڵ (عارفی حاجی فەرەج) کە ڕۆشتبوون و دەوڵەتیان بۆ دروستکرابوو هەتا بەغدا لەگەڵیان ڕۆشتبوو.

Institut Kurde de Paris

ئەو دەمانە گۆرانی و یاری منالاّن بووبووە خولیام، بە شەو و ڕۆژ لەو گۆرانی منالاّنەو یارییانە وەک: (سابوونی ڕەقی پشتم تەقی . عەلیم بەگ لام بەگ کە شیعرەکانی هەندێکیانم لە بیر ماوە: منالّەکان چوون بۆکۆێ . باخی میر چیان خوارد بوورمە چی تریش خورما. وە هەیاران و مەیاران یاخوا داکاتە باران بۆ فەقیرو هەژاران. ئاخچی و بۆخچی دایەو بابە سندووق چی، ئاگری شینی گیایی بۆ مەیلی برایی . یاری موشێن .هەلوکێن . خەت خەتێن . هەلّمەقۆ کە زیاترکچان دەیان کرد . حەماموّکێ موم بۆ دەرکێ) و چەندین یاری و گۆرانی تر کە زۆربەیانم نووسیوەتەو کردوومە بە کتێبێک و لەژێر چاپدایە، ئەم یادەوەرییانە سەرەتای پێنج تاشەش سالّی منالّیم بوو لەگەڕەکی جولەکان.



منالّی دایەگەورەم گەڕەکی جولەکان ١٩٦٠/٤/٧. لەگەلّ کاوەی برام، بەکامێرای خالّە عەلیم گیراوە.

پاش ئەوە واتە سالّی (١٩٦١) چوومە قوتابخانەی سەرەتایی کە ئەحمەدی ڕەشیدی قەساب پێش من بوو، لە قوتابخانە وەرگیرا بووم، بیرم دێت بەیانییەکیان دایکم (تەسکەرە) واتە پێناسەی کەسی منی دا بە ئە حمەدی ڕەشیدی قەسابی دراوسێمان و لەگەلّ خۆی بردمی بۆ قوتابخانەیەک کە مالّێک بوو لە خوار مزگەوتی دار الاحسان، دواتر مالّی شاعیر (شاهۆ)بوو، لەوێ داخلّی قوتابخانەی

کردم، لەو قوتابخانەیە ماوەی هەفتەیەک لەوێ بووین، بەڕێوەبەرەکەی مامۆستا (ئەحمەدی مەلا حسین) بوو باوکی هۆشیار و بەختیار، پاشان بیرم دێت ڕێزی کردین، بەڕێز بەرەو کانی عاشقان چووین کە تازە بینای قوتابخانە (التقدم) دروست کرابوو، وە ماوەیەکی کەم لەوێ بووم چونکە دوور بوو تاقەتم لێنەبوو، باوکم شێخ فاتح عەبابەیلێی دەناسی کە بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک بوو لە پشت سەرا وماوەی یەک دوو هەفتەش لەوێ بووم، لەوێش تاقەتم نەبوو، پاشان چونکە باوکم دوکانی لە پیر محەمەد بوو حەزم دەکرد نزیکی ئەو بم و گواستمەوە بۆ قوتابخانەی (ئاشتی) لە پیرمحەمەد لە سەرو کتێبخانەی گشتی، بەڕێوەبەرەکەمان ناوی (فەرەج ئەفەندی) بوو ماوەیەکی کورت لەوێ بوو، پاشان گواستراییەوە بۆ بەغدا، پاش ئەوە مامۆستا (ئەحمەد مەحمود) ناسراو بە (ئەحمەدی مەحمودی مام عەزیز) ئیتر من ئەو شەش ساڵەی قوتابخانەی سەرەتایی لەوێ بووم .



Institut kurde de Paris



Institut kurde de Paris

مامۆستا و قوتابیانی هاوپۆلم له سالانی شەستەکان کێ بوون؟

لەو مامۆستایانەی لەوێ بوون سەرەتای ساڵی (١٩٦١) مامۆستا (حەوێز) ناوێک بوو وەرزشی پێ دەگوتین، دوای ماوەیەک دیار نەما، پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە قاتی سەرەوەی قوتابخانەکە بووین کە تازە عبدالکریم قاسم دروستی کردبوو، مامۆستایەک کوردی پێ دەوتین ناوی (بورهانە ئەفەندی) بوو، لە پۆلەکەدا وێنەی وانەکانی کوردی بەڕەنگاو ڕەنگ هەڵواسرابوو کە هەمووی لە کتێبی کوردی (ئیبراهیم باڵدار) چاپ کرابوو، زۆر سەرنجی ڕاکێشام، هەر لەو ساڵەدا ئەومامۆستایەم بە بیر دێت .

ئەو قوتابیانەی لەگەڵم بوون لە پۆلی یەکەم ئەوەی لە بیرم بێت شەوکەتی حەمە مراد و حەمە عەلی برای بوون لەگەڵ ئاری دیاری بەگ وە چەند قوتابیەکی تر، لە پۆلی دووهەم چووینە ژووری کۆتایی قاتی سەرەوە، ئەو مامۆستایانەی لە بیرم بێت مامۆستا نەجات ناوێک بوو خەڵکی سلێمانی بوو، زاهیر ئەفەندی وە مامۆستا سەلاحی حیلمی (١٩٤٤-٢٠١٩) تازە بۆ (تطبیق) کردن لەوێ بوو.

دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول

ساڵی (١٩٦١) شۆڕشی ئەیلول دەستی پێ کردبوو، زۆر ڕۆژ پێشمەرگە بە عەسران تەقەیان لەو پۆلیسانە ئەکرد کە پێیان ئەوتن (قوەی سەیار) واتە گەڕۆک کە لە سەربانی قوتابخانەکەمان ڕەبایەیان دانابوو، لە پۆلی سێهەم چووینە قوتابخانە کۆنەکەی نزیک فولکەی پیر محەمەد ناوی قوتابخانەی سیروان بوو کە پێیان دەگووت قوتابخانەی پەڕۆ، ئەمە لە ساڵی (١٩٦٣) بوو، لە ژووریێک بووین کە زۆر پەڕپوت بوو، تەنانەت کات زستان بوو زۆر سارد بوو، بیرم دێت دەرگای پۆلەکەمان بە لێفەیەکی کۆن گیرابوو، بۆ ئەوەی سەرما نەیەتە ژوورەوە، لەو ساڵەدا چەندین کەس پێکەوە بووین و لەوێ مستەفای کەمال خەفاف و ئەحمەد عبدالقادرو ڕەوان شاد ساڕەوان حاجی کەریم ئەوبەریم ناسی، لەو مامۆستایانەی بەبیرم بێت مامۆستا حەمە عەلی بەگ بوو وانەی کوردی پێ دەگوتین، لەو قوتابخانەیەدا گۆڕەپانێکی کراوەی گەورەی هەبوو کە هیچ سیاجێک یان دیواری نەبوو، هەروەها عەسرێکی هەتاوی بەهار بوو بۆ یەکەمین جار لە ژیانم شێخ عەلی واتە (خولە کەشکۆڵ)م بیر دێت لەگەڵ چەند کەسێکی تر یاری باسکەیان ئەکرد و سەیری ئەو یاریەم ئەکرد، هەر لەو ساڵەدا بەعس کودەتایەکی ڕەشی کرد لە ڕۆژی (١٩٦٣/٢/٨)، دەستی کرد بە کوشت و کوشتاری کەسانی ئازادیخواز بە تایبەت شیوعییەکان و شۆڕشی چەکداری کورد، ئیتر کەوتە هێرش کردن بۆ سەر شوێنە ڕزگار کراوەکانیان، لە هاوینی ئەو ساڵە واتە لە (١٩٦٣/٦/٩) لە ڕۆژی ٩ ی حوزەیرانی ئەو ساڵە لە شاری سلێمانی قەدەغەی هاتووچۆیان ڕاگەیاند، چەندین کەسیان زیندە بە چاڵ کرد لەوانەی لەبیرم بێت مامۆستا یاسین و ئەنوەر سەعید دارتاش و چەندینی تر کە وەرزشەوان بوون، لە نزیک حامیەی سلێمانی لەڕێگای چوارتای کۆن زیندە بە چاڵی کردن، بەو بۆنەشەوە ڕەفیق چالاک لاواندنەوەیەکی تۆمارکردوە، ئیتر ئەوە خەڵکی تۆقاند، هەروەها لە شاری کۆیەش هەمان کرداری کرد کە سەرکردەیەکی سەربازی بەعسی ئەو کاتە بە ناوی (زەعیم سدیق) بە دڕندەیی سەرپەرشتی ئەکردن، کەحاکمی عەسکەری سلێمانی بوو لەو کاتەدا.

Institut Kurde de Paris

هەر لەو هاوینەدا بە هۆی ئەو بارودۆخە ناهەمواربەوە خەڵکی لە شارەکانی تر زۆر ئەترسان بۆیە ئێمەش بە خاوو خێزانەوە بە هۆی ئەوە کە مامی دایکم سالّح بانەیی بە هۆی دوکانداریییەوە بەهارات و وشتی وای ئەفرۆشت دوکانێکی هەبوو لە قەیسەری حامید بەگ دوکانەکەی لە پرۆکنێک بوو، خەڵکی دێی سازان و دەورو بەری ئەناسی، پەیوەندی کرد بەو ناسیاوانەیەوە چەند هێستریێکیان ئامادە کرد وە پێیان ئەوت (قاتر) هەموومان ڕومان کردە گوندێک بە ناوی (تلەوەرێ) بۆ ماوەی مانگێک بە هەموومانەوە لەوێ ماینەوە کە ئەو گوندە ژیانی زۆر جیاواز بوو لە شار، کە ئێواران ڕانە مەڕ ئەو ناوەیان ئەکرد بە تەپ و تۆز ودیمەنێکی سەرنج ڕاکێشی هەبوو، جار جارەیش ئەچووینە سەر کانییەکەی، لەوێوە دایک و کەس و کارمان ئاویان بە تەنەکە ئەهێنا بۆ چێشت لێنان، ئەوەی لەگەڵمان بوون خالّەکانم وە مامی دایکم (حەمە بانەیی) کە پێش ئەوە لە مالّی خۆیان لە گەڕەکی کانی قولّکە کە کۆتا مالّەکانی هەڵەبجە بوو نزیک کانییەکەی کانی قولّکە بە گولەی وێڵ قاچی بریندار کرابوو، زۆر دەترسا، هەروەها مالّی کاکە عومەری ڕەسام ئامۆزای دایکم، چەند مالّێکی تریش هەر ڕایان کردبوو بۆ ئەو گوندە یەکێک لەوانە مالّی عومەر نەجارِ بوو کە لەوێ هەر دوو کوڕەکەی (ئەحمەد و قانع)م ناسی، وە خوشکێکیان بە ناوی قومری و دایکیشیان ناوی شەفیقەخان بوو، من باوکم لە هەڵەبجە مابووەوە، بەڵام چونکە بەسەڵتی مابووەوە بیری منی ئەکرد، بۆیە ناردبووی بەشوێنما کە بۆ چەند ڕۆژێک بڕۆمەوە بۆ لای بۆ هەڵەبجە، بەیانییەک مەلا بانگدان بوو پیاوێک بە گوێ دریژێک هات و سواری گوێ دریژەکەی کردم و بە کاروانێک بەرەو هەڵەبجە ڕۆشتین، ئەوە یەکەمجارم بوو سواری گوێ دریژ ببم.

زۆر دەترسام چونکە ڕێگاکەی هەموو بەردەڵان و ڕێگای پیادەبوون، دوو سێ شەو لای باوکم مامەوە و زۆر خزمەتی ئەکردم پاشان گەڕاندمیانەوە بۆ ئەو گوندە، ماوەی مانگێک زیاتر لەو گوندە ماینەوە، وردە وردە ترس نەماو هەموو گەڕاینەوە بۆ مالّ و جێگای خۆمان، ئەو مانگە و بەو هاوینە وەک سەیران وابوو لامان، پاش ئەوەی لە ١٨ی تشرینی دووهەمی (١٩٦٣) عبدالسلام عارف کودەتای کرد بە سەر بەعسییەکان و حەرەس قەومیدا تۆزێک بارودۆخ گۆڕدرا و لە (١٩٦٤/٤/١٠) ڕێکەوتنی لەگەڵ پارتی کرد بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا کە بریتی

Institut Kurde de Paris

بوو له داننان به هەندێ مافی ڕۆشنبیری بۆ کورد له باکوری عێراق که ئەمەش هەندێ له ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتیان ڕەنجاند بەوەی که حوکمی (لامەرکەزی) هیچ دەسکەوتێکی تێدا نابێت و ئەوەش بووە هۆی دابەش بوون و گەورەترین درز تێکەوتنی باڵەکانی پارتی که خۆی له باڵی مەکتەب سیاسی دەبینییەوە و تا ئەم ساتە وەختەش کاریگەرییەکانی بەردەوامە، گەر قوڵ بینەوە له سەر ئەم بابەتە زۆر هەڵئەگرێت باسی لێوە بکرێت که ئەمەش کاری من نییە.

Institut Kurde de Paris

ساڵی (١٩٦٤)، سەرەتای ئاشنابوونم بە ئامێری کەمان

له سەرەتای ساڵی خوێندنی ساڵی (١٩٦٤) گەڕاینەوە قوتابخانەکەی خۆمان بەڵام پاش ئەوە ناونرا قوتابخانەی (الانتصار) کەله کاتی حوکمی عبدالکریم قاسم ناوی قوتابخانەی ئاشتی بوو، چونکە ئەو ساڵە مامۆستایەکمان بۆ هات بە ناوی (حەمەی دادە ڕەعنا) کە پێیان ئەوت (حەمە چکل) دەرچووی بەشی شێوەکاری پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا بوو، بەڵام مۆزیکیشی دەزانی، وانەی سروودی پێ دەووتین.



ماڵەکەیان له خانوی حەمەلەی کەبابچیدا بوو کە شوکریە خانی خێزانی خوشکی بوو، ماڵەکەیان لەپاڵ ماڵی کەمال خەفاف بەرامبەر تەلبەنی فەرمانگەی ئینحسارەکە له گەڕەکی پیر محەمەد بوو، ئیتر هەر ڕۆژێک وانەی سروودمان هەبوایە لەگەڵ خۆی کەمانەکەی دەهێناوگۆرانی سروودی بۆ دەژەندین لەوانە: خوایە وەتەن ئاواکەی، جەژنی دارو درەختە و ئەرێ لەیلێ.

که گۆرانییەکانی دەژەند دەیگوت بزانم کێ دەزانێت ئەمە چ گۆرانییەکە یەکسەر دەستم هە لێبڕی دەمزانی کە چی دەژەنێت، چونکە من ڕۆژانە لە دوکانی باوکم گوێم لە گۆرانی دەگرت، تا وای لێهات ئیتر بە منی دەوت ئازاد بڕۆ لە ماڵەوە کەمانچەکەم بۆ بێنە، منیش لە ڕێگا کەمانەکەم بە دزییەوە دەرئەهێنا جانتاکەیم دەکردەوە و سەرسام بووم پێی، شێوازێکی ئەندازەیی جوان و ڕەنگێکی قاوەیی کاڵ، بەرگێکی قەدیفەی سەوزی هەبوو، مارکەی ئەڵمانی.

پاشان وای لێهات تیپێکی کۆرسی لێ دروستکردین، من بووم، سەرکۆی ئەحمەد ئەفەندی کە باوکی بە ڕێوەبەرمان بوو، ئەفراسیابی سالحی ئیبراهیمی ڕەزا، کۆزادی حەمەی نانەوا، بە هۆی شەڕی پارتی و حکومەت، ئەم هەراو بەزمە ناوە ناوە لەکاتی عەسر پێشمەرگە هەڵیان ئەکوتایە سەر قوتابخانەکەمان، چونکە قاتی سەربان کرابوو بە ڕەبایەی پۆلیسی(سەیار)، واتە گەڕۆک کە هەموویان عەرەب بوون بەس وا ڕاهێنرابوون نەیەنە ناو قوتابییەکان هەر واش بوو، دەمان بینی لە سەربان ماسییان وشک ئەکردەوە، سەیر بوو لامان، چونکە لای ئێمە شتێکی نامۆ بوو،



Institut Kurde de Paris

ئەوەی لە بیرم بێت سالّی (١٩٦٤) بوو کە گۆرانی (أنت عمری)کە ئوم کەلسوم بۆ یەکەمین جار وتی، لە ئاوازی محەمەد عبدالوهاب و هۆنراوەی (ئەحمەد شەفیق) بوو، هاوینی ئەو سالّە بوو لە دوکانی باوکم بووم لە پیر محەمەد و چەند دوکانێک لەسەری دوکانی باوکمەوە کاک حەمەی فەرەج نەقلّیاتی هەلّەبجە ــ سلێمانی هەبوو، هەرچی قەمەرەی دۆجی سالّانی (١٩٥٤) یان (٥٥) یان (٥٦) ئەو کاتە لەوێ ئەوەستان بۆ نەفەر سوارکردن، لە مزگەوتی خانم ئەهاتمەوە، بینیم کاکە حەمە لەدوکانەکەی دانیشتووە و ڕادیۆکەی کردۆتەوە و بە دەنگی بەرز و ڕادیۆکە گۆرانی (أنت عمری) پەخش ئەکرد و منیش هێندە کاریگەر بوو لەسەرم، وەستام و گوێم لێگرت بە تایبەت ئەو ڕستەیەی (يا أغلى من أيامي ..يا أحلى من أحلامي.....خدني لحنانک خدني.. عن الوجود وابعدني) کە هیچ لێی تێنەئەگەیشتم، بەلّام ئاوازو دەنگەکە سەرنج ڕاکێش بوو لام.



سەیرانێکی مامۆستا حەمەی دادە ڕەعناو هاوڕێکانی، ئەو کەمانچەیەی کە لەخوارەوە دانراوە، لەسالّی ١٩٦٤ بۆیەکەمجار پێی ئاشنابووم و ڕێڕەوی ژیانمی وەک بناغەیەک بۆ کاری هونەری گۆڕی.

دوای ئەوە لە ناو پۆلەکەماندا وێنەی عبدالسلام عارف هەلّواسرابوو کە چەند ئەستێرەیەک و چەندین مەدالیای بە بەرۆکەوە بوو، وێنەکە ڕەنگاو ڕەنگ بوو بە عەرەبی لەخوارەوە نوسرابوو (المشير الركن عبدالسلام محمد عارف ـ رئيس جمهورية العراق)

ئەوەی لە بیرم بێت لە ساڵی (١٩٦٥) کە تەمەنم ١٠ ساڵان بوو لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم، چەند مامۆستایەکی نوێم بەدی کرد لەوانە مامۆستا شێخ عومەر عەبابەیلێی وانەی کوردی پێ دەگوتین، مامۆستا ئەکرەم شێخ فەرەج وانەی جوگرافیا، مامۆستا ڕەوفی ئەخلی بارام وانەی ئینگلیزی، مامۆستا مەلا باقی وانەی ئاین، مامۆستا حامد بیرکاری، مامۆستا مەهدی نەقشبەندی و مامۆستا عەبدوڵاسوور، مامۆستا نوری مەحمود ئەفەندی و عوسمانی خالۆ ئەحمەد ،مەلا سالح و زۆری تر کە بیرم نەماوە، وە ئەوکاتی مفاوەزاتە لەگەڵ پارتی و هەروەها جیا بوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی و چوونیان بۆ ئێران و وەک پەناهەندە لە شاری (هەمەدان) دادەدە درابوون.


Institut kurde de Paris

ئازاد صالح لە تەمەنی ١٠ ساڵیدا

من بیرم نایەت کەی باوکم چۆتە ئەو گەرەکەو کەی ئەو دوکانەی گرتبوو بەکرێ، بەڵام لەوەتەی فامم کردۆتەوە لەو دوکانەدا بووە، دوکانەکە لەو شوێنە بووە کە دەچیت بۆ فولکەکەی خوارەوە کە پێیان دەوت (شورتی شارع) کە ئێستا پێی دەڵین فولکەی (عومەری خاوەر) لەپاڵ دوکانی باوکم لە سەرەوە ماڵێکی قامیش بەنی لێ بوو دەرگاکەی تەنەکە بوو ماڵی (ئامەی فەتە) بوو کە بێوەژنێکی پۆشتەو پەرداخ و دڵتەڕ بوو. لە سەروتر دوکانی عەلی پەنچەرچی و دوایش دوکانی عبدالکریمی ئوتوچی کە بەخەڵوز ئوتوەکەی گەرم ئەکرد و دواتر دوکانی حەمە بەکراوایی و پاشان دوکانی عەبە هەورامی و پاش تر دوکانی حەمەی مەحمود ئەفەندی و سەروتر نەقڵیاتەکەی کاک حەمەی فەرەجی قالە سوورو پاشان ماڵی (ئاغا) مەحمود بەگی ئەوڕەحمانە فەنی. بەرامبەر ئەو دوکانی حاجی ئەوڕەحمان و خوار ئەو دوکانی عەبدوڵای سەڕاج لە پاڵیدا دەرگای قوتابخانەی ئیسلامی کە لە قاتی سەرەوە بوون و مەلا عەلی عبدالعزیز بەڕێوەبەری بوو، خوارتر عوسمانی زەڕەنگەرو خوارتر کەبابخانەی براڵە مەحمود و ئەولا تر تۆمارگای فاخری عەبدوڵای حەمەخانە ڕۆڵەو خوارتر دوکانی حاجی فەرەجی زەڕەو لەپاڵیدا کتێبخانەی عومەری کاکی و پاشان وێنەگری عوسمان و بەرامبەر دوکانی باوکم چاخانەی ئەوڕەحمانی چایچی و دواتر عەلی تەبە و خوارتر دەلاک خانەی فەرەجی حاجی کەریم کوردستانی و چایخانەکەی مەلای شەرعی و نانەواخانەی عەبەی چۆپی و مەعمەلی سەهۆلەکەی حاجی حەمە کەریم گێلدەرەیی و دوکانی عەلی حەمە کەریم. ئەم دوکانانە زۆر تا کەم ئاڵ و گۆڕ ئەکران و ئەبوو بە دوکانی شتی تر.

لە خوار دوکانی باوکیشمەوە دەلاک خانەی مستەفا بەختیار بوو، خوار ئەویش لێفە درووی مەحمود و عەلی شەفە هەلاج بوو خوارتر حاجی ئەحمەدی قەدەفەری و خولە سورو عەبەی پەری و عەبدوڵای برای عومەری گۆڵتەڕەش و سەراجی حاجی کەرەم خان. بابێمە دوکانەکەی باوکم، باوکم عەتار بوو بریتی بوو لە دوو دوکان پێکەوە بوون، مووڵکی شارەوانی بوو، وەستا مەقسودی کوڕی وەستا ئەلیوەیس دارتاشێکی دەست ڕەنگین بوو ئەو رەفەو قەفەس و مەعرەزو جامخانەی بۆ کرد، زۆر بەجوانی بە چوار دەوردا رەفەی بۆ کردبوو بۆ ئەوەی

Institut Kurde de Paris

نوقڵو چکلێت لە ناو شوشەی تایبەتدا دانێت و شەربەت و بسکیت و چەرەسات، لەبەردەمیشدا مەعرەزیکی شوشەی جوانی بۆ دروست کردبوو، جۆرەها شتی دەفرۆشت، بە فەردە ناوکە کولەکەو فستق و نۆک و گوڵەبەڕۆژەی دانابوو، چەندین یاری منالاّن، تەنانەت پێداویستی مکیاج و بۆیەی نینۆک و کۆکلەو ئەتەمین و ئۆیەو سانتیم و تەنانەت حەبی کۆکەو وە حەبێکی گەورە هەبوو پێیان ئەوت حەبی (کالمین) جۆرەها پاکەتی جگەرەی جموری و غازی و پێداویستی قوتابخانە لە دەفتەرو قەڵەم و جانتا و بۆیەی وێنەکێشان ئەوانەی هەموو ئەفرۆشت، من هەموو شتێکم لە بەردەست بوو بە ئارەزووی خۆم چکلێت و نوقڵم ئەخوارد جۆرە چکلێتی خۆشی هەبوو بە ناوی (أبومنیر) بە چنگ ئەمخستە گیرفانم، کە بچومایە بۆ قوتابخانە گیرفانم پڕ ئەکرد لە فستق و ناوکە کولەکە زۆرجار بەشی هاوڕێکانم لێ ئەدا، لە بەردەستم دەخیلەی دوکانەکە چەکمەجەیەک بوو پڕ بوو لە پەنجا فلسی و بیستو پێنجی و دەفلسی وپینج فلسی، بەقەرزیش شتی دەفرۆشت و دەفتەریکی هەبوو قەرزەکانی تێدا دەنوسی و ڕادیۆیەک کە هەمیشە لە سەر کۆرانی بوو کە سەیری ئەو مەعرەزم ئەکرد پڕ بوو لە شتی جوان ئامێرێکی مۆسیقا هەبوو پێیان ئەوت (هارمۆنیکا) هەموو جارێ دەرم ئەهێناو هەر لە خۆمەوە دەمژەند، دواتر لە دوکانی دووهەم (کورە)یەکی دروست کرد کێک و شەکرلەمە و چۆرەکی دروست ئەکرد کە منالاّن زۆر تامەزرۆی بوون، زۆر جار ئەچوو بۆ بەغداد لە (شۆریجە) شتی ئەکڕی وپاش یەک دوو هەفتە بە لۆری ئەگەشتە لای.

لە سالاّنی ناوەڕاستی شەستەکاندا ئۆتۆمبیلمان هەبوو باوکم ئەیدا بە دەست شۆفێرەوە و ئیشیان پی ئەکرد، پاسمان هەبوو بۆدیەکەی تەختە بوو شۆفێرەکەی (عەلی جولەکە) بوو، سەکنێکی هەبوو ناوی عەبدول بوو، جێبمان هەبوو شۆفێرەکەی (سەعەچاوشین بوو) جێبێکی تر شۆفێرەکەی (عومەر تۆپەڵ)بوو تا سەرەتای حەفتاکانیش، دوا جار جێبێکی ئەمەریکیمان هەبوو (سەعید حەمە عەلی) شۆفێری بوو. لەو کارەدا هەمیشە زیانی ئەکرد شۆفێرەکان هەرچیان دەست کەوتایە یان بۆ چاک کردنەوەی ئۆتۆمبیلەکان بوو یان بۆ خۆیان بوو، زۆر ئێواران دراوسێ دوکانەکان کۆ ئەبوونەوە ئەیبردن بۆ خورماڵ یان بۆ راوی پۆپ لە دەشتی شارەزوور تا بۆردومانی سالّی ١٩٧٤ لەو دوکانەدا بوو، کە بۆردومان کرا ناپاڵمێک نزیک دوکانی حاجی ئەوڕەحمانە فێلە کەوت و چەندین کەسی

Institut Kurde de Paris

کوشت و دوکانەکە ڕووخا بە سەریاندا، ئەوەی کە ڕزگاری کردن ئەو (کورە) بوو کە لە خوارەوە وەجاخێکی هەبوو سەرەکەی ڕووخا بوو، بەڵام ژێرەوەی نەڕوخا و ئەوە بوو باوکم و سەربەستی برام بە سوکی بریندار بوون».



لەڕاستەوە، باوکم تەنها قۆڵی دەرچووە، خاڵە حەمە عەلی، مامۆستا ئازاد حەمدی، بەردەمی دوکانی باوکم، ساڵی ١٩٥٤ هەڵەبجە.



سەیرانی خورماڵ دراوسێ دوکانەکانی باوکم ساڵی ١٩٦٧

لەڕاستەوە: حەمەی زەڕەنگەر، سەروەتی حاجی حەمە کەریم کورسانی، عوسمانی زەرەنگەر، ئاسۆی حەمەی زەرنگەر، دواوە فەرەجی ئەورەحمانی چایچی دواتر کاوەی برام، شێخ ئەحمەد، منالێکەش ناوی عبدالباقی بوو، باوکم ساڵحی مەلا سابیر دواتر ڕەشیدی پەنچەرچی، عوسمانی ڕەسام، ئازاد ساڵح

Institut Kurde de Paris

ناوی هەندێ یاریزانی هەڵەبجە لەساڵانی شەستەکاندا

لەساڵی (١٩٦٥) لە هەڵەبجە کەمێک بواری وەرزش تەنانەت هونەریش بوژایەوە وە هەندێ یادەوەریم لە ساڵی (١٩٦٥) هەیە کە پەیوەندی بە مۆزیکەوە هەیە لە ناوەڕاستی شاردا گۆڕەپانێک هەبوو پێیان ئەوت حەوشەی تاهیر بەگ بەرامبەر مالّی ڕەشید عەزیز، چەند تیپێکی وەرزشی تۆپی پێ هەبوون لەوانە (هیوا، بێستون، ئاکۆ، خەبات) لە هەموویان بەتواناتر تیپی هیوا بوو کە هەفتانە تیپەکانی سلێمانی وەک (کەمال سەلیم، کارگەی جگەرە، دیمەن، دەرسیم). لەیاریزانە بە تواناکانی سلێمانی حەمەی عەبۆل، فایەقە سوور. لە هەڵەبجەش کەمال ڕەشید عەزیز، جەمال ڕەشید عەزیز، جەباری ڕەشید عەزیز، سیف الدینی برای شێخ لەتیف، عارف محەمەد ئەمین، سالّح ئەحمەد باول، حەمە فەرەجی شاسوار، حەمە ئەمین (پیچۆ). بە ناوبژیوان واتە حەکەمەکەیان ئەوت باشچاوەش.



بیرم دێت یاریزانێکیان کە ناوی (کەمالی سالّح لوو بوو) کە دەستی لە یاری کردندا شکابوو، وێنەکێشێکی باشیش بوو دەنگیشی باش بوو بۆ موعەلیق لە سەرووی ساحەکە بەرزاییەک هەبوو تووپەکی تێدا بوو بەڕادیۆیەکی گەورە کە بە گلۆپ ئیشی ئەکرد، ئەمپریفایەرێکی دروستکردبوو، موکەبەرەیەکی خستبووە ناو سنوقێکی گەورە و بە شیفۆنێکی سوور پێچابووی، یاریەکەی دەگواستەوە و

Institut Kurde de Paris

هانی تیپەکەیانی ئەدا، لە پشووی گێمی یەکەم منالێکی هێنایە سەر تووەکە ناوی نەجیمی ئەحمەدی باول بوو، دەستی کرد بە گۆرانی وتن کە گۆرانییەکی عەرەبی بوو هی حضیری أبو عزیز (سلم علیه بطرف عینه وحاجبه أدی التحیة زین یعرف واجبه سلم علیه) زۆر سەرنج ڕاکێش بووڵام، ڕۆڵی چایخانەکانیش دەوری بەرچاویان هەبوو لە بڵاوبوونەوەی چێژ لە گۆرانی و مۆزیک وەرگرتن، لە کانی قوڵکە خوار مالێ ئێمە کۆڵانی ئێمە کەوتبووە کۆڵانی بەرامبەر مزگەوتی دار الاحسان بۆ سەرەوە، چایخانەی حەمە کەچەڵ و قالەی ڕەمەزان گۆڕەپانێکی گەورە بوو، هێشتا نەکرابوو بە خانوو دوای حەفتاکان خانووی تێدا دروستکرا، کردبوویان بە کەپرێکی گەورە بە گڵۆپی ڕەنگاو ڕەنگ ڕازاندبوویانەوە، لەولاتەرەوە مالێ عەبەسوور بوو ڕوکنەکەی کە لە سێ لاوە کرابووەوە چاخانەی ئەسکەندەر بوو، لە ناو بازاڕیش چاخانەی عەلی سەلیم عومەری گۆڵتە ڕەش کە تەسجیلێکی گۆرەندیکی لەبەر دەم بوو هەمیشە گۆرانی لە سەر بوو، ناوبازاڕ چایخانەی عارفی حاجی فەرەج بوو سەرووتر چاخانەی عوسمانی ئازادی کە سەربانەکەی نووسابوو بە مالێ نەنکم واتە دایکی باوکم ناجی خان.



Institut Kurde de Paris

لێرەدا ئەبێت ڕۆڵی ڕادیۆی کوردی بەغداو ئیزگەی کرماشان لە یاد نەکەین کەڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە پەرەپێدانی چێژی هونەریم هەر لە سەرەتای منالێمەوە.

بۆیە بەباشم زانی کە مێژووی دامەزراندی یەکەمین ڕادیۆ بکەم لە عێراقدا....

لە ساڵی (١٩٣٢) یەکەمین جار لە ماڵی مەلیک غازی بووە لە کۆشکی (الزهور) پاشان ساڵی (١٩٣٦) لە گەڕەکی (الصالحية) لە بەغدا دامەزراوە یەکەمین بێژەر (محەمەد عەلی کەریم) بووە، یەکەمین جار پەخشی ڕاستەوخۆ بووە وە دەنگ تۆمار نەکراوە، یەکەمین گۆرانی بێژ تیایدا (محمد القبانچی) بووە و هەر لەو ساڵەدا (سالح الكويتي) بووە بە سەرۆکی جووقی مۆسیقا لەو ئیزگەیە کە زۆربەیان جووڵەکە بوون لەوانە (داود الكويتي) برای و چەندینی تر، لەو گۆرانییژە سەرەتاییانە (عفيفة اسكندر، زكيه جورج، سليمةمراد) پاشان لە ساڵانی پەنجاکان لەمیعة تۆفیق و ناظم الغرالي، زهوره حسين، ئەحلام وەهبی، مائدە نزهت) ولەو ئاوازدانەرانەش (عەباس جەمیل، وديع خونده، ڕەزا عەلی، ئەحمەد الخليل، کەمال السيد) کە ڕەزا عەلی کوڕێکی فەیلی خەڵکی بەغدا بوو، کە چەندین ئاوازی بۆ گۆرانی بێژە کوردو عەرەبەکان داناوە، ئەحمەد خەلیلیش کوردێکی خەڵکی بامەڕنی بوو، کە برایەکیشی هەبوو بە ناوی ئیبراهیم خەلیل کە لە تیپی مۆسیقای ئیزگە، دەف ژەن بوو، کە ئەحمەد خەلیلیش چەندین ئاوازی بۆ گۆرانی بێژە عەرەبەکان داناوە وەک گۆرانی (يا حلو يا أسمر) بۆ عەفیفە ئەسکەندەر کە ئافرەتێکی ئەرمەنی بوو، وە گۆرانییە بە ناوبانگەکەی (هەر بژی کوردو عەرەب رمز النضال) کە سەرەتای شیعرەکەی بەم شێوە دەست پێ دەکات :

(من تهب أنسام عذبة من الجبال. وعلى ضفاف الهور تتفتح الگلوب. لو عزف على الناي راعي من الشمال. على الربابة يجاوبها راعي الجنوب)و چەندینی تر، وە مۆزیک ژەنەکان خضير الياس ئەو شمشاڵ ژەنە نابینایەی لەگەڵ ناظم الغزالي بوو، سامي عبدالاحد، سالم حسين، نازم نعيم، خضير الشبلى، حاج هاشم الرجب، شعوبي ئيبراهيم) چەندینی تر، کەمن ناوی زۆربەیانم لە یادە بەڵام ڕەنگە خوێنەر مەبەستی نەبێت، ساڵانی شەستەکانیش چەندین گۆرانی بێژی تر هاتنە ئارا لەوانە

Institut Kurde de Paris

(جاسم الخياط حسين، السعدي ، فاروق هلال، ياس خضر، فاضل العواد، سعدون جابر، حسين نعمة، فؤاد سالم، ئەحلام وەهبي، غادة سالم، مستەفا الكريدي) تا كۆتايى سالّانى شەستەكان من گوێگرى رادیۆ بووم، كاتێك له دوكانى باوكم ڕادیۆیەكى(سیرا)ى مارکه ئەڵمانى هەبوو له تاقەكه داینابوو، ئیتر من گوێگرى ئەو دەنگانه بووم جگه لەوەى من جار جار میللى رادیۆكەم دەجوڵاند و گوێم له (صوت العرب من القاهرة) ئەگرت و لەوێوه گوێم له دەنگى(محمدعبدالوهاب، ئوم كەلسوم، عبدالحليم حافظ، فردید الاطرش، ئەسمەهان، فائزة ئەحمەد، ئاوازەكانى سید درویش، محەمەد القصبچى، زەكریا ئەحمەد، ریاض السنباطي، محمد الموجي، بەلیغ حەمدي) چەندینى تر، ئەمەش سوودیكى زۆرم بینى بۆ فێربوونى زمانى عەرەبى به شێوەیەكى سەرەتایى.

ئیزگەى كوردى هەر له سالّانى شەستەكاندا و له سەرەتاییدا حەزم له گوێگرتن لەڕادیۆبوو، یەكەمین رادیۆى كوردى له بەغدا سالّى (١٩٣٩) دامەزرا و یەكەمین بێژەرى (كامیل كاكەمین)بوو، كاتەكەى یەك چارەك بوو لەگەڵ بەرنامەى عەرەبى پەخش ئەكرا، یەكەمین رادیۆ كه هاتۆته سلێمانى سالّى (١٩٣٢) له چایخانەى حەمە رەق بووه، لەو كاتانەدا هونەرمەند عەلى مەردان كۆنترین گورانى بێژ بوو لەگەڵ مریەم خان كه له سوریاوه هاتبوو، دواى ئەو محەمەد عارف جەزیرى، حەسەن جەزراوى، پاش ئەوانیش چەند كەسێكیتر لەوانه سالّى (١٩٤٨) بوو، كەریم كابانیش له بەغدا لەخولى بەشى بێتەل و مۆرس بوو واته (لاسلكى) له خولى نائب زابت، پاشان عیسى بەرواري و سێوه، نەسرین شیروان، پەخشى رادیۆكه ڕاستەوخۆ بوو، كەریم كابان یەكێك لەو گۆرانییانەى ئەوتەوه وەك (بەرى بەیانه، كفره لاى من له یار ڕەنجان، بڵێن بەیار) زۆربەیان هۆنراوەى شاعیر (گۆران) بوون، چەندینى تر.. پاشان سالّانى پەنجاكان چەندین گۆرانى بێژى تر لەوانه ڕەسوڵ گەردى و تاهیر تۆفیق، گوڵبەهار و نەسرین شیروان، دایكى جەمال، مۆزیک ژەنەكان قادر دیلان و ئەنوەر سالّح وچەندینى تر، گۆرانى بێژان شەمالّ سائیب كه (٢٧) گۆرانى تۆمارکردووه لەو ماوەیەدا بۆ ڕادیۆى كوردى بەغدا، لێرەدا ئەمەوێ باسى یادەوەرییەك بكەم له سالّى (١٩٧٥) من قوتابى پۆلى یەكەمى زانكۆ بووم له كۆلێجى بەڕێوەبردن و ئابووري، زوو زوو دەهاتمەوه ئەو كاته مالّمان له سلێمانى بوو وه ئەحمەدى ڕەشید قەساب قوتابى

Institut kurde de Paris

پۆلی یەکی کۆلێجی ئاداب بوو بەشی کوردی وە شەمالّ سائیب لە ئەمەریکا ماستەری هینابوو لە مێژوو وە مامۆستایان بوو منیش حەزم ئەکرد شەمالّ سائیب لەنزیکەوە ببینم هەر ئەو جارەش دیومە و ئەو کاتە ئاسایی بوو ئەت توانی وەک میوان بچیتە وانەکەیەوە منیش لەگەلّ ئەحمەد چوومە ژورەوە ئەو کاتە بینای کۆلیجی ئاداب نزیک گەرەکی ئیسکان بوو، شەمالّ سائیب بە دەمی خۆی یادەوەرییەکی گێڕایەوە لێرەدا باسی ئەکەم، وتی تازە گۆرانی (ئەرێ لەیلێ)م لە ئیزگەی بەغدا تۆمار کردبوو وە ناوبانگی دەرکردبوو تەنانەت عەرەبەکانیش لەبەریان کردبوو، وتی لەڕێگای بەعقوبەوە ئەچووم بۆ بەغداد لە بازگەی بەعقوبە خەلّکیان زۆر ئەپشکنی چونکە شەڕی مەلا مستەفا هەبوو لە گەلّ حکومەتی عێراقی، لە بازگەکە سەربازێکی عەرەب سەیری کردم و ناسیمیەوە وتی تۆی گۆرانی (ئەرێ لەیلێ) ئەلّێیت ؟ وتم بەلّێ وتی تۆ شەمالّ سائیبیت ؟ وتم بەلّێ، وتی توخوا یەک تۆز لەو گۆرانییەم بۆ بلّێ ئەویش وتی گۆرانییەکەم بۆ وت و یەکسەر بێ پشکنین هەموومان لەو بازگەیە دەرباز بووین، ئەمە من خۆم لە زمانی شەمالّ سائیبەوە ئەو یاداشتە ئەگێڕمەوە، دوای ئەو(جەمال جەلال، محەمەد قەدری ، عبدالله زێڕین، عەبدولّا دلّسۆز، تەحسین تەها، یەحیا مەرجان و جەلال کۆچەر وە (سێوە) کە لە دیاناکانی کۆیە بوو، هەروەها لە سلێمانی و هەولێرەوە گۆرانی بێژی تر دەچوون، سالّەکانی (١٩٥٦) بە بۆنەی مام جەلالەوە کاتێک مامجەلال لە بەغدا بووە لە ئوتێلێک گیرساوەتەوە، حەسەن زیرەک کارمەند بووە و بیستوویەتی دەنگی خۆشە بردوویەتی بۆ ئیزگەی بەغداو لە لیژنەکە دەرچووە کە عەلی مەردان لەو لیژنە بووە، بۆ گۆرانییەک بڕێک پارەی وەرگرتووە کە لەو بارە ناهەمواوە رزگاری بووە، حەسەن زیرەک، سالّح کویتی کە جولەکە بووە و مۆزیکی بۆ ژەندووە و لە گۆرانییەک باسی دەکات، چەندین گۆرانی وتووە کە بە گۆرانییەکانی ئیزگەی بەغدا (٥٣ و ٥٦) بە ناوبانگە.

ئیتر ئەم ئیزگەیە چەندین بەرنامەی هەبوو لەوانە ئاینی کە عومەر دیبەگەیی پێشکەشی ئەکرد و هەروەها عبدالحمید ئەتروشی کە کاتی خۆی لە هەلّەبجە قازی بووە وەک دایکم باسی کردوە بۆم هاورێی باپیرم میرزا حسین بانەیی بووە، بەرنامەی کشتوکالّی بورهان قانع بە زمانی شارەزووری پێشکەشی ئەکرد و هەروەها لەو بێژەرانە لەوانە عەزیز کافرۆشی، عبدالله عباس و شیرین عەباس،

Institut Kurde de Paris

بەشی بادینی سکڤان عبدالحکیم، وە تیپی مۆزیک قادر دیلان بەشداربووە، هەروەها عادل جەمال عیرفان و خێزانەکەی کە لە بنەماڵەی یامولکی بوون.

ئەم هەموو گۆرانی و یادەوەرییانە هەمیشە گوێگری ئەو رادیۆیە بووم، بە تایبەت بەیانیان باوکم ڕادیۆکەی ئەکردوە پێش کردنەوەی ئیزگە کە بە دەنگی خوێندنی بولبول دەستی پێئەکرد ئینجا قورئان بە دەنگی(عبدالباسط، حمید القیسی ، عبدالوهاب اسماعیل، صدیق المنشاوی، وچەندینی تر). ئینجا گۆرانی (بەری بەیانە، بڵێن بە یاری کەریم کابان، پەچەت لادەی عەلی مەردان و فاتمە دوو چاوی مەستت وئەڕۆی ئۆغر و دەنگی تایەر تۆفیق و تەنانەت محەمەد عارف جزیری، حەسەن جەزراوی دەنگیان زۆر ڕەسەن بوو، پاشان گۆرانییەکانی شەماڵ سائیب کە تازەگەری تێدا بوو لەوانە ئەرێ لەیلێ و شوانە هۆ شوانە و پاشان محەمەد قەدری و هەروەها عومەر ڕەزا کە چەندین ئاوازی(ع .ع شەونم) ی بردبوو بۆ ئێزگەی بەغدا و بێ ئەوەی ئاگادار بێت وەک گۆرانی (هاتم هاتم)، وە دەنگی گوڵبەهارو گۆرانی (بولبول مژدە بەهارە). هەر ساڵی (١٩٥٦) محەمەد ئیبراهیم عەبدول وەک بۆی گێڕاومەتەوە .. وتی بە دزی ماڵەوە چووم بۆ بەغداد وە گۆرانیم تۆمار کردوە لەوانە (داد هەی داد هەیڕۆ ڕۆ)کە ناظم نعیم سۆلۆی کەمانەکەی ژەندووە و هەروەها حەمە ساڵحی حاجی سەعید لە هەڵەبجەوە چووە بۆ بەغدا دووگۆرانی تۆمارکردووە و دوای ئەوانە ڕەشۆل عبدالله و محەمەد تۆفیق شلک و چەندینی تر.

لە پێشدا ڕادیۆ باتری بوو کە باتریەکی شینی لەگەڵ بوو، لە هەڵەبجە عەلی حاجی فەرەج دەیفرۆشت، هەروەها حەمەی عەبەی کەریمە سوور من باتری ڕادیۆم لێکڕیوە...

پاشان بوو بە کارەبایی و کە لامپی هەبوو تا دەگیرسا ماوەیەکی دەویست تا گەرم دەبوو و گڵۆپە سەوزەکەی دائەگیرسا و قەبارەی زۆر گەورە بوو، پاشان بوو بە پیلی گەورە کە باوکم پیلی رادیۆو لایتی ئەفرۆشت مارکەی فیل بوو ڕەنگی زەرد بوو، ڕادیۆکان مارکەی فلیپسی هۆڵەندی سلفەر و سیرا و تۆشیبا و پاشان ناشنالۆ و سۆنی و ڕادیۆ کارەباییەکان هەوایی ئەویست بۆ شەپۆلی کورت، من وایەریکی دردێژم لە پەنجەرەکەی دەرەوەی ژوورەکەوە ئەخستە دەرەوە و قامیشێکم ئەبردە سەربان و وایەرێکەم لێ ئەبەستوو تاڵەکانیم بڵاوئەکردوە و لە

Institut Kurde de Paris

دواوه و له ژووره‌وه ده‌مکرد به شوێنی ئه نتێنای رادیۆکه‌وه و ئیتر ئیزگه‌ی بی بی سی و ئه‌ڵمانیاو ئیزگه دووره‌کانی ئه‌هێنا و چه‌ندین به‌رنامه‌ی هه‌بوو له‌وانه (السیاسة‌بین السائل والمجیب و موزایک و ڕادیوی ئیسرائیل هه‌واڵ و که‌ش و هه‌واو وه جوولەکه عیراقییه‌کان له‌وانه سالّح الکویتی و داودی برای و گۆرانی بێژانی وەک فلفل کورجی و حسقیل القصاب و چه‌ندینی تر .....)

له بواری نواندن سالّانی په‌نجاکان ڕه‌فیق چالاک و ئه‌حمه‌د دلاوەر و ڕه‌ئوف یه‌حیا و چه‌ندینی تر ته‌مسیلیان به ڕادیۆ پێشکه‌ش کردووه، له‌وانه چیرۆکی (ژن به ژن و گلگۆی تازه‌ی له‌یل)که سالّی (۱۹۵۷)هێناویانه بۆ هه‌ڵه‌بجه.

خۆم له مالّی عه‌لی سالّح سه‌لیم له گه‌ڕه‌کی باخی میر که مالّه‌که‌یان له پالّ مالّی (حه‌مه ئه‌مینی کاکه سه‌عه)دا بوو، له هاوینی سالّی (۱۹۷۰) یه‌ک دوو ڕۆژ چلوره‌م فرۆشت له‌گەڵ عه‌بدوڵای پوره نه‌جیبه‌م چووم بۆ مالّیان عه‌لی سالّح سه‌لیم چلوه‌ی دروست ئه‌کرد سه‌یرم له قالّبه‌کانی ئه‌هات که به ته‌نه‌که نه‌خشه‌ی بیست چلوره‌یه‌ک دروووست کرابوو به ته‌نه‌که و یه‌ک یه‌ک چلووره‌ی تێ ئه‌کرد به‌ڕه‌نگی سه‌وزو سوور له گه‌نجینه‌ی مالّه‌که‌یان دیکۆری ئه‌و شانۆگه‌رییه و وێنه‌ی گلّکۆکه‌م دی و نازانم چۆن که‌وتبووه لای ئه‌و ..

Institut kurde de Paris

ئاشنابوون و گوێگرتن له‌ڕادیۆی کرماشان

هه‌ر له سه‌ره‌تای سالّی شه‌سته‌کان بوو، گوێم له ڕادیۆی کوردی کرماشان ده‌گرت به‌ڵام نازانم که‌ی دروووست بووه، ئاشنابوونی من به‌و ئیزگه‌یه له ڕێگای به‌رنامه‌ی چیرۆکی شه‌وان که کاره‌با نه‌بوو، رادیۆ ته‌نها بواربوو بۆ گوی گرتن و هه‌روه‌ها چیرۆکی حه‌مه شوان و به‌رنامه‌ی هه‌وارگه‌ی دڵانی سه‌ید هاشمی قوره‌یشی و شوکره‌ڵای بابان و په‌روینی موشیر وه‌زیری و ئه‌سعه‌د نه‌قشبه‌ندی و محه‌مه‌دی که‌مانگه‌رومیدیای زه‌ندی هاوسه‌ری حه‌سه‌ن زیره‌ک و لووتکه‌ی گۆرانی کوردی مه‌زهه‌ری خالقی و محه‌مه‌دی ماملێ که‌مانچه‌که‌ی موجته‌بای

میرزاده و یاحقی و کلارنێتەکەی محەمەدی صەمەدیی، کەمانەکەی حەسەنی کامگار و هەموو هەستمیان داگیرکرد، ئیتر کەمانچەکەی میرزاده کە ئەو کاتە نەشم ئەزانی ئەو پەنجە سیحراویانە کێیە کە ئاوێزانی هەستم بوو کە ئێستاشی لەگەڵ بێت هەمیشە گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک وەک قومری سەر بانّم شینە، ئەسمەرێ دولبەرێ، جوانی لای بانە، گەوهەرێ و دەیان گۆرانی وەک شیرین تەشی دەڕێسێ، ئەی ئاوێنەی دولبەری و لووتکەی هە موویان پە پولەی ئازادی لە گۆرانییەکانی مەزهەری خالقی بوون .....لە ساڵی (١٩٩٧) وتارێکم لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ نووسی بە ناوی (کەمانچەکەی موجتەبای میرزاده زیاتر گۆرانییەکانی حەسەن زیرەکی ڕازاندۆتەوە) لەم کتێبەدا لەبەشی وتار و لێکۆڵینەوەکان بڵاوبۆتەوە.

پەیدابوونی تەلەفزیۆن

لە دوای ڕادیۆ و تەسجیل و گرامەفۆن بۆ گوێ بیستی گۆرانی و زانیاری سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاریتر هاتە ئاراوە ئەویش تەلەفزیۆن بوو، مێژووی سەرهەڵدانی تەلەفزیۆن لە جیهان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستی رابردوو لە ئەمریکاو بەریتانیاو فەرەنسا و ژاپۆن....

مێژووی یەکەمین تەلەفیزیۆن لە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٥٦) کاتێک کۆمپانیای (پای)بەریتانی پێشانگایەکی کردەوە لە (کرادة مریم)لە بەغدا و تیایدا وێستگەیەکی تەلەفیزیۆنی وچەند ئامێرێکی تەلەفیزیۆنی نمایش کردبوو، مەلیک فەیسەلی دووهەم لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتەی عێراق نوری سەعید پاشا کە خۆی زۆر هونەرو مۆزیکی بە لاوە گرنگ بوو.

یەکێک لە ناودارترین گۆرانی بێژی ئەو کاتە جولەکە بوو بە ناوی (سەلیمە موراد) ژنی ناظم الغزالی، کە بیست ساڵێک لە ناظم گەورەتر بووە. لە ساڵی ١٩٣٦ بە هیمەتی (الشریف محی الدین حیدر) کە عود ژەن و پیاوێکی خانەدان بووە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا دامەزراوە. یەکەم بەڕێوەبەری تەلەفزیۆن (عدنان احمد راسم النعیمی) بووە و یەکەم بێژەریش (محمد کریم) بووە و یەکەمین بێژەری ژنیش (صبیحه المدرس)بووە، لەگەڵ دەستپێکردنیدا بە وتەی

Institut Kurde de Paris

مەلیک فەیسەڵ کرایەوە. دوای ئەوەش قورئان و دوای ئەوەش گۆرانی و پارچە مۆسیقا. بەم شێوەیە لە پێشدا هەر لە دەوربەری بە غدا وەرئەگیرا، دوایی گەیشتە بەسرە و موسڵ کە مەودای پەخشەکەی زیاد کرا، پۆڵێکی گەورەی بینی بۆ پێشخستنی ئاستی زانستی و ئەدەبی و هونەریی و وەرزشی و کۆمەڵایەتی.

هێندەی من لە بیرم بێت چەندین گۆرانی بێژ لە کوردو عەرەب پۆڵێکی بەرچاویان هەبوو بۆ پێشخستنی گۆرانی و ئاواز، لەوانە لە سالاّنی شەستەکان چەندین ئاوازدانەر و گۆرانی بێژ پۆڵیان بینی تیایدا لەوانەی کە من لە یادم مابێت بەرنامەکانی (العلم للجميع)کە کامل الدباغ لە سالّی (١٩٦٠) تا سالّی (١٩٩٤) پێشکەشی کرد کە بەرنامەیەکی زانستی بوو کە هەموو چوار شەمەیەک پێشکەش ئەکرا وبەرنامەی (الرياضة في اسبوع)کەبەرنامەیەکی وەرزشی بوو هەموو سێ شەمەیەک(مؤيد البدری) پێشکەشی ئەکرد لە سالّی (١٩٦٣) تا سالّی (١٩٩٣) کە مۆسیقایەکی بە ناوبانگی پۆسینی بە ناوی (سەرتاشی ئەشبیلیە) ببووە هێمای دەست پێ کردنی ئەو بەرنامەیە، بەرنامەی (سيرة وذكريات) کە (ابتسام عبدالله) لە سالاّنی شەستەکان پێشکەشی ئەکرد و لەگەڵ ئەدیبان و نوسەران، ژیاننامە و یادەوەرییانی باس ئەکرد لەوانە (دكتوّر عەلی الوردی، محمد مهدی الجواهری، عبدالوهاب البياتی، بلند الحيدری، مصطفى جواد) و چەندینی تر و بەرنامەی(عدسة الفن) کە بەرنامەیەکی هونەری بوو کە (خيرية حبيب)پێشکەشی ئەکرد سالّی (١٩٦٩)تا سالّی (١٩٨٠) کە بەرنامەیەکی هونەری گشتگیر بوو وە ئێستا (خيرية حبيب) لە ڕادیۆی(نەوا) لە سلێمانی کار ئەکات و بەرنامەی (زوايا الكامير) کە(شميم رسام) پێشکەشی ئەکرد وباسی کێشەی کۆمەڵایەتی ئەکرد و یەکەمین بێژەری زمانی ئینگلیزی بوو، هەروەها چەندین بەرنامەی تر.

لە یادەوەری مندا چەندین گورانی بێژی ئەو کاتەم لە یادە لە کۆنترینیان لە عێراقییەکان (سليمه پاشا مراد) چەندین گۆرانیم لە یادە لەوانە (على شواطى دجله مر) و (گلبک صخر جلمود)، (هذا مو انصاف منک)کە زۆربەی ئاوازەکانی صالّح الكويتی بوون و شيعری (عبدالكريم علاف) و (عفيفه ئەسکندر)بوون کە زۆربەی ئاوازەکانی لە دانانی (صالّح الكويتی و ئەحمەد الخليل)بوون کە کورد بووە و خەڵکی بامەڕنی بووە و لە بەغدا ژیاوە و(مائده نزهت و لمیعه توفیق) بە گۆرانی (يا عمه) هەروەها سالاّنی دواتر (ڕەزا عەلی وعەباس جمیل)و چەندینی تر ئەمانە

Institut Kurde de Paris

هەمووی لە یادەوەریمدایە.. تا ساڵی (١٩٦٧) کە سەرۆک وەزیرانی عێراق تاهیر یەحیا لە کاتی سەردانی کۆماری ئەو کاتە عبدالرحمن عارف سەردانی کەرکوک ئەکات وئەبینێت خەڵکی کەرکوک هیچ دەربارەی تەلەفزیۆن نازانن، بۆیە بریار ئەدات بە کردنەوەی ویستگەی تەلەفزیۆنی کەرکوک و پەخشی دەگاتە سلێمانی وهەولێر، بەم شێوە وردە وردە تەلەفزیۆن کەوتە ناو شارەکانی کوردستان و بوو سەرچاوەیەکی گرنگی چێژو زانیاری، من خۆم ئەو فلیمەم دیوە کە تاهیر یەحیا تەلەفزیۆنی کەرکوکی کردەوە و بە بەرنامەی عەرەبی و کوردی و تورکمانی و ئاسووری دابەش کرابوون، هاتنە ناوەوەی تەلەفزیۆن لە چایخانەکانەوە دەستی پێکرد، هەوڵ ئەدەم یادەوەریم و بەرنامەکان بەوەی لە بیرمە و لەیادەوەریمدا ماوە باسی بکەم.

Institut Kurde de Paris

مێژووی سەرەتای تێپە هونەرییەکان لە عێراق و کوردستاندا

هەوڵ ئەدەم لەم بەشەدا مێژووی دروستبوونی تێپە هونەرییەکان لە عێراق و کوردستان بە پێی زانیاری و خوێندنەوەم بڵێم و ئەو خولە هونەرییانەی کە کراونەتەوە لە سەردەمە جیاوازەکاندا.

وەک ئاشکرایە مۆزیک کارێکی خۆڕسکە و لە هەست و نەستی مرۆڤدایە، لە ساڵانی ١٩٠٠ بە دواوە بۆی دەگەڕێمەوە، خۆ ئەگەر باسی(زریاب، فارابی ، الارموی) بکرێت، کە دەڵێن زریاب کورد بووە، زۆر لە کتێبەکانی (أبی فرج الاصفهانی) کتێبەکەی بە ناوی (الاغانی)یان (أبن خلدون) یان (سیبوەیە) یان (الاسحاق الموصلی) کە هەموویان مۆزیکزان بوون، زۆری دەوێت.

لە بەغدا لە سەردەمی عەباسییەکانەوە کە پایتەختی رۆشنبیری بووە، چەندین کەڵە هونەرمەندی تێدا بووە بە تایبەتی لە سەردەمی هارون الرشید و الامین والمامون. قیبلەگای هونەرمەندان و شاعیران و نوسەران بووە لەوانە (المتنبی، أبو علاء المعری، أبو نۆاس) بیرمەندەکان أبو بکر الرازی وأبن سینا، ابن خلدون)و چەندینی تر.

لە سالانی (١٩٠٠) بەدواوە تیاترۆخانەکان (الملاهی اللیلیة) ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە بۆ پێشخستنی مۆزیک و گۆرانی، جولەکە و دیانەکان لەم بوارەدا پێشەنگ بوون، لە کۆمەڵگاشدا ڕێزی تایبەتی خۆیان هەبووە.

یەکەمین تیاترۆخانە واتە(الملهی) – کە شوێنی سەماو گۆرانی و کەیف وسەفا بووە لە بەغدا – لە گۆڕەپانی (المیدان)بووە. لە سەردەمی عوسمانیەکان لە ساڵی ١٩٠٨ خاوەنەکەی ژنێک بووە بە ناوی (بدریة السواس) گروپێکی مۆسیقای هەبووە پێیان ئەوت (الجوق) کە وشەیەکی تورکییە بە مانای تیپی مۆسیقا، هۆتێلێکی تر بە ناوی (نزهة البدور) لەم تیاترۆخانە وهۆتێلانەوە چەندین گۆرانی بێژ گۆرانییان تێدا وتووە، کەواتە ئەوانە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە بۆ هاتنە ئارای چەندین مۆزیکژەن و گۆرانی بێژ، لەو گۆرانیبێژ و سەماکارانە کە زۆربەیان یان جولەکە بوون یان ئەرمەنی، دیانا، هەر لەو گۆرانی بێژ و سەماکارانە وەک (منیرە الهوزوز کە دایکی گۆرانی بێژ أحلام وەهبی بووە، سلطانە یوسف، صدیقە الملایە، نجاة، زکیةجورج، عفیفە أسکندر و بدریە السواس ، سلیمة مرادیش خاوەن تیاترۆخانەیەک بووە، کە بۆ یەکەمین جار ئوم کەلسوم لە ساڵی ١٩٣٢ هاتۆتە بەغدا زۆر سەرسام بووە بە گۆرانی (گلبک صخر جلمود) سلیمە مراد و لە ئاهەنگێکدا لە بەغدا ئەو گۆرانییەی وتۆتەوە، تەنانەت کاتێک شاعیر معروف الرصافی کە ساڵی (١٩٠٩) لە ئەستەنبوڵ ئەگەڕێتەوە ، ئەبینێت بەغدا پڕ بووە لە شوێنی ڕابواردن و گۆرانی و سەما، بەو بۆنەیەوە شیعرێکی ڕەخنەگرانە ئەنوسێت و ئەڵێت: "أری بغداد تسبح بالملاهی ـ وتعبث بالاوامر والنواهي".

زۆر بوونی ئەم جۆرە شوێنانە بووە هۆی ئەوە کە کە چەندین مۆزیک ژەن و گروپی مۆزیکی (الجالغی البغدادی) دروستبێت کە زۆربەیان جوولەکە بوون. مەقاماتی عێراقی لە چەندین چایخانە شەوانە مەقام بچڕن وەک چایخانەی (العزاوی) لە شەقامی الرشید چەندین گۆرانی هاتنە کایە وەک (یاگهوتک عزاوی، یاصیاد السمچ، أفندی، مروبینا من تمشون. الهوزوز، یانبعة الریحان و چەندینی، الهجر موعادة غریبة أیها الساقی الیک المشتکی، خدری الچای خدری) وچەندینی تر. جگە لە مانەش چەندین شوێنی سەما دروست بوون و چەندین سەماکەری شۆخ و شەنگ تێدا سەما بکەن و شەوانە پڕ بن لە هەوادارانی لەوانە (بدیعة عطش) کە وای کرد لە شاعیر محمد مهدی الجواهری جوانترین شیعری غەزەلی بەسەردا

Institut Kurde de Paris

هەڵدات وبنووسێت :

هزي بنصفک وأتركي نصفا لاتحذري لقوامک القصفا

أبديعة ولأنت مقبلة تستجمعين اللطف والظرفا

ئەمە بووە هۆی پەرەسەندنی گۆرانی و موزیک و دروستبوونی چەندین مۆزیک ژن و گروپ، ئەمە لە لایەک لە لایەکی ترەوە لەگەڵ دامەزراندنی سوپای عێراق کە لە سێ بەش پێک هاتبوو:

(المشاة . المدفعية . الخيالة) پاشان پێویستی بە گروپی مۆزیک هەبوو بۆ ئەوەی کاتێک هەر شاندێک بێت یان کاتی نمایشی سەربازی کە ئەو تیپە مۆزیکە ئامادە بێت کە پێیان ئەوت (الجوق) کە لە ساڵی (١٩٢٢) یەکەمین بونیادی دامەزراوە، یەکەمین کەس کە یەکەمین جوقی مۆسیقای سەربازی دامەزراند ئەفسەرێکی بەریتانی بوو بە ناوی (کولدفیلد)وە بۆ ئەم مەبەستەش لە بەغداو موسڵ چەندین مۆزیک ژەنی سەردەمی عوسمانی خانەنشینی کۆکردەوە و خولی نوێی کردەوە بۆ فێربوونی ئامێرە هەواییەکانی جوقی مۆسیقی لەوانە (محمد علی محمد چاوش، عبدالواحد مصطفى) وچەندینی تر و قوتابی نوێش حنا بطرس وە صالح الكويتي وداود الكويتي وچەندینی تر دوای ئەوە لە ساڵی (١٩٣٨) مۆزیک ژەنێکی بە توانا هات بە ناوی (البير رزوق شفۆ)کە سەرپەرشتی ئەو تیپەی کرد تا ساڵی (١٩٥٢) کە سەرسام بوو بە مۆزیکی رۆژئاوایی دوای ئەوعقید سعید قاسم العبیدی تا ساڵی (١٩٦٨) و دوای ئەوعبدالمجید نوری الحیالی و دوایی عبدالرزاق العزاوی و تا ساڵی (١٩٨٠) .

کەواتە ئەندامانی جوقی سەربازی ڕۆڵێکی بەرچاویان دی بۆ دروستکردنی چەندین توانای هونەری و بوونە هێزو توانای تیپی ئۆرکسترای سەمفۆنی عێراقی کە سەرەتاکەی لە ساڵی (١٩٤٨) دروست بوو بەڵام لە ساڵی (١٩٦٢) بە فەرمی کارە مۆزیکیەکانیان ئەنجام ئەدا و چەندین سەمفۆنیای بیتهۆڤن و باخ و مۆتزارت و چایکۆفسکسیان ئەنجام ئەدا و هەروەها ئەمەویت ئەو زانیاریانە ببەستمەوە بە یادەوەرییەکی خۆمەوە کە لە پاش بەیانی یانزەی ئازار لە سەید سادق نمایشکی سەربازی لە پێشبڕکێی گۆڕەپان و مەیدان کە سەربازگەیەکی تێیدابوو، جوقی مۆسیقای کەرکوک بوون، هاتبوون بۆ ژەندنی مۆزیک لەگەڵ یارییەکان و بەرزاییەکیان دروستکردبوو، بیرم دێت بە زیلی سەربازی هاتبوون بۆ بردنی

Institut kurde de Paris

خەڵک لە هەڵەبجە، من کە لۆرییەکانم دی لای پیرمەحمەد وەستا بوون، خۆم هەڵدایەوە ناو زیلێکی سەربازی و چووم بۆ سەیری ئەو نمایشە، بێئەوەی پرس بە ماڵەوەش بکەم، جل و پۆشاکێکی تایبەتی سووریان لەبەربوو، لەگەڵ شەبقەیەکی سپی و سوور و ئیقاعی هەمەجۆر و من یەکەمین جارم بوو لەو شێوازە تیپە ببینم، یەکەمین جارم بوو ئامێری کلارنێت و هۆرن و ترامپیت ببینم و لەگەڵیدا مۆسیقای جوانیان ئەژەند من ئەو کاتەش سەیری یارییەکانم نەئەکرد، یەکێک لەوانە شەوکەت رەشید بوو کە کلارنێتی دەژەند، بۆ ئێوارە کە نمایشەکە تەواوبوو هەموومانیان هێنایەوە بۆ هەڵەبجە، ئەوەی لێرەدا مەبەستمە مۆزیک تێکەڵاوە لە هەموو شێوازەکان، ئامێرەکان لە مۆزیکی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی وسەربازی و میللی کە هەموو یەک پرد پێکەوەیان گرێ ئەدات ئەوەش خودی مۆزیکە.

پاش دامەزراندنی ئیزگەی بەغدا لە ساڵی ١٩٣٦ یەکەمین تیپی مۆزیک دروستبوو کە دوای ئەوە ساڵح کویتی وازی لە تیپی سەربازی هێنا سەرپەرشتی تیپی مۆزیکی ئیزگەی بەغدای کرد کە هەموویان جوولەکە بوون جگە لەئیقاعەکە، بریتی بوون لە: صالح الکویتی کەمان . داود الکویتی عود . یوسف زعروری گەورە، قانون . حوکی بتۆ سەنتور ، یعقوب مراد العماری نای، ناحوم یونا جۆزە.. ابراهیم طقۆ چەلۆ.

من بۆیە ئەم گروپانە باس ئەکەم بۆ ئەوەی پەیوەستی بکەم بە دروست بوونی تیپە هونەرییە کوردییەکان و گۆرانی بێژە کوردەکان و مۆزیک ژەنەکان بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی نوسینەوەی مێژویی تیپە هونەرییەکان کە تا ئێستا هەست ئەکەم کەسانێکی کەم نەبێت لەبواری لێکۆڵینەوەی مۆزیک، زۆربەی خەڵک شارەزاییان نییە.

Institut kurde de Paris

یادەوەریم لەگەڵ شارەزوور و ڕەنگدانەوەی لە هەستی هونەریمدا

هەر لە منالّییەوە لە سەرەتای سالاّنی شەستەکان بە وردی لە سالّی (١٩٦١) کە لە قوتابخانەی (ئاشتی) و دوای کودەتای بە عسییەکان لە سالّی (١٩٦٣) ناوەکەی گۆڕدرا بۆ (الانتصار)و بەڕێوەبەرەکەمان لەپێشدا حەمە فەرەجی حاجی حەمە عەلی بوو، کە هەر ئەو سالّە خۆی گواستەوە وابزانم بۆ بەغدا، دوای ئەو مامۆستا ئەحمەدی مەحمود عزیز، بوو بە بەڕێوەبەرمان، دوکانی باوکیشم لە پیر محەمەد بوو، تا سالّی ١٩٧٤ کە هەڵبجە بۆردومان کرا و دوکانەکەمان ڕووخا بە سەریاندا و بریندار بوو لەگەڵ سەربەستی برام، ئیتر لەو گوزەرە لە ناو بازاڕەوە تا فولکەی شورتی شارعەکە کە فولکەیەکی تێدا بوو بە هەمان نەخشەی فولکەی سەرای سلێمانی، کاک مەولود کە پۆلیسی هاتوو چۆبوو، مالّیان لە سەرووی مالّی خۆمان بوو بە جل و بەرگ و کلاّوەکەی سەرسام بووم، دواییش وای لێهات کرێکاری ئەکرد، قوڕی ئەگرتەوە بۆسواغ دانی سەربان، بەیانیان دەڕۆشت بۆ دەوام و لەو فولکە هاتووچۆی ئۆتۆمبیلەکانی سەرپەرشتی ئەکرد، ئەو کاتە حکومەت هەبوو و نەک سەرگەردانی، نەقڵیاتی شارەزوور بەرامبەری بوو، کە لە چایخانەکەی سەید عوسمان پیاوێکی سووری نورانی مشکی بە سەر چاخانەکەی لە سەرەتای شەقامەکە بوو، بەرامبەر دوکانی دارتاش سۆفی سالّح کە دەسکە خاکە ناز و مزراحی دروست ئەکرد، کەواو سەڵتەی لەبەر بوو، باوکی عەلی و ڕەشیدی سۆفی سالّح، لە بیرم دێت مەهدی حسەین جەلیلەیی پیاوێکێ قسە خۆش لە قوتابخانەی سەرەتایی بووین بە ئاوازێکی زۆر خۆش، سۆفی سالّح فەرەجی کوڕی ون بووبوو و بە هەڵە و داوان بە دوایدا ئەگەڕێت و بە هاوارەوە ئەڵێت [هۆ منالّە شارستانیانە، هۆ منالّە شارستانیانە فەرەجی کوڕمتان نە دیگە فەرەجی کوڕمتان نەدیگە، عەلەم ناردووە بۆ سەراو ڕەشەم ناردگە بۆ گونە ئەوەی بیدۆزێتۆ مزرۆحی بۆ ئەکەم وبە چزووی خۆمۆ – مەبەستی تەمتەمەی مزارح بوو ئەوەی مزراحی پێ دائەکوتی)، ئێستاش ئەو ئاوازەی مەهدی و تۆنەکەیم لە گوێچکەدایە، نازانم کێ لێی تێئەگات، خانەکەی حاجی عەبدولاّ کە کەواو سەڵتەی لەبەر ئەکرد لەولاشەوە لە پاڵیدا مالّی جەلالی خونچە فەیلی، مالّی کەمال و جەمال

Institut Kurde de Paris

و جەعفەرو خاوەر دایکیان ناوی فەیمە بوو کە شارەزوورییەکان لەو نەقڵیاتە هاتووچۆی هەڵەبجەیان ئەکرد و لەو فولکەیەدا ساڵی ١٩٦٣ ئەڵماسی مەلا قادر خوشکی جەمالی مەلا قادر لەوێ بەگولەی وێڵ، ئەڵماس کوژرا، دوای ئەویش کافیەی خوشکی بە نەخۆشی مرد و نەسرینی مەلا قادر شووی کرد بە هۆگر گۆران و نەفیەش شووی کرد بە ئەژی گۆران، چەند جێبێکی لاندرۆفەری بچوک و گەورە وئاسکی مۆدیل (ئاسکی مۆدێل جۆرێکە لەجێبی لاندرۆڤەر) هاتوو چۆیان ئەکرد وهەمبەرەکەی حەسەنی حەمە مینە لارەش کە بە هەندل ئیشی ئەکرد(هەمبەر: جۆرێکە لەجیبی کۆن بە هەندل ئیشی ئەکرد) لەو شۆفێرانەی لە بیرم بێت مەحمودی وەستا قادر، نوری وەستا قادر، عەلی وەستا قادر و حەمە پارە پیس کە هەموو برا بوون، چەندینی تر کە نایەتە یادم، باوکم لە ساڵانی شەستەکان ئۆتۆمبیلی کرێی و ئەیدایە دەست شۆفێر لەو شۆفێرانە کە ئۆتۆمبیلەکەی ئیش پێئەکرد، عەلی جولەکە، سەعەچاوشین، عومەر تۆپەڵ، سەعیدی حەمە عەلی ناسراو بوو بە سەعە (گلۆڵەموو)

ئەهلی شارەزوور بەیانیان ئەهاتن و بۆ ساغ کردنەوەی بەروبوومەکانیان لە تەماتە و بامێ و ترۆزی و شوتی و کاڵەک و دەیان بەرهەمی شیرو ماست و ..... هتد. زۆربەشیان لای دوکانی باوکم کە دوکانێکی عەتاری ناوازەی هەبوو، نوقڵ و چکلێت و شەکر و چا وچەندین شتی تریان لێئەکری هەندێکیشیان بە قەرز دوایی پارەیان ئەدا، دەفتەرێکی هەبوو بۆ نوسینی قەرزەکانیان هەرچەندە خویندەواریشی کەم بوو بەس کاری خۆی پێ پایی ئەکرد و هەمیشە سوعبەتی خۆشی لەگەڵ ئەکردن ئەیووت (شکاوە) بۆیان ئەسەندەوە ئەیانوت لە بنا .. ولەچایخانەکەی کاک ئەورەحمانی چایچی وازۆڵێ باوکی حەمید و فەرە ج کە زۆر هاوڕێ بووین بە منالّی. دوای ئەویش عەلی تەبە چایخانەکەی گرتە دەست، زۆربەشیان لای مامە حەمەم (حەمەی مەلا سابیر) سەریان ئەتاشی وکوپەکانی لەتیف و فەرەج و رەئوف، سەریان ئەگرتن و بە گوێزان سفریان ئەکرد، یان گودلەیان بۆ ئەهێشتنەوە[1].) ئەویش سوعبەتچی و هیوایەتی بیتاقە کڕین بوو. لە نەقلیاتی شارەزوور دەڵاڵ بوو، ناوی تۆفیق بوو ئەسمەرێکی چاوشینی مشکی

[1] گودلە: واتە کاتێک کە سەر سفر دەکرا، تۆزێکیان لەپێشەوە ئەهێشتەوە،

Institut kurde de Paris

بەسەربوو، هاواری ئەکرد: دوجەیلە . بەشارەت . خێڵی حەمە . شەکرالی، خاکو خۆڵ . دوانزە ئیمام. ئیمامی زامن . شەشک . تەپی سەفا. تەپە کوڕە هتد من ئەو ناوانەم هەر بەگوێ بیستبوو، ئەو هاوارکردنە ڕۆژانە بوو بە تایبەتی بە هاوین وەک زرنگانەوەیەک لە گوێچکەمدا پێی ئاشنا بووم. هیچ کام لەو دێیانە ڕێگای قیرتاوی نەبوو بە زستان قوڕ و بە هاوین تەپو تۆز، جێب نەبوایە هیچ دەرەقەتی نەدەهات . ئەوەی کە من لە بیرمبێت ڕۆژێکیان دایکم و دراوسێکان جێبێکیان گرت چوون بۆ پرسەی کەسێک خزمی میرزا فەرەجی دراوسێمان کە ژنەکەی ئافتاو خانی ناو بوو، خەڵکی سلێمانی بوو، منالیان نەبوو دادە ئافتاو کچێکی خوشکی خۆی لابوو ناوی پەروین بوو، دوایی بووە خێزانی شێخ کەمالی شێخ حەمە سالح عەبابەیلێی، بۆ جاری دووهەم لەگەڵ دایکم وڕەوان شاد ئامۆژنە ئامینەم بە جێبێک چووین بۆ قاجر بۆ مالی پوورە ڕەعنام دایکی عەلی و جەمال و عوسمانی مەلا حەسەنی پورزام و چووین قەلێکی بۆ سەربڕین. جارێکی تریش لەگەڵ ڕەوان شادان لەتیفی مامم و ئاوازی خوشکی چووین بۆ قاجر و مەلەمان ئەکرد لە چەمەکەیدا، بەڵام سەربەستی برام زوو زوو ئەچوو.

لە سالی ١٩٦٧ خالە عوسمانم لەگەڵ مامۆستا حەمە فەرەج ئەحمەد پێکەوە مامۆستا بوون، سەرەتای دامەزراندنیان لە تەپی سەفا بوو. خالم بە هەموو کەسوکارمانی وتبوو کە سەردانیان بکەین بە میوانی. هەموومان، مالی دایەگەورە و پورەکانم ڕۆشتین و لەگەڵ خۆیشماندا خواردنمان بردبوو بە گەورەو بچوکەوە ٢٠ کەس زیاتر ئەبووین کاتەکەش زستان بوو، تەپی سەفا بینای قوتابخانەی حکومەتی نەبوو، مالی حاجی مستەفا ناوێک بوو کرابووە قوتابخانەیەکی چەند پۆلی، خالم و حەمەفەرەج لە ژورێکی قوتابخانەکەدا دەژیان و خواردنیان دروست ئەکرد، زۆر شەویش لە مالان میوان بوون . ئەو شەوە هەموومان ماینەوە و بۆ شەوی دوایی خالم وتی تۆ مەڕۆرەوە، منیش مامەوە و بۆ شەوی دواتر چەند میوانێک هاتن و لەبەر چرا فەزایەکی زۆر خۆشیان خولقاند و دەستیان کرد بەقسەی خۆش و نوکتە کردن لەگەڵ خالم و مامۆستا حەمە فەرەج. یەکێکیان جامانە بەسەرێک بوو ناوی ڕەحیم بوو زۆرقسەی خۆشی ئەکرد و پاشان دەستیان کرد بە یاری کلاو کلاوێن و گۆرەوی بازی و جار جارەش گوێیان لە ڕادیۆی کرماشان ئەگرت. تا ئێستاش ئەو شەوەم لەبیر ناچێتەوە . بۆ بەیانیەکەی

Institut Kurde de Paris

قوتابیەکان هاتن و من چوومە سەریان وەک چاودێر و هەموو سەیریان ئەکردم، ئەو کاتە من لە پۆلی یەکی ناوەندی بووم . ئەم یادەوەریانە وایان لێ کردم کە ئەو دەشتە بەرینەم لا شیرین ببێت. بە گۆرانی و داب و نەریت وسەخاوەتی شارەزوورییەکان، میواندارییان، سەرسام بووم، بەتایبەتی شێوازی قسە کردنیان، مۆسیقایەکی خۆشم تێدا بەدی دەکرد کە جیاواز بوو لە ئاخاوتنی ئێمە، لە هەمووی کاریگەر تر گۆرانی و ئاوازەکانیان و پیاهەڵدانیان بە بەژن و بالای کیژانی شارەزوورو جل و بەرگی ئاڵ و والایان و گۆرانی وتنیان لە سەر کار و کاتی توتن کردن و مەرەزە و پەموو چنین و پاچە کۆڵە لەسەر دەشتێکی بەرین و سەوز و خاکێکی بە پیت و بەرەکەت، ئەو هەموو کانی و ئاوە و دارو درەختە کە بۆنی ژیانی ئەدا، باعەی مەڕو مالات و گا جووت و قیڕەی قازو مراوی و باڕەی مریشک و قووقەی کەڵەشێر و گەمەی کیژە دەم و چاو لەبەر خۆر سووتاوی و مەچەک و دەست وپەنجە زبرو ماندوو و ئارەقی ماندوو بە لەشیاندا دەهاتە خوارەوە، هەروەها ڕەنج و ماندووبوونیان و ئاوێتە بوون لەگەڵ خاک و خۆڵ و پاچ و بێڵ و خاکە نازدا، بۆنی بارانی پایزە و ئەمانە هەموو کاریگەرییان تێ کردوم و قەریحەی ئاوازم وەک قارچکی ناو دارەبییەک، هەورە تریشقە لێی ئەداوبە گرمەکانی و بریسکەی ترسێنەری و هەورە گرمە هەڵئەتۆقێ و کانییەکی لە بن نەهاتووی ناو مەزرایەک و بێستانێکی ناو بامێ و تەماتە و باینجان و بیبەر و جۆرەهای بەرهەمە.

بۆیە هەمیشە کارە هونەرییەکانم ئەو دەنگ و ڕەنگەیە، ئەو هەناسەیە، ئەدی خۆ هەست ئیلهام نییە لە ئاسمانەوە ببارێت، کاری هونەرمەند ئەوەیە ئەو یادەوەرییانە، ئەو بینینانە، ئەو گەڕان و ئالووده بوونە، بکاتە کارێکی هونەری و ستاتیکای هەستی بە شێوازێکی جوانتر، بە چێژتر وبالاتر لە خۆی ڕەنگ بداتەوە لە کارەکانیدا.

Institut Kurde de Paris

کێ یەکەم کەس تەلەفیزیۆنی هێنایە هەڵەبجە؟

یەکەمین کەس لە بیرم بێت زستانی ساڵی (١٩٦٨)بوو چایخانەی (عەلی سەلیم)تەلەفزیۆنی هێنایە هەڵەبجە وەک چایخانە و یەکەمین کەسبوو، شەوانە دەڕۆشتین، شەوێکیان باوکم من و کاوەی برامی برد بۆ سەیری تەلەفزیۆن قورئانی عبدالباسط بوو، پاشان (أفلام کارتون) بوو (میکی ماوس) بوو، دەبوایە بە (١٠فلس) سەیرت بکردایە.

ماوەیەکی تری پێچوو (عومەر عەلی) واتە (گۆڵتە ڕەش) تەلەفزیۆنی هێنا، شەوێکیان چووین بۆ سەیری تەلەفزیۆنەکەی ئیشی نەئەکرد هەر دەڕابەی ئەکرد، وەستایەکی هێنابوو لە سلێمانیەوە، لە دواوە هەرخنە خنی بوو دەستکاری ئەکرد خەریکی بوو بۆی چاک نەکرا و ئەو کاتانە کارەبای هەڵەبجە (دی سی) بوو کارەبا کزبوو، شاشەکەی پڕ نەئەکردەوە و ئەیکرد بە دەڕابە یان ئەگەر شەپۆلەکان بەهێز نەبوایە تەرزەی ئەکرد یان ڕووی(ئاریەلەکە) ڕووی لە کەرکوک نەبوایە وەری نەئەگرت، پاش ئەوە چایخانەی (عارفی حاجی فەرەج)و پاشان چایخانەی عوسمانی ئازادی و وردە وردە کەوتە ئەو ماڵانەی توانای داراییان باشبوو، ئیتر شەوانە یان ڕۆژانی هەینی بە نیوەڕوان تەلەفزیۆن هەبوو دەچووم بۆ چایخانەکان چایەکم ئەخواردەوە و جاری واش هەبوو چاکەشم نەئەخوارد هێندە تامەزۆری تەلەفزیون بووم، ئیتر لە چایخانەکانیش چەندین فیلم و گۆرانیم بینی، لەوانە لە چایخانەی کاک عومەر گۆرانی (الله الله من عیونک احلام وهبی)و(فلیمی محمود مەلیجی و فرید شوقی) پاڵەوانی بوون و گۆرانی (محمد ڕوشدی(عدویە) و گۆرانی (أجل بنک ی لمیعه توفیق (الهجع)ی (حمدیة صالح و کچەکانی) کە کاولی بوون، لە چایخانەی (عارفی حاجی فەرە ج)هەینیەک بوو گۆرانی (احبک) ی (عبدالحلیم حافظ) و گۆرانی(الربیع)ی(فرید الاطرش) و (لیالی ألانس)ی (ئەسمەهان و فائزه احمد و شریفه فاضل) و(عیرتنی بالشیب ناظم الغزالی)وحیدە خلیل (أنا و خلی تسامرنا وحچینا) و(یا حلو یا اسمر)و (رسالة من ولف)ی (هەیفا حسین) و (أسعد ومحەمەد وحسین بشری و عدویة)ی (غادة سالم) و(فاروق هلال و حسین نعمة و یاس خضر) و چەندینی تر.

Institut kurde de Paris

لە چایخانەی عوسمانی ئازادی کە دیوارەکەی بە سەربانی مالّی نەنکم ناجی خان و مامە تایەرمەوە بوو، کاک عوسمان کونێکی کردبووە دیوارەکەی بۆ هەواکێش، هەموو جارێک بە شەو من و نەوزادی مامم بە سەعات لەو سەربانە ئەماینەوە و سەیری تەلەفزیۆنمان ئەکرد،



لەراستەوە: کەمالی مەلا قادر، مامۆستا ئازاد حەمدی، مامۆستا حەمەعەلی، مامۆستا عوسمان حسێن بانەیی، نەزانراوە، ئەوەی جلە کوردییەکەی لەبەردایەو لایکردۆتەوە بریتییە لە خاوەنی چایخانەکە کە عوسمانی ئازادییە.

Institut kurde de Paris

سالّی (١٩٦٨) بیرم دێت زستان بوو، خالّە عوسمانم تازە دامەزرا بوو بە مامۆستا لە گوندی تەپی سەفا، چوو بۆ بەغدا بە قەرز مانگی دینارێکیان لێ ئەبڕی، تەلەفزیۆنێکی مارکەی (تەلەفۆنکەن)ی کڕی کە دۆلّابێکی گەورەبوو بە دەڕابە لەلاوە شاشەکەی دائەخرا، ئیتر نانی من کەوتە ڕۆنەوە زۆر شەو لە کانی قولّکەوە کە مالّی خۆمان لەوێ بوو هەر شەوەی بە بیانویەک، شەوێک بۆ سەیری تەلەفزیۆن، شەوێک بە میوانی، شەوێک بە بۆنەی سەعیکردنەوە، ئەچووم بۆ سەیری تەلەفزیۆن و لە دالّ بۆ دالّ سەیرم ئەکرد. لەوێ چەندین گۆرانی (نجاة الصغیرة و عبدالحلیم و ام کلثوم)و چەندین فلیمی (فاتن حمامە و زنجیرەی (بنت

الحتة) له نواندنی (عادل شعبان وزیزی مستەفا و توفیق الدقن) و(فرید و محمود المليجی) و(رقصة البمبوطيه)و (فاروق هلال، فؤاد سالم)گۆرانی (الله الله شحالاته العمر) و گۆرانی (یانجمة) ی حسین نعمة که ئاوازی (کوکب حمزه) بوو، وه گۆرانی (لاخبر)ی فاضل عواد له ئاوازی (حسین السعدی) و شیعری طارق یاسین که ببووه ویردی سەر زمانی خەڵک و تەنانەت قوماشێک درووستبوو بۆ ژنان ناویان نابوو(لا خبر)که هۆنراوەکەیم له بیر ماوه (لا خبر لا چفیه لا حامض حلو لاشربت) هەروەها زنجیره تەلەفزیۆنی عێراقی (تحت موس الحلاق) له دەرهێنانی عمانۆئیل رەسام و نووسین و نواندنی(سلیم البصری) کەڕۆڵی حاجی راضی دەبینی (حمودی الحارثی)کەڕۆڵی (عبوسی) دەبینی و (راسم الجمیلی، خلیل رفاعی، سهام السبتی) له گۆرانییه کوردییەکانیش، گۆرانییەکانی (عەلی مەردان و قادر مەردان و فوئاد ئەحمەد و قادر ئەحمەد و یەحیا مەرجان و شەوکەت ڕەشید وتاهیر تۆفیق) و چەندینی تر بووبوونه هەوێنی گیانم، تا ساڵی (١٩٧٠) باوکم چوو بۆ سلێمانی له لای دوکانی (عەلی شەرعی)که دوکانەکەی بەرامبەر (چایخانەی شەعب) بوو تەلەفزیۆنێکی کڕی مارکەی (ئۆریۆن) کە یەکەمین ماڵ بووین لەو گەڕەکە تەلەفزیۆنمان هەبوو، یوغوسلافی بوو، ڕەنگێکی فۆرمیکای قاوەیی زەردباوبوو بۆ داپۆشینی قۆلیۆمەکانی دەڕابەیەکی بچووکی هەبوو له لای ڕاستیەوه، ئیتر من و کاوەی برام بەو تەمەنە چووین بۆرییەکی سێ ڕوبعمان کڕی و بەرمیلێک بۆ سەربان و پڕمان کرد له بەردوئاریەلمان دانا وئیتر بووین بەخاوەن تەلەفزیۆنی خۆمان و شەوانه چەندین دراوسێمان دەهاتن بۆ سەیری وتەلەفزیون، ئیتر بووه سەرچاوەی زانیاریم و مۆسیقا وگۆرانی و فلیم و بەرنامەی هونەری، هۆیەکی باش بوو بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی لەهجەهی عێراقی و میسری و وردە وردە زۆرماڵ تەلەفزیۆنیان کڕی ، بیرم دێت ساڵی حەفتا باوکم تە سجیلێکی گۆرۆندیکی له مەزادخانەی خوارەوەی سلێمانی کڕی، شەوانه له تەلەفزیۆن گۆرانی و فلیمم تۆمار ئەکرد یەکێک لەوانه گۆرانییەکی عبدالحلیم(حلوة و کذاب لیه تخاصمنی) ئیتر چەند تەمسیلیەکی کوردی له تیپەکانی سلیمانی برا بۆ بەغدا بۆ تۆمارکردن لەوانه (کێچ)و (جەنابی موفەتیش) هی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی ئەوسا و لە نواندنی فوئاد محەمەد ئەمین، ڕەوف یەحیا و عەلی توانا و عەبدولی حەمەجوان و ئازاد محەمەد بچکۆل و

Institut Kurde de Paris

ئەحمەد سالار وعومەر چاوشین رۆڵی ژنی ئەدی و چەندی تر وسالّی (١٩٧١) تیپی کرێکاران ومەکی عەبدولّا، باوەژن خوا بناسە کە گۆرانییەکی هەورامی کەیکاوس بە لەنجە گیان پێشەکی تەمسیلەکە بوو، پاشان هەر سالّی (١٩٧٠) تیپی مۆسیقای سلێمانی بەبۆنەی یانزەی ئازار چوون بۆ بەغدا لە هۆڵی خولد چەندین گۆرانی وێنەگیرا، لەوانە(گوڵی خوێناوی) بۆ (عومەر دزەیی)، (ئێمە کوردین نابەزین) بۆ(فوئاد ئەحمەد) و(یانزەی ئازار جەژنی کوردان)بۆ (عەدنان جەمال)و پارچە مۆسیقای(مەم وزین) دانانی م. ئەنوەر قەرەداغی و (ئەی شەمی شەوان) بۆ (قادر کابان)ودوایش تۆمارکردنی چەند گۆرانییەکی فولکلۆری بۆ(تۆفیق عەلی)گۆرانی (سۆیلە بالّا بەرز) وکۆرس، لەو گۆرانییانە (هەی بەلار وبەلار، ئامینی نازەنینی) و پارچە مۆسیقای (فریشتە)ی خالید سەرکار، پارچە مۆسیقای (چۆپی) ولیەم یۆحەنا کە یەکەم جاربوو جەمال شادان بالّەبانی تێدا ئەژەند و (هەی خانم خانم خانمی) کۆرسەکان ئەوەی ناویانم لە یاد بێت(جەمال سابیر، محەمەد نوری ، حسین قەرەداغی، دلێر مستەفا)و چەندینی تر وئەندامانی تیپی سلێمانی ئەنوەر قەرەداغی، خالید سەرکار، فەرەنسیس داود، عوسمان محەمەد ئەمین، محەمەدی شمشالّ، فەرەیدون دارتاش، ئەلبێرت عیسی، فەرید عیسا، ولیەم یوحەنا، صباح محەمەد ئەمین، نوری قەرەداغی، پاشان م. ئەنوەر قەرەداغی خۆی چوو بۆ بەغدا پارچە مۆسیقایەکی تۆمار کرد بە ناوی (هەوارگە) و ئەوانە بوونە هەوێنی گۆرانی فولکلۆری بۆ من وهەمیشە ئەمگووتنەوە .....

Institut kurde de Paris


قۆناغی خوێندنی ناوەندیم لەشەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا

لە سالّی خوێندنی (١٩٦٦-١٩٦٧) لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووم، ئەو کاتە تاقیکردنەوەی (بەکالۆریا)هەبوو، تاقیکردنەوەکەمان لە هۆڵی ئامادەیی هەڵەبجەی کوڕان دا، هۆڵێکی هەبوو لە ناوەوە نەک لە دەرەوە چونکە هۆڵەکەی دەرەوە لە سالّی (١٩٧٠) دروستکرا، ئەو هۆڵە سەرەکەی جەمەلۆن بوو، ستەیجێکی هەبوو لەگەڵ چەندین دارو تەختەو دیکۆری کۆنی لە سەربوو، چونکە لە سالّانی

پەنجەکاندا مامۆستا ع.ع.شەونم شانۆگەری تێدا ئەنجام دابوو، بۆ سەرەتای ساڵی (١٩٦٧) چوومە پۆلی یەکەمی ناوەندی، ئەوەی سەیر بوو لام هەموو وانەکانمان عەرەبی بوون هەر لە مێژوو تا جوگرافیا و جەبرو هەندەسەو فیزیاو کیمیا، ئەو مامۆستایانەی لە بیرم بێت سالم جەرجیس بوو مەسیحی بوو خەڵکی موسڵ بوو وە (دەواح)ناوێک بوو عەرەب بوو، وە سەڵاح ناوێک بوو، مێژووی پێ دەگووتین، هەروەها مامۆستا (ئەنوەر مەرقۆس) کە مەسیحی خەڵکی سلیمانی بوو، وە مامۆستا (نزار) . مامۆستایەکی تر عەرەب بوو ناوی (سالم) بوو نازانم قوتابی ئەو کاتە ناوو ناتۆرەیان لە مامۆستا دەنا پێیان دەگووت (سالمە کەتیرە) یان مامۆستایەکی بەڕێزی ترمان هەبوو زۆر زیرەک بوو ناوی ئەحمەد بوو پێیان دەگوت (ئەحە سرێش)هەروەها مامۆستایەکی ترمان هەبوو ناوی (جەمال) بوو ئەویش هەر مەسیحی بوو، هەروەها مامۆستایەکی بادینیمان هەبوو خەڵکی زاخۆ بوو پێیان ئەوت (عەبە زازا) چاو شینێک بوو، دراوسێمان بوو، جل وبەرگی خێزانەکەی جیا بوو لە جل و بەرگی دایک و کەس و کارمان ئەیان ووت ئەمە جلو بەرگی ژنانی بادینییە، مامۆستایەکی ترمان هەبوو ناوی سەلاح بوو بیرم دێت تاقی کردنەوەی مێژوومان هەبوو مامۆستا سەلاح و مامۆستا ئەنوەر باسی گۆرانی ئوم کەلسومیان ئەکرد و بەراوورديان لە نێوان گۆرانی (أنت عمري و الأطلال) یان ئەکرد ئەیان وت کامیان لە کامیان خۆشترە و من گوێم بۆ گرتبوون، زۆربەی مامۆستایانی ئەو کاتە ئاستی ڕۆشنبیری هونەری و چێژی گوێ گرتنیان بەرز بوو، ئەو قوتابیانەی لەو ساڵە لەگەڵم بوون بریتی بوون لە ئەفراسیاب ئیبراهیم ساڵح، سەرکۆ ئەحمەد ئەفەندی، سەروەتی حاجی عیزەت، حەمیدی مەلا نوری، بەمۆی سەڵاح بەگ، ئیبراهیمی عەلی میرزا تۆفیق، ئازادی مەحمودی سەڕاج، حەمە هاواری، بارام حەسەن، ئەحمەد عبدالقادر، سارەوان مەلا کەریم ، فاروق الله کەرەم وچەندینی تر کەناوەکانیانم لە بیر نەماوە، ئەوەی جێگای سەختی بوو بۆ ئێمە وەک وتم هەموو وانەکانمان عەرەبی بوون و ناچار بووین کتێب هەبوو پێیان ئەووت (موجز)واتە کورت کراوەی وانەکان، ئیتر من بۆ وانەی مێژوو و جوگرافیا ئەو کتێبانەمان لەبەر ئەکرد واتە (دەرخ)، ئیتر دوای نیوەڕوان ئەچووین بۆ دەشتی دەوروبەری هەڵەبجە، چونکە ئێمە ماڵمان لە گەڕەکی کانی قولکە بوو ڕێگای عەنەب نزیک بوو بۆم، چونکە هەڵەبجە شارێکی بچوک بوو،

Institut Kurde de Paris

کۆتا مالّ کەوتبووە ئەو شوێنەی ئێستا پێی ئەڵێن پەیکەری (مامۆستای نەناسراو) ئیتر لەوەودوا چۆڵ بوو، خەڵکی ئەو گوندانە بە پێ هاتووچۆیان ئەکرد، جادەکەی هەمووی چەو ڕێڕ بوو، تاک تاکە ئەگەر جێبێکی لاندرۆڤەر یان پیکاپێک یان گوێ درێژێک بە بارەوە گوزەری بکردایە، بەو شێوازە سەعیمان ئەکرد، کە لای من ئەو ساتانە خۆشترین کاتەکانی ژیانم بوون.



لە سالّی (١٩٦٧- ١٩٦٨) لە پۆلی یەکەمی ناوەندی بووم، زۆربەمان (ڕاسب) بووین، من لە قوتابخانە هەر ئەوسالّە دەرنەچووم.

لەو ساڵەدا بە تایبەتی (١٩٦٨) لووتکەی شەڕی نێوان جەلالی و مەلایی بوو، زۆربەی ئێواران مەلاییەکان بە تۆپ هەڵەبجەیان تۆپ باران ئەکرد و چەندین خێزان بوونە قوربانی ئەو شەڕە نەگریسە و چەندین کاری تێرۆر کردن ڕووی دا، کە زۆر لە هاوتەمەنەکانم شاهیدی ئەو بارودۆخە نالەبارەن.

ئەوەی جێگای باس کردن بێت لە سالّی (١٩٦٨) بوو یان (١٩٦٩) مامۆستا تەها خەلیل لە قوتابخانەی (سیروان)کە خالّم مامۆستا حەمە عەلی میرزا حسین بانەیی بەڕێوەبەری بوو، مامۆستا تەها خۆی شانۆکار بوو، دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا بوو، عەسرێکی بەهاری درەنگ بوو لە قوتابخانەی (التقدم) لە کانی عاشقان شانۆگەریەکیان پێشکەش کرد هێندە قەرەباڵغ بوو من بە ئاستەم چەند دیمەنێکیم دی لەسەر دیواری قوتابخانەکەوە ئەوەی کەدیم چەند ئەکتەرێک بوون لەوانە کەمالی عومەر مەغدوور، سەروەتی حەمە کەریم کوردستانی بوو، ڕووناکی حەمەی لاسلکی بوو، ئیتر نازانم ناوی ئەو شانۆگەرییە چی بوو .

Institut kurde de Paris



لەڕاستەوە : م. تەها خەلیل . م. حەمە عەلی میرزا حسەین بانەیی .١٩٦٧/٤/٢٩ لەکاتی کردنەوەی پێشانگای قوتابخانەی شنرۆ لە هەڵەبجە

Institut Kurde de Paris

لە ساڵی (١٩٦٩) لە پۆلی دووهەمی ناوەندی بووم ئەم وێنەیە لە ساڵی ١٩٦٨تازە عوسمانی ڕەسام دوکانی وێنەگری دانابوو یەکەمین وێنەی کارەباییم بوو.

هەروەها ئەوکەسانەی قوتابیش بوون وە کەس و کاری ئەو پیشمەرگانەی باڵی مەکتەب سیاسی بوون و تەنانەت دەمانچەشیان لە پۆلدا پێبوو، تاقی کردنەوەی وانەی (زیندەوەرزانی)مان هەبوو، یەکێک لەو قوتابیانە قۆپیەی کرد و

مامۆستاکەشمان لە قۆپیەکە گرتی ویستی بیکاتە دەرەوە بەڵام نەچووە دەرەوە و دەمانچەی لە مامۆستاکەمان دەرهێنا، بەڵام مامۆستاکەمان پەلاماری داو دەمانچەکەی لێ سەندوو کردیە دەرەوە، ئێمەش هەموو لە ترسا رامان کردە دەرەوە، هەموو قوتابخانەکە بە مامۆستاو قوتابیەکانەوە هاتنە پۆلەکەمان بە هۆی ئەو ڕووداوە، ئەمە یەکێک بوو لە چەندین ڕووداوی نەخوازراو.

لە سەرەتای ساڵی (١٩٧٠) قوتابخانەیەکی نوێ کرایەوە لە بینای ئەو قوتابخانەی کە خوێندنی سەرەتاییم تێدا تەواو کرد لە بینای قوتابخانەی (ئاشتی) لە پیرمحەمەد، ڕۆژێکیان مامۆستا شێخ ساحێب هاتە سەرمان و چەند قوتابیەکی هەڵبژارد بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆی بمانبات بۆ ئەو قوتابخانەیە، زیاتر ئەو کەسانەی هەڵبژارد کە گرنگیان بەخوێندن و کەسانی گوێ ڕایەڵ و کەس و کاریانی ئەناسی، ئەوانەی بیرم بێت، سەرکۆی ئەحمەد ئەفەندی بوو، ئەفراسیاب ئیبراهیم، کۆزادی حەمەی نانەوا، عەباسی حاجی شەفە هەلاج ، صەباحی ئەحمەد ئەفەندی، عەبدوڵای ئەورەحمانی خەلیفە، نەوزادی حاجی ئەمین، ئەردەڵانی ئەحمەد ئەفەندی، حەمەی زارا، سەلامی شێخ تاهیر، حەسەن عەلی، سارەوانی حاجی مەلا کەریم، ئیبراهیمی عەلی میرزا تۆفیق بوو، فوئادی حەمەی مەحمود ئەفەندی بوو، بەهادینی شێخ جەلال بوو، مەحمودی ئەمینی عەدە، عەلی حەمە ساڵح، عوسمانی حەمەی سەید ئەحمەد، لەتیفی مام ئەمین، وە چەندانی تر لە یادم نەماوە، ئەوەی جێگای سەرنجە یەکێک لەو قوتابیانە کە ناوی عەلی حەمە ساڵح بوو زیاتر لە ١٠ ساڵ تاقی کردنەوەی پۆلی سێهەمی دووبارە کردەوە ئینجا دەرچوو وازی نەهێنا تا دەرچوو من ئەو کاتە گەیشتبوومە کۆلێج ...

لەو ساڵەدا چەندین مامۆستای نوێمان بۆ هات یەکێک لەوانە مامۆستا ئازاد حەمە ئەمین کاردۆخی کە جوگرافیا و مێژووی پێ دەگووتین، مامۆستا حافظ ئەنوەر مائی، وە مامۆستایەکی عەرەبی درێژکۆلە ناوی عبدالمنعم بوو، مامۆستا جەلال ناوێک کوردی پێ دەگوتین، ئەو ساڵە تازە بەیانی یانزەی ئازار دەرچوو بوو شەڕو شۆڕ نەمابوو.

Institut Kurde de Paris

ساڵی (۱۹۷۰) تەمەنم ۱۵ ساڵ بوو ئەو شەوە لە ماڵی وەستا عوسمانی وەستا مەردانی دراوسێمان بووین، بیرم دێت باوکم و وەستا عوسمان ڕادیۆکەیان خستبووە بن گوێیان چاوەڕێی دەرچوونی بەیانەکە بوون، وتیان ئەرێ وەڵا دنیا خۆش بوو، بۆ بەیانی یانزەی ئازار بۆ سبەینێکەی بوو بە خۆپیشاندان، پارتییەکان هاواریان ئەکرد (پێشرەوی کورد پارتیە .... سەرۆکمان بەرزانیە) و (کێ بوو خۆی کرد بەشەکر ..کاک ئەحمەد حەسەن بەکر) بیرم دێت حەمە سەعیدی حاجی عینایەت ئەندامی یەکێتی قوتابیان بوو، من ئەو کاتە لە پۆلی دووی ناوەندی بووم، هەموو قوتابی پۆلەکەیان ڕیز کردو بردیانینە سەر شەقام و هوتافیان ئەکێشاو پێیان دەوتینەوە، حەمە سەعید کە لە خوار پیر محەمەد بووین ئەم شیعرەی محەمەد مەهدی الجواهری خوێندەوە و بە حەماسەوە هە موو دەم و چاوی سور هەڵگەڕابوو ئەم بڕگە شیعریەی دەوتەوە (شعب دعائمه الجماجم والدم ...تتحطم الدنیا ولا یتحطم) کە شیعرێکی درێژی جەواهیریە بە ناوی (کردستان موطن الابطال) پاش تەواو بوونی ئەو خۆپیشاندانە گەڕامەوە بۆ سەرەوە بە ڕێکەوت کەوتمە ناو قەرەباڵغی خۆپیشاندانی ئەندامان و هەوادارانی حیزبی شیوعیەوە و لە سەر ئاڵای سوور چەندین نووسینیان نوسیبوو، بیرم دێت کەریمی حاجی مەحمود، هاواری ئەکرد (جبهة جبهة وطنية ..لا أقطاع و لا رجعية) منیش دوای دوو سێ جار وتنەوەیان بەو هات و هاوارە منیش فێر بووم دەمسەندەوە و لە ماناکەشی تێدەگەیشتم چونکە خوێندنی سەردەمی من لە پۆلی یەکەمی ناوەندییەوە هەموو وانەکانمان بە عەرەبی دەخوێند، ئیتر لەم کۆلان لەو گەڕەک شایی لۆغان بوو،

بۆ یەکەمین جار بوو هەڵپەرکێ ببینم، گۆرانی بێژی میللی(خولەی شیرالی، ئەحمەدی مشکی فرۆش، مینەی لولک ژەن) بە دەنگی ئەوان و شمشاڵەکەی مینە زیاتر جۆش و خرۆشیان ئەدایە ئەو هەڵپەرکێیانەوە، هەروەها دەهۆڵ و زورنا ژەنیشیان هێنابوو، ئیتر ماوەی ئەو چەند ڕۆژە واتە لە یانزەی مانگەوە تا نەورۆز هەموو ڕۆژێک لە گەڕەکێک یان دەشتێک هەڵپەرکێ و خۆپیشاندان بوو،

Institut Kurde de Paris



ڕۆژێکیان دەنگۆیەکیان بڵاوکردەوە وتیان ئەمڕۆ (برایانی زیزی) لە ئێرانەوە هاتوون و ئەچن بۆ عەبابەیلێ بە دەهۆڵ و زورناوە گۆرانی ئەڵێن، منیش و سەدان کەس بە پێ کەوتینە ڕێگا، چووین بۆ عەبابەیلێ، بەڵام نە برایانی زیزی لێبوو نە هیچ، ئیتر نازانم کێ ئەو دەنگۆیەی بڵاوکردبووەوە، بۆ من سەد هێندەی تریش ماندوو بوومایە گوێم نەئەدایە، لەڕێگا بیرم لەوە ئەکردەوە چۆن گوێم لە گۆرانی (شەمامەو خاڵ خاڵ، زاوا لە بوکێ مەدە، موبارەک بێ تەدارەک بێ زاوا لێی بێ موبارەک) و چەندین گۆرانی تر، هەر بۆ نەوروزی ئەو ساڵە پارتی ئاهەنگیکی گێڕا لە خورمالّ خەڵکیان بە لۆری ئەبرد بۆ سەیری، چەندین بەرهەمی گۆرانی وسروودیان پێشکەش کرد بۆ نمونە (باجەی ڕەشید عزیز) گۆرانی وت و چەپکێ گوڵی بەدەستەوە بوو، گۆرانییەکە ناوی (هەی گوڵ هەی گوڵ) بوو، من لەم دواییانە زانیم کە گۆرانییەکی دەرویش عەبدوڵایە، هەروەها تیپێکی کۆرسیان دروستکردبوو، بێ ئامێری مۆزیک ئەوەی لە بیرم بێت ئومێدی حەمەی لاسلکی یەکێک بوو لەو کۆرسانە و سروودی (سڵاو لە پارتی دیموکراتی کورد، ئەو پارتەی ئاڵای شۆڕشی هەڵکرد)یان ئەوتەوە، هەر لەو ئاهەنگەدا بۆ یەکەمین جار بوو عوسمان کەیمنەیی ببینم گۆرانی بڵێت کە ڕۆژانە لە چایخانەکان گوێم لە

Institut Kurde de Paris

دەنگی ئەبوو، چاخانەی عومەری گوڵتەپەش، عەلی سەلیم، حەمە یوسف، ئەسکەندەر، کە پاشان بووە چایخانەکەی ئەوپەحمانی سەعە گۆچان ناسراو بە (خاڵە) چایخانەکەی حەمە کەچەڵ و قالەی پەمەزان کە لە خوارەوە بوون لە گەپەکی خۆمان پێک بەرامبەر مزگەوتی دار الاحسان .



هەر لەسالاّنی شەستەکاندا دوای ڕادیۆ کە سەرەکیترین سەرچاوە بوو بۆ گوێبیستی هەواڵ و زانیاری و مۆزیک و گۆرانی، سەرچاوەی تریش هەبوو لەوانە گرامە فۆن کە لە سەرەتای سالاّنی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو هاتۆتە عێراق و ئێران و کوردستانییش وەک بەشێک لە عێراق، چەند کۆمپانیایەکی گرامەفۆن هەبوون لەوانە کۆمپانیای(بیزافۆن، مارکۆنی، چەقماقچی)کە کۆنترین یان چەند گۆرانییەکیان بۆ سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی لە لایەن کۆمپانیای بیزافۆن بۆ تۆمار کردووە لە ئێران و پاشانیش بۆ مەزهەری خالقی و حەسەن زیرەک و عەلی مەردان و چەندینی تر.

لە سالاّنی چلەکان بە دواوە لە بەغدا کۆمپانیای چەقماقچی کە کاتێک خوێندکار بووم لە بەغدا سالاّنی حەفتاکان کە ئەو کاتە باوی گرامەفۆن نەمابوو دوکانەکەی لە نزیک (حافظ قاضی) لە بەغداد مابوو، وە لە سالاّنی (١٩٤٨) لەگەڵ مۆزیک ژەنی

به توانا جەمیل بەشیر ستۆدیۆیەکیان دروست کردبوو کە چەندین گۆرانی ناوازە یان بۆ(ناظم الغزالي ومحمدالقبانچی و یوسف عمر و لمیعه تۆفیق و عفیفه اسکندر، زهوره حسین، وەحیدە خلیل رەزا عەلی) بە هاوکاری مۆزیک ژەنان جمیل بشیر، منیر بشیر، نازم نعیم، سالم حسین ، نای ژەن کە لە تیپەکەی نازم الغزالی بوو (خضر الیاس ،خضیر الشبلی) کە قانون ژەن بووە و ئاوازدانەران (عەباس جمیل ، ودیع خونده، کە کوردی موسڵ بووە و یەحیا حلمی و چەندانی تر، کەواتە گرامە فۆنیش سەرچاوەیەکی تر بووە بۆ مۆزیک و گۆرانی و لەو مالأنە دا هەبووە کە ڕۆشنبیرو خاوەن چێژی مۆزیکی بوون .

بیرم دێت هاوینی ساڵی (١٩٧٦) بوو خاڵە عوسمانم گرامێکی کرپیبوو ڕەنگەکەی چەرمێی زەرد بوو، سەرەکەشی بە جیا دائەنرا، چەند قەوانی گۆرانییەکانی عەلی مەردان کە گۆرانی (پەچەکەت لادە) بوو، وە حەسەن زیرەک گوڵدوور و مەزهەری خالقی شیرین تەشی دەڕێسێ، وە عەرەبی ناظم الغزالی وەک گۆرانی (احبک) زهوره حسین، کە پێش دەست پێکردنی بێژەرێک ئەیگوت اسطوانات چقماقچی ناظم الغزالي یان زوهره حسین، دوایيش مۆسیقای گۆرانییەکە دەستی پێئەکرد وچەندینی تر...

تەسجیل وەک سەرچاوەی سەرەکی بۆ گوێگرتن لەگۆرانی

یەکێکی تر لە سەرچاوەی بیستنی گۆرانی تەسجیل بوو، کە لە زۆربەی چایخانەکانی هەڵەبجە، ڕۆژانە گوێ بیستی دەبووم، لەوانە چایخانەی عومەری گوڵتە ڕەش و عەلی سەلیم کە لە پیر محەمەد بوون و چایخانەی حەمەیوسف وئەسکندەر و عبدالله و قالەی رەمەزان و حەمە کەچەڵ و عوسمانی ئازادی کە زۆربەیان تەسجیلێکی گەورەی گۆرەندیک یان فلێبسیان دانابوو چەند شریتێکی بەکرەی گەورەیان هەبوو، گۆرانی حەسەن زیرەک، ئەحمەدی خولەسنەیی (ئەحمەد شەماڵ)، عوسمان کەیمنەیی، سالح دیلان و چەندینی تر.

Institut kurde de Paris

هاتنی حەسەن زیرەک بۆ هەڵەبجە و شەوە ئاهەنگێک لەماڵی کاک فازیلی خەیات

ساڵی (١٩٦٧) بوو، مانگی ١٠بوو، چوارەم رۆژی جەژنی قوربان بوو، حەسەن زیرەک و شەوکەت پەشید و سەلاح رەشیدی برای و چەندانی تر سەرەتای پایز بوو، چوون بۆ سەرای سوبحان ئاغا و ئەحمەد ئاوا و ئێوارە گەڕاونەتەوە بۆ هەڵەبجە و هاتوون بۆ ماڵی فازیلی خەیات کە دراوسێی ماڵی مامە تاهیرم و نەنکم بوون، کە شەو لە ماڵیان بووە، چونکە فازیلی خەیات دەنگی خۆش بوو، حەزی لە گۆرانی بووە و من شریتی دەنگیم لایە ، بۆ بەیانی چووم بۆ ماڵی نەنکم و وتی ئازاد ئەمشەو هەرچی منالّە هاتوونەتە سەربانی ماڵی ئێمە و گوێیان لە دەنگی حەسەن زیرەک گرتووە و جەمالی کاک مەجیدی دەلاک و نەوزادی مامە تاهیرم بینوویانە و حەمیدی مەلا خەرامانیش هەر لەوێ بووە، حەکیمی مەلا سالّحیش لە کانی عاشقانەوە چووە بۆ سەیری، خۆی کەبۆی گێڕامەتەوە، بەڵام من ئەو ئاهەنگەم نەدی، من ئەو گۆرانییانەی لە ماڵی فازیلی خەیات گووتویەتی لامە ....جگە لە تۆمارگەکان کە نزیک دوکانی باوکم، عبداللەی حەمەخانە ڕۆڵّە، تۆمارگەی(فاخری) دانا بوو، هەمیشە تۆمارگەکەی گۆرانییەکانی سالّح دیلان وڕەفیق چالاکی دەخستە سەر بۆ گوێ گرتن، بیرم دێت ساڵانی کۆتایی شەستەکان بوو، وە هەروەها کاک عومەری برا بچوکی لەسەربازی هە لّاتبوو لە دوکانەکەیدا سەعاتی چاک دەکرد، عەبدوللّای حەمەخانە ڕۆڵّە هێندە عاشقی گۆرانی بوو، بیرم دێت جارێکیان وتی کە مردم لەگەلّ قورئانی عبد الباسط و مەقامی (دوو ئاوانەکەی) ڕەفیق چالاک بمبەنە سەرقەبران

Institut kurde de Paris

پەیدابوونی سینەما لەعێراق و کوردستان

یەکێک لە کاریگەرترین هۆی تر سینەما بوو، لە سالاّنی بیستەکانەوە هاتبووە عێراق و لە بەغدا چەندین هۆڵی سینەما کە لە سالاّنی چلەکاندا لە چل زیاتر بووە، لەوانە سینەما ڕۆکسی، بەغدا، سمیرامیس ، النصر، خیام و السندباد و أطلس وغرناطة و النجاح.

وە چەندینی تر کە فیلمە جیهانی و هیندی و میسرییەکانیش و هیندی و فیلمی عێراقی پەخشدەکرا، لە سلێمانیش کۆنترین سینەما، سینەما ڕەشید بوو کە سالاّحی ڕەشە سالّی (١٩٥٠)و سینەما سیروان کە تا ئێستاش ماوە وە دوای سالاّنی حەفتاکان سینەما دلّشاد لە جادەی کاوە کرایەوە، منداڵ بووم لە سینەما ڕەشید خێزانەکان بە شەوان دەچوونە سینەما، جگە لە ڕۆژ کە کرابووە چەند بەشێک لە خوارەوە پێیان دەگوت چلی واتە بە چل فلس بوو بۆ گەنجان بوو، سەروووتر ٦٠ فلس دوایش چەند شوێنێک جیا کرابووەوە پێیان دەگوت لۆج کە بۆ خێزان بوو، بیرم دێت لە سەرەتادا سینەما چەندین گۆرانی دەخستە سەر گرامە فۆن یان تە سجیل وە دوایی جەرەسی لێدەدا نیشانەی دەست پێکردنی فیلم بوو، دوایش تاریک ئەبوو، لە پێشا موقەدیمە واتە چەند دەقیقەیەک پێشەکی وەک ڕیکلام لێدەدا وە پاشان فیلم دەستی پێدەکرد تا نیوەی دوای پشوو هەبوو خەڵک دەچووە دەرەوە یان ساردی یان چلورە یان چەرەساتی دەکڕی و پاشان دەست پێئەکرایەوە، فیلمەکان ئەو کات یان هەرقل بوو ماجستی تەرزان یان عەسابەی ئەمریکی یان هیندی فیلمی سنگام و زۆری تر، لە عەرەبی بیرمە سالّی (١٩٦٥) بوو شەوێکیان چووین بۆ سینەما ڕەشید ڕیکلامی بۆ تایت ڕۆنی ڕاعی یان جلو بەرگ ئەکرد، تەنانەت نازم الغزالی پێش مردنی لە لوبنان سالی (١٩٦٣) فلیمیکی لەگەڵ نجاح سەلام دەرکردبوو بە جلی بە غداددییەوە گۆرانی (مەیحانە مەیحانە)ی ئەگووت..

سالّی (١٩٧٠) پاش یانزەی ئازار کاک محەمەدحاجی حەمەکەریم کوردستانی واتە حەمەی لاسلکی کاتێک لە تەوێڵە بووە وەک پێشمەرگە سینەمایەکی لە ئێران کڕیبوو کە هاتەوە هاوینەکەی لە پاڵ ئوتێلەکەی سەعید خەڵەف شوێنێکی کردبوو

Institut Kurde de Paris

به سینەما و لەگەڵ براکانی کاک عوسمانی ڕەسام و کاک عەلی حەمە کەریم بەشدار بوون لەو سینەمایە، شەوێکیان کاکە حەمە کە دراوسێمان بوو زۆربەی گەڕەکی کۆکردەوە بە دایک و خوشک وە زیاتر لە (١٠) خێزان ئەبووین بە خۆڕایی سەیری فلمێکی میسریمان کرد، ئەوە یەکەمین شەوی هاوینی (١٩٧٠) بوو، وە سەید ئیبراهیم لەسەر بلیت فرۆشتن و سینەما ئیش پێکردن بوو، سەڵاحی حەمە ئەمینی خولەی (چل پینە) ڕیکلام و خەڵکی ئەکردە ژوورەوە، سینەماکە هاوینە بوو واتە سەر(سەقف)ی نەبوو، دیوارەکانی بەگونیەی (جامفاس) داپۆشرابوو، بۆیاخێکی شینی کردبوو، وە جوانترین کار کە سەید ئیبراهیم کردی زۆربەی گۆرانییەکانی ئوم کەلسوم لەوانە (الاطلال، هذه لیلتی، أغدا القاک، أمل حیاتی، فات المیعاد، فکرونی) زۆری تر کە لە ماوەی ئەو سالانە دا بەردەوام بوو، ئەو سالانە هەڕەتی لاویم بوو، ئەو کەسەی کە خۆش نووسی بۆ ناوی فیلمەکان دەنووسی (نەوزادی حاجی ئەمین سالح)ی هاوپۆلم بوو زۆر جار پێم دەگوت نەوزاد لێت داوە بە خۆڕایی ئەچیتە ژوورەوە، نەوزاد تا سالی (١٩٧٤) تا هەڵەبجە بۆردوومان کرا خۆشنووسییان بوو. لەوێ زۆرفلیمم دی لەوانە فلیمی (الکذابین الثلاث. أبی فوق الشجرە . حەسەن کەچەڵ) (من نصر الی نصر، جیڤارا و چەندین فیلمی عەرەبی فەڕەنسی لەوانە فلمێکی ڕۆمانسی فەرەنسی بە ناوی (أمرأە عاشقە) وتورکی وفارسی..وە ئەم فلیمانە جار جار گرتەی وروژێنەری تێدا بوو.

چەندین کەس شەوانە لەوێ بوون لە بیرم دێت (کونە لەیلی) کە ناوی خۆی فەرەج بوو، سەڵت بوو و چەندینی تر

وە لە سالی (١٩٧٣) سینەماکە سەری بۆ دروست کرا ئەویش کاک عومەری خەزان وبە هاوکاری بەختیاری کوڕی بە جەمەلۆن سەریان گرت و ئیتر بە ڕۆژیش ئیشی دەکرد.

Institut Kurde de Paris

ئاهەنگ و شانۆکانی دوای یانزەی ئازاری ١٩٧٠

پاش بەیانی یانزەی ئازاری (١٩٧٠) کە ئاشتی بەرقەراربوو، ئیتر لەم شار لەم گەڕەک چەندین تیپ و گروپ دروستبوون لە بواری شانۆ و مۆزیک، بیرم دێت ساڵی (١٩٧١) بۆ یەکەمین جار تیپی مۆسیقای سلێمانی هاتن بۆ هەڵەبجە لە هۆڵی سانەوی کۆڕان ئاهەنگێکیان ساز کرد، ئەوان هەر لە سەرەتاوە دەست بەکاربوون، لە هۆڵی (خولد) لە زانکۆی(المستنصرية) (یانزەی ئازار جەژنی کوردان ئۆتونۆمیمان وەرگرت بۆ کوردستان) ئەمە یەکێک بوو لەو گۆرانییانەی کە (عەدنان جەمال) ئەیگووت و بە ڕەش و سپی تۆمارکران بۆ تەلەفزیۆن، دوای ئەوە (ئەحمەد الخليل) هەر بڕی کوردو عەرەب رمز النضال) هەروەها گۆرانی (هەی شەمی شەوان) قادر کابان وتی. ...

یەکەمین شانۆگەری دوای بەیانی یانزەی ئازار لە هەڵەبجە ساڵی (١٩٧١)بوو، لە نوسینی (مۆلێر)کە نووسەرێکی فەرەنسی بوو وەرگێڕانی (مەلا لەتیف بامۆکی) شانۆیەکە ناوی (بە زۆر کراوە بە دکتۆر)بوو، بەشەو نمایش دەکرا، جەمالی مەلا قادر دەرهێنەری بوو، مامۆستا حەمە فەرج حەمە مراد دیکۆرێکی زور جوانی دروستکردبوو، سەید تەهای شێخ محەمەد ئەمین و حەمە سەعید مەلا محەمەد ومستەفای ئەحمەد شیرین، کەمالی عومەر مەغدور، سەروەتی حەمە کەریم کوردستانی، سەباحی حەمەچاوەش، جەلالی رەشید عەزیز، ئەمانە دەورییان دەبینی، کە هەندێکیان کۆن قوتابی ع.ع. شەونم بوون، هەر هاوینی ساڵی (١٩٧٠) بوو خەڵک دڵی خۆشبوو، باوکم ڕۆژێکیان چوو بۆ سلێمانی لەگەڵ خۆی تەسجیلێکی گۆرەندیکی ئەڵمانی کڕیبوو لە مەزادخانەکەی خوارەوە وە چەند شریتێکی بەکرەی لەگەڵ بوو چەند گۆرانییەکی تێدابوو وەک(ئای یەزن یەزن یەزن) (ئای بەلەنجە بەلەنجە بەلەنجەکەی ئەو بەرۆ- هۆ کچە بەجێم مەهێڵە دوو ماچت ها وە سەرۆ) (ئای بەلەنجە بەلەنجە بە لەنجە.. بەلەنجەم پێ نەماگە دوێکە لە مالّی ناهی دەسڕەکەم لێجێ ماگە)، (ئای بە لەنجە بە لەنجە.. بەلەنجەکەی تەنکە ..بە قوربانی تۆی ئەکەم گرێزەو کانی پانکە) دوایش لای تەسجیلاتەکەی عەبەی حەمەخانەڕۆڵە چەند شریتیکی عوسمان کەیمنەیی و جەمیلی کڕی وەک گۆرانی

Institut kurde de Paris

(شیرین هەلامە و هەوری لە کۆڵ)ی تێدا بوو، سەیر بوو دەنگی ئەو تەسجیلە زۆر پاک بوو ناخی ئەسمی، ئەو کاتە خزم و دۆست سەردانی یەکتریان ئەکرد، شەوێکی هاوین بوو مالّی حاجی عیزەتی خالّی باوکم هاتن و هەموو کوڕو کچەکانیان، شەوکەت، سەروەت، سەرکاو ، لوتفی، ڕووناک، نیشتیمان ، کاک شەوکەت گۆرانییەکی حسین نعمەی وت لەگەڵ سەرکاو(نخل السماوه یگول طردنی السمرة سعف و کرب ظلیت ما بیها الثمرة)زۆر جوانیان وت دوایی وتی بلّاوی نەکەنەوە بەس من لای خۆم هێشتمەوە و زۆر جار چێژم لێ وەرئەگرت.



Institut kurde de Paris

ساڵی ١٩٧١ بۆیەکەم جار مامۆستا ئەنوەر قەرەداغیم دی

پاش بەیانی یانزەی ئازار ئاهێک هاتەوە بەسەر کوردستاندا و چەندین گروپی مۆزیک زیندوو بوونەوە لە شارەکانی کوردستان بە تایبەت لە سلێمانی و هەولێرو کۆیە، من لەو ساڵەدا لە پۆلی سێهەمی ناوەندی بووم لەگەڵ چەند قوتابییەک کە بۆ یەکەمین ساڵ بوو ناوەندی شارەزوور بکرێتەوە و هەموومان لە ئامادەیی کوڕانی هەڵەبجە بووین، ڕۆژێکیان مامۆستا شێخ ساحێب هاتە پۆلەکەمان ئەو کاتە وانەی بیرکاری پێ دەگوتین، چەند قوتابییەکی جیا کردەوە ئەوانی کە بەدڵی بوون و ئەیزانی کە مەبەستمان خوێندنەو زۆربەمانی ئەناسی، پۆلی سێهەمی بۆ کردینەوە، لەوانەی لە بیرم بێت: سەباحی ئەحمەد ئەفەندی ، عبداللەی ئەوڕەحمانی خەلیفە، ئەردەڵانی محمەدە ئەفەندی، نەوزادی حاجی ئەمین، کۆزادی حەمەی نانەوا، فوئادی حەمەی محمود ئەفەندی، مەحمودی ئەمینی عەدە، کە لەپاڵ من دادەنیشت لە دواوە، حەمەی زارا، عەلی حەمەساڵح، بەهادینی شێخ جەلال موفتی، سەرکۆی ئەحمەد ئەفەندی ، فاروقی حەمەی باول، بورهانی شێخ عزالدین، ئەفراسیاب ئیبراهیم ساڵح ، ئیبراهیمی عەلی میرزا تۆفیق، ڕەئوف حەمەعەلی و دوایش لەتیفی مام ئەمین، چەندینی تر، ئەو ساڵە یەکەمین جار بوو کە مامۆستا ئازاد شێخ محەمەد ئەمین کاردۆخی وانەی جۆگرافیای پێدەگوتین، مامۆستا حافز وانەی کوردی پێدەگوتین، هاتنە سەر پۆلەکەمان و وتیان کە بە نیازن گەشتێکی زانستیمان پێ بکەن بۆ بەندەاوی دوکان و دەربەندیخان، وتیان ئەوەی ئارەزوویەتی با بەشدار بێت و ئەبێت خۆتان خواردن بێنن وپارەی ئۆتۆمبیل بدەن و لەدایک و باوکتان بپرسن بزانن ڕازی ئەبن؟ من خواخوای شتێکی وا بووم، ئەشم زانی باوک و دایکم ڕەزامەندن و یەکسەر ناوی خۆم نووسی و دوایش ئەوانەی هاتن پڕ بە پیکابێک ئەبووین و مانگی چواری ئەو ساڵە بوو، کات سەر لە بەیانی بوو بەیانییەکی نیمچە بارانەاوی، پیکابێک لەبەردەمی ناوەندی شارەزوور ئامادەبوو، لە پیرمحەمەد، شۆفێرەکە ناوی عەلی بوو برای شۆفێریکی تر کە پێیان ئەوت (زیول) هەموومان سوار بووین بەرەو سلێمانی بەڕێ کەوتین و دوایی بەرەو دوکان و جار جارەش باران ئەباری، من دایکم کە تازە تەباخی غاز هاتبوو مریشکێکی بۆ برژاندبووم وتی لەگەڵ

Institut Kurde de Paris

هاوڕێکانت له ڕێگا بیخۆ، جل و پاڵتۆی دامێ و باوکیشم چەند دینارێکی دامێ، بەڕی کەوتین هەموو دەستیان کرد بەگۆرانی وتن لە دوای پیکابەکە و منیش سەرسام بووم گۆرانیم لەبەر نەبوو، ئەوان چییان ئەوت منیش وەک کۆرس بە یەک دوو جار فێر ئەبووم، سلێمانیمان بڕی و هاتینە ڕێگای دوکان منیش یەکەمین جارە ئەو شاخانە ببینم، نزیک شاخەکان بووینەو لەوێ من مریشکم دەرهێناو لەگەڵ یەک دوو هاوڕێم خواردمان و لە شاخەکەی نزیک گوندی تیمار پیکابەکە وەستاو سەیری شاخەکەمان ئەکرد بەردێکی درێژ بە شاخەکەدا وەک مار وابوو کابرایەکمان دی وتی ئەوە مارە بەو شاخەوە ڕەق بۆتەوە، زۆر سەیرم لێهات، دوایی سوار بووین و بەرەو دوکان و مامۆستاکان ئیزنیان لە پاسەوانەکان وەرگرتبوو چووین بۆ سەیری بەربەستی دوکان سەیرم لەو دیمەنانە ئەهات کە بۆ یەکەم جار بوو ئەمبینی، پاش عەسر گەڕاینەوە و بۆ ئێوارەیەکی درەنگ گەشتینە سلێمانی، وە پیکابەکە لای بەردەرکی سەرا وەستا کە نزیک بوو لە چێشتخانەکانەوە و هەموومان خۆمان کرد بە چێشتخانەی (عەلی سوور) و من چوومە قاتی سەرەوە، یەکەم جارم بوو لە چێشتخانە نان بخۆم، چێشتخانە بە گڵۆپی ڕووناک ڕازابووە و شاگردێکی دەنگ بەرزی لێبوو هاواری ئەکرد: برنج و شلەی سادە ،دوو کەباب، مریشک لەسەر برنج، برژاوێک، من لە قاتی سەرەوە دانیشتبووم، شاگرد هاواری کرد، قۆزیەک، ئەم دەستەواژە لای من تازە بوو، یەکەم جار بوو بیبیستم کە هاتە لای من وتم قۆزیەکم بۆ بێنە باکم نەبوو پارەم پێ بوو، بۆ شەوەکەی من مالّی پورەکانم لە سلێمانی بوون کەس وکارم لەوێ بوون، بەس وتیان نابێت کەس بڕوات بۆ مالّی خزمەکانی، بەشی ناوخۆیی هەبوو لە ئامادەیی کشتوکالّی بەکرەجۆ، بردینیانە ئەوێ بۆ خەوتن و کۆمەڵێک قوتابی هەڵەبجەیی لێبوو، وەک نوری عومەری کاکی، دلێری مەلا محەمەدی باش کاتب، پێشوازی گەرمیان لێکردین، کورێکی خەڵکی سلێمانی لێبوو گۆرانییەکی خۆشی وت بە ناوی (لەیل گیان لەیلی - لەیلێم تۆراوە - بە خودای مەزن -یار لێم ڕەنجاوە) ئەو کاتە مامۆستا حەسەن گەرمیانی مامۆستای ئامادەیی کشتوکالّی بەکرەجۆ بوو، ئەو شەوە هەورە تریشقە زۆر بوو، بارانێکی بە خوڕ بوو زۆر ئەترسام لە هەورە تریشقە، ئەو شەوە مێژوویی بوو لام، بۆ بەیانییەکەی هاتینەوە بۆ ناو شاری سلێمانی و پیکابەکە لە سەرووی مزگەوتی گەورە وەستا نزیک کات ژمێر ١٠ی بەیانی بوو پیکابەکە پەنجا مەترێک لە سەرووی مزگەوتی گەورە وەستا،

Institut Kurde de Paris

ئێمەش لە ناو پیکابەکە بووین، لەو کاتەدا دیمەنێکی سەیرم بینی، ئەبینم ئەنوەر قەرەداغی کەمانچەیەکی بەدەستەوەیەو وەستاوەو تەوقە لەگەڵ کەسێک ئەکات، بەوەدا ناسیمەوە کە لەپێشەوەی سەری کەمێک سپی بوو، ئەو دیمەنە گەڕاندمیەوە بۆ پێش حەوت ساڵ لەوەو پێش کە مامۆستاکەم حەمەی ڕەعنا، ئەیوت ئازاد بڕۆ کەمانەکەم بۆ بێنە لە ماڵی شوکریە خانی خۆشکم خێزانی حەمەلەی کەبابچی، لەو کاتانەدا ئەمویست دەستم بەر کەمانەکەی مامۆستا ئەنوەر بکەوێت و نەک هەر ئەوە، دەستم بەر دەستی بکەوێت، هەرچەندە لەو گەشتەدا فوئادی خوشکەزایمان لەگەڵ بوو بەس نازانم ئەوان یەکتریان دی یان نا؟ بەس من لەو ساتەدا تەزویەک بە گیانمدا هات، ئەوە یەکەمین جار مامۆستا ئەنوەر ببینم، باوەڕ ناکەم هەر لە یادیشی بێت، بەڵام ئەوە ڕاستییەکە لای من، وا بزانم ئەڕۆشت بۆ بینای تۆفیق قەزاز بۆ پرۆژەکردن لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی، بەوەدا ناسیمەوە چونکە لەوەو پێش لە تەلەفزیۆن دیبووم.



مامۆستا ئەنوەر قەرەداخی ساڵی ١٩٦٧ لە کتێبخانەی گشتی سلێمانی لەگەڵ چەند قوتابییەک ئاهەنگی جەژنی دارو درەخت.

Institut Kurde de Paris



لەڕاستەوە :عوسمان عەنەبی، نەوزادی فاتە خان، سەباح ئەحمەد، ئەفراسیاب ئیبراهیم.
ناوپیکابەکە: ئازاد سالح، بورهان عزالدین ، لەتیف مام ئەمین، ئیبراهیم عەلی میرزاتۆفیق، کۆزاد ئەحمەد، سەرکۆ ئەحمەد، ڕەئوف حەمەعەلی
دواوە: عوسمان محەمەد ئەمین، نەبەزشێخ مەحمود، فوئاد محەمەد

Institut kurde de Paris

تیپی مۆسیقای سلێمانی و ئاهەنگێک لەهەڵەبجە

هێندەی بیرم بێت لە مانگی(٩) ورد تر بڵێم لە (٩/٥/ ١٩٧١) تیپی مۆسیقای سلێمانی هاتن لە ئێوارەکەی لە هۆڵی ئامادەیی کوڕانی هەڵەبجە ئاهەنگێکیان سازکرد لەو ئاهەنگە زۆربەی هونەرمەندانی ئەو تیپە ئامادەبوون وەک مامۆستا ولیەم یۆحەنا، ئەنوەر قەرەداغی، خالد سەرکار، عوسمان محەمەد ئەمین، فەرەیدون دارتاش، جەمال شادان، ئەمانە کەمان ژەن بوون ئەو کاتە وابزانم مامۆستا سەلاح ڕەئوف نەچووبووە ئەو تیپە لەوان تەمەنی کەمتر بوو.

ئه لبێرت عیسی(ئۆکوردیۆن)، حسین جەمبوش مامۆستا سەباحێک هەبوو کەرکوکی بوو لەگەڵیان ئیقاعی دەژەند وەگۆرانی بێژان : حەسەن گەرمیانی، گۆرانی کەمەرە شل، مەیلەنگێنە)ی گووت، منالێک تازە ناوبانگی دەرکردبوو گۆرانی (سۆیلە بالا بەرز)ی وت بە ناوی تۆفیق عەلی ..

سالح کارگەچی گۆرانی (باران بارانە)ی گووت، بۆ یەکەمین جار کە بزانم عومەری خەزان گۆرانی بێژ، هاتە سەرەوە ومەقامی (هەمایون) لەگەڵ گۆرانی (کۆچی یارم)ی وت، بێ پرۆڤەکردن، سەیر بوو لام کە ئەو مۆسیقا زیندووەم گوێ لێدەبوو زۆر چێژ بەخش بوو لام، چونکە ئەوە یەکەم جارم بوو کە گوێم لە تێپێکی مۆزیک بێت بە زیندوویی، کە ئەو ئیقاعەی دەژەند وام ئەزانی لە ناو هەستم دەنگ دەداتەوە، لە ناوەڕاستی ئاهەنگەکە پیاوێکی کەواو سەڵتە لەبەر لەدەرگای ناوەڕاستی هۆڵەکەوە هاواری کرد (ئادەی کورە دەی ئەودەرگایەم بۆبکەنەوە، پیاوێک بە کەواو سەڵتە و مشکی و گاڵۆکێک بە دەستەوە خۆی کرد بە ناو حەشاماتەکە، هۆڵەکە پڕ بوو وە زۆربەی خەڵک بە پێوە وەستابوون، هاتە ژوورەوە چووە سەر شانۆکە مامۆستا ئەنوەر هەستایە سەرپێ و وتی ها کاکە چیت ئەوێت؟ بە زمانی شارەزووری وتی منیش هاتگم لەو شارەزوورەوە گۆرانی ئێژم و هۆرە ئەکەم هەرچەند ویستی بچێتە خوارەوە نەچوو دەستی کرد بە هۆرە کردن، ئەویش دەستی کرد بە کەمان لێدان بۆی، دوای زانیمان کە ئەمە هونەرمەند (سمکۆ عەزیز)ە، خۆیان ئەم بەزمەیان بۆ دروست کردبوو بۆ ئەوەی بەزمانی ئەمڕۆ سۆپرایسیان بۆ دروست کردین.

دوای ئەوەی ئەمان تەواوبوون تیپی نواندنی سلێمانی شانۆگەری (نرخی ئازادی)یان پێشکەشکرد، نواندنی: عومەر دلپاک، عەلی نوری وسەلاح بالا بەرز و دەرهێنانی غازی بامەڕنی بوو، ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام و ترسام، عەلی نوری ڕۆڵی ئەفسەرێکی ئەدی و (عومەر دلپاک)ی ئەشکەنجە ئەدا، هێندە عومەر دلپاک وای ڕۆڵ ئەبینی وام ئەزانی ڕاستییە وا ئەشکەنجە ئەدرێت، ئەو کاتانە وا بوو کە نمایشی جاران ئەکرا کە مۆزیک و شانۆ پێکەوە ئاهەنگیان دەگێڕا، ئێمەش دوایی هەروامان ئەکرد، شەوێک بۆ پیاوان شەوێک بۆ ژنان، پاشان سالی (١٩٧٢) تیپی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە سلێمانی هاتن، کە یەکەمین ڕۆژی جەژنی قوربان بوو بەفرێکی زۆر ئەباری بەیانییەکەی کات ١٠ ئەبوو، بەردەم هۆڵەکە زۆر

Institut Kurde de Paris

قەرەباڵغ بوو هەرچەند پاڵم ئەنا نەمئەتوانی بچمە ژوورەوە، دەرگای پێشەوەی هۆڵەکە لە سەرەوەی دەرگاکە پەنجەرەیەک هەبوو، لەدوورەوە قەوسی کەمانچەکانم ئەدی خەریک بوو دەست پێ بکەن و بە پاڵە پاڵ دەرگایان کردەوە چوومە ژوورەوە بە پێوە ڕاوەستام، بیرم دێت کەمانچەکان دوو کەسبوون، یەکەم سۆران سەلْتە کە قوتابی بازرگانی بوو، کە ئاواز دانەریش بوو وباڵەبانیشی دژەند، بەداخەوە لە ساڵی (١٩٧٤) لە بۆردومانی قەڵادزێ شەهیدبوو، لەگەڵ چەندین خوێندکاری زانکۆی سلێمانی، دووەم کەمان جەمال سابیر، سیروان ناوێک ئۆکۆردیۆنی دەژەند، سامی حەنا برای ماموستا ولیەم یۆحەنا شمشاڵی دەژەند، شەش کەسێک ئەبوون، ئەوانی ترم بیر نایەت، گۆرانی بێژ (عەبدولقادر حەسەن) گۆرانی (لایە لایەت بۆ ئەکەم)ی وت کە گۆرانییەکی حەسەن زیرەک بوو کە ئەوکاتە لە ژیاندا بوو مەبەستم حەسەن زیرەکە . (خەلیل عبدالرحمن) گۆرانی (ئەی گوڵی من، بولبولی من)ی وت (کامەران عوسمان) ئاوازێکی سۆران سەلْتەی وت کە لە شیعری عوسمان شارباژێڕی بوو، شیعرەکەیم تا ئێستاش لە یادە (تۆ وا ئەکەی کە هەڵبەستێ بنووسم تۆی تیا ڕاوەستێ جوانیتی تیا کۆبێتەوە بە گۆناتا بشنێتەوە، پرشنگی ڕووتی بەرکەوێ جوانیەکەتی تیا دەرکەوێ).

پاشان تیپی شانۆی قوتابیان نمایشیکی شانۆیان پێشکەشکرد، ناوەکەیم بیر نەماوە لە ئەکتەرەکان ڕەوان شادان حسین قەرەداغی، ڕزگار سدیق، دلێر مستەفا وچەندینی تر، ئیتر گروپ دوای گروپ ئەهاتن، هەرهەمان ساڵ لە هاویندا واتە (١٩٧٢) تیپی نەقابەی کرێکاران هاتن کە تیپێکی مۆزیکیان لەگەڵ بوو ئەوەی سەرنجی ڕاکیشام عود ژەنێکیان لەگەڵ بوو نەمئەزانی کێیە تا لەم دواییانە زانیم ڕەوان شاد (سالار سەلْتە)یە، باوکی هاوڕێم هونەرمەند مامۆستا پێشکار سەلْتەیە، گۆرانی بێژێکی هەرزەکار ناوی (ئاوات مەحمود) گۆرانی ئامینێ نازەنینێی وت، سالەی سمایل دوو گۆرانی وت بە ناوی ئۆخەی ئۆخەی لەو باڵایە و وەک قومری سەربالْم شینە، هەندێکی تریش کە بیرم نەماوە، پاشان هونەرمەند حاجی مەکی عبدالله و ئیسماعیل بەرزنجی کە ئەو ساتانە زۆر ناوبانگی هەبوو شانۆگەرییەکی پێکەنین ئامێزیان نمایش کرد، ئیتر گوڕو تینێکی تریان دا بە ئێمەی هەرزەکار.

Institut kurde de Paris

لەناو هەڵەبجە فەرمانبەرێک هەبوو لە نەخوشخانە برین پێچ بوو بورهانی موزەمیدیان پێ ئەوت عودی دەژەند وسالّی (١٩٧٢) پێش ئێمە لە باخی عەلە بەڕانی بەرامبەر شارەوانی ئاهەنگێکیان ساز کرد، بیرم دێت سالّح هەژار و مەلا لەتیف بامۆکی پێشکەشکاربوون، بورهانی موزەمید بە عود وئەسعەدی کەبابچی تەپڵی لێئەدا، سروودێکیان وت بە ناوی (خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم)



سالّانی شەستەکان، جەژن لە باخچەی عەلی بەڕانی – هەڵەبجە

ئەوانەی وەک کۆرس بەشدار بوون (عەزیزی مەحمودی مستەفا بەگ) و فەرمانبەرێک هەبوو تەنها دەژیا. فەرمانبەرێکی تریش بە ناوی عەباس پێیان ئەوت عەباسی موختار، فەرمانبەری مالیە بوو لە گەڕەکی جولەکان بە تەنها ئەژیا، خەڵکی سلیمانی بوو، ئۆکۆردیۆنی دەژەند. دوای ئەوە لەم کۆڵان و ئەو کۆڵان شانۆگەری نمایش ئەکرا، بیرم دێت بۆ یادی نەورۆز هەر لەو سالّانە عەلی مەجیدی حەمالّ لە سەرووی مالّی خۆمانەوە تیپێکی لە منالّان دروست کردبوو بۆ شانۆگەری و لەم گەڕەک و ئەو گەڕەک چەندین تیپی شانۆیی منالّانی سەرپێی دروست کرابوون.

Institut kurde de Paris

ئیتر ژیان خۆی کارو کاردانەوەیە لە هەموو بوارەکان، چ هونەر چ باری کۆمەڵایەتی، چونکە ئاشتەوایی باڵا دەستبوو، هەموو یادەکان بەرهەمی هونەری تێدا نمایش ئەکرا، هەر لە ساڵی (١٩٧٢) چەندین شانۆیی نمایش کرا، تیپی لاوان دروستبوو، تیپی قوتابخانەکانیش دروستبوو، زستانی (١٩٧٢) بوو، ئومێدی نوری حەمەی نانەوا ناسراو بە (نوری باتا)، چونکە یەکەم کەس بووە دوکانی پێڵاوی مارکە باتای لە هەڵەبجە دانابوو، ئومێد شانۆییەکی نووسیبوو ئەو ئەکتەرانەی ڕۆڵیان تیادا ئەدی بریتی بوون لە(سەیف الدین) برای شێخ لە تیفی نانەوا، سەید تەهای شێخ حەمەئەمین، نەژادی شێخ عارف وچەندانی تر، هەروەها شانۆییەکی کۆمێدی ئاسایان پێشکەش کرد بە ناوی (کێ کردی و کێ خواردی)، بۆ یەکەمین جار گروپێکی مۆزیک لەگەڵیان دابەزی من ئەو نمایشە مۆزیکیەم نەدی، چونکە یەکەم شەو ئامادە نەبووم، ئەو گروپە بریتی بوون لە بورهانی موزەمید (عود)، فوئادی حەمەی مەحمود ئەفەندی(شمشاڵ)، ئەسعەدی کەبابچی (تەپڵ)، عەبدولای حەمە خانە ڕۆڵە خاوەنی تۆمارگەی فاخر (دەف زنجار)، بۆ نمایشی ڕۆژی دووهەم باوکی فوئاد واتە حەمەی مەحمود ئەفەندی لە مزگەوتی خانم ویستبووی دەست نوێژ بگرێت، نازانم نیوەڕۆ بووە، یان عەسرەکەی جەڵتە لێی دابوو کەوتبووە ناو حەوزی مزگەوتی خانم، چونکە ماڵیان بەرامبەر مزگەوتەکە بوو کۆچی دوایی کرد، ئیتر بۆ شەوی دووەم چووم هەر شانۆگەرییەکان پێشکەشکران

هەر لە بەهاری (١٩٧٢) بوو مانگی ٤، عوسمان چێوار لە هەڵەبجە ببووە مامۆستا لە قوتابخانەی شنرۆ لە کانی قولکە، کە خاڵم حەمە عەلی حسین بانەیی ئەویش گروپێکی شانۆگەری دروست کردبوو لە گەڵ شێخ عەلی (خولە کەشکۆڵ) شانۆنامەیەکی جەلالی میرزا کەریمیان نمایش کرد لەو ئەکتەرانە: جەزای حەمە کەریمی چایچی، ئەکرەم محەمەد، کاوەی شێخ مستەفا، ئازادی مەحمودی سەراج، ڕێبواری ئەحمەدی غولام، چەندینی تر کە ناویانم بیر نەماوە .

Institut Kurde de Paris



مەحمود کەشکۆڵ، عوسمان چێوار ساڵی ١٩٧٢ شانۆیی داسەکەی شاسوار

Institut kurde de Paris

سەرەتای ئاشنابوونم بە ئامێری کەمان

ئەو ساڵە من ئەمویست ئامێرێکی مۆزیکم هەبێت، نەورۆزی ساڵی (١٩٧٢) بوو، ئێوارەی ١٩٧٢/٣/٢٠بوو، کاک عوسمانی ڕەسام بەهۆی خزمایەتی لەگەڵ مامۆستا عوسمان محەمەد ئەمین لە تیپی مۆسیقای سلێمانی هاتووچۆیان هەبوو ئۆکۆردیۆنێکی هەبوو یەک دوو گۆرانی دەرئەهێنا، جاران هەر کەس یەک دوو گۆرانی بزانیایە لەباتی ژەنین ئەیانوت دەرهێنان وەک گۆرانی (گەردوون من چی بکەم چیم دەسەڵاتە ...چاو کاڵ خوێن شیرین دڵ موبتەلاتە) لە دوکانی خۆی لە پیرمحەمەد ئەی ژەنی کە دوکانی وێنە گرتنەکەی بەرامبەر دوکانی باوکم بوو، وتم باوکە بۆم بکرە باوکم وتی بۆت ئەکرم، بەڵام بە قیست بە (٢٠)دینار، بەڵام کاک عوسمان نەیدامێ، ئەو بیست دیناڕە ئەو کاتە زۆربوو، پێشتر لە ساڵی (١٩٧١) لەگەڵ باوکم کە ئەچوو بۆ سلێمانی منی ئەبرد لەگەڵ خۆی کاتێک شت

ومەکی ئەکڕی بۆ دوکانەکەی لە بازاڕی (عەسری)کەمانچەیەکی تەنەکەی بۆ کڕیم بە (١٤ پەنجایی)، ئیتر هەر لە خۆمەوە قەوسم بە کەمانەکەدا دەهێنا، هەر چوار ژێکانی وەک یەک بوون، قەوسێکی نایلۆنی هەبوو، ڕەنگ قاوەیی چۆکێکی لەگەڵ بوو کەتەواو بوو، ئیتر دەنگی نەما بۆم لێنەئەدرا، چی بکەم چی نەکەم !!


لە حەوشەکەمان دار سنەوبەرێک هەبوو جیوەی دەرئەدا تاقیمکردەوە دام لە قەوسی کەمانەکە، کەمان هاتە دەنگ لە خۆشیدا شاگەشکە بووم، ئیتر بە هەر چوار پەنجەم ئەجولاند هیچ دەرنەئەچوو لەهەمووی ناخۆشتر من چەپە بووم.

مستەفا هاوڕێی تەلەبایەتیم بوو لە پۆلی ٣ی سەرەتایی هەردووکمان لە پۆلێک بووین لە قوتابخانەی سیروان پێیان ئەوت (مەکتەبی پەڕۆ) بەرامبەر فولکەی ئێستای عومەری خاوەر، من لە قوتابخانەی ئاشتی بووم، بەڵام ئەو سااڵە قوتابخانەکەمان گواسترابوویەوە بۆ قوتابخانەی سیروان سااڵی (١٩٦٣) کرابوو بە ڕەبایەی جاش، پێیان ئەوتن (فرسان صلاح الدین) کە هەمووی خەڵکی دەوروبەری هەڵەبجە بوون، گوندەکان کە ژیانیان لە خەڵکی شار هەراسان کردبوو خە ریکی شەڕە عەشایەر بوون، هەر ئەو سااڵە مستەفام دی واتە سااڵی (١٩٧٢) وتم ئەو کەمانچەم با حەفتەیەک لا بێت، وتی باشە، بەڵام لە مااڵی قادری خەیاتە لای کاوەی کوڕی و هەر ئەو ئێوارە چووم بۆ لای کاوە ماڵیان بەرامبەر سەرا کۆنەکە بوو، یەکسەر کاوە هاتوو کەمانەکەی دامێ، ئای لەو ساتە خۆشە! کەمانم هێنا بۆ ماڵەوە تا سەعات ١٢ی شەو ئاوێزانی بووم، هیچ گۆرانیم نە ئەزانی، هەر قەوسم پێدا ئەهانی پەنجەشم وەک چۆن کەبابچییەک کەباب دروست ئەکات ئاوا بەکارم دەهێنا، هەر چوار پەنجەم بەکاردەهێنا، ئاخر ناهەقم نەبوو چونکە مامۆستایەک نەبوو هیچ زانیاریەکم بداتێ.

هەر سااڵی (١٩٧٢) بوو هاوینەکەی چووم بۆ سلێمانی لە ئۆرزدی باک ئۆکۆردیونێکم کڕی بە (٧) دینار، بچوک بوو، هەر دوگمەی سپی لەسەر بوو، من ئەو کاتە لەگەڵ هەندێ برادەرم لە گەڕەکی مااڵی (مامە حەمە)م تیپێکی فوتبۆڵێنمان دروست کردبوو بە ناوی تیپی وەرزشی مەهاباد کە ناوی ئەندامەکانی هەندێکیانم لە یادە (لەتیفی مامە حەمەم، ئەدهەمی مەلا عەلی، ئەحمەدی حەمە عەلی نانەوا، ئەحمەدی قادر، جەمالی شێخ حەسەن) هتد ، ئەو کاتە لە پۆلی چواری گشتی بووم، ئۆکۆردیۆنەکەشم هەبوو، ئیتر شەوان دوای یاری فوتبۆڵێن

Institut Kurde de Paris

کۆئەبوینەوە، نزیک باخی گشتی بەرامبەر شارەوانی. من دوو سێ گۆرانی فێر بووبووم لەوانە (گەردوون من چی بکەم چیم دەسەڵاتە – چاو کاڵ خوێن شیرین دڵ موبتەلاتە) یەک دوو گۆرانی تر. یاریگایەک هەبوو پشت قوتابخانەی ئەحمەد موختار جاف لەوێ یاریمان ئەکرد پێش ئەوە لەپۆلی چوار لەگەڵ قوتابیانی پۆلەکەمان تیپێکمان پێک هێنابوو، ئەو کاتە یاریگاکە نزیک لە گوڵان بوو، یاریەکی ترمان کردبوو، من گۆڵێکم کرد لە (بورهانی جیهادە فەنی)کە گۆڵچی بوو، هاوڕێکانم ئەو کاتە لە پۆلەکەمان (حەمیدی مەلا خەرامان، سەرکۆ ئەحمەد، ئەفراسیاب ئیبراهیم ، ئەمین حەیدەر، زۆر هانیان دام، ئیتر لە تیپی مەهاباد زۆر یاریمان کرد تا ڕۆژێکیان لەگەڵ تیپی وەرزشی (ناتیق) کە حەکیمی مەلا سالح سەرپەرشتی ئەکردن لەپاڵ مندا تۆپەکە هات و بەرزبووەوە ... حەکیم و جەمالی شێخ حەسەن خۆیان هەڵدا بۆ تۆپەکە و هەردووکیان بەرز بوونەوە و سەریان بەر یەکتر کەوت، ئای لەو ساتە وەختە حەکیم زوو هەڵسایەوە بەڵام جەمال نا ...کەوت ئیتر دوای یاری برا بۆ نەخۆشخانە وە هەموومان چووین لەگەڵی، هەر چاک نەبووەوە، نەخۆش کەوتوو، چەندین دکتۆریان برد تا بەغداش بردیان، من لەو ڕووداوەوە زۆر ترسام، ئیتر ببڕای ببڕا هەرگیز تۆخنی تۆپ نەکەوتمەوە، خەریک بوو حەکیم بدەن بە دادگا، بەڵام باوکیان شێخ حەسەن وتبووی خۆ بەئەنقەست نەبووە، ئەمە قەدەرە...



یادەوەرییەکی وێنەیی
ساڵی ١٩٧٢


Institut Kurde de Paris

گەر تۆزێک دوور کەومەوە لە مۆزیک هەر لە ساڵی (١٩٧٢)زۆرانبازێکی (مصارع)عێراقی کە لە ئەمریکاوە هاتبووە، زۆر ناوبانگی هەبوو، هەموو عێراقی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبوو، ئەو زۆرانبازی لەگەڵ زۆرانبازانی جیهانی ئەکرد، چەندین (زۆرانباز)یان میواندارى ئەکرد بۆ ئەوەی زۆرانبازی بکەن.

ئەوی لەبیرم بێت(جۆن لیز) کە بەریتانی بوو،جۆ فرێری کە قەڵەوێکی کەتەبوو، فەرەنسی بوو) و چەندینی تر ناوەکانیانم لەبیر نەماوە، زیاتر بەشەو تەلەفزیۆنەکان یاریەکانیان پەخش ئەکرد، ئەو کاتە تەلەفزیۆن کەم بوو، ئێمە هەمان بوو، ئیتر ئەو گەڕەکە لە سەر تا خوار بەژن و پیاوو منالّەوە ئەهاتن بۆ مالّمان بۆ بینینی ئەو یاریيە کە پێش نمایش کردن تەلەفزیۆن ڕێکلامی بۆ ئەکرد، ئەو کاتانەش تەنها یەک کەنالّ هەبوو ئەویش تەلەفزیۆنی کەرکوک بوو، پێش دەست پێکردنی یارییەکە ڕێکلامەکە پێشەکی مۆسیقای گۆرانی (زی الهوی)ی عبدالحلیم حافظ کە ئەو کاتە باوی بوو کە ساڵی (١٩٧٠) (بەلیغ حەمدی) ئاوازی بۆ دانابوو تەنانەت شەو خەڵکانی لادێکانی نزیک هەڵەبجە و شارەزوور بە سواری جێب ئەهاتن بۆ بینینی ئەو یارییانە، چونکە زۆرسەرنج ڕاکێش بوو، لە چایخانەکان سەیری ئەویارییەیانەیان ئەکرد، هەموو جارێکیش عدنان القیسی ئەو یاریانەی ئەبردەوە، ئیتر حکومەتی ئەو کاتەی بەعس کە ئەو کاتە ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆک کۆمار بوو نازانم بۆ سەرقاڵ کردنی خەڵک هێنابووی یان شتی تر، ئەم یارییانەیان دەبرد بۆ پارێزگاکانی عێراق لە پێشدا بۆ بەسرە، موسڵ، نەجەف، حلە. مانگی شەش بوو تەلەفزیۆن ڕیکلامی کرد کە ئەو یارییانە دەهێنن بۆ سلێمانی، منیش زۆر حەزم لەوە ئەکرد کە عەدنان قەیسی ببینم و پێش ئەوە بە یەک دوو ڕۆژ چووم بۆ سلێمانی بۆ مالّی پورە فاتمم خوشکی باوکم ئەو کاتە مالّیان لە ئیبراهیم پاشا بوو، بۆ ڕۆژی نمایشەکە لەگەڵ فاروقی پورم کە(ئێستا دکتۆرە) لە ئیبراهیم پاشاوە تا (مەلعەبەکە)لە گەڕەکی چواڕباخ بە پێ ڕۆشتین تا ئەو یارییە ببینین، کە گەشتینە ئەوێ هەرچی پلیکانەکانی بوو پڕ بووبوو لە خەڵک لە گەنج و پیرو منالّ هیچ شوێنێک نەمابوو بۆ دانیشتن، لە ناوەڕاستی یاریگاکە ستێجی زۆرانبازییەکەیان دروست کردبوو(حلبة المصارعة) بەپالّەپەستۆ لە تەلبەنەکانەوە خۆمان کرد بە ناو یاریگاکە و لەسەر زەوی دانیشتین ویاری

Institut Kurde de Paris

دەستی پێکرد، بیرم دێت جلەکانی عەدنان قەیسی سوورێکی جەرگی بوو، سەیرم لێ دەهات، چونکە لە تەلەفزیۆن ڕەش و سپی بوو وام ئەزانی هەر جلی ڕەشی لەبەرە، چونکە ئەو کاتە تەلەفزیۆن ڕەش و سپی بوو، وە ئەسمەرێکی کەڵەگەت بوو، لەگەڵ دوو سێ کەسیان یاری کرد لەوانە جۆن لیز و جۆ فریزی و یاری زانێکی تری سورو سپی کەچەڵ بوو. ئیتر هەموو هاواریان ئەکرد عەدنان . عەدنان. ئەوە یەکەمین جارم بوو یاری مصارعة ببینم چێژێکی زۆرم لێدی. ئێوارە هەر بە پێ گەڕاینەوە بۆ مالّی پوورم و چەند ڕۆژێک لە سلێمانی مامەوە لەگەڵ فاروق ئەچووین بۆ سینەما ڕەشیدو سیروان و دڵشاد کە ئەو کاتە باوی فلیمەکانی (ماجستی، هەرقل، تەڕەزان) واتە فلیمی عەسابە بوو دوای ئەوە گەڕامەوە بۆ هەڵەبجە.



Institut Kurde de Paris

دامەزراندنی تیپی مۆزیکی هەڵەبجە

زستانی ساڵی (١٩٧٣) لە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بەشی وێژەیی بووم، ئەو کاتە حسێن عبدالکریم برای مەلاباقی لە قوتابیان بوو..مستەفای کەمال خەفاف لە ماموستا ناسری حاجی تۆفیق کەمانێکی لێکڕیبوو بە پارەی مەلاریا، مانگی بە دینارێک قیست، ئەو کاتە هاوینان تەلەبە یان چەند تەلەبەیەک خۆیان ناونووس ئەکرد بۆ ماوەی چەند مانگێک ئەچوون بۆ لادێکان دەرمانی دژی مەلاریا کە نەخۆشی لەرزو تابوو دەڕژاند، کە تەواو دەبوون موچەیەکیان دەدانێ.

ئیبراهیمی حەمە سەعیدی حەمە ئەمینی حەلاو، تۆزیک شمشاڵی ئەزانی، تەپڵێکیشیان بۆ من پەیدا کرد، من ومستەفا و ئیبراهیم پێکەوە چەند گۆرانییەکمان لە گۆڕەپانی سانەوی کوردان ژەند، مستەفا، گۆرانی ئامینێ نازەنینێی دەزانی بژەنێ، هێندەی لێدابوو لەماڵەوە کەمال خەفافی باوکی بێزار کردبوو هەزار جوێنی بە هەرچی ئامین ونازەنین ناوێک دابوو، ئەم باسە ئومێد دواتر بۆی گێڕامەوە، لەوێدا ئەوە یەکەمینجار بوو من ئیقاع بژەنم، چونکە خۆم حەز لەناخم هەبوو، جارجار بە قووتوی شەکرو چا پرۆژەم دەکرد، کە تەپڵەکەم گرت بە دەستمەوە دوای یەک دوو جار پرۆژە لە گەڵیان ڕاهاتم .. ئیتر مستەفا زانی کە من توانام هەیە، هێندەی نەبرد ڕێک لە ڕێکەوتی ١٩٧٣/٤/٢٥ ئێوارەیەکی هەور بوو، ئەو عەسرە نمایشی وەرزشی قوتابخانەکان دەکرا لە پشت قوتابخانەی ئەحمەد موختارجافی ئێستا، گۆڕەپانی یاری بوو، لەوێ دەگەڕامەوە لە کانی قولکە بەرامبەر بارەگای پارتی کە ئەو کاتە شێخ سەعید موفتی بەرپرسی بوو، ئومێدی نوری حەمەی نانەوا و موستەفا لەسەر کورسییەکی تەختە بەرامبەر بارەگاکە دانیشتبوون، مستەفا منی بانگ کردو وتی ئازاد ئەمانەوێت تیپێکی مۆسیقا دروستبکەین، سبەی وەرە پێکەوە کۆدەبینەوە، من ئومێدم نەئەناسی، چونکە پێنج ساڵێک لە من گەورەتربوو، ئەو ئۆکۆردیۆنەی کە من ویستم بیکڕم، جەمالی مەلا قادر پارەی دابوو بە قەرز بە ئومێد لە عوسمانی ڕەسامی کڕیبوو، منیش ئامێرم نەبوو، بۆ ڕۆژی دوایی شوێنمان نەبوو، مستەفا، ئومێد، من. ئەوان بە حیکمەتی

Institut Kurde de Paris

حاجی تۆفیقیشیان وتبوو تۆزێ شمشاڵی ئەزانی، منیش دراوسێیەکمان بە حەسەن ڕەشید قەسابم وت ئەویش حەزی لێبوو، ئازادی مەحمودی سەڕاجیشمان لەگەڵ بوو، چووین بۆ نزیک حەمەوغان لە ژێر سێبەری دار تووپەک دانیشتین، پێکەوە سەعاتێک زیاتر لەوێ بووین، دوایی چووین لە سەر ئاشەکەی شێخ وەلی لە گوڵان دانیشتین، من ئەوە یەکەمین جارم بوو گوڵان ببینم سەیرم لەم هەموو باخ وباخاتە ئەهات، هەر ئەوەندە بووین، لە ڕێگای کانییە کوێرە بووین، ئومێد وتی ڕۆژێک ئەبێت ئەڵێن ئێمە یەکەمین تیپی مۆزیکمان لە هەڵەبجە دامەزراندووە !! ئیتر جار جار پێکەوە ئەچووینە ئەم قوتابخانە یان ئەو ژوور، خۆمان بە مۆسیقاوە خەریک ئەکرد چوارپێنج کەس بووین، چونکە حەسەن ئامێری نەبوو ئیتر ئەو دابڕا تا ساڵانی (١٩٧٧) ماوەیەک هاتەوە دوایی وازی هێنا، پاشان حەمەی ئەحمەدی مسگەریش لەگەڵمان بوو کە فەرمانبەری فەرمانگەی کشتوکاڵ بوو ژۆر لە ئێمە گەورەتربوو دوایی وازی هێنا، ئیتر تا ئەو کاتە کە شوێنمان نەبوو لە هاوینەکەی لە بارەگای یەکێتی قوتابیان کۆ ئەبووینەوە لە پاڵ مالّی سەعید خەڵەف، ئەو کاتە کاک محەمەدی غەفور شەریف لێپرسراوی قوتابیان بوو، ئیتر لەوێ پرۆڤەمان ئەکرد وتیپەکەمان ناونا (تیپی مۆسیقای هەڵەبجە)و چەند کەسێکی تر هاتن لەوانە حیکمەتی حاجی تۆفیق بۆ شمشاڵ، فوئادی حەمەی مەحمود ئەفەندی قوتابی پیشەسازی بوو لە سلێمانی هاتەوە ئەو مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی خاڵی بوو لە زانکۆی سلێمانی بوو کەمانێکی ئەڵمانی ڕۆژهەڵاتی خستە ئەستۆی و٣ ژێی پێوە بوو ناچار ژێی صۆل بە پەتی تەزبیح بۆمان قایم بەست، منیش دایکم یەک لیرەی ڕەشادی بۆ فرۆشتم بە(٥) دینار باوکیشم (٥)دیناری تری دامێ بوو بە (١٠)دینار ئیتردوای ئەوە کە پارەکەم پێ بوو بۆ کەمان ئەگەڕام مانگی ٥ی هەمان ساڵبوو، حەمەی ئەحمەدی مسگەر کەمانێکی چیکۆسلۆفاکی لەگەڵ ئۆکۆردیۆنێک هەبوو، نیوەڕۆیەکی هاوین بوو من و ئومێد چووین بۆ مالّی کاک محەمەد و هاتە دەرەوە سەودای کەمانەکەمان کرد بە(١٠) دینار پێی فرۆشتم، کەمانچەیەکی چیکۆسلۆفاکی ڕەش بوو زۆر دڵم پێ خۆش بوو، ئیتر دوای ئەوە هەندێ ئەندامی تر هاتن بۆ لامان وەک مۆزیکژەن : شازادی شێخ کەریم کە پێکەوە لە پۆلێک بووین، عەزیزی مستەفا بەگ کە خوێندکار بوولەئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆ، سەروەتی حەمە کەریم

Institut Kurde de Paris

کوردستانی ماوەیەک هات بەڵام بەشدار نەبوو لە چالاکی، دواتریش وەک گۆرانی بێژ : سەرکۆی ئەحمەدە فەنی، سیروانی عەلی ڕەزا هاواری، بورهان عبدالرحمن چاوەش، سەربەستی ڕەئوف تەوێڵەیی، بەختیاری وەستا هاشم، دوایش هەندێک کۆرس هاتن کە ناوەکانیان لە وێنەکان ئاماژەی پێدەدەین .

سەیر لەوەدا بوو کە ئێمە ئەمانویست ناوی تیپی مۆسیقای هەڵەبجە بێت بە ناونیشان، قوتابیانیش ئەیانوت ئەبێت ناوی قوتابیانی لەسەر بێت، ناچار بووین کە بە وردی لێی بنووسین، نەوزادی حاجی ئەمین خۆی خۆشنووس بوو پێکەوە لە یەک پۆل بووین ئەو تابلۆکەی بۆ نووسین، ئەم وێنەیە یەکەمین وێنەی ئەو تیپەیە کە لە مانگی ٦ی ئەوساڵە بە کامێرای سەروەتی حاجی حەمە کەریم کوردسانی گیراوە.



Institut Kurde de Paris

لەڕاستەوە مۆزیک ژەنەکان: عەزیز بابان، سەروەت حەمە کەریم، ئومێد نوری، فوئاد محەمەد مەحمود، ئازاد سالح

ئەوەی بە پیێوە کەمان دەژەنێ: مستەفا کەمال

کۆرسەکان: ئەسکەندەر حەمە فەرەج کوێخا، خەلەف سەعید خەلەف، نەوزادحاجی ئەمین، سەرکەوت

هەڵبژاردنی سەرۆکی تیپی مۆسیقای هەڵەبجە

ئیتر ئێمە بە درێژایی ئەو چەند مانگە پرۆژەمان کرد، هیچ کاممان نۆتەی مۆزیکمان نەدەزانی مستەفا ناوی ژێکانی کەمانی دەزانی نازانم لە کوێوە فێربووو؟، هەروەها شوێنی پەنجەکانیش، وەک وتم لە بارەگای یەکێتی قوتابیان پرۆژەمان ئەکرد، من و فوئاد و مستەفا ئامێری کەمان و حکمەتیش شمشاڵ، شازادی شێخ کەریم نەقشبەندی بۆ ئیقاع، بەڵام ئامێری تەپڵمان نەبوو، ناچار سەرکۆی ئەحمەد ئەفەندی چوو بۆ سلێمانی تەپڵێکی شەربەی بۆ کڕین، بە پارەی خۆمان یەکی سێ پەنجاییمان دا.

لەو کاتی پرۆژەدا مامۆستا ناسری حاجی تۆفیق سەردانی کردین کەمانی دەزانی بیرم دێت گۆرانی بەلەنجەی دەژەنی، من بە دەستی چەپ کەمانەکەم دەگرت وتی نابێت گەر بە دەستی چەپ بیژەنیت کەوانەکە ئەچێت بە چاوی هاوڕێکەی ترت، ئەوە بۆ من ئاسان نەبوو کە لە دەستی چەپەوە قەوسەکە بە دەستی ڕاست بگرم، بەڵام ناچار بووم خۆم بکەم بەڕاستە، دوای ئەو مامۆستا عوسمان محەمەد ئەمین کە لە تیپی مۆسیقای سلێمانی بوو وە خزمی مامی عوسمانی ڕەسام بوو هات بۆ لامان بۆ یەک ڕۆژ باسی نۆتەی کرد بۆمان ، من پرسیم مامۆستا بۆچی کەمان چوار تەلە و پێنج هێڵی مۆزیک هەیە؟ وتی دوایی ئەزانیت، دوای ئەوە چەند گۆرانییەکی ژەند وەک سۆیلە بااڵ بەرز، وتی ئەم گۆرانییە چارەکە تۆنی تێدایە، هەر نەشم ئەزانی چارەکە تۆن چییە تا دوایی، ئیتر من بە شەو و ڕۆژ کەمانم بە دەستەوەبوو، تا ڕاهاتم بە گوێ چەند گۆرانییەک فێربووین، پاشان هاتنە سەر دەست نیشان کردنی کەسێک بۆ سەرۆک تیپ من لە هەموویان منااڵ تربووم کێبڕکێ لە نێوان ئومێدو مستەفا زۆر بوو، یەکێتی قوتابیان مستەفایان تەزکیە کرد ئەو کاتەش حزبایەتی بوو، من هە ر گاڵتەم لێ ئەهات، بۆیە لە وێنەکەدا مستەفا بە پێوەیە وەک سەرۆک تیپ خۆی نمایش کردووە، پاشان قوتابیان ویستیان ئاهەنگیک بگێڕن، ئیتر کەسانێک کە حەزیان لە گۆرانی بوو سەردانیان ئەکردین، لەو لاشەوە محەمەدی غەفور شەریف کە

Institut kurde de Paris

لێپرسراوی قوتابیان بوو، شانۆگەرییەکی نیشتمانیی نووسیبوو بە ناوی (وزەی بیر و بازوو) لە هۆڵی سانەوی کوڕان جەمالی مەلا قادر دەرهێنەری بوو لەگەڵ شانۆگەرییەکی کۆمیدی ناوکەییم لە بیر نەماوە، دوای ئەوە سەباحی ئەحمەد ئەفەندی بۆ گەورەی سەرکۆ، چوو بۆ سلێمانی بلیتی چاپ کرد، بلیتی بە(٢٥٠)فلس، ئیتر خۆمان ئامادە کرد بۆ نمایش کردن، ئامێری دەنگ هەر ئەمپریفایەری مزگەوت بوو، فوئادی حەمەی مەحمود ئەفەندی لە ئامادەیی پیشەسازی بوو بەشی کارەبا، چەند مایکێکی بە موکەبەرەی رادیۆ دروست کرد، لای ئاسنگەریش بە لەحیم چەند ستاندێک بۆ مایکمان دروستکرد، هەندێ خوێدانیش هەبوو لە شێوازی هێلکە، مایکەکانیشی خستە ناویان، سێ چوارێکی دروستکرد، بۆکەمان و شمشاڵ، ئۆکۆردیۆنەکەی ئومێد دەنگی بەرز بوو پێویستی پێی نەبوو، گۆرانی بێژ مایکی سەرەکی جهازەکە بوو، تەپڵ و دەفیش پێوستی نەبوو، ئیتر چەند شەوێک لە هۆڵی سانەوی کوڕان جەنەڕال پرۆڤەمان کرد شەوێکیان جەمالی مەلا قادر لە یانەی فەرمانبەرانەوە عوسمان چێواری لەگەڵ بوو هاتن بۆ لامان زۆر هانیانداین، شەوێکیش مامۆستا حەمە فەرەج ئەحمەد حەمە مراد هات، ئەویش زۆر هانی داین ، کاتی نمایش نزیک بووەوە ، شەوێک پێش ئەوە مستەفا هێنـدە وردبـوو بە بۆیاخی ڕەش شـوێنی ئەو کورسییانەی دیاری کردبوو کە لە سەر شانۆکە لە سەری ئەمان ویست دانیشین، بۆشەوی ١٩٧٣/٧/١٤ یەکەمین نمایشمان ئەنجام دا بۆ ماوەی ٥ شەو بەم شێوەی خوارەوە کە کاتی خۆی بە وردی نووسیومەتەوە:

مۆزیک ژەن	ئامێر
ئازاد سالح	کەمان
فوئاد محەمەد مەحمود	کەمان
مستەفا کەمال خەفاف	کەمان
ئومێد نوری	ئۆکۆردیۆن
حیکمەت تۆفیق	شمشاڵ
عزیز بابان	دەف زنجار
شازاد نەقشبەندی	ئیقاع

Institut kurde de Paris

گۆرانی بێژ	ناوی گۆرانی	ئاواز
کۆرس	سروودی کوردسان	ئومێد نوری
سەرکۆ ئەحمەد شیرین	هەلامە	فۆلکلۆر
سەرکۆ ئەحمەد شیرین	مەمکوژە بە ناز	ئاوازێکی میسری بوو
هۆشیار ئامەی زەریف	جوانی لای بانە	حەسەن زیرەک
بەختیار هاشم	ڕاستەی خیابان	عەلی مەردان
بورهان عبدالرحمن بارچاوەش	لایە لایەت بۆ ئەکەم	حەسەن زیرەک
سیروان عەلی ڕەزا	ڕەفیقان	سیروان
سەربەست رەئوف تەوێلەیی	بەلەنجە گیان	فۆلکلۆر

کۆرسەکان : بەختیار محەمەد مەحمود، ئیبراهیم شێخ ساحب، کامەران کەمال خەفاف، واحید مەلا ئەحمەد خەرامان، سەرکەوت ئەحمەد مەحمود

Institut kurde de Paris

یەکەم ئاهەنگمان پێنج ڕۆژ بەردەوام بوو

پاش ئەوەی کە بۆماوەی (٥) ڕۆژ ئەو ئاهەنگەمان گێڕا، لەگەڵ شانۆگەرییەکە کە هەندێ ئەکتەر بەشداریان تێدا کرد لەوانە (نەژاد شێخ عارف، غازی مەلا عەلی، ئەکرەم محەمەد، سەعدی نەقشبەندی، عەبدولی حسەینی نانەوا) چەندینی تر کە ناویانم لە بیر نەماوە.

لەبەرواری ١٩٧٣/٧/٢٠بە پیکابێکی (شۆفرلێت)کە خاوەنەکەی ناوی عەلی بوو برا گەورەی (زیوول) بوو، چووین بۆ تەوێلە، لە قوتابخانەی ناوەندی تەوێلە، دوو شەو لە ناو گۆڕەپانەکەی، نمایشمان کرد، ئێمە نێوان دوو پایەمان کردبوو بە شانۆ و پەردەمان بۆ دروستکردبوو، یەکەم شەو شازاد لەبەر ئەوەی لە شێخانی نەقشبەندی بوو بۆ ئەوەی کەس وکاری لە تەوێلە نەزانن کەئیقاع لێدەدات بەشدار نەبوو، من لە جیاتی ئەو ئیقاعم دەژەند چونکە پێشتر خۆڕسکانە دەمزانی بیژەنم، وە پیاوێک بە ناوی عەلی کە شۆفێر بوو، بڕای حسەشا، بەشدار بوو لەگەڵمان گۆرانی (داد هە ی دادە هەی ڕۆ ڕۆ)ی وت، کوڕێکیش هەبوو ناوی ناسر بوو

پرۆژەی کرد لە گەڵمان، بۆ نیوەڕۆکەی فەتاح ئاغا کە لێپرسراوی هێزی خەبات بوو لە قوتابخانەکە داوەتی نیوەڕۆی کردین.

بۆ شەوی دووەم شازاد شێخ کەریم بەشداربوو، بەڵام لە پشت پەردەکەوە ئیقاعی دەژەند بۆ ئەوەی نەبینرێت، ئەم ئاهەنگانە بۆ ژن و پیاو بوو پێکەوە.

بۆ ڕۆژی دووهەم لەگەڵ سەعدی نەقشبەندی چووین بۆ باخێک چەقۆیەکم کڕیبوو فە ریکەگوێزم لەت دەکرد، نەمزانی چەقۆکەم کرد بە ناو لەپی دەستی خۆمدا تا ئێستاش شوێنەوارەکەی دیارە، ئەوەیەکەمجار بوو من لە ماڵەوە دوور بکەومەوە.

شەوی دووهەم کە تەواو بوو، چوومەوە بۆ هەڵەبجە، بۆ ڕۆژی دوایی گەڕامەوە بۆ خورماڵ کەئەوانیش هاتبوون، شەوێکیش لەقوتابخانەکەی نزیک ناو بازاڕی خورماڵ نمایشمان کرد، وە جەباری حاجی کەرەم خان پێی وابوو دەنگی خۆشە هاواری نوری حەلاو ناردبووی بۆ لامان لەگەڵمان گۆرانی (هەڵاڵە وزەمزەمەی)ی حەسەن زیرەکی گووت.

بۆ شەوی دواتر چووین بۆ پێنجوێن، ڕێگاکەی قیرتاو نەکرابوو جادەکەی زۆر سەختبوو هەموو گیانمان بوو بە تۆزو خۆڵ، دوو شەویش لەوێ بووین لە قوتابخانەکەی پێنجوین زۆر دڵگیر بوو، فوئادی حەمەی مەحمود ئەفەندی کە لە پیشەسازی بوو هاوڕێیەکی پێنجوێنی لەگەڵی قوتابی بوو ناوی محەمەد بوو بردینی بۆ(بلکیان)باخ وباخاتێکی زۆردڵگیر بوو، یەکەمجار بوو ببینم، لە پێنجوێن خواردن هەرزانتربوو، دوو چا بە پێنج فلس بوو، لای خۆمان یەک چا بە پێنج فلس بوو، دوای ئەوە هاتینەوە .

ئاهەنگی دووەمی تیپی مۆسیقای هەڵەبجە

لە مانگی هەشت لە ١٦ی ئابی هەمان ساڵ (١٩٧٣) لە گۆڕەپانی دواوەی سانەوی کوڕان، ئاهەنگێکی ترمان کرد بەبۆنەی دامەزراندنی (پ.د.ک) ئەو کاتەش بۆ بۆنە حیزبییەکان ئێمەیان بەکار دەهێنا، هەرزەکار بووم گوێم لەو شتانە نەبوو، چەند سرودێکمان پێشکەشکرد بۆ یەکەمجار عومەری خەزان گۆرانییەکی وت

Institut kurde de Paris

زیاتر مەقامی هماڵۆنی ئەوت: (مانگی کورد لە ئاسمان دەرکە)ی وت، بەم شیعرە دەستی پێ دەکرد، لەوکاتە کوڕێکی خۆش مەشرەب پەیمانی حسەینە ئەفەندی کە خەڵکی سلێمانی بوون باوکی لە شارەوانی فەرمانبەر بوو بەشدار بوو لە گەڵمان حەزی لە ئیقاع بوو نەمان بوو نازانم (صنج)ێکیان پەیدا کردبوو کە ئامێرێکە وەک ساج وایە دووداندەن دەیکێشن بەیەکدا دەنگی دێت، زیاتر لە مۆزیکی سەربازی و کەشافەی قوتابخانەکان بەکاردێت، ئەوەی لە بیرمە لە کاتی نمایشەکە کورسی بۆ فوئاد نەمابوو لەسەری دانیشێت لە پاڵ منداڕاوەستابوو، باڵا بەرز بوو کە قاچی لەگەڵ ئیقاعەکە دەدا بەزەویدا هەموو گیانی منی کردبوو بە تەپوتۆز.

ئیتر هەر لە یادەوەری حزبی بەشداریان پێ دەکردین لە (١٩/١١/ ١٩٧٣) بەردەرگای لاوان بە بۆنەی ١١ی ئەیلولەوە یادی دەست پێکردنی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی (١٩٦١) بەرامبەر ئۆرزدی جاران ئاهەنگێکیترمان سازکرد لەوێدا مستەفای کەمال خەفاف گۆرانییەکی حەسەن زیرەکی وت (کەویار)، لای خەڵک خۆشبوو، دوای ئەوە تەواوبووین چووین بۆ چایخانەی ئەورەحمان (خاڵە)دەست خۆشی لێکردو وتی بەخوا مستەفا مەقامەکەیت خۆش وت، جاران کە ئاهەنگێک دەکرا خەڵک و خوا هەمووی کۆ دەبوونەوە و چێژی هونەری سەرنجڕاکێش بوو.

مستەفا و خاڵە سوعبەتیان هەبوو، منیشیان فێری چایخانە کرد تا ئەو کاتە نە ئەچوومە چایخانە، جار جاریش من و فوئادو مستەفا دەمە وعەسر لای غەفوری سەمونچی سێ چوار سەمونی گەرمان دەکڕی و بەچای گەرمەوە دەمانخوارد.

من و مستەفا و فوئاد و چەند برادەرێکی تر زۆر ڕۆژ پێکەوە بووین، تەنانەت ڕۆژێکیان وتمان با سەیرانێک بکەین لە باخەکەی شێخ وەلی لە گوڵان، کانییەکی لەخوارەوە تێدابوو مانگی ئابی (١٩٧٣) بوو، من و مستەفاو فوئادو یاسین مەحمود و ئیبراهیمی عەلی میرزا تۆفیق کە هاوڕێی من و دراوسێی فوئاد بوو، چووین بۆ سەیران لەو باخەدا وە کەمانیشمان بردبوو وە سەیرانێکمان پێکەوە کرد، ئەو وێنانەش لای کاک ئیبراهیمی عەلی میرزا تۆفیق بوون کە بە سوپاسەوە بۆی ناردم و بڵاوی ئەکەمەوە.

Institut Kurde de Paris



شوێن: هەڵەبجە، گوڵان، لە ڕاستەوە: ئیبراهیم عەلی میزا تۆفیق، ئازاد سالح. ساڵی ١٩٧٣



Institut Kurde de Paris

بەزۆر کردیانم بەسەرۆکی تیپی مۆسیقای هەڵەبجە

پاش ئەوەی ئەندامان لە قوتابیان نەماین ئیتر ماوەیەک شوێنمان نەبوو، ئومێد بە حوکمی ئەوەی پاسەوانی سنوور بوو لە بارەگای پارتی دەوامی ئەکرد، لەکانی قوڵکە خانوویەک هەبوو لە دوو بەش پێکهاتبوو بەشی ژێرەوەی ژێر زەمینێکی هەبوو دیوارەکانی بەرد بوون وەک کەڵەک لەسەر یەک ڕیز کرابوون زۆر کۆن و ناخۆش بوو وەک تەویلە وابوو پڕ بوو لە کێچ، ماوەیەک لەوبارەگایە بووین دوایی چوینە بینای لاوان مالێک بوو بە شێوازی ڕۆژهەڵاتی دروست کرابوو بەڵام کۆنکرێت بوو، لەو کاتەدا وابزانم قادری سۆفی سەعید یان فەرەجی حەمە ساڵح، لێپرسراوی لاوان بوون، ئەمە سەرەتای ساڵی (١٩٧٤) بوو، ئیتر ئومێدو مستەفا ڕکابەر بوون لە سەر ئەوەی کامیان ببنە لێپرسراو ..من هەرگیز لەو بیرکردنەوانەدا نەبووم هەر هەستم پێ نەدەکرد ئێوارەیەکیان دەمویست بچم بۆ دوکانی باوکم لە پیرمحەمەد لای مالّی حاجی عیزەتی خاڵی باوکم کە خانوویەکی دوو قات بوو بەرامبەر کۆڵانی هەورامییەکان، ئومێدو مستەفام دی، هاتن بۆ لام وابزانم کەسیان قبوڵی ئەوی تریانی نەکردبوو، ئومێد وتی هەردووکمان گەیشتوینەتە ئەو بیرۆکەیەی کە تۆ بکەینە لێپرسراوی تیپەکە، من هەرئەو شتانەم لە خەیاڵ نەبوو لە هەموشیان منداڵتر بووم، بە تۆپزی سەپاندیان بەسەرمدا، هیچم لە ئیدارە نەدەزانی، مەبەستی من بەس مۆزیک بوو، دوای ئەوە وتیان خۆمان ئامادە ئەکەین بۆ یادی قوتابیان لە مانگی (٢)ئیتر لە لاوان کەوتینە پرۆڤە کردن، لەو کاتانە حیکمەت لە دار المعلمین لە دهۆک وەرگیرابوو لەگەڵ مامۆستا جەمال محەمەد ناسراو بە جەمالی حەمە ڕێوی و حەمەی سەید قادر، فوئادیش لە پیشەسازی سلێمانی بوو لە دەوام بوو، کاتی هاوین پەیمانمان لەگەڵ بوو، بووە ئیقاع ژەن، کورێکی ڕۆح سووک بوو، دوایش کاوەی قادری خەیات هات کەمێک شمشاڵی دەزانی دەستمان کرد بە پرۆڤە، ئومێد شیعرێک و ئاوازێکی سروود ئامێزی دانا تا ئێستاش ئاوازەکەیم لەبەرە بەم هۆنراوە دەستی پێ دەکرد (پارتی پێشرەوی گەلە/ هەڵقوڵاوە لەم گەلە/بە پشتیوانی سوپا/ نانەوێ قەت ئەم گەلە)هتد، مستەفاش پارچە مۆزیکێکی دانا بەناوی(شنرۆێ) منیش لە منالّیەوە هۆگری شمشاڵەکەی مینە ببوم لە

Institut Kurde de Paris

کتێبخانەکەی عومەری کاکی کە بەرامبەر دوکانی باوکم بوو ڕۆژنامەی ژینم دەکڕی .شیعرێکی(لەتیف شێخ عارف) ناوێک سەرنجی ڕاکێشام کردم بە ئاوازێک کە سوودم لە هەندێ لەمیلۆدییەکانی شمشاڵەکەی مینە وەرگرت، کۆرسەکان وتیان، لەو کاتەدا کامەرانی ئەحمەدی کارەباش هاتە لامان بوو بە کۆرس و عەلی سەعید جەواهر بۆ دەنگی حەسەن زیرەک باشبوو، ئازادی مەحمودی سەڕاجیش چ وەک گۆرانی چ وەک دەف بەشداری کرد، حەمە سەعید بڕای مەجید حەسەن زیرەک، کەمال محەمەد ئەمین وهەندێکی تر .

پێشکەشکاری ئاهەنگەکە دوو کەس بوون شێخ عە لی : (خولە کەشکۆڵ) و مامۆستا حەمە سەعید ، نازانم لە کاتی پێشکەش کردندا بوو بە دەمەقاڵەیان، نازانم لە سەر چی بوو ڕۆژێ ١٩٧٤/٢/١٨واتە یادی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیان نمایشەکە دەستی پێکرد، چەند گۆرانییەکی تێدا بوو، لەوانە گۆرانی خاڵەی ڕێبوار: ئازاد سەڕاج و عەلی جەواهیر و سیروان کاکەیی دەیان گووت هەر کەسە و پارچە یەک، بیرم دێت کە خولە کەشکۆڵ پێشکەشی کردن و وتی ئێستاش لەگەڵ جەواهیری و کاکەیی و سەڕاج گۆرانی خاڵەی ڕێبوارتان پێشکەش ئەکرێت، ئەوەی شایانی باسە دوو سێ ڕۆژ پێش کاتێ نمایش پێستی تەپڵەکەمان تەقی، دەی کێ بەردووگی تێبگرێت؟، مستەفا عەلی، گەوهەر ناوێکی ئەناسی کە کرێکاربوو، دنیا باران بوو زۆر سارد بوو، عەلی لە چایخانەکەی باقی چایچی دادەنیشت پاڵ نانەواکەی عەلی حاجی حەمە شەریف دوکانێکی دوورو درێژ، عەسرێک بوو عەلیش چاوێکی کوێر بوو جگەرەی زەلی یەک لەسەر یەک دائەگیرسان، سۆپای دار گیڤەی دەهات نزیکەی دەخولەک لەوێ بووین گیانمان ببوو بە ئارەقی شین و مۆر، وەعدی داینێ بۆمان تێگرێت، بۆ سبەی چووینە مااڵی عەلی لەگەڕەکی جوولەکان لە خانوویەکی گڵی دوقاتی کۆن لە ژورێکدا دەژیا لە قاتی سەرەوە تەنها خۆی بوو، ڕەبەن بوو، واتە ژنی نەبوو، تەپڵ نیوە وشک نیوە تەڕ، ئەو ئێوارە بەهەر حاڵ بردمانەوە، پەیمان عەلادینێکی لە پاڵ خۆی دانابوو زوو زوو گەرمی دەکردەوە، بۆ ماوەی ١٠شەو بەردەوام نمایشمان کرد، بۆ پیاوان و ژنان، شەو دوای شەو خەڵک زیاتر دەهات، ئیتر ئێمە چەندین دیاریمان پێشکەشکرا، کراس، پاندان ،جل، من ست هەتاوی حەمە سەعید فەنی کە ئامۆزای دایکمە، پاندانێکی شیڤەرزی پێشکەشکردم، قادری سۆفی سەعید کراسێک، لە

Institut Kurde de Paris

ناوەڕاستی شەوانی ئاهەنگەکە دوو کچی لاوی ئەو کاتە (ئاوازی جەمالی ئەمین عەلی و ڤیانی حەمە پایدەر) بۆ یەکەمین جارگۆرانییان لەگەڵ وتین بە ناوی (هەی کوێستانی خۆشە گەرمێن)، تیپی نواندنی هەڵەبجە شانۆیی (لە ڕێی ولّات)ی پێشکەش کرد، لە دەرهێنانی جەمال مەلا قادر، نازانم کێ نووسیبووی ئەمەش ئەو بەرهەمانەیە کە پێشکەشمان کرد.

ناوی گۆرانی بێژ	ناوی گۆرانی	ئاواز
کۆرس	سروودی پێشڕەوی گەل	ئومێد نوری
ئازاد مەحمود سەڕاج عەلی سەعید جەواهیر سیروان کاکەیی	خاڵەی ڕێبوار ئەم گۆرانییە بە سێ قۆڵی وتراوە	فۆلکلۆر
مستەفا کەمال	پارچە مۆسیقای شنرۆێ	مستەفا کەمال خەفاف
عومەر خەزان	مەقامی هەمایۆن وگۆرانی کەتانە	فۆلکلۆر
کۆرس	هیوای ژیان	ئازاد سالّح
ئاوازجەمال ڤیان محەمەد	ئەی کوێستان خۆشە گەرمیان	فۆلکلۆر فوئاد ئەحمەد
کۆرس	تابلۆی دەمەو بەیانە	ئەحمەد دەنگ گەورە

شیعری ئاوازی (دەمەوبەیان) دوایی من لە ڕۆژنامەی ڕزگاری لە کتێخانەی گشتی خوێندمەوە کە شیعری (فەتاح کاوە) بوو، ئومێد ئەم ئاوازەی هێنا کە کاتی خۆی لە سلێمانی پرۆڤەیان لەسەر کردبوو بەم شێوازە ماوەی ١٠ شەو نمایشکرا.

من ئەوکاتە لە پۆلی شەشی ئامادەیی بووم خوێندنم هەبوو، ئەمویست نەڕۆم بۆ نمایشەکە، ڕۆژێکیان دانم کێشابوو کردم بە بیانوو نەڕۆم، هەر هەموو هاتن بۆ ماڵەوە، بیرم دێت کۆڵانەکە قوڕو چڵپاو بوو وازیان نەهێنا بە زۆر بردیانم بۆ نمایشەکە. مستەفا وتی با ئەمجارە قات لەبەربکەین، هەموو وامان کرد هەر کەسە و قاتی خۆی هەبوو.

دوای ئەو دە ڕۆژە لە نمایش لەسالّی (١٩٧٤) لە هۆڵّی سانەوی کچان، چونکە یەکەمین سالّ بوو قوتابخانەی سانەوی کوڕان چوونە بینایەکی نوێ کە ئێستا پێی دەڵێن سانەوی ئەحمەد موختارجاف بەڕێوەبەرەکەمان شێخ ساحێب بوو.

Institut kurde de Paris



لە ڕاستەوە : پەیمان حسین ، ئازاد مەحمود سەراج ، کاوەقادر، ئومێد نوری، مستەفا کەمال، من لە پاڵ مستەفادا بووم لەوێنەکەدا دەرنەچووم

گۆرانی بێژەکان : کەمال مەحەمەد ئەمین، عەلی سەعید، سیروان عەلی، حەمە سەعید

کۆرسەکان : ڕزگار عبدالله، سۆران حسەین، بەختیار مجەمەد مەحمود، ئەسکەندەر حەمە فەرەج، کامەران ئەحمەد

Institut kurde de Paris

کاتێ کە لە پۆلی شەشی ئامادەیی بووم هاوپۆلەکانم: سەرکۆ، ئەفراسیاب، شازاد، حەمە سالّح بیارەیی بوو، چیرۆکێکم هەیە لەگەڵی سالّی (١٩٧٣) هەندێ ئێوارە کەمانەکەم لەگەڵ خۆم ئەبرد بۆ دەشت کاتی سە عیکردن دوای بانگ بوو لە گەڕەکی لای مزگەوتی شافعی هەمووی دەشت بوو، کەمانەکەم پێبوو، حەمە سالّح لە نوێژی ئێوارە هاتبووە دەرەوە لە مزگەوت منی دی وتی چۆنیت وتم سوپاس کەمانە کەی منی دی وتی چەندت کوشتووە وتم چی؟ وتی چەند(کەو)ت کوشتووە ؟ وتم بۆ؟ وتی ئەی ئەوە تاپڕ نییە بە دەستەوە؟ وتم ئەوە کەمانچەیە، وتی وەلاّ وامزانی تاپڕت پێیە !! کەسی واش هەبوو، بەڵێ وا فێر کرابوون مۆزیک بڤەیە .

دوای ئەم ئاهەنگە ئیتر دەنگۆی شەڕو ڕێک نەکەوتنی پارتی و بەعس هێدی هێدی بلاّوبووەوە، دنیا بۆنی شەڕی لێدەهات، ئیتر بە سەدان خەڵک ڕوویان کردە هەڵەبجە وقەڵادزێ، هاتنە پاڵ شۆرشی کورد، لە هەڵەبجە ئامادەیی بازرگانییان

کردەوە لە قەڵادزێ زانکۆی سلێمانی، ئیتر هەر ماڵە و چەند کەسێکیان دابەش دەکرد بە سەریاندا بۆ نان خواردن و شەومانەوە، هەر لە سلێمانی، خانەقین، بەغداد، هاتبون پە یوەندیان کرد بە ڕێزی شۆرشە، زۆری نەبرد لە ١٩٧٤/٤/٢٤قەڵادزێ بۆردمان کرا زیاتر لە سەدو پە نجا کەس بوونە قوربانی دوای دوو ڕۆژ واتە لە ٢٦ /٤ /١٩٧٤ دوای ساڵێک لە دامەزراندنی تیپ هەڵەبجەش بۆردمان کرا .

بۆردومانی هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٧٤ دا

دوای یانزەی ئازاری (١٩٧٤) ئیتر بارودۆخەکە ئاڵۆز بوو وەک باسم کرد، زۆربەی شارەکان هاتبوونە هەڵەبجە و قەڵادزێ، تەپڵی شەڕ ئامادە بوو بۆ لێدان. ئێمەی قوتابیانیان خستبووە خولی (بەرگری میللی) ڕۆژێک لە گۆڕەپانی سانەوی کچان کۆیان کردینەوە فێری فریاکەوتنی سەرەتاییان دەکردین (الاسعافات الاولیة)و چۆنیەتی دەرهێنانی بریندار وکوژراوەکان، دابەشیان کردبووین بە چەند تیمێکەوە، دوو سێ ڕۆژ خەریکی چاڵ هەڵکەندن بووین، بە بیرم دێت چاڵێکمان هەڵکەند بەرامبەر خانوویەکی دووقات هەبوو لەکانی قوڵکە بەرامبەر ماڵی حاجی عەلی مایجان، زۆر بێزار بووم لە پاچ وەشاندن، دوای عەسرێکیش چووینە سەیری دژە فڕۆکەکە وەک تۆپ وابوو لەگەڵ چەند دۆشکەیەک بە نیازی ئەوەی فڕۆکەکان بخەنە خوارەوە بۆ بەرزکردنەوەی وەرەی خەڵک دایان نابوو کەواش نەبوو، ئەو عەسرە کە بۆردومانکراین، هەوربوو پێشتر بە دایکم وت من لەگەڵ ئەحمەدی ڕەشیدی قەساب وموعتەسەمی مەلا زاهیر دەچینە دەرەوەی شار، من وئەحمەد تازە فێری شەترەنج ببوین کەخۆم بە بەکرەی خەیاتی داشەکانم دروستکردبوو چونکە هی ڕاستیمان نەبوو..

دوای تۆزێ مۆزیک لێدان وشەترەنج کردن چەند فڕۆکەیەک هاتن، خۆمان کرد بە ژێر چاڵە بەردەکانەوە وەک ئەشکەوت وابوو، ئەسپێک نزیکمان بوو لە ترسی دەنگی ناپاڵم و تەیارە ئەیحیلان، موعتەسەم بە بەرد دووری خستەوە لێمان، کە بۆردومان تەواو بوو هاتینە دەرەوە سەیرمان کرد دنیا بووە بە دوکەڵ بە تایبەت

Institut Kurde de Paris

لای کارگەی پووختە کردنی توتن و گەڕەکی سەرا، یەکسەر وتم دوکانی باوکم پێوە بووە، بە فڕکان ڕامان کرد، من کەمانەکەم پێبوو، شەترەجەکەمان فڕێدا لە لای گڵەجانەکە خۆمان پێدا کرد، شەرمم ئەکرد خەڵک بریندارو تەرم بگوازنەوە منیش کەمانم پێبێت خۆم کرد بەماڵێکدا لەسەر شەقامی سەرەکی تا گەیشتینە ماڵەوە ئەبینم هەموو کەس و کارم و دراوسێ هەموو لە ژێر زەمینی ماڵی فەرەجی عەلی موراد دان. پاش کەمێک ئەبینم عەبدوڵای پورم کوڕی وەستا ڕەشید، باوکم و سەربەستی برامی بە بریندارى هێنایەوە.

تومەز سەقفی دوکانەکە ڕوخاوە بە سەریاندا بەڵام دوکانی باوکم تاقی خشتی هەبوو، کورەیەکی کێک و شەکرلەمەی دروست کردبوو، وەجاخی هەبوو چووبوونە ژێر وەجاخەکە لەگەڵ پیاوێک ناوی جەمیل بەگ بوو سەربەستیش چوو بووە ژێر مێزی کێک دروست کردنە، بۆیە بریندار بوون ئەگینا ئەمردن، لە هەیوانی ماڵی کاک فەرەج دەمو چاوی باوکم ئەشت وپاکم ئەکردەوە سەری خوێن بوو لەو کاتەدا یەک تاک پێڵاوی لە پێدا مابوو وتەیەکی وت هەم مایەی پێکەنین و گریان بوو، وتی ئازاد بڕۆ تاکی پێڵاوەکەم بۆ بێنەرەوە وا وڕوکاس ببوو، ئیتر دوای ئەوە بۆ شەوەکەی بیرمان ئەکردەوە بچین بۆ کوێ؟ بەڵام هەر کەسەو ڕووی لە لادێ یان تەوێڵەو بیارە دەکرد، چونکە شوێنێکی سەخت بوو پاش ئەوەش هەرچی بارەگای پ.د.ک هەمووی لەو ناوچانە بوو چونکە پاڵی دابوو بە سنووری ئێرانەوە، چونکە شای ئێران پاڵپشتیان بوون، نەک ئەوە بەڵکو کاتی بۆردومان کردنی فڕۆکەی ئینگلیز بۆ سەر سلێمانی و هەڵەبجە سااڵنی (١٩١٩) ماڵی شاعیر (گۆران) لە باخەکانی بیارە خۆیان حەشاردابوو، هەر ئیلهامی ئەویادەوەرییانە لە نەستی گۆرانـدا پەنگـی خواردبـووە و شـاکاری (گەشـتی هەورامان)ی کردە تابلۆیەکی شیعری ناسک و جوان، یان هەر بەدرێژایی سااڵنێ کە ناوزەند دەکرێت بە شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی (١٩٦١) تا (١٩٧٠) ئەو ناوچانە لە ژێر دەسەاڵتی پ.د.ک بوو، لەسااڵنی جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی کە هەڵەبجە لە ژێر کۆنترۆڵی ئەم باڵەدابوو ئێوارە نەبوو تۆپ باران نەکرێین وچەند کەسانی سڤیڵ لە ژن و منااڵ و پیر بەڵکو تیاچوونی چەندین خانەوادەی بێگوناە لە پێناو دوو بەرەکی کە پێویستی بە وردەکاری و شیکاری هەیە ، من لەبواری سیاسەت کار ناکەم بەڵکو خۆم تێیدا شاهیدحاڵ بووم.

Institut kurde de Paris

تەنانەت ئەو گۆڕستانی شەهیدانەی کە ئێستا هەیە بیرم دێت لە ڕێکەوتی ١٢/٥ /١٩٦٨ لە سنوری بیارەوە بە تۆپی گەورە دراینە بەر تۆپ، ڕەمەزان بوو چەندین کەس بە ماڵ و منداڵەوە شەهید بوون خێزانێک کە ماڵیان لە گەڕەکی هەورامییەکان بوو ماڵی کاک حەمە ڕەشید ناوێک هەموو خاو و خێزانی شەهید بوون کوڕیکیان هەبوو ناوی مەهدی وچەند کچ و خێزانی هەموویان تیا چوون هەرخۆی مایەوە لە گەڵ کوڕێکی لە دار المعلمین بوو لە سلێمانی بە ناوی هادی هەروەها وەستا بەنایەک بە ناوی وەستا غەریب و چەندینی تر، ئیتر کوژراوەکان هێند زۆر بوون بۆ سبەی ئەو گۆڕستانەیان کردەوە، تەمەنم سیانزە ساڵ بوو کە منیش ڕۆشتم بۆ ناشتنی ئەو تەرمانە، یادەوەرییەکان گەڕاندمیەوە بۆ دواوە ودێمە لای ڕوداوەکانی پاشتر.

Institut kurde de Paris

دوای ڕووداوەکەی ساڵی ١٩٧٤ هاتینە سلێمانی

ئیتر ئەو شەوە لە ماڵی خۆمان ماینەوە ماڵی ئێمەو ماڵی پورم فەخریە خێزانی عومەری وەستا مەردان لەگەڵ ماڵی پورزام سەرگوڵ خێزانی مامۆستا عوسمانی خاڵۆ ئەحمەد، بۆ بەیانیەکەی زوو لەماڵ هاتینە دەرەوە ڕووەو دەشتی حەمەوغان کەوتینە ڕێ، تا نیوەڕۆ لە پاڵ کانیەکەیدا ماینەوە، ئیتر دەمەو نیوەڕۆ بوو خەڵک لە سلێمانیەوە ئەهاتن بۆ سۆراخی کەس و کاریان چونکە زۆر خەڵکی سلێمانی هاتبوونە پاڵ ڕیزەکانی شۆڕش، من و سەرچڵی پورم کە پێنج ساڵێک منداڵ تر هاتینە ناو بازاڕ بە ڕێکەوت لە چەقی ناو بازاڕ شۆفێرێکمان بەدی کرد ناوی ئەنوەر بوو دۆجێکی پەنجاو شەشی پێ بوو دەستمان لێڕاگرت و هات بە هانامانەوە و بردمان بۆ نزیکی دەشتی حەمەوغان و هەموو سوار بووین، من و سەرچڵ وکاوەی برام لە سندوقی دواوە سواربووین، نەوەستاین تا گەشتینە سلێمانی ئیتر کەس و کارمان هاتن بە هانامانەوە و لە سلێمانی گیرساینەوە، دوای ئەوە گۆڕانکاری چ لە بواری هزرو بیرکردنەوە وهەڵس و کەوتم دا ڕوویدا.

لە سلێمانی لەگەڵ مالّی پورم خانوویەکمان لەگەڕەکی ئیبراهیم پاشا بەکرێ گرت نزیک مالّی خزمەکانمان لە مالّی خالّۆ ژنمان مەلا تووبا دایکی خالّە خالدو خالّە مەجیدم . . و نزیک مالّی پورە فاتمەم خوشکی باوکم، خالّە عوسمانیشم لە گەڵ مالّی عوسمانی خالّە ئەحمەد لە هەمان گەڕەک خانوویەکیان گرتبوو پێکەوە، لەو ساتانەدا خزمانمان هاوکاریان دەکردین باوکم بریندار ببوو، من ئەو ساتانە لە پۆلی شەشی ئامادەیی بووم، دوای ماوەیەک زانیم چەند قوتابیەکی تر مالّیان هاتبوو.

وەک سەرکۆی ئەحمەد ئەفەندی، نەوزادی حاجی ئەمین، ئەحمەد ڕەشید قەساب کە پێکەوە لەیەک پۆل بووین .

لە بەشی زانستیش هێمن عبدالقادر کە باوکی بەڕێوەبەری بانکی هەڵەبجە بوو و خەڵکی سلێمانی بوون، ئەویش گەڕابووەوە، دوایی نەمان ئەزانی کە چۆن خۆمان بناسێنێن کە ئێمە قوتابی شەشی ئامادەیین وەهیچ شتێکی باوەڕپێکراومان پێ نەبوو! بەڵام پەروەردەی ئەوسا نوسراوێکی گشتاندبوو کە هەر کەس تاقی کردنەوە بکات و وەڵامی پرسیارەکانی پۆلی خۆی بداتەوە بۆی هەیە بچێتە تاقی کردنەوەی بەکالۆریا، ئێمەش چووینە ئامادەیی سلێمانی کوڕان ئەو کاتە مامۆستا حەمە عەلی ناوێک بەڕێوەبەریان بوو، ئیتر وانە بە وانە تاقیان کردینەوە بیرم دێت ماموستا ڕەئوف عوسمان کە ئێستا ئەندامی خانەی ڕاپەڕاندنی (گۆڕان)ە، وانەی عەرەبی ئەگوتەوە تاقی کردینەوە و دەرچووین و هەموومان کارتی چوونە ناو تاقی کردنەوەمان وەرگرت و ماوەیان داینێ خۆمان ئامادە بکەین، من زیاتر لە مالّی خالّم سەعیم ئەکرد لەو دیوی حەوشەکەیان لای تووتنی حەمامەکە سێبەر بوو، ڕۆژانە کۆششم ئەکرد یان بەیانیان زوو سەرو گەڕەکی ئیبراهیم پاشا بەربەستێک هەبوو تا نزیک گردی مامە یارە دەڕۆشتم بە تەنها، لە مانگی شەش تاقی کردنەوەمان لە ناوەندی سەڵاحەدین ئەنجام دا.

هەر لەم ساڵەدا کە مالّمان لە سلێمانی بوو ئاشنا بووم بە چەند کەسێکی هاوتەمەنی خۆم یان کەمتر، لە گەڕەکی دارۆغا ئەحمەدی ڕەشیدی قەساب مالّی خالّیکی لەوێ بوو بە ناوی (مەحمود کزەل)کەشاعیر بوو کوڕێکی حەزی لە مۆزیک ئەکرد بە ناوی ئازاد، ئەویش هاوڕێیەتی هەبوو لەگەڵ (گۆرانی ئیبراهیم خەیات) واتە کوڕی ئیبراهیم خەیاتی گۆرانی بێژ، کەمانێکی ئەڵمانی ڕۆژهەڵاتی بۆ کڕیبوو ئەویش فێری مۆزیک ببوو بیرم دێت هاتبوو بۆ مالّی ئازاد پێکەوە

Institut Kurde de Paris

گۆرانییەکانی حەسەن زیرەکمان دەژەنی، لەو کاتەوە یەکمان ناسی، مالّی فوئادی حەمەی مەحمود ئەفەندی هاتبوونە سلێمانی چووبوونە مالّی خەتیبی بۆ برای مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی، چونکە خالّی بوو، نزیک پارکی (دایک)ی ئێستا، کە ئەو خانووانە ڕوخاون، جار جار هاتووچۆی ئەوانم ئەکردو پێکەوە مۆزیکمان دەژەند، م. ئەنوەر چووبووە دەرەوە، چونکە لەسەرەتای چوونە دەرەوە زۆربەی ئەندامانی تیپی مۆسیقای سلێمانی چووبوونە دەرەوە، تیپی مۆسیقای شۆرشیان دامەزراندبوو، لەگەڵ خالد سەرکار، سەڵاح ڕەئوف، عومەر سەرکارو هەندێ ئەندامانی تیپی باواجی کۆیە و هەولێر وەک وریا ئەحمەد، سەردار ئەحمەد، ئیبراهیم سابیر، سابیر عبدالرحمن، فوئاد ئەحمەد، حەسەن گەرمیانی، کەریم کابان کە ئەو گۆرانی (یاران وەسیەتم)ی لەدەرەوە بۆ یەکەمین جار تۆمارکردبوو، لە ئێران لە ئۆردوگاکان ئاهەنگ و سروودیان پێشکەش دەکرد وەک ئۆردوگای سەریاس و ئەنزڵ و چەندینی تر.

لەوساڵەدا لە سلێمانی ژیانمان زۆر ناخۆشبوو لە ڕووی ئابوورییەوە، باوکم ماوەیەکی زۆر بێ ئیش و کار بوو، تا بەهۆی خزمێکیەوە ناوی شێخ سدیق کە دوکانی بەقاڵی هەبوو لە ژێر پردەکە ڕۆژانە چەند سندوقێک تەماتەی ئەبرد بۆ کەرکوک و ئەهاتەوە و قازانجی باشی ئەکرد، ئیتر چووین بە تەنها لەگەڕەکی تووی مەلیک خانوویەکی سەربەخۆمان گرت بە کرێ، ڕێک پشتی مزگەوتی سالّح بۆسکانی، مانگی بە دینارو نیوێک وە ئەو کاتە ئێمە هیچ شت و مەکمان نەهێنابوو هەمووی هی خزم وکەس و کارمان بوون، دایکم لە ڕێگای بێستان سوورەوە چووەوە بۆ هەڵەبجە چونکە تا کانی پانکەش بەدەست شۆڕشەوە بوو، وە زۆر شەو ئەهاتنە سەر سلێمانی و تا بەیانی تەق و تۆق بوو، ئیتر دایکم سەلاجەو تەلەفزیۆن و تەباخ و شتەکانی هێناو ئاهێکمان پێدا هاتەوە، پاش ئەوەش باوکم لەژێر پردەکە دوکانێکی گرت بە کرێ و کردی بە چایخانەو لە ڕووی ئابوورییەوە بووژاینەوە.

Institut Kurde de Paris


ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی پۆلی شەشەمی ئامادەیی و چوونم بۆ زانکۆی بەغدا

کە ئەنجامی تاقیکردنەوەکان هاتەوە من بە یەکەمی سلێمانی لەبەشی وێژەیی دەرچووم. ئەو کاتە هەموو کۆلێجێک وەریدەگرتم، وە فاروقی پوورم دووهەمی بەشی زانستی بوو، (ئێستا فاروق دکتۆرێکی بەتوانایەو ناسراوە بە دکتۆر فاروق حەسەن فەرەج کوردە و لە سلێمانی کاردەکات و نیشتەجێیە) (هەروەها من وەکو مەریوان سەلاح حیلمی کە بەم کتێبەدا چوومەوەو پاشان هەڵەبڕیم کرد، حەزم کرد ئەوە لەسەر دکتۆر فاروق بڵێم کە ساڵی (١٩٩٧) بەفەرمی چوو بۆ بەریتانیا و پاش بەدەستهێنانی بڕوانامەیەکی بەرز لەبواری پزیشکیدا، دوای ماوەیەک گەڕایەوە بۆ کوردستان، ئەو کات کە دکتۆر گەڕایەوە کۆچی بەلێشاو هەبوو بەرەو ئەوروپا، بەڵام دکتۆر فاروق ئەو دەرفەتەی کە لەبەردەمیدابوو، رەدی کردەوەو هاتەوە بۆ کوردستان بۆ ئەوەی خزمەتی خەڵک بکات، بەکورتی دکتۆر فاروق یەکێکە لەدکتۆرە هەرە باش و بە ویژدانەکانی کوردستان کە نمونەی کەم و دەگمەنە نەک لەکوردستان بەڵکو لە هەموو جیهانیش)

من حەزم لە بەشی مۆزیک بوو لە کۆلێجی هونەرە جوانەکانی بەغدا، بەڵام ئەو کاتە بەشی مۆزیکی تێدا نەبوو، ناچار وتیان کۆلێجی بەڕێوەبردن و ئابووری هەڵبژێرە، دوای مۆزیک حەزم لە یاسا بوو، ئیتر قەدەرو قسەی کەس وکار وایکرد ئەو کۆلێجە هەڵبژێرم، بۆ پڕ کردنەوەی فۆرمەکان بۆ ئەوەی لە کۆلیج وەربگیرێین،

عەسرێکی ڕۆژێکی مانگی ئابی (١٩٧٤) من و نەوزادو هێمن عبدالقادر پێکەوە چووینە پشت هەیکەلی خانوویەکی تەواو نەکراو لە گەڕەکی تووی مەلیک، چونکە ماڵی هێمن لە سەر شەقامە سەرەکیەکەی تووی مەلیک بوو، نەوزاد فۆرمەکانی بۆ پڕکردینەوە (چونکە دەست و خەتی لە هەموومان خۆشتر بوو، خۆشنووس بوو، تەنانەت ئەو بوو خۆش نووسی بۆ سینەمای هەڵەبجە ئەکرد بۆ پڕوپاگەندەی فلیمەکان و لە بری ئەوە هەر جارێک بهاتایە بۆ سینەماکە بە خۆڕایی دەچووە ژوورەوە)، من یەکەم هەڵبژادەم کۆلێجی بەڕێوەبردن و ئابووری بوو لە زانکۆی بەغداد، بۆ پڕ کردنەوەی فۆرمەکەش پێویستی بە وێنەی کارەبایی بوو،

Institut Kurde de Paris



پـێش ئەوە چـوومە لای (سـتۆدیۆ جەزا) لەشـەقامی کـاوە نزیـک خانەقـا ئەم وێـنە کارەباییەم گرت و هـاوپێچم کرد بە فۆرمی پـڕ کـرنەوەکەوە، ئەمەش ئەو وێـنەیەیە کە سـاڵی (١٩٧٤) لە سـتۆدیۆ جەزا گرتـوومەلە سلێمانی.

نەوزادی حـاجی ئـەمـین لە ئـاداب بەشـی ئینگلیـزی وەرگیـرا، سـەرکۆ لە پەروەردە بەشـی میـژوو، ئـەحمەد لە ئـادابی سلێمانی بەشی کوردی، هێمن لە ئەندازیاری سلێمانی.

من و سەرکۆ و نەوزاد پێکەوە بووین هەندێ قوتابی تر وەک مەحمودی بـرای مامۆستا ئـەمـین سـەپانیش لە پەیمانگایەک وەرگیرابوو، لە پێشدا هـیچ شـتێک لە بەغدا شارەزا نەبووین، من بە منـاڵی لەگەڵ باوکم بەغدام دیبوو ساڵی (١٩٦٥) ئەو کات بۆ یەکەمین جار تەلەفزیونم دی، مـاوەی یەک دوو حـەفتە لە ئوتێل سیروان ژورێکمـان گرتبـوو لە شـەقامی (الأمـین). کـۆلێجەکەی مـن لەو گەڕەکەوە لـە هەموویان دوورتر بوو لە گەڕەکی (راغبة خاتون) ئەوەی سـەرکۆ و نەوزاد لە (باب المعظم)نزیک بوو، دوای مـاوەیەک دایکم هـات بۆ لام ئیتر لەگەڵ یەک دوو ژنـی تـر کە یەکیـان دەناسـی، پاشـان ژوورێکمـان گرت لە خـانوویەکی چەنـدین ژووردا لەخـانووە کۆنەکـانی گەڕەکـی (الفضـل) لە(قنبرعلـی) ئیتـر لەوێ گیرسـاینەوە، چـونکە یەکەم سـاڵ تـا دوای نیـوەی سـاڵ بەشـی نـاوخۆیی دابەش نەئـەکرا، ئیتـر وردە وردە تێکەڵی ژیـانی زانکۆ بـووین و گۆڕانکاری گەورەی لە هزرو نەستی منداڵ دانا، هـەم ژیانی ڕۆشنبیری، تێڕامـان لە ژیـان و ئاشـنا بـوون بە ژیانی پایتەخت و قوتابیانی بەغداو هەمـوو عێراق و تەنانەت وڵاتـانی عەرەبـی و هاوڕێیەتیمان ئەکردن، کوڕێکی سودانی بە ناوی (المعز الجمری أبـو نـورە) بـوو، بووە هاوڕێم، کە بیری چـەپ بـوو، دوای ئەوەش چەنـدین هـاوڕێی کـورد، بە پێی ئـەوەی کە ئێمە کۆلێژی ئـابووری بـووین ماموسـتاکانمان هـەمـووی دکتـۆری بە ئـەزمـوون بـوون، دکتـۆرێکمـان هـەبـوو بە نـاوی (محمد سلمان حسـن) ئـابووری

Institut Kurde de Paris

سیاسی پێ دەگووتین کە خۆی کتێبیکی نووسەرێکی فەرەنسی (أوسکار لانگە) وەرگێڕابوو (مبادیءالاقتصاد السیاسی) کاتی خۆی لە کاتی عبدالکریم قاسم وەزیری نەوت و چاککردنی کشتوکاڵ بوو. (أبراهیم کبة) کە ئەویش لە کاتی عبدالکریم قاسم وەزیری ئابووری بوو، چەندینی تر لەوانە (یعرب فهمی سعید) کە کوڕی یەکێک بوو لەو ئە فسەرانەی کە لە شۆڕشی ڕەشید عالی گەیلانیدا بەشداربوو، ئەو وانە نوێیانە بۆ من شتی تازە و نوێ بوون، بۆ من گومانیان لا دروست کردم بەو کتێبانە، خوم دایە خوێندنەوەی دەرەکی لە بواری ئابووری فەلسەفە، زانستی کۆمەڵایەتی و هەندێ وانەی تریشمان هەبوو وەک ژمێریاری، بەڵام ئیتر کەوتمە خوێندنەوەی بیری چەپ بە هەموو شێوازەکانیەوە، دوای ئەوەش بەغدا بۆ خۆی ژیانی شارستانی بوو، کاتی ئێمە تا نیوەشەو بازاڕو دوکان، شوێنی گەشت و سەیران، شەقامی ئەبونەواس بە شەوان و باب الشرقی و چەندین شوێنی ڕابواردنی شەوانە، بەڵام ئامانجی من خوێندن بوو، پاش ماوەیەک کە چاوم کرایەوە زانیم کە زانکۆ مەڵبەندی ڕۆشنبیرییە، بەشێکی بۆ مۆزیک هەبوو، چەند مامۆستایەک پاش دەوامی زانکۆ خولیان بۆ ئەو قوتابییانە دەکردەوە کە لە زانکۆن و حەزیان لە مۆزیکە، شوێنەکەی لە باب المعظم بوو، ئیتر دوای دەوام سەردانم دەکردو خولی مۆزیکیان کردەوە دکتۆریک دەرسی دەوتەوە بە ناوی(خالد) ئیتر بواری مۆزیکم جارێکی تر بۆ ڕەخسایەوە، ئەمانە لە کۆتایی ساڵی (١٩٧٤) بوو، سەرەتای ساڵی(١٩٧٥) .

دوای ئەوە کە من و سەرکۆ و نەوزادی حاجی ئەمین لەو ژوورەدا پێکەوە بووین لە گەڕەکی الفضل نزیک بەو بەری چایخانەی (الکندی) لە شەقامی الجمهوریة لە بەغدا، بەڕاستی ئەو خانووە سەیربوو وەک لانەوازن وابوو خانوەکە دوو نهۆم بوو لە خانووە کۆنەکان لەناوەڕاستی حەوشەیەکی تێدا بوو ژوورەکانی بە چوار دەوریدا بینا کرابوون، چەندین خێزانی تێدا بوو، لەگەڵ چەند کەسانی ڕەبەن، لەخوارەوە ژنێک تەمەنی لە چلەکان بوو ناوی (أم عباس) کە خاوەن ماڵەکە بوو، مێردەکەشی لەگەڵی دەژیا، لە پاڵیدا مامۆستایەکی زمانی ئینگلیزی بوو بە تەنها بوو، خێزانێکی تریشی لەگەڵ بوو کچێکیان هەبوو ناوی (أمل) بوو، قەڵەوێک بوو لە مێردەکەی تۆرابوو لەگەڵ دایکی دەژیا وکچێکی منالیشی هەبوو، زۆر هۆگری ئێمە ببوو، زۆر جار ژوورەکەی بۆ پاک

Institut Kurde de Paris

دەکردینەوە، هۆگری من ببوو هەموو جارێ ئەیوت ..أحبک، بەڵام من زۆر ئاسایی سەیرم ئەکرد، هەر گاڵتەم پێ ئەهات، لە ژووڕەکەی پاڵمان پیاوێکی تر دەژیا بە تەنها بەشەو دەردەکەوت ژوڕەکەی وا پازاندبووەوە هەمووی وێنەی ئافرەت بوو بە ڕووتی بە چواردەوردا هەمووی هەڵواسیبوو هەمووی گرتبووە ناو چوار چێوە بە شێوازێکی هونەری هەڵیواسیبوون، شەوێکیان بانگی کردین وتی وەرن سەیری ژوڕەکەم بکەن، لەو لاتر یەک دوو شۆفێر یەکێکیان ناوی (أبو علی)قەڵەوێکی ئەسمەر بوو کە بەڕۆژ لەماڵەوە بوون بە شەو کاریان دەکرد لەڕێگای (حلة) وابزانم داوا کراو بوون، چونکە خەڵکیان کردبوو بە ژێرەوە، هەمیشە تەسجیلی کاسێتەکەیان کردبووەوە و گۆرانی (سعد الحلی، سعدی البیاتی)یان لێدەدا، لە سەریشەوە لە هەورەبانەکە ژووڕێکی بچووک بوو پیاوێک کە کوردی کەرکوک بوو ناوی حەمید بوو بۆیاخچی بوو شەوان دەهاتەوە. ماڵێکی سەیر دنیایەکی سەیر کە هەرگیز شتی وام نەدیبوو ئەم هەموو کەسە لە ناو خانوویەک بوون هەر یەکەو لە شوێنێک هاتبوون. بەڵام کەس لە کەس نەئەکەوت، هەر کەسەو لە دنیای خۆی دەژیا و کەس بەر ئەوی تر نەئەکەوت، ئێمە نزیکەی چوار پێنج مانگ لەو خانووەدا بووین بێ ئەوە کەسێک بێزارمان بکات، ئیتر لەو ژووڕە زۆر ئێواران خواردنمان بۆ خۆمان دروست دەکرد، یان دەچووینە دەرەوە، ماوەیەکی پێچوو ئیتر (هێرشی محەمەدی مەلا ئەمین) لە کۆلێجی(أصول الدین)وەرگیرابوو بەشی ئێواران ئەویش زوو زوو سەردانی ئەکردین لەگەڵ براکانی، چونکە لە پۆلی شەش لەگەڵ ئێمە بوو، بەڵام درەنگ تر گەڕابووەوە و لە خولی دووهەم تاقی کردنەوەی کردبوو، دنیایەکی سەیر بوو، ئیتر ماوەیەکی پێچوو هێرش لە دەزگای ڕۆشنبیری کوردی دامەزرا لە ڕۆژنامەی هاوکاری لە گۆڕەپانی (الخلانی) وبە ڕۆژ دەوامی فەرمانگەی ئەکردو بە شەویش لە کۆلێج دەوامی ئەکرد، ئەو ساڵە ئیتر کە سەرەتای خۆێندنمان بوو زۆر شتی تازەو نوێ لە ژیانم بەدی کرد، من ئامێری کەمانم نەمابوو، هەرچۆنیک بوو لە (ئۆرزی باک)ی بەغدا لە شەقامی (الرشید) کەمانێکی چینیم کڕیەوە بە (٥)دینار و لە ژووڕەکە لێم دەدا جار جارەش سەرکۆ و نەوزاد گۆرانییان دەوت، ئیتر وەک خۆیان دەیان وت مێشکم خستبوون، بەیانیان هەر کەس بۆ دەوامی خۆی دەڕۆشت من بە پێ تا (باب المعظم) یان (ساحة المیدان) دەڕۆشتم یان بە پاسی

Institut Kurde de Paris

پۆلۆنی که ئەو کاتە ئەو پاسانە ئیشی ناوخۆیان دەکرد یان لە (ساحة المیدان)بە پاسی دوو قات بۆ (راغبة خاتوون) دەچووم، کە پاسی ژمارە (٦)بوو. لەو کاتانەی کە لەو ژوورەدا بووین کەسانی هاوڕێمان کە دەهاتن بۆ بەغدا یان بۆ گەشتی قوتابخانە، شەوێکیان هاوڕێی کۆچ کردووم جەباری وەستا مەجیدی دەلاک لە ئامادەیی کشتوکاڵی سلێمانی هاتبوون بۆ گەشت شەوێکیان لامان مایەوە بۆ سبەی بەیانی من چووم بۆ کۆلیج و ئەو بۆ لای هاوڕێکانی، کامێرایەکی پێبوو پێکەوە وێنەیەکمان لە شەقامی الجمهوریة گرت، شەوێکی تریان ڕەوان شاد جەمالی دەلاکی برای سەربازبوو لە سەربازگەی(ئێچ ثری) بۆ شەو چووین بۆ پیاسە جلی مەدەنی پێ نەبوو، ناچار جلەکانی سەرکۆی لەبەرکرد، سەرکۆ وێنەکی بۆ ناردم لای مابوو، شەوێکیان مامۆستا رەئوف محەمەد عەلی هات، لامان بوو، وە جار جارەش هاوڕێکانی سەرکۆ ئەهاتن شەوان ئەچوون بۆ سەیرو سەفا.




ئەم وێنەیە ئاهەنگی یەکتر ناسینی خوێندکارانی زانکۆ لە هۆڵی (خولد)لە زانکۆی (المستنصرية) کۆتایی ساڵی (١٩٧٤) لەڕاستەوە : خزمێکی هێمن عبدالقادر. هێمن عبدالقادر . ئازاد سائح . هێرش محەمەد ئەمین . نەوزاد حاجی ئەمین.

لەو ئاهەنگە (یاس خضر و سعدون جابر) گۆرانییان وت، سعدون جابر گۆرانی (عینی عینی) وە گۆرانی (ئەرێ لەیلی)ی وت و (یاس خضر) یش گۆرانی (عزاز)ی وت .من وێنەم لەگەڵ گرتن، بەڵام بە داخەوە فەوتا .



بەغدا شەقامی جمهوری

لە ڕاستەوە ئازاد سالح ـ جەبار مەجید سەرەتای سالی (١٩٧٥)



هەڵەبجە هاوینی (١٩٧٥) مالی مستەفا بەختیار بە کامێرای جەبار مەجید

Institut kurde de Paris

لە وکاتانە زۆر هاوڕێی نوێمان ناسی لە کوردو عەرەب وەک باسم کرد لە هەموو شارەکان لەوانە: ئاراس سەعید دارتاش، سیروان، یەکەمەکانی ئامادەیی لە سلێمانی لەو کۆلێجە وەرگیرا بوون لەوانە: ئازاد قادر دەرویش ، محەمەد ڕەسول، حەمید مەلا نوری کە خەڵکی هەڵەبجە بوو لە ناوەندی پێکەوە بووین و ماڵیان لە سلێمانی بوو، حەمە غەریب قادر تەگەرانی، عوسمان سالح ژاژڵەیی و چەندینی تر، چەندین بیرو بۆچوون و کلتوری جیا جیا، دوای ئەوە لە چەندین ئاهەنگی یەکتر ناسین بەشدار بووم و لە کۆلێج، کە کۆلێجەکەی ئێمە پڕ بوو لە کچانی شۆخ و شەنگی بەغدا، من تا ئەو کاتەش کوڕێکی شەرمن بووم، مەگەر لە دوورەوە سەیری کچێکم کردبێت، هەر لەناخی خۆم بوو چەندین شۆخ لەوانە سەرنجیان ڕاکێشاوم، ڕۆژێکیان لە سەر کورسیەکەم دانیشتبووم کچێکی هاوڕێم دائەنیشت لام درزی سنگیم دی تا ئێستاش ئەو گرتەیە لە خەیاڵمدا لە یاد ناچێت، من زیاتر تینووی هونەر بووم هەر چەند هێدی هێدی ڕوانینم بۆ ژیان گۆڕا وگوڕانکاری لە بیرکردنەوەم بۆ خودی ژیان و بوون چەکەرەی کرد لە ناخم، بەڵام شتێک هەبوو لە ناخم ناوی وێژدان بوو، کە هەمیشە زیندووبوو، کە ڕۆژانە دوای دەوام پیاسەمان دەکرد بە نێو شەقامی الرەشید چەندین موغازەو کۆگای ڕازاوەی لێبوو، کامێرایەکی سینەماییم لە دوکانێک بەدی کرد، بووە خولیام، ئیتر هێند توانای مادیم نەبوو بە ٤٠ دینار بوو، بۆیە لە سەرەتای سالی (١٩٧٥) بوو، وردە وردە شەڕ گەرمم ببوو لە نێوان پارتی و بەعس، ئەوە بوو لە مانگی ٣ کە سەدام و شای ئێران ڕێکەوتنی جەزائیریان ئیمزا کرد بە نێوانگیری (هواری بۆمیدیان) سەرۆکی الجزائر و گەورەترین نسکۆ بەسەر شۆڕشی کورد هات و گەورەترین ئاشبەتاڵ ڕووی دا، بووە هۆی ماڵوێرانی بەسەر هەموو تاکێکی کورد و کارەسات و هەرەسیان بە ناخی تاک بە تاکدا هێنا، بە دەیان هەزار پێشمەرگە بە خۆیان و چەکەکانیان ڕادەست کردەوە و ئەوی هاتەوە عێراق هات، ئەوەی لە ئێران مایەوە خرانە ناو ئۆردوگا، ئەوانەشی کاربەدەست بوون چوون بۆ هەندەران و چەندین فەرمانبەرو ئەفسەر و ڕۆشنبیر و نووسەرو شاعیر دوور خرانەوە بۆخواروو و ناوەڕاستی عێراق وچەندین قوتابی زانکۆ بە دڵشکاوی گەڕانەوە بۆ خوێندن و دوای ئەوەی سالێکیان بۆ ئەژمار نەکراو بووە هۆی ماڵ وێرانی و هەرەسی ناخ و جەستە ئیتر قۆناغێکی تر لە چەرمەسەری زیاتر دەستی پێ کرد..

Institut Kurde de Paris

پاش ئەوە کە لە کۆلێژ ئەهاتمەوە بۆ سلێمانی لای چواربـاخ مەڵبەندی لاوانـی لێبـوو، کەسـێکی عەرەب کە بەڕێـوەبەری بـوو بە نـاوی (عەلـی الـودی)چەنـدین هاوڕێی مۆزیکژەنم ناسی لەوانە (محەمەد ڕەشید شەریف) کە دوایی چووە تیپی مۆزیکی سلێمانی، ئۆکۆردیۆنی دەژەنی، کەسێکی مەسیحی کە لە تیپی مەولەوی بوو جمبوش و کەمانی دەژەند بە ناوی جۆرج، مامۆستا نامـدار قەرەداغیش یەک دوو جار لەوێ سەردانی ئەکرد، ئەوانە تروسکایی خەیاڵی زەمەنی دوورو درێژە لە یادەوەریمدا تروسکایی ماوە.

پاش ئەم ڕوداوە ناسـۆرە ئیتر چەند قوتـابییەک گەڕانەوە کە لەوە پێشـتر نەم ئەناسین لە زۆربـەی کۆلێجـەکان، لە کۆلێجی بەڕێوەبردن لەوانە چـالاک ڕەفیق چالاک، کاک عوسمان ژاژڵـەیی کە تـا پێش مـاوەیەک بەڕێوەبەری گشـتی بـانکی هەرێم بوو، ڕەوان شاد عومەر کەریم ، کاک بەکر، چەندینی تر.



لەڕاستەوە: سەرکۆ ئەحمەد . نەوزاد حاجی ئەمین . ئازاد سالح

Institut kurde de Paris

بیرم دێت لەو دەورەی خۆمان کچێک خەڵکی سلێمانی لەگەڵمانبوو بە ناوی ئەختەر، زۆری تریش، یەکێکی تر ناوی شیرین بوو وە ئەو سالانەش مالّی مەدهۆشی شاعیر لە بەغدا بوو کچەکەی ناوی (ئاراس) بوو لە کۆلێجەکەی ئێمە وەرگیرابوو، من کە لە بەغدا وەرگیرام کوڕی پورم وبرای شیریم دکتۆر فاروق حەسەن فەرەج کوردە لە کۆلێجی پزیشکی وەرگیرابوو لە بەشی ناوخۆیی باب المعظم بوو، جار جار دەچووم بۆ لای و لە بەشی ناوخۆیەکەی ئەوان چاکتر بوو، لەوێ خۆم دەشت، چەندین کەسی ترم ناسی لەوانە: شێرکۆی حەمە ئەمین کاردۆخی، لە کۆلێجی صیدلیە کاک جەلال کە خەڵکی هەڵەبجە بوو لەوەو پێشتر ئەمناسی، وە کاک غەفار کە ئەویشم پێشتر ئەناسی کوڕێکی زیرەک بوو، کە کەسێکی چەپ بوو بە داخەوە پاش ماوەیەک گرتیان و دیار نەما ..یادەوەرییەکان زۆرن لەوانەیە بۆ کەسێک کە لەو ڕوداوانە نەژیابێت سودێکی ئەوتۆی نەبێت، بەڵام بڵێیت و نەڵێیت لە یادەوەریم تۆمار کراوە ناتوانم نەیڵیم.

Institut kurde de Paris

سەردانی مەڵبەندی ڕۆشنبیری لەبەغدا

ئیتر من سەردانی مەڵبەندی ڕۆشنبیریم دەکرد و چەندین هونەرمەندی ترم ناسی لە عەرەبەکان، کە لەو مەڵبەندە کاریان دەکرد لەوانە: شمشاڵ ژەنێک بە ناوی عبدالسمیع و هەروەها ئیبراهیم، کەمان ژەنبوو، کە هەندێ زانیاری دەدامێ، ئێمە ژێی کەمانەکەمان بە کۆکی ڕۆژئاوایی کۆک دەکرد. صولّ .ڕێ .لا .می . پێی وتم بیکە بە کۆکی شەرقی: صول .ڕێ .صول .ڕێ بە گوێم نەکرد وتم لای ئێمە وایە، وتی تۆ تەسک بیرئەکەیتەوە، ئێستا ئەزانم کە وتەکەی ئەو ڕاستبوو، چونکە وانەبوایە هەر ئەوکاتە فێری چەندین مەقامی ڕۆژهەڵاتی ئەبووم، چونکە ئاسانبوو بۆ ئەو کۆکە، هەر لەگەڵ من کاک ئاراس سەعید دارتاش جار جار لەگەڵم ئەهات حەزی لە ئۆکوردیۆن و عوود بوو، کە ئێستاش دکتۆرە لە بواری ئابووری جار جار و ئێستاش پەیوەندیمان هەیە، کوڕیکی تریش ناوی ئەنوەر بوو لە

پەروەردەی وەرزش لە ساحەی الكشافة خەڵکی سلێمانی بوو، ئیتر بینای مەڵبەندەکە گوازرایەوە بۆگەڕەکی (الوزیریة) بۆ من نزیک تربوو بۆ هاتووچۆ، ڕۆژانە دوای دەوام دەڕۆشتم لە کولێجی وەرزش چێشتخانەی کۆلیجەکە هەبوو لەوێ نانم دەخواردو دوایی بە پێ دەپەڕیمەوە ئەوبەر، سەد مەتریک دووربوو، ماوەیەکی پێچوو وابزانم مانگی ٤ بوو بەشی ناوخۆییمان وەرگرت و بڕی شەست دینارم وەرگرت، خەیاڵی من لای کامێرا سینەماییەکە بوو، هەرچەندە خاڵە عوسمانم نامەی بۆ ناردم کە دەست بەو بڕە پارەوە بگرم بۆ خەرجی بەڵام من هەر لەسەر خەیاڵی خۆم بووم، چووم کامێرا سینەماییەکەم کڕی بە چل دینار کە فلیمی ٨ ملیمی بەکرەی دەخوارد و لە جیاتی پیل بە قورمیش زەمبەلەکێکی هەبوو کە قورمیشت ئەکرد ئیشی دەکرد چەندین عەدەسەی لەگەڵ بوو ئەو کامێرایەم تا ساڵی (١٩٨٨) مابوو، دوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لەگەڵ ماڵەکەم تاڵانیان کرد، ئیتر هەر کەسەمان کەوتینە بەشی ناوخۆیی، من لەگەڕەکی (حی الضباط)لە نزیک راغبة خاتون گیرسامەوە و چوومە بەشی ناوخۆیی. هەر لەو ساڵەدا چەندین کۆنسێرت دەڕۆشتم لە هۆڵی الشعب کە تیپی ئورکسترای عێراقی سازیان ئەکرد و ئەو ساتانە ئاشنا بووم بە سەمفۆنیەکانی بیتهۆڤن و مۆتزارت و باخ و چایکۆڤسکی و هایدن، زۆربەی دەلیلەکانم مابوو بە داخەوە ئەوانیش فەوتان لە کاتی کیمیابارانداا، چەندین مۆزیکژەنی بیانی و عێراقی تێدا بوو تەنانەت کوردیش لەوانە دڵشاد محەمەد سەعید دهۆکی، ئاسۆ سەڵتە کە ئەو کاتە ئاواتەخواز بووم لەو تیپە بەشدار بم، بەڵام قەدەر منی تووشی پاشە ڕۆژێکیتر کردبوو، تیپی میللی نەتەوەیی بۆ هونەرە میللیەکان کە جوانترین تابلۆی هونەرییان پێشکەشدەکرد و چەندی کچی شۆخ و شەنگی بەغدادی تێدا بوو لەوانە هناء عبدالله کە صۆلوی تابلۆکانی وەردەگرت وە لەیلا محەمەد و چەندین تابلۆی جوانیانم ئەدی بەو لەش و لارە جوانانە وەک ماسی مەلەیان ئەکرد لە گیانما و تابلۆی (الهجع)و چەندینی تر.

بۆ هاوینەکەی ماڵمان هاتەوە هەڵەبجە و لە پشووی هاوین مستەفای کەمال خەفافیش لە ئێران گەڕابووەوە، ئەو کاتە ئەو لە پۆلی سێهەمی ناوەندی بوو ئیتر کەسمان لەگەڵ نەبوو بە دوو قۆڵی هەردووکمان کلیلی دەرگای ناوەندی شارەزورمان لە مامۆستا فەیروز وەرگرتبوو، دوو بە دوو تەمرینمان ئەکرد بە

Institut kurde de Paris

نۆتە، ڕۆژانە لە حەوشەی مەکتەبەکە تا ئێوارە تەمرینمان ئەکرد، دوو هاوڕێم کەمانیان کڕی بۆ فێربووون و ئەویش هێرشی محەمەد حەمەی مەلا ئەمین کە ئیستا دکتۆرە لە زانکۆی سلێمانی و مامۆستا جەمال محەمەد کە ئێستا ئە ندامی گشتی جڤاتی بزووتنەوەی گۆڕانە بەڵام بەردەوام نەبوون .

مستەفا کتێبێکی فارسی هێنابوو بەناوی دەستور مقدماتی ویلن. دانەرەکەی روح الله خالقی بوو، وە پارچە موزیکیکی تێدابوو بە ناوی (نەو بەهار) ئەوکاتە ئەو پارچە مۆزیکەم لەبەرکرد دوایی چەند ساڵێک ئەو کتێبەم بە ڕێکەوت دی و کڕیم و ئێستاش لام ماوە، ئەو هاوینە هاوێیانم سەردانیان کردین، بیرم دێت کاک هێمنی عبدالقادر کە هاوڕێ بووین ئەو کاتە ماڵیان لە سلێمانی بوو هاتبوو کامێرای پێبوو تازە فلیمی ڕەنگاوڕەنگ هاتبوو، لە گوڕەپانی ناوەندی شارەزوور بەو گەرمای هاوینە وتی بچۆرە بەر هەتاوەکە و بۆ یەکەمین جار لە ژیانم وێنەی ڕە نگاو ڕەنگم گرت، تا ئێستاش ئەو وێنەم لاماوە لە هاوینی (١٩٧٥)گیراوە.



هەڵەبجە هاوینی ساڵی (١٩٧٥)
قوتابخانەی ناوەندی شارەزوور لە پیرمحەمەد، ئەو قوتابخانەیە ئێستا پێی ئەوترێ (مەرزەبۆتۆ) بە کامێرای هێمن عبدالقادر

Institut Kurde de Paris

لە قۆناغی دووەمی کۆلێژ لەزانکۆی بەغدا و هەندێ چالاکی هونەری لە هەڵەبجە

ساڵێ (١٩٧٦) چوومە قۆناغی دووی کۆلێج هەرچەندە من حەزم لەئابووری دەکرد زۆربەی هاوڕێکانم چوونە بەشی ژمێریاری وبەڕێوەبردن، منیش چاوم لەوانکرد، وانەکانمان زیاتر گران و ئاڵۆز بوون، هەندێ وانەشمان بە ئینگلیزی بوو وەک بیرکاری، بەهەر حاڵ لەو ساڵەدا قوتابی تازە هات وئازاد مەحمود کە خەڵکی سلێمانی بوو کە ناسراوە بە ئازادی خولەی پاقلە کە ساڵی ڕابردوو مۆڵەتی وەرگرتبوو، چونکە ژنی هێنابوو ژنەکەی فەوزیە خزمی ماڵی مامۆستا ئەحمەدی عەلی جەواز بوو لە پۆلی یەک دەرچوبوو هاتەوە بۆ دەوام، ئازاد حەزی لە گۆرانی بوو و بووینە هاوڕێ، ئەچوو بۆ ناوچەی (الصالحیە) کە ئیزگەی کوردی لەوێ بوو، چەند گۆرانییەکی لەگەڵ تیپی ئیزگە تۆمار کرد و ئاوازیشی دادەناو لە ڕۆژنامەی هاوکاریش شیعری منالاّنیشی دەنووسی و دوایش گۆرانییەکی تۆمار کرد، کەمان ژەنێکی کوردی هەولێری هەبوو ناوی نورالدین ئیبراهیم بوو ئاوازی ئەوبوو، شیعری ئەحمەد ڕەشوانی بوو (چاوی کاڵێ یار)و هەر گۆرانییەکی تۆمار بکردایە بیست دیناڕێکی وەردەگرت، ئێمە مانگی (١٠) دینارمان هەبوو، بە منیشی دەوت وەرە، دەموت من مۆزیک بۆ پارە ناکەم. هاوڕێتیمان بەردەوام بوو، زستانی (١٩٧٦) هات بۆ ماڵمان لەهەڵەبجە پێکەوە بووین چەند گۆرانییەکەی وت بە کاسێت تۆمارمان کرد نازانم بۆ فەوتا؟ ئەو گۆرانییە بە ناوبانگە (ئەم ئێوارەیە زۆر سارەدە) ئاوازو هۆنراوەی خۆی بوو، کە دواتر محەمەد ئیبراهیم وتیەوە.

ساڵی وابزانم دوو هەزار بوو لەگەڵ عەلی کەریم و کامەران ڕەفیقی شانۆکار تووشی ڕوداوی ئۆتۆمبیل بوون، کامەران و ئازاد کۆچیان کردو عەلی کەریمیش بە سەختی بریندار بوو. من ئاوازێکی ئەو کاتەیم لەبیرە کە تا ئێستاش نەبیستراوە، بە ناوی (ئاراممە ئارامی دڵ و گیانمە خۆشیم نەدیوە لە ژینم هەمیشە خەم میوانمە).

لە مەڵبەندی زانکۆ قوتابییەکی عەرەبم ناسی لە کۆلێجی پەروەردە بەشی بیرکاری ناوی صباح بوو، چەپبوو، بوو بە هاوڕێیەکی نزیکم کەمان ژەنێکی چاک بوو، حەزی لە گۆرانی کوردی بوو وەپارچە مۆزیکی (سۆلاف)ی کە لە ئاوازی

Institut Kurde de Paris

غانم حداد بوو چاک لەبەری بوو دوایش کەمانێکی ئەڵمانی کۆنی لە هاوڕێیەکی خەڵکی بەغدای بۆ کڕیم بە ١٧ دینار تا سالّانی (١٩٨٧) مابووم ، نازانم دوایی چی لێ هات؟

هەر لەوسالّە مستەفای کەمال خەفاف لە خانەی مامۆستایان وەرگیرابوو لە سلێمانی لەگەڵ فاروقی وەستا فەتاحی خالّی کە دەستی شیعری هەبوو لە گەڕەکی گاوران لە مالّی خزمێکیان ژووریّکیان گرتبوو کە دەگەڕامەوە جارجار سەردانم ئەکردن، بەردەوام هەرچی کۆڕی مۆسیقی یان فلیم و سینەما یان شانۆ هەبوو دەڕۆشتم، ئەوسالّە هەندێ هاوڕێم لەوانە جەباری وەستا مەجید و ئەکرەمی ڕەشە خڕە و عومەر مەجید، کاک لەتیف مەحمود(گۆران هەڵەبجەیی) و حەمەی زارا، ئامادەیی کشتوکالّیان تەواوکردبوو و ببوونە سەرباز لە مەعەسکەر تاجی و ژووریان گرتبوو لە حەیدەرخانە، چونکە دادەبەزین، زۆرجار شەوان پێکەوە پیاسەمان ئەکرد و مامۆستا حەمە سەعید حاجی عینایەتیش گەڕابووەوە دوای ئاش بە تالّ لە کۆلێجی پەروەردە بوو بە شی بیرکاری و م.سەعدی نەقشبەندی لە بەشی بایۆلۆجی بوو، هەروەها قەدری حاجی و قەدری مەلا زاهیر سالّێک پێش ئێمە بوون، هەروەها پرشنگی وەستا عوسمانی وەستا مەردان کە خوشکی شیریمە لە کۆلێجی التمریض بوو، کاک محەمەدی حسێن عەلی جەوتە لە بەغدا دامەزرا بوو، زۆر جار نیوەڕوان و شەوان بە دۆمینە و تاولّەوە خەریک بوون لەگەڵ سەرکۆ، ئەو سالّەش ئەفراسیاب ئیبراهیم سالّح لە کۆلێجی یاسا وەرگیرابوو زۆر جار پێکەوە بوین، جار جار ئەیوت ئازاد واز لە م (جیق و فیقە بێنە) بیرم دێت ئەم وشانەی کاتێ وت پێکەوە لە شارع الرشید نزیک ئۆرزدی باک عەسرێک پیاسەمان ئەکرد، ئێمە گەنج بووین زۆر جار پیاسەمان ئەکرد بە شارع النهر کە ناسرابوو بە شارع البنات، کە جل وبەرگ و پێداویستی ژنان لەوێ بوو، چەندین موغازەی جوانێ تێدابوو، عەسران جمەی دەهات لە کچی شۆخ و شەنگی بەغدادی، جارجارەش هێندە قەرەبالغ بوو بەر یەک کەوتنێک هەبوو بۆ چرکە ساتێک تەزوویەک بە جەستەدا دەهات، هەر ئەو سالّەبوو کچە شۆخێک سەرنجی ڕاکێشام چاو بڕکێم لەگەڵ ئەکرد ناوی (آ.ه .ک) بوو هەرچەندم کرد ڕووم نەهات هیچ بڵێم، ئەو هەستە بەبێ دەنگی هەروا کپ کرایەوە.

Institut Kurde de Paris

ڕۆژێکیان کچێکی مەسیحی جەژنی لە دایکبوونی بوو ناوی ئەلیس بوو، کەمانەکەم هێنا بۆ پۆل، من چەند گۆرانییەکی کوردیم بۆ ئازاد مەحمود ژەند، ئەو کاتە زانییان من مۆزیکژەنم، هێندە شەرمن بووم وایان دەزانی لە ڕووی ماددییەوە بێتوانام، ڕۆژێکیان لێپرسراوی قوتابیانی ئیتحاد ناوی جاسم بوو، خەڵکی ڕومادی بوو بردمیە ئەولاوە وتی هەست ئەکەین هەمیشە دووڕە پەڕێزیت؟ وتی پێویستت بە پارە و هاوکاری نییە؟ وتم نا هەر خۆم وام.

جاران وا باو بوو کە هەموو ساڵێک چالاکی قوتابخانەکان لە هەموو عێراق، ڤیستیڤاڵی سالانەی لە ئاستی هەموو عێراق ساز دەکرد لە بەغدا، چالاکی قوتابخانەکان هاتبوون لە سلێمانییەوە لە مانگی چواری (١٩٧٦) ئۆپەرێتێکیان نمایش کرد لە نوسینی ع.ع.شەونم و ئاوازی ولیەم یوحنا، خالد سەرکار، فرەنسیس داود بوو، مامۆستا ئەنوەر قەرەداخی دوورخرابووەوە بۆ سەماوە لە خواروی عێراق لەگەڵ ئەحمەد سالار و نوری وەشتی، وە شێرکۆ بێکەسی شاعیر دوورخرابووەوە بۆ ناحیەی بەغدادی لە ڕومادی، ئەو ئۆپەرێتە یەکەم بوو لەسەر ئاستی عێراق، بۆ تەلەفزیۆن تۆمارکرا بە ڕەنگاو ڕەنگ، بۆ پشتووی هاوین گەڕامەوە و مستەفاش هەروەها، ئومێد بۆ ماوەی دوو هەفتەیەک بوو بەسەربان، چونکە عائدون بوو لە بەسرە، لەو کاتە ناچار بووین بچینە لاوان کە بیناکەی لە مالّی مەلا نوری بوو نزیک دەرگای دووهەمی باخی گشتی، نیازمان بوو ئاهەنگێک ساز بکەین لەم ساڵەدا چ وەک مۆزیک چ وەک گۆرانی چ کۆرس هاتنە لامان لەوانە: محەمەد حاجی حەمە کریم گێڵدەڕەیی شمشاڵی کەمێک دەزانی، بەختیار عبدالله مەلا محەمەد گوڵچین کە خزمێکی خۆمە، ڕزگاری برای ، ئازادی تۆفیقی باوەیس، لەیلای تۆفیقی موختار چەند کۆرسێکی بۆ هێناین، لەوانە ڕۆشنای خوشکی کە منالّ بوو، بژاری دارای ئیسعاف، پەروین وەستا هاشم، چەندینی تر، ئیتر دەستمان کرد بە پرۆڤە، ئومێد چوو بۆ سەربازی، کەس نەبوو ئۆکۆردیۆن بژەنێت، من لەخۆم ڕادەبینی لەماوەی دوو هەفتە هەموو ئەو گۆرانییانەم دەژەند کە ئامادەمان کردبوو، ئومێد لە سەربازی تەسریح بوو، من چوومەوە سەر کەمانەکە، ئەو گۆرانییانەی هەڵمان بژارد زۆربەی ئەوانەی تیپی سلێمانی بوو، چونکە ئەو ساڵە کاسێتێکیان بڵاوکردبووەوە لەوانە بالّابەرز حەسەن گەرمیانی، ڕوومەتی وەک گوڵی بێگەردی قادر کابان، وە مستەفاش لەئاهەنگی خانەی

Institut Kurde de Paris

مامۆستایان م، خالد سەرکار (سروودی واوەرن) ی لەبەر کردبوو لەگەڵ پەلکە ڕەنگینەی ئێوارەی بەهار شیعری گۆران و ئاوازی م، ئەنوەر قەرەداغی، لەو لاشەوە جەمالی مەلا قادر شانۆگەرییەکی ئامادەکردبوو بە ناوی(مەشخەڵ) وا بزانم نووسینی حەکیمی مەلا سالّح بوو، چونکە ئەوە یەکەمجار بوو حەکیم ببینم بەشداربێت لە کاری شانۆ، ئەکرەم محەمەدیش لەنواندن بوو، ئێمە ئەم بەرهەمانەمان ئامادەکرد، ئەو ساڵە مالّی فوئادی حەمەی مەحمود ئەفەندی لەسلێمانی بوو حەزمان دەکرد بەشدار بێت، من نامەیەکم بۆ نووسی وفوئاد حەزی لە هەنجیری باخی شیخ وەلی بوو لە گوڵان، وتم وەرە پێکەوە ئەڕۆین بۆ باخەکەی شێخ وەلی و هەنجیر ئەخۆین، ئیتر هات بە شداربوو لەگەڵمان، شەو لە مالّی ئێمە بوو، هاوین بوو شەو لەسەربان خەوتین بە داخەوە ساڵی (٢٠٢١) بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد، تا دواهەمین ساتی ژیانی هاوڕێ بووین بۆ دواجار بە نەخۆشی تەلەفۆنی بۆ کردم وتی ئازارم زۆرە، بەڵام خۆڕاگرم و دوای چەندین ساڵ وتی خۆزگەم بە پیاسەیەکی لای گوڵان و شارەزوور و وتی چەند ساڵە لە لەندەنم ئێستاش دڵم لای کوردستانە، بە داخەوە بە غەریبی سەری نایەوە.

ئەو بەرهەمەی لەو ساڵەدا پێشکەشمان کرد لە هۆڵی سانەوی کچان بەم شێوەیە بوو:

مۆزیک ژەنەکان، کەمان: ئازاد سالّح، مستەفا کەمال خەفاف، فوئاد محەمەد مەحمود، ئۆکۆردیۆن: ئومێد ، شمشاڵ: محەمەد حاجی حەمە کریم، ئیقاع: سەروەتی حاجی حەمە کەریم کوردسانی...

بەرهەمەکان	ئاواز	هۆنراوە	وتنی
سروودی واوەرن	کۆن	زێوەر	کۆرس
گوڵی بێ گەرد	قادرکابان	کامەران موکری	ڕزگار عبدالله
پەلکە ڕەنگینە	ئەنوەر قەرەداغی	گۆران	پەروین هاشم
مریەم باوانم	فۆلکلۆر	فۆلکلۆر	ئازاد تۆفیق باوەیس
باڵا بەرز	ئامادەکردن ئەلبیرت عیسا	فۆلکلۆر	بەختیار عبدالله

Institut Kurde de Paris

گۆرانی پەلکە ڕەنگینە، ئەم گۆرانییە دەبوایە بە جواب واتە تیژبوترایە، بەڵام پەروین بە قەرار واتە گڕ دەیوت لە کاتی پرۆڤە هەرچەند پێمان دەوت بە تیژ بیڵێ نەیئەوت تا کاتی شەوی نمایش چووە تۆنی خۆی بە تیژ زۆر جوانی وت ..

شە وی ١٩٧٦/٧/١٧کە دەبوایە لەوبۆنانە نمایش بکرایە، پەردەی شانۆکەی سانەوییان دڕاندبوو لە کاتی شۆڕشی ئەیلول نازانم لەوێ خەڵکیان خەواندبوو بەتانیان پێوە نەبوو لە ئەسڵدا پەردەیەکی سووری هەبوو کە پەردەیەکی قەدیفەی سووربوو، شانۆکە پەردەی نەبوو، ئەم نمایشە دەبوو یەک هەفتە بەردەوام بێت، بەڵام شانۆکە سیاسی بوو، تازە یەکەم مەفرەزەی کۆمەڵە چووبوونە دەرێ، لەوانە مەحمود کەشکۆڵ، شەوکەتی حاجی موشیر، تۆفیقی رەعنا و حەمەی حاجی مەحمود، عەلی شیعە... هتد

دوای ئەوە نەیانهێشت نمایش بکرێت، دوای چەند ڕۆژێک بە داهاتی ئەو نمایشە پەردەیەکی ڕەنگی سەوزی کاڵمان کڕی بۆ شانۆکە..... دوای ئەم کاتە بە هەموو شانۆکار و ئەدیب بیرمان کردەوە بەشێکی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی بکەینەوە لە هەڵەبجە، بۆ ئەم مەبەستە چەند کەسێکم بیرماوە کە چووین بۆ سلێمانی : سالّح هەژار، جەمالی مەلا قادر ، سەید تەهای شێخ حەمە ئەمین، حەکیم مەلا سالّح، مستەفای ئەحمەد شیرین، لەوانەی کە لە سلێمانی کۆبوونەوە لەگەڵمان تەها خەلیل، بیرم دێت سالّح هەژار بە تەها خەلیلی وت بەهەرکەسێکیان وت خەڵکی کوێیت وتی هێشتا ژنم نەهێناوە، مەبەستی تەها خلیل بوو کە زەکێ خانی کچی ڕەشید عەزیز خێزانی بوو، هەڵەبجەیی بوو، بیرم دێت کە گەڕاینەوە بە جادەی تازەی عەربەت کە تازە دروست کرابوو هاتینەوە، کەهەموومان بە سواری جێبێکی لاندرۆڤەری ستەیشن کە شۆفێرەکەی عوسمانی حەمە کەریمی چاپچی بوو، من لە هە موویان منالّتر بووم لە دواوە دانیشتبووم.. هەر لەو سالّەدا کە هاوین بوو لای کاک عوسمانی ڕەسام ئەم دوو وێنە کارەباییەم گرت لە ڕێکەوتی ١٩٧٦\٦\١٢ کە تازە سەید قادر ئەم جلە شالّە ڕەنگ شینکییانەی بۆ دروبووم، وا بزانم بایی ١٤ دینار بوو دایکم حەزی ئەکرد جلی شالّم هەبێت کە هەموو کەس نەیبوو.

Institut Kurde de Paris



هەڵەبجە ستۆدیۆ عوسمان هاوینی ساڵی ١٩٧٦



هەڵەبجە ستۆدیۆ عوسمان هاوینی ساڵی ١٩٧٦

Institut Kurde de Paris

قۆناغی سێیەمی کۆلێژ لەزانکۆی بەغدا

ساڵی(١٩٧٧)من لە قۆناغی سێهەمی کۆلێج بووم لەبەغدا و هەمیشە بەردەوام بووم لە کڕینی سەرچاوە و کتێبی مۆزیک و دەمخوێندەوە و لە بەشی ناوخۆیی دوو برای هونەرمەندی هەولێریم ناسی کە گچکەکەیان ناوی ساماڵ بوو کە لە کۆلێجی خۆمان بەڕێوەبردن بوو، گیتارو کەمانی دەزانی پێکەوە لە ژورێکدابووین، ئێمە ساڵانە شوێنی بەشی ناخۆییەکەمان دەگوازرایەوە، ئەو ساڵە لە گەڕەکی ڕاغبةخاتون بووین نزیک کۆلێجەکەمان کە بەرامبەر کۆلێجی یاسا بوو، براکەی تری ناوی نضال بوو لە کۆلێجی ئاداب بەشی ئینگلیزی، کەمانژەنێکی چاکبوو هاوڕێی ڕۆژگار خۆشناوی عودژەن بوو. ئەو ساڵە کۆتا ساڵی (لە معهد الدراسات النغمية)بوو لە بەغدا، ڕەنجبەری بۆ ئەوە بوو کە قوتابی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بوو لە بەغدا بەشی کەمان، ئەمان هاوڕێ بوون لە هاوینی ڕابردوودا لە ئاوازی ڕۆژگار خۆشناو گۆرانییەکیان بۆ قادر زیرەک تۆمار کردبوو لە ستۆدیۆکانی تیپی مۆسیقای سلێمانی و لەتەلەفزیۆن لە باخچەی زەورا قادر زیرەک وێنەی گرتبوو بە ناوی: دوورم لە یاران.. ڕۆژێکیان ڕۆژگار هات بۆ لامان لە بەشی ناوخۆیی، ئیترجار جار دەمبینی و ڕۆژێکیان پێکەوە لەگەڵ هەموویان چووین بۆ دوکانی عود دروستکەری بە تواناو بە ناوبانگ محەمەد فاضل دوکانەکەی دەکەوتە گەڕەکی حەیدەرخانە لە کۆڵانێکی دواوە بوو بەرانبەر مزگەوتی حەیدەرخانە لە شارع الرشید، دوکانێکی کۆن، کردبووی بە دوو قات، قاتی سەرەوەی کردبوو بە گەنجینە، دارو تەختەی فڕێ دابووە سەرەوە، تەمەنی حەفتا ساڵێک ئەبوو خۆی و کوڕەکەی خەریکی ئیش کردن بوون، من تا ئەو کاتە نەمدەزانی هێندە بە ناوبانگە لە دروستکردنی عود، وتی من چەندین عودم بۆ مۆزیک ژەنە میسرییەکان دروستکردوە، عودەکانی فرید الاطرش من دروستمکردوون، ماوەی نیو سەعاتێک لای بووین، ئیتر بەردەوام بووم لە چوون بۆ کۆڕی مۆسیقی وکۆنسێرتی تیپی سەمفۆنی عێراقی، ڕۆژێکیان لە ڕۆژنامەی (طريق الشعب) من ئەو کاتە ڕۆژانە دەمکڕی ولە چایخانەی الکندی لە شارع الجمهورية لەگەڵ هاوڕێکانم دانیشتبووم، بڵاوکرابووەوە کە کۆڕێک لەسەر مۆزیکی منالان لە لایەن حسین القدوری کە ماستەری هێنابوو لە هەنگاریا لەسەر

Institut Kurde de Paris

تویژینەوە لە گۆرانی منالاّن کە کتێبێکی بە دوو بەرگ چاپ کردبوو بە ناوی (لعب واغانی الاطفال فی العراق) کە هەرچی یاری و گۆرانی منالاّنی تێدا کۆ کردبووەوە بە وێنەی ڕەنگاو ڕەنگەوە، تویژەرێکی تر ناوی (هادی النعمان الهیتی) کە ئەویش کتێبێکی هەبوو بە ناوی (أدب الاطفال)دوایی من ئەو کتێبانەم کڕی، بۆ ڕۆژی دوایی بە پاس چووم بۆ کۆڕەکە لە بەشی الکرخ بوو، من شارەزای شوێنی کۆڕەکە نەبووم، دوور دابەزیم عەسربوو ڕێگام هەڵە کرد، نزیک القصر الجمهوری بوومەوە کە ئەو کاتە ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆک کۆمار بوو، کاتێ نزیک بوومەوە ئینزباتێکی تەپلە سوورم دی، پاشە و پاش گەڕامە دوا، تا هۆڵەکەم دۆزییەوە و ئامادە بووم، باسەکە سەرنجی ڕاکێشام، چونکە منالێک ناوی بلقیس بوو گۆرانییەکەی دەگووت و پیانۆ ژەنێکی ئافرەتی کریستیان بە ناوی (بیاتریس أوهانسیان)کە مامۆستای پەیمانگا بوو کارەکانی جێ بە جێ ئەکرد، ئەو کۆڕە وای لە من کرد کە گرنگی بدەم بە گۆرانێ و ئۆپەرێت و ئاوازی منالاّن، تەنانەت من چەندین ساڵە نزیکەی زیاتر لە ٣٥ گۆرانی ویاری منالاّنی فۆلکلۆریم تۆژینەوە بۆ کردووە و (جوان)ی خوشکم وێنەکانی کێشاوە.

جارجارە بۆ مۆڵەت دەهاتمەوە بۆ هەڵەبجە ئاگاداری چالاکی هونەری بووم لە شانۆش، ئەوساڵە واتە (١٩٧٧) کۆمەڵێ گەنج هەبوون کە لە گەڕەکی خۆیان شانۆییان پێشکەش ئەکرد، دیارترینیان عەبدولاّی حەمەلاو بەگ، فەرهەنگی حەمەی سمایل، بەهادینی حاجی بەکر، فوئادی حەمە فەرەجی نانەوا و چەندینی تر، تیپێکی شانۆییان دامەزراند بە ناوی تیپی میللی وەفایی، شانۆیەکیان نمایش کرد بە ناوی (شێتی نیشتمان)، کەهەستی نیشتمانی تێدا بوو، لە نووسین و دەرهێنانی فوئادی حەمە فەرەج بوو، لە بەغداش هێرشی حەمەی مەلا ئەمین لە ڕۆژنامەی هاوکاری ببووە فەرمانبەر، خۆی بەشەو لە کۆلێجی اصول الدین بوو بە ڕۆژیش خۆی دامەزراندبوو مووچەی هەبوو جار جار وتاری هونەری یان ڕاپۆرتی دەنوسی، لە کۆلێجی خۆیان چەند کەسێک دەستی نووسین و شیعریان هەبوو لەوانە شێخ سالّح و بورهانی شێخ مستەفا کە دەستی شیعری هەبوو، بووە هاوڕێمان ناسراو بە فەرهاد دوایی چووە دەرەوە لە ڕاگەیاندن بوو بە داخەوە لە بۆردومانی سەرکردایەتی بە فڕۆکە شەهیدبوو، هەڤاڵ کوێستانی لە کتێبەکەی (ئەو کاتەی نیشتیمان هی هەموان بوو)باسی چۆنیەتی شەهید بوونی دەکات.

Institut Kurde de Paris

هەر لە هاوینی ئەو ساڵە چەند هاوڕێیەک سەیرانێکمان ڕێکخست بۆ ئەحمەد ئاوا شەوێکیش لەوێ ماینەوە بریتی بوو لە: سەرکۆ ئەحمەد. ئەفراسیاب ئیبراهیم . ئەحمەد حەمە سوور. جەمال وەستا مەجید. ئەردەڵان محەمەد حسین . مامۆستا جەمال(ناسراو بە جەمالی حەمەڕێوی) هێرش محەمەد ئەمین . نوری عومەری کاکی . فوئادی حاجی خڕە . لە سلێمانیش هێمنی مامۆستا حەمە سەعید بانەییشمان لەگەڵ بوو. ئەم وێنەشمان لە سەرچاوەکەی زەڵم گرتوە .



دانیشتووەکان لە پێشەوە (ئازاد صالح . کلاو لەسەرەکە: فوئادی حاجی خڕە، مامۆستا جەمال (جەمالی حەمە ڕێوی) ، هێرشی حەمەی مەلا ئەمین.

ڕاوەستاوەکان لەڕاستەوە: ئەحمەدی حەمە سوور، ئیبراهیمی عەلی میرزا تۆفیق، نوری عومەری کاکی

هەموو ساڵێک چالاکی قوتابخانەکان چالاکیان دەکرد، ئەو کاتانە م.دلێر ئیبراهیم، عوسمان محەمەد ئەمین، سەلاح ڕەئوف، فێرخوازیان هەبوو لە هۆڵی وەزارەتی پەروەردە، تیپی مۆسیقای نەورۆز کە مامۆستا عوسمان محەمەد ئەمین ودلێر ئیبراهیم سەرپەرشتی ئەکردن ١٩٧٧/٤/١٣ کارزان و فەرمان و زانای مەحمود هەژار و سەباحی سەنتور و بەختیار سەرسپی و چەندینی تر کاری خۆیان نمایش کرد، ئەو شەوە من لەو هۆڵەبووم بە وێنەگرەکەم وت ناوی بەکر بوو خەڵکی قەڵادزێ بوو وێنەیان بگرە، ئەم وێنە تا ئێستاش لای من ماوە،

سروودی (چەند شیرینە لام، لە یلی لەیلێ کاڵەکەم)بە کامێرای ڕەنگاو ڕەنگ وێنەگیرا، کە لە دەرەوەی هۆڵەکە بوو لەسەر جادەکە، بۆ مێژوو ئەڵێم هێندە تامەزرۆ بووم بۆ مۆزیک وەک گۆران ئەڵێت (لەهەر باخێک گوڵێکی سوورم دیبێ/ بۆی چووم هەزار دڕک لە پێم چەقی بێ) هەروەها مامۆستا خالید سەرکار تیپی کێژانی دروستکردبوو، چەند گۆرانییەکی فۆلکلۆری بۆ ئامادە کردبوون وەک (گۆرانی لەرزانەکانی و دەنگی لایەلایەکەت)

لە هاوینی ئەو ساڵە کە پشوو دەستی پێکرد لەخوار هەڵەبجەوە، قوتابخانەی شاهۆم وەرگرت و ویستم نەوەی تازە فێری مۆزیک بکەم، ئەو هاوینە چەندین، فێرخوازم کۆکردەوە لەوانە، ئەحمەد و حەمە ئەمین عەلی سەعاتچی، کە ئەحمەدیان زۆر بە توانا و دەست و پەنجە پاک بوو، ڕزگاری فەرەجی سەعە گۆچان، ناسراو بە ڕزگارەسوور، ئەمانە ئامێری کەمان، بەهمەنی ئەحمەدی دەلاک کە بۆ ئیقاع هاتبوو، هەروەها دوایی بە هەمەن چەندین ئامێر فێر بوو کلارنێت ، فلووت ، باڵەبان، بەم شێوە توانیم کە چەند گەنجێک فێری مۆزیک بکەم لەو لاشەوە ئومێد لەلاوان بوو چەند منالێکی لە خۆی کۆکردبووەوە لەوانە عومەر حەمە ڕەحیم (دانا هە لەبجەیی) منالێکی زیرەک کە لە خانەقینەوە هاتبوو فەلاح حەسەن، هەروەها بەهار حەمە سەعید، پەیمان حەسەن گەڵاڵی و دڵشادی خوشکی و چەندینی تر، بەم شێوە چەند کەسێکی تازەمان هێنایە بواری مۆزیک و گۆرانی.



Institut kurde de Paris

دوای ئەوە من تامەزرۆی ئەوە بووم کە خاڵە مینەی لولک ژەن بناسێنم و لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانەوە ڕاپۆرتێکی لەسەر بکەم، ڕۆژی ۱۹۷۷/۱۱/۳بەیانییەکیان لای مزگەوتی دارالاحسان لە چایخانەکەی تەنیشتی دانیشتبوو من و هێرش و ئەحمەد ڕەشید قەساب جێبێکمان گرتوو بردمان بۆ لای تەقتەقانی گەورەی عەنەب نزیکەی یەک کاتژمێر ئەم دیو و ئەو دیوی کاسێتێکی پڕکردەوە بە پرسیارو شمشاڵ لێدان، من تەسجیلێکی سانکیوم پێبوو، هێرش کامێرا، هێرش لە مانگی دوانزە بڵاوی کردەوە بە ناوی خۆیەوە، کاسێتەکە کەوتە لای ئەو، کە من هەموو پرسیارەکانم ئەکرد، منیش دوای ئەو لە مانگی دوانزە یەکەمین وتارم لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاو کردەوە دەربارەی تیپی مۆسیقای هەڵەبجە.





Institut Kurde de Paris



سـاڵی (١٩٧٨) لە قۆنـاغی چـواری کـۆلیج بـووم و جارجـارە ئـەهـاتمەوە بـۆ هەڵەبجە وئاگاداری کاری هونەری ئەبووم، ئەو کاتە بەشی چالاکی قوتابخانەکان دامەزرابوو. مامۆستا حەمە فەرەج حەمـە مـوراد لێپرسـراوی بەشـی شـێوەکاری بـوو، حیکمەتـی حـاجی تۆفیـق بەشـی مۆسـیقا. ئـەو کـاتە حیکمـەت لە بـامۆک دامەزرابوو وەک مامۆستا، ئەویش لەگەڵ ئێمە بـوو، هەڵکەوتـی شـێخ محـەمـەد، حەمیـدی حـاجی ڕەشـید خوێنـدکار بـوون لە خـانەی مامۆسـتایانی سـلێمانی و مامۆستا عەلی ڕەزا لە تیپی مەولەوی بوو، مامۆستای مۆزیک لەوێ هەندێ وانەی مۆزیکی پێ وتبوون کەمێک نۆتە فێربـبـون، ئـەو کـاتە ئیستیناخ نەبوو حەمید کتێبی فێربوونی مۆزیک کەناوی (ڕۆلاند) بـوو بە دەسـت نووسـیبووەوە، چـونکە خەتی خۆشبوو. هێدی هێدی تەمرینیـان دەکردو بـۆ هـاوینی سـاڵی (١٩٧٧) مـن و هەڵکەوت و حەمید و جار جارەش مستەفا غیاث، هەڵکەوت، شـێخ ئەنـوەری شـێخ ئیبراهیمی مامی بەڕێوەبەری ئامادەیی هەڵەبجەی کوڕان بوو کە ئێستا ناوەکـەی بووە بە ئامادەیی ئەحمەد موختارجاف، کلیلەکەی لێ وەرگرتبوو بە دزێڵایی ئـەو هاوینە تەمرینمان لە نۆتە ئـەکرد، پاشـان ئیسـماعیلی سـەید حـەسـەن سـەعاتچی دەنگی خـراپ نەبـوو ئـامێری ئیقـاع و جازیشـی دەزانـی. مسـتەفا غیـاث دوکـانی خەیاتی پانتۆڵ دروونـی هـەبـوو حـەزی لە گیتـاری (بـاص) بـوو، دانەیەکی کڕی،

Institut kurde de Paris

ئازادی مەحمودی سەراجیش تۆزێ کەمانی دەزانی و گۆرانیشی دەوت، پاشان لە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٧٨/٢/١٨ ئاهەنگێکمان سازکرد لە هۆڵی ئامادەیی کچان، چونکە ئەوە تاکە هۆڵ بوو لە وکاتەدا، بگرە تائێستاش دوای چل ساڵ زیاتر ئێستاش هۆڵێکی شایستەی تێدا نییە ... ئەو کەسانەی وەک مۆزیکژەن بە شداریان کرد ئەمانە بوون

ژ	ناوی مۆزیک ژەن	ناوی ئامێر
١	ئازاد سالح	کەمان
٢	هەڵگەوت محەمەد	کەمان
٣	حەمید حاجی ڕەشید	کەمان
٤	ئازاد مەحمود سەڕاج	کەمان+ گۆرانی وتن
٥	ئومێد نوری	ئۆکۆردیۆن
٦	ئیسماعیل سەعید	شمشاڵ
٧	ئیسماعیل حەسەن	دەف زنجار
٨	ڕزگار صدیق	ئیقاع



Institut Kurde de Paris

سالی ١٩٧٨ هۆڵی سانەوی کۆڕانی هەڵەبجە

لەڕاستەوە: ئومێدی نوری حەمەی نانەوا، ئازاد صالح، ئەوەی دەرنەچووە هەڵگەوتی شێخ محەمەد، حەمیدی حاجی ڕەشید



ئیسماعیل حسن .ئیسماعیل سەعید ،ئومێد نوری، ئازاد سالح، هەڵگەوت محەمەد، حەمید رەشید



پێشکەشکاری نمایشەکە عومەر دڵخۆش



عەلی سەعید جەواهیر

Institut Kurde de Paris



بەختیاری وەستا هاشم



بەهار حەمە سەعیدی کەیخەسرەو

Institut kurde de Paris

ئەم گورانییانەمان ئامادە کردبوو:

ژ	ناوی بەرهەم	ئاواز	هۆنراوە	وتنی
١	گیانە دوێنێ شەو	ئازاد مەحمود	ئازاد مەحمود	ئازاد مەحمود
٢	لەبیرت دێ لەهەڵەبجە	هندی	نیهاد شێخ عارف	ئازاد مەحمود
٣	ئای لەمینا	فۆلکلۆر	فۆلکلۆر	بەهار حەمە سەعید
٤	کەژاڵێ	فەیزی نەژاد	فۆلکلۆر	بەختیار وەستا هاشم
٥	هەی بێنە	حەسەن زیرەک	فۆلکلۆر	عەلی سەعید جەواهیر
٦	چاوڕکە هەولێرییە	حسن زیرەک	فۆلکلۆر	عەلی سەعید جەواهیر
٧	بارانە	فۆلکلۆر	فۆلکلۆر	ئیسماعیل سەید حەسەن
٨	مۆسیقای چۆپی	ولیم یۆحنا	ئەمە پارچە مۆسیقا بوو	

١. ئازاد مەحمود سەراج ، گۆرانی (گیانە دوێنێ شەو بە خەو تۆیان پێ بەخشیم/ فرمێسکی شادی ژین ئەڕژا لە خۆشیم)

ئومێدی حەمەی نانەوا زۆر حەزی لە گۆرانی هیندی دەکرد ئاوازێکی هیندی هی گۆرانی بێژی هیندی (محەمەد رفیع)وەرگێڕابوو بۆ کوردی لەو سەردەمەدا کوڕان و کیژانی عاشقی هەڵەبجەی جاران کە خەڵکە ڕەسەنەکەی خۆی تێدا بوو زۆر حەزیان لێدەکرد، بە ناوی (لەبیرت دێ لە هەڵەبجە ئێواران بەلارو لەنجە)ئێمەش پێشکەشمان کرد.

٢. کێژێکی منالّمان لابوو بەهار حەمە سەعید گۆرانی ئای لە مینای وت کە چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی پێشتر بۆ کێژێکیان ئامادە کردبوو لە تەلەفزیۆن بە ڕەش و سپی ناوی سەباح محەمەد بوو.

٣. بەختیاری وەستا هاشم گۆرانییەکی وت بە ناوی (ئەزیزم کەژاڵی) ئەوەی شایانی باسە ڕۆژێکیان بەختیار ئەم گۆرانییەی دەوت لە ناوەڕاستی گۆرانییەکە بورایەوە، دوایی باش بوو، ئاومان کرد بە دەم وچاویدا و هاتەوە سەر خۆی نازانم لەبەر شەرم بوو یان چی بوو؟

٤.کاک عەلی سەعید جەواهیر کە لە ساڵی (١٩٧٤) لەگەڵمان بوو ناسراو بوو بە وتنەوەی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک دوو گورانی حەسەنی وتەوە (چارۆکە هەولێرییە) (هەی بێنە بۆم بێنە)

٥. ئیسماعیلی سەید حەسەن گۆرانی (بارانە)ی وت، من کاسێتی دەنگی ئەم ئاهەنگەم لایە کاتی خۆی هەڵکەوت و ئومێد تەسجیلێکی سانکیویان لای قاچی خۆیانەوە دادەنا و تۆماریان ئەکرد بەو شێوازە سەرەتاییە.

٦. پارچە مۆسیقای (چۆپی) دانانی ولیەم یوحەنا

پێشکەشکاری نمایشەکە عومەر دڵخۆش بوو کە وێنەکێش و خەتخۆش و دەنگیشی چاک بوو بۆ پێشکەشکاری. ئەو دیکۆرەی لە دوامانەوەیە ئەو وێنەی کێشابوو، کامێرای سینەماییشی هەبوو چەند فلمێکی گرتبوو بە ڕەنگاو ڕەنگ، خۆی خەڵکی سلێمانی بوو فەرمانبەر بوو لە بەدالەی تەلەفۆنی هەڵەبجە. وا باو بوو کە نمایشەکە شەوێک بۆ ژنان و شەوێک بۆ پیاوان بێت.

هەر لەگەڵ ئێمەدا باو بوو کە دوای مۆزیک، شانۆگەرییەک پێشکەش بکرێت کە تیپی شانۆیی ئەو کاتە نمایشیان کرد بە ناوی (لەدایک بوونێکی تر) لە نووسین و دەرهێنانی (بەهادین حاجی بەکر عومەر نەجاڕ) بوو .

Institut kurde de Paris

لە نەورۆزی هـــەمـــان ســـاڵدا واتە ١٩٧٨/٣/٢١ بە هاوکـــاری چـــالاکی قوتابخانەکان:

١ـ مـن ئـاوازیکی مامۆستا ئـەنـوەرم ئامـادە کـرد بـۆ منـاڵان بە نـاوی(دایکی شیرینم چەند خۆشەویستی... بۆ ژیانی من چەندە پێویستی... لە ناخۆشیدا ئەگەیتە فریـام .....چارەسـازمی کە وەختێ گریـام .....ئەوەندەی کە تـۆ منت خـۆش ئـەوێ .....مـن سـەد ئەوەندە خۆشـی تـۆم ئـەوێ) کچێکم هێنـا بـوو کردبـووم بە دایک و بێشکەیەکیشی لە مـاڵەوە هێنـا بـوو بـوکێکی خسـتبووە نـاوی و کـاڵاو و بەسـتەی ژنـانی لەســەر کردبــوو و خــۆی کردبــووە دایــک و کــۆمەڵێ منــاڵ بە دەوریــدا دەسوڕانەوە.

ئـێمە گروپـی مۆزیـک لەو کـاتەدا لە خـوار شـانۆکەوە مۆزیکمـان دەژەنـد بـۆ ئەوەی ببێتە تابلۆیەکی هونەری، وە جێگای نواندنەکە بێتەوە وەک ئۆپەرێت ..

٢. ئومێد ئاوازێکی شێوە دڵداری ئامـادە کردبـوو لەسـەر مـۆزیکێکی هیندی بە ناوی (هانام بردە خالقی هەزارو یەکی ناوە.... لە جێیە وشک و دێمە لە جێیە کانی و ئـاوە ..... دیـم یـارم دانیشـتبوو لە سـەر ئـەو کـانی و ئـاوە هتـد) ئەوانـی تـرم لە بیرنەمـاوە. بە دوو قـوڵی (عبدالباسـطی مەلا جەلال کە ئێسـتا ئیمـام و خـەتیبـی مزگەوتە لەگەڵ کچی کاک ئەمینە سوور بە ناوی(لەمیعـە) ئەیـان وتەوە خەڵکیان سەرسام کردبوو بە جوولەکانیان.

٣. کەژاڵی نوری حاجی حەمە کەریم کوردستانی، دەنگی خۆش بوو، بیرم دێت جلـی کـوڕانەی لەبەر کردبـوو لەگەڵ مشـکی وجـامەدانە و گـۆرانییەکی حەسـەن زیرەکی وتەوە بە ناوی (مالّی یارم بێ وەفا)

پـاش ئـێمە کچـانی قوتابخانەکـان چەنـد تـابلۆیەکی هـەڵپەڕکێـی جوانیـان پێشکەشکرد.

تیپی نواندنی هەڵەبجە شانۆگەرییەکیان ئامادە کردبوو بە ناوی (لافاو) ڕۆژێمی ئەو کاتە نەیهێشت نمایش بکرێت، چونکە ئەو کاتە ڕێکخستنەکانی نـاو شـار زۆر چـالاک بـوون زۆربەشـیان کـاری سیاسـییان دەکـرد و ڕێکخسـتن بـوون، لەوانە حەکیم و بەهـادینی حـاجی بـەکر. بۆمـاوەی ٤ ڕۆژ تـەختەی ریکلام لە نـاو بـازاڕ مایەوە بە عەمودەکەی پاڵ دوکانی حەمەی سافە لە چەقی بازاڕ بوو، جاران تەختە ڕەشێک بۆیاخ دەکراو لێی دەنوسرا وەک ئێستا نەبوو بە فلێکس بێت، مـانگی ٤ گەڕامەوە بۆ دەوام، چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی هاتن بۆ بەغداد و لە ساحەی

Institut kurde de Paris

(علاوی الحلة) شانۆیەک هەبوو پێیان دەوت (المسرح الجوال)کە بەچادرێکی زۆر گەورە وکورسی مودەرجی ڕەنگاو ڕەنگ و شانۆیەکی گەورە کە هەڵئەدرا بە شەو ئۆپەریتێکیان ئامادە کردبوو لە ئاوازی دلێر ئیبراهیم کە منالّانی سلێمانی نواندن و مۆزیکیان دەژەند لەوانە کارزان و فەرمان و چەند منالّێکی تر بە ناوی (بەیتی ڕێزانکێ) کە بۆ تەلەفزیۆنیش تۆمارکرا، بەداخەوە پاش ماوەیەک ویستیان بچن بۆ هەولێر لە دواوە پاسەکەیان، ئۆتومبیلێکی گەورە لێی دان و کارزان و فەرمان برا بوون ئازاد و یەکێکی تریان کە هەموو چوار بوون گیانیان لە دەستدا کە برینێکی خستە دڵی هەموو کەسێکەوە، بە جارێک سلێمانی بۆیان ڕەشپۆش بوو، تەنانەت زۆر کاریگەر بوو لە سەر مامۆستاکەیان دلێر ئیبراهیم، بەو بۆنەیەوە ئاوازێکی خەمناکی بۆ دانا، ئەسعەد قەرەداغی وتیەوە .

Institut Kurde de Paris

ساڵی ١٩٧٨ کۆلێژم تەواوکرد و کرام بەسەرباز

لە ساڵی (١٩٧٨) پێش دەرچوونم لە کۆلێج وێنەی دەرچوونمان گرت و لەگەڵ ئەو قوتابی و مامۆستایانەی کە وانەیان پێ دەوتین بە داخەوە (گرتبوومە ناو چوارچێوە و فەوتا لە کاتی کیمیابارانەکە).

بۆ هاوینەکەی دەرچووم و وێنەی دەرچوونەکەم بە کڵاو و ڕۆبەوە گرت لە ستۆدیۆ هونەر لە سلێمانی لە کۆتایی شەقامی مەولەوی تا ساڵێ (٢٠٠٥) مابووم، ئەویش دوایی فەوتا ...

ژیانی من هێندە هەڵبەزو دابەزی دیوە مەگەر خۆم بزانم، چاوەڕێی ئەوە بووم بکرێمە سەرباز هەرواش بوو بۆ سەرەتای مانگی حەوتی (١٩٧٨) چەند کەسێکمان چووین بۆ تەجنیدی هەڵبجەو سەوقیان کردین بۆ سەربازی لەوانە من بووم، سەرکۆ بوو، نەوزادی حاجی ئەمین بوو، حەمیدی مەلا نوری کە پێکەوە لە پۆلێک بووین . قاسم ناوێک کوڕی حاجی تاهیری بەزاز بوو بە ئەسڵ خەڵکی وارماوا بوون، خزمی جەمیل و کاملی حەمەو بەگ بوون، کە ئەویش تەجنیدی هەڵبجە بوو کۆلێجی هەندەسەی تەواو کردبوو، لێرەوە دوای نیوەڕۆیەک بە

(مأموری سه ربازی) بردیانین بۆ ئینزیباتخانەی سلێمانی و ئەو کاتە دایکم هاتبوو بە دوامدا و لەگەڵ پووڕە فەخریەم هاتن بۆ لام. ئەو شەوە لە حامیەی سلێمانی بووین بۆ سبەی سەربازێکی ترمان لەگەڵ بوو ناردیانین بۆ بەغداد ئەوسا وا بوو بە مأمور دەبرایت، زۆر ناخۆش بوو یەکەم جارم بوو شتی وا ببینم وکۆت و بەند و ئەمر کردنی تێدا بێت، دوای ئەوە ئێمە براین بۆ مەعسکەر الرشید بۆ کۆلێجی (الضباط الاحتیاط) جاران وابوو ئەوەی کۆلێجی تەواو بکردایە دەبرا ئەگەر بە دڵیان بوایە دەبوویتە ئەفسەر، چەند ڕۆژێک لەوێ بووین بەڵام خۆشبەختانە لە ناو بەغدا بووین، مۆڵەتیان دەداین کە دابەزین و شەو لە (ئوتێل شیرین)بووین لەگەڵ حەمیدی مەلا نوری لە شارع الجمهوریة، چەند ڕۆژێک لەو کۆلێجە هەموو جۆرە پشکنینت بۆ ئەکرا بۆ ئەوەی ببیتە ئەفسەری احتیاط، من لە هەموو پشکنینەکان دەرچووم و سەرکۆ بوو بە ئەفسەر، بەڵام ئەو کاتە عیراق بەرە و پێشکەوتن ئەڕۆشت پێویستی بە توانای گەنج و خوێندەوار بوو، ئەو کاتە ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆک کۆمار بوو بڕیارێکی دەرکرد بۆ دوو کۆلێج، کۆلیجی بەڕێوەبردن و ئابووری لەگەڵ ئەندازیاری بۆ ماوەی دوو ساڵ دواخراین (تأجیل) کراین و ئەو کاتە بە سیستەمی مەرکەزی دادەمەزرایت، من بەر وەزارەتی کارەبا کەوتم هەروەها حەمیدی مەلا نوریش ئەو لە بەشی (موختەبەری بیناسازی) .

ئەو کاتە محەمەد عایش وەزیری پیشەسازی بوو، دوای ساڵێک صەدام کە بوو بە سەرۆک کۆمار چەند کەسێکی لە ناو برد و کوشتنی، لەوانە محەمەد عایش، محمد محجوب و خالد عبد عثمان، نعیم حداد وزۆری تر، ئەم وەزیرە یەکێک بوو لەوان کە لەوەو پێش سەرۆکی نەقابەی کرێکارانی عێراق بوو، ئیتر وا نیاز بوو لە فەرمانگەی کارەبای سلێمانی دامەزرێم و ناوم چوو بۆدائیرەی ئەمن کە ئایا هیچم لە سەر نییە، بەڵام پێش ئەوە لە داخلی یادەوەرییەکانی جیڤارام ئەخوێندەوە و خەریک بوو تێکەڵی سیاسەت بم، بەڵام نەبووم بە هیچ، هەر چەندە هەواداری بیری چەپ بووم، بەڵام سەر بە هیچ ڕێکخراوێک نەبووم، پاش مانگێک ناوم هاتەوە ولەگەڵ عەبدولڕەحمانی جەلالە شەل کە دەرچووی پیشەسازی بوو ناومان هاتەوە و دامەزراین، من لە خەیاڵ بووم لە فەرمانگەی کارەبای سلێمانی دەوام بکەم، بەڵام مالّمان لە هەڵەبجە بوو کە چووم بۆ لای بەڕێوەبەرەکە ناوی (حەسەن زێوەر) بوو پێموت دەمەویت لە هەڵەبجە دەوام بکەم، وتی ئارەزووی

Institut Kurde de Paris

خۆته و وای کرد و له مانگی یانزەی ئەو ساڵە دامەزرام بە (ی .ژمێریار) ئەو کاتە چەند کەسێکی تر دوای من دامەزران و خەڵکی عەبابەیلێ و دوو هاوڕێی یەک بوون ودوو کەسی قسە خۆش(شێخ حەمە سالّح و حەمە رەشید هۆمەر وە دوو کچ قومری عبدالله وفاتمە سبحان) زۆربەی فەرمانبەرانم دەناسی لەوانە هونەرمەندان جەمال مەلا قادر، حەمە سەعید مەلا محەمەد، کەمالی ناهید، عومەری حاجی عیزەت کە باوکی خاڵی باوکم بوو، مەحمودی حەسەن موانی، حامیدی مە لا محەمەد – ئە مین صندوق بوو ئەوانی تر عداد بوون و دوایش محەمەدی ئەحمەدی کارەباو چەند کرێکارێک تا ئیستاش ماون بە ناوی ئەحمەد قاجری هەروەها عەزیزە سمێڵ و چەندانی تر و بە ڕێوەبەرەکەش شەهید تۆفیقی کارەبا بوو کە زۆر هاوکاری ئەکردم، بە ڕاستی زۆر نامۆ بوو بۆ من لە خانووەکەی حاجی خرە دا بووین بەرامبەر چایخانەی شنرۆێ کە کۆن باخچەی عەلە بەڕانی بوو، من تاقەتی ئەو دەوامەو ئەو شوێنەم نەبوو، زۆر جار بیانووم ئەدۆزیەوە بۆ ئەوەی کاری هونەری بکەم و نەچم بۆ دەوام، لەو کاتەدا موچەکەم ٤٩ دینار بوو، هەر بۆ خەرجی خۆم بوو، من پەیوەندیم لەگەڵ خێزانی حەمەی مەلا ئەمین چاک بوو بە تایبەتی هێرش، زۆر هاوڕێم بوو، مامیشی کاک فەرەجی مەلا ئەمین سیاسییەکی چەپی تێکۆشەربوو، زۆر جار لای دادەنیشتم دوکانەکەی لە شوێنی ئەو شوێنەی کە ئێستا پێی دەڵێن کتێبخانەی هەژار موکریانی لەوێ بوو وەکالەتی (الاجهزة الدقیقه)ی هەبوو وەک تەلەفزیۆن و مەوادی کارەبای تەسجیلێکی(ڕایزنگ)م بە قیست لێکڕی بۆ خۆم، دەنگی زۆر خۆش بوو لەگەڵ تەلەفزیۆنێکی توشیبا، من شەوانە هاوڕێکانم وەک حیکمەتی حاجی تۆفیق، ئەحمەد ڕەشید برای ئە سغەر ئەهاتن بۆ لام، دایکم جوانترین خزمەتی ئەکردن.

لەو ساڵەدا ئێمە لە مەڵبەندی لاوان لای سەرا لە ڕێگای بامۆک لە خانوویەکی گەورەدا بووین، لە سووچەکەدا، نازانم ئێستاش ئەو خانووە ماوە نازانم هینی کێیە؟ ئیتر ڕۆژانە قوتابی ئەهات و ئێمەش پرۆڤەمان پێ دەکردن و هەڵکەوت هەفتانە ئەچوو بۆ سلێمانی و لە لاوانی ئەوێ ئامێری مۆزیکی و پێداویستی بۆ دەهێناین و هەڵکەوتیش هەر ئەو ساڵە لە سیروان ببووە مامۆستا، تیپی نواندنیش هەر لەوێ بوون، چونکە هیچمان مۆڵەتمان نەبوو، چەندەها فێرخوازی تر هاتن بۆ لامان کە دواتر باسی دەکەم.

Institut Kurde de Paris

چالاکییەکانی ساڵی ١٩٧٩

ساڵی (١٩٧٩) نزیک بووەوە و لە سەرەتای ساڵدا دەستمان کرد بە پرۆڤەکردن و لە ڕێکەوتی ١٩٧٩/٢/٢٠ توانیمان ئاهەنگێک ساز بکەین بەم شێوەی خوارەوە و ئەم ئەندامانە بە شداربوون کە چەند فێرخوازێکی تر فێربوون لەوانە: ئەحمەد عەلی کە دەست و پەنجەیەکی جوانی هەبوو لە ژەنین، ڕزگار فەرەج، محەمەد ئەحمەد کارەبا، بەهمەن ئەحمەد، عومەرحەمە ڕەحیم (دانا هەڵەبجەیی)، ئیسماعیل سەعید (ڕۆحی شاد بێت)، چەندینی تر.

ئەمە خشتەی ئەو بەرهەمانەیە کە ئاماژەم پێداوە

ژ	ناوی ژەنیار	جۆری ئامێر
١	ئازاد صالح	کەمان
٢	هەڵکەوت محەمەد	کەمان
٣	ڕزگار فەرەج	کەمان
٤	ئەحمەد عەلی	کەمان
٥	محەمەد ئەحمەد کارەبا (حەمە قیادە)	کەمان
٦	ئومێد نوری	ئۆرگ
٧	ئیسماعیل سەعید	ئۆکۆردیۆن
٨	عومەر حەمە ڕەحیم (دانا هەڵەبجەیی)	مثلث
٩	بەهمەن ئەحمەد	ئیقاع

ئێمە گۆرانی بێژەکانیشمان ئەکرد بە کۆرس و گۆرانیشیان ئەوت لەوانە بەختیار وەستا هاشم، سیروان عەلی ڕەزا، عەلی سەعید جەواهر، هەردی تۆفیق.... هتد.



Institut kurde de Paris

ئەو کارانەی لەو ساڵەدا پێشکەشمان کردووەو بە کاسێت لەلام هەیە:

١. سروودی ئەی وەتەن چەند خۆشەویستی، هۆنراوەی زێوەر و ئاوازی کۆن

٢. عەلی سەعید جەواهیر دوو گۆرانی حەسەن زیرەک (نەسرین، کۆرپەی دڵەکەم ئارەزوو)

٣. دارا محەمەد عوسمان، تازە گۆرانی(ئای بە ناز)ی لە تەلەفزیۆن تۆمارکردبوو لەگەڵ تیپی مەولەوی و نامدار قەرەداغی بۆی ئامادە کردبوو ئەو شەوە لەو ئاهەنگە بوو بانگمان کردە سەرەوە ئەو گۆرانییەی گوت...

٤. سیروان عەلی ڕەزا ئاوازێکی خۆی هەبوو من مۆسیقام بۆ ئامادەکردو ئیتر کەوتمە ئامادە کردنی مۆزیک و ئاوازدانان

٥. ئاوازێکی منالانم دانا و کردم بە تابلۆیەک بە (جلی شیفۆنی مۆر)، مستەفای خەیات کە دوکانەکەی نزیک دوکانی کاک دلێری مامە عومەر فەرەج بوو کە ئەویش دوکانی خەیاتی جلی ژنانی هەبوو بەرامبەر چایخانەی خاڵە و جلەکانی درووی و باڵی بۆ کرد وەک کۆترێک...

شیعرەکە بەناوی (کۆترێکی نەشمیلانە) بوو لە شیعری لەتیف شێخ عارف و تیپەکە لە خوارەوە بوو، کچێکی تازە پێگەیشتوو کە دراوسێ و خزمان بوو(نەخشین کچی جەلالی وەستا مەردان) لە خواری شانۆکە دانیشتبوو لەگەڵمان و لەسەر شانۆ ئەو کێژێکی قژ زەردی جوان ناوەکەیم لە بیر نەماوە کچی مامۆستا شێخ ماجد عەبابەیلێی بوو جولّەکانی دەکرد لەسەر شانۆ.

٦. ئاوازێکی فۆلکلۆریم بە ناوی (بەتۆری کرد بۆ تۆرای، هۆ گولّە لەسەر چی تۆرای، ڕاوەستاوە لە دووی دەری، دوو گولّی داوە تەوقە سەری، سەد سالّ ئەبم بە نۆکەری، بە شەرتێ پێم بڵێ کوێنەری، نازدارەکەم کێ لێی دای) شێوازێکی وام دروستکردبوو کە کچێک بەرامبەری بوو وەک ئەوەی دلّداری لەگەڵ بکات، هەمووشیان منالّ بوون لەوانە کچەکانی حەمەی سۆفی زۆر جێگای سەرنجی بینەران بوون خۆم پێشەکی مۆسیقایەکەیم بۆ دانا.

دوای ئەم ئاهەنگە پەیامنێری هاوکاری ڕاپۆرتێکی نووسی لە سەری ئەوەی شایانی باسە کاک ئەحمەد عبدالله (ڕۆحی شاد بێت) ستۆدیۆی وێنەگرتنی هەبوو لە کانی قولّکە، دەهات وێنەی دەگرت و بۆ سبەی هەمووی لە جامخانەکەدا دادەنا کە زیاتر لە پەنجا وێنە دەبوو، ئیتر ئەندامەکان لە کۆرس و مۆزیک و گورانی بێژ

Institut kurde de Paris

دەیانکڕی، هێندەی لە یادەوەریم ماوە گۆرانی بێژێکی میللی هەبوو (خولەی شێرالی)بانگم کرد و یەک دوو گۆرانی وت لەو ئاهەنگە، بە ناوی (هەی زێنی عەمرم زێنی / زێنێم خەڵکی گەرمێنێ). ئەمەش وێنەو بە تۆماری دەنگیش مامۆستا هەڵکەوت بە تەسجیلێکی سانکیو لە ژێر کورسیەکەی خۆی تۆماری کردوە.



عەلی سەعید جەواهیر





Institut Kurde de Paris



تابلۆی بۆ تۆرای (هەردی تۆفیق)

دوای ئێمەش تیپی نواندنی هەڵەبجە شانۆیی (مەسەلەی ویژدان) کە حەکیم مەلا سالّح سوودی لە چیرۆکی مەسەلەی ویژدانی ئەحمەد موختارجاف وەرگرتبوو خۆشی دەرهێنانی بۆ کرد.

ئێمە لەگەڵ ئەندامانی تیپی شانۆ پەیوەندییەکی توندو تۆڵمان هەبوو کە (حەکیم ، ڕزگار سدیق (ڕۆحی شاد)، عبداللەی حەمە لاو بەگ، بەهادینی حاجی بەکر، شێرکۆ سەعید قەساب، کامەران ئەحمەد کارەبا، عومەری مینە، سەلاح حاجی عەلی، بەرزان عەینەدین، زۆری تر، تا ئێستاش ئەو پەیوەندییەم ماوە لەگەڵیان، دوایش عوسمان عبدالله وجەلال عوسمان و ڕێبوار و نزار نوری برای و چەندینی تر ..

Institut kurde de Paris

هاوینی (۱۹۷۹) و هاتنی چەند ئەندامێکی تر

بۆ هاوین بەردەوام بووین لە خول کردنەوە بۆ فێرخوازانمان و چەند قوتابیەکی ترمان هێنایە پیزی هونەرەوە ....

پاشان هەر لە ساڵی (۱۹۷۹) کامێرایەکی سینەماییم لە سلێمانی کڕی کە فلیمی ٦ ملیمی ڕەنگاو ڕەنگی دەخوارد ماوەکەی ۳,٥ چرکە بوو چەندین گۆرانیم پێ وێنەگرت کە پاشان باسی دەکەم ...

ئەم چالاکییە سەرکەوتوو بوو، بۆ هاوینەکەی زۆر فێرخواز و گۆرانی بێژ هاتنە لامان تا ئێستاش پەیوەندیمان هەیە لەوانە :

هۆشیار حەمە فەرەج خۆی دراوسێی ماڵمان بوون کە نانەوا خانەکەیان خوار ماڵمان بوو، لە گەڕەکی سەروو مزگەوتی دار الاحسان، نزیکی عەسرێکی هاوین بوو، هۆشیار لەگەڵ عەلی سەعید جەواهر هاتن، بیرم دێت لە سەر دوو کورسی دانیشتن کە بە چەرمی سوور داپۆشرابوو، من وشیارم ئەناسی نەمئەزانی حەزی لە گۆرانییە و زیاتر لەگەڵ ڕەوان شادان شاهۆی برای و حەمە باڵا بەرزو عەلی وەرزشی دەکرد، وتم شتێک بڵێ و دەستی کرد بە گۆرانی وتن گۆرانییەکی خەلیل عەبدولرەحمانی وت (بۆ لێم زیزی نام دوێنی) و دوایش چەند گۆرانییەکی حەسەن زیرەکی وت، وتم دەنگت چاکە و تەمرین بکەو بەشداربە لەگەڵمان.

هۆشیار هەموو گیانی بوو بە عارەق نازانم شەرمی ئەکرد، ئیتر لەو ساتەوە هاتە بواری هونەروقاڵ بووەوە و تا ئێستا گۆرانی بێژیکی سەرکەوتووە...

هەر لە هاوینەدا بوو نیوەڕۆیەکی گەرم بوو سەریاسی حاجی کەریم بۆ کۆچ کردوو سارەوانی حاجی کەریم ئەوبەری کە بە ئەسڵ خەڵکی سولاسی باوەجانن، کە هاوڕێم بوو لە منداڵیەوە، کەمانێکی بۆ هێنام وتی کاک ئازاد کۆکی بکە، وتم هی خۆتە وتی نا هی کوڕێکە ناوی عەزیزە، چوومە دەرەوە سەیرم کرد ماوەی سەد مەترێک دوور لە لای ماڵی مستەفا بەختیارەوە وەستاوە لەبەر سێبەرەکە بانگم کرد ئیتر بیرم نایەت هات یان نەهات، دوای چەند ڕۆژێک ئەویش دەستی کرد بە هاتوو چۆی ئەو مەڵبەندە و بووە دۆست و ئەندام لە تیپ و چەندین ئامێری ئاڵ و گۆڕ کرد ،کەمان، عود، سکسافۆن، چەلۆ ...

Institut Kurde de Paris



شوێن مەڵبەندی لاوان لە ڕێی بامۆکی، لەڕاستەوە : نەوزاد محمد صۆفی، عەزیز حەمە کەریم، ئاراس شێخ جەمال، عومەرحەمە ڕەحیم (دانا هەڵەبجەیی)

ڕۆژێکیان ئاراسی شێخ جەمال هات بۆ لامان نامەیەکی ئارامی برای پێ بوو کە تیادا نووسرا بوو وا ئاراسی برام دەنێرمە لاتان بەڵکو فێری مۆزیک بێت و ئاگاداری بن، چونکە باوکیان نەمابوو ئەو سەرپەرشتی دەکردن وەک برا گەورە، ئێمەش بە خۆش حاڵییەوە ڕەزامەندیمان وەرگرت، هەر بەهۆی ئاراسەوە شوانەی عەلی مەجیلان و نەوزادی حەمەی سۆفی نزیک بوونەوە و شوانە چووە سەر ئامێری کەمان و نەوزادیش ئۆکۆردیۆن، هەروەها کورێکی تر کە ناوی فەلاح بوو خەڵکی خانەقین بوو کە ئاوارە بوون کورێکی زیرەک و چاپووک و زیتەڵ هاتە سەر ئۆکۆردیۆن.

پاشان ڕزگاری شێخ سدیق کە ماڵەکەیان نزیک بوو، لە خێزانێکی ڕۆشنبیرو سیاسی بوون و برای ڕەوان شاد حەمە ئاوات هاتە هاتوچۆ کردن و تەمرینکردن، ژووریکی بچوک هەبوو لە دواوە تەختەیەکی ڕەشمان دانا بوو، من یان هە لکەوت وانەی تێوریمان پێدەوتن، وردە وردە هەندێ ئە ندامی تازەمان دروست کردوو هەندێکیش دوورکەوتنەوە، ئەو ساڵە ماموستا سەلاح ڕەئوف کتێبی فێربوونی کەمانچەی چاپ کردبوو بە کوردی، زۆر سوود بەخش بوو، هەرچی پارچە

Institut kurde de Paris

مۆسیقای وەک: لاوک و تانجەرۆ، ئەنوەر قەرەداغی: مەم و زین، کوێستانان، شایی ... هتد فریشتە و کاروان: هی خالید، نەسرین و سەما هی ولیم یوحنا و چەمی ڕێزانی هی حەسەنی حاجی قاسم ... زەردەخەنەی فرەنسیس داود، چەندینی تر کە هەموویم بە وردی لەبەر کردبوو. وە هەر ئەو ساڵە بوو هەڵکەوت لە لاوانی سلێمانی ئۆرگێکی هێنا و ئومێد چووە سەری زۆر دڵخۆش بوو پێی، ئەمانە یادەوەری ئەو ساڵەن کە لە یادمدا بێت، دوای لێبوردن ئەکەم کە ناوی هەر کەسێکم لە بیر چووبێت، چونکە زۆربەی ئەم کەسانە هاوڕێمن، هەر کەس هەر یادەوەری یان زانیاری یان ڕەخنەی هەیە ئەتوانێت ڕای خۆی بڵی من هەموو شتێکم لە یاد نییە، لەوانەیە لە مێژووەکە پاش و پێش و لە بیرکردنم کردبێت نازانم .. سوپاس بۆ هەر زانیارییەک.

ئێمە (فۆرم)ێکمان چاپکردبوو بۆ وەرگرتنی ئەندام تا ئێستاش زۆربەی ماوە لە ئەرشیفی تیپی شنرۆ.

Institut kurde de Paris

دروستکردنی تیپی منالاّنی (ماملێ)

ئێمە لە فێرکردنی فێرخوازان بەردەوام بووین و توانیمان گروپێکی منالاّنیش دروست بکەین کە خۆیان ناوەکەیان هەڵبژارد بە ناوی (ماملێ)وە، هەر لەو شوێنەدا پرۆڤەیان دەکرد لەگەڵمان، ئەو کاتانە کەسێک بەڕێوەبەری لاوان بوو ناوی ئەنوەر محەمەد ڕەشید بوو کە شاعیر بوو و خەڵکی سلێمانی بوو کلێتەیەکی ڕەش وسپی لە سەربوو لە کاتی ئەودا زۆر چالاکی ئەدەبی و هونەری ئەنجام درا تەنانەت هەر جارەی کەسێکمان کۆڕەکەمان دەبرد بەڕێوە.

جارێکیان کۆڕێک بۆشاعیر و نووسەر محەمەد حەمە باقی بەسترا، من کۆڕەکەم بەڕێوە برد، هەر هەفتەی جارێ کەسێکی بانگ دەکرد لە شاعیرو نووسەرە بە ئەزموونەکان یان تازە پێگەشتووەکان، لەوانە: شێرکۆ بێکەس، ڕەئوف بێگەرد، جەمال غەمبار، بەرزان هەستیار، بەیاد عبدالقادر.

هەروەها لە هەڵەبجەش هەندێ شاعیری لاو هاتبوونە بواری شیعر، لەوانە جەباری حاجی کەرەم خان، فاروق فەتاح هەڵەبجەیی(ف .ف .ه) و دڵشادی عومەری کاکی، ئیبراهیم هەورامانی، جەلال عازەبانی، پاشان لە سااڵنی سەرەتای هەشتاکان سەلاحە ڕەش وەک شانۆکار پاشان وەک شاعیر دەرکەوت، جموجوڵێکی هونەری وئەدەبی زۆر کەوتە ناو هەڵەبجەوە، بە هونەرو ئەدەب و تەنانەت وەرزشیش .

کۆتایی ساڵی (١٩٧٩) بوو بەڕێوەبەری لاوانی سلێمانی ناوی (عەلی وودی) کە عەرەب بوو لەگەڵ حسین جمبوش کە لێپرسراوی بەشی مۆزیک بوو خۆی ئە ندامی تیپی مۆزیکی سلێمانی بوو. هاتن داوایان لی کردین کە بەشدار بین لە ئاهەنگی سەری ساڵ بۆ ١٩٨٠/١/١ لە ئوتێل حەسیب ساڵح، ئێمەش دەستمان کرد بە پرۆڤە کردن، سەیر بوو چونکە ئێمە یەکەم جاربوو لە یادێکی وا بەشدار بین یەکەمین کار سروودێکمان ئامادە کردبوو، چونکە شارەزای ئاهەنگی سەری ساڵ نەبووبووین، هەر لە سلێمانیش تازە بوو، هەردوای ئەوە بۆ شەوی ١٩٨٠/١/١ چووین بۆ سلێمانی لە ئوتێلێک دابەزین کە نزیک ئەوێ بوو لە بازاڕی سەعید تەها کۆیی ناوی ئوتێل هیوا بوو، ئێمە عەسر گەشتینە سلێمانی، دوای پیاسەیەک و نان خواردنی ئێوارە، نزیکەی کاتژمێر هەشت دەستمان کرد بە نمایش و هۆڵەکە چەند مێزێک و بە دەوریدا وچەند کورسییەک و شانۆکەش ڕازابووەوە بە گڵۆپ و دیکۆری جوان، هێندەی نەبرد پڕ بوو لە خێزان و کچ و کوڕی لاو و جلوبەرگی نیمچە ڕووتی کیژان و هێندەی نەبرد هۆڵەکە جۆش و خرۆشی تێکەوت و سەر مێز ڕازابووەوە بە چەندین خواردن و خواردنەوەی جۆراو جۆر هۆڵ جمەی ئەهات لە ئاوازو گۆرانی وردە وردە مەست ببوون، ئێمە کاری خۆمان ئەنجام داو لەو چالاکییەدا وشیاری حەمە فەرەجیشمان لەگەڵ بوو، ئیسماعیل سەعید فێری ئامێری کلارنێت ببوو من پارچە مۆزیکێکم دانا بوو ئەو شەوە دوای ئێمە تیپی جازی ڕۆژ ئاوایی وا بزانم تیپی مۆسیقای بابان بوون بە خۆیان و جازو گیتارەکەیان هاتنە سەر شانۆ و چەندین کیژو کوڕ هاتنە سەر شانۆ و جوانترین دانسیان ئەکرد لارو لەنجەی جەستە و بۆنی عەتر و دەنگی مۆزیک، جلی ئاڵووااڵ هەندێکیان بە پانتۆڵی ڕەشی چەرمەوە چەسپ ببون بە جەستەیانەوە وەک ماسی لە ئاودا سەمایان ئەکرد کە شیعرەکەی گۆرانم بیر ئەکەوتەوە بە ناوی (شەوێک لە عەبدوڵا)

Institut Kurde de Paris

ئەوشـەوە م.سـەلاح ڕەئـوف لەوێ بـوو لە هـۆڵی دانیشـتنەکە، کە هـاتە لامـان سەرسامی خۆی دەربڕی بە ژەنینی کلارنێت ژەنەکە، پاشان ئیبراهیم خەیات هاتە لامان، تۆزێ گۆرانی گیانەکەم بۆ وات لێ کردمی وت بۆمان، منیش کەمانەکەم پێ بوو، لە گەڵیدا من بە کەمان و ئیسماعیل بەکلارنێت دەمانژەند بۆی، بە ڕاستی لای من شەوێکی پەمەیی و ناوازە بوو کە هەرگیز لە یادم ناچێتەوە .

چالاکی ساڵی ١٩٨٠

بۆ مانگی دووی ١٩٨٠ لەگەڵ تیپی شانۆ خۆمان ئامادەکرد بۆ چالاکییەکی تر، کە بۆ ماوەی ٦ شەو نمایشمانکرد، ئەو کاتە تیپی منالاّنیشمان ئامـادەکردبوو لە ڕێکـەوتی ٢/١٤/تـا ١٩٨٠/٢/٢٠ بەردەوام بـوو کە شـەو دوای شـەو قەرەبـاڵغتر ئەبوو، ئەندامانی موزیکژەن بریتیبوون لە:

ژ	ناوی ژەنیار	جۆری ئامێر
١	ئازاد سالح سەرپەرشتیاری گروپ	کەمان
٢	حیکمەت تۆفیق	کەمان
٣	هەڵگەوت محەمەد	کەمان
٤	ئەحمەد عەلی	کەمان
٥	عومەر حەمە ڕەحیم	کەمان
٦	ئومێد نوری	ئۆرگ
٧	مامۆستایەکی خانەقینی بوو ناوەکەیم لە بیر نەماوە	شمشاڵ
٨	ئاراس شێخ جەمال	دەف
٩	ئیسماعیل سەید حەسەن	جاز
١٠	بەهمەن ئەحمەد	ئیقاع
١١	ئیسماعیل سەعید	کلارنێت
١٢	عەزیز حەمە کەریم	سکسافۆن

Institut kurde de Paris

وەک وتم سوودمان لە گۆرانی بێژەکان وەرئەگرت بۆ کۆرس کە نۆبەیان ئەهات دەهاتن گورانییەکەیان دەوت کۆرسەکانیش لە وێنەکەدا دیارن

لەوانە: بەختیار وەستا هاشم، شەهید (شاهۆ)، ئاراس حاجی سەعید سەعاتچی، هۆشیار حەمە فەرەج، شوان عەلی مەجیلان، ڕزگار سدیق، نەوزاد محەمەد سۆفی، ڕزگار خالیدی ئامۆزام و چەندینی تر



ئێمە ساڵێک لەوەوبەر واتە هاوینی (١٩٧٩) ناوی تیپی مۆزیکی هەڵەبجەمان گۆڕی بۆ (شنرۆ) ئومێدیش پیشنیاری کرد وتی (شنرۆ) مامۆستا ع.ع شەونم ئەڵێت واتە شنەی شەو ڕەوێ، واتە کە بەشەو سەردەکەویت پیایدا شنەیەکی فێنک دێتە گیانت.

ئەم گۆرانی و سروودانە پێشکەش کران لەو ئاهەنگە:

١. لە خەو هەڵسن درەنگە، شیعری ئەحمەد موختارجاف، ئاوازی ئومێد نوری، ئامادەکردنی ئازاد سالّح

٢. پارچە مۆسیقایەک بە ناوی (شنەی مۆردانە) من دام نابوو ئاوازەکەیم لە بیرماوە.

٣. هۆشیار حەمە فەرەج، گۆرانییەکی حەسەن زیرەکی وت بە ناوی (دەنگیان نایە)

٤. شاهۆ حسێن، دوو گۆرانی ناسری ڕەزازی وت، ساقی بۆم تێکە لەگەڵ ئەرێ بەناز

Institut Kurde de Paris

٥. بەختیاری وەستا هاشم (ئەزیزم کەژاڵێ مەتۆرێ مەڕۆ لەلام/ ئەزانی کە بەدەردی ئەوینی تۆ موبتەلام)

٦. سیروان عەلی رەزا (هەرمن بێکەسم) کە گۆرانییەکی ناسری پەزازی بوو.

٧. گۆرانی نازەنین لەوتنی (سەباح مەریوانی) ئەم گۆرانییەی لە تەلەفزیۆنی کەرکوک وتبوو زاوای مالّی سەعید چاوشین بوو کە لە کەرکوکەوە هاتبوو لەگەڵمان بەشداربوو. هەروەها دوو منالّی عەرەبیش گۆرانییان وت کچ و کوڕێک گۆرانی (بین العصر والمغرب، مرت لمت خیالة. وعرفت فرس ولیفی، لونها شگرة ومیالة) کە گۆرانییەکی رضا الخیاط بوو، ویستیان سروودێک بڵێن من وتم با گۆرانی بێت کچەکە ناوی رجاء بوو منالّیکی ئەسمەر بوو ناوی کوڕەکەم لە بیر نەماوە.

پاش ئێمە تیپی منالّانی ماملێ دابەزین کە بۆ یەکەمجاریان بوو بێنە سەر شانۆ وەک مۆزیک کە بریتیبوون لەمانە:

ژ	ناوی ژەنیار	جۆری ئامێر
١	ڕوشدی تۆفیق	کەمان
٢	شێرکۆ جەعفەر	کەمان
٣	جەمیل سەید قادر	کەمان
٤	ڕزگار شێخ سدیق	ئۆکۆردیۆن
٥	نەوزاد محەمەد سۆفی	ئۆکۆردیۆن
٦	فەلاح حەسەن خەلکی خانە قین بوو	ئۆکۆردیۆن
٧	سۆران کەمال	گیتار
٨	کەسێک لە خێزانی مایجانەکان بوو (ناوی نازانم)	ئۆکۆردیۆن

Institut kurde de Paris

من هەرچی خوشکەکانی خۆم: نیان، پەیمان، کچانی دراوسێی خۆمان: نەرمین حەمەی لاسلکی، جوانی خوشکی، نازەی حەمەی سابیر و خوشکەکەی نیاز و چەندینی تر هەمووی کۆرس بوون کە ئەو کاتە چەندین منالّمان هاندەدا بۆ ئەوەی بێنە ناو بواری مۆزیکەوە.

هێندەی بیرم بێت ئەم گورانییانەمان بۆ ئامادە کردن:

١. پارچە مۆسیقایەک من دامنا بوو بە ناوی (یادی هاوار) کە بریتی بوو لە حەسرەتێک بۆ داگرتنی گوندەکانی سنوور و دروستکردنی موجەمەعەکان کە

دوو ئۆردوگا دروووست کرا بوون لـه عـەنـەب ، زەمـەقی، سیروان، سـەید سـادق، شانەدەری، لە عـەربەت و نـەسـرو بـاریکە کە بە پێی ڕێکەوتنی جەزائیری نێوان عێراق و ئێران، لادێکـان داگیـران و پێشـتر ئاشـبەتاڵی لێدروسـت بـوو لـه سـاڵی (١٩٧٥) دا.

٢. گـۆرانییەکی فۆلکلـۆری بە نـاوی (خاڵـداری) هـەردی تۆفیـق وتـی کە سەرکەوتوو بوو



تیپی منالانی ماملێ

پاش ئێمە تیپی نواندنی هەڵەبجە شانۆگەری (میرات)ی پێشکەشکرد، نووسینی حەکیمی مەلا سالح بوو کە بە شدارانی شانۆکە دەتوانن ڕۆڵەکانیان بزانن، چونکە من لە یادم نەماوە ..

لە شەوی ١٤ لە سەر ١٥ /١٩٨٠/٦ی هەمـان سـاڵ لە هۆڵی کـارگەی جگەرەی سـلێمانی لە ڤیسـتیڤاڵی مەڵبەنـدی لاوانـی کوردسـتان بەشـداریمان کـرد و ئـەو کـەسـانەی لە تیپـی مـاملێ بە توانـا بـوون بەشـداریان کـرد لەگەڵمـان، ئـەم بەرهەمانەمان پێشکەش کرد:

١. هەمان مۆسیقای یادی هاوار

٢. گۆرانی خاڵداری، ئەمجارە کچێکی منال بە ناوی گۆنا محەمەد ڕەشان

٣. شەماڵ بیشەنێ، وتنی: ڕزگار حەمە سەلیم، ئاوازی من بوو

Institut Kurde de Paris

٤. گورانی مەیرۆ مەیرۆ، وتنی: بەهار حەمە سەعید، فۆلکلۆر

٥. بۆ تۆرای، وتنی : گۆنا محەمەد

لەو بەشداربوونەدا فێرخوازێکی تر بەشداری کرد، ڕزگار محەمەد ڕەشان بە ئامێری کەمان.

لێژنەی هەڵسەنگاندن بریتی بوون لەم بەڕێزانە: ئەنوەر قەرەداغی، خالید سەرکار، فەرەنسیس داود، بیرم دێت من سەرپەرشتیم ئەکردن کە تەواو بووین، م.ئەنوەر هاتە سەر شانۆکەو باوەشی پێدا کردم.

تیپی مۆزیکەکە دووهەم دەرچوو، لەڕەواندوز تیپی پاشای گەورە یەکەم بوو.

کۆرس بە بەشداری لەگەڵ ڕەواندوز، دووەم بوو

لە جل و بەرگدا چوارەم بووین

پاش ئەم کارانە لە ١٩٨٠/٦/٢٠ گەشتێکی هونەری و گەشتیاریمان کرد بۆ دهۆک و زاخۆ ئامێدی و سۆلاف و هاوینە هەواری ئاینشکی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک، من زۆربەی شوێنەکانم بە کامێرای سینەمایی وێنەگرت، بە داخەوە فەوتان، پاش ئە وە لە ١٩٨٠/٧/٢٠ چووم بۆ سەربازی کە دوای من مامۆستا هەڵکەوت سەرپەرشتی دەکردن و دوای من چوون بۆ موسڵ و بەشداریان دەکرد لە ڤیستیڤاڵەکاندا

ئەمە وێنەی یەکێکە لەو چالاکییانە



Institut kurde de Paris

چوونم بۆ سەربازی لە ساڵی ١٩٨٠

لەوانەیە ئەم بەشە پەیوەندی نەبێت بە مۆزیکەوە، بەڵام هەر بەشێکە لە ئازارەکانی ژیان کە لە ١٩٨٠/٧/٢٠ چووم بۆ سەربازی کە دوو ساڵ دواخرابووم، ناردمیانەوە بۆ کۆلێجی ئەفسەرانی یەدەک (کلیة الضباط الاحتیاط) لەوێ وەرنەگیرام، بەڵام چونکە ئێمە دەرچووی کۆلیج بووین دەیان ناردین بۆ ئەو یەکانەی کە خولی تێدا بوو، وەک: تانک، چەکی دژە ئاسمانی، تۆپ، لاسکی، قەڵەم.

ئەو شوێنانەی بۆ سەربازی نەخوێندەوار نەئەکرا، ناردمیان بۆ (مدرسة الدبابات) لە تکریت لەگەڵ هاوڕێکانم یەکمان گرتەوە، لەوانە: حەمە غەریب قادر تەگەرانی، ئازاد مەحمود، حەمید مەلا نوری، دوای ئەوە لەگەڵ چەندین دەرچووەکانی زانکۆی سلێمانی و بەغدا و زۆرکەسی تر، بەڕاستی دنیایەکی سەیر بوولام، لە گەرمایەکی پڕوکێنەر لە پێشدا ئەو چەند مانگە، فێری خولی سەرەتایی و پیادەبووم.

حەمە غەریب ئۆتۆمبیلێکی مۆسکۆفیجی هەبوو زۆر جار دادەبەزین بۆ ناو تکریت و سامەڕا و چووین بۆ شوێنە ئاسەوارەکانی سامەڕا (ملویە سامراء) و تەنانەت چووین بۆ گوندەکەی ئەحمەد حەسەن بەکرو سەدام (العوجە) گوندێکی بچوکی پڕ باخ و باخات بوو، ئەو ساڵە تازە میدیا حسین وکەمال محەمەد لە زیندان، گۆرانی شێخ فەتاح شێخ محێدینیان وتبوو بەو گۆرانییانە ناسران .

ماوەیەکی نەبرد بیرم دێت شەوێکیان لە ناو سەربازگەی تکریت بووین سەدام ڕێکەوتنی الجزائری هەڵوەشاندەوە لەگەڵ ئێران، ئیتر دیاربوو دۆخەکە بۆنی شەڕی لێدەهات و خومەینیش ساڵێک بوو شۆڕشی ئیسلامییان کردبوو لە ئێران، ئەوەی پەیوەندی بە هونەرەوە بێت کە بە مۆڵەت ئەهاتمەوە سەردانی مەڵبەندی لاوانم ئەکرد و ئەو کاتەش کامێرا سینەماییەکەم هەبوو فلیمم بۆ دەکڕی مارکەی (کۆداک)بە دینار و نیوێک و پارەی شتنەوەکەشی لەگەڵ بوو ماوەکەی ٣,٥ خولەک بوو کە فیلمی ٦ملیمی دەخواردو ڕەنگاو ڕەنگ بوو، لە پێشدا بە دەنگ تۆمارمان ئەکرد بە تەسجیلێکی ڕایزنگ و من مۆزیکم لێدەدا و تایتڵەکەش بە کارتۆنێکی ئاسایی و وێنەم ئەگرت و زۆربەی ئەو منالانەم دەبرد بۆ باخەکانی گوڵان وێنەم دەگرتن و من خۆم دەرنەئەچووم، وێنەی ئەوانم ئەگرت و سەرباری سەربازیم لە ١٩٨٠/٨/٢١ وێنەی گۆرانییەکم بۆ (هەردی تۆفیق) گرت بە ناوی

Institut Kurde de Paris

(ئامەکەو ئامینم)و بە پۆستەدا ئەمنارد بۆ لەندەن، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین کۆبوونەوەمان دەکرد بۆ چالاکی نوێ و ئابوونەشمان کۆ دەکردەوە لە گیرفانی خۆمان کە تا ئێستاش وەک ئەرشیف ئەو نوسراوەم لاماوە و بڵاوی دەکەومە بزانن چۆن بە دڵپاکی کارمان دەکرد گەر بەراوورد بکرێت بە ئیستا کە هەر کەسێک پێش ئەنجامدانی کارەکە ئەڵێت چەند پارەی تێدایە؟

پاشان لەوێ ئێمە تا مانگی ٩ ماینەوە ئینجا گواستینیانەوە بۆ ناو فڕۆکەخانەی کەرکوک چەند ڕۆژێک لەوێ ماینەوە هێندەی نەبرد ڕۆژی ١٩٨٠/٩/٢٢ شەڕی ئێران – عێراق دەستی پێکرد، ئاگامان لێبوو کە زوو زوو فڕۆکەی میک ٢١ و سۆخۆ، لە فڕۆکەخانە هەڵدەسان بۆ بۆردومان کردنی ئێران، بۆ ڕۆژی دوایی ئێمە لە سەربانی سەربازگەکە بووین درزی قیری سەربانەکەیان پێ پڕئەکردینەوە، هێندەمان نەزانی چەندین فڕۆکەی ئێرانی هاتن و دەستیان کرد بە بۆردومان کردن، هێندە ترسناک بوو چ دەنگی فڕۆکەکە هێندە نزم بوون هێندەی نەمابوو خۆیان بدەن لە عەمودی کارەباکان، مەپرسە بوو بە ڕۆژی حەشر تا عەسر چەندین جار هاتنەوە، بۆ عەسرەکەی کوڕێکم لەگەڵ بوو ناوی عیزەدین بوو کەرکوکی بوو ماڵیان لە ڕەحیم ئاوابوو خۆمان دزییەوە و یەکسەرچووین بۆ ماڵیان، من هەر چۆنێک بوو شەو لەوێ مامەوە و بۆ بەیانیەکەی جلی مەدەنیم لەبەرکردو هەرچی جلی سەربازییە بە جێمهێشت و من پێناسەی سەندیکای ژمێریارانی بەغدام پێ بوو هاتمەوە بۆ سلێمانی چووم بۆ ماڵی پورە فەخریم کە وەک دایکم دڵسۆزمە تا ئێستاش، ئیتر لەگەڵما هات بۆ هەڵەبجەو بۆ ئەوەی لە بازگەکان ئاگادارم بێت، کە گەشتمە ماڵەوە ئیتر دایکم لە ترسا نەیئەزانی چی بکات؟ یانی گەر بۆم ئەژمار بکرێت من یەکەمین سەربازی هەڵاتووی شەڕی ئێران -عێراق بووم، ئیتر هەموو ئامۆزاو پورزاکانم، حەمە فەرەج، حەمە ڕەئوف، کاک ئەوڕەحمانی میردی شەوبۆی ئامۆزام، عەلی مەلا حەسەن، عوسمانی مەلا حەسەن، ئایاری مەلا حەسەن، هەموو کۆبونەوە لە دەورم، ترس و لەزری دایکیشم لەو لاوە بوەستێ، من ئەو کاتە ئەمووت ئەڕۆم بۆ هەندەران، ئەمووت ئەچم بۆ لای لەتیفی ئامۆزام کە پێشمەرگە بوو، دوای یەک دوو هەفتە ئەچم بۆ ئێران و دوایی ئەڕۆم، وام لە خەیاڵ بوو، بۆ ئێوارە چوومە ماڵی عەلی مەلا حەسەنی پوورزام، بۆ شەوەکەی لای ماڵی مامە حەمەم، ئیتر شەڕ گەرم بوو، منیش هەڵهاتوو، تا هەفتەیەک وابوو، بەڵام کەس وکارم و دایکم لە ترسا هەر بە

Institut Kurde de Paris

زۆر ناردمیانەوە، چونکە هەر ئەو چەند ڕۆژە بڕیارێک دەرچوو هەر سەربازێک هەڵبێت گوللە باران ئەکرێت، دوای یەک هەفتە عوسمانی مەلا حەسەنی پورزام هات لەگەڵم بۆ کەرکوک، من جلی سەربازیم نەمابوو، کاوەی برام سەربازبوو تازە تەواوی کردبوو جلەکانی ئەوم لەبەرکرد، هەرگەشتینە ناو کەرکوک دیسان فڕۆکە هاتەوە، هەر چۆنێک بوو کە چوومەوە ناو شوێنەکەی خۆم، نائب زابتەکەمان وتی ئەوە تۆ لە کوێی؟

باش بوو غیابی نەدابووم، وتی هاوڕێکانت گوازرانەوە بۆ هەولێر بۆ کەتیبەی مدرعات (ابن العاص) کە لەناو هەولێر بوون لە ڕێگای عەینکاوە، ئیجازەی هەفتەیەکی بۆ کردم وگەڕامەوە بۆ هەڵەبجە و دوایی چوومە هەولێر ماوەی دوو مانگ زیاتر لەوێ بووین و خولی تانک مان دی من کرام بە (المخابر) واتە لە سەر لاسکی و دۆشکە و چەندین وانەی زانستیمان خوێند، پاشان گوازراینەوە بۆ نزیک کەرکوک شوێنێک کە پێیان دەوت (دارەمان) و کەتیبەی دەباباتی ٢١ بوو، تازە دروست کرابوو، ئامرەکە زۆر تۆقێنەر بوو دەبوایە کە تۆی بدیایە یەکسەر ڕات بکردایە بە چاک و بە خراپ، زۆر بێتاقەت بووم، بە ڕێکەوت حیمایەیەکی لەگەڵ بوو کوردبوو، ناوی بورهان بوو خەڵکی هەولێربوو، بوو بە ناسیاوم، ماوەی دوو سێ هەفتە لەوێ بووین و چەندین کەسم ناسی کە ئەوانیش بێزار بوون لەوانە کورێک ناوی هەمزە بوو دەرچووی بەشی فیزیای زانکۆی سلێمانی بوو، کورێکی تر ناوی کەمال، بەیانییەکی پڕ تەم و مژی مەلا بانگدان بوو، یەکەی سەربازیەکەمان گواستراینەوە، هەموو خۆمان کۆکردەوە بۆ ئەوەی بڕۆین، سێ چواریکمان بڕیارمان دابوو گەر بەرە و باشوور بڕوات بۆ ڕێگای بەغدا ئەوە خۆمان ئەدزینەوە، هێندەمان نەزانی تانکەکان هەمووی سواری ناقیلە کرابوون و ئێمەش لە ناو زیلی سەربازی دابووین، بۆ نیوەڕۆکەی ڕوویان کردە سلێمانی و نەوەستاین تا گەشتینە عەربەت ...سەیرمان لێهات، لە عەربەت گیرساینەوە، لەوەو پێش فڕۆکە چەند جارێک هاتبوو بۆ بۆردومانی ئەو سەربازگانە و ئێمەش لە بەیانی تا ئێوارە لە ناو چاڵدابووین، جگە لەوانەی خەفەر بوون لەسەر دەبابەکان، سەیر بوو ئیتر بە گەشتنی ئێمە فڕۆکەمان نەدی، کە لە

عەربەت بووین شەوێکیان لە ناو جێگا بووم، حمایەکەی ئامر منی ئەناسی وتی وەرە ئامر وتویەتی کەسێک ئەناسیت خەڵکی ئەم ناوچە بێت و بیناسیت، ئیتر من ئامرم ناسی پلەی پائد بوو ناوی (مزهر)بوو شەبەک بوو خەڵکی دەوروبەری

Institut Kurde de Paris

موصـڵ و وەک کـاکەیی سـمێلی هێشـتبووەوە، ئیتـر مـن نـانم کەوتە ڕۆنەوە، هەمووهەفتەیەک مۆڵەتی ئەدامێ، منیش ئەو کاتە (موجەمەعی شانەدەری)بە ناوبانگ بوو کە شت و مەک و کەل و پەلی ئێرانی دەفرۆشرا لە ئێرانەوە دەهـات، ئیتر من نیوەی مووچەکەم زیاتر خەرج دەکرد بۆ ئامر هەر لە قوماشی ئەنگۆرە، سـەمـاوەر وکـامێرای ڕەنگـاو ڕەنـگ تـازە هـاتبوو، کە خـۆی بە فەوری وێنەکەی دەشتەوە، تا ئەو کاتەی ئەو ئـامرە لەوێ بـوو مـن هـەستم نـەدەکرد سـەربـازم و هاوڕێکانم زۆربەی لە باشوور بـوون لە نـاو جەرگەی شـەڕ و چەندین موالید بە دوای یەک بانگ کران، ئیتر هەرچی گەنج بـوو هـاتە بەرەی سـەربـازی و چەندین کەس کوژران یان بەدیل گیـران یـان کوردەکـان زۆربەی هـەڵاتن، مـن وەک خـۆم هەرگیز بـاوەڕم بەو شـەڕە نـەبـوو، هـیچ ئامـادە نەبـووم ببمە سـووتەمەنـی، هـەر کاتێکش هەستم بکردایە دەچوومە شـەڕ، هـەڵئـەهـاتم و تاقـەتـی پێشمەرگایەتیشـم نەبوو، چونکە نەم دەتوانی لەگەڵ ئەو شێوازی ژیانە ڕابێم.

هەموو هاوتەمەنەکانی من هـەر کەسـەو چیرۆکێکـی تـایبەتی خـۆی هـەیە لـەو سات و کاتە دژوارەدا کە خۆشترین شت لە ژیانی ئێمە مۆڵەتی سەربازی بوو یان تەسریح بوونمان لەسەربازی بوو، چەندین چیرۆکی دژوارم لایە پێویست بە باس کردنـی ناکـات، مـن لە عـەربەت بـووم تـا ناوەڕاسـتی ١٩٨١ و زوو زوو مۆڵـەتـم وەرئەگرت یەکێک لەو چیرۆکانە نیوەڕۆیەکی گەرمی هاوین بوو لە سەر تانکێک پاسەوان بووم بۆ ئەوەی گەر فڕۆکەی ئێران بهاتایە تەقەم لێ بکردایە، لەسـەر تـانکەکە خەریکـی کڵاشـینکۆفەکەم بـووم دەسـتکاریم دەکـرد، لەپـڕ دەسـتم بەر پەلەپیتکەکەی کەوتوو فیشەکێک دەرچوو لە دەستم، بـاش بـوو لەسـەر تـاک بـوو، سەربازێکی هاوڕێم خەڵکی کەلار بوو ناوی محەمەد بوو ئەو گولەیە لەسەر بێری سـەربازیەکەی چیغـی کـرد، بـاش بـوو ئـازاری نەگەیشـت، ئـامرە تازەکـەمـان لە گۆڕەپانی سەربازگەکە بوو گوێی لەتەقەکە بوو ئەو ئینزیباتەی کە حیمایەی بوو، نارد بەشوێنماو وتی برۆ زیندانەوە، بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ زیندانی سـەربازی بـووم، لە ژیانمدا ئەو جارە زیندانی بووم، بوو بە وانەیەک لە ژیانم هەمیشە ئاگام لە زامن کردنی تفەنگەکەم بێت، لەو کاتانەدا پێنجوێن و تەوێڵەش ببـوون بە بەرەی جەنگ زۆر لە هاوڕێکـانم نێـردران بـۆ ئـەوێ بـۆ بەرەی شـەڕ، بـەڵام مـن مـامەوە تـا ئامرەکەمان گوازرایەوە، دوای ئەو کەسێکی تر هـات، ئیتر مـن بێتـاقەت بـوومەوە تـازە لەزینـدانی سـەربازگە دەرچووبـووم نەقیبێکـی تورکمانمـان هەبـوو ڕێـزی

Institut Kurde de Paris

دەگرتم، سەربازگەی ناو هەڵەبجە پێویستی بە ٣ تانک بوو، منیش بە نەقیبەکەم وت بمخەرە ناویان وایشی کرد، ئیتر لەگەڵ ئەو تانکانە کە لە بواری سەربازی بە ٣ تانکیان ئەووت (ڕەعیل) هاتین بۆ سەربازگەی هەڵەبجە، سەیر بوو من مالّم لێرە بوو لێرەش واتە هەڵەبجە سەرباز بووم، هەر وەک خەڵکی بەغدا یان بەسرە مۆڵەتم هەبوو.. ساڵی ١٩٨١ لە هەڵەبجە لەناو سەربازگەکەی سەرباز بووم تانکەکانمان دابەش ببون دوانیان لە ملەی سازان بوون ئەوی تر لەناو هەڵەبجە.





Institut kurde de Paris

پایزی ساڵی (١٩٨١) بوو من هەر سەرباز بووم لە کەتیبەی دەبابات لە هەڵەبجە کە ئێمە وەک میوان بووین لە سەر یەکەیەکی پیادە و لە خوار عەبایەیلێ، کەتیبەیەکی تۆپ هاوێژ دانرابوو لە چالاّییەک نزیک قوتابخانەکە، جار جار تۆپی

دەتەقاند ڕووەو ئێران، ئێمە ٣ تانک بووین بۆ ڕوون کردنەوە کەتیبەیەک نزیکەی ٤٥ تانک دەبوو کرابوو بە ٣ سریە، نەقیبێک کە سێ ئەستێرەی لە شان بوو کە بریتی بوو لە ١٥ تانک و هەر سریەیەک دەبووە ٣ (ڕەعێل)کە بریتی بوو لە ٣ دەبابە و ئەفسەرێکی یەک ئەستێرە، سەرپەرشتی دەکرد، ئێمە ٣ تانک بووین هاتبووینە هەڵەبجە بۆ هاوکاری ئەو فەوجی پیادەیە کە لەوێ بوو، چەند ئەفسەرێک گۆڕان لامان کە ئەفسەری یەدەگ بوون و دەرچووی کۆلێج بوون، وەک هاوڕێ هەڵس وکەوتیان لەگەڵ دەکردین، لەوانە ناویان: حسن معارج، باسم، من بۆ ئەوەی هاوکاریم بکەن هەموو جارێک دایکم خواردنی بۆ دروست دەکردن، لە یاپراخ، کولیچە، زۆر شتی تر، دەمبرد بۆیان و جار جار بە دزییەوە ڕەئیس عورەفایەکمان هەبوو ناوی مشعل بوو ئیزنی ئەدام بۆ ڕۆژێک تا ئێوارە، منیش خۆم دەکرد بەو دیوی ئەو بەربەستەی (ساتر)کە بە دەوری سەربازگەکە بوو، کەوتبووە سەرووی خەستەخانە کۆنەکە لە گەڕەکی سەرا بە دووری سەد مەترێک کەمتر، ئەو کاتە هەڵەبجە ئەوە سنووری بوو، هەر لەو ساڵەدا بۆیەکەمین جار لقی بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەر کرایەوە کە هونەرمەند فوئادی حەمە ئەمین ئاغا کردیەوە و ئەو کاتە لە مالی حاجیە خرە کرایەوە کە بەرانبەر گازینۆ شنرۆێ بوو شوێنی باخی عەلی بەڕانی کە کرابووە هۆتێل و چایخانە کە ئەو کاتە محەمەد ئیبراهیم عەبدول گرتبووی بە کرێ .



Institut Kurde de Paris

پاشان بۆ سالّی (١٩٨٢) رۆشنبیری هەڵەبجە گوازایەوە بۆ کانی قولّکە پشت گەڕەکی هەورامییەکان کە دەیکردە پشت فەرمانگەی تەجنیدی ئەوسا، هەرکەس دەڕۆشتە ئەوێ دەکرا بە سەرباز لەو نائب زابتانەی لەوێ بوون (فەتاح) کە هەر کەس توخنی تەجنید بکەوتایە دەرچوونی نەبوو یەکسەر سەوقی ئەکرد بۆ سەربازی، ئەنوەری عەبە خڕە ، عەلی حەمە مردوو، لەو ساڵەدابوو، من زۆر دابڕابووم لەمۆزیک، بەڵام ئەندامانی تر وەک عەزیز، ئاراسی شێخ جەمال، بەهمەن، عومەری حەمە ڕەحیم ، هۆشیار حەمە فەرەج، چالاک بوون، کاسێتێکیان بۆ هۆشیار تۆمار کردبوو، پاشان کوردێکی مەریوانی ناوی (بەختیار مەریوانی) بوو هاتبوو بۆ ئەویش کاسێتێکیان تۆمار کردبوو کە زیاتر هەردووکیان گۆرانییەکانی ناسر و حەسەن زیرەک بوون.

ئەوەی جێگای گێڕانەوەیە هەندێ ڕوداوی سەیر، کە بە هۆی سەربازیەوە ڕووبەڕووم بووەوە یەکێک لەوانە ئێمە ٣ تانکمان چووە سەر شاخەکانی دەورو بەری هەڵەبجە هەمووی ڕەبایەی سەربازی بوو پێش چەند مانگیک ئێمە چەند تانکێکمان لە تەوێڵە بوو، نزیک شۆشمێ، شەوێکیان ئێران هێرشی کردە سەریان و یەک دوو سەرباز کوژران یەک دوانێک دیل بوون یەکێک لەو دیلانە ناوی حسناوی بوو خە لّکی فەلوجە بوو، چونکە لە عەربەت ناسیبووم، بۆیە لێرەش بیریان کردەوە یەک تانکیان داوا کرد بۆ ملەی سازان لە نێوان دۆڵیکدا بوو هەر مانگەی چەند سەربازێکی بۆ دەچوو،بەکورتی دەگۆڕاین، زستانی (١٩٨٢) بوو زۆر سارد بوو، ئێمە لە ناو ڕەبایەیەک بووین لە قەد پاڵی یاڵێک دروست کرابوو بە گوێنی پڕلە خۆل سەرەکەی جەمەلۆن بوو، دەرگاکەی بە گوێنیەک گیرابوو، شەوێکی درەنگ بوو من پاسەوان بووم لە دەرگای ڕەبایەکە دانیشتبووم کلاّ شینکۆفێکی موزەلی چیکیم پێ بوو لە پڕ سەری گورگێک هاتە ژوورەوە هەڵم لە لووتی ئەهاتە دەر، چونکە شوێنکەی ئێمە گەرم بوو شەو و ڕۆژ ئاگری تێدا دەسووتا، منیش هەر فریای ئەوە کەوتم هەڵسامەوە و یەک مەخزەنم خاڵی کردەوە تەقەم کرد بە دوایدا ئەو دۆڵە دەنگی دایەوە، ئیتر نازانم کوشتم یان نا ! هیچ دیار نەبوو، تاریک بوو، دوای ئەوە هاوڕێکانم هەڵسان لە خەو، وتم گورگ هاتۆتە سەرمان یەکێک لەوانە ناوی سەمیر بوو خەڵکی حلە بوو زۆر ترسا ئەیگوت (اجا ذیب ذیب) سەیربوو، بۆ یەکەمجارم بوو گورگ ببینم هەر لە هەڵەبجە بوو هەر ئەو زستانە شەوێکیان قیادەی موەقەتە(پارتی) چەندین

Institut Kurde de Paris

پاسداریان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، منیش لەو سەربازگەیە بووم، بە دەیان هاوەنی و دۆشکەیان نا پێمانەوە بە سەرماندا ئەتەقینەوە زیاتر لە ١٠ سەرباز کوژران، ئەو شەوە بۆ ئەوە هاتبوون دەست بەسەر ئەوێدا بگرن منیش بە هەر حاڵ خۆم گەیاندە ناو بورجی دەبابەکە، چونکە دەیان هاوەن بەسەر ژوورەکەماندا ئەتەقیەوە، سەرەکەی جەمەلۆن بوو پاڵتۆیەکی گەورەی سەربازیم لەبەر بوو، کاتێ چوومە ناو بورجەکە قۆڵم گیرایە بەلەپیتکەی دۆشکەکە کە وەک ئیستۆپی ماتۆڕ وابوو دۆشکەکە ڕووی کردبووە بامۆک یەک سندوق گولە دۆشکەم تەقاند، هەمووی ڕووەو بامۆک بۆ سبەی وتم بزانم کەس نەکوژراوە؟ هیچ نەبوو باش بوو، دوای ئەوەش نائب زابتەکەمان هات دەستخۆشی لێکردم و گوللەی زۆرتریان دامێ بە مەزەندەی خۆیان ئەو شەوە ڕووەو دوژمن تەقەی چاکم کردووە!

هەر لە هەڵەبجە بووم وەک سەرباز ئەفسەرێکمان هەبوو ناوی باسم بوو دەرچووی کۆلێجی کشتوکاڵ بوو، بەغدایی بوو، ئەبوایە هەر ڕۆژێک کەسێکمان نیوەڕۆ خواردنمان بۆ ببردایە، چونکە هەر ئەفسەرێک مراسلی هەبوو، ئێمەش هیچمان قبوڵمان نەئەکرد نانی بۆ بەرین، کردبوومان بە نۆرە، هەفتەی ڕۆژێک ئەگەر نیوەڕۆیەک بۆمان ببردایە ئەو ڕۆژە نۆرەی من بوو، چووم ئەبینم ئەفسەرێکی دوو ئەستێرە بەشانی لێیە بانگی کردم (شلونک ازاد) وتی نام ناسیت؟ وتم نەوەڵا، وتی من (ازبار)م ئەها پێکەوە لە کۆلێج پێکەوە بووین، بیرم کەوتەوە چونکە ئەو بەعسی بوو کرابووە ئەفسەر، دوایی بیرم کردەوە بەڵی وایە، ناوی (ازبار نایف الحمدانی) بوو، خەڵکی ڕومادی بوو، ئیتر هاوڕێیەتیمان نوێ بووەوە، بە ڕێکەوت سەربەستی برام لە سریەکەی ئەو سەرباز بوو زۆر هاوکاری کرد تەنانەت ساڵی (١٩٨٤) لە ناو بازاڕی هەڵەبجە سەربەستی برام هەڵاتبوو لە سەربازی گواستراببووەوە بۆ عەمارە لە بەرەی جەنگ، دەمەو عەسرێکیان گیرا، بە مأمور برا بۆ یەکەکەی خۆی، پاش چەند ڕۆژێک پێش ئەوەی ئەو بگاتە ئەوێ، من لەگەڵ کاک جەمیلی زاوامان ڕۆشتم بۆ وەحدەکەی و تێمگەیاند و هەردوای ئەوە دەبوو زیندانی بکرێت، بەڵام من وتم هەر هاتەوە لات مۆڵەتی بدەرێ، ئەو ڕۆژە ڕێبواری کاک حەمە ئەمین چل پینەی دراوسێمان سەرباز بوو لای، مۆڵەتیشم بۆ ئەو وەرگرت و سەربەست دوای دە ڕۆژ زیاتر گەشتەوە شوێنی خۆی مۆڵەتی وەرگرت و جارێکی تریش هەڵهاتەوە.

Institut Kurde de Paris

لە ناوەراستی مانگی (٧ی ١٩٨٢) من ماوەی هەفتەیەک مۆڵەت درابووم چەند گۆرانییەکم بۆ کۆرس و گۆرانی بێژان ئامادە کردبوو، دوای ئەوە چوومەوە بۆ سەربازگەکەم، من هەر لە خەیاڵم نەبوو ئەندامەکان کەسێکیان دۆزیبووەوە بۆ ئەوەی مۆڵەتم بۆ وەرگرن، چونکە دوو فەرمانبەری بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەری سلێمانی هاتبوون (جەلیل زەنگەنەو ڕەحیمی باڵەبان) چونکە بەڕێوەبەرێتی گشتی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغداد نیازیان بوو ڤیستیڤاڵێکی هونەری و ئەدەبی سەرتاسەری بکەن لە ناوچەی ئۆتونۆمی کە ئەو کاتە وایان پێ دەگووت، چونکە لە سلێمانیش تیپێکیان هەبوو سەر بە ڕۆشنبیری جەماوەر بوو کە بێستوون گورجی سەرپەرشتی ئەکردن، بیرم دێت دوو گۆرانی بێژیان لەگەڵ بوو، (عەتای حاجی عەلی برای حەمە جەزا و بورهان محەمەد) گروپی هەڵەبجە پێویستیان بە من بوو بۆ ئەوەی سەرپەرشتیان بکەم، هێندەم نەزانی سەربازێک هات و بانگی کردم بو لای ئامر فەوجەکە، منیش ترسام وتم هیچم نەکردبێت، بینیم ئەو کەسە لەوێ بوو مامۆستا بورهانی حەمەی باول بوو، داوای مۆڵەتی بۆ کردم، هەموو ئەندامەکان لە پاسێکی کۆستەردا لە بەردەم دەرگای سەربازگەکە وەستابوون، منیش جلی سەربازیم لەبەربوو بردمیانە ماڵەوە و خۆم گۆڕی یەکسەر ڕووە وهەولێر کەوتینەڕێ،

هەر لەناو پاسەکەدا دەستمان کردەوە بە پرۆڤە کردن، لەوێ چووینە ئوتێلێک بە ناوی ئوتێل فەرید و چەند شەوێک ماینەوە، لە ڕۆژی دووهەم واتە لە ڕێکەوتی ١٩٨٢/٧/١٨ نۆرەی ئێمە بوو کە کاتی ئێوارە بوو، چەندین گروپ بەشداریان کرد لەوانەی هەولێر تیپی نەتەوەیی بەشداریان کرد، وەک وریا ئەحمەد، لە دهۆکیش دڵشاد محەمەد سەعید، تیپی دهۆکی هێنابوو، کە کچە گۆرانی بێژ نەجات عبدالمسیح گۆرانی نێرگز نێرگزی تێدا گووت لە تەلەفزیون پەخش کرا، ئەو شەوە نۆرەی ئێمە بوو لەگەڵ دهۆک، ئەندامێکمان ڕای لەسەر ئەوە نەبوو ئێمە بەشداری بکەین بەو هۆیەی کە ئەمە یادی حەڤدەی تەمووزە، منیش وتم خۆ تازە ناگەڕێینەوە و خۆ ئێمە سروود لێنادەین، گۆرانی عاتیفی لێدەدەین، بە هەرحاڵ من بریارم دا بەشداری بکەین ئەویشم قەناعەت پێکرد، لەو گۆرانی بێژانەی هاتن لە گەڵمان: محەمەد ئیبراهیم عەبدول، حەمە لامەرکەزی، شێخ جەمالی موزیع،

Institut Kurde de Paris

سیروان عەلی ڕەزا ، هەروەها من، نیان و پەیمان وسەرکەوتی برامم بردبوو لە گەڵ نەرمینی حەمەی لاسلکی، نازەی حەمەی سابیر و چەندین کچی تر کە ناوەکانیانم لە بیرم نەماوە، وە کۆرس تەهای حاجی بەکر، نوری محەمەد ناسراو بە(نوری خەیاڵ) ئەو کاتە هۆشیار پێشمەرگە بوو نەهات، لە هۆتێلەکە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار هاتن وەک هاوکاری، چاوپێکەوتنیان کرد لە گەڵمان و ڕادیۆی کوردی بەغدا چەند گۆرانییەکی بۆ تۆمارکردین لە هۆتێلەکە و پێشکەش کاریکی ڕادیۆ(سەگڤان عبدالحکیم) بۆی سازداین، کامێرای تەلەفزیۆنی ودەرهێنەر (ناسر حەسەن)یان لەگەڵ بوو، ئەوە یەکەمین جار بوو کە بەتەلەفزیۆنی ڕەنگاو ڕەنگ کارەکانمان وێنە بگیرێت و چەند جارێک لە تەلەفزیۆن کارەکانمان لێدران .

ئەو مۆزیک ژەنانەی لەگەڵمان بوون بریتی بوون لە :

ژ	ناوی ژەنیار	جۆری ئامێر
١	ئازاد صالح	کەمان
٢	ئەحمەد عەلی	کەمان
٣	عومەرحەمە ڕەحیم (دانا هە لەبجەیی)	کەمان
٤	شوان عەلی مەجیلان	کەمان
٥	عەزیزحەمە کەریم	بانجۆ
٦	ڕزگار صدیق	ئۆکۆردیۆن
٧	بەهمەن ئەحمەد	کلارنێت
٨	مەحمود ئەحمەد عبدالرحمن	ئیقاع
٩	ئاراس شێخ جەمال	جاز + سەنتور

ئێمە بە دوو شێواز نمایشمان کرد تیپی ڕۆژهەڵاتی و میللی، محەمەد ئیبراهیم و حەمە لامەرکەزی لەگەڵ گروپی میللیدا بوون، کۆرسێکی زۆریشمان لەگەڵ بوو.

گۆرانییەکان بەم شێوەیە بوو، زۆربەی ئاوازەکان من ئامادەم کردبوو

١. گۆرانی: کەنیلە و گوڵەکەم نەخشانم، وتنی: شیخ جەمال و کۆرس
٢. هەی یار، وتنی: سیروان عەلی ڕەزا، ئاوازی: بەختیار عبدالله
٣. جوانان ئەگرن کۆمەڵە، وتنی: حەمە لامەرکەزی
٤. کوڵەنجە، وتنی: کۆرس
٥. نارنجە – هەی بەلار، وتنی: محەمەد ئیبراهیم عەبدول

Institut kurde de Paris

ئەو نیوەڕۆیەی پێش نمایش کردن، کاک سیروان گەدەی تێکچوو، پێکەوە لەگەڵ مەحمود بردمان بۆ نەخۆشخانە باش بوو دکتور هیوا عومەرئەحمەد لەوێ بوو زۆر هاوکاری کردین، چونکە هاوڕێمان بوو، شتێک بۆ خۆشی دەگێڕمەوە: لە هۆتێلەکە کاک حەمەی لامەرکەزی دەستنوێژی گرتبوو من لە خوارەوە بووم تەقەیەک هات، کابرای هۆتێلەکە بانگی کردم وتی ئەوە یەکێکتان مەغسەلەکەی شکاند تومەز دەست نۆێژی گرتبوو قاچی لە ناویدا شتبوو ....

پاش ئەوە بەڕێوەبەرانی ڤیستیڤاڵ بانگیان کردم بۆ ژووری خۆیان لە هۆتێلێکی تر بوون ئەوان هەزار دیناری ئەو کاتەیان دامێ بیرم دێت مەحمود زامدار بوو، سەلاح شوان بوو، عبدالله عەباس بوو، منیش یەکسەر دابەشم کرد بە سەریاندا و کەمترین کەس کۆرسەکان بوون یەکی پەنجا دینارم دانێ، سەرکەوتی برام منالٌ بوو بەو پارەیە پاسکیلێکی لێکڕێ بۆ خۆی ...

لە مانگی ئۆکتۆبەری هەمان سالٌ چەند گۆرانییەکمان بۆ محەمەد ئیبراهیم عەبدول تۆمار کرد هەموویان من ئامادەم کردبوون، بەلاّم هەمیشە حەزم ئەکرد ئەو گەنجانە هانبدەم کە خۆیان ماندوو بکەن و بتوانن ئاواز دانێن یان ئامادەی بکەن زۆر بەرهەمم بە ناوی خۆمەوە نەئەکرد ئەوە سروشتی من بووە بە ئێستاشەوە.



لەڕاستەوە: مەحمود ئەحمەد. شوان عەلی. عومەرحەمە ڕەحیم. بەهمەن ئەحمەد. ئاراس شێخ جەمال. عەزیز حەمە کەریم. گۆرانیبێژەکە، حەمە لامەرکەزی. کۆرسەکان: ئاراس مەقسود. تەها بەکر. شێخ جەمال. ئەمیر پاشا. نوری محەمەد: (نوری خەیاڵ).

Institut kurde de Paris



مەحمود ئەحمەد. بەهمەن ئەحمەد. ڕزگار سدیق. عزیز حەمە کەریم. ئەحمەد عەلی. عومەر حەمەڕەحیم



گۆرانیبێژ: مجەمەد ئیبراهیم عەبدول

لەسەربازی هەڵاتم و خەریکی کاری هونەری بووم

لە کۆتایی مانگی هەشت بوو هەموو ئەندامانم کۆکردەوە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی خۆمان چووین لە چالاکییەکەی پشتی گوڵان ئەو گۆرانییەم بە کامێرای سینەمایی بۆ وێنەگرت بە ناوی (ئای لە خاڵانی)

مانگی ١٠ ی هەمان ساڵ وەک سەربازێک گوازرابوومەوە بۆ عەربەت چونکە دەبووایە خولی نوێمان بکردایە ومنیش بێزار ببووم و خەڵکێش بە سەدان هەڵئەهاتن لە سەربازی، کەسیش دەستی بۆ نەبردن، چونکە گەر بوروژایە زۆربەی دەچوونە دەرەوە، منیش تاقەتم نەمابوو ڕۆژی ١٩٨٢/٥/١٠ لە سەربازگە هاتمە دەرەوە بە بەرچاوی نائب زابتەکەوە هەر چەند بانگی ئەکردم (تعال ازاد تره تدخل الهروب) گوێم نەدایە و سواری پاس بووم بیرم دێت خولەی ئەمنە لۆری شۆفێرەکە بوو، سواری کردم و چوومە ماڵەوە بۆ جارێکی تر، ئەمە ژیانی گەنجی ئێمە بوو.

دوای ئەوە دەستم کردەوە بە چالاکی هونەری یەک دوو هەفتەی نەبرد بە شێوازی میللی کاسێتێکمان بۆ محەمەد ئیبراهیم پڕ کردەوە بریتی بوو لە حەوت گۆرانی، بە نووسراوی ژمارە ٧٩ کە لام ماوە وبڵاوی ئەکەمەوە وە دابەشمان کرد بە سەر تۆمارگەکاندا، بەڵام بە داخەوە من هیچم لانەماوە و گۆرانیەکانیشم لە بیر نەماوە .

هەر لەوساتەدا نوسراوێکم نووسی بۆ ڕۆشنبیری، ئەویش بەرزی کردەوە بۆ سلێمانی لەوێشەوە بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک بۆ ئەوەی تۆماری بکات بۆمان بەڵام وەڵامی نەبوو ...

تا ساڵی (١٩٨٣) دوو گۆرانی بۆ عوسمان کەیمنەیی و دووان بۆ محەمەد ئیبراهیم تۆمارکران.

لە چالاکی بەردەوام بووین بەڵام لەو کاتانەدا ئێمە سێتێک تەسجیلی چاکمان لابوو بۆ تۆمارکردن بە کارمان دەهێنا، شەوێکیان پیشمەرگەی لایەنێک هاتبوونە سەر فەرمانگەکە و دەستی بەڕێوەبەرەکەیان بەستبوو، چونکە خەڵکی سلێمانی بوو لەوێ دەخەوت(ئەنور محەمەد ڕەشید)و تەسجیلەکەو چەند ئامێری مۆزیکیان

Institut Kurde de Paris

دزی بوو، به حسابی خۆیان چالاکییان ئەنجامداوە، ئیتر ئێمە بێ تەسجیل ماینەوە.

مانگی یانزە بوو، من نووسینێکم نووسی بوو دەربارەی گۆرانی فولکلۆری ویستم بیکەم بە کۆڕێک لە هۆڵی شاهۆی کچان، واش بوو، یەک ڕیکلاممان بۆ کرد لە ناو بازاڕ کارتۆنێکمان نووسی و هەڵمان واسی کە دوو گۆرانی بێژ عوسمان کەیمنەیی و محەمەد ئیبراهیم وەک نمونە دەهێنمەوە و گۆرانی تێدا بڵێین و عبداللەی حەمە لاو بەگ کۆڕەکەی دەبرد بەڕێوە، لە هۆڵەکە شانۆیەکمان دروستکرد بۆدوای نیوەڕۆ، چووین بۆ گرتنی کۆڕ و وامان زانی خەڵک سوودی لێ دەبینێت، من سەربازی هەڵاتووش بووم .... هوڵەکە پڕ بوو، هێندە خەڵک هاتبوون، چووبوونە سەر ڕەحلەی مەکتەبەکە، چەندین قاتیان دروست کردبوو، سەریان ئەگەشتە سەقفی هۆڵەکە، بەچاوی خۆم نابینایەکم دی لە پەنجەرەی سەرەوە بازی ئەدا تەسجیلێکی بچووکی بە دەستەوە بوو، بە حسابی خۆی گۆرانی پێ تۆمار بکات، عبداللە پێشەکییەکی گووت و منیش دەستم کرد بە خوێندنەوەی بابەتە کە هێندە قەرەباڵغ بوو کەس ئاگای لە هیچ نەبوو، هەر تەقەی ڕەحلە ئەهات و ئەشکا وئەکەوتن بە سەریەکدا، هەرچی شوشەی پەنجەرە هەیە شکا .

خەڵک جاران وا تامەزرۆ بوون بۆ هونەر، نەمانتوانی کۆڕەکە تەواوی بکەین و ئاشبەتاڵمان لێکرد بۆ سبەی بەڕێوەبەری قوتابخانە کە کچی (خوخو) بوو خوشکی موعتەسەم ناوەکەیم لە بیر نەماوە، وتی ئەبێ هەمووی چاک بکەنەوە، واشمان کرد، بیرم دێت من بووم، فەرهەنگی حەمەی سمایل بوو، عبداللەی حەمە لاو بەگ بوو، پارەمان کۆکردەوە، هێندەی پێمان کرا چاکمان کردن وشوشەکانمان تێگرتەوە، بۆ ڕیش چووین، بەڵام سمێڵمان نایە بانی ...

Institut Kurde de Paris

کۆنسێرتێک لە سینەمای هەڵەبجە

لە ساڵی (١٩٨٣) هەر ئەو کاتەش لە سەربازی هەڵاتبووم و ئەو ساڵەش سەروەری حاجی حەمە کەریم کوردسانی ببوو بە بەڕێوەبەری مەڵبەندی لاوان وداوای لێ کردین کە کۆنسێرتێک ئە نجام بدەین بۆ هەندێ گۆرانی بێژی ناوچەکە، ئێمە هەر لە ئامادەیی کچان ئاهەنگمان دەگێڕا.

ئەمجارە بیرم لەوە کردەوە کە ئەو کۆنسێرتە لە سینەمای هەڵەبجە ئەنجام بدەین لە بەرچەند هۆیەک یەکەم لە بەر ئەوەی من چەند گۆرانییەک و دیمەنی ناوشاری هەڵەبجەو هەندێ پیشەی دەستی و خانووەکەی ماڵی وەسمان پاشام وێنەگرتبوو، دەمویست بۆ خەڵکی نمایش بکەم و بیبینن کە ماوەکەی نیو کاتژمێر ئەبوو، چونکە سینەماکە لە بار بوو چ بۆ دانیشتن کە پلە پلە بوو بۆ بینین و تاریکیش دەبوو بۆ کاتی فلیم لێدان و هەروەها سینەماکەش خاوەنەکەی کاک محەمەدی لاسلکی بوو کە برای سەروەر بوو، بۆ ئەویش سوودی هەبوو، چونکە پارەی بلیتی چوونە ژوورەوەی لێ وەردەگرتن، کە ئێمە هیچ سوودمەند نەبووین لەو داهاتە، بەڵام بۆ ئێمە کارێکی نوێ بوو، چونکە یەکەمجار بوو خەڵک بەرهەمی خۆمالّی ببینێت لە گۆرانی و دیمەنی دەوروبەر، هەروەهاش من ئامێری سازوجۆزەشم دەستبەرکردبوو، سازەکە لە هەولێر یونس خەتاتێک هەبوو چووم بۆی دروستی کردم بە ٢٠ دینار و هەروەها جۆزەیەکی عەرەبیشم لە بەغدا کڕیبوو بە ١٨ دینار کە خۆم ڕاهێنابوو لە سەری، عەزیزیش لە سەر سازەکە بوو، هەروەها تیپی شانۆی هەڵەبجەش شانۆیەکیان ئامادە کردبوو بە ناوی (کێشە) لە دەرهێنانی کامەران ئەحمەد و نوسینی سەڵاح حاجی عەلی، بەڵام وا بزانم لە ڕاستیدا لەنووسینی حەکیم مەلا سالّح بوو کە چووبووە دەرەوە ببووە پێشمەرگە بۆ ئەوەی ناوی نەبرێت.

ئێمە بەو تیپە میلّییە دابەزین کە ساڵی (١٩٨٢) مامۆستا حەمە فەرەج ئەحمەد بە شێوازێکی جوان لۆگۆی تیپە میلّیەکەی بۆ دروست کردین و بۆی هەڵگۆڵین و لە پێش ئامێری سەنتوورەکە دامان ئەنا و چەند بەرهەمێکمان پێشکەش کرد، پێشکەش کاری بەرنامەکەش ئومێدی نوری حەمەی نانەوا بوو، چونکە توانای نواندن و پیشکەش کردنیشی هەبوو، پاشانیش دەچوومە خوارەوە سینەما تاریک

Institut kurde de Paris

دەبوو لە ناو خەڵکەکەوە فلیمەکەم دەگرتە سەر شاشەی سینەماکە لای خەڵک شتێکی سەیر بوو بۆ ئەو کاتانە.

ئەم ئەندامانە بەشدار بوون وەک مۆزیک ژەن:

١.ئازاد سالّح: جۆزە، کەمان

٢.عەزیز حەمە کەریم: ساز

٣.ئاراس شێخ جەمال: سەنتوور

٤.بەهمەن ئەحمەد دەلاک: بالّەبان

٥. ئیسماعیل سەید حەسەن: زەرب

٦.مەحمود ئەحمەد عبدالرحمن: دەف

بۆ ماوەی ٦ ڕۆژ بەردەوام بوو کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر قەرەباڵغ دەبوو کە ژنان و پیاوان پێکەوە دەهاتن بۆ سەیری.

ئەم بەرهەمانە پێشکەش کران بۆ ئەم هونەرمەندانە:

١. پارچە مۆسیقای مەستم، ئامادەکردنی ئەنوەر قەرەداغی

٢. محەمەد لامەکەزی، گۆرانی (جوانان دەگرن کۆمەڵە)و(ئای لە خڕێ گیان)

٣. عوسمان کەیمنەیی (گەچێنەیی) کالّە بەی کالّێ، کە دوایی بۆ تەلەفزیۆن تۆمار کرا و گۆرانی (خاس بیژەنە)و (بەرزی کالّە بەرزی) کە پاشان ناسری ڕەزازی وتییەوە .

٤. کامەران ئەحمەد کە دەرهێنەری شانۆکەش بوو گۆرانی (ئای لە هاڕەی گۆبەڕۆکی عوسمان عەلی و گۆرانییەکی تری وت ناوەکەیم لە یاد نەماوە

٥. محەمەد ئیبراهیم عەبدول (بەچەندی گولّ بە چەندی) و(گولّەکەم)، (قاسم خان) و(نەرمە نەرمە) و (سەوزەی کالّە بەی و هۆ مەچۆ دامەچۆ).

زۆربەی ئامادە کردنی مۆزیکەکان خۆم بووم، بۆیە لە بەر دووبارە نەبوونەوەی ناوم و هاندانی ئەندامانی تر دابووم بەوان، دەلیلی کارەکان بەڵگەن، کە هەمیشە کەسانی ترم هان داوە بۆئەوەی بتوانن ئاواز دانێن یان ئامادەی بکەن.

لەپاڵ ئەم کارە موزیکییەدا تیپی نواندنیش بە شانۆیی (کێشە) بەشداریان کرد. لەو ئەکتەرانەی کە بەشداریی نمایشەکەیان کرد ئەمانەم لە بیرە: عبدالله حەمە لاو، سەلّاح حاجی عەلی، ڕێبوار نوری، بەهادین حاجی بەکر، شێرکۆ محەمەد سەعید و چەندانی تر.

Institut kurde de Paris



عوسمان کەیمنەیی ١٩٨٣



محمد ئیبراهیم عەبدول ١٩٨٣

Institut kurde de Paris



کامەران ئەحمەد ١٩٨٣

Institut kurde de Paris

لەسەربازی رزگارم بوو

لە مانگی (٤) ی ئەو ساڵە لە سەربازی ڕزگارم بوو، کاتی خۆی من لە فەرمانگەی کارەبا بووم، بەڵام بڕیارێک دەرچوو کە ئەتوانیت ڕاژەت بگوازیتەوە بۆ فەرمانگەیەکی تر، من خۆم گواستەوە بۆڕۆشنبیری هەڵەبجە کە ئەو کات محەمەد ئەمین پێنجوێنی بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری سلێمانی بوو، کار ئاسانی بۆ کردم و لە لقی ڕۆشنبیری لە بینایەی کازیوەی ئێستا بووم بە ژمێریارو لێپرسراوی چالاکی هونەری، خوالێخۆشبوو کاک عوسمان سەید ئەحمەدیش بوو بە بەڕێوەبەری و هەروەها کاک سەروەت حاجی کەریم کوردستانیش بەڕێوەبەری مەڵبەندی لاوان بوو لەگەڵ خوالێخۆشبوو نەریمان ئەنوەر کە ساڵی (١٩٨٤) لە شەڕی ئێران ـ عێراق گیانی لە دەستدا .

یەکەمین بەرهەمی تەلەفزیۆنیمان چۆن تۆمارکرد؟

لە بەهاری ساڵی (١٩٨٣) لە ستۆدیۆکانی تیپی مۆسیقای مەولەوی مامۆستا عەلی ڕەزا، (پێنج) بەرهەمی تەلەفزیۆنی بۆ تۆمار کردین کە ئەمانەن:

١.محەمەد ئیبراهیم عەبدول (گوڵەکەم، قاسم خان)

٢.عوسمان کەیمنەیی (کاڵەبەی ، کەتانە، ئای بە لەنجە گیان)

وە هەموو ئاوازەکان فۆلکلۆر بوون و هەمووی خۆم مۆزیکم بۆ ئامادە کردبوون، بەڵام هەندێکیانم دا بە ئە ندامانی تر لەبەر هەمان هۆ کە پێشتر باسم کردووە.

مۆزیک ژەنەکان بریتی بوون لە :

١.ئازاد سالّح : کەمان

٢.عەزیز حەمە کریم: جەمبوش

٣.ئاراس شێخ جەمال: سەنتور

٤.بەهمەن ئەحمەد و ڕەحیم باڵە بان کە هاوکارمان بوو لە تەلەفزیۆنیش لەگەڵمان بوو.

٥.عومەر حەمە ڕەحیم: ئیقاع

٤.مەحمود ئەحمەد: ئیقاع

٦.ئاراس مەقصود: ئیقاع

٧.شوان عەلی مەجیلان: ئیقاع

وا بڕیار بوو لەگەڵ تیپی چۆپی کە سەر بە بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری سلێمانی بوو، پێکەوە تۆماری بکەین، بەڵام دەرهێنەرەکە عادل ناوێک بوو، تورکمان بوو، وتی نۆرەی ئێوە نییە، بەڵام من و عومەر و شوان لەگەڵیان بەشداربووین لە وێنە گرتن:

کە ئەم گۆرانییانەیان بۆ تۆمارکردن:

عەبدوڵای زارا ـ هەی کاکی بەزاز

محەمەد جەزا زەنگەنە ـ بە تۆی سرکەیی

محەمەد ئیبراهیم ـ ئەی سەوزە سەوزە

کاتێک ڕێگایان بە تیپی ئێمە نەدا، ئیمە زۆر بیتاقەت بووین، کاک عوسمان توڕە

Institut kurde de Paris

بوو، وتی من ئیتر تۆماری ناکەم، مەحمود ئەحمەد کەسێکی کۆمەڵایەتی بوو، هەرچۆنێک بوو دڵی نەرم کرد، دوای مانگێکی تر واتە مانگی ٧ چوونەوە بۆ تەلە فزیۆنی کەرکوک، من پێش ئەندامان لەگەڵ کاک عوسمان و محەمەد ئیبراهیم شەو لە سلێمانی ماینەوە لە مااڵی پوورە فەخریم و عومەری وەستا مەردان لە گەڕەکی ماموستایان خۆیان ئاسا زۆر ڕێزیان لێ گرتین و بۆ سبەی چووین(٤)گۆرانیمان تۆمار کرد، بەاڵم گۆرانی (ئای بە لەنجە گیان)یان تۆمار نەکرد و تا دوای ڕاپەڕینیش شریتی بەکرەکەم لامابوو، نازانم ئەویش دوایی فەوتا .

ئەم بەرهەمانە دەنگی باشی دایەوە و یەکەمین جار بوو کە کاک عوسمان کەیمنەیی لەتەلەفزیۆن گۆرانی وێنە بگرێت، تا ئیستاش ئەیاڵتەوە و ئەاڵێت کاک ئازاد من چەند شریتم هەبوو هێندەی ئەو دوو گۆرانییە منی بە خەاڵک نەناساند بە تایبەتی لە ئێران دا، ئەم چاالکییانە تا نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٨٣ بوو.

Institut kurde de Paris

کۆنسێرتێک بۆ هونەرمەند عوسمان کێمنەیی

لە مانگی (٦ی ١٩٨٣)دەقی شانۆگەرییەکی منااڵنم لە گۆڤاری(ڕۆژی کوردستان) بەرچاو کەوت، لە مااڵی پورە فەخریم لە کتێبخانەی سەرچاڵی پوورم، بەناوی (سەوزە)وە دی، وتم ئەو ژمارەم بدەرێ، وتی باشە، دوای ئەوە کەوتمە ئاواز دانان بۆی، بە ئامێری بانجۆ، پاش ئەوە دام بە ماموستا کامەران ئەحمەد ئەویش لەگەڵ کاک عوسمانی نەجیبە چەند خوشکێک و خزمان و دراوسێکانی کۆکردەوە و چەندین منااڵی تریش، ئەو کاتە منیش سەرکەوتی برامم هێنا، ڕێبوار نوریش کامەرانی برای، زیاتر لە ٤٠ منااڵ ئەبوون، هەموو ڕۆژێک پاسە پۆاڵنیەکەی کاک فریادی غەفوری حەبێ ئەیهێنان وئەیبردن، زیاتر لە مانگێک ڕاهێنانیان کرد و هونەرمەندی ڕەوان شاد ئەسغەر ڕەشیدیش داریکی دروستکرد کە زۆر لە منااڵن پێی سەرسام بوون، بە کورتی هەموو ئە ندامانی تیپی شانۆ و مۆزیک پێوەی خەریک بووین، من و عبداللەی حەمە الو بەگ، عوسمانی نەجیبە، ڕێبوار نوری، نزار نوری برای، شاعیرەکانیش: ئیبراهیم هەورامانی، سەاڵحە

ڕەش، هەندێ لە منالاّنم هێنا کردمانن بە کۆرس و ئاوازەکانیان دەوتەوە، من زۆر سوودم لە ئاوازی فولکلۆری منالاّن وەرگرت، ئاراسی شێخ جەمال و ڕزگار سدیقیش بەشدار بوون، یە ک دوو ئاوازیان دانا، عەزیز حەمە کەریمیش مالّیان چوو بۆ سلێمانی بەلاّم جار جار دەهاتەوە و بەشدار ئەبوو لەگەلّمان.

دوای ئەوە جولّەمان بۆ دانا و مامۆستا کامەران زۆر ماندوو بوو لەگەلّیان، لە مانگی ٦ دا لە شانۆی مەلّبەندی لاوان، شوێنی بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری ئێستا و هۆلّی چالاکی تێدا بوو، بەلاّم لە کاتی گەڕانەوەی داگیرکاری ئێران پاش کیمیابارانکردنی هەلّەبجە، چەندین بینا ڕووخان لەوانە کتێبخانەی گشتی و کارگەی پوختە کردنی توتن، کە ئێستا بووە بە بارەگای مەلّبەندی یەکێتی، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک نمایشمان کرد و پارەیەکی باشمان تێدا خەرج کرد وپاشان لەو کارە جوانە زیانمان تێدا کرد، دوایی بیرم دێت من و عبداللەی حەمە لاو بەگ و کامەران بۆ قەرەبوو کردنەوەی زیانەکەمان وتمان با لە سەیدسادق کۆنسێرتێک بکەین بۆ عوسمان کەیمنەیی و چەند گۆرانی بێژێکی تر و چەند گۆرانییەکمان بۆ عوسمان کەیمنەیی ئامادە کرد لەگەلّ حەمەی حاجی واحید کە مێردمنالّێکی دەنگ خۆش بوو بۆ گۆرانییەکانی مەزهەری خالقی، هەروەها مام ئایاری حسین عزیزیشمان بانگ کرد و لەگەلّ چەند گۆرانی بێژێک، دوای ئەوە چووین بۆ قائیمقامیەت و ئەوانیش نووسراوێکیان کرد بۆ ناحیەی سەید سادق و چووین بۆ لای بەڕێوەبەری ناحیەی سەید سادق و هاوڕێیەکم لەوێ ئەندازیار بوو ڕەوان شاد کەریم سەید قادر زۆر هاوکارمان بوو...

قوتابخانەیەکمان دەست نیشان کردو یەک دوو کارتۆنمان هەلّواسی لە بازاڕی سەید سادق مانگی ١٠ بوو، ڕەزامەندیمان وەرگرت نوسراوەکەم لاماوە، چەندین بلیتمان چاپ کرد مۆرمان لێدان، عبداللەی حەمەلاو بەگ بوو بە پێشکەشکار، لە ڕۆژی نمایش هۆلّ پڕبوو .... جمەی ئەهات هێندە بلیتمان فرۆشت، دوای ئەوە ناچاربووین، لە سەر پەڕە کاغەزێک ئیبراهیم هەورامانی شاعیر خەلّکی ئەکردە ژوورەوە پارەکەی لێ وەرئەگرتن و ئیمزای ئەکرد و ئەهاتنە ژوورەوە، بە هەموومانەوە کۆنترۆلّی ئەو دەرگایەمان نە ئەکرد، بەڕاستی خەلّکی سەید سادق تینوو بوون هەموی ناوبانگی کاک عوسمانیان بیستبوو، ئێمەش ئەو سالّە گۆرانیمان بۆ تۆمار کردبوو، لە تەلەفزیۆن، هێندە بلیتمان فرۆشت مایەی زیانە مادییەکەی هەلّەبجەی بۆ پڕکردینەوە بە زیادیشەوە .

Institut Kurde de Paris

ئۆپەرێتی (سەوزە)مان برد بۆ دهۆک

پێشتر هەر لە مانگی ٩ ی هەمان ساڵ (١٩٨٣) ڤیستیڤاڵی لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی سازکرا لە دهۆک، زۆر لە ئەندامانی شانۆمان لەگەڵ بوو، ئێمە ئەوسا و ئێستاش خۆشەویستی هەیە لە نێوانمان، منداڵێکی زۆرمان لەگەڵ بوو هێندە زۆر بوون دابەشمان کردبوو بە چەندین گروپەوە، پێنج یان شەش کەس، کەسێکی گەورە سەرپەرشتی ئەکردن، لەوانە عوسمانی نەجیبە، مەلا یاسین کە زۆر خۆش و دڵسۆز بوو لە ناو بازاڕ هەموو شوێنێکی ئەگەڕاندن، با ڕاست بڵێم هەندێکمان شەوان ئە چووین بۆ یانەی فەرمانبەران بۆ گفتوگۆی ڕۆشنبیری و هونەری و هەڵسەنگاندنی کارەکانمان و بەدەمیشیەوە کەمێک سەرمان گەرم ئەکرد.

ئۆپەرێتەکەمان برد بۆ دهۆک واتە ئۆپەرێتی سەوزە، هەر لە ئوتێلەکەش چەند گۆرانییەکمان ئامادەکرد بۆ ئەوەی دوای ئۆپەرێتەکە نمایشی بکەین، ئەو گۆرانی بێژانەش بریتی بوون لە مامۆستا کامەرانی ئەحمەد کارەبا و ئەڵوەنی کوێخا عەلی کە بەشداربوو لەو ئۆپەرێتە، گۆرانییەکیشم بۆ ئەو ئامادە کرد، شەوی نمایشەکە هونەرمەندی بە توانا دڵشاد محەمەد سەعید لیژنەی هەڵسەنگاندن بوو، هەر هاتە ژوورەوە هەموو ئامادە بووانی هۆڵەکە هەستانە سەر پێ و دەستیان کرد بە چەپڵە ڕێزان تا دانیشت.

نزیکەی پێنج خولەک زیاتر چەپڵە ئەو ناوەی پڕکرد، پارێزگاری دهۆک لەوێ بوو، یەک دوو کەس پێشوازییان کرد، بەڵام بۆ دڵشاد ئەو کارەیان کرد، کەسانێک هەن کە ڕێزی هونەرمەند لە سیاسییەک زیاتر ئەگرن، لەو کاتەدا دڵم لە خۆمان دائەما بۆ ئێمە چیمان کەمە؟

مۆزیک لای من کارێکی خۆڕسکە، نەک دروستکراو، بەڵام ئیتر ژیان خۆی وایە، ئێمە دەستمان کرد بە نمایش و لە سەرەتای کارەکەمان لەسەر شانۆ کارەبا کوژایەوە تا کۆتایی ئۆپەرێتەکە، ئیتر نەدەنگی منداڵەکان لە کاتی نمایش، نە دەنگی مۆزیک نەما، هێندە هۆڵەکە پڕ بوو بە ئاستەم گوێم لە کەمان ژەنەکەی پاڵم بوو، باش بوو دڵشاد لە پێشەوە دانیشتوو، وتی بەردەوام بن، ئاگام لە کارەکەتانە، کاتێک نمایش تەواو بوو کاتی گۆرانییەکان کارەبا هاتەوە .

هەموو تیپەکانی لاوانی کوردستان بە شداربوون، دوایی ئەنجامەکە بەم شێوەیە بوو:

Institut Kurde de Paris

١. سلێمانی، یەکەم بوو
٢. تیپی شنرۆ و ئۆپەرێتی سەوزە دووەم بووین (واتە هەڵەبجە)
٣. تیپی پاشای گەورەی ڕەواندوز سێهەم بوون
٤. تیپی باواجی کۆیە، چوارەم بوون
ئەوەی لە بیرمە ئەم گۆرانیانەشمان دوای ئۆپەرێتەکە نمایش کرد.
١. کامەران ئەحمەد ـ گۆرانی: کراسەکەت مۆرە +ڕە نگی زەردم بۆ تۆ مردم کراسەکەی خامەکە – دەستم بۆ مەمکۆڵەی برد – وتی هە تیوو وا مەکە
٢. ئەی هاوار لەیلی باوانم، لەوتنی: ئەڵوەن کۆێخا عەلی
٣. شیلان حامید و حەمید واحید گۆرانییەکیان وت، وێنەکەی ماوە
تا ئێستاش دەقی ئۆپەرێتەکەم لاماوە، فەوتا بوو، سااڵێکیان مامۆستا هیدایەت عوسمان بۆی پەیدا کردمەوە، هەروەها تۆماری دەنگی ئاوازەکانی ئۆپەرێتی سەوزەشم لاماوە کە ساڵی (١٩٨٥) تۆمارمان کرد بۆ تەلەفزیۆن وپاشتر باسی دەکەم .

Institut kurde de Paris

ئاهەنگی ساڵی ١٩٨٤

من پێشتر لە ساڵی (١٩٨٣) ڕاژەکەمم لە فەرمانگەی کارەباوە گواستبووەوە بۆبەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری کە تازە کرابووەوە، پاشان کاک عوسمان محەمەد سەید ئەحمەد باوکی بەڕێزموقەدەم بەرزان کە ئەویش دەرچووی کۆلێجی بەڕێوەبردن بوو، هاوڕێی منااڵیم بوو، لە سەرەتاییەوە پێکەوە بووین، ئەویش لە کۆلیج لە بەغدا پێکەوە بووین، دوای ساڵێک لە من، بەاڵم بۆ ساڵی دووەەم خۆی گواستەوە بۆ زانکۆی سلێمانی بووە بەڕێوەبەری لقی ڕۆشنبیری ئەو کاتە.
بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری سلێمانی محەمەد ئەمین پینجوێنی بوو، هەروەها لەگەڵ بینای بەڕێوەبەرێتی لاوانیش پێکەوە بووین، کە هە ردووکمان لە بینای بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕۆشنبیری ئیستا بووین، بەاڵم بیناکە ئێران ڕوخاندی، چونکە هۆاڵێکی چاکی تیا بوو، ئێمە ژووری تایبەتی خۆمان هەبوو کردبوومانە

ستۆدیۆ، لەو کارەدا تەهای حاجی بەکر کە دارتاشی لە باوکییەوە بۆ مابووەوە و خۆشم دارتاشیم ئەزانی، ستۆدیۆیەکمان دروست کرد، هەروەها بەڕێوەبەری لاوانی هەڵبجەش کاک سەروەتی حاجی حەمە کەریم کوردستانی بوو، وە ڕەوان شاد (نەریمان ئەنوەر) کە لە شەڕی ئێران ـ عیراق ساڵی (١٩٨٥) گیانی بەختکرد، سەرباز بوو، فەرمانبەران ئەوەی لە بیرم بێت فریشتە، مەحبوبە (تارا)ی خێزانی کاک فەرهەنگ محەمەد ئیسماعیل بوو، وە کارمەندەکان: کاک حیدەر، قادر، کاک صاڵح، سەید کەریم کە کارەباییش بوو، بە هەرحاڵ هێندەی لە یادم بێت نووسیومە. وەک چالاکی لە مانگی چواری (١٩٨٤) ئاهەنگێکی گۆرانی و مۆزیکمان ئە نجامدا، خەڵکانی موجەمەعی عەنەب هێندە تامەزرۆ بوون هۆڵەکە پڕببوو وە سەری هۆڵەکە جەمەلۆن بوو، بەردیان تێ دەگرتین، ناچار پۆلیسمان بانگ کرد بۆیان، لەو ئاهەنگەدا چەند گۆرانی بێژێک بە شداربیان کرد لەوانە: عوسمان کەیمنەیی، حەمەی حاجی واحید کە زیاتر گۆرانی مەزهەری خالقی دەوتەوە، هەر لەو ئێوارانەش لە سلێمانی تیپی چۆپی کە کاک بێستون گورجی سەرپەرشتی ئەکردن هاتن و نمایشی گۆرانی و مۆسیقایان لەگەڵ ئێمە ئە نجامدا.

لە ڕێکەوتی (٩/٩/ ١٩٨٤) ماموستایەک هەبوو بەناوی (حەمە رەحیم رەمەزان)لە تەلەفزیۆنی کەرکوک بەرنامەیەکی هەبوو بە ناوی (پەلکە زیڕینە) کە بەرنامەی منااڵن بوو ئەو ڕۆژە هەموو ئەندامانی تیپمان کۆکردەوە و بەرنامەیەکی تایبەت و سەرکەوتوومان بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک ئەنجامدا، کە زیاتر لە پەنجا منااڵ بەشداربوون، ئەو بەرنامەیە دەرهێنەرەکەی مەسیحی بوو پیاوێکی سوعبەت چی بوو، لەگەڵ مەحمود ئەحمەد بووە هاوڕێ ناوی (لبرۆن سیمۆن) بوو، کامێرامانەکە ناوی ئەحمەد ڕەمەزان بوو، چووینە گوڵان و ئەو بەرنامەمان تۆمارکرد، کاتێک پەخشکرا زۆر سەرکەوتوو بوو، لە هەولێر ڕۆژنامەنوس شێرزاد عبدالرحمن لە ڕۆژنامەی العراق لە سەری نووسی.

لە پایزی (١٩٨٤) لە گۆڤاری کاروان م. شەفیق محەمەد ئۆپەرێتێکی نووسی بوو بە ناوی (ڕێویەو لە پێستی شێردایە) نزیکە ی ١٢ ئاوازم بۆ دانا، هەروەها ڕزگار سدیق یەک دوو ئاوازی بۆ دانا و ئاراسی شێخ جەمالیش ئاوازێکی بۆ دانا، هەر لەو ساڵەدا لە لاوانی سلێمانی دوو ئامێری ترم هێنا بیرم دێت ڕەوان شاد (عبداللەی حەمە خانە ڕۆڵە) کرۆنایەکی ٨٢ ی سپی پێبوو، ئامێری قانونم هێنا بۆ ئاراسی شێخ جەمال کە بە ماوەیەکی کەم فێربوو، ئامێری چەلۆشم بۆ نظام شێخ

Institut Kurde de Paris

حسین که هەردووکیان بەو ئامێرانە بەشدار بوون، کە یەکەمجار بوو بخرێنە ناو گروپەکەوە، هەروەها بۆ بەهمەن ئەحمەد فلوتم بۆ هێنا، دەرهێنانی ئەم ئۆپەرێتە (مەحمود مەلا عەلی) بوو، کە دەرچووی پە یمانگا بوو بەشی شانۆ، دروستکردنی جل و بەرگ و دەمامکی ئاژەڵەکان: م.رجا محەمەد بوو، لەگەڵ دیکۆرەکان کاک ئەسغەر ڕەشیدیش بەشدار بوو، ماوەی ئەم ئۆپەرێتە: کات ژمێرو نیوێک ئەبوو، لە هۆڵی ڕۆشنبیری نمایشمان کرد.



لە کاتی تۆمار کردنی گۆرانییەکان کە ڕەوان شاد غەریبی تەنەکەچی لە سلێمانیەوە هات و بۆی تۆمارکردین بە دەنگی منالەکان تۆمارمان کرد لەوانە ئەڵوەن عەلی، فاتمە عەلی، شیلان حامد ، هەلاڵە و زۆری تر، ئەم بەرهەمەمان ساڵی (١٩٨٥) لە تەلەفزیۆنی کەرکوک تۆمار کرد کە بە دوو زنجیرە تۆمارمان کرد، زۆر سەیرە جاران بە یەک شەو دوانزە گۆرانیمان تۆمار ئەکرد، ئێستا بە مانگێک یەک گۆرانی تۆمار ناکرێت، بیرم دێت لە شەوی تۆمارکردن، عبداللەی حەمە لاو و هۆشیاری حەمە فەرج و مەلا یاسین و عوسمانی نەجیبەمان لەگەڵ بوو، مۆزیک ژەنەکان: من ، شوان عەلی مەجیلان، ئاراس محەمەد سابیر، ڕزگار سدیق، ئاراس شێخ جەمال، عەزیز حەمە کەریم، مەحمود ئەحمەد. دەرهێنەری تەلەفزیۆنی کەسێکی تورکمان بوو بە ناوی (سەباح ڕەشاد).

Institut kurde de Paris



منالّان،کاتی تۆمار کردنی بەرنامەی (پەلکە زێڕینە) ١٩٨٤



گروپی مۆزیک،کاتی تۆمار کردنی بەرنامەی (پەلکە زێڕێنە) ١٩٨٤

Institut kurde de Paris

تۆمارکردنی ئۆپەریێتی سەوزە لە ساڵی ١٩٨٥دا بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک

خـەیـاڵ ئـەفرێـت و لـەگەڵ بەسـەر چـوونی ڕۆژو مانـگ و سـاڵ تـەنهـا یادەوەرییەکان ئەمێننەوە، هەر چەندە من هەستم بەو ساتانە ئەکرد کە هـەمـووی ئەبێتە ئەرشیف، لەوانەیە کەم کەس هـەبێت بە وردی ڕۆژو مانگ و سـاڵەکانی لە بیـر بێت، مـرۆڤ بـەسـەرهاتـەکـانی لە بیـر ئـەچێتەوە، گیـانێکم بەوەیە زۆربەی یادەوەری هونەریم لە کاتی خۆی نوسیوەتەوە و زۆربەشیان فەوتاون بە داخەوە. بەڵام با ئەوەم لەبیر نەچێت ئۆپەرێتی سەوزە لەنوسینی فازیل قەصاب بوو.

ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ ئـەندامانی تیپی شـانۆی هـەڵـەبجـە ڕێکـەوتـین کە بیکـەیـنە کارێکی هونەری و بە شێوازی ئۆپەرێت، دەرهێنانی ئەو بەرهـەمە کەوتە ئەستۆی مامۆستا کامەران ئەحمەد. کاک عوسمانی نەجیبە، چەند خوشکێکی منااڵی هەبوو لەوانە فاتمە، ئەڵوەن و چەند خوشکە زایەکی شیلان و هـەروەهـا ئـەوەی لە بیـرم بێت هەڵاڵەعومەر، ڕەئوفیش منااڵێکی جوانکیلە بوو برای مامۆستا جەلال عوسمان و چۆمانی برای سەلاحـەڕەش، مـن سـەرکەوتی بـرای خۆشـم بەشداری پێکرد و کوڕانی عەلی مەجیلان و منااڵێکی هاواڕی بەناوی ڕزگار شەوکەت و چەندینی تر. ئەم ئۆپەرێتە مـایەوە تـا سـاڵی (١٩٨٥) مـانگی (١)واتە کـانوونی دووهەم، وتـم بە ئەندامان بۆ نـەیبـەیـن بـۆ تـەلـەفزیـۆنی کـەرکـوک؟ وتیـان باشـە، کـە لە تەلەفزیـۆن دەقەکەیان دی یەکسەر ڕەزامەندییان لەسەردا، ئەسغەر ڕەشید دیکۆرێکی جوانی بۆ کردبوو، درەختێکی دروست کردبوو دەجوڵایەوە، منااڵن زۆر سەرسام ببوون پێی، پاش ئەوە شەوێک کاک غەریبی تەنەکەچیمان بانگ کرد بە شەوێک زیـاتر لە دە دوانزە ئاوازمان تۆمارکرد، ئەکتەرەکان کۆرسیش بوون، مۆزیک ژەنەکان: من بووم، شوان عەلی مەجیلان، ئاراس محەمەد سابیر، ئاراس شـێخ جـەمـال، ڕزگـار صدیق، عەزیز حەمە کەریم، مەحمود ئەحمەد، زۆربەی ئەندامانی تیپی مۆزیـک و شـانۆ ئـەو شـەوە جێگـەونوێنمان بردبـوو لـەوێ خـەوتـین، دوایـش بـۆ خۆشـی گۆرانییەکمان بو هۆشیار حەمە فەرەج و عبدالله حەمە لاو بەگ تۆمـارکرد: قـازان قەتاران.

دواتـر نزیکـەی ١٠ ی مـانگی یـەک بـوو مـن و ئـەسـغەر خـاوەن دیکـۆرەکـە، بە ئۆتومبیلی محەمەد ئیبراهیم عەبدول چووین بۆ کەرکوک شەو تـا درەنـگ پێکـەوە

Institut Kurde de Paris

دیکۆرەکەمان دائەنا و لەگەڵ دەرهێنەرەکە کە ناوی سەباح ڕەشاد بوو گفتوگۆمان لەسەر ئەکرد، بۆ سبەی هەموو ئەندامانی مۆزیک و منالّەکان هاتن بە کۆستەریّک بۆ ستۆدیۆی کەرکوک، تەنانەت هەندێکیان لەئەندامانی موزیک سەربازی هەلّاتووبوون، وەک عوسمانی نەجیبە و مەحمود، خۆیان کرد بە ستۆدیۆدا، من لەگەلّ دەرهێنەر چوومە ژووری کۆنترۆلّ لە قاتی سەرەوەی ستۆدیۆکە، لەگەلّ دەرهێنەرەکە تێبینیم ئەدایە لە کاتی گۆرانی یان نواندن یان هەلّپەرکێ، تا عەسر کارەکەمان تەواو کردو پاشان لە ژووری ژمێریاری بانگیان کردم و ٥٠٠ دیناری ئەو کاتەیان دامێ، سەیرم لێهات، ئەمە یەکەم جارە شتی وا ببینم، وتیان کارەکە جوان ئەبێت، دوای ئەوە هەموو گەڕاینەوە و پاش ماوەیەک تەلەفزیۆن دەستی کرد بە پەخشکردنی، ئەگەر ستایش نەبێت، بووە کارێک ناوبانگی لە هەموو کوردستان دەرکرد، بۆ ماوەیەکی زۆر هەر منالّیک لە دەرەوە بووایە یان کۆلّان، یان کاتی نان خواردنی ئێواران وازی لە هەموو شتێک ئەهێناو سەیری ئەو بەرهەمەی ئەکرد.




Institut kurde de Paris

لە ڕۆژی ١٥ ی مانگی چواری (١٩٨٥) ئەو کاتە لە محاویل نزیک (حلە) لە یەکەی تۆپ (وحدة المدفعية) لە سەربازی هەڵاتم، پاش ماوەیەکی کەم هەڵەبجە هەموو ڕۆژێک ئەدرایە بەر تۆپ و ڕاجیمە، هەراسان ببووین، ڕۆژانە خۆمان دەشاردەوە لەناو چەم و دۆڵەکان، تاوای لێهات شەوێکیان من ، ئاراسی شێخ جەمال، عوسمانی نەجیبە، ئەسغەر لە مالّی دولبەرخانی خوشکی ئاراس بووین، دەیان ڕاجیمە لە نزیکمان تەقیەوە و ورەمان نەما، ئەو شەوە هاوین بوو، هەموومان چووینە چاوگ تا سبەی لە ناو جێبێک و لە مزگەوتەکەی باوەکۆچەک خەوتین، بۆ سبەی هاتم بۆ سلێمانی بە هەڵهاتوویی، لەگەڕەکی مامۆستایان ژوورێکم گرت بە کرێ، مانگی بەپانزە دینار، لای ڕەوانشاد عومەری وەستا مەردان لە مامۆستایان بووم بە شاگرد دارتاش، مانگی بە چل یان پەنجا دیناریک، ئەو کاتانەش مامە عەزە لە تیپی نەورۆز بوو لەگەڵ زانای مەحمود هەژار و بەختیار سەرسپی لە گەڕەکی ئاشتی لە قوتابخانەی ئەردەڵان تەمرینیان ئەکرد ئەوانیش زۆربەیان سەربازی هەڵاتوو بوون، یەک دوو جار عەزیز بردمی بۆ لایان، تا پایزی ئەو ساڵە لەوێ بووین، پاشان گەڕامەوە و لە هەڵەبجە دوکانی دارتاشیم دانا، ژیانێکی سەختبوو، ئاراسی شێخ جەمالیش بوو بە شاگرد لام، لە مۆزیک دوور کەوتمەوە، هەموو دەست و پە نجەم ڕەق بوون، جار جار هاوڕێیانم ئەهاتن بۆ لام تا هاوینی (١٩٨٦) عەبدولّای حەمە لاو بەگ هات بۆلام لە دوکانەکە، وتی شانۆگەرییەکمان هەیە ئاوازی بۆ دابنێ، شیعری (بۆل ئیلوار)ە، من تاقەتم نەما بوو، خۆیان تەسجیلیان هێنا، ئاوازێکم دانا بە ناوی (سەربەستی) لەو تۆمارەدا، ئاراسی شێخ جەمالم لەگەڵ بوو، فرودی برای و مەحمود ئەحمەد. کۆرسەکان عەبدولّای حەمەلاو، عوسمانی نەجیبە، ڕێبوار نوری و ئەڵوەن عەلی ئەوە تاکە بەرهەمی ساڵی ١٩٨٦ بوو تۆمارەکەی فەوتا ..

Institut Kurde de Paris

هەر لەو ساڵەدا پڕۆژ لە دوای پڕۆژ ژیان قورستر دەبوو کاری دارتاشی نەمابوو دوکانی دارتاشیم داخست ئۆتۆمبیلێکی(نەسر)ی سپیم کڕی بۆ ئەوەی ئیشی تاکسی بکەم، هەر پێش من فەرهەنگی حەمەی سمایل پینۆیەکی کڕیبوو، هەموو سەربازی هەڵاتووبووین، ژیانێکی سەخت بەهۆی شەڕی کوردو شەڕی ئێران - عێراق.

هاوینی ساڵی (١٩٨٧) بوو کاک (نزار نوری)دەقێکی شانۆیی، یوسف العانی کردبووە کوردی، هێنای بۆ من بە حوکمی ئەوەی عەرەبییەکەم باش بوو، بەناوی (کلیل) لام جوان بوو، نزیکەی دە تا دوانزە ئاوازم بۆ دانان کارێکی جوان بوو، بەڵام بەداخەوە، هەرچی ئەو ئاوازانە هەیە هەمووی لە یادەوەریم فڕین، هیچیانم بە بیر نایەتەوە ...



تیپی نواندنی هەڵەبجە
سەر بە مەڵبەندی لاوان
بەهاوبەشی
تیپی مۆسیقای شانۆیی
شانۆیی
کلیل
پێشکەش ئەکات
نوسینی / یوسف العانی
وەرگێڕانی / نزار نوری
دەرهێنانی / ڕێبوار نوری
لەسەرشانۆی مەڵبەندی لاوان
لە ڕۆژی ٧/١٠ / ٩٨٧ و ڕۆژانی دوایی
کاتژمێر (٥)
چاپخانەی کامەرانی

ئاوازی گۆرانیبەکان و مۆسیقا
نازاد صالح - رزگار صدیق - ئاراس جمال
وەرگێڕانی هۆنراوەکان بە دەستکاریەوە :-
دلشاد عمر کاکی — ابراهیم هەورامانی

بەشدارانی مۆسیقا

نازاد صالح	کەمانچە
شوان علی	=
	=
	=
عزیز حمە کریم	چاو
ئاراس جمال	سەنتور - جاز
رزگار صدیق	ئۆکزردیۆن
عەدنان قادر	ایقاع
فلاح احمد	=

گۆرانی / هوشیار حمە فرج - ئەلوەن علی
کۆرس / فاطمە علی - گوڵزار مجید
زانا محمد - فریق عبدالله


Institut kurde de Paris

دانانی (١٠) ئاواز بۆ تیپی هونەری پێشڕەو لە هەڵەبجە، ساڵی ١٩٨٨

لە سەرەتای ئەم ساڵەدا تیپی هونەری پێشڕەوی شانۆی کوردی(هەڵەبجە) کە کاک فەرهەنگ محەمەد ئیسماعیل سەرپەرشتی دەکرد کە بەخۆیی و سەرهەنگی برایی و دیاری و خوشکەکانی: سەمیعە، بەهار، هەموویان بەشدار بوون لەگەڵ چەندین ئەندامی تر پەیوەندییان پێوە کردین، کە بەنیازن شانۆگەرییەک بکەن بە ئۆپەرێتێک بۆ منالاّن بە ناوی (ماسیە ڕەشە بچکۆلەکە) لە نووسینی نووسەری فارس(سەمەدی بە هرەنگی)بوو، بۆ ئەوەی ئامادەی بکەین.

ئێمە لەگەڵ هەموو گروپە شانۆییەکان بەشداریمان دەکرد، بێ گوێدانە هیچ بەربەستێک لەو کاتەدا چەند تیپێکی هونەری شانۆ هەبوون وەک : تیپی شانۆی هەڵەبجە، پێشڕەو، گۆران، مەشخەڵ. تەنانەت لە ساڵەکانی هەشتاو شەش چەند ئەندامێک لە ئێمە جیا بوونەوە تیپێکیان دانابوو بە ناوی (تیپی مۆسیقای شەم)کە کاک عومەری حەمە ڕەحیم (دانا هەڵەبجەیی) سەرپەرشتی دەکردن، شیعری ئەم شانۆنامە کاک ئازاد تۆفیق شیعرەکانی دانا بوو، ئێمەش ئەندامانی تیپەکە بریتی بووین لە من و فرود شێخ جەمال، ئاراس شێخ جەمال، ڕزگار سدیق، مەحمود ئەحمەد، ئەحمەد خالیدی ئامۆزام، فەرهاد محەمەد، فەلاح محەمەد ڕەشیدیش جار جار بانگۆزی لێ دەدا، من نزیکەی ١٠ ئاوازم بۆ دانا و هەندێ ئەندامانی تریش لەوانە ڕزگار سدیق، هیچ کام لەو ئاوازانەم لە یاد نەماوە تەنها دەلیلی ئەو شانۆیە نەبێت، کاک فەرهەنگ دەرهێنانی بۆ کرد و شێرکۆ محەمەد سەعید ئامادەیی کردبوو، لە ڕێکەوتی ١٠ ی ٢ تا ١٤ ی مانگی ٢ ی ١٩٨٨ ئەم کارەمان لە شانۆی مەڵبەندی لاوان، بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕۆشنبیری ئێستا ئەنجام داو سەرکەوتنی بە دەست هێنا، واتە مانگێک پێش کیمبارانی هەڵەبجە ئیمە بەردەوام کاری هونەریمان ئەنجام دەدا، ئیتر دوای ئەم ڕۆژە هەڵەبجە بوو بە شارێکی دی، بووە ململانیی جێگای شەڕی حزبەکان و هەرچی جوانییە تێیدا ونبوو، کە تا ئێستاش پێوەی دیارە کە خەڵکی شارەکە هەموو دەربەدەربوو یان بۆ ئێران یان هەندەران و یان شارەکانی تری کوردستان، کە تا ئێستاش و ئەوساش پێوەی دیارە ..

Institut Kurde de Paris



به هاوبه‌شی تیپی مۆسیقای شنروی شمانۆیی

« ماسی‌یه ره‌شه بچووکه‌که »

فووسینی / صمد بهرنگی
وەرگێرانی / عبدالکریم محمود شێخانی
ئامادەکردنی / شێرکۆ محمد
دەرهێنانی / فەرهەنگ محمد
پێشکەش دەکا

بەرپرسی هۆل : [redacted]
چاوەڕان : هادی جمیل ، امیر توفیق ، معظم عثمان
مهدی ابوبکر ، محمود حمه‌امین ، بەکر فرج

سوپاس

سوپاسی تایبەتیمان بۆ کەو شوان و بەڕێوانەی یارمەتیان داوین .

بەرهەمە پێشکەش کراوەکان

١ — هاوارێکی ئاساو	١٩٨٣
٢ — بێکەنین بەپێی پاسا	١٩٨٤
٣ — فایلی ٦٧	١٩٨٦
٤ — چارەڕوسی ئادەمیزاد	١٩٨٧
٥ — پەروانە	١٩٨٧

بۆنی پێدانەوەی ئاڵتونی کۆردی ساڵی ١٩٨٨ بەرپرس
ڕۆشنبیری جەماوەر لە هەڵەبجە
شانۆیەک بە ناونیشانی (ماسی‌یه ره‌شه بچووکه‌که)
لە سەر هۆڵی مەڵبەندی لاوان
ڕۆژی ٢ / ٣ / ١٩٨٨ کات ( ) ئێوارە

گاراکته‌ره‌کان

وێژەر	: فاتح عزیز
ماسی‌یه ره‌شه‌که	: شارا محمد عبدالله
دایکی ماسی‌یه ره‌شه‌که	: بەهار محمد
ماسی‌یه گەوره‌که	: محسن جمیل
پیره ماسی ١	: محمود حسن
پیره ماسی ٢	: کاوه محمد
ماسی‌یه پیره‌که	: محسن جمیل
مارمێلکه	: بەرۆ نامق
ئەژدیها	: ئاظم محمد جبار
سەره مێکوته ١	: سالار حمه فرج
سەره مێکوته ٢	: بەرۆ نامق
دایکی بۆق	: کەچەر عمر
بۆق ١	: وەرزیر احمد
بۆق ٢	: دیاری محمد
ئاسک	: ئالا محمد ـــ شنه محمد
ڕاوچی	: فەرهەنگ محمد
ماسی ١	: سالار حمه فرج
ماسی ٢	: دیاری محمد
ماسی ٣	: وەرزیر احمد
ماسی ٤	: جوبره فرج
ماسی ٥	: ئالا محمد
ماسی ٦	: ڤیان عبدالقادر
چرتیار	: دیاری محمد
لادێی	: کۆچەر عمر
چەند ماسی‌یەک	: جلالار ، بەهز ، ڤیان
ماسی‌یه سوره‌که	: جوبره فرج
پیچوی ماسی	: ئالا محمد ـ شەیدا عەلی
دەنگ	: کۆچەر انور ، فەرهەنگ محمد

هونەرمەندان

بەڕێوەبەری هەرهەم : احمد حسن

شانۆ	: کۆچەر انور
دیکۆر	: نزار رشید
چنینەچنی کردنی	: فاتح عزیز ، شێرکۆ خالد صمد حمه رشید ، ئومید جلالار
جلوبەرگ	: نزار رشید ، کۆچەر انور فروغشته محمد ، چیمەن دلی
ئاکسوار	: ئومید جلالار ، امیر توفیق مهدی ابوبکر
ئارایشتی	: فرهنگ محمد ، نزار رشید
ڕۆشنەر	: نزار رەشید
خۆش‌نووس	: نامیق ابراهیم
ڕووناکی	: عمر علی ، عطا عزیز
چنینەچنی کردنی	: محمود حمه امین ، هادی جمیل امیر توفیق . محمد عبدالله

Institut Kurde de Paris

دوای ئەو کارەساتە گەورەیە، من وەک خۆم کۆڵم نەداوە لە ئێران کە لە ئۆردوگای سەروچاوە گیرسامەوە، لێپرسراوانی ئۆردوگاکە کردمیان بە لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندن، لە سەرووی ئۆردوگاکە چادرێکم وەرگرت لەوێ پرۆژەم بە منالاّنی ئۆردوگاکە دەکرد، ئامێری مۆزیکیان دامێ و لەو منالاّنە کاک سیروان لهۆنی شاهیدە کە ئەو کاتە منالّ بوو وە کاک غەریب، وە کوڕێکی ئێرانی منالّیک بوو کوڕی ڕەسولی میرزا پوور کە عود ژەن بوو هاوکاری کردم، لەگەڵ ڕەوان شاد محەمەد کەریم زادە، ئەمانە هەموو لە سەقز بوون، ئێمە لە ئۆردوگای سەروچاوە بووین، هەندێکی تریان وەک ڕزگاری شێخ صدیق، ئاراسی شێخ جەمال، وشیاری حەمە فەرەج لە ئۆردوگای سونغور بوون، دوور بووین لەیەک، تا لە مانگی پێنجی ئەو ساڵە بەمنیان گوت لەگەڵ چەند کەسێکی تر، کە ڤیستڤاڵی شیعر خوێندنەوە هەیە لە شاری مەهاباد من شیعرێکم نووسی لەوێدا بووم بە شاعیر، منیش لەگەڵ چەند هاوڕێیەک لەوێ کۆبووینەوە، لەوانە مامۆستا جەمالی پورزام و ڕزگاری ئامۆزام، کاک شیروان ، م. سەریاس ، م. سالم ، چووین بۆ سەقز لە فەرمانداری بووین، کەچی لەوێ دوو هونەرمەندمان دی سەنتور ژەنبوون: عەزیزی سەیفی و هونەرمەند ڕەشیدی فەیزی نەژاد، کە پرۆژەیان دەکرد، هەموو سواربووین بە پاسێکی مارسیدس، ئێوارە گەشتینە مەهاباد، بۆ شەو چووینە ئوتێل کوێستان، بۆ شەو کاک محەمەد ئەحمەدی کارەبا ناسراو بە حەمە قیادە لە ئۆردوگای سونغور چەند منالّیکی هێنا بوو وە یەک دوو ئاوازی دانابوو، وە فلوت ژەنێکی لەگەڵ خۆی هێنابوو بە ناوی ئاغای ئێران پوور، وە ئیتر پێکەوە لەگەڵ یەک هاوکاریمان کردو کاک فەیزی نەژاد کەمانێکی فەرەنسی بۆ پەیدا کردم، دەستمان کرد بەتەمرین کردن، بۆ ڕۆژی دوایی یەکەمین جەژنەوارەی هونەری کوردی لە شەڕدا لە مەهاباد ئەنجام درا، وە ئێمە بەشداریمان کرد، بیرم دێت پێشکەشکارەکە ناوی محەمەدی کریم زادە بوو، دە ستێ جلی شاڵی ڕەشی کوردی لەبەربوو، وە زۆر بە حەماسەوە گروپەکەی ئێمەی پێشکەش کرد، وە دوای ئێمە گروپی کاک فەیزی نەژاد چالاکییان ئەنجام دا ، کە خۆی گۆرانییەکی شادی وت و لە ناو شانۆکەوە لێپرسراوێکی ئێرانی وەلاّمی

Institut kurde de Paris

بۆ نارد کە گۆرانی شاد (ممنوع است) دوای ئێمە زۆر لە هونەرمەندانی شاری مەهاباد لەوانە کاک حسین ڕەهبەر هاتنە سەر شانۆکە، هەموومانیان ماچ کرد لەگەڵ کۆرسەکەدا کە هێشتا جلی ئۆردوگایان لەبەر بوو، وە خەڵاتی ڕێز لێنانیان پێشکەش کردین، یەکی چەند مەتریک قوماشیان پێشکەش کردین کە هاتینەوە بۆ ئۆردوگا کاک ئیدریس ناوێک هەبوو خەیات بوو بۆی دروویین، من مابووم تا ئەوڕۆژەی کە هاتینەوە عێراق لەسەر سنوور خەڵاتەکەم لە چوارچێوە گیرا بوو، لەوێ شکاندم، بۆ ڕۆژی دوایی کاک فەیزی نەژاد بردینی بۆ مالّی هونەرمەندی گەورە محەمەدی ماملێ، زۆر ڕێزی لێگرتین، تۆزیک نەخۆش بوو، لە جێگا کەوتبوو، قاچی تووشی ڕۆماتیزم ببوو، من وتم گەر ئاوازێکت بۆ دانێم بۆ هەڵەبجە؟ وتی بەسەر چاو، وتی کورد زۆر نەهامەتی دیوە، هیچیان هێندەی هەڵەبجە کاریگەر و گورچکبڕتر نەبووە، مالّی حەمەی ماملّی دوو قات بوو، خۆی لە ژووری سەرەوە بوو، لەو ڕۆژەدا هونەرمەند ئیبراهیمی قادری لەوێ بوو، هەروەها وریای کوڕی لەوێ بوو لەگەڵ چەند کە سێکی تر وە وێنەمان لەگەڵدا گرت کە هاتینە خوارەوە لە بەردەرگاش وێنەمان لەگەڵ وریای کوڕی گرت، وەتەلەفزیۆنی ئێران لەوێ بوو بەرهەمەکانیان تۆمار کردین، دوای چەند ڕۆژێک نمایشی کرد و لە ئەرشیفی تەلەفزیۆنی ئێران ماوە.



لە ڕاستەوە: محمد ئەحمەد کارەبا. ئازاد سالّح . کەسێکی ئیرانی .محمدی ماملێ . ئیبراهیمی قادری .ڕزگار خالد

مالّی محەمەدی ماملێ ١٩٨٨ مەهاباد

Institut Kurde de Paris



بەردەم مالّی محەمەدی ماملێ لەراستەوە وریا محەمەد ماملێ .ئازاد سالّح .هونەرمەند فەیزی نەژادی. مامۆستا جەمال حەسەن



مەیدانی چوار چرای مەهاباد

لەراستەوە .م.سالم .ئازاد سالّح .م.سەریاس . م .جەمال حەسەن .شیروان رزگار خالد



مەیدانی چوار چرای مەهاباد . ئازاد سالح ١٩٨٨

Institut kurde de Paris

سالّی ١٩٨٩ و ١٩٩٠ چالاکی هونەریم وەستا

پاش ئەوەی کە شەڕی ئێران ـ عێراق تەواو بوو لەڕۆژی ١٩٨٨/٨/٨کە خومەینی وتی جامێک ژەهرم خوارد بە ناچاری شەڕ وەستا، زۆربەی خەڵک لە ئۆردوگاکان گەڕانەوە بۆ عێراق، ئێمە لە کۆتایی مانگی ١٠ گەڕاینەوە لە سلێمانی نیشتەجێ بووین، باربێکی ناهەموار ڕووی تێکردین لە هەموو ڕوویەکەوە، من سەربازێکی هەڵاتووبووم، چەندین جار گیرام بە سەربازی و هیچ بواربێک نەبوو بۆ کاری هونەری ئیتر چالاکی هونەریم وەستا تا پاش ڕاپەڕین ..

یەکەمین چالاکی دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لەهەڵەبجە

لە هاوینی ساڵی (١٩٩١) بەڕێکەوت ڕێم کەوتە بینای یەکێتی ئافرەتانی عێراق لە گەڕەکی بەختیاری لە سلێمانی، نزیک هۆڵی ڕۆشنبیری کە کرابووە بارەگای یەکێتی لاوانی سەر بە پارتی و محەمەدی ئەحمەدی کارەبا، چەند کەسێکی کۆکردبووەوە، ئەوەی بە بیرم بێت ڕزگارە سوور بوو وە منیش چەند ئەندامێکی ترم کۆکرەوە و لە باخی گشتی بە بۆنەی یادی دامەزراندنییەوە لە باخی گشتی هەڵەبجە ئاهەنگێکمان ساز کرد کەتێیدا کامەرانی کەمال خەفاف پێشکەشکار بوو، ئەو کاتە سەرەتای ڕاپەرین بوو، بەرەی کوردستانی بالأ دەستبوو، من هیچ گوێم نەئەدایە ئەو بۆنە چییە بەڵکو ئەوەی گرنگ بوو لام چالاکی هونەری هەبێت، ئەوە یەکەمین چالاکیمان بوو. ئەم چالاکییە کە لە (١٦)ی ئابدا کرا لە باخی گشتی، محەمەد ئەحمەد کارەبا ناسراو بە حەمە قیادە سەرپەرشتی ئەکرد

Institut kurde de Paris

پێشکەشکردنی کۆڕاڵی هەڵەبجە لەساڵی ١٩٩٢

لە ساڵی (١٩٩٢) جارێکی تر دەستمان کردەوە بە چالاکی هونەری لە مانگی سێی ساڵی (١٩٩٢) لە گەڕەکی سەرا کاک سیروان عەلی ڕەزا خانوویەکی چۆڵی بۆ گرتین بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژێک هەموو ئەندامان لەو خانووە ئەخەوتین، لە بیرم دێت ئاراس شێخ جەمال، عەزیز حەمە کەریم، هۆشیار حەمە فەرەج، نەجم محەمەد، ئیبراهیم نەجم الدین، فرود شێخ جەمال، شوان عەلی مەجیلان، مەحمود ئەحمەد عەبدوالڕەحمان، سەرحەد شەریف بۆ یەکەمین جار کاک ئازادە ڕەش، کاک مەلا بەختیار بەهۆی سەڵاحی شێخ سدیق ناردبووی بۆ لامان، وتی دەنگی خۆشە بەڵکو لاتان ببێت بە گۆرانی بێژ، دوو مۆزیک ژەنی سلێمانی لەگەڵمان بوون کاک نەوزادی حاجی، کەمان ژەن و کاک ئاسۆ عەلی بۆ ئامێری ساز،

هەروەها دوو ئەندامی دێرینی تیپەکەش هاتن لەوانە مستەفا کەمال خەفاف و مامۆستا هەڵکەوت شێخ محەمەد، دوای چەندین ساڵ هاتنەوە لامان، ئەو ساڵە زۆر گرنگی ئەدرا بەو یادە و من لە لیژنەی باڵای ئەو یادە بووم، لەگەڵ مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی، خالید سە رکار، عەبدولی حەمە جوان، فەرەیدون دارتاش، عەلی جۆڵا، حیکمت هیندی، دارا حەمە عەلی، مامۆستا حەمە فەرەج ئەحمەد، مامۆستا تەها خەلیل، مامۆستا ناسر تۆفیق کە ئەو لۆگۆی ڤیستیڤاڵەکەی دروست کرد لەگەڵ چەندین هونەرمەندی تر، ئەو ساڵە من بۆ یەکەمین جار (کۆڕاڵ)یکم دانا بە ناوی (شۆڕشی هەڵەبجە) کە یەکەمین بەرهەمی کۆراڵی من بوو.

لە باخی گشتی نمایشمان کرد، ئێمە یەکەم تیپ بووین دابەزین تەنانەت ناسری ڕەزازی لە هەندەرانەوە گەڕابووەوە سروودی (دنیا خەمە ژیان ژانەی) گووت و ئەژدەر وەهبی ئەو کاتە مێرد منداڵێک بوو، مامۆستا سەلاح ڕەئوف ئاوازی (دایە گیان)ی بۆ دانا بوو، تارا ڕەسوڵ سروودی (بە تەنیا جێم مەهێڵن)ی وتەوە لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی .. هەروەها سەرکردە کوردەکان : مام جەلال و مەسعود بەرزانی ئامادە بوون، ئیتر ئەو کاتە وابوو!

ئێمە یەکەم بەرهەم دابەزین، دوای ئێمەش تیپی مۆسیقای سلێمانی و تیپی مەولەوی لە دوای ئەوان بوون و مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی ئەو ساڵە وەک کامێرامان وێنەی ئەو ڤیستیڤاڵەی گرت کە لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کاری دەکرد ..

بەرهەمەکانی تیپی مۆسیقای شنرۆ لە ڕۆژی ١٩٩٢/٣/١٦بەم شێوەیە بوو:

١. کۆڕاڵی (شۆڕشی هەڵەبجە) هۆنراوەی سەردارمەردان، ئاوازی ئازاد سالح، وتنی: سەرحەد شەریف

٢. دێوانە، ئاوازی هۆشیار حەمە فەرەج و ئازاد سالح، هۆنراوەی ڕەفیق سابیر، وتنی: هۆشیار حەمە فەرەج

٣. (ناتوێینەوە) ئاوازی عەزیز حەمە کەریم ، وتنی : ئازادە ڕەش

٤. (جێ ژوانم هەڵەبجە بوو) ئاوازی: ئاراس شێخ جەمال، وتنی : نامق سەعید عەزیز

ئەمە پوختەی چالاکی مانگی سێی ١٩٩٢ بوو دوای ئەوە بۆ ساڵانی تر من ئەم کۆڕاڵە دا بە دەنگی زاهیر جەلال لە ساڵی ١٩٩٤،١٩٩٦ وتیەوە

Institut Kurde de Paris

به دوو ڕۆژ شەش گۆرانیمان وێنەگرت

هەر لە پایزی (١٩٩٢) وێستمان چەند گۆرانییەک و سروودێک بۆ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان تۆمار بکەین و هیچ شوێنێکمان نەبوو بۆ پرۆڤەکردن، ئەندامانی تیپەکەش کەم ببوینەوە، ناچار سوودمان لە کاک نەوزادی حاجی بۆ کەمان و کاک هێرش عبدالرحمن هەروەها کاک لوقمان سابیر بۆ ئامێری فلووت لە کاتی تۆمار کردنی دەنگ هاوکارمان بوون، ناچار زۆر شەو لە مالّی خۆم، یان کاک ئایاری حسین عەزیز یان کاک نامق سەعید پرۆڤەمان ئەکرد، شەوێکیان پێشەکییەکی مۆزیکم بۆگۆرانی (شەمالّ بیشەنێ) دائەنا، بۆ خۆم خەریک بووم، ئاراسی شێخ جەمال لەلام بوو، وتی کاک ئازاد ئەو پێشەکییە زۆر جوانە دەست خۆش، پاش ئامادەکردنی گۆرانییەکان، ئەو کاتە کاک سەباحی سەنتور لە شەقامی ئۆرزدی سلێمانی لە بازاڕی (دەوەن)ستۆدیۆیەکی دانابوو، بە تەسجیلی بەکرە، م.ئەنوەر قەرەداغی گۆرانییەکانی بۆ تۆمارکردین.

بیرم دێت لە مانگی (٩)بوو، کە لەعەسرەوە تا کاتژمێر هەشتی شەو شەش گۆرانیمان تۆمارکرد، دوای چەند ڕۆژێک بە وێنەگرێکم وت کاک (پۆلاّ سدیق) لە تەلەفزیۆنی حزبی شیوعی کاری دەکرد ڕۆژی ١٩٩٢/١٠/١٧ کە یەکەم بارانی پایز باری، بە یەک ئێوارە چوار گۆرانییمان وێنەگرت، بۆ ڕۆژی دووهەم دوانەکەی تر، ئەتوانم بڵێم یەکەم کلیپ بوو کە توانیمان لە دەرەوە و لە سروشت ئەنجامی بدەین وە دیمەنەکان خۆڕسکانە دروست بوون.

بۆ نمونە :

لە گۆرانی (هۆ هۆ کابانێ) بە ڕێکەوت شوانێک لەوێدا بوو تێکەڵ بە گۆرانییەکە کرا، یان هەندێ دیمەنی تر وە زۆربەی گرتەکان من بە وێنەگرەکەم ئەوت بەو کادرە بیگرە و شوێنەکانمان ئاڵوگۆڕ ئەکردەوە توانیمان بە دوو ڕۆژ شەش گۆرانی وێنە بگرین و بیدەین بە تەلەفزیۆنەکان و سەدایەکی باشی هەبوو لەو کاتەدا و تا ئێستاش تام وچێژی خۆی هەیە، وێنەی ئەم گۆرانییانە لە چاوگ و بیاوێڵەو عەنەب لەهەڵەبجە گیران، بەرهەمەکان بەم شێوەیە بوون:

١. (بۆ شەهید)هۆنراوەی : حەمە عەزیز، ئاواز: هۆشیار حەمە فەرج، وتنی: ئایار حسین عزیز

Institut kurde de Paris

٢. (دیۆانه) ئاوازی هۆشیار وئازاد، هۆنراوەی : پەفیق سابیر، وتنی: هۆشیار حەمە فەرج

٣. (هاواری هەڵبجە)هۆنراوەی: پەفیق محەمەد، ئامادەکردن : ئازاد سالّح، وتنی: نەجم محەمەد

٤. (شەمالّ بیشەنێ)هۆنراوەی: فۆلکلۆر، ئاواز : ئازاد سالّح، وتنی ئازادە پەش

٥. (نەوبەهار) هۆنراوەی: فۆلکلۆر ، ئاواز : ئازاد سالّح، وتنی: سەرحەد شەریف

٦. (شیرین و کابانێ) ئاوازی یەکەم : فۆلکلۆر، دووهەم واتە کابانێ هۆشیار حەمە فەرەج، ئامادە کردنی مۆزیک : ئازاد سالّح، وتنی هۆشیار حەمە فەرەج.

لەم چالاکی و بەرهەمەمانە تەنها من بەشدار نەبووم، بەڵکو ئەوهونەرمەندانەی تریش رۆڵی بەرچاوی خۆیان دیوە لە دڵسۆزی لەخۆبردوویی، پاستە من کارەکتەری سەرەکی کارە هونەریەکان بووم چ لە پرووی بەپێوەبردن یان هونەری، بەڵام هەوڵ و ماندووبوونی ئەوانیش کە بێ جیاوازی بە هەند وەرئەگرم و ئەگەر ئەوان نەبوونایە ئەو کارانە ئەنجام نەئەدرا سوپاسیان ئەکەم، کە ناوی زۆربەیانم بردووە .

چالاکی هونەری سالّی (١٩٩٣)

لەم سالّەدا هێندەی نوسیبێتمەوە یەک چالاکیمان ئەنجام داوە، ئەویش بەشداری کردن بووە لە یادی شانزەی مانگی سێی ١٩٩٣ ئەویش بەم بەرهەمانە :

١. (شەهید) ئاوازی هۆشیار حەمە فەرەج، ئامادە کردنی: ئازاد سالّح.

٢. (ئەم مەڵبەندە) ئاوازی هۆشیار، ئامادەکردن: ئازاد سالّح، شیعری: محەمەد کەساس

٣.کۆرالّی (شۆڕشی هەڵەبجە) ئاوازی: ئازاد سالّح ، هۆنراوەی : سەردار مەردان، وتنی : زاهیر جەلال

وە ئەم بەرهەمانە لە گۆڕەپانی شەهیدان ئەنجام درا، کە هۆشیار چووە هەندەران، (ئەم مەڵبەندەی) لە تەلەفزیۆنی کەنالّی (مید) بە هەمان ئامادە کردنی مۆسیقای من کە کەمان ژەنی تورکی -ئێرانی (عارفی ئیبراهیم پوور) و پێشکەش کردنی: کاک حسەین رەهبەر بوو.

Institut kurde de Paris

ساڵی ١٩٩٤ و هاتنی کاک عادل حەسەن بۆ تیپەکەمان

هەر وەک ساڵانی پێشوو بەشداریمان کرد لە یادی شانزەی سێ، لەبەر ئەوەی شوێنی پرۆژەمان نەبوو ماڵی حەمەی حاجی ناجی چۆڵ بوو بۆ پرۆژە کردن چوویە ئەوێ، چەند شەوێک لەوێ ماینەوە من بۆ جارێکی تر (کۆڕاڵ)یکی نوێیم دانا کە ماوەی بیست خولەک دەبوو بە ناوی (هــۆ خەڵکینە) لە هۆنراوەی کاک ئازاد تۆفیق و دڵشادی عومەری کاکی، کە چەندین مۆزیک ژەن و گۆرانی بێژبەشداربوون تێیدا لەوانە هۆشیار حەمە فەرج، ئازادە ڕەش، نەجم محەمەد، هەر لەو ساڵەدابوو بەڕێکەوت کاک (عادل)م دی، کە لە تیپی مەشخەڵ کاری دەکرد، ئێوارەیەکیان لە نزیک سەرای سلێمانی دیم، وتم کاک عادل بۆ نایەیت بەشدار بیت لەگەڵمان؟ وتی من لە تیپی تردام، هاوڕێی خۆشەویستمی لێیە ناتوانم وازیان لێ بێنم، لەوانە کاک عومەری چەلۆ، وتم کێشە نابێت لەگەڵ هەردوو تیپەکە کاربکە، وتی با بزانم، ئیتر ئەوە بوو هات و بەشداریکرد لەگەڵمان و بووە ئەندامێکی چالاک، هەروەها هونەرمەند خەلیل عبدالله وەک کۆرس لەگەڵمان بەشدار بوو، وە ئێستا یەکێکە لە هونەرمەندە بە تواناکان لە زۆربەی ئامێرەکان: نای.تار. سەتار وساز، بە توانایە، بیرم دێت سازێکی بە دەستەوە بوو، هاتبوو بۆفێربوون، شتێکی خۆش: هەر من ئەو ساڵە لێژنەی هەڵسەنگاندنی کارە هونەرییەکان بووم، ئەبوایە بچوومایە بۆ بینینی کارە هونەرییەکان، شەوێک بوو تیپێک ئاوا سێ چوار کەس ئەبوون، لە مزگەوتێکدا تەمرینیان ئەکرد، چووم بۆ سەیری کارەکانیان زیاتر مۆرکی سوونەتی بوون.

دوایش یەکێکیان هات کارەکەی ئێمەی بینی وتی ئاوازێکی زۆر(مەحزونە) کەواتە بەهۆی چالاکی بەردەوامی ئێمەوە چەندین کەسی دڵسۆز ئەهاتن و بەشدار ئەبوون لەگەڵمان، بەرهەمەکان بەم شێوەیە بوون:

١. کۆڕاڵی (هۆ خەڵکینە) هۆنراوەی ئازاد تۆفیق و دڵشاد عومەرکاکی، ئاوازی: ئازاد ساڵح، وتنی کۆرس و هۆشیار حەمە فەرەج و ئازادە ڕەش

٢. (شەوەن خەڵوەتەن) هۆنراوەی مەولەوی و فۆلکلۆر، ئاوازی ئازاد ساڵح، وتنی ئازادە ڕەش.

Institut Kurde de Paris





Institut Kurde de Paris

هەر هەمان ساڵ (١٩٩٤) واتە نزیکەی مانگی پێنج بوو، ئەندامانی تیپ بەتایبەت هۆشیار و ئاراس و عەزیز و مەحمود، وتیان کاک ئازاد با چەند گۆرانییەکی تر تۆماربکەین، ئەو کاتانە هۆشیار یەک دوو ئاوازی دانا بوو لەوانە یەکێکیان گۆرانی (کاڵێ بار مەکە) بوو لە بازاڕ بۆی وتم، منیش وتم ئاوازێکی چاکە، لێم وەرگرت و لە دائیرە بە پیاسە کردن و بە دەم خەیاڵ، کەمانەکەم پێ بوو، وردە وردە ئاوازەکەم چاک کردوو پێشەکیم بۆ دانا، پاشان ئاوازێکی تری هەبوو (لێم گەڕێن) ئەمەش لە ماڵەوە شەوێکیان ئاراس هات بە خۆی و سەنتورەکەیەوە ...

دوای ئەوە کاتی خۆی لە ڕادیۆی کوردی بەغدا گۆرانی بە لەنجەم گوێ لێبوو، زۆرم بە دڵ بوو ئەمویست دەستکاری بکەم و لەگەڵ خۆم ئەمگووتەوە لە بازاڕی سلێمانی بیرم دێت لە شەقامی مەولەوی ئەپەڕیمەوە بەشێکم بۆ زیاد کرد (ئەرێ

شاگولّی گولّشەن ئازیز لیمۆ دیارە/ ئەرێ دەستم نایگاتی، ئازیز دڵم غەمبارە) دوای ئەوەش ئاوازێک و هۆنراوەیەکی مامۆستای ڕەوان شاد بەختیار عەبدوڵام لە یاد بوو کە سااڵنی حەفتاکان بۆی وتبووم و هەندێ مۆزیک و بەرزبوونەوەم بۆ دانا و دام بە نەجم محەمەد بەناوی (گۆرانی ئەم گوێ چەمە ..هۆ جەمەیە هۆ جەمە)، نزیکەی مانگی شەش بوو کە لە ستۆدیۆکەی سەفین خەراجیانی بە هاوکاری کاک زانای مەحمود هە ژار و هێرش عبدالرحمن تۆمارمان کرد، لە پێشدا لە دەربەندیخان وێنەمان گرت، بەڵام نازانم بۆ بڵاو نەکرایەوە؟ دوایی کاک بەکر فەرج لە هۆڵی ڕوشنبیری سلێمانی وێنەی بۆ گرتین بەڵام گۆرانی(لێم گەڕێن)مان وێنە نەگرت، هەر بە دەنگ بڵاوبووەوە، دوایی لە بەرنامەکانی سااڵنی دواتر وێنەمان گرتەوە و ناوبانگی باشی هەبوو، گۆرانی کاڵێ بارمەکە و لێم گەڕێن لە چەندین بۆنەدا دووبارەمان کردۆتەوە و تا ئێستاش تام و بۆی خۆی هەیە و چەندین هونەرمەندی تر لە ئێران و عێراق وتویانەتەوە.


بەرهەمەکان بەم شێوەیە بوون :

١.گۆرانی (لێم گەڕێن) هۆنراوەی فۆلکلۆر، ئامادەکردنی مۆزیک: ئازاد سااڵح

٢.(گۆرانی (بەلەنجەگیان)هۆنراوەی فۆلکلۆر: ئاوازی فۆلکلۆر+ئازاد سااڵح، وتنی: ئازادە ڕەش

٣.گۆرانی (کاڵی بارمەکە) هۆنراوەی فۆلکلۆر، ئامادە کردنی مۆزیک ئازاد سااڵح + زانا مەحمود هەژار، وتنی : هۆشیار حەمە فەرەج

٤.گۆرانی (گوێ چەم)هۆنراوەو ئاوازی :بەختیار عبدالله +ئازاد سااڵح، وتنی: نەجم محەمەد.



Institut kurde de Paris

چۆن لە بینای دەبۆکەی سلێمانی لە شەقامی مەولەوی نیشتەجێ بووین؟

جاری وا هەیە بە پێی تێپەڕبوونی کات شتەکان لە بیر دەچنەوە و یادەکان پاش وپێشدەکەون، هێندەی لە بیرم بێت بینای دەبۆکە لە سالانی هەشتاکان دروست کراوەو چەند دوکان و بازاڕی تێدا دروست کرا، کە سالانی چلەکان و پەنجاکان ناوجەرگەی شاری سلێمانی بووە و هەرچی کڕین و فرۆشتن و هاتووچۆی خەڵکانی گوندنشین لەوێ بووە و دارچنارو بارەداری تێدا فرۆشراوە و بۆ خانوو و دووکانی ئەوکاتە بەکارهاتووەو وێنەکانی بەر دەرکی سەرا شاهیدن، بە هەرحاڵ ، لەپاڵ ئەو دوکان و بازاڕە و چەند قاتی ئەوبینایە گەلەرییەک بۆ پێشانگای وێنە بەکار هاتووە، من یەکەم جار سالی (١٩٨٥) بوو سەربازی هەڵاتوو بووم، مامۆستا حەمە فەرەج کە هەندێ هەڵکۆڵینی لە دار دروست کردبوو، پاش ڕاپەڕین ئەم شوێنە، قاتی سەرەوەی پشتگوێ خرابوو بەشێکی کرابوو بە بارەگای تەلەفزیۆنی پارتی لە سلێمانی و کەمال ڕەئوف هەنجیرە، کە دەرچووی بەشی شانۆ بوو بەڕێوەبەری بوو، پێش ئێمە عەبدوڵای حەمە لاو بەگ ژوورێکی وەرگرتبوو، جار جار دەچووم بۆ سەیری پرۆژەکانیان، ڕۆژێکیان چووم ڕێبوار نوری شانۆگەرییەکی دەرئەهێنا، زستان بوو، بیرم دێت چیرۆکنووس حەمە فەریق حەسەن لەوێ بوو، دواتر مانگی چواری (١٩٩٤) بوو، عەبدوڵا وتی بۆ ژوورێک ناگرن بۆ خۆتان، چووم سەیرم کرد دوور لە ڕووتان هەمووی پیسایی بوو بێ ئاو، بێ کارەبا ، وتم هەرچۆنێک بێت باشە، مادام ناوجەرگەی بازاڕە، لەگەڵ عەبدوڵا دووقۆڵی چووین بۆ لای م. کەمال لە قاتی سەرەوە بوو، بۆم باسم کرد، بێ گفتوگۆ یەکسەر ڕەزامەندی دەربڕی، تا ئەو کاتە کەس ئاگای لێ نەبوو، دوای دە ڕۆژێک لە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٤/١٤ هەمان ساڵ بە ئەندامەکانم وت ئەو کات: ئاراس، مەحمود، ئازادە ڕەش، فرود ، هەموو پێیان باش بوو، ئیتر چەند خشتێکمان کڕی و من بووم بە وەستا و ئەوانیش کرێکار، ئاو نەبوو بە ئاوی باراناو گەچمان ئەگرتەوە، دیوارێکی خوارو خێچم دروست کرد، دوایش هۆشیار موبەڕیدەیەکی لای خێر خوازێک پەیدا کرد.. بۆ مێژوو ئەڵێم من زۆر دڵخۆش بووم بەو دەسکەوتە.


Institut Kurde de Paris

پۆژێک لەسەر کورسییەکی پەش بووم، خەریکی چاک کردنی کارەباکە بووم، لای ژووورەکە، دوایی بوو بە ژووری مەلا یاسین، ئەندامێک هات و وتی ئەوە خەریکی چیت ؟ وتم کارەبا چاک ئەکەم ، وتی ئاخر بینای شارەوانییە و ناهێڵن دوای چەند هەفتەیەک دەرمان ئەکەن، منیش یەکسەر وتم گەر یارمەتیمان نادەیت ساردم مەکەرەوە، کە پۆشت، هاتمە خوارەوە لەسەر کورسییەکە و تێڕامام وتم کەسێکی دووربینە، کێ ئەڵێت ڕاست ناکات، دوایی بیرم کردەوە و لە ڕاو و ڕوت و تاڵان کردنی دام و دەزگاکان، بیرم کردەوە لە کاتی ڕاپەڕین، وتم ئەمە وڵاتی قە زاو قەدەرە، گوێم نەدایە ودوایی ئەوە، بیرم کردەوە دیکۆرێکی بۆ بکەین، ساڵی حەفتاکان م. حەمە فەرەج لە شانۆگەری (بە زۆر کراوە بە دکتۆر) بە تەبەقی هێلکە هەندێ دیکۆری جوانی ڕەنگاو ڕەنگی دروووست کردبوو، هەرزانیش بوو، بەڵام عەمەلی نەبوو چونکە کە مرۆڤ پاڵی بدایە بەدیوارەکانەوە پان دەبۆوە، ئیتر مەحمودو ئاراس هەموویانم نارده ژێر پردەکە و تەبەقە هێلکەیان بە خاسە ڕەنگ لە تەشتێکدا بە ئاوی باراناو ڕەنگ ئەکرد ....دواییش وەک بلۆک دەمان خستە بەرخۆرو منیش بە بزماری کەوش، ئیتر من وەستاو ئەوان شاگرد، سەقف و دیوارو دەرگام بە تەبەقە هێلکەی ڕەنگاو ڕەنگ داپۆشی، بیرم نەچێت لەو کاتەدا شێوەکارێک کاک خەسرەو ئەیویست شوێنێک دابین بکات بۆ خۆی، هاتە لای من وتی ئەوە چی ئەکەیت؟ ئەم ژووڕەم بۆ تیپی مۆسیقا ئەوێت، هەندێ بۆڵە بۆڵی کرد وایی قەناعەتی کرد و من گوێم نەدایە، ئاوا ئەو بینایەی دەبۆیەم بەدەست هێنا، دوایی ئەوە چەندین گۆڕانکاریمان تێدا کرد بە هاوکاری هاوڕێیان، چیرۆکی دەبۆکە دریژەی هەیە بۆ ئەوەی ڕاستییەکان وەک هەبووە باس بکەم کە ئێستا ساڵی (٢٠٢٢)ە هەر هەمان شوێن بۆتە جێگا وشوێنی خەو و وانە وتنەوەو کاری هونەری کە زۆر کەس سوودمەندە لێی کە ڕەنجی فەرهادم تێدا داوەو لە ژووریکی بچوکدا خزاوم کە هیچ مەرجی تەندروستی تێدا نییە .

Institut kurde de Paris

هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ و لەدەستدانی فیزەی ئەڵمانیا

لە هەمان ساڵ بە هۆی ڕەوانشاد کاک عوسمان عەبدوڵا کە لە شاری (بریمن) لە ئە ڵمانیا ئەژیا، ڕێکخراوی کوردانی هانۆڤەر داوەت نامەیەکیان بۆ کردین بۆ ئەوەی بڕۆین بۆ شاری هانۆڤەر لە مانگی نۆی ساڵی (١٩٩٤) بەڵام ئەو ساڵە شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسا و ولاتی ئەڵمانیا ڤیزەی نەداینێ، بۆ ئەوەی ئەو سەفەرە بکەین هەر چەندە چەندین نوێنەرمان دی، لەوانە کاک بەرزان ناوێک، کاک فەرەیدوون قازی، لە سلێمانی لای بازاڕی عەسری بەرامبەر چایخانەی شەعب یەکترمان دی، وتی من پانتۆلێکی ڕەش و تیشێرتێکی سەوزم لەبەرە، منیش وتم پانتۆلێکی قاوەیی و کراسێکی بێجیم لەبەرە، ئەوکاتە مۆبایل نەبوو بە ناونیشانی جلەکانمان یەکترمان ناسییەوە .


کۆمیتەی کوردەکانی هانۆڤەر
Kurden Komitee Hannover e.V.
Postfach 210504
30605 Hannover
Germany

Institut kurde de Paris

سالّی ١٩٩٥ و چوونی ئەندامانمان بۆ هەندەران

ئەتوانم بڵێم ئەمساڵە ساڵی نەهامەتی بوو، شەڕی ناوخۆو کۆچکردنی زۆربەی لاوانی کوردستان بۆ هەندەران و ئەم نەهامەتییە ئێمەشی گرتەوە زۆربەی کەسە چالاکەکان بەرەو هەندەران کۆچیان کرد، لە تیپی ئێمە هۆشیار حەمە فەرەج، شوان عەلی مەجیلان ، ئاراس شێخ جەمال ، مەحمود ئەحمەد عەبدوالڕەحمان، لە تیپی نواندنیش عەبدوڵای حەمە لاو بەگ، ڕێبوار نوری خەیات چوونە هەندەران، کە هەموو لە ساڵانی ١٩٩٤ و١٩٩٥ بوو، من زۆر نائومێد بووم ئەندامانی تریش وەک فرود شێخ جەمال دووورکەوتەوە و لە ڕێکخراوێکی فەرەنسی دامەزرا لە سلێمانی، ئیتر یەک دوو کەس ماینەوە پێش ئەوەی هۆشیار بڕوات، وتی ئەمەوێت پێش ئەوەی سەفەر بکەم گۆرانییەک تۆمار بکەم، شیعرێکی لە نەجم هۆگر وەرگرتبوو بە ناوی کۆچ، دوو بە دوو لە چایخانەکەی شێخ جافر بەرامبەر بەر دەرکی سەرا دانیشتبووین چامان ئەخواردەوە، وتی ئەم ئاوازەم بۆ ئەم شیعرە داناوە، بۆی وتم ، وتی ڕات چۆنە ؟ وتم چاکە.

لەبەر قەرەباڵغی بە سووکی بۆی وتم ..وتی چی لێبکەین؟ وتم هەڵسە با بڕۆین بۆ تیپ، دوایی کەمێک دووبارەی کردەوە بۆم، لە تیپ و منیش کەمانەکەم هێنا لە هۆڵێکی زۆر گەرم دانیشتبووین، منیش بە پێنج شەش خولەکێک پێشەکییەکم بۆ داناو ئاوازو شیعرەکەمان گونجاند، بۆ سبەی کاک کەمالی حاجی سەعیدمان بانگ کردو کاک زانای مەحمود هەژاریش لەگەڵ سەباحی سەنتوور و هەروەها گەنجێکی تازە هاتە لامان کاک فوئاد کەریم برای ئازادە ڕەش و ئەویش بەشداربوو لەگەڵمان و ئەو گۆرانییەمان بۆ تۆمارکرد، پێش ئەوەی بڕوات بۆ هەندەران، بەڵام هەر بەدەنگ تۆمارمان کردو فریای وێنەگرتن نەکەوت، دوایی لە ئەوروپا لە کەنالّی (مید تیڤی) وتیەوە .

ئیتر دوایی هەوڵمدا ئەو بۆشاییانە پڕ بکەمەوە لە تیپ و چەند ئەندامێکی تازەی تر هاتن وەک کاک سەلام ڕەشید کە ئەویش چەند ئاوازێکی داناە، هەروەها توانا جەمالیش هات و دوایش دیاری مەردۆخی، بە ڕاستی ئەوساڵە ناهەموار بوو لە گرانی و قات و قڕی و شەڕی ناوخۆ.

Institut Kurde de Paris

ژنێک باران لێبیدەدا، سەرنجی راکێشام

هەر ئەوساڵە یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان وەڵامیان بۆ ناردم کە لە مانگی (٩) ڤیستڤالێک هەیە ئەبێت بەشداری بکەن لەگەڵ تیپەکانی کوردستان لە هەموو شارێکەوە هاتبوون، منیش بەو هاوینە بەو گەرمایە بەو بێدەرامەتیە و گیرفان خاڵی و بەو نیوەڕۆ گەرمانە، مەگەر هەر خۆم بزانم چۆن خەریکی ئاواز دانان و ئامادەکردنی مۆزیک بووم، ژێرم تانییەکی ڕەق بوو، بەو گەرمایە خەریکی گۆرانی ئامادە کردن بووم.

ساڵی نەوەدەکان لە کاتی باران بارین شۆخە ژنێکم دی، باران بوو چەتری دابووە سەری، باران ئەباری، لە دوورەوە شیعریکم بۆ هات (وەی وەی لەو بارانە یار بە بێ تۆ مااڵم وێرانە)دوایی سەڵاحە ڕەشی شاعیرم دی وتم ئەم شیعرەم بۆ تەواوبکە و دوایی تەواوی کرد، کردمە ئاوازێک و دام بە ئازادە ڕەش، نەجم محەمەدیش میلۆدییەکی هەورامی بۆ هێنام ئەویشم ئامادەکرد، باش بوو چەندین ئەندامی تر پەیوەندییان پێوە کردین، لەوانە کاک سەلام ڕەشید کە بۆ چەند ساڵێک ئەندامێکی چالاکبوو، دوای ئەوە کاکە ئاراسی حەمەی سابیر هاتەوە کە ئە ندامێکی دێرین بوو، ئاراس و مەحمود تا ئەو کاتەی لێرە بوون زۆر کارا بوون، بە هەر حاڵ توانیمان لە ڕێکەوتی ١ تا ٥ی /١٩٩٥بە دوو بەرهەم بە شداری بکەین و لە مانگی (١٠) هەمان ساڵ بە دەنگ، مامۆستا ئەنوەرقەرەداغی لە ستۆدیوی تیپی مۆسیقای سلێمانی بۆی تۆمارکردین و دواییش ڕەزامەندیمان وەرگرت بۆ وێنەگرتنی لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان خودی ماموستا ئەنوەر وێنەی بۆ گرتین لە سەرچنار و لە سەرەتای ساڵی (١٩٩٦) ئەو ئاوازانە لێدران، کارەکە هێندە جوان بوو بەس بۆ یەک شەو لێدرا، ئیتر نازانم لە تەلەفزیۆن هەمووی ون بوو نازانم سوتاندیان یان چی لێهات؟ تا لە ساڵی (٢٠٢٠) لە ستۆدیۆکەی کاک عومەری چەلۆ جارێکی تر گۆرانی (بارانە)مان تۆمار کردەوە و کاک وریا حەمە کەریم بۆی کلیپ کردین لە نزیک خورماڵ، لەو کارەدا کاک مەلا بەختیار ڕێزلێنانی بۆ کردم لە ڕێکەوتی ٥ی ٩ی ١٩٩٥.


Institut Kurde de Paris

هەر لەو ساڵەدا بوو کاکە نیازی سەنتوور لە تیپی مەولەوییەوە هات بۆ لامان، من بە هەموو شێوەیەک هانمدا کە تواناکانی سەربخەم و هەر واش بوو، هەر بە هەوڵ و زیرەکی و تێکۆشانی خۆی، بووە ئەو هونەرمەندە بە توانایە کە مێژوو شاهیدە چۆن بووم لەگەڵیان.





Institut Kurde de Paris



هەریمی کوردستانی عیراق

بەڕێوەبەرایەتی وەزیران
وەزارەتی ڕۆشنبیری
بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری سلێمانی

ژمارە/ ٢٠
بەروار/ ١٩٩٥/١١/٨

٩٤٠

بۆ/ گێڵە گۆرانبێژەکانی ئەفسەرخانە

بەڕێوەبەرایەتیەکەمان هەوڵ دەدات بۆ ئەمساڵ وەزارەتی خۆی ئاهەنگی هونەری بۆ بەڕێوە ببات، بۆیە پێویستمان بە بەشداری هەموو گۆرانبێژەکانی ئێوە هەیە لە (شەوی) گۆرانی نیشتمانی و ئەو گۆرانیانەی کە لەسەر کاسێت تۆمارکراون.

١- گۆرانی (ئازیزەکیانت) هۆنراوەی ئەنوەر پاڵ ئاهەنگی ئەنجامدانی ئازاد صالح
٢- گۆرانی (یارانە) ئاوازی ئەنجامدانی ئازاد صالح

بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری سلێمانی
عبدالکریم توفیق

بەشی موزیکا / لیژنەی هەڵسەنگاندن



Archive Kurde de Paris

ساڵی ١٩٩٦ و یادی هەڵەبجە و پێڵاوەکانی سابیر کوردستانی

وەک ساڵانی پێشوو بەشداریمان کرد لە یادی هەڵەبجە بۆ ١٦/ ١٩٩٦/٣ لە باخی گشتی هەڵەبجە، ئەو ساڵە شەڕی ناوخۆ گەرمبوو، هەڵەبجە لە ژێر کۆنترۆڵی پارتی دا بوو. ڕەوانشاد کاک سابیر کوردستانی بەشدار بوو لەگەڵمان و هەروەها چەند مۆزیک زانێکی ترلەوانە مامۆستا سەرکار عیزەت و کاک فەرهاد حەمە ساڵح و لاوک سەڵاح ڕەئوف.

بۆ شەوەکەی لە شوێنێک ماینەوە وەک بەشی ناوخۆیی بوو، بیرم دێت کاک سابیر شەو مەقاماتی جوانی بۆ وتین و بووە هاوڕێی نزیکمان و شتێکی خۆش ڕوویدا، شەو کاک سابیر ئەیویست بچێتە دەرەوە پێڵاوی زۆری لێبوو، مەحمود ئەحمەد چەندین پێڵاوی بۆ دەبرد، مەحمود ئەیویت ئەمەیە؟ کە دەستی بۆ دەبرد ئەیوت نا ئەمە نییە، تا لە کۆتاییدا کە دەستی بۆ تاکێکی تر برد وتی ئا ئا ئەمەیە نازانم بە چیدا دیاری کردبوو.....

بەرهەمەکانی ساڵی ١٩٩٦ لەیادی هەڵەبجە و قەڵادزێ

ئەم بەرهەمانە پێشکەشکران:

١.شۆڕشی هەڵەبجە: هۆنراوەی سەردار مەردان، ئاواز: ئازاد ساڵح، وتنی: زاهیر جلال

٢.ئەم مەڵبەندە کە ئاوازێکی هۆشیار حەمە فەرەج بوو، خۆی لە هەندەران بوو، نەجم محەمەد وتیەوە.

٣.فوئاد محەمەد ساڵح کە بە مامە پیرە ناسرابوو بەشداری کرد بە چەند تابلۆیەکی منالان

لە مانگی چواری هەمان ساڵ چەند برادەرێکی خەڵکی قەڵادزێ داوایان لێ کردین کە بەشدار بین لە یادی ٢٤ /١٩٩٦/٤ کە قەڵادزێ بۆردومان کرا لە ساڵی ١٩٧٤ بە ماوەیەکی کەم چەند ئاوازێکمان دانا و لە ڕێکەوتی ٢٤ ی ٤ لە گۆڕەپانێک پێشکەشمانکرد .

Institut Kurde de Paris

لە دوای نیوەڕۆ:

ئەم بەرهەمانە پێشکەش کران:

١.(سێ فرمێسک)هۆنراوەی حەمید عەبدوڵا ، ئاوازی ئازاد سالّح، وتنی زاهیر جەلال، شیعرەکەی کورت و ماناداربوو بەم شێوەیە بوو:

(قەڵادزی و هەڵەبجە وهێرۆشیما سێ ئەستێرەی یەک ئاسمانی ڕاپەڕینن، سێ فرمێسک سێ هەناسە، سێ لێوی بێ پێکەنین، لە شەستە بارانی پەڵە زەوی وشکن، لەسەنگەری خۆڕاگری و ڕەش پۆشیدا دەستە خوشکن.

بەکورتی ئەمە بوو (قەڵادزێ و هەڵەبجە و هێرۆشیما سێ ئەستێرەی یەک ئاسمانی ڕاپەڕینن)

٢.(بۆ قەڵادزێ)هۆنراوە، ئیبراهیم هەورامانی، ئاوازی سەلام ڕەشید، وتنی: لوقمان سەلیم

٣.(دایە گیان)هۆنراوەی: سوارە قە لّادزێی، ئاوازی سەلّاح ڕەئوف، وتنی: ئەژدەر وەهبی


٤.(نەوەی قەندیل) هۆنراوەی :بێزار عومەر، ئاوازی سەلام ڕەشید، وتنی: توانا جەمال

٥.(خەزان) هۆنراوەی: ئازاد تۆفیق، ئاوازی عەزیز حەمە کەریم، وتنی: نەجم محەمەد

٦.(شاری شەهید)هۆنراوەی: مەحمود ئەحمەد، ئاوازی: ئازاد سالّح، وتنی ئازادە ڕەش

٧.(شەهید) ئاوازی هۆشیار حەمە فەرەج ، وتنی توانا جەمال

بە داخەوە من هیچ وێنەیەکیم لا نییە تەنها وێنەی دەلیلەکە نەبێت.



Institut Kurde de Paris

یادی هەڵەبجە لەسلێمانی ئەنجامدرا لە ساڵی ١٩٩٧دا

لەم ساڵەدا یادی هەڵەبجە لە سلێمانی کرایەوە، ئێمە و تیپی مۆسیقای سلێمانی و تیپی مۆسیقای مەولەوی بەشداریمان کرد لە ڕۆژی شانزەی سێ، من ویستم ئەم یادە بە شێوازی کۆراڵ و هەروەها نواندن و سەماو جوڵەشی تێدا بێت.

بۆ بەدیهێنانی ئەم بیرۆکەیە، شەوێکیان چووم بۆ ماڵی مامۆستا ئەمین سەپان و ماوەیەکی زۆر گفتوگۆمان کرد، شیعرێکی نووسیبوو، بیرۆکەکەم لاجوان بوو، ئیتر من خۆشم بە پێی هەست و خەیاڵی خۆم دەستکاری شیعرەکەم کرد، ئەوەی بۆ ئاواز دانان ئەگونجا گونجاندم و ڕۆژانە و شەوانە بیرۆکەی جوانترم بۆ دەهات، بۆ ئەم مەبەستەش من و کاک عادل پێکەوە چووین بۆ ئامادەیی پیشەسازی کوڕان و کچان زیاتر لە ٣٠ کوڕو کچمان هێنا.

هەرچەندە دەنگیان زۆر باش نەبوو، بەڵام هەر ئەوە هەبوو، ناچار ڕۆژانە من و عادل پرۆڤەمان پێئەکردن، زۆر لە ئەندامی مۆزیک ژەنمان کۆکردەوە لە ناوەوە و دەرەوەی تیپی شنرۆێ، چەند ئەکتەرێکمان هێنا، لەوانە مامۆستا جەلال عوسمان، کردمانە دەرهێنەر و حیکایەت خوان، بیرۆکەی من ئەوەبوو هەرچی شاعیر و هونەرمەندی ناوچەی هەڵەبجە هەیە، کەسایەتی خۆی بدەینێ، هەر شاعیرێک چەند کۆپلەیەکم لە شیعرەکانی دەکردە ئاواز و لەگەڵ جل و بەرگی ئەو سەردەمە بەڕەوتێکی میژوویی هێنامن و لە کۆنەوە: وەلی دێوانە، کە دلێر ئەحمەد و کچێک کە جلی سپی بالیەی لەبەربوو، بە ڕەزمی ڤالس، سەمایان ئەکرد لەگەڵ پارچە مۆزیکەکە.

بۆیە ئەمەوێت بە وردی باسی بکەم، چونکە ئەو ڤیدیۆیە نەماوە، تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان ئەم وێنانەی گرت، یەکێک بوو لەشاکاری ئاواز و کارە هونەریەکانم کە زیاتر لە یەک کاتژمێر پتر دەبوو ..

وە هۆنراوەی سەرەتا ئاوا دەستی پێدەکرد:

(هەستنە سەرپێ سالّی جارێ پێنج هەزار ڕۆح دێنە خوارێ
هەستنە سەر پێ سالّی جارێ پێنج هەزار ئەستێرە ئەکشێ و دا ئەبارێ
سالّی جارێ دار عەساکەی موسای گەورە دەست بەکارە

Institut Kurde de Paris

هەزاران ڕۆح دێنێتەوە بەر ئەم شارە
پێنج هەزار گوڵاڵە سوورەی دەشتی شارەزوور ئەژێتەوە.
وە ئەم دوو دێڕە خۆم نووسیم:
(پێنج هەزار گوڵە نێرگزی گوێ چەمی زەڵم ئەڕوێتەوە)
شاعیر ئەمین سەبان بەردەوام دەبێت و دەڵێ:
سااڵی جارێ دەهەزار پێڕەوگەی شارم چاوەڕێی هەستانەسەر پێن، تاڵێ پەتن، چاوەڕوانی کافرمانی ئەحمەد بەگن، هاوار بکات، هەستنە سەرپێ بۆ کارێزی حاجی ناجی بکەونەڕێ.
*عادل و (نیگار عەلی خەیات) کە فلوت ژەن بوو کچەزای فازیلی خەیاتی هەڵەبجەیی بوو، ئەم بەیتەیان بە سۆلۆ وت:
مەبەست لەم بەیتە ئەوەیە کاتی خۆی کە هەر منااڵێک درەنگ پێی بگرتایە ئەحمەدبەگ مەبەستی ئەحمەد بەگی سۆسەنە، باوکی دکتۆر فوئاد بابان، هەردوو قاچی منااڵەکەی بەستۆتەوە، نازانم دوعای خوێندووە بۆی، دوایی بەکافرمان واتە چەقۆ ئەوانەی کەبەدەست هەورامییەکان دروستی ئەکەن پەتەکەی پچڕاندووە و منااڵەکە هەستاوە و ڕایکردوە، چووە بۆ کارێزی حاجی ناجی کە جاران لە سەرووی هەڵەبجە بوو لای شە هیدان*
لە کەسایەتی وەلی دێوانەدا کاک ئازادە ڕەشۆ هۆرەی جافی ئەکرد.
پاشان کەسایەتی نالی شاعیر کە فوئاد حەمە صاڵح ڕۆڵی دەبینی، من پێش عەدنان کەریم ئاوازم بۆ ئەم بەیتەی نالی دانا، بەاڵم بە شێوازێکی تر و بە هەستی خۆم کە هۆنراوەکە دەاڵێت:
قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور
ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوو
لوقمان سەلیم دوای ڕۆڵی نالی شیعرێکی شێرکۆ بێکەسی کە بۆ نالی نووسیوە بە مەقام گوتیەوە و هەموو هوڵەکەی هەژاند.
پاشان کەسایەتی مەولەوی کە شێرکۆ حەمە سەعید ڕولی دەبینی.
کە ئاوازێکی سۆفی ئامێزم بۆ دانا، (مەروان حەمە خورشید) ئەیگوت و دوایی چوو لە ڕادیۆی یەکگرتووی ئیسلامی، بەبێ پرسی من تۆماری کرد.
ڕۆڵی شەم کچێک بوو بە ناوی سەمیرە.

Institut kurde de Paris

پۆلّی ئەحمەد موختار جاف کاک تاهیر عەبدولّا دەیبینی، کە هەر لە خۆی دەچوو بەو کلّاو و مشکیەوە، ئەم شیعرەی ئەحمەد موختار جافم هەلّبژاردبوو:

لە خەو هەلّسن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە
هەموو تاریخی عالەم شاهیدی فەزلّ و هونەرتانە

تەنانەت کاک توانا جەمال ئەم ئاوازەی ئەوتەوە کە باس لە کوشتنەکەی ئەحمەد موختار ئەکات:

لە کەناری سیروانەوە
پاشان مامۆستا ئازاد حەمە خوشید پۆلّی (گۆران)ی ئەبینی.

ئەرجومەند هەورامی لەگەلّ کچێک بە شیعرەکەی گۆران کە بریتی بوو لە گەشتی هەورامان، دەلّێ:

سەرچاوەی ئاوێک کەلّەکێک لەسەر
ژنێ تێی ئەچێ ژنێ دێتە دەر
ئەمەش لە دێدا کانی ژنانە
قیبلەی دلّداری هەرزەکارانە

لەگەلّیدا سیاچەمانەی ئەوت ودلّداری لەگەلّ یەکێک لەکچەکانی سەرکانی دەکرد، کە بە گۆزەوە هاتبوونە سەرکانی، ئەرجومەند وا چاوی تێ بڕیبوو وات ئەزانی ڕاستییە، ئەو هۆلّە هەمووی دایانە قاقای پێکەنین ..

پاشان پۆلّی مینەی لولک ژەن، مەریوان عەلی بوو کە بەعارەبانەیەکەوە هاتە سەر شانۆ و ئەم شیعرەی ع.ع. شە ونمم بۆ کردبووە ئاواز کە کاتی خۆی بۆی نووسیوە و مامۆستا ئەمین سەپان بۆ منی وت:

ئادەی مینەی لولک ژەن
شمشالّێکی زۆر پەسەن
هەستی پەستی تەماوی
ئاوازێک بێ نەوایی

ڕووناکی کارەکە کاک ئیبراهیم ئەحمەد وئارایشت م.شیرکۆ محەمەد سەعید بوو.

ئەوە جێگای وتنە ئەم کارە نزیکەی شەست کەس بەشدار بوون تیایدا .

Institut Kurde de Paris



بەرکەکانی فیستڤالی رۆژی ٨/١٦ ی ١٩٩٧
کردنەوەی پیشانگای پوستەری سیاسی لە هۆڵی پۆشنبیری

تیپی مۆسیقای شنرۆق
کۆرالێک و چەند تابلۆیەک

(هەڵەبجەو سەشق - هەڵەبجەو ژام)
هەڵەبجەو خەم

پیرۆکەو سیناریۆ / نازاد صاخ
هۆنراوەی / مامۆستا امین سەبان
ئاوازی / نازاد صاخ
دەرهێنانی / جلال عوسمان علی

گۆرانی بێژەکان
١- لقمان سلیم / مەقام
٢- شازاد کریم / هۆزە
٣- عادل - نیگار / صولو
٤- حیوان حمە خورشید / مناجات
٥- ئەرجومەند / سیاچەمان
٦- ترانا جمال / صول

ئەکتەرەکان
١- جلال عوسمان / حیکایەت خوان
٢- فرهاد حمە صاخ / نالی
٣- دلێر احمد / وەلی دێوانە
٤- سەمیرە / شەم
٥- شێرکۆ محمد سعید
٦- طاهر عبدالله امین / احمد مختار جاف
٧- نازاد حمە خورشید / تینەی لرلەکی ژن
٨- کامران احمد / قەڵەزان

بەند خوێنکەیەک

دیکۆرو اکسوار / شێرکۆ رووف
ڕووناکی ..... ابراهیم احمد

لێژنەی ڕاگەیاندن

١- علی احمد جۆلا
٢- عمار قەدری
٣- عوسمان محمد قادر
٤- زاهیر صادق
٥- ئاکۆ غریب
٦- نیاز عزیز
٧- سەردار خلیل

لەگەڵ بەڕێزان بوێەرانی کۆمەڵ وتیپە بەشدارپووەکان

لێژنەی داڕێژەر

١- عەبدولی حمە جوان
٢- ئەحوەر قەرەداغی
٣- صلاح عەرەج
٤- هێرشیار احمد
٥- ڤیان کمال

Institut Kurde de Paris



تۆمارکردنی چەند بەرهەمێک لەژێرزەمینەکەی مالّی ئەنوەر قەرەداخی

لـە یادەوەریمـدا هـەنـدێ شـتم لـە بیـر چوبـوو کـە لام گـرنگن بۆیـە لێـرەدا ئەینووسمەوە:

ئەوەی شایانی باسە لە سـالّی (١٩٩٦) هەندێ ئەندامی تر پەیوەندیان کرد بە تیپی شنرۆیۆوە بـە هـۆی نیـاز مـحەمەد کـە سـەنتور ژەنـی تیپەکە بـوو، لەوانە دانـا ئەبوبەکر و توانای برای ، دانا سازژەن بوو تواناش نـای ئێرانـی، کە پـورزای نیـاز بـوون، هـەروەها کـاک ئەکرەم حەمە ڕەشید وەک گۆرانی بێژ و کـاک مـارف کە زەڕبی دەژەنی، هەروەها کاک ڕەحیم بۆ ئامێری کەمان، م.گۆران ئامێری فلووت.

لە زستانی (١٩٩٦) هەردوو بەڕێزان هۆشیار حەمە فـەرەج و عبداللـەی حەمـە لاو بـەگ لـە هـەنـدەران گەڕابـوونەوە، هاوکارمـان بـوون بـۆ تۆمـارکردنی چەنـد گۆرانییەک لە ژێر زەمینەکـەی مـالّی مامۆستا ئەنـوەر قەرەداغی، بە شـەو چەند گۆرانییەکمـان تۆمـارکرد و زسـتانێکی سـارد بـوو، بـەفریش ئـەباری، کارەبـاش نەبوو، جاری وا هەبوو سێ چوار سـەعات چاوەڕێمان دەکرد تا کارەبا ئەهـاتەوە، عەبدولّای حەمە لاو بەگیش کە هونەرمەندی نواندن بـوو، دەستکاری ئـاوازێکی فۆلکلۆری کردبوو بە ناوی(نایە)مـن بـۆم ئامـادە کـرد، هۆشـیار کە لە تورکیـا بـوو لەگەڵ شاعیر ئیسـماعیل خورمـالّی ئـاوازێکی دانـابوو بە نـاوی (سـەفەر) مـن بـۆم ئامـادەکرد و زۆر لەگـەڵی ماندووبووم، شـەوی وا هـەبوو تـا کـاتژمێر سـێی نیـوە شـەو لەبـەر چرا دادەنیشتم تا خەیاڵم بۆ پێشەکی مۆسیقاکەی ئەچوو، کاک سـەلام ڕەشیدیش ئاوازێکی بۆ لوقمان سەلیم دانا بوو بـە نـاوی (ئەمشـەو زەمـەن) چەند جارێک هەوڵیان دا بە جوانی بۆیان تۆمارنەکرا، شـەوێکیان سـەلامم بـردەوە مـالّی خۆمان و پێکەوە نۆتەکەمان نووسییەوە، من دابەش کردنێکم بۆ کرد و ئـەوە بـوو بووە هۆی بەناوبانگ بوونی لوقمان سەلیم و بەو ئاوازە ناوی دەرکرد. هـەروەهـا من یەک دوو گۆرانی فۆلکلۆریم بۆ کاک ئازادە ڕەش ئامادە کرد و بۆ یەکـەم جـار ئاوازێکم بۆ تارا ڕەسوولّ دانـا و گۆرانییەکیشـم بـۆ نەجـم مـحەمـەد ئامـادە کـرد و هەموویمان لای مامۆستا ئەنوەر تۆمارکرد و هەروەها بـۆ یەکـەمجار هونەرمەند خەلیل عبدالله بەشدار بوو لەگـەڵمان بە ئـامێری شمشـاڵ و کـارزان مـەحمـود ئـەو کاتـە منـاڵ بـوو دەف و زەڕبێکی باشـی دەژەند و دەسـتی دایە ئـامێری سـەتار و سـەلام ڕەشـید سـۆلۆیەکی دایە و دوایـی توانـای کـارزان دەرکـەوت و بـووە

Institut Kurde de Paris

هونەرمەندێکی بە توانا، دوو گۆرانیمان بۆ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان تۆمار کرد لەوانە گۆرانی (سەفەر) بۆ هۆشیار و گۆرانی(نایە) بۆ عبدالله حەمەلاو. ئەوانی تر لە ساڵی (١٩٩٧) لە کۆشکی میر مامۆستا ئەنوەر بەرنامەیەکی بۆ تۆمارکردین.

بە بۆنەی جەژنی ڕەمەزانەوە لە کۆشکی میر، نزیک چێشتخانەی شکار لەسلێمانی و ئەو بەرنامەیە دەنگی دایەوە و بیرم دێت بینەران داوایان کردەوە، دوو شەوی جەژن پەخشکرا لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان و وێنەکان کاتی پرۆڤەیە لە تیپ و ماڵی مامۆستا ئەنوەر.

هەر لەو ساڵەدا لە هاوینەکەی دوو گۆرانیمان بۆ ئەکرەم حەمە ڕەشید و کاک ئازادە ڕەش تۆمار کرد بەم شیوەیە :

١. گۆرانی (ماڵی چۆڵم)لە ئاوازی کۆن، ئامادەکردنی ئازاد سالح، وتنی ئەکرەم حەمە ڕەشید

٢.گۆرانی (گوڵزاری ژیان) ئاوازو ئامادەکردن: سەلام ڕەشید، وتنی ئازادە ڕەش

لە ماڵی مامۆستا ئەنوەر تۆمارمان کردن بەڵام بۆ تەلەفزیۆن وێنە نەگیران.



Institut Kurde de Paris



نازاد سالح . هۆشیار حەمە فەرەج . سەلام ڕەشید. لەکاتی پرۆژە

institut kurde de

ساڵی ١٩٩٨ ـ وایزانی سەید عەلی ئەسغەر زیندووبۆتەوە

ڕەمەزانی ساڵی (١٩٩٨) بوو، مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی پێی ڕاگەیاندم و گوتی ئەمانەوێت بەرنامەیەک تۆماربکەن بە بۆنەی جەژنی ڕەمەزانەوە، وتی بەوگۆرانییژ و کەسایەتییە هونەرییانەی ناوچەی هەڵەبجە و هەورامان بڵێ و کۆیان بکەرەوە، منیش هەروام کرد و چووم بۆ لای کاک عومەری خەزان لە دوکانی دارتاشییەکەی لە گەڕەکی مامۆستایان لە سلێمانی، خەریکی دروست کردنی ژووری نان خواردن بوو بە داری گوێز، کاک عومەر وەستایەکی دەستڕەنگین بوو تابڵێی بە سەلیقە بوو، جگە لە دەنگ خۆشیەکەی، بۆ ڕۆژی دوایی دوای نیوەڕۆ هات بۆ تیپ و چەند ئەندامێکی لێبوو شارەزاییەکی تەواوی

هەبوو لە مەقامی هەمایۆن دەستی خستە بن گوێ و مەقامی هەمایۆنی چڕی بە هەموو پەردەکانیەوە، بەڕاستی هەموومان گیانمان موچڕکەی پێدا ئەهات و ئەو هۆڵە گەورە دەنگی ئەدایەوە خەلیل عەبدولاّ شمشاڵەکەی داناو هاواری کرد وتی ئای باوکە ڕۆ لەو دەنگە وا ئەزانم سەید عەلی ئەسغەرە و زیندوو بۆتەوە، دوایی دەستی کرد بە گۆرانی کەتان کەتانە، بەڵام لە کاتی بەستەکاندا لە ئیقاع دەرئەچوو و ئاوتی ئەکرد، دوای ئەوەی لە تەمرین لێ بووینەوە هەندێ گلەیی کرد لە یەکێتی هونەرمەندان و وتی چەند ساڵە من گۆرانی ئەڵیم تا ئێستا موچەیەکیان نەداومەتێ، چونکە ئەو کاتە هەندێ هونەرمەند مانگی دوو سەد دینار موچەی هەبوو، هەندێکی تریش زیاتر لابەلا وەریان ئەگرت.

کاک عوسمان کێمنەیی دەنگی تێکچووبوو، کاک دڵسۆزی کوڕیمان بانگکرد لەباتی باوکی، دواییش پەیوەندیم بە کاک عوسمان کەیمنەیی و کوڕەکانیەوە کرد، کاک عوسمان بە داخەوە لە نەوەدەکانەوە دەنگی تێکچوو بوو زۆر خەفەتی ئەخوارد، بە کاک موختاری کوڕیم وت تۆ گۆرانی بڵێ، وتی تاقەتم نییە گۆرانی بڵیم، ئیتر بۆ یەکەمین جار بە (دڵسۆز)ی کوڕیمان وت، ئەویش ڕەزامەند بوو، چونکە سەرەتای بوو، عارەقی شین و مۆری دەرئەدا، پاشان بە ئەرجومەند هەورامی و هەورامان عزەت و ئیبراهیمی دەفی لای خۆشمان و چەند کەسایەتیەکیشمان بانگ کرد لەوانە مامۆستا ئەمین سەبان و چەند کەسێکی تر، کە چەند بەرهەمێکمان ئامادە کردو هەروەها کاک عومەر زۆر حەزی لە گۆرانی شۆڕی باڵا بەرز ئەکرد لەگەڵ ئەرجومەند هەورامی پێکەوە وتیان.

لە شەوی ١٩٩٨/١/٣١ لە هۆڵی کەلەپوور لە سەهۆڵەکە تۆمارمان کرد، کە پێشکەش کارەکان بریتی بوون لە بەهات حەسیب قە رەداغی و بەناز عومەر، وێنەگرەکە یەک دوو کەس بوون لەوانە هەردی عومەر و ئاکۆعومەر، بۆ شەوی دووهەمی جەژن بۆ ڕەمەزانی ئەو ساڵە پەخشکران.

شەوی یەکەم تیپی مۆسیقای سلێمانی بوو، کە بەرنامەیان بۆ کەریم کابان کە یارجوانەی تێدا گوت و عوسمان عەلی و عبدالقادر حەسەن... هتد.

ئەم ڤیدیۆیانەش یەک جار لێدران لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، دوای چەندین ساڵ مامۆستا ئەنوەر کاری ڕاست بێت لە ئەرشیفی خۆی پاراستبووی و بڵاوی کردەوە لە فەیس بووک.

Institut Kurde de Paris

مۆزیک ژەنەکان لە پاستەوە :

سەلام رەشید، عادل حەسەن، ئازاد سالّح، نیاز محەمەد، عەزیز حەمە کریم، کارزان مەحمود، خەلیل عبدالله، مارف، بەداخەوە ناوی باوکی کاک مارفم لەبیر نەماوە.



Institut kurde de Paris

ساڵی ١٩٩٨ و یادی هەڵەبجە لە هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی

بۆ یادی هەڵەبجەی ئەوساڵە نیاز بوو لە سلێمانی بکرێت لە هۆڵی ڕۆشنبیری، بیرمان لەوە کردەوە کە گروپێک کۆرس بهێنین بۆ ئەنجامدانی ئەم کۆڕاڵە، ڕۆژیکیان من و م.عادل حەسەن چووین بۆ ئامادەیی سۆلاڤی کچان لە ڕزگاری چەند کچێکمان هەڵبژارد بۆ کۆرس، پاشان لە قوتابخانەی ڕووخۆش کە مامۆستا هەڵکەوت لەوێ مامۆستای هونەر بوو وە تیپێکی مۆزیک و کۆرسی دروست کردبوو وەک سروشتی جوانی خۆی زۆر هاوکاری کردین، بیرۆکەی شیعرەکەشم دانا بوو، شەوێکیان لەگەڵ عادل چووینەوە بۆ ماڵی خۆمان و زۆربەی کارەکانمان ڕێکخست و ئامادەمان کرد و من شەوانە لە کاتی پرۆڤە کردن ئاوازو شیعری نوێم بۆ دائەنا، ئیتر وردە وردە کارەکەمان ئەنجام دا و

کۆراڵەکە نزیکی بیست خولەک ئەبوو، لە یادی هەڵەبجەی ئەو ساڵە نمایشمان کرد، کۆراڵیکی جوان بوو.

ئەو گۆرانی بێژانەی بە شداربوون تێدا لەوانە: لوقمان سەلیم، ئەکرەم حەمە رەشید و سیروان لهۆنی، کارێکی کاک سەلام رەشیدیشمان نمایش کرد بە ناوی (بەڕێکەون) . وە بۆ ساڵی (٢٠٠٠) لە ستۆدیۆی حەمکۆڵ لە سەهۆڵەکە تۆمارمان کرد کە کاک عادل حەسەن سەرپەرشتی تۆمار کردنی دەکرد، چونکە من ئامادە نەبووم لەوێ، چونکە سەرقاڵی دەوام بووم بە یەک شەو و ڕۆژ کاک عادل سەرپەرشتی دەکرد و کیبۆردەکە کاک سامان تەها بوو، کە ڕێکی خستوو تۆماری کرد و چەند گۆرانییێژیک لەوانە سواره محەمەد، لوقمان سەلیم، ئازادە ڕەش و مەروان حەمە خورشید، دەریا خالد وچەند کۆرسێکی لە خێزانی هاوڕێمان کاک عومەری چەلۆ، مۆزیک ژەنەکان عادل حەسەن، خەلیل عبدالله، نیاز محەمەد، ئیبراهیم نجم الدین، ئەم بەرهەمانەمان لە ساڵی (٢٠٠٠) تۆمارکرد دوای هەندێ دەستکاری کردن .

م .عادل ڕای وابوو کە گۆرانییەکی فولکلۆری بە ناوی (کوێستانان خاڵ خاڵ) لە سەرەتادا تێهەڵکێش بکەین بە شمشاڵ، کاک خەلیل عەبدولاّ بە هەستێکی جوان شمشاڵەکەی ژەند، لە ناوەڕاستی ئاوازەکەش عادل ئاوازێکی بۆ شیعرێکی شێرکۆ بێکەس دانابوو کە دەڵێت:

چواردەی مانگ بوو لە سەر گۆیژە با قەڵەمەکەی فڕاندم
کە دۆزیمەوە و پێم نووسی پۆل پۆل فڕین وشەکانم
پانزەی مانگ بوو سیروان قەڵەمەکەی بردم
کاتێ گرتمەوە پێم نووسی، بوون بە ماسی شیعرەکانم
پانزەی مانگ بوو کە شارەزوور قەڵەمەکەی لێ وەرگرتم
کاتێ دایمەوە و بنوسم وەک هەڵەبجە وشک ببون پەنجاکانم.

پاش ئەوەی تۆمارمان کرد ساڵی (٢٠٠٠) دابەشمان کرد بەسەر تەلەفزیونەکان و ڕادیۆکان، بەڵام کەس وێنەی بۆ نەگرتین، پاشان کاک عەزیز حەمە کریم بە سەلیقەی خۆی و تێگەیشتن لە ئاواز و هۆنراوەکان و ماندوبوونێکی زۆر، چەند وێنەیەکی خستۆتە سەر کە بە جوانی لە ماناکەی دەگەیت بەڵام ناوی کۆڕاڵەکە ناوی (سووتماکی هەڵەبجە)یە وەک لە دەلیلەکەدا هاتووە .


Institut kurde de Paris

ئەمانەش چەند وێنەیەک و دەلیلی ئەو کۆڕاڵەن کە ساڵی (١٩٩٨) لە هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی نمایش کرا.





Institut Kurde de Paris



تیپی مۆسیقای شنۆی

١. کۆرالی (سونیاکی هەڵبجە)

هۆنراوەی / نازاد صالح ئاوازو ئامادەکردنی / نازاد صالح . عادل حسن

٢. سروودی / بەڕێکەوتن

هۆنراوەی / رێبوار میران. ئاوازی / سلام رشید

وتنی / لقمان سلیم

مۆسیقیەکان

نازاد صالح	کەمان	نیاز محمد	سەنتور
عادل حسن	=	نجم الدین خالد	ساز
رحیم عبدالله	=	خلیل عبدالله	عود
سلام رشید	=	شیرزاد عبدالرحمن	قلوت
هاوژین أحمد	=	توانا أبوبکر	نای
نازاد محمدصابر	=	کاروان محمود	ایقاع
إسماعیل محمد	=	معروف علی	=
شادمان عبدالرحمن	جەلو	إبراهیم نجم الدین	=
عزیز حمە کریم	=		

سۆلۆکان / أکرم محمد رشید - لقمان سلیم - سیروان لهۆنی

کیزان فائق نائکە نگچی

کۆرس / بەهاوکاری خوێندکارانی دواناوەندی سۆلاقی کچان .

تایەدەیی پێشکاری رامنی قوتابخانەی سەرەتایی رووخوش

Institut kurde de Paris

ساڵی ١٩٩٨ و تۆمارکردنی چەند بەرهەمێک

لە هاوینی هەمان ساڵ واتە (١٩٩٨) بڕیارماندا کە کاسێتێک بۆ چەند هونەرمەندێک تۆماربکەین، من ئاوازێکی نوێم دانا بۆ کاک لوقمان سەلیم لە هۆنراوەی کاک سالح بێچار، کاک عادلیش ئامادە کردنێکی جوانی بۆ ئاوازێکی مەروان حەمە خورشید کرد وئەکرەم حەمە ڕەشید گۆرانیەکی وت، کاک سەلامیش ئاوازێکی دانا بۆ ئازادە ڕەش وماموستا چالاک سدیق ئاوازێکی حسێن عەلی بە ناوی(تەنکە)بۆ حەمە ڕەئوف کەرکوکی ئامادە کرد و چەندین کاری تر لە هۆڵی سلێمانی پالاس شەوێکیان لەبەرنامەی(ڕازەکانی دڵ) لە پێشکەش کردنی

بەهات حەسیب قەرەداغی بۆ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان تۆمارکرد

بەڵام هەرچەند گەرام هیچ ڤیدیۆیەک نەبوو، تەنها کاک حەمە رەئوف گۆرانییەکەی خۆی دۆزیبووەوە و ئەکرەم حەمە رەشیدیش ئەوانی تر، تەنها یەک جار بوو دوایش بە هۆی کاک سەلاح حەمە عەزیزەوە تەلەفزیۆنی ئازادی حزبی شیوعی وێنەی گرت.

	بەرهەم	هۆنراوە	ئاواز	ئامادەکردن	وتنی
١	تەنکە	فۆلکلۆر	حسین عەلی	چالاک سدیق	حەمە ڕەئوف کەرکوکی
٢	ون بوون	مەروان ئەحمەد	مەروان ئەحمەد	عادل حسن	ئەکرەم حەمە رەشید
٣	لەیل لەیل	فۆلکلۆر	فۆلکلۆر	عادل حسن	سیروان لهۆنی
٤	جودایی	ئەحمەد محەمەد		عومەر عبدالله	ئاشتی عارف
٥	گولزاری ژین	سەنار		سەلام ڕەشید	ئازادە ڕەش
٦	کەنی مل بەرز	فۆلکلۆر		ئازاد سالح	هەورامان عزەت
٧	بووک	فۆلکلۆر	وشیار حەمە فەرەج	نیاز محمد	ئیبراهیم نجم الدین
٨	زامی دووری	تالیب رەسول	تالیب رەسول	عادل حسن	تالیب رەسول



Institut Kurde de Paris



ئەکرەم حەمە ڕەشید

Institut kurde de Paris

ساڵی ١٩٩٩ و تۆمارکردنی دوو بەرهەم بۆ نیان عەبدوڵا

لەم ساڵانەدا واتە لە کۆتایی ساڵی (١٩٩٧) سەرقاڵی دەوام کردن بووم لە کۆمپانیایەکی ئەهلی وەک ژمێریار، بەهۆی ناهەمواری باری ژیانەوە، لە فەرمانگەکەم کە بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری سلێمانی بوو مۆڵەتی بێ مووچەم وەرگرتبوو، بۆیە هێندە کاری هونەریم بۆ نەئەکرا، بوارم کەم بوو، ئیتر من ئاگام لە کارو چالاکی ئەندامانی تر نەبوو چییان دەکرد.

ئەوەی لەم ساڵەدا کردمان لە سەنتەری گەنجانی سلێمانی دوو بەرهەمی هونەریمان بۆ هونەرمەند نیان عەبدوڵا تۆمار کرد، کە دەهات بۆ تیپ، زۆرجار نەجم هۆگر لەگەڵی دەهات، ئەو کاتە هونەرمەند دیاری قەرەداغی لێپرسراوی ستۆدیۆکە بوو، هونەرمەند ئارا ئەحمەد تۆماری کرد بۆمان و وێنەی تیپەکەمان زیاتر لە باخی گشتی سلێمانی گرت .

بەرهەمەکانی نیان عەبدولاّ بەم جۆرە بوو:

١. گۆرانی (فەرهەنگی ئەوین)هۆنراوەی نەجم هۆگر، ئاوازی: بەختیار عەبدولاّ، من خۆم هەندێ گۆڕانکاریم لە ئاوازەکە کردو مۆسیقاکەم بۆ ئامادە کرد، وتنی: نیان عەبدولاّ بوو لە تەلەفزیۆنی کوردسات وێنەیان بۆ گرتین.

٢.(هەناسەکەم) هۆنراوەی : ئەحمەد مەحمەد، ئاوازی نیاز سەنتور و ئامادەکردنی: عادل حەسەن بوو، وتنی نیان عەبدولاّ، ئەم بەرهەمە وێنە نەگیرا و هەر بە دەنگ مایەوە، من سەرپەرشتی تیپەکەم کردووە، هەمیشە هەوڵم داوە بە شێوەیەکی شارستانی دەرکەوێت و زۆر جار بۆتە بۆڵە بۆڵ کردن لەگەڵ هەندێ ئەندامدا کە پابەند نەبوون بە جل و بەرگەوە و تەنانەت هەڵبژاردنی دیمەنی جوان بۆ وێنە گرتن و لەگەڵ کامێرامانەکە شوێنمان هەڵبژاردووە، چونکە زانیومە دەبێتە مێژوو، لەم وێنەیەدا جل و بەرگی تیپەکە ڕاستی بۆچوونەکانم ئەسەلمێنیت، چونکە بۆتە ئەرشیفێکی جوان، ئیتر بەهۆی سەختی ژیان و کارکردن لەبواری تردا، هیچ چالاکیم نەبوو ئەو ساڵە.

ئەم مۆزیک ژەنانە بەشدار بوون لە تۆمارکردن :

ئازاد سالّح، عادل حەسەن، چالاک سدیق، نیاز سەنتور، توانا ئەبوبەکر، دانا ئەبوبەکر، عەزیز حەمە کەریم، ئاری ، نزار عوسمان .



Institut Kurde de Paris



نیان عەبدوڵا . باخی گشتی سلێمانی

Institut kurde de Paris

کەی مۆڵەتی فەرمی تیپی شنرۆیمان وەرگرت

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی تیپی مۆسیقای هەڵەبجەوە لە ٩٧٣/٤/٢٦ ئێمە خۆڕسکانە تیپەکەمان دامەزراند لەبەر ئەوە تا ماوەیەک شوێنمان نەبوو، یەکەمین شوێن بارەگای یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوو کە ئەو کاتە محەمەدی غەفور شەریف لێپرسراوی بوو. ئێمە ئەمانویست تیپەکە بە ناوی (تیپی مۆسیقای هەڵەبجە) بێت، یەکێتی قوتابیانیش ئەیانوت ئەبێ ناوی بنێن تیپی یەکێتی قوتابیان، لەسەر ئەوە بوو بە ناکۆکی و ماوەیەک پێداگریمان لەوە کرد. پاش ماوەیەک هەردوو لا ڕازی بووین لە سەر ئەوەی کە لەسەر تابلۆی تیپەکە بە گەورەیی بنوسرێت (تیپی مۆسیقای هەڵەبجە) لە سەرەوەش بە بچوکی بنوسریت (یەکێتی

قوتابیانی کوردستان) هەر وامان کرد. لە ساڵی (١٩٧٤) لەوێ نەماین چووینە بارەگای (یەکێتی لاوانی کوردستان) کە ئەو کاتە چەند کەسێک لەوێ بەرپرسیار بوون لەوانە فەرەج محەمەد ساڵح و قادری سۆفی سەعید. جار جاریش سەید تەهای شێخ حەمە ئەمین ئەهات و گۆرانی بۆ ئەوتین یەکێک لەو گۆرانییانەی ئەیووت کە لە بیرم بێت (هەی بێنن بێنن، گالیسکە بێنن، ئەو کچە منداڵە، دڵی مەشکێنن. یان گۆرانی: کوزەڵەو بەنۆڵە ترشۆکەی شاخی/ یارم منداڵە لێم مەکەن یاخی. لەبەر بەلۆعە حاجەت ئەشۆرێ/ دایکی لێی داوە و لە من ئەتۆرێ)

پاش ئەوەی لە مانگی ٢ی (١٩٧٤) ئاهەنگێمان کرد بە سەرپەرشتی لاوان، دوای ئەوە لە مانگی ٣/ی ئەو ساڵە نێوان پارتی و بەعس تێکچوو ئەوە بوو لە ١٩٧٤/٤/٢٦ هەڵەبجە بۆردومان کرا، ئیمە مامۆستایان چووە سلێمانی و لە پایزی (١٩٧٤) لە کۆلێجی بەڕێوەبردن و ئابووری وەرگیرام لە بەغدا و ئومێدو مستەفاش چوون بۆ ئێران. دوای شکستی شۆڕش لە ساڵی (١٩٧٥) مامۆستایان هاتەوە هەڵەبجەو هیچ شوێنمان نەبوو، تەنها من و مستەفای کەمال خەفاف کە ئەویش هاتبوەوە و ئومێدیش کارەکەی لە پینجوێن بوو، بووبوو بە فەرمانبەری (مالیة). ئیتر مستەفا بە فەیرۆزە ئەفەندی وتبوو کە کلیلی قوتابخانەی ناوەندی شارەزووری بداتێ لە پیر محەمەد، ئیتر ئەو هاوینە تەنها من و مستەفا لەوێ پرۆژەمان ئەکرد، هیچ چالاکی هونەریمان نەبوو.

لە ساڵی (١٩٧٦) ئومێد لە لاوان بوو دوای ئەوە بورهانی حەمەی باول شوێنیکی داینێ ئەویش مامۆستای لە نووری خەزووری بوو لە پاڵ دەرگای خوارەوەی باخی گشتی و چالاکییەکانمان لەوێ ئەنجامدا. پاش ئەوە ئەکتەرو ئەدیب و شاعیر و مۆزیکژەن دەهاتن، بیرمان لەوە کردەوە کە لقێکی (کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی) کە ئێستا کۆمەڵی هونەرە جوانەکانە بکەینەوە بۆ ئەو مەبەستە چەند کەسێک کۆبوونەوە ئەوەی لە بیرم بێت: ساڵح هەژار، جەمالی مەلا قادر، سەید تەها، حەکیمی مەلا ساڵح، مستەفای ئەحمەد شیرین و ئەوانی ترم لە یاد نەماوە، بە جێبێکی سەوزی لاندرۆڤەری ستەیشن کە شۆفێرەکەی عوسمانی حەمە کەریمی چایچی بوو چووین بۆ سلێمانی و ئەو کاتە بارەگاکەیان لە گەڕەکی مەڵکەندی بوو نزیک شەخسەکەی پیرمەسوور، کە چووین مامۆستا (تەها خەلیل) لەوێ بوو، عەلی توانا، عەلی جۆڵا و چەند کەسێکی تر، ئەوان هەموو

Institut Kurde de Paris

حەزیان ئەکرد ئەو لقە بکرێتەوە و وتیان (عەریزەیەک) بدەن ئەینێرین بۆ بەغدا بۆ وەزارەتی ڕاگەیاندن، دوای چەند ڕۆژێک من و حەکیمی مەلا سالّح چووینەوە بۆ سلێمانی و پێکەوە چووینە لای عەریزە نوسێک کە لە پالّ بانکی ڕەشیدی ئێستابوو بە (طابعة) و بەزمانی عەرەبی و لەسەر کاغەزێکی تەنک بۆی نووسین ئێمەش بردمان بۆ کۆمەڵ، پاش ماوەیەک وەڵامیان دایناوە کە لە پەیڕەوی ناوخۆیی کۆمەڵدا ڕێگا نادرێت لە قەزاو ناحیەکان لقیان هەبێت، ئیتر ئێمەش ئومێدمان نەما، پاش ئەوە لە ساڵی (١٩٧٧) بەدواوە شوێنمان نەما، من ئەو کاتە تەنها بووم کە هاوین هاتمەوە کلیلی قوتابخانەی شاهۆی کچانم لە پیر محەمەد وەرگرتوو لەوێدا خولی فێر بوونی مۆزیکم کردەوە و هاوینی ساڵی (١٩٧٨) مامۆستا هەڵگەوتی شێخ محەمەد مامی واتە شێخ ئەنوەر بەڕێوەبەری ئامادەیی هەڵەبجەی کوڕان (ئێستا ئامادەیی ئەحمەد موختارجاف)ە، بۆ هاوینەکەی لەوێ پرۆژەمان ئەکرد و سێ چوار کەس بووین تا لە ساڵی (١٩٧٩) مەڵبەندی لاوان کرایەوە لە گەڕەکی سەرا لە ڕێگای بامۆک، ئیتر ئەوێ فەرمانگەی حکومی بوو سەر بە ئەمینداریەتی گشتی وەرزش و لاوان بوو، بە ناوی ئەو مەڵبەندەوە کارو چالاکیمان ئەنجام ئەدا تەنانەت ئێمە چەند ئەندامێک (من بووم، حەمیدی حاجی ڕەشید بوو، هەڵگەوت بوو، مستەفای غیاث بوو، چووین بۆ کانی شێخ لەوێ لە عەسرێکی خۆرهەتاو بوو بەڕێکەوت ١٩٧٩/٣/١٦ بوو، چووین بە مێشکی خۆمان پەیڕەوێکی ناوخۆییمان دانا بە سەرپێی، من دەفتەرێ یاداشتەکانم پێبوو لەو دەفتەرەدا حەمید دەستوخەتی خۆش بوو، خۆش نووس بوو، چەند خاڵێکی نووسییەو من تا ئێستاش ئەو نوسراوەم لاماوەو بڵاوی ئەکەمەوە ..تا ساڵی (١٩٨٠) شەڕی ئێران ـ عێراق دەستی پێ کرد و ئیتر منیش بوومە سەرباز ولە ساڵی (١٩٨٢) لقی بەڕێوەبەرێتی جەماوەر کرایەوە لە پالّ فەرمانگەی کارەبا بەرامبەر گازینۆ شنرۆێ کە پێش ئەوە حەدیقەی عەلە بەڕانی بوو، چووینە ئەوێ و ماوەیەک لەوێ ماینەوە، پاشان شوێنەکەی گواستراینەوە بۆ گەڕەکی کانی قولّکە، لەوێ من بە هاوکاری تەهای حاجی بەکرو ئەندامەکان ستۆدیۆیەکمان دروستکرد بە(تەبەدۆر) لەوێدا چەندین چالاکیمان کرد تا ساڵی (١٩٨٣) ئەو کاتە سەروەتی حاجی کەریم کوردستانی بەڕێوەبەری مەڵبەندی لاوان بوو، بانگی کردم و وتی با پێکەو چالاکییەک بکەین، ئیتر ئەوە بوو بە ناوی مەڵبەندی لاوانەوە

Institut Kurde de Paris

جارێکی تر چالاکیمان ئەنجام دا لە سینەمای هەڵەبجە کە خاوەنەکەی کاک محەمەدی لاسلکی برای کاک سەروەت بوو، تا ساڵی (١٩٨٣) بینای مەڵبەندی لاوان کرایەوە و منیش لە سەربازی تەسریح بووم و پاژەی خۆم لە فەرمانگەی کارەباوە گواستەوە بۆ ڕۆشنبیری جەماوەر، ئەو کاتە محەمەد ئەمین پێنجوێنی بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری جەماوەر بوو لە سلێمانی و بە ئاسانی کارەکەی بۆ ئەنجام دام. ئیتر لەو بینایە دوو فەرمانگەی تێدا بوو مەڵبەندی لاوان کە بەڕێوەبەرەکەی سەروەتی حاجی حەمە کوردستانی بوو و لقی ڕۆشنبیری جەماوەر کە بەڕێوەبەرەکەی عوسمانی محەمەدی سەید ئەحمەد بوو، منیش ژمێریارو لێپرسراوی بەشی هونەری بووم. ئیتر لەو بینایە ستۆدیۆیەکمان دروست کرد هەر بە تەبەدۆر، هەر تەهای حاجی بەکر هاوکارمان بوو، بەڵام ئەمجارە گەورەتر و تەنانەت چەندین ئامێری مۆزیکم بۆ یەکەمینجار هێنایە هەڵەبجە وەک ئامێری قانون و چەلۆ، قانونەکە ئاراسی شێخ جەمال بە زوویی فێری بوو چونکە لەوەو پێش سەنتووری ئەزانی، چەلۆکەش (نظام) فێری بوو، هەر لەو شوێنە چەندین چالاکیمان کرد وەک ئۆپەریتی سەوزەو ئۆپەریتی ڕێویە لە پێستی شێردایە و تیپە نواندنەکانیش لەوێ شانۆگەریەکانیان ئەنجام ئەدا، لەو شوێنە بەردەوام بووین تا ١٩٨٨/٢/١٤ کە دوا چالاکی تێدا کرا ئەویش ئۆپەریتی (ماسیە ڕەشە بچکۆلەکە) کە تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی ئەنجامی دا و منیش زۆربەی ئاوازەکانیم بۆ دانان کە لە دەرهێنانی فەرهەنگی حەمەی سمایل بوو، شیعری ئاوازەکانیش هی ئازاد تۆفیق بوو، ئیتر ئەوە دوا چالاکی بوو پاش ئەوە لە ١٩٨٨/٣/١٦ هەڵەبجە کیمیاباران کراو و پاش کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران ـ عێراق، ئێران زۆربەی فەرمانگەو قوتابخانەو کتێبخانی گشتی و فەرمانگەی پوختە کردنی توتن و بینای قائیمقامیەت و یانەی فەرمانبەرانی بە (TNT) تەقاندەوەو بۆ هەتایە شارستانیەتی لە هەڵەبجەدا خاپوورکرد، پاش ئەو لە ئێران من لە (چادر)ێکدا لە ئۆردوگای سەروچاوە نزیک شاری سەقز وانەی مۆزیکم دەوتەوە تا هاتینەوە و تا ساڵی (١٩٩١) هیچ چالاکیمان نەبوو .

پاش سەرەتای ڕاپەڕین بینای بەشی ناوخۆیی زانکۆی سلێمانی هەبوو، چۆڵ بوو لە سەرکاریز چەند جارێک کۆبوونەوە بەڵام نەمانتوانی کاری هونەری بکەین، ئەوەی کرا هۆشیار حەمە فەرەج ئاوازێکی دانابوو بە ناوی (هەڵەبشیما)

Institut Kurde de Paris

عەزیزیش ئاوازێکی دانابوو بە ناوی (فریشتە گوڵ ڕەنگەکان) ئەوەی هۆشیار، زانا مەحمود هەژار بۆی ئامادە کردبوو چوون لە مالّی مامۆستا سەلاح ڕەئوف تۆماریان کرد، بۆ ساڵی ١٩٩٢ ویستمان چەند بەرهەمێک تۆمار بکەین، زۆربەی شەو لە مالّی من پرۆژەمان ئەکرد، شەوێکیش چووینە مالّی ئایاری حسین عەزیز و شەوێکیش لە مالّی نامق سەعید پرۆژەمان کرد و لە مانگی ١٠ ی ١٩٩٢ وێنەمان بۆ گرتن تا ساڵی ١٩٩٤ هیچ شوێنمان نەبوو، پێش ئێمە لە بینای دەبۆکە عەبدولای حەمە لاو بەگ لە بینای دەبۆکە لە شەقامی مەولەوی ژووریێکی لە سەرەوە گرتبوو بۆ خۆیان ئەو کاتانە کەس بە کەس نەبوو، ئەو شوێنە بینای شارەوانی بوو، ئەو کاتە کەمال ڕەئوف هەنجیرە لێپرسراوی تەلەفزیۆنی کوردستان بوو لە سلێمانی و من و عەبدولّا چووین بۆلای و یەکسەر پەزامەندی دەربڕی کلیلەکەی دامێ ئێتر لەو کاتەو تا ئێستاش لەو بینایەداین وەک تیپی شنرۆ، پاشان زۆر تیپی هونەری مۆڵەتی وەرگرت و منیش فەرمانبەر بووم لە بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری ئەو کاتانە مامۆستا عەبدولی حەمە جوان بەڕێوەبەر بوو، زۆر جار پێی ئەوتم کاک ئازاد ئیجازە دەربێنن و چونکە تا ئێستاش ئێوە فەرمی نین بەو هەموو چالاکییەوە. ئێمەش پێداویستی و بەڵگەنامەمان ئامادە کرد، بەڵام زۆربەی ئەندامان ئەبوایە ماوەیەکی زۆر خەریکی هونەر بوونایە کە لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت لە دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بێت، زۆریان ئەو ئەزمونەیان نەبوو، بۆیە ناچار سوودمان لە بڕوانامەی چەند مامۆستایەکی دەرەوەی تیپەکە وەرگرت کە دەرچووی پەیمانگا بوون کە وەک دەستەی دامەزرێنەربن. بۆیە بڕوانامەکەمان وەرگرتن و هاوپێچمان کرد بە مامەڵەکانەوە و عەزیز حەمە کەریممان ڕاسپارد بۆ ئەو کارە و بە ماوەیەکی کورت و بێ کێشە مۆڵەتەکەمان وەرگرت لە ڕۆژی ١٩٩٩/٢/٩ کە ئەوکاتە مامۆستا جەمال عەبدول وەزیری ڕۆشنبیری بوو .

Institut Kurde de Paris

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتی گشتی رۆشنبیری و هونەر

ژمارە/ ٥٠٩
رۆژ/ ٩/ ٨/ ٩/ ١٩٩

بۆ/ فەرمانی وەزاری

بەپێی شەو دەستەلاتەی بیمان دراوە و بڕیار بەپێی بڕیاری ژمارە (١٦٦)ی ساڵی ١٩٦٤ ی مولەت دانی تیپی هونەریەکان بڕیارماندا بە مولەت دانی تیپی موسیقای شنرۆی وشەم زاتاشەی لای دەبنە دەستەی دامەزرێنەر و بەپێی بڕیارەکە ماوەی ٦٠ رۆژ هەڵبژاردن دەستەی بەڕێوەبەر ساز بدرێت و بەپێی بڕیارەو پرۆگرامی تیپ و رێنکمارەکانی وەزارەت کارەکانیان ئەنجامبدەن . ئەم فەرمانە لەرۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت .

دەستەی دامەزرێنەر

١- شازاد حمە صالح صابر
٢- جەلال صدیق
٣- حمە عزیز حمە کریم
٤- هاوژین احمد صالح
٥- شێرکار علی ابراهیم
٦- هەشاراز محمدصابر
٧- سەلام رشید

جەمال عبدول محمد
وەزیری رۆشنبیری

ڕێنەبەک بۆ/-

- وەزارەتی ناوخۆ /کومەڵەکان
- بەڕێزگای سلیمانی / =
- شاسایشی گشتی
- = سلیمانی
- ڤاشمقامیەتی هەڵەبجە
- بەڕێوەبەرێتی گشتی دیوان
- = رۆشنبیری سلیمانی/. ....

جوبی ٢/٧

Institut Kurde de Paris

تیبینی مژدەیی
هەڵەبە

بە بڕگەی یەکەم
ئامانجی گشتیی تیبینەکەمان .
هۆزەکانی گوران و مژدەیی و هەورامی ڕەسەن کوردەکانن .
دەبێتە مایەی سەلماندنی هەورامی ڕەوەندی کەماندا .

بە بڕگەی دووەم -
تیبینەکەمان ئامادەیە بڕوەرگرتنی لە ئەندام ، ح مژدەیی ڕەوانەی یاخود
گۆڕانی بێت یا کۆمەڵێ بە پێی ئەم سەرچاوانەی خوارەوە .
سەرچاوەکانمان .
١- هۆنراوەی هەورامی لەیار و یکارینێ .
٢ - خودی ڕەوشتی - هەر ڕەچەڵەکێ پیرۆزیستە بە لای تیبینەکەماندا .
٣ - مل کەچ بێتە بڕگەی سەرچاوەکانی لەپەڕەوی ناوخۆیی تیبینەکەمان .
٤- وەرگرتنی لە ئەندام بە پێی ئەرکەکانی لە لایەن دادگەڕەوە ڕاگرتن .
٥ - بە پێی توانا یارمەتی تیبینەکە کە لە دریژەی لە لایەن لە ئەنجامدا وە .
٦- پەیوەندی ئامۆژگاریەکانی هەورامی بکرێتە بە تایبەتی لە کاتی پرۆژەدا
لە هەر نگەکاندا .
٧. ئامادەکردنی نووسینەکانی لە ئەندامێک بڕیەکەم جارە ڕەچەڵەکی هەموو سەرچاوەکانی
لە لایەن تیبینەکەمان .
٨ - نگەکردنی ڕاستەوخۆ لە ئەندامەکانی کە بڕیدووەم جارسە پرسیی دووبارە
ئەکاتەوە .
٩ - سەرپێچی بە ڕاسپاردەی تیبینەکەمان بڕیسێ جار - بڕیتی ئەبێت
لە دەرکردنی ئەوەندامە بۆ ماوەیەک لە لایەن تیبینەکەمان یاخود
لە ئەندامە .
١٠. ئامادەنەبوونی هەر ئەندامێک تایبەتی ڕەوەندی بە پێی هەرێمەکی بە جێ
دەرهێنرێت لە بیست - ئەگەر لەدەم کردەوەیە تا (٣) ڕانگی خایەنێ .
١١- بە هیچ جۆرێک ناوەنیە بڕهیچ ئەندامێک لە لیستی ڕاخۆی لە تیبینی
تر بە بەشداری بکات وە هیچ هەڵبژێردەی نێو بڕهیچ —
ئەندامێک بە بڕیاری لەدەستەی لە ڕێزەیەکی تیبینی .
١٢- ئەگەر کەسانەی لە پاڵەوتنێ بێنە تیبینە وە ئامادەی لەم هاوڵانەی
خوارەوە بکەوێت .
١ - نامەی هۆنراوەی ناوەوەی باوک -
٢ - ئەدەبی ونارەشنامەی -
٣ - پەیوەندی بە ڕێگا کانی پیرۆزیی تیبینەکەمان هێنێ .
٤ - ئەگەر سەرچاوەیەکی پەیوەندی بە پرۆژەکانی بە تیبینەکەمان وە بکاتەوە هێنێ
لە ئەندام تامانگێک لەڕێز چاودێری پیرۆزیی تیبینەکەی .

یادگاری ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی
١٩٧٩/١٢/١٦
کات - خولەک - ڕۆژی هەینی
سەعات (٤٥ ٧) دەقیقە
ئەوڕێ - کاتی هێنانەدی ئامانجەکان . ١٩٧٩/١٢/١٦

Institut Kurde de Paris

ساڵی ٢٠٠٠ و تۆمارکردنی چەند بەرهەمێک

لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٠) هونەرمەندی گۆرانییبێژ کاک (هۆشیار حەمە فەرەج) هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی بتوانێت کۆمەک و هاوکاریمان لە هاوڕێیانی هەندەران بۆ کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانین شوێنی بارەگاکەمان چاک بکەین و هەندێ ئامێری مۆزیک و ئامێری (ڕیکۆردەرو میکسەر بکڕین). لەسەر گیرفانی خۆی پەیوەندی کردبوو بە چەندین کەسانی دڵسۆزی هەڵەبجەیی و کوردەوە. هەریەکەی بە پێی توانای خۆی هاوکاریان کردین، وەک ئاشکرایە کە لەو ساڵانەدا گەمارۆی ئابووری بەسەر عێراق و کوردستاندا سەپێنرابوو، بۆیە باری ئابووری ئەندامان باش نەبوو . کە هاوکاریەکە گەشتە دەستمان، بڕێکمان دابەش کرد بەسەر ئەندامانداو و بەوەی کە مابووەوە بە کومبارێکی شین ستۆدیۆکەمان پێ ڕووپۆش کرد کە تا ئەوکاتەش ستۆدیۆکەمان بە بەتانی ڕووپۆش کردبوو. (ڕیکۆردەرێکی چوار تراک و میکسەرێک)مان کڕی لە گەڵ ئامێرێکی سایزەر. ستۆدیۆکەمان فراوانتر کرد. ئیتر ئامادەبوو بۆ تۆمار کردنی گۆرانی و سوپاسی هەڵوێستیانمان کرد بۆ ئەو هاوکاری و کۆمەکە.

هەر لە زستانی ساڵی ٢٠٠٠ هونەرمەندی گۆرانی بێژ بورهان خۆشناو بەرنامەیەکی هونەری هەبوو بە ناوی (ساباتی هونەر) لە کەناڵی (کوردسات) کە لە ئامادە کردن و پێشکەشکردنی خۆی بوو ، پەیوەندی پێوە کردین بۆ ئەوەی (٣) بەرنامەی هونەری بۆ تۆمار بکەین کە تایبەت بێت بە گۆرانییەکانی ناوچەی هەڵەبجە و شارەزوور و هەورامان وە بە (٣) زنجیرە هەریەکەی نیو کاتژمێر بێت، بە بەشداری کەسایەتی هونەری و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی هەڵەبجەی تێدا بێت کە بتوانن لە بەرنامەکە باسی هونەری مۆزیک و شانۆ و شێوەکاری و باری کۆمەڵایەتی ئەو دەڤەرە بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش ووردە ووردە دەستمان کرد بە ئاواز دانا ن و ئامادە کردنی مۆزیک و پەیدا کردنی گۆرانییبێژ بۆ ئەنجامدانی بەرنامەکە . پەیوەندیمان کرد بە چەند هونەرمەند و گۆرانییبێژێکەوە. لە وانە خاتوو (کۆچەر عومەر)، من ئاوازی (هەوای باخی میر)م بۆ دانا، خاتوو (تاڤگە تفەنگچی) کچێکی هاواری بوو دەنگی باش بوو گۆرانی (هەی گوڵ) کە لە یادو بۆنەکاندا لە هەڵەبجە (باجەخانی ڕەشید عەزیز) ئەیگوتەوە لە یادەوەریم مابوو کە ئاوازێکی

Institut kurde de Paris

دەرویش عەبدولاّیە. هەروەها گۆرانیبێژان کاک (ئازادە ڕەش، هەورامان عیزەت، نەجم محەمەد. ئەکرەم حەمە ڕەشید).

من ئەو کاتە لە کۆمپانیایەکی ئەهلی ژمێریار بووم بە ڕۆژ نەم ئەتوانی ئامادە بم بۆ تۆمار کردنی گۆرانییەکان ، بۆیە بە شەوانە پرۆڤەمان ئەکرد. بۆچەند شەوێک دەستمان کرد بە ئاواز دانان وتۆمارکردنی چەند گۆرانییەک بۆ ئەو هونەرمەندانە . کە زۆربەی ئاوازەکان لە ئاواز یان ئامادەکردنی بەندە و کاک عادل حەسەن بوو . پاش ئەوە پەیوەندیم کرد بە چەند کەسایەتی هونەری و ئەدەبی و کۆمەلاّیەتی هەلّەبجەوە کە ناسراو بوون، لەوانە ڕەوان شاد کاک جەمالی مەلا قادر. مامۆستا حەمە فەرج ئەحمەد ، ڕەوان شاد مامۆستا ئازاد حەمدی و کاک مستەفا بەختیار . کاک عومەری حاجی عەنایەت. خالّی بەڕێزم مامۆستا خالید حسەین بانەیی. پاش خۆئامادەکردن بۆ بەرنامەکە، مابوەوە سەر دیکۆری بەرنامەکە کە دەبوو لە ستۆدیۆی کەنالّی (خاک تیڤی) تۆماری بکەین هەرچەندە بەرنامەکە بۆ کەنالّی کوردسات بوو. عەسری ئەو ڕۆژەی کە تیایدا بەرنامەکە تۆمار بکەین مامۆستا حەمە فەرەج و ڕەوان شاد ئەسغەر ڕەشید ئەرکی دیکۆرەکەیان خستە ئەستۆی خۆیان، کە بریتیبوو لە دروستکردنی وێنەی مالّی (وەسمان پاشا). بە ماوەیەکی کەم دروستیان کرد و کاک عادل حەسەنیش هەندێ تێبینی دا، چونکە شارەزایی لە شێوەکاریدا هەبوو. بۆ شەوەکەی هەموو ئەندمانی تیپ لە مۆزیکژەن و گۆرانیبێژو میوانەکان ئامادە بوون و لە ماوەی چەند کاتژمێرێک هەر (٣) زنجیرەکەمان تۆمار کرد. ئەوەی مایەی داخ بوو کە لە کاتی لێدوانی کاک جەمالی مەلا قادر (شەکرەی) بەرز بووەوو نەیتوانی لێدوان بدات.

بەرهەمەکان بەم شێوەیە بوون

وتنی	ئامادە کردن	ئاواز	هۆنراوە	ناوی بەرهەم
تاقگە تفەنگچی	عادل حەسەن	کۆن	کۆن	هەی گوڵ
کۆچەر عومەر	عادل حەسەن	ئازاد سالح	فۆلکلۆر+ئازاد	هەوای باخی میر
ئازادە ڕەش	ئازاد سالّح	فۆلکلۆر+ئازاد	فۆلکلۆر	بەلەنجە
نەجم محمد	عادل	فۆلکلۆر	فۆلکلۆر	یارە دوورەکەم
هەورامان عزەت	ئازاد	فۆلکلۆر	فۆلکلۆر	کچی هەورامان
ئەکرەم حەمە ڕەشید	سەلام ڕەشید	ئەکرەم حەمە ڕەشید	سالّح بێچار	دووری

Institut Kurde de Paris

لە هەمان ساڵدا واتە ساڵی (٢٠٠٠) ئاوازێکم بە شێوازی کۆراڵ دانا بە ناوی (سوتماکی هەڵەبجە) بۆ یادی کیمیابارانی هەڵەبجە. لە ستۆدیۆی (حەمکۆڵ) لای سەهۆڵەکە بەسەرپەرشتی کاک عادل تۆمار کرا، چونکە من لەبەر دەوامکردن بۆم نەئەکرا ئامادە بم . مۆزیکژەن و گۆرانیبێژ تێیدا بەشدار بوون، لەوانە: لوقمان سەلیم . ئازادە ڕەش. دەریا . سوارە محمد و کاک عادلیش بڕگەیەک لە شیعری شێرکۆ بێکەسی تێهەڵکێش کرد، کە دەقی کۆراڵەکە زۆربەی هۆنراوەکانی خۆم دامنابوو باسی لە مێژووی هەڵەبجە دەکرد.

هەر لە هەمان ساڵدا لە هاوینەکەی جاڕێکی تریش دەستمان کرد بە هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردنی تیپ و بە زۆرینەی دەنگ جاڕێکی تریش بۆ سەرۆک تیپ هەڵبژێردرامەوە.


Institut Kurde de Paris

کۆبونەوەی ئەندامانی تیپی مۆزیکی شنرۆ بۆ هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردنی تیپ ساڵی ٢٠٠٠

ساڵی ٢٠٠١ و ئامادەکردنی بەرنامەیەک بۆ جەژنی ڕەمەزان

بە بۆنەی جەژنی ڕەمەزانی ئەو ساڵەوە، مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی ڕایسپاردین کە بەرنامەیەک ساز بکەین بۆ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، چەند بەرهەمێکمان بە شەوان تۆمارکرد و چە ند کەسایەتییەکمان بانگ کرد بۆ قسە کردن لەسەر جەژنانی کۆنی هەڵەبجە، لەوانە:

کاکە حەمەی فەرەج ، دکتۆر فوئاد بابان، محەمەد غەفور شەریف، غازی مەلا عەلی، حەمەی حاجی حەمە شەریف ودایکی خێزانی حاجی حەمە شەریف وفەرەجی حەمە ساڵح وچەند کەسێکی تر لە هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی بە شەو وێنەمان گرت، ئەم بەرهەمانەمان بە دۆبلاج تۆمار کرد لە وانە :

ناوی بەرهەم	هۆنراوە	ئاواز	ئامادە کردن	ووتنی
جەژنەن شادیەن	فۆلکلۆر	فۆلکلۆر	ئازاد ساڵح	ئازادە ڕەش
کەژاڵ	حەسیب قەرەداغی	هوشیار حەمە فەرەج	عادل حەسەن	لوقمان سەلیم
دڵەی پرخەم	حەسیب قەرەداغی	هوشیار حەمە فەرەج	عادل حەسەن	ئازادە ڕەش + کۆچەر عمر
هەنار هەنارە	فۆلکلۆر	فۆلکلۆر	عادل حەسەن	تاقگە تفەنگچی

Institut kurde de Paris

کارکردن لە گۆرانییەکی سابیر کوردستانیدا

لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠١) هونەرمەند کاک سابیر کوردستانی ئاوازێکی هێنا بە ناوی (ئەوین) کە ئاوازی خۆی بوو، کاک عادل حەسەن بۆی ئامادەکرد و شەوێکیان لە تەلەفزیونی خاک وێنەیان بۆ گرتین.

لە ساڵی ٢٠٠٠ چەند ئەندامێکی تر هاتنە تیپی مۆزیکی شنرۆ، لەوانە کاک توانا خورشید و هەروەها هونەرمەند کاک ئەرکان ڕۆستەم، کە لە پێشدا بە ئامێری زەرب بەشدار ئەبوو لەگەڵمان، هەر لەو ساڵانەدا لە منداڵانی تیپی مۆزیکی شنرۆ تیپێکی سوونەتی دروستبوو، وە زۆربەی ئەندامەکانی ئەندامانی تیپی مۆزیکی شنروی بوون بە سەرپەرشتی مامۆستا دلێر حسین بە

ناوی تیپی (گەڕیان)لەوانە: نیاز سەنتور، کارزان مەحمود، خەلیل عبدالله، توانا ئەبوبەکر، ئیتر زۆربەی چالاکی و کارەکانیان بە ناوی ئەوتیپە ئەکرد کە بە شێوازی سونەتی کاریان دەکرد و زۆر کاریگەری نەگەتیڤی لەسەر تیپی ئێمە دانا، چالاکیمان سستبوو، دوای ئەنجامدانی کۆنسێرتێک، م. دلێر چووە تورکیا، کارزان سەرپەرشتی دەکردن، پاشان کارزانیش چووە هەندەران و توانا خورشید سەرپەرشتی ئەکردن و چەندین چالاکیان ئەنجام ئەدا لە دەرەوەی تیپی ئێمە، چونکە سەر بە دەزگای خاک بوون، هەموو مووچەیان هەبوو تا سالانێکی زۆر بەردەوام بوون، بەڵام دوایی هەموو پەرتەوازە بوون و تیپەکە بوونی نەما .

Institut Kurde de Paris

چەند بەرهەمێک لەیادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە ساڵی ٢٠٠٢

لەم ساڵەدا لە ڕۆژی ٢٠٠٢/٣/١٦ لە گۆڕەپانی فیستیڤاڵ لەهەڵەبجە کە بە یاریگای شاهۆ حەمە فەرەج ناسراوە، ئەم بەرهەمانەمان پێشکەش کرد بە ئامادەبوونی ئەم هونەرماندانەی ناویان لە خوارەوە هاتووە

گۆرانی	هۆنراوە	ئاواز	ئامادەکردن	وتن
ئەی شەهیدان	محەمەد تۆفیق وردی	ناسری ڕەزازی	توانا خورشید	کۆرس
قەڵادزێ و هەڵەبجە	سوارە قەڵادزێی	ئازاد سائح	عادل حەسەن	زاهیر جەلال
پەیمانێک بۆ هەڵەبجە	ئەژی گۆران	ئازاد سائح	عادل حەسەن	لوقمان سەلیم
نالەی بولبول	ڕازی	سابیر کوردستانی	چالاک سدیق	سابیر کوردستانی
کوردستانم	سەلاحە ڕەش	هۆشیار حەمە فەرەج	عادل حەسەن	شیلان عوسمان
پە پولەی بەهار	حەکیم مەلا سائح	ئازاد سائح	عادل حەسەن	شیلان عوسمان
نازیز مەکەرۆ	عوسمان هەورامی	دلسۆز	زۆزک ئەحمەد	دلسۆز عوسمان
سیاچەمانە	فۆلکلۆر	فۆلکلۆر	عادل حەسەن	سیروان لهۆنی

لە ساڵی ٢٠٠٣ دامەزراندنی ناوەندی ڕوناکبیری هەڵەبجە

پێش ئەوەی ئەمریکا هێرش بکاتە سەر عێراق و بیخات، ڕۆژێکان کاک ئازاد تۆفیق (پارێزگاری هەڵەبجە)تەلەفۆنی بۆ کردم وتی بە نیازی دامەزراندنی ناوەندی ڕوناکبیری هەڵەبجەین منیش هەر بواریک خزمەتی کردبێت نکوڵیم نەکردوە پاشان بە چەند هونەرمەند وشاعیر و ئەدیب و نووسەری تری وتبوو کە دەستەی دامەزرێنەری بووین.

ڕۆژێکیان پێکەوە دوو بە دوو ڕۆشتین بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەو کاتە، کاک فەتاح زاخۆیی وەزیری ڕۆشنبیری بوو، لە بینای مۆزەخانەی سلێمانی، دەستمان کرد بە وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی بۆ ئەو ڕێکخراوە و من هەر ئەو ڕۆژە لەگەڵی بووم، پاشان خۆی و یەک دوو کەس چوونە لای ڕەوانشاد بایز تاڵەبانی، وەزیری دارایی ئەو کاتەو بڕێک پارەیان وەرگرتبوو بۆ کرپینی شت و مەک بۆ ئەو ناوەندە و خانووی حاجی عەبدول کەریمیان بەکرێ گرت، لە گەڕەکی سەرا و پڕیان کرد لە شت و مەک و کۆمپیوتەر. ساڵی (٢٠٠٥) کە من بووم بە بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری هەڵەبجە کە شەوان دەمامەوە لەوێ ئەخەوتم و کاک هێمن لەتیفیش لەوێ بوو، پێش منیش کاک مەریوان هەڵەبجەیی هەر لەوێ دەمایەوە کاتێ بەڕێوەری ڕۆشنبیری بوو.



Institut kurde de Paris

پاشان چەندین چالاکی ئەدەبی و هونەرییان سازداو لە سەرەتادا زوو زوو دەهاتین، بەڵام پاشان بەهۆی قەیرانەوە و تەکینەوەی زۆربەی ئەندامان لە کارکەوت، ئەم چالاکییانەمان ئەنجامدا:

ڕۆژی ٢٠٠٣/٧/٢٤ بەشداریمان کرد لە چالاکییەکی هونەری لە هۆڵی ئەحمەد موختار جاف، بەڵام هیچ وێنەیەکم لانییە و ناوی بەشدارانم لە بیر نەماوە کە چ مۆسیقییەک یان گۆرانی بێژێکم لەگەڵ بووە .

بەشداری کردنمان لە فێستیڤاڵی هونەری شارەزور ڕێکەوتی ٢٠٠٣/١٢/١٦ لە هۆڵی ئەحمەد موختارجاف .



بەکەم ڕۆژی فیستیڤاڵ


یانی نیسودڕۆ

ڕۆژی دووەم

پشوویەک

فێستیڤاڵی هونەری شارەزوور

Institut kurde de Paris



چالاکیەکانی (ناوەندی ڕووناکبیری هەڵەبجە)

شیعر

لێکۆڵینەوە

چالاکیەکانی (ناوەندی ڕووناکبیری هەڵەبجە)

شیوەکاری

فیلم

گۆنکرە

بلاوکراوە

مۆزیک

هـەر لەو سـاڵەدا کتێبـێکم دەربـارەی فۆلکلـۆری گـۆرانی منـاڵان نووسـی و (جوان)ی خوشکم وێنەکانی بۆ کێشـام و دام بە خانـەی سمۆرە ویستیان چـاپی بکەن و دیزاینیشیان بۆ کرد و ئامادەش کرا، بەڵام قەیرانی دارایی هات بە سەریدا و نەک کتێبەکە چاپ نەکرا بەڵکو خانەی سمۆرەش داخرا.



Institut kurde de Paris

چالاکییەک لە ساڵی ٢٠٠٤

ئازاد تۆفیق و حەکیمی مەلا ساڵح وەک یەک دەنگیان هێنا

ئەو ساڵە وازم لە دەوامی کۆمپانیا هێنا، بـە هـەموو هـەوڵ و هیمـەتی خـۆم و هاوکـاریی دانـای سـازو تـانگۆی کـورم، ژووریکـی دیکـەم لە بینـای دەبـۆکە لـە سەرەوە دروسـت کرد بۆ ئەوەی چالاکی تیپی شنرۆێ زیندوو بکەمەوە، چونکە خوارەوە ببووە شوێنی تیپی گەڕیان ئیمەش بۆ ڕێز گرتن لێیان هیچمان نەئەوت.

ئەوچالاکییەی کردمـان لـەو سـاڵەدا ناوەندی ڕوناکبیری هـەڵەبـجە لـە ڕۆژی ٢٠٠٤/١/٦ کۆنگرەیەکیان بـەست و ئێمە بـەشداریمان کرد لەگەڵیان، بـەهـەندێ گۆرانی فولکلۆری، ئامادەبووان بەرنامەیان خوێندەوە و کۆنگرەیان بەست، ئازاد تۆفیق و کەمـال هـەورامـی و مـەریـوان هـەڵەبجەیی و حـەکیمی مـەلا سـاڵح و چـەند کەسێکی تـر، دوو کەس خۆیـان هـەڵبـژارد بۆسـەرۆکی ئەو ڕێکخـراوە، عـەزیـزی

حاجی حەمەکەریم ئەیویست خۆم هەڵبژێرم و پاڵی پێوە نام بۆ ئەوەی بچمە سەر ستەیجەکە، من لای خۆمە باوەڕم بە ڕێکخراو نەمابوو، چونکە هەر کەس بۆ بەرژەوەندی لایەنێک کاری دەکرد، بۆیە دووەم کەوتمەوە.

ئازاد تۆفیق و حەکیمی مەلا سالح خۆیان هەڵبژارد و هەردووکیان وەک یەک دەنگیان هێنا، دوای ئەوە حەکیم ڕێکخراوێکی بۆ خۆی دروست کردو ئەوەی تریش ئازاد سەرپەرشتی ئەکرد مایەوە و وردە وردە لە چالاکی کەوت، لەو ساڵەدا تەنها ئەم چالاکییەمان هەبوو.



Institut Kurde de Paris

خۆئامادەکردن بۆ ڤیستیڤاڵی یەکێتی هونەرمەندان لە ساڵی ٢٠٠٥دا

لە سەرەتای ئەم ساڵەدا یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان ڤیستڤاڵێکی سەرتاسەری بۆ تیپەکانی کوردستان سازکرد، من بوارم زیاتر بوو بۆ کاری هونەری، چونکە گەڕابوومەوە فەرمانگەی ڕۆشنبیری و لەوێ بەڕێوەبەری ژمێریاری فەرمانگەکە بووم، کاتێ مامۆستا عەبدولی حەمە جوان بەڕێوەبەر بوو، هەفتەی سێ ڕۆژ دەوامم ئەکرد، بیرم دێت زۆر جار لەسەر مێزەکەی خۆم

نۆتەکانم ئەنووسییەوە، دەستمان کرد بە پرۆڤەکردن و ئەو سالّەش لە ئامادەیی بازرگانی کچان کۆرسمان هێنا و بۆ کورپانیش ئەندامانی تیپی هەلّپەرکیی نەتەوەییمان هێنا.

ئەندامانی مۆزیکمان کەم بوو، چونکە تیپی گەرپیان دەچوون بۆ هەندەران، ناچاربووین چەند میوانێک بانگ بکەین لەوانە مامۆستا هێمن، م.ئەحمەد، ئاری. وە دلّسۆزی عوسمان کەیمنەیی بۆ سەنتور و لە جێگای خەلیل، دانای ساز بۆ عود، هەروەها ئەندامی کۆنی تیپ پرزگار فەرەج و ئەم بەرهەمانە لە پرۆژی ٢٠٠٥/٢/٢٤ لە هۆلّی سەنتەری گەنجان لە گەرەکی بەختیاری پێشکەش کرد بەم شێوەی خوارەوە:

١.(سێ چریکە و سۆزێکی شارەزوور) ئاوازی : فۆلکلۆر، ئامادەکردن ئازاد سالّح


٢.(وێستگەی ژیان)هۆنراوەی : ئەحمەد محەمەد، ئامادەکردن: عادل حەسەن و ئاوازو وتنی ئەکرەم حەمە رەشید

٣.(باخی میر) ئاوازو هۆنراوەی: فۆلکلۆر، ئامادە کردن : توانا خورشید، وتنی: ئازاد کریم

٤.(کزەی شەمالّ)هۆنراوەو ئاواز: فۆلکۆر، ئامادەکردن : عادل حەسەن، وتنی بەهرۆز بەلّخەیی



Institut Kurde de Paris



بەرهەمەکان

١. سێ چریکەی سۆزیتکی بامارەزوو: هۆنراوەو ئاواز : هۆنکۆز — نازاد سالح
دارشتنەوەی: نازاد سالح
ووتنی: کۆرس
ئاک گۆ: نازاد کەریم — دڵسۆز عوسمان — یاسین محەمەد ئەمین

٢. پەیمانگەی ژیان هۆنراوەی: ئەحمەد محەمەد
ئامادەکردنی : عادل حەسەن
ئاوازو ووتنی: ئەکرەم حەمە رەشید

٣. باخی ژین: ئاوازو هۆنراوەی: هۆنکۆز — نازاد کەریم
ووتنی: نازاد کەریم
ئامادەکردنی: توانا حەمە خورشید

٤. کۆڕی شەمماڵ: ئاوازو هۆنراوەی: هۆنکۆز
ئامادەکردنی : عادل حەسەن
ووتنی : بەهرۆز بەختەیی

ژمێریارەکان:

١. نازاد صالح	کەمان	٩. دانێ ئەبوبەکر	عود
٢. عادل حەسەن	کەمان	١٠. ئاشتی نازاد	جۆزە . دەف
٣. هێمن عوسمان	کەمان	١١. بەختیار عەبدوڵا	پیانۆمان . دەف
٤. ئەحمەد کەریم	کەمان	١٢. عەزیز حەمە کەریم	جەلا
٥. ڕۆژگار هەڕێ	کەمان	١٣. یەسمن ئەحمەد ئەمین	ڤیۆلۆن
٦. ئاری عەبدوڵا	کەمان	١٤. ڤیان ئەبوبەکر	فلو... ئاری
٧. دڵسۆز عوسمان	سەنتوور	١٥. ئاڵان ڕەشید	زەرب
٨. ڤیان کەریم	ساز	١٦. ئاڵ. ئەحمەد عەبدوڵا	سینتەر

کۆرسی کچان :

١. ژیار صدیق
٢. ئاوڕنگ ئەحمەد
٣. شانۆ حسەن
٤. شۆخان ئەبوبەکر
٥. تەیفە ئەحمەد
٦. بەیان عەبدولڕەحمان
٧. دڵیان کەریم
٨. لانک مەهدی
٩. دیلمان ئیسماعیل
١٠. نیاز عوسمان محەمەد
١١. چنار مەحمود
١٢. لینا جەلال
١٣. شیلان عەزیز
١٤. دەروون عومەر
١٥. ڕۆناک کەریم

کۆرسی کوڕان :

١. ژانا مەحمود عوسمان
٢. سەڕان جیهاد دڵیاك
٣. ژانیار حەمە کەریم
٤. هۆگر نوری عەباس
٥. محەمەد جەلال عەبدوڵا
٦. ڕاڕا عەقل سەعید
٧. میران ئەحمەد مەولود
٨. هیوا ئەحمەد عەلی
٩. ئاری ئەبوبەکر
١٠. بڕوا بوار نوردین
١١. سەرکەوت عوسمان محەمەد
١٢. پێشڕەو ئەحمەدین
١٣. بەرهەم لوقمان

سوپاس و خۆشەویستیمان بۆ :

- ئامادەیی بازرگانی سلێمانی کۆچان.
- هەموو ئەو خوێندنگایانەی لەم فیستیڤاڵەدا بەرهەڵیمان دابین.
- هەموو ئەو میوانانەی لە بەرهەمەدا بەشداریمان کرد.
- مامۆستا کەژاڵ مەحروف/ ب. ئامادەیی بازرگانی سلێمانی کۆچان.
- مامۆستا هەتاو حەمە سەعید/ ی. بەرێوەبەری گشتی پەروەردە.






Institut Kurdi de Paris







Institut Kurde de Paris

بەشداری کردن لە یادی کیمیابارنکردنی هەڵەبجە لە ساڵی ٢٠٠٥ دا

هەر لەو ساڵەدا واتە (٢٠٠٥) و لە یادی هەڵەبجە لە ١٦ ی ٣ بەشداربووین لە هۆڵی ئەحمەد موختار جاف و ئەمجارە هۆشیار حەمە فەرەج هاتبووەوە و ویستم هەندێ گۆرانی بێژی ناسراو بەشدار بێت، ئەو کاتە هونەرمەند کاک ناسری ڕەزازی مالّی لە دوکان بوو، تەلەفۆنەکەیم لە کاک سابیر کوردستانی وەرگرت و تەلەفۆنم بۆ کرد کە بەشدار بێت و وتی بە ئەرکی خۆمی ئەزانم و بەشدار ئەبم و تەنها ڕۆژێک هات بۆ پرۆڤە کردن و هەندێ کارمان بۆ ئامادە کرد و دوای ئەویش تەلەفۆنم بۆ هونەرمەندی کۆچ کردو حەمە جەزا کرد، بیرم دێت وتی بە خوا سیحەتم تەواو نییە و سەردانی نەخۆشخانە ئەکەم، بۆی نەکرا بەشداربێت.

بەرهەمەکان بەم شێوەیە بوون:

١.(پرسەی گەلاّ) ئاوازو ئامادەکردنی عادل حەسەن ، هۆنراوەی: ئەحمەد محەمەد و حەسەن هەڵەبجەیی، وتنی :سارا محەمەد عەلی و لوقمان سەلیم

٢.(میوان)هۆنراوەی: سیروان محەمەد ڕەشید ، ئامادە کردن: عادل حەسەن، ئاوازو وتنی هۆشیار حەمە فەرەج

٣.(نالّەی بولبول) هۆنراوەی: ڕازی ، ئاوازو وتنی : سابیر کوردستانی

٤.(پە پوولەی نازەنین)هۆنراوەی : حەکیم مە لا ساڵح، ئاوازی: ئازاد ساڵح، وتنی: شیلان عوسمان


٥.هونەرمەند ناسری ڕەزازی، ئەم بەرهەمانەی خوێند (دنیا خەمە، تاسەبار، بارگەی خەم)

هەر لە هاوینی ئەو ساڵەدا کاک هۆشیار حەمە فەرەج هاتبوەوە و وتی سەرەتای ئاوازیکێم داناوە با بۆت بڵیم، پێکەوە چووینە یانەیەک و پێکەوە دوو بەدوو دانیشتین و وتی هۆنراوەکەی (هێمن لەتیف)ە بە ناوی (تا نەڕۆشتی نەم ئەزانی) ئیتر بۆی وتم و منیش هەندێ تێبینم دایە و دوای چەند ڕۆژێک دای بە خەلیل عەبدولاّ و بۆی ئامادەکرد و ئێمەش من بووم، عادل بوو، خەلیل خۆی عودو جۆزەشی دەژەند و لە تیپی خۆمان کاک عومەر عەبدولاّ بۆی تۆمار کردین و ئاوازێکی تری دانا بوو بە ناوی(میوان) ئەویش عادل بۆی ئامادە کردو تەلەفزیونی پەروەردە بۆی وێنە گرت و دوایی هۆشیار خۆی لە بەرنامەیەک

Institut Kurde de Paris

گۆرانییەکەی لە تەلەفزیۆنی کوردسات وێنە گرت و دەنگێکی باشی دایەوە و تا ئێستاش دەوترێتەوە .





بەرهەمەکان :-

١-(پرسەی گەلا) ناوازو ئامادەکردنی : عادل حسن
هۆنراوەی : احمد محمد
وتنی : سارە محمد علی
لوقمان سلیم

٢-(میوان) ناوازو ووتنی هوشیار حمە فرج
هۆنراوەی سیروان حمە رشید
ئامادەکردنی عادل حسن

٣-(نالەی بولبول) ناوازو ووتنی : سابیر کوردستانی
هۆنراوەی : رازی
ئامادەکردنی : مستەفا رەنجەڕۆ

٤-(گۆرانی پە پولە) ناوازو ئامادەکردنی : ئازاد صالح
هۆنراوەی : حکیم مەلا صالح
ووتنی : شیلان عوسمان

٥-(سۆزێك بۆ هەڵە بجە) لەلایەن میوانی خۆشەویستی شارەکەمان هونەرمەندە
(ناصری رەزازی)
أ-دنیا خەمە
ب-تاسەبار
ج-بارگەی غەم

زەنیارەکان :-

١-نازاد صالح	کەمان	٢-عادل حسن	کەمان
٣-رزگار فرج	کەمان	٤-ئاری عبدالله	کەمان
٥-دڵسۆز عوسمان	سەنتور	٦-هۆناد کریم	ساز
٧-دانا ئەیوبەکر	عود	٨-هێوانا ئەیوبەکر	فلوت ـ نای
٩-مارف علی	کلارنێت	١٠-عزیز حمە کریم	چەڵۆ
١١-عمر عبدالله	چەڵۆ	١٢-تانگۆ نازاد	جۆزە
١٣-ئەوزاد عبدالله	دەف	١٤-ئەرکان رۆستەم	زەرب

گۆرسی کچان
١-تریفە احمد
٢-دەرون عمر
٣-شیلان غریب
٤-سارە محمد علی
٥-دیلمان اسماعیل

گۆرسی کوڕان :
١-زانا محمود
٢-بەرۆا بوار
٣-زانیار حمە کریم
٤-پێشڕەو نجم الدین
٥-دارا علی
٦-راستگۆ نازاد

- سوپاس بۆ ئامادەیی بازرگانی کچـــان.
- هەموو ئەو لایەنانەی هاوکاریان کردین.

Institut kurde de Paris







Institut kurde de Paris

هەوڵێکی سەرنەکەوتوو بۆ بەشداری کردن لە ڤیستیڤاڵی کلتوری لە ئەڵمانیا

هەر هەمان ساڵ واتە (٢٠٠٥) هاوڕێیەکمان لە شاری کۆلن لە ئەڵمانیا وەڵامی بۆ ناردین کە سەفەرێک هەیە بۆ شاری (کۆلن)کە بەشداری بکەین لە ڤیستیڤالی کلتووری ئێرانی .ئەڵمانی لە ١٨ی مانگی نۆڤەمبەری ئەو ساڵەدا، ئەویش کاک دڵشاد عومەر کاکی بوو و هەوڵێکی زۆری لەگەڵدابن و ماندووبوو، ڕۆژانە تەلەفۆنی بۆ ئەکردین و ڕێنیشاندەرمان بوو، ئەو کاتە سەفارەتی ئەڵمانیا لە عێراق نەبوو، ئەبوایە بچووینایەتە تورکیا بۆ ڤیزە وەرگرتن.

ئەوەی شایانی باسە ئەندامەکانمان زۆر بوو بریتی بوون لە ١٩ کەس، پارەی زۆری دەویست زۆر هەوڵماندا بە هۆی زۆر لە ئەندامان لەوانە کاک ئازاد کەریم هەوڵی زۆری دا، بەڵام بێ سوود بوو، من لە هاوینی ئەو ساڵەدا ببووم بە بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری هەڵەبجە و سەردانی وەزیرو بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری کە ئەو کاتە حاکم فە رهاد بوو، بە هۆی ئەوەی ماوەیەک لە ئیدارەی گشتی ژمێریار بووم و ڕەوان شاد بایز تاڵە بانی و کاک عوسمان شوانیم لە نزیکەوە ئەناسی و منیان خۆش ئەویست لەگەڵ کاک سەڵاحە ڕەش، کە ئەویش بە هۆی هاوڕێیەتی لەگەڵ دڵشاد لە سەفەرەکە بەشداربوو، چووین بۆ لای کاک فەتاح زاخۆیی و ئەویش وتی بودجەی وەزارەتی ڕۆشنبیری بەش ناکات، دوای ئەوە ڕۆژێکیان فوئادی سازم لەگەڵ بوو پێکەوە چووین بۆ لای وەزیری دارایی کاک بایز تاڵەبانی و من چوومە ژوورەوەو بە ڕێکەوت کاک عوسمان شوانیش لەوێ بوو، ئیتر بۆم باس کردن و وتیان دڵت ناشکێنین و ڕەزامەندییان نیشان دا لەسەر خەرجکردنی بڕیکی زۆر لە پارە و من ئەو کاتە دەوامم هەبوو لە هەڵەبجە وچەند کەسێک چوون بۆ گەنجینە، لەوانە شیلان عوسمان و فوئاد، پارەیان وەرگرت و ئامادە بووین بۆ سەفەر، منیش بۆ ئەوەی تووشی قسە و قسەڵۆک نەبم و پارەکەم دابەش کرد بە سەر سێ کەسدا، لەوانە توانا خورشید و ئەرکان و فوئاد، یانی من تەنانەت ڕوژانە وەک ئەوان پارەم وەرئەگرت، من ئاوا بووم بۆ خۆم، هەوڵی من بۆ ئەوەی هەموو کەس وەک یەک هەستی پێبکات، تەنانەت زۆربەی ئەندامان بە خۆشمەوە پەساپۆرتمان نەبوو، چوومە لای کاک حەمەی فەرەج کە زۆر ڕێزی ئەگرتم و نامەیەکی دامێ بۆ فەرمانگەی پەساپۆرت بەو قەرەبالّغییە بە ڕۆژێک ئەوەی پەساپۆرتی نەبوو، دەرمان کرد کە لە دە کەس

Institut Kurde de Paris

زیاتر بوون، ئیتر شەوێکیان پاسمان گرت و بلیتی فڕۆکەمان کڕی کە ئەو کاتە نرخی بلیت زۆر گران بوو نزیکەی (پانزە هەزارو دووسەد دۆلار، واتە دەفتەرێک و پەنجاو دوو وەرەقە)دۆلارمان دا بە بلیت، پاشان لە هەولێر سواری فڕۆکە بووین من یەکە م جارم بوو سواری فڕۆکە ببم، چووینە بەغدادو لەوێش بە فرۆکەیەکی تر چووینە ئەستەنبوڵ و ئەبوایە بگەشتینایەتە ئەنقەرە و کاک دڵشاد دەلیلی بۆ پەیدا کردبووین وهات بۆ لامان بۆ فرۆکەخانە و دوایش هەر ئەو شەوە چووین بۆ ئەنقەرە و بۆ هەمان شەو دڵشاد پارێزەرێکی ئەڵمانی لە ئەڵمانیاوە گەیاندە ئوتێلەکەمان بۆ ئەوەی کاری سەفەرەکەمان بۆ ئاسان بکات و بۆ سبەی بەیانی زوو من و توانا خورشیدو ئەو پارێزەرە ئەڵمانییە چووین بۆ سەفارەتی ئەڵمانیا لە ئەنقەرە و خەڵکێکی زۆری لێبوو یەکسەر ئەو چووەژوورە و پاش نیو سەعاتیک هاتە دەرەوە و وتی ناوەکانم داوە بە سەفارەت و بەڵکو ڤیزەتان بدەنێ و بۆ ڕۆژی دوایی چەند کەسێکی تر چووینە لای (بە هرۆز گەڵاڵی) کە من بووم، عەزیز بوو و توانا خورشید وسکرتێرەیەکی ئافرەتی تورکی لێبوو دوای ئەوە خۆشی هات، وتمان بەڵکو کار ئاسانیمان بۆ بکات بەڵام پاش یەک دوو ڕۆژێک پارێزەرەکە کە لە هوتێل شەو لەگەڵ من بوو لە ژووریکدا وچووەوە بۆ سەفارەت و کە هاتەوە وتی بە داخەوە ڤیزەتان پێ نەدرا، لەو کاتانەدا پارتی کرێکارانی کوردستان، چالاکی خۆپیشاندانی کردبوو، بۆیە ئەو سەفەرە سەری نەگرت بۆمان، ئیتر لە ئەنقەرە ماینەوە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو هەفتە وبەڵام هوتێلەکەمان گران بوو، ناخۆشیش بوو، بۆیە بەیانیەکەی من و دانای ساز چووین بۆدەرەوە بە ڕێکەوت هۆتێلێکمان دۆزییەوە بە ناوی هۆتیل(مەدحەت)و من بە ئینگلیزی قسەم لەگەڵ پرسگەکە کردو و توانیمان بە نرخێکی گونجاو لەوێ بمێنینەوە و هۆتێلیکی چاکیش بوو و ئەو ماوەیە بۆ خۆمان ئەگەڕاین و بۆ ئێمە شتێکی نوێ بوو، ئەندامان دوو دوو سێ سێ پێکەوە ئەگەڕان و یادەوەری خۆشی تێدا بوو و شەوانە پێکەوە لە هۆتێلەکە قسەی خۆش و سوعبەت و بە سەرهاتی خۆش و پاشان بۆ ڕۆژانی دوایی چووینەوە ئەستەنبوڵ و پاش یەک دوو شەو گەڕاینەوە بۆ سلێمانی، ئەم سەفەرەمان لە ڕێکەوتی ١١تا ١١/٢٤ /٢٠٠٥ بوو و چەندین وێنەمان گرت ئەویش لەگەڵ پارێزەرەکە و ئەندامانداً .

Institut kurde de Paris

Shnrwe musical team
NO :
date:

تیپی مۆزیکی شنروێ
ژمارە : ت
بەروار : ٢٠٠٥/١٠/٢٥

بۆ / لایەنە پەیوەندی دارەکان

سلاوێکی هونەری
تیپی مۆسیقای شنروێ بانگهێشت کراوە بۆ بەشداریکردن لە فێستیڤاڵی تانترێ ئێرانی-ئەڵمانی کە لەشاری کۆڵن ی ئەڵمانیا لە(١٨) ی نۆڤەمبەری ئەمساڵدا ساز دەکرێت ژمارەی ئەندامانی بەشداربوو (١٩) ئەندامە بۆ ئاگاداری بەرێزتان.

ژ	ناوەکان	ژەنیاری	پلە	ژمارەی پاسپۆرت
١-	آزاد حمه صالح صابر	کەمانچە	سەرۆک تیپ	1822196
٢-	عادل حسن حمه امین	کەمانچە	ئەندام	0913010
٣-	توانا خورشید محمد	کەمانچە	ئەندام	0151863
٤-	حمه عزیز حمه کریم	عود	ژێرباز	1822222
٥-	توانا ابوبکر قادر	فلوت-شمشاڵ	ئەندام	1822218
٦-	دانا ابو بکر قادر	سەنتور	ئەندام	1822207
٧-	فواد کریم علی	ساز	ئەندام	0912989
٨-	ارکان روستم توفیق	زەرب	ئەندام	1822962
٩-	تانگۆ آزاد حمه صالح	دەهۆڵ	ئەندام	1822190
١٠-	عمر عبدالله محمد	چەلۆ	ئەندام	0913013
١١-	جنگین جمال علی	دایرە-دەف	ئەندام	0913005
١٢-	اکرم حمه رشید احمد	گۆرانی بێژ	ئەندام	1822189
١٣-	ئازاد کریم علی	گۆرانی بێژ	ئەندام	1822223
١٤-	لقمان سلیم فتاح	گۆرانی بێژ	ئەندام	0912987
١٥-	بهروز علی حمه رحیم	گۆرانی بێژ	ئەندام	1822188
١٦-	شیلان عثمان عزیز	گۆرانی بێژ	ئەندام	0913007
١٧-	کوچەر عمر عبدالله	گۆرانی بێژ	ئەندام	0299068
١٨-	صلاح احمد رشید	شانۆکار	-	1518362
١٩-	بی‌کەرد احمد رشید	شانۆکار	-	1520389

دەستەی بەڕێوبەری
تیپی مۆسیقای شنروێ

Institut Kurde de Paris



هۆتێل مەحت ئەنقەرە لەگەڵ پارێزەرە ئەڵمانیەکە



ئەنقەرە . چێشتخانەیەک .ئەکرەم . دانای ساز . ئازاد

stitut kurde de Paris

چالاکی هونەری ساڵی ٢٠٠٦

ئامادەکردنی بەرنامەیەکی هونەری بۆ کەناڵی کوردسات

لەو ساڵەدا توانیمان یەک چالاکی هونەری بکەین ئەویش بە هەوڵێکی زۆر و پەیوەندی بەردەوامم هەبوو لەگەڵ کاک ئیبراهیم ئەحمەد ئامادە کاری بەرنامەی (ئاوێنە)لە کەناڵی کوردسات، تا توانیمان بەرنامەیەک ساز بکەین بە پەخشی ڕاستەوخۆ لە شەوی ٢٠٠٦/٨/٣١ و چەند گۆرانی و گۆرانێبێژمان ئامادەکرد و بۆ هەر یەک لە :

بەهرۆز بەڵخەیی

ئازاد کەریم

ئیسماعیل سابووری

ئەکرەم حەمە ڕەشید

دڵسۆز عوسمان کەیمنەیی

لەکاتی تەلەفۆن کردندا ئاراس شێخ جەمال و مەحمود ئەحمەد عبدالرحمن لە سویدەوە و کاک دڵشاد عومەر کاکی لە ئەڵمانیاوە قسەیان کرد دەربارەی ئەو بەرنامەو چالاکییە.



Institut kurde de Paris





Institut Kurde de Paris

ساڵی ٢٠٠٧ کاک عادل حەسەن بەرهەمێکی بۆ بەهرۆز بەڵخەیی ئامادەکرد

لەوانەیە بۆ هەموو کەس ئاشکرا بێت کە من ببومە هۆی دروست بوونی زۆربەی زۆری ئەو چالاکییانە و من لەو ساڵەدا کێشەی تایبەتی ژیانی خۆم هەبوو، هێندە نە ئەپەرژامە سەر هونەر و کەم کەم سەردانی تیپەکەم ئەکرد و هەندێ ئەندامیش باکیان نەبوو بە بوونی چالاکی تیپەکە، چونکە کاری تریان لە دەرەوەی تیپەکە ئەکرد و خەم سارد بوون، بیرم دێت کاک عادل وتی کاک بەهرۆز بەڵخەیی ئاوازێکی هەورامی هێناوە و حەز ئەکەم بە ناوی تیپەکەوە بێت، وتم بۆ نا چاکە ئیتر هەر خۆی و یەک دوو ئەندامی تیپەکە لە ستۆدیۆکەی کاک عومەری چەلۆ تۆماریان کرد و عادل بەشی بەرز بوونەوەکەی بۆ زیاد کرد و مۆزیکەکەشی ئامادەکرد، مانگی یانزەی ساڵی (٢٠٠٧)بوو کۆتایی پایز بوو پاسمان گرت و چووینە گوندی بەڵخە، چونکە یادەوەری کاک بەهرۆز بەڵخەیی تێدا بوو، بە ناو باخەکاندا چووینە خوارەوە لای تاقگەی ئاوێک وێنەمان گرت وتا ئێوارە لەوێ ماینەوە و بۆ نیوەڕۆکەی عەزیز چوو بۆ تەوێڵەو یەکی لەفەیەک کەبابی بۆ هێناین و نانمان خوارد وجارجارەش شوێنەکەمان بۆ ئەگۆڕێ و زوو زوو دەچووین هەناری وردمان لێ دەکردەوە و کامێرامانەکە: کاک بڕیار فەتاح بوو، لەکۆتایی کە هاتینە سەرەوە وێنەیەکمان گرت، بە کامێرامانەکەم وت لە دوورەوەش وێنەی دێی بەڵخە بگرەو دوایش خستیە ناوگۆرانییەکە و پاش نیشاندانی لەهەموو تەلەفزیۆنەکان سەرکەوتنیکی باش و ناو بانگێکی باشی دەرکرد.



بەهرۆز بەڵخەیی

Institut Kurde de Paris

حسین نعمه وەک میوان لەوێ ئامادە بوو، بەڵام گۆرانی نەگوت

لەم ساڵەدا چالاکی هونەریمان زۆر کەم بووەوە، وردە وردە بەرەو پووکانەوە ئەچوو هۆکارەکان زۆرن چ لە رووی مادی و مەعنەوی بە تەنگەوە نەهاتنی زۆربەی ئەندامان، بۆیە من ئەو ساڵە بە شداریم نەکرد لە یادی شانزەی سێی ئەو ساڵە، بەڵام ئەندامانی تر بەبێ من بە شداریان کرد، بۆیە هیچ یادەوەریەکم لە گەڵیدا نییە ئەوەی هەیە من لە یادەوەریمدا نووسیومەتەوە و بەم شێوەیە بووە کە من بەشدار نەبووم تێیدا، بەشداری کردن لە فێستیڤاڵی هەڵەبجەی شەهید ڕێکەوتی ٢٠٠٨/٣/١٦ بە هاوبەشی هونەرمەندان زاهیر جەلال و کاروان مەحمود و مەهابات عوسمان لە هۆڵی ئەحمەد موختار جاف لە هەڵەبجەی شەهید

١.(پرسەی گەلاّ) هۆنراوەی: ئەحمەد محەمەد، ئاواز و ئامادەکردنی: عادل حەسەن. وتنی: کاروان مەحمود و مەهاباد عوسمان

٢.(لەم شارەدا) هۆنراوەی: جەوهەر کرمانج ، ئاوازی : عەزیز حەمە کەریم، وتنی: کاروان مەحمود و مەهاباد عوسمان

٣.(سێ فرمێسک) هۆنراوەی: سوارە قەڵادزێی، ئاوازی : ئازاد صالّح، وتنی: زاهیر جەلال.

پاشان لە هاوینی هەمان ساڵ لە کەنالّی (الفیحاء) بۆ یادی دامەزراندنی کەنالّەکە لە هۆتێل (پالاّس) چەند گۆرانییەکمان پێشکەش کردن و تێپێک لە (بەسرە)شەوە هاتبوون، ئەو شەوە هونەرمەندی ناسراو(حسین نعمە) وەک میوان لەوێ ئامادە بوو، بەڵام گۆرانی نەگوت.

هەر هەمان هاوین گۆرانی بێژ شاخەوان کەیخەسرەو لە هەندەران هاتبووەوە و ڕۆژێک لەبەردەم چایخانەی الشعب دیم، زۆر لە زووە ئاوازێک لە ناخم هەبوو، چیرۆکی ئەم ئاوازە ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٧٠) کە ئەو کاتە نەچووبوومە دنیای مۆزیکەوە، هاوینەکەی باوکم: (ساڵحی مەلا سابیر) لە مەزادخانەی خوارەوەی سلێمانی تەسجیلیکی گۆرەندیکی گەورەی کڕیبوو، هێنایە ماڵەوە، زۆر دڵم پێی خۆشبوو، هەندێ شریتی بەکرەی لەگەڵ بوو کە دوو کەسی شارەزووری گۆرانی

Institut kurde de Paris

به لەنجەیان ئەوت زۆر سەرسام بووم پێی، شیعرەکانی ئەوەی کە لە یادم بێت بەم شیوەیە بوو :

(ئای بە لەنجە بە لەنجە بە لەنجەکەی ئەو بەرۆ ...هۆ کچێ بە جێم مەهێڵە دوو ماچت هاوەسەرۆ/ ئای بە لەنجە بە لەنجە بەلەنجەم پێ نەماوە .....دوێکە لە مالّی ناهی دەسرپەکەم لێ جێماوە

ئای بە لە نجە بە لەنجە .....

بە قوربانی تۆی ئە کەم گرێزەو کانی پانکە

بەکرەیەکی تر ئەم گۆرانییەی تیدا بوو، گۆرانییە کە باو بوو ئەو کاتە:

(ئەرێ یەزن کاکە یەزن شێخەکان بیپاریزن، فەتە ڕۆ برا ڕۆ)

دوای ئەوە هەندێ شریتی تری کڕی لەوانە دوو ئاوانەکەی ڕەفیق چالاک و ئای بۆ هەلامەی عوسمان کەیمنەیی و چەندینی تر، جار جاریش لە مالّەوە باوکم گۆرانی سەید عەلی ئەسغەری بۆ ئەوتم و تۆماری ئەکرد.

ئەو کاتانە سەردانی خزم و کەسوکار زۆر بوو، هەفتەی جارێک یان ئێمە ئەچووین بۆ مالّی حاجی عیزەت خالّی باوکم یان ئەوان ئەهاتن. ئەو کاتە کاک شەوکەتی کوڕی لە کۆلێجی ئەندازە بوو شەوێکی هاوین بوو گۆرانی (نخل السماوة)ی حسین نعمەی وت و تۆماری کرد زۆر خۆش بوو لەلام، بەڵام وتی بۆ کەسی لێمەدەن، بەڵام من هەر جار جار بۆ خۆم گوێم لی ئەگرت.

بە هەر حالّ شاخەوان ڕۆژێک هات بۆ تیپ و من دەستکاری ئەو گۆرانییەم کردو کۆپلەم بۆ زیاد کرد و دوایش سالّانی هەشتاکان گۆرانییەکی ترم لە حەمە لامەرکەزی بیستبوو (هەلام هەلامە .... عەمرەکەمی کەنی) ئەو ڕۆژە عادلم بانگ کرد بۆ تیپ و وتم ئەم دوو گۆرانییەی بۆ ئامادە بکە، من بوارم نییە ئەویش تۆنی گۆرانیەکەی وەرگرت و وە شاخەوان ئامێریکی زەربی بە دیاری بۆ هینابووین.

لەماوەیەکی کەمدا عادل تۆماری کردو لەگەلّ سولۆی جۆزەکە، توانا خورشید خستیە سەری لای کاک عومەری چەلۆ و (ئاشتی) خێزانیشی بە سوپاسەوە بووە کۆرس وهۆنراوەکەشی کاک(دیار هەلّەبجەیی) هەندێ لەهۆنراوەکەی گۆڕی و سەردەمیانەی کرد، ئامادەبوو بۆ وێنەگرتن، شاخەوان کامێرامانێکی کەنالّی زاگرۆسی هێنا و وتی: تیپی هەلّپەڕکێ ئەهێنم بەڵام کەسی دەست نەکەوتبوو، ناچار خوشک و برای خۆی هێنا.

Institut Kurde de Paris

ڕۆژی ١٤/ ١١ /٢٠٠٨ بە پاس چووین بۆ باخەکانی گوڵان و کامێرامانەکە کە هەر ڕای ئەکرد کاتی وێنەی ئەگرت وئەیگوت ئەمە شێوازی تازەیە من گاڵتەم لێئەهات و بڕێکی زۆر پارەمان دایە و کاتێ مۆنتاجی کرد هیچ تەلەفزیۆنێک لێی وەرنەگرتین، تەنها کەناڵی جەماوەرنەبێت، زۆر لێی ئەدا و چووە ناو خەڵکەوە شاخەوان چەند تراکێکی تری تۆمار کردبوو، ئاکۆ عزیز بۆی کردبوو زۆر ئەکادیمی بوو، بەڵام بیرم دێت هەموو تۆمارگەکانی سلێمانی ئەوەی ئێمەیان زیاتر لێدەدا تا وایلێهات کاک فەرهەنگ غەفور لە هەولێر و ئاڤان عوسمان گەشتێکیان کردبوو بە ناو گۆرانییەکانی ناوچە جیاوازەکاندا، کۆتا گۆرانی، بەگۆرانی بەلەنجەی شاخەوان تەواوی دەکات .



شاخەوان کەیخەسرەو، کاتی وێنەگرتنی گۆرانی (ئای بەلەنجە) لای باخەکانی گوڵان



کۆرسەکان

Institut kurde de Par

چالاکی سالّی ٢٠١٠

ئامادەکردنی بەرنامەیەک بۆ هونەرمەند سابیر کوردستانی

زۆر دەمێ بوو ئەمانویست بەرنامەیەکی تایبەت بۆ هونەرمەند(سابیر کوردستانی) لە کەنالّی (کوردسات)سازبکەین، بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندیم کرد بە برای بەڕێز کاک (ئیبراهیم ئەحمەد)ەوە تا بەرنامەیەکی تایبەتمان بۆ بکات لە بەرنامەی (میلۆدی) بە ڕاستەوخۆ، ئەویش بە سوپاسەوە لە شەوی ٢٠١٠/١/٢٩ ئەو بەرنامەی بۆ سازکردین و تێدا چەند گۆرانییەکی وت کە زۆربەی ئاوازەکانی هی خۆی بوو، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک پرۆڤەمان کردو توانیمان بەرنامەیەکی سەرکەوتووی بۆ بکەین و ئەوەی لە بیرم مابێت ئەم گۆرانیانەی تێدا وت :

١.گۆرانی (ئەمیرەگیان) لە ئاوازو هۆنراوەی سابیر کوردستانی و ئامادە کردنی مۆزیک (مستەفا ڕەنجەڕۆ) بوو.

٢.گۆرانی (بەڵێن بێ) لە ئاوازو هۆنراوەی سابیر کوردوستانی و ئامادە کردنی مۆزیک (سەباحی سەنتوور)بوو.

٣.گۆرانی (خۆم غەریبم)ئاوازو هۆنراوەی سابیر کوردستانی و ئامادە کردنی (سەباحی سەنتوور)بوو.
وە دوو گۆرانی تری وت لەبیرم نەماوە چی بوون .

تۆمارکردنی چەند بەرهەمێک بۆ منالّان

هەرهەمان ساڵ کە لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٩) ببومە لێپرسراوی (خانەی مۆزیکی منالّان) چەندین فەرمانبەرم لەگەڵ بوون، لەوانە هونەرمەند بێستون گورجی، شوان سەعید، دێرین دلێر، فەرمانبەران: ئامانج ، سەرکەوت، توانا عەلی، نزار ژاژلّەیی و عوسمان ڕەشید، لە ژنان: نازەنین ،ڤیان، میدیا ، فەرمانبەرێک بە ناوی روناک کە کچیکی دەنگ خۆشی هەبوو بە ناوی (ڤانیا) زۆربەی گۆرانیەکان بە دەنگی ئەو تۆمار کران. هەروەها چەند فەرمانبەرێکی تر کە ژمارەیان لە (٢٠)فەرمانبەر زیاتر ئەبوون، ئەو کاتە کاک (تاهیر عەبدولّا) بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری منالّان بوو، یەکەمین چالاکیمان بوو، کاک بێستون تیپێکی منالّانی دروست کردبوو سەر بە خانەی مۆزیکی منالّان بوون، بۆ ئەم مەبەستەش چەند گۆرانییەکمان تۆمارکرد، لەڕۆژی ٢٠١٠/٣/٢٤ بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە لە هۆڵی ڕۆشنبیری نمایشمان کرد لەگەڵ بەرهەمی چەند هونەرمەندێکی تر کە فەرمانبەر بوون لام، لەوانە بێستون گۆرجی، شوان سەعید، دێرین دلێر، زانا ژاژلّەیی، ئەم بەرهەمانە لە ستۆدیۆی (لاوە) کە هونەرمەند مامۆستا عومەری چەلۆ بۆی تۆمارکردین و (میکس و ئەڕەنج)ی بۆ هەموو ئەو بەرهەمانە کرد و بەرهەمەکانی بریتی بوون لەم گۆرانیانە :

	ناوی گۆرانی	ئاوازو هۆنراوە	وتنی
١	ئێمە منالّین جوانین	ئازاد سالّح	ڤانیا عەبدولّا + کۆرس
٢	شنەی بای شەمالّ	ئازاد سالّح	داستان لەتیف + کۆرس
٣	جەژنی منالّ	ئازاد سالّح	ڤانیا عەبدولّا + کۆرس

Institut kurde de Paris

١. هۆنراوەی گۆرانی : (ئێمە منالّین جوانین)
هۆنراوەو ئاوازی ئازاد سالّح، تۆمارکردن و ئەرێنج کردنی (عومەر عەبدولّا)
(ستۆدیۆ لاوە)

ئێمە منالّین جوانین گولّی باخچەی ژیانین
پرشنگی خۆری بەیانین ها ها ها
شنەو نەشئەی بای شەمالّین ها ها ها
خونچەی کراوەی گولّین نەغمەی دەنگی بولبولین
ئێمە گولّی نەوبەهاری ئەم دەشت و هەردەین
بۆنی گولّالّەو نێرگزی ئەم چیاو دۆلّەین
ئێمە نمەی بارانین خەندەین بزەین گۆرانین
ئێمە نەوەی پاشەڕۆژی ئەم کوردستانەین
چراومەشخەلّی ڕووناکی و بیری تازەین
با هەموومان پێکەوە دەست بگرین بۆ پێشەوە
ئێمە منالّین جوانین گولّی باخچەی ژیانین
پرشنگی خۆری بەیانین ها ها ها
شنەو نەشئەی بای شەمالّین ها ها ها
خونچەی کراوەی گولّین نەغمەی دەنگی بولبولین

٢. هۆنراوەی گۆرانی (شنەی بای شەمالّ)، ئاوازو هۆنراوەی ئازاد سالّح
تۆمارکردن و ئەرێنج کردنی (عومەر عەبدولّا) (ستۆدیۆ لاوە) وتنی: داستان
لەتیف + کۆرس
کۆرس
شنەی بای شەمالّ شنە شنیەتی ئەمان لەنجێنێ
ئاوی کانیاویش پاراومان ئەکات ئەمان لاوێنێ
گۆرانی بێژ
ئێمەی منالّیش چەشنی پەپولە بالّ ئەشەکێنین
بۆنی گولّالّە وەهەلّالّەی ڕەنگین ئەمان تاسێنی

Institut kurde de Paris

کۆرس
شنەی بای شەمالّ شنە شنیەتی ئەمان لەنجێنێ
ئاوی کانیاویش پاراومان ئەکات ئەمان لاوێنێ
هاوڕێی گشتانین ئێمەی منالّ
دەم بەپێکەنین وەک گوڵی ئالّ
زیاتر لەجاران نازمان بکێشن
خەم و پەژارە لە دلّ لابەرن
تیشکی خۆری دەم بەیانین
نەوەی دواڕۆژی کوردستانین

کۆرس
شنەی بای شەمالّ شنە شنیەتی ئەمان لەنجێنێ
ئاوی کانیاویش پاراومان ئەکات ئەمان لاوێنێ

۳. هۆنراوەی گۆرانی (جەژنی منالّ)

هۆنراوە و ئاوازی: ئازاد سالّح، تۆمار کردنی دەنگ و ئەرێنج کردنی (عومەر عەبدولّا) ستۆدیۆ (لاوە لە سلێمانی) وتنی: ڤانیا عەبدولّا + کۆرس

ئەی منالّانی ئەم جیهانە جەژنتان پیرۆز
شادی و ئازادی هیوامانە خۆشەویستی و سۆز
هەموو بە یەک دەنگ هاوار ئەکەین مژدەی ئازادیتان پێ ئەدەین
ئەی منالّانی ئەم جیهانە ئەی منالّانی ئەم جیهانە
ئەی منالّانی ئەم جیهانە نەوەی دوا ڕۆژی مرۆڤانە
ئەی منالّانی ئەم جیهانە نەوەی دوا ڕۆژی مرۆڤانە
هەڵئەپەڕین سەما ئەکەین خەمی کۆنمان بە با ئەدەین
دنیای شادی ئەهێنین بزەو خەندە ئەچێنین
ئەی منالّانی ئەم جیهانە ئەی منالّانی ئەم جیهانە

Institut kurde de Paris

لە ڕۆژی/٤/١٠/٢٠١٠ لە هۆڵی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد لە سلێمانی بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی مۆزیکەوە بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری منالاّنی سلێمانی (کۆنسیرتی مۆزیک و گۆرانی منالاّن)ی ساز کرد بۆ خانەی خەبات و خانەی مۆزیک کە من لێپرسراوی بووم، تێدا چەند بەرهەمێک پیشکەش کران، ئەوەی پەیوەستە بە خانەی مۆزیکەوە کە چەند بەرهەمێک تێدا پێشکەش کران لەوانە :

ژ	گۆرانی	ئاوازو هۆنراوە	وتنی
١	پارچە مۆزیکی کەتان	ئاوازی بێستون گورجی	ناوەکەیم بیرچۆتەوە
٢	گۆرانی پەڵە	هۆنراوەی کەمال میراوەلی. ئاوازی بێستون گورجی	کۆرس
٣	کـــەو	ئازاد سالح	ڕەنگین و دییە
٤	ئێمە منالێن جوانین	ئازاد سالح	کانی شوان
٥	پشیلە	هۆنراوە:سالار محەمەد	ناوەکەیم بیرچۆتەوە
٦	ناوی گۆرانییەکەم بیرچۆتەوە	ئاواز:عادل حەمە سەعید	سابات ئامانج

ئەمەش هۆنراوەی گۆرانی (کـــەو) کە لەو کۆنسێرتە پێشکەشکرا:
لە ستۆدیۆ (لاوە) تۆمار کراوە لای مامۆستا عومەری چەلۆ

کچ :
دایکە دایکە وا کەوەکەم پشیلە سوورەی ڕاونا
کەس نەیزانی بۆ کوێ چوو هەتا توانی بۆی دەرچوو
پشیلە سوورە بە کوێیا چوو ئەرزی درێ بۆی دەرچوو

نەکەی نەکەی پشە سوورە ئازاری کەوم بدەی
کەوی من زۆر ئازایە زیرەک و بە توانایە

کۆرس :
کەوی تۆ زۆر ئازایە زیرەک و بە توانایە

پشیلە سوورە بەکوێیا چوو ئەرزی درێ بۆی دەرچوو

دایک :
ڕۆڵە کچم ئەو کەوە جوانە بەردە لە کۆت دیلی قەفەس ڕزگاری کە
لێی گەڕی با ئازاد بێ بۆ خۆی دەروونی شاد بێ
کەوی کچم بۆ کوێ چوو بۆ ئاسمانی بەرین چوو

Institut kurde de Paris



Institut kurde de Paris

بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری هەڵەبجە ڕێزیان لێنام

ساڵی (٢٠١٠) بـرای بەڕێـزم (ئیبـراهیم هەورامـانی)بەڕێـوەبەری ڕۆشـنبیری هەڵەبـجە بـوو، بڕیـاری دا کە ڕێزلێنـانێکی شایسـتەم بـۆ سـاز بکـات لە ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/٥ لە پـای مانـدوو بـوون و خزمەتـی مـۆزیکی نـاوچەی هەڵەبـجەو شارەزوورو هەورامان، بۆ ئەم مەبەستەش ئەندامانی تیپی مۆزیکی شـنرۆ ڕ وەک مـۆزیکژەن ڕ وەک گـۆرانی بێـژ، ئامـادەیی خۆیـان نیشـان دا کە لەگەڵ ڕێزلێنانەکە چەند بەرهەمێکی بەندە پێشکەش بکەن و گۆرانی بێژان کاک بەهـرۆز بەڵخەیـی و کـاک ئـازادە ڕەش یەکـی چەنـد گۆرانییەکیـان وت وخەڵکـانێکی زۆر ئامـادە بـوون ڕ وەک کەس و کـار لە دایکـم و خۆشـک و براکـانم و کوڕەکـانم و چەندین کەسایەتی هەڵەبجەو سلێمانی ئامـادەبوون و چەند بەڕێزێک وتاریان خوێندەوە و ئەو کاتە کاک عەباس عەبدولڕەزاق بەڕێوەبەری گشـتی ڕۆشـنبیری سلێمانی بوو، مامۆستا گەزیزە عومەری نارد لە جیاتی خۆی وهەروەها کاک نیاز

نـوری نەقیبـی سـەندیکای هونەرمەنـدانی کوردسـتان و کـاک تـاهیر عەبـدوڵا بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری منالاّن و کاک ئازاد تۆفیق وتاریکی خوێندەوە و چەندین کەسایەتی چەپکە گوڵیان پێشکەش کردم و کاک ئاسۆ بامۆکی، کاک ئاسۆ عەبدول لەتیفـی وەک نـوێنەری خـۆی نـاردبوو بـڕی (٥٠٠) دۆلاری پێشـکەش کـردم، بەڕێوەبەری ڕۆشـنبیریش مەدالیـایەکی زێڕینیـان پێشکەش کردم کە نـرخەکەی بـایی یەک ملیـۆن دینـار بـوو، کە وێـنەی خـۆمی تێـدا دروسـتکرابوو، هەروەهـا پاداشتی هەموو ئەندامانی تیپی مۆزیکیان کرد لەگەڵ نان خواردنی ئەندامان، ئەم مەراسیمەش لە هۆڵی ئەحمەد موختار جاف ئەنجام درا.

ئەوەی شایانی باسە من ئەو کاتە خەریکی نۆژەن کردنەوە خانوەکەم بووم لە سلێمانی و قەرزار بووم دوای ماوەیەکی کەم ئەو مەدالیـا زێڕینەم فرۆشتەوە بە نرخێکی کەمتر بە هۆی قەرزەوە ئەو یادگارییەم لە دەستدا .



Institut Kurde de Paris





Institut kurde de Paris

جەژنی نەورۆز و چەند چالاکییەک بۆ منالّان

وەک ئەوەی لیپرسراوی خانەی مۆزیکی منالّان بووم هەستم بە بەرپرسیارێتی ئەکرد بۆ ئەوەی کاروچالاکی هونەری گۆرانی و مۆزیکی منالّان گەشە بکات و هەمیشە فەرمانبەرەکان وەک شانەیەکی هەنگ هاوکارم بوون، لەو فەرمانبەرانە کە توانایەکی هونەری گەر کەمیش بوایە هەمیشە هانم ئەدان بۆ ئەوەی ئاواز دانێن و برەو بە توانای هونەریان بدەن، وە لە مانگی ٤ی ئەم ساڵەدا وەک خانەی مۆزیک بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە چالاکییەکی ترمان ئەنجام دا وەک خانەی مۆزیک کە سوودم لە قوتابیانی قوتابخانەی سەرچنار وەرگرت بۆ تۆمار کردن و ئەنجام دانی ئەو کۆنسێرتەومامۆستا عومەر عەبدولّا چەلۆ خاوەنی ستۆدیۆ (لاوە) دەنگەکانی بۆ تۆمار کردین، کە من (٢) ئاوازی نوێم دانا تێدا بەم شێوەی خوارەوە:

ژ	ناوی گۆرانی	ئاوازو هۆنراوە	ووتنی
١	سەیران	ئازاد سالّح	سیڤان + کۆرس
٢	سالّێکی نوێی خۆش	ئازاد سالّح	ئاشتی عارف + کۆرس

١.هۆنراوەی گۆرانی (سەیران)

کۆرس:

دەی وا وەرن ئەی منالّان بچین بۆ گەشت و سەیران
با هەڵپەڕین و سەما کەین خەمی ڕابردوو بە با دەین

گۆرانی بێژ:

ئێمە کۆتری ئاشتی ژینین قاسپەی کەوی چیای بەفرینین
ئێمە بزەین ئێمە خەندەین بەستەو هەڵبەستی جوانین

کۆرس:

دەی وا وەرن ئەی منالّان بچین بۆ گەشت و سەیران
با هەڵپەڕین و سەما کەین خەمی ڕابردوو بە با دەین

گۆرانی بێژ:

ئێمە گوڵی باخی ژینین پروشەی بەفری زیوینین

Institut kurde de Paris

ئێمە نێرگزو وەنەوشەی وەرزی بەهاری سالّین
کۆرس:
دەی وا وەرن ئەی منالّان بچین بۆ گەشت و سەیران
با هەلّپەڕین و سەما کەین خەمی ڕابردوو بە با دەین
کۆرس:
سەیرانمان خۆش بوو گەشتی بەهەشت بوو
ڕۆژ تا ئێوارە دەم بە پێکەنین
بەخۆشی و شادی گەردن ئازادی

٢. هۆنراوەی گۆرانی (سالّێکی نوێی خۆش)

کۆرس:
سالّیکی نوێی خۆش سالّێکی نوێی خۆش
سالّێکی نوێ سالّێکی نوێ سالّێکی نوێی خۆش

باوک:
ڕۆڵّەی شیرینم جگەر گۆشەکەم تۆی ئاسودەیی بیرو هۆشەکەم
کاتێ کەدەنگی گڕوگالّت دێ ژێی هەست و نەستم هەمووی ئەبزوێ

کۆرس:
سالّێکی نوێی خۆش سالّێکی نوێی خۆش
سالّێکی نوێ، سالّێکی نوێ سالّێکی نوێی خۆش

دایک :
وەرە باوەشم کۆرپەلەی دایە بەدەنگی نەرم بۆت کەم لای لایە
تۆ تابلۆیەکی پڕسیحرو خەیالّ جیلوە و ئاوازی گڕوگالّی مالّ

کۆرس:
هەموو با پێکەوە گۆرانی بلّێین مۆمی سالّێکی نوێ باداگیرسێنین
دنیای خۆشی خەیالّ پڕبێ لە گولّی ئالّ
سالّێکی نوێی خۆش سالّێکی نوێی خۆش

Institut Kurde de Paris

happy berth day to you	Happy berth day to you
happy berth day	Happy berth day
Happy berth day to you	

کۆرس :

ساڵێکی نوێی خۆش	ساڵێکی نوێی خۆش
ساڵێکی نوێ ساڵێکی نوێ	ساڵێکی نوێی خۆش





Institut kurde de Paris

ڕێزلێنان بۆ هونەرمەند عوسمان کەیمنەیی

مانگی ٨ی هاوینی ساڵی (٢٠١١) بوو ئەو کاتە تەلەفزیۆنی (کە ی ئێن ئێن) چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کاک عوسمان کەیمنەیی ئەکرد و بۆ ئەو مەبەستەش بەڕێزی منی دەست نیشان کردبوو کە قسە لە سەر کارە هونەرییەکانی بکەم، وێنەکانی ئەو لە باخی گشتی سلێمانی گیرابوو، منیش ئەو کاتە لێپرسراوی خانەی مۆزیک بووم لە گەڕەکی مامۆستایان نزیک مزگەوتی قازی محەمەد، کات نزیکەی ١٠ ی سەر لە بەیانی بوو، تەلەفۆنێکم بۆ هات لە پێشکەش کاری بەرنامەکەوە کە بتوانم دەربارەی کەسایەتی هونەری بدوێم وپاش کات ژمێرێک کامێرامانێک و پێشکەش کارەکە هاتن بۆ فەرمانگەکە منیش ماوەی چارەکە کاتژمێرێک لەسەر کارەکانی و توانای هونەری دوام، دوای نزیکەی ١٠ رۆژێک بەرنامەکە پێشکەشکراو پەخشکرا، لەو بەرنامەدا بەڕێکەوت کاک مەلا بەختیار بەرنامەکەی دیبوو کە تێدا باسی ژیان و گوزەرانی خۆی کردبوو، کاک عوسمان کە لە هەڵەبجە بوو لە فەرمانگەی ئاو کارمەند بوو من جار جار ئەمدی ئەچوو بۆ لای بیرە ئیرتیوازیەکەی شەهیدان دەوامی ئەکرد و بە بڕێک پارەی خانەنشینی کەم گوزەرانی ئەکرد، لە ساڵانی نەوەدەکاندا یەکێتی هونەرمەندان مانگی بڕێک پارەی وەک ڕێزلێنان بۆ هەندێ هونەرمەند تەرخان کردبوو کە مێژوویەکی هونەریان هەبوو منیش یەکێک بووم لەوانە، ئیتر کاک عوسمان لەو بەرنامەیە باسی ئەوەی کردبوو کە ڕێزلێنانێکی هەبووە ئەوەشیان بڕیوە، بۆ بەیانی ئەو شەوەی دوای پەخش کردنی بەرنامەکە سکرتێری کاک بەختیار تەلەفۆنی بۆکردم کە ئێوارە کات ژمێر ٤ بچین بۆ لای، منیش بە دوو ئەندامی (تیپی مۆسیقای شنرۆێ)م وت کە لەگەڵم ئامادە بن، ئەوانیش (کاک عادل حەسەن و توانا ئەبوبەکر) بوون وهەروەها تەلەفۆنیش بۆ کوڕی کاک عوسمان کرابوو، عەسرەکەی چووین بۆ نوسینگەکەی و کاک عوسمان هەموو کوڕەکانی لەگەڵ خۆی هێنابوو وەک موختارو دڵسۆزو ئەوانی تر، کاک نیاز نوریش وەک نەقیبی سەندیکای هونەرمەندان ئامادە بوو، کاک عوسمان و کوڕەکانی گلەیی زۆریان کرد و ئەویش بە سنگ فراوانیەوە ڕەخنەکانی وەرگرت و کە چووینە لای و تەوقەم لەگەڵ مەلا بەختیار کرد وتی

Institut Kurde de Paris

کاک ئازاد (تۆ جارێ بەبەرتەوە ماوە ڕێزلێنانت بۆ بکەین)، دوای گفتوگۆیەک بۆ ماوەی کاتژمێرێک، من بە مەلا بەختیارم وت بەڵکو پەیکەرێکیشی بۆ دروستبکەن، وتی باشە، لەوێدا دیارییەکی گرانبەهای پێشکەش بە کاک عوسمان کردو و مانگانە بڕێک مووچەی بۆ بڕییەوە ئیتر نازانم تاکەی بەردەوام بوو، بۆ تیپی ئێمەش وتی هەموتان جل و بەرگی یەکپۆش دروستبکەن، بڕێک پارەی بۆ تەرخان کردین بۆ کڕینی جل و بەرگ .. ئەرکی ئەنجام دانی ئەو ڕێزلێنان و کۆنسێرتەی خستە ئەستۆی (بنکەی ڕوناکبیری گەلاوێژ)و (سەندیکای هونەرمەندان) ئەم ڕێزلێنانە ڕەوانشاد (ئاسۆ سوارە) سەرپەرشتی کرد، کاک ئەیوب ڕۆستەمیش وەک ڕۆشنبیرێکی هەورامان هاوکاری کرد، عەسرێکیان من و کاک ئاسۆ و کاک ئەیوب و دڵسۆزی کوڕی کاک عوسمان بە پیکابێکی دەبڵی کاک ئەیوب کە کوڕەکەی شۆفێری ئەکرد چووین بۆ تەوێڵە بۆ ئەوەی لەوێ ئەنجامی بدەین و شوێنمان دیاری کرد، بەڵام پاش ماوەیەک شوێنەکەیان گۆڕی بۆ ناحیەی بیارە و پەیکەرەکەش درا بەدروست کردن ولە گۆڕەپانی بیارە لە ڕۆژی ٢٠١١/١٠/١٠ کۆنسێرتێکی شایستە ئەنجام درا و مەدالیای ڕێز لێنانی پێشکەش کرا، جەماوەرێکی زۆر هاتبوون چ لە هونەرمەندان چ لەکەسایەتییەکان و کاک بەختیارو خێزانەکەشی ئامادە بوون، هەروەها لە هەورامانی ئەودیویشەوە هەوادارانی هاتبوون و هاوڕێی کاک عوسمان، هونەرمەند کاک جەمیلیش هاتبوو کە پێکەوە لەسالانی پێشتردا لەگەڵ کاک عوسمان چەندین شریتی گۆرانیان پڕکردۆتەوە، پەردەش لەسەر پەیکەرەکەی لادرا و کە دەکەویتە سەر پردەکەی بیارە، بەداخەوە دوای ماوەیەک کەسانی نەفس نزم پەیکەرەکەیان شێواندبوو، بەڵام خۆشبەختانە نۆژەن کرایەوە، وە ئێمەش وەک تیپی مۆسیقای شنرۆێ چەند گۆرانی بێژێکمان بردبوو لە تەک خۆماندا، لەوانە کاک بەهرۆز بەڵخەیی، قاسم هەورامی، دڵسۆزی کوڕی کاک عوسمان، شیلان عوسمان، نەجمەدین هەورامی و هەر یەکەی یەک دوو گۆرانییان وت، پێشکەش کاری مەراسیمەکە کاک ئەیوب ڕۆستەم بوو .

Institut Kurde de Paris








Institut du monde arabe Paris



Institut Kurde de Paris

دیداری شیعری وەلی دێوانە لە سەیدسادق

ئیمە هەرچیمان پێکرابێت درێغیمان نەکردوە لە چەندین دیداری هونەری و ئەدەبی و کردنەوەی ڤیستیڤاڵەکان بەشداریمان کردوە و ئەرکی خۆمان بەجێهێناوە وە لە ڕێکەوتی ٢٠١١/١٠/٢٥ بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری هەڵەبجە و فەرمانگەی ڕۆشنبیری لە سەید سادق دیدارێکیان ساز کرد بۆ شاعیر وەلی دێوانە و خەسرەو جاف تێدا ئامادەبوو کە چەندین تابلۆی جوانی عەشقی دێوانەو شەمی کێشابوو، ئێمەش بەشداریمان کرد لەو دیدارەدا و دوو هونەرمەند بەشدار بوون لەوانە (تابلۆ ئومێد و ئەنجام عبدالواحد) کە چەند گۆرانییەکیان وت لە شیعرە جوانەکانی وەلی دیوانە وەک (یاران وەسیەتم، هەی شەمی شەوان، یاران لە جەرگم و چەند گۆرانییەکی تر.





Institut kurde de Paris

کۆنسێرتێک بۆ چوار گۆرانی بێژی تازە

لە ڕێکەوتی ٢٠١١/١٢/٢٢ لەشاری هەڵەبجە کۆنسێرتێکمان ساز کرد بۆ چوار گۆرانی بێژی تازە پێگەیشتوو ئەوانیش (شانۆ کەمال، قاسم هەورامی، ماریا هەورامی، ئەنجام عبدالواحد) بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری هەڵەبجە کە ئەو کاتە ڕەوانشاد (شاهۆ حەمە فەرەج) بەڕێوەبەری بوو، ئەم نمایشە لە هۆڵی ئەحمەد موختارجاف ئەنجام درا وەبەرهەمەکان بریتی بوون لەم گۆرانییانە:

ژ	گۆرانی	ئاوازو هۆنراوە	وتنی
١	وەرە قوربان	فۆلکلۆری کۆن	شانۆ کەمال
٢	گوڵستانی ڕۆح	عەدنان کەریم	ئەنجام عبدالواحد
٣	کەسەکەم	فۆلکلۆر	ماریا هەورامی
٤	کاڵێ بارمەکە	هۆشیار حەمە فەرەج	قاسم عارف هەورامی
٥	ئاگرێ دەباڕێ	فۆلکلۆر	شانۆ کەمال
٦	ئاگریش بم	بەهجەت یەحیا	ئەنجام عبدالواحد
٧	کەتانە	فۆلکلۆر	ماریا هەورامی
٨	ئامان شیرین خانم	فۆلکلۆر	ماریا+شانۆ
٩	فەسڵی بەهار	ئازاد سالح	قاسم عارف

ئەوەی لەو دەلیلەی خوارەوەدا هەیە هەندێ هەڵەی تێدایە و وردەکاریەکانی تریشی تێدا نووسراوە لە ئامادە کردنی مۆزیک وهونەری و سەرپەرشتیاران.



Institut kurde de Paris



لە ڕێکەوتی ٢٠١١/١٢/٢٧ هەمان کۆنسێرت لە هۆڵی بۆنەکانی هەڵەبجەی تازە دووبارە کرایەوە و خەڵکانێکی زۆر ئامادە بوون و سەرکەوتنی بەدەست هێنا ئەمەش چەند وێنەیەک لەو دیمەنانە :





Institut Kurde de Paris

شێرکۆ بێکەس چەند شیعرێکی لە ڤیستیڤاڵی گەلاوێژ خوێندەوە

لەسەرەتای ساڵی (٢٠١٢) (بنکەی ڕووناکبیری گەلاوێژ) بەنیازبوون ڤیستیڤاڵی ساڵانەی خۆی ئەنجام بدات، بۆ ئەم مەستەش ڕەوانشاد کاک (ئاسۆ سوارە) پەیوەندی پێوەکردم وئێمەش دەستمان کرد بە پرۆژەکردن، لە هۆڵی (تەوار). سەرلە بەیانی ڤیستیڤاڵەکە دەستی پێکرد کە چەندین نووسەرو شاعیر وڕۆشنبیر بەشداریان تێدا کرد. بیرم دێت کاک مەلا بەختیار وتەیەکی دوورو درێژی پێشکەشکرد و باسی بەهاری عەرەبی تێداکرد ، شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەسیش چەند شیعرێکی خوێندەوە، پاشان ئێمە وەک تیپی مۆزیکی شنرۆ چەند بەرهەمێکمان پێشکەش کرد، چەند گۆرانی بێژێکمان لەگەڵ بوو لەوانە خاتوو (شیلان عوسمان) و (قاسم هەورامی) و (شانۆکەمال) تێیدا بەشداربوون.



Institut Kurde de Paris

ئاهەنگی ڕۆژی منالاّن لەساڵی ٢٠١٢

لە ڕێکەوتی ٢٠١٢/٦/٦ بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی منالاّنەوە لە پارکی ئازادی سلێمانی خانەی مۆزیکی منالاّن کە من سەرپەرشتیاری بووم، سەر لە ئێوارەکەی ئاهەنگێکی گۆرانی و مۆزیکمان ئەنجام دا کە کەس وکاری منالاّنی بەشداربوو جەماوەرێکی زۆر تێدا ئامادەبوون .





Institut Kurde de Paris



Institut kurde de Paris

ڕۆڵی کچان و ژنان لە بواری هونەردا لە هەڵەبجە

ڕۆڵی کچان و ژنان لە پێشخستنی بواری مۆزیک و شانۆ لە هەڵەبجە، دەست ئەکەم بە نوسینەوەی یادەوەرییەکانم لەگەڵ ڕۆڵی کچان و ژنان لە بواری مۆزیک تا بشتوانم شانۆ، ئەگەرچی شانۆکاری من نییە، بەڵام هێندەی ئاگاداربم ئەینوسمەوە، ئێمە لە ساڵی ١٩٧٣ تیپی مۆزیکی هەڵەبجەمان دامەزراند و چالاکی هونەریمان دەست پێکرد، لەو ساڵەدا هیچ کچێک بەشداری کاری هونەری لەگەڵ نەکردین، چونکە تازە تیپەکەمان دامەزراندبوو، وە کەس نەی ئەناسین و هەموومان هەرزەکار بووین، بۆ ساڵی ١٩٧٤ لە مانگی شوباتی ئەو ساڵەدا واتە مانگی دوو ئاهەنگێک و شانۆگەریەکمان ساز کرد، ئەبوایە شەوێکیش بۆ ژنان بوایە، لەو کچانەی هاتبوونە ئاهەنگەکە دوو کچ هاتنە سەر شانۆ وتیان حەز ئەکەین گۆرانی بڵێین بۆ شەوی ژنان و هەردووکیان ماڵیان لە گەڕەکی سەرا بوو و ئەو کاتە گەڕەکی سەرا و خانووی فەرمانبەران وەک گەڕەکی عەقاری سلێمانی وابوو، ئەو دوو کچە ئەسمەرێکی جوان و خانەدان (ئاوازی جەمالی ئەمین عەلی)

بـــوو ئەوی تریشـــیان لە بنەمـــاڵەیەکی ناســـراوی گەڕەکـــی جولەکـــان بـــوو بە خۆشحاڵیەوە تا ئێستاش فاتمە خان لە ژیاندا ماوە، ڤیانی کچی حەمە پایدەر بوو، پێکەوە گۆرانییەکیان وت (ئەی گەرمێنی خۆشە کوێستان) هەموو ژنان چەپڵەیان بۆ لێدەدان، من ئێستا هەست بەو ئازایەتی دایک و باوکە ئەکەم کە چەند ئازا بوون کچەکانیان گۆرانیان ئەوت و بوونەتە یادەوەری لای من کە بیاننووسمەوە، ئەوە یەکەمین جار نییە کچان گۆرانی بڵێن بەڵکو لەسااڵنی پەنجاکاندا پەخشانی حاجی ئەمین صاڵح و پەری جەمال خەفاف لە باخەکەی

عەلە بەڕانی گۆرانی و سروودیان وتوە و قادر دیلان کەمانچەی بۆ ژەندوون و مامۆستا ع ع شەونم سەرپەرشتی کردووە و تەنانەت ئاوازی بۆ چەند گۆرانییەک داناوە، لەوانە (هاتم هاتم بەسەربەستی هاتم / نەم زانی وا گرژو پەستی بێ دەربەستی هاتم)و وە چەندینی تر، ئەو کاتە عومەر ڕەزا باوکی پۆلیس ئەبێت لە هەڵەبجە وە دوایش لە ناوەڕاستی سااڵنی پەنجاکان بێ پرسی مامۆستا ع ع شەونم تۆماری کرد لە ئیزگەی بەغدا. بابێمەوە سەر یادەوەریم، لە ساڵی ١٩٧٥ بە بۆنەی ئاش بە تاڵەوە هەموو کورد مەعنەویاتی ڕووخابوو، هیچ چاالکییەکی هونەریمان نەبوو، بەاڵم لە ساڵی ١٩٧٦ هاتینەوە سەر خۆمان بە هۆی یەکێتی ئافرەتانی عێراقەوە چەندین کچ هاتن بە پیریمانەوە بە هۆی ڕەوان شاد (لەیالی خاڵە تۆفیق) چەندین کچ هاتن بوون بە کۆرس و گۆرانی بێژ لەوانە پەروینی وەستا هاشم، بژاری دارای ئیسعاف، ڕۆشنای خوشکی، نزیکەی هەشت کچ ئەبوون ناوەکانم لە یاد نییە، تا ساڵی ١٩٧٧ چەندین کچی تر بەشدار بوون لەوانە بەهار حەمە سەعید وەلەساڵی ١٩٧٨ چەند کچێکی تر ئامادە بوون وەک دڵشاد حەسەن گەاڵڵی. پەیمان حەسەن گەاڵڵی . ساڵی ١٩٧٩ کچەکانی حەمەی سۆفی، کەژاڵ و دوای ئەوە کچەکانی مامۆستا ماجد عەبابەیلێی و خوشکەکانی خۆم و نیان وجوان پەیمان و دوای ئەوانیش کچەکانی حەمەشەل: گۆنا ودوای ئەوانیش کچەکانی حەمە پارە پیس وەک جوان وهتد .

لە ساڵەکانی هەشتاکان هەموو دراوسێکانمان بوون بە کۆرس وەک نەرمینی حەمەی السلکی و نازەی حەمەی سابیری موزەمید و لە ساڵی ١٩٨٢ شیرینی حاجی بەکر زۆر حەزی ئەکرد بەشدار بێت لەگەڵمان بەاڵم باوکی نەیهێشت.

Institut Kurde de Paris



جەژنی نەورۆزی ساڵی (١٩٥٧) ، کە پێش شۆرشی (١٤)ی تەموز پێی ئەوترا (جەژنی دارو درەخت).

ئەوەی مایکرۆفۆنەکەی پێیە (بەهـرۆزی ئەحمەد بەگ)ە، گەنجێکی رۆشنفکری ئەو سەردەمە، کە پاشـان لە سەیرانێکا لە ئـاوی بەنـداوەکەی سیروانا خنکـاو هەمـوو هەڵەبـجە مـاتەمینی بـۆ گێـرا (تەنـانەت چایخانەکـان تـاماوەیەک گۆرانییان لێ نەئەدا).

کۆرسەکان:

کچەکان: جەمیلە، پەری جەمال خەفاف، ئەختەری مەحمودی سەراج، پەخشانی حاجی ئەمین، ئەناسراو.

کورەکان (هاوتەمەن و هاورێیـانی خوێنـدنم) : بابـا، ئەنـوەری حـاجی حەمە کەریم، هیـوا سـەید ئەحمەد، خالد، فایەق سەعید، عومەر علی، مەحمود عەبدول رەحمان (شێخ عەلی).

تێبینی: ئەو ناوانەی کە لە سەر وێنەکە نوسراوە، خاڵە خالیـدم بـۆی نـاردوم و ئەو ناوەکـانی دەستنیشـان کردوە.

Institut kurde de Paris

ئەو پیاوانەی ڕۆڵی ئافرەتیان دەدی

ئینجا با بێمە سەر شانۆ چەندین کچ بەشداریان کرد چونکە پێش ئەو پیاو ڕۆڵی ئافرەتی ئەدی وەک کەمالی عومەر مەغدوور، یان سەروەتی حاجی کەریم کوردستانی یان سەباحی ئەحمەد چاوەش، بەڵام لە بیرم دێت ساڵی (١٩٦٨) ڕووناکی حەمەی لاسلکی لە قوتابخانەی حەمدون لە سەر دەستی مامۆستا تەها خەلیل ڕۆڵی دایکێکی بینی، ئیتر دوای ئەوە لە ساڵی (١٩٧٤) چومە کۆلێج و وێنەم لەگەڵ سعدون جابر و یاس خضر گرت خوشکەکەم نیان ئەو وێنەی نیشانی هاوڕێیانی دابوو فەوتان، دوای ئەوە لە ساڵی (١٩٧٩) ئاوازم بۆ منالاّن دانا نەخشینی جەلالی وەستا مەردان و کچێکی مامۆستا ماجید عەبابەیلێی ئەو گۆرانییەی وت کە یەکەمین ئاوازی من بوو بۆ منالاّن.

تەمەن ئەڕواو کات ئەڕوات هەر لەو ساڵانەدا کچەکانی بەشدار بوون لەگەڵمان وە تا ساڵی ١٩٨٠ تا ١٩٨٥ چەندین کچ بەشدار ئەبوون و ئەمانبردن بۆ چەندین ڤیستیڤاڵی هونەری لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر دهۆک و بەغدا، وە لە ساڵی ١٩٨٤ و ١٩٨٥ ئۆپەرێتی سەوزە و ڕێوی لەپێستی شێردایە و کەزۆربەی ئاوازەکان من دامنا بوون بە هاوکاری ڕزگار سدیق، ئاراس شێخ جەمال و چەندین منالمان کۆکردەوە لە کوڕ وکچ بردمانە تەلەفزیۆنی کەرکوک لەوانەی بەشدار بوون لە بیرم بێت هەڵاڵە و شیلان حامد، ئەڵوەن کوێخا عەلی ولەیلا نوری و چەندینی تر، ڕەئوف عوسمان، چۆمان ئەحمەد و ڕزگار شەوکەت، وێنەکان و دیکۆرەکان ئەسغەر ڕەشید و ڕەجا مەحمەد و پاشان لە بەشدار بووانی کچ وەک شانۆ ئەوەی لە بیرم بێت پەیمانی بەکر وە نیهایەتی عوسمانی مام کەریم.

لە دوای ڕاپەڕنیشەوە چەندین کچی تر بەشدار بوون چ وەک گۆرانی وتن، چ کۆرس یان هەڵپەڕکێ لەوانە کۆچەر عومەر، تاڤگە تفەنگچی ، نەرمین عەبدول. پاشان گۆرانی بێژانی سلێمانی لە کچەکان: تارا ڕەسوڵ . نیان عبداللّه، ئاشتی عارف. شیلان عوسمان، ماریا هەورامی. شانۆ کەمال. تابلۆ ئومێد. شانۆ ئامانج. یاد بەختیار. چەندینی تر

Institut kurde de Paris

چالاکی سالّی ٢٠١٣

یادی هەڵەبجە لەشاخی عەنەبی هەڵەبجە

چەند ڕۆژێکی مابوو بۆ یادی ٢٠١٣/٣/١٦ تەلەفزیۆنی کوردسات تەلەفۆنیان بۆ کردم کە لە شەوی (٣/١٦) لە شاخی عەنەب نزیک هەڵەبجە، کە مۆنۆمێنتێکی تێدایە و بەرنامەیەک ساز بکەین بۆ ئەو یادە، بەڕێکەوت هۆشیاری حەمەفەرەج لە هەندەران هاتبووەوە، پاشان گۆرانیبێژ (هێدی قادر) ئەوەی کە بۆ یەکەمین جار لاوانەوەی (بەتەنیا جێم مەهێڵن)ی گوتووە لە سالّی (١٩٩٢) و مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی مۆسیقاکەی ئامادە کردووە بۆی، هەروەها کچێکی ڕۆژهەڵاتیشمان لەگەڵ بەشدار بووبە ناوی (نێرگز) لەگەڵ چەند مۆزیک ژەنێک، وە ئەو بەرنامەیە ڕاستەوخۆ بوو، ئێمە لە دەرەوەی ستۆدیۆ واتە لە شاخی عەنەب، هەروەها لە ناو ستۆدیۆی کوردسات (تاراجاف) بە خۆی و ئامێری (چەنگ .القیثارة) چەند بەرهەمێکی پێشکەش کرد، ناو بەناویش هەندێ کەس گفتوگۆی لەگەڵ ئەکرا لەوانە (دانا هەڵەبجەیی و بەختیاری عومەری خەزان) ئێمە بۆ ئێوارەکەی کاتژمێر هەشتی شەو بەرنامەکەمان دەستی پێکرد، بەڵام لە سەر لە بەیانیەکەی (گروپی کامکاران) هەروەها (عەدنان کەریم)یش چەند بەرهەمێکیان پێشکەش کرد، ئەمەش چەند وێنەیەکی ئەو یادەیە:



stitut Kurde de Paris





هێدی قادری، نێرگز

ڤیستیڤاڵێکی نێونەتەوەیی بۆ نەورۆز

لە نەورۆزی هەمـــان ســـاڵ لە ڕۆژی ٢٠١٣/٣/٢٠ بەڕێوەبـــەریەتی گشـــتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی ڤیستیڤاڵێکی گەورەی نێو نەتەوەیی ساز کرد لە سلێمانی و چەندین گروپ بەشداریان کرد تێیدا، ئێمەش بەشدار بووین لەسەر ستێجێک لە شەقامی سالم لە سەهۆڵەکە و چەندین گۆرانی بێژمان لەگەڵ بوو لەوانە (بیژەن جەزا . ئەنجام عبدالواحد . شەهرەیار) لە (دەلیل)ی چالاکیەکاندا ناوی ئەو گروپ و تیپە هونەریانەی تێدا نوسراوە کە بەشداریان کردوە لەو ڕۆژەدا و بەڕای مـن یـادی نەورۆزی ئەو ســاڵە یـادێکی زۆر شارســتانی و پێشکەوتووانە بوو، کە لە چەندین وڵاتەوە بە چەندین گروپ بەشداریان تێدا کرد.



Institut kurde de Paris



من خۆم وەک لێپرسراوی خانەی مۆزیک چەند ئاوازێکم دانابوو بۆ منالاّن هەر لەسەر ستەیجێکی تر نزیک سەهۆلّەکە، کە نەمتوانی خۆم لەوێ ئامادەبم، بەلاّم ئەو فەرمانبەرانەی کە لام بوون ئەوان سەرپەرشتیان کرد و ئاوازەکانیان نمایش کرد ئەو ئاوازە نوێیەش هۆنراوەیەکی شاعیری گەورە (گۆران) بوو بە ناوی (نەورۆز ئەکەم ..نەورۆز ئەکەم ..نەورۆزێکی بەسۆز ئەکەم)ئەمەش وێنەی ئەو نمایشەیە لە سەهۆلّەکە:



Institut Kurde de Paris

کۆنسێرتێک بۆ هونەرمەند هۆشیار حەمەفەرەج

لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٤/٧ لە هۆڵی ئەحمەد موختار جاف لە هەڵەبجە کۆنسێرتێکی تایبەتمان بۆ هونەرمەند هۆشیار حەمە فەرەج ئەنجام دا، بە چەند بەرهەمێک بەشداربوو تێیدا و پاش چەند ڕۆژی تر ئەو کۆنسێرتەمان برد بۆ هەڵەبجەی تازە و لەوێش نمایشمان کرد .





یادی حەسەن زیرەک لەساڵی ٢٠١٣دا

لە شەوی ٢٠١٣/٦/٢٦ لە یادی کۆچی دوایی هونەرمەندی بەناوبانگ (حەسەن زیرەک) کە لەلایەن بەڕێوەبەرێتی (هونەری مۆزیک) کە مۆزیکزان (نەجات عەبدوالقادر) بەڕێوەبەریەتی تا ئێستاش، چەند هونەرمەندێکمان بانگ کرد کە گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک بڵێنەوە لەوانە (ئیحسان زیرەک . پەیمان عومەر. سیروان زیرەک . بێژەن جەزا)

کەسمان دەست نیشان نەکردبوو بۆ پێشکەش کاری ئەو نمایشە ئێوارەکەی تەلەفۆنم کرد بۆ کاک (سەردارخدر) ئەویش وتی کاک ئازاد جلی کوردیم لەبەر نییە پانتۆڵم لە پێدایە، لە بارەگای تیپ جلی ئەندامەکان لەوێ بوو، وتم وەرە بۆ تیپ دەستێ جل لەبەربکە، بەو شێوازە پێشکەشکاری کرد.



Institut Kurde de Paris



پەیمان عومەر



سەردار خدر . پێشکەشکار



ئیحسان زیرەک

بڵاوکردنەوەی چەند گۆرانییەک (بۆ منداڵان)

یەکەم ئاوازم بۆ منداڵان ساڵی (١٩٧٧) بوو بەناوی کۆترێکی نەشمیلانە هەرلە منداڵییەوە ئالودەی گۆرانی منداڵان بووم، بەو یاریانەی کە لە گەڕەکەکان ئەمانکرد، زۆربەیان ئاوازی تێدا بوو لەگەڵ یارییەکان گۆرانی تایبەتمان بە هەر یارییەک ئەوتەوە، ئەمانە لەناو مێشکم گینگڵیان ئەخواردەوە، تەنانەت ئەو گۆرانییانەم ئەوەی لە یادم بوو نوسیمەوە و کردومەتە کتێبێک کە تا ئێستاش چاپ نەکراوە، کاتێکیش قوتابی بووم لە بەغداد چەندین کۆبوونەوە ئەچووم کە تایبەت بوو بەگۆرانی منداڵان، یەکەمین ئاوازی منداڵانم لە ساڵی (١٩٧٧) دانا، بە ناوی (کۆترێکی نەشمیلانە) هەروەها لە ساڵی (١٩٨٠) لەگەڵ مامۆستا هەڵکەوت تیپێکی مۆزیکی تایبەتمان بۆ منداڵان دروستکرد، تەنانەت ئۆپەرێتی (سەوزە)و (ڕێوێ یە لەپێستی شێردایە)لەساڵی ١٩٨٣و ١٩٨٤ دوو ئۆپەرێت بوون تایبەت بوون بە منداڵان کە بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک تۆمارمان کردن، لە ساڵانی ١٩٩٤ و ١٩٩٥ کاتێک فەرمانبەر بووم لە بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری سلێمانی ئەو کاتەی کە مامۆستا عەبدولی حەمە جوان بەڕێوەبەری بوو، چەندین خولمان کردەوە بۆ منداڵان لە هاوینەکەی لە قوتابخانەی هەردی لە بەختیاری و چەندین مامۆستا بەشداربوون، ئەوانەی لە بیرم بێت: کاک زانای مەحمود هەژار. ئاکۆ عەزیز. فەرهاد حەمە صاڵح . هێرش عومەر ڕەزا ، نەوژین محەمەد ، وە ئەو ساڵە قوتابی بەتوانا نەبەز حەمە ڕەشید فێرخوازمان بوو، کە ئێستا دکتۆرای لە (مایستڕۆ) هەیە، واتە سەرپەرشتیاری تیپی سەمفۆنیا لەکاتی ژەنینی هەر کارێکی مۆزیک، هەر لە ساڵی ١٩٩٤ نمایشێکمان بۆ ئەو فێرخوازانە کرد لە هۆڵی بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری، ئاوازێکم بۆ دانان بە ناوی (ئێمە منداڵین جوانین).

لە ساڵی ٢٠٠٦ بوومە فەرمانبەر لە بەشی ڕۆشنبیری منداڵان و لە ساڵی ٢٠٠٧ ئەم گۆرانییە لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بۆیان کلیپ کردین لە پارکی ئازادی، ئیتر وردە وردە کەوتمە ئاواز دانان و کاتێک لە ساڵی ٢٠٠٩بوومە لێپرسراوی خانەی مۆزیکی منداڵان، ئیتر بە هاوینان لەگەڵ هەندێ فەرمانبەری مۆزیکژەن خولی مۆزیکمان بۆ منداڵان ئەکردەوە و بەکارم ئەهێنان بۆ کۆرس و چەندین ئاوازم بۆ دانان و لە ستۆدیۆ (لاوە)کاک عومەری چەلۆ بۆی تۆمار ئەکردین تا ژمارەیان گەیشتە (١٠) ئاوازی منداڵان کە (٩) لەوانە ئاوازو هۆنراوەی خۆم بوون،

Institut Kurde de Paris

تەنها یەکێکیان هۆنراوەی (ئەحمەد محەمەد) بوو، ئەوی شایانی باس کردنە ئەرکی تۆمارکردنی لە ئەستۆی بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری منالاْن بوو کە ئەو کاتە بەڕێوەبەرەکەی کاک (تاهیر عەبدوڵا) بوو کە زۆر هاوکارم بوو، سەرپەرشتی کردنی بەرهەم هێنانی ئەو (CD)ە فەرمانبەری دڵسۆز کاک عوسمان ڕەشید بوو، لە ئاهەنگێکی منالاْن لە هۆڵی بەڕیوەبەرێتی ڕۆشنبیری لە ڕۆژی ٢٠١٣/١٠/٧ بڵاوکرایەوە .





Institut Kurde de Paris

سەفەری تیپی مۆسیقای شنرۆ بۆ وڵاتی دانیمارک و سوید

لە نەوەیەکم کە چەندین تاڵی و دەردی سەریمان دیوە بە هۆی جەنگەکانەوە، هەر لە شەڕی کورد و شەڕی ناوخۆ و شەڕی ئێران ـ عێراق و ڕاوەدوونانی کەسانی بیر ئازاد و لەلایەن هەموو ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانەوە، بۆیە چەندین هاوڕێی ئازیزم کە هاوتەمەنی خۆمن ڕوویان لە هەندەران کردووە، یەکێک لەو هاوڕێ ئازیزانەم کاک (لەتیف مەحمود)ە ناسراو بە (گۆران هەڵەبجەیی) کە کەسێکی پێشکەوتووخوازو نوسەرێکی قەڵەم بەدەستی جوانە دژی نادادی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی، کەم تا زۆر پەیوەندیم لەگەڵ زۆربەی ئەو هاوڕێیانەم تا ئێستاش ماوە.

Institut kurde de Paris

گۆران هەڵەبجەیی هەوڵی سەفەرەکەی داین

ناوەڕاستی ساڵی (٢٠١٣) بوو کاک گۆران پەیوەندی پێوە کردم و وتی کاک ئازاد من ئەتوانم لەڕێگای ڕێکخراوێکی دانیمارکییەوە بانگهێشتان بکەم بۆ دانیمارک ئەگەر خۆتان بتوانن پارەی ئەو سەفەرە دابین بکەن، ڕێگاشی بۆ دانام کە کێ بتوانێت هاوکاریمان بکات و چەند کەسێکی بۆ دەستنیشان کردم، بەڕاستی منیش بیرم لێکردەوە لە ساڵی ٢٠٠٥ کە کاک دڵشادی عومەری کاکی هەولێکی زۆری بۆ داین، من هەولێکی زۆرمدا بۆ ئەوەی بتوانم پارەی ئەو سەفەرە کە بڕێکی زۆر بوو بە هۆی ڕەوان شاد بایز تاڵەبانیەوە وەزیری ئەو کاتەی ئیدارەی سلێمانی پەیدا بکەم، ئەمزانی کە کارێکی ئاسان نییە، ماوەیەک لای کەس باسم نەکرد، چونکە ئەمزانی زۆربەی ئەرکەکە ئەکەوێتە سەر من، ئیتر کاک گۆران ئەیگووت وەڵام بدەرەوە و منیش تێدا مابوومەوە، دوای ئەوە ڕۆژیکیان بڕیارم دا کە کۆبوونەوەیەک بە ئەندامانی تیپ بکەم بۆ ئەوەی مەسەلەکەیان لا باس بکەم و

کۆبوونەوە هەموو وردەکاریەکم پێ وتن، کە ئەو سەفەرە چۆنە، من وتم من ئامادەم ئەو ئەرکە بگرمە ئەستۆ بە مەرجێک من هەقم بەسەر پارە پەیدا کردنەوە نییە، دوای مشت و مڕێکی زۆر زۆربەی ئەندامان وتیان باشە ئێمە ئەو ئەرکە ئەگرینە ئەستۆ، منیش وتم باشە و چەندین لایەنمان دیاری کرد، خۆم نوسراوەکانم کرد بۆ زۆربەی لایەنەکان، دەبوایە پێش ئەوە بڕۆین بۆ سەفارەتی دانیمارک لە تاران، چونکە سەفارەتی دانیمارکی لە بەغدا نەبوو، بۆ ئەو مەبەستەش دەبوایە کۆنسێرتەکە بۆ سێ چوار گۆرانیبێژ بوایە ئەوانیش :

(هۆشیاری حەمە فەرج ومەریوان سەفادین) کە کێشەی ئەو دوانەمان نەبوو، چونکە هۆشیار لە ئەڵمانیاو مەریوانیش لە سوید بوون، ئەوانی تریش کاک (بەهرۆز بەڵخەیی و ئەکرەم حەمە ڕەشید) بوون، ئیتر دەبوایە ئەندامانی تیپمان هەڵبژاردایە لەگەڵ چەند میوانێکی تر لەمۆزیک زانان، وە ئەندامەکان بریتی بوون لە :

١.ئازاد سالّح
٢. توانا خورشید
٣.عادل حەسەن
٤.زۆزک ئەحمەد قەرەداخی بۆ ئامێری کەمان
٥.عەزیز حەمە کەریم بۆ ئامێری عود
٦.فوئاد کەریم – ساز
٧.توانا ئەبوبەکر – نای
٨.عومەر عەبدولّا – چەلۆ
٩.دانا شێرکۆ _کیبۆرد
١٠.کرمان جەلال .سەنتوور
١١.تانگۆ ئازاد بۆ ئیقاع
١٢.بەهرۆز بەڵخەیی –گۆرانی بێژ
١٣. ئەکرەم حەمە ڕەشید – گۆرانی بێژ

Institut Kurde de Paris

بۆ چاوپێکەوتن چووین بۆ تاران

بۆ ئەم مەبەستەش دەبوایە بچووینایە بۆ تاران، باش بوو لەو کاتەدا (نەسریەی) تیپمان بۆ ماوەیەکی زۆر وەرنەگرتبوو، بەڵام لە ناکاو ئەو نەسریە کەڵەکە بووەمان وەرگرت کە مانگی (١٥٠٠٠٠٠) یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار بوو کە بەسەر یەکەوە (٩٠٠٠٠٠٠) نۆ ملیۆن دینارمان وەرگرت، ئەو کاتە توانا ئەبوبەکر ژمێریار بوو، لەو کاتەدا نیازی سەنتور و ئیبراهیم نجم الدین و ئەرکان ڕۆستەم لە سەفەری تیپی نەتەوەیی بوون لە یۆنان، بۆیە لە جیاتی نیاز، من کەسێکی ترم هەڵبژارد بۆ سەنتور ئەویش کرمان جەلال بوو کە لە هەڵەبجە ئەژیا .. لەو کاتەدا هەستم بە دابڕانێک ئەکرد لە ناو تیپەکەدا ..بە هەر حاڵ چۆن بڕۆین بۆ تاران ؟ ڕۆژێکیان کاک (مەهدی مەلا عەلی)م دی لە شەقامی مەولەوی، پێم وت کەسێک ناناسیت کە شارەزا بێت بۆ ئەوەی بچین بۆ تاران و بتوانێت سەفەرەکەمان بۆ ڕێکخات وکار ئاسانیمان بۆ بکات؟وتی با، وتم کێیە وتی (نەوەی حیلمی)، وتم من دایک و باوکیشی ئەناسم کە ئەویش (نەوشیروانی کوڕی شێخ مەحمودی سەعاتچی) برای شاعیری ناسراو (حیلمی هەڵەبجەیی ١٩٠٩-١٩٨٥)، من هەر لە منالییەوە کە لە دوکانی باوکم بووم، دایکشیم ئەناسی (فەیمەی کچی نوری قەساب) ئەهات شتی لە دوکانی باوکم ئەکڕی لە پیرمحەمەد، پەیوەندیم پێوە کرد و هات بۆ تیپ و ڕێکەوتین کە بڕێک پارەی بدەینێ و ئەویش لە ئێران خەریکی هاتووچۆ و موعامەلە بوو وەک بردنی نەخۆش و سەفەرکردن ئەو هەموو پێداویستیەکانی سەفەری بۆ ئامادە کردین و لە سەرەتای مانگی (٩) بە ١٣ کەس پاسێکمان گرت، سەر لە بەیانییەکی زوو بوو لە سلێمانی بۆ پێنجوێن هەموو ئامادەبووین و هەریەکەمان ئامێری مۆزیکمان پێبوو، بیرم دێت توانا (نای)یەکەی لە بیر چوو بوو، خەریک بوو دەرئەچووین لە سلێمانی زۆر بێ تاقەت بووم و گەڕاینەوە تا جارێکی تر بەڕێکەوین، بە هەر حاڵ سەرکەوتین پاش سەعات و نیوێک زیاتر، سەر لە بەیانی گەشتینە پێنجوێن و لەوێ نانی بەیانیمان خواردو هەوایەکی ساردی هەبوو من دوو کەبابم خوارد و دوایی پشوودان سەرکەوتین بۆ سنوور بۆ باشماخ، پاسەکە تا سنوور بردینی و گەڕایەوە بۆ سلێمانی، ئەو کاتەی بانگهێشت کرابووین بۆ دانیمارک من پەساپۆرتی یەکەمم لە ساڵی ٢٠٠٥

Institut kurde de Paris

دەرهێنابوو وە دوای (١٠) ساڵ بەسەر ئەچێت لە مانگی هەشتی ئەو ساڵەدا، توانا ئەبوبەکریش پەساپۆرتەکەی بەسەر چووبوو ڕۆژێک هەردووکمان چووین بۆ پەساپۆرتی سلێمانی لە گەڕەکی بەختیاری پەساپۆرتی نوێمان دەرهێنا، لە بەیانی تا نیوەڕۆ پەساپۆرتمان بەدەست هێنا، بۆیە کە چووینە سنوور لە باشماخ کاک نەوشیروان حیلمی چەند ئۆتۆمبیلێکی بۆ گرتین و سوار بووین یەکسەر بۆ تاران، هەموو دابەش بووین بە سەر چەند قەمەرەیەکی پەیکان، بە چەند سەعاتێک گەشتینە تاران و نەوشیروان هۆتێلی بۆ گرتبووین، چوینە هۆتێلەکەو من وتم ئەمەوێت لە ژوورێکی تەنها بم بەڕاستی لەو کاتەوە هەستم بە نامۆیی خۆم کرد، لەژوورێک گیرسامەوە لەو هۆتێلە، شەوان پرسیارم لە خۆم ئەکرد ئایا بڕۆینە هەندەرانیش دوایی پیاو خراپیش نابم ؟ بۆ ڕۆژی دوایی سەر لە بەیانییەکەی چووینە سەفارەتی دانیمارک لە تاران و سەعات نۆ دەرگای سەفارەت کرایەوە و چەند فەرمانبەرێک هاتن و یەک یەک موقابەلەیان کردین و هەموو ئامێری مۆزیکمان پێبوو، بە یەک دوو ڕۆژ موقابەلە کردن کە کچێکی فارس بوو پرسیاری لێ ئەکردین، نزیکەی سێ چوار ڕۆژێک لە تاران بووین، هەندێ ئەندام خۆیان جیا کردبووەوە لە ئێمە بە فڕۆکە هاتن بۆ تاران و لە هۆتێلێکی تر نیشتەجێ بوون، بەڵام لەو سەرەوە کە لە تاران گەڕاینەوە سەفەرەکەیان بە فڕۆکە بۆ نەکرابوو لە شاری مەریوان هاتنەوە بۆ لای پاسەکەی ئێمە.

Institut Kurde de Paris

تەنها شەش هونەرمەند ڤیزەی سەفەرکردنیان بۆ دەرچوو

دوای چاوەڕوانی بۆ ماوەی مانگێک زیاتر، لە تاران وەڵاممان بۆ هاتەوە کە شەش کەسمان ڤیزەمان بۆ دەرچووە بۆ سەفەرکردن بۆ دانیمارک. ئەوانیش : ئازاد سالّح . عەزیز حەمە کەریم . توانا خورشید . فوئاد کەریم . دانا شێرکۆ . زۆزک قەرەداغی . دەمانتوانی تا ماوەی دوو مانگ لە ئەورووپا بین. من حەزم ئەکرد هەموو ئەندامان کە لەگەڵمان بوونایە و لە تاران ڤیزەیان وەربگرتایە لە بەر

دوو هۆ، یەکەمیان: زۆربەیان ئەوروپایان نەدیبوو حەزم ئەکرد تۆزیک دونیا ببینن. دووهەمیان : لەبەر ئەوەی هاتنی ئەوان بۆ ئەنجامدانی کۆنسێرتەکە باش بوو بۆ بە هێزکردنی تیپەکە، چونکە زۆر لە ئامێرەکانمان کەم و کوڕی پێوە دیار بوو، بەڵام ناچار بووین بڕۆین، من بۆ خۆم تامەزرۆی ئەو سەفەرە بووم چونکە تا ئەو کاتە ئەوروپام نەدیبوو، ئێمە ئەبوایە لە ٢٠١٣/١١/٢ یەکەم کۆنسێرتمان لە دانیمارک ئەنجام بدایە، دەبوایە ٢٠١٣/١١/١ لە دانیمارک بووینایە، هەندێ لە ئەندامان گلەییان لێ کردین کە ناوی ئەوان نەهاتۆتەوە بۆ سەفەرەکە، بەڵام کە سەفارەتی دانیمارک ڤیزەیان نەداتێ تاوانی ئێمە چی بێت ؟

Institut kurde de Paris

بۆ ئەم سەفەرە زۆر کەسایەتی و لایەن هاوکارییان کردین

بۆ خۆ ئامادە کردن بۆ ئەو سەفەرە پێویستمان بە پارەیەکی زۆر بوو، ئەو نامانەی کە نوسرابوو بۆئەو کەسانەی کە وتیان ئێمە ئەتوانین پارە پەیدا بکەین، نەیانتوانی ومنیش لە پێشەوە ئەمزانی کەهیچیان پێ ناکرێت، جگە لە یەک دوانێکیان نەبێت، لەو کاتەدا هۆشیاری حەمەفەرەج گەرابوەوە بۆ کوردستان و هاورێیەتی لەگەڵ کاک ئاسۆ باموکیدا هەبوو ڕۆژێکیان بە هۆی هۆشیارەوە بەڵێنی دا بمان بینێت، سەر لە بەیانیەکی مانگی ١٠ ی ئەوسالّە بوو، من و هۆشیار لەگەڵ دوو ئەندامی ئەو کەسانەی کە ناویان هاتبووە، هاتن لەگەڵمان بۆ ئەوەی بزانین چەندمان ئەداتێ، چووینە لای کاک ئاسۆ و ڕێزی منیش ئەگرێت، زۆر سوپاسی هەڵوێستیمان کرد بۆ هاوکاری کردنی، پاش ئەوە کاک دانا شێرکۆ کەوەک میوان لەگەڵمان بوو توانی بڕێکی ترمان بۆ دابین کات هەروەها کاک مەلا بەختیاریش بڕێکی بۆ دابین کردین توانیمان لە چەند کەسایەتی و ڕێکخراوو هونەر دۆستێک ئەو بڕە پارەیە پەیدا بکەین بۆ سەفەرەکە، چ وەک خەرجی، چ وەک کرێی بلیتی فڕۆکە .. عەزیز حەمە کەریم ناسیاوێکی لە کۆمپانیایەک بوو ئەو بلیتەکانی بۆ دابین کردین بە قەرز، دەبوو بۆ سەفەر کردن کەسێک حسابی بانکی

هەبێت، عەزیز ئەوەشی دابین کرد، ئا بەو شێوازە بوو، ئیتر خۆمان ئامادە کرد بۆ سەفەرکردن و بلیتمان بە قەرز کڕی و پێش ئەوەی بڕۆین بە دوو سێ ڕۆژ پێش سەفەرەکە هۆشیار پەیوەندی کردبوو بە بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری کەلارەوە تا کۆنسێرتێکی بۆ ساز بکەین لەوێ، لە ڕۆژی ٢٠١٣/١٠/٢٧ لە کەلار کۆنسێرتیکمان بۆ ساز کرد، ئیتر کاتی سەفەرەکە نزیک بووەوە و بەردەوام پەیوەندیم لەگەڵ کاک گۆران هەڵەبجەیی هەبوو کە چی بکەین و چۆن سەفەر بکەین، ڕۆژێکیان من ئاگام لە هیچ نەبوو وە لە تیپیش نەبووم، ئەندامان وەک برا ئەو بڕە پارەیان دابەش کردبوو بەسەر حەوت کەسدا، واتە بۆ مانەوەی یەک مانگ بۆ خەرجی و خواردن و هۆتێل وهاتوو چۆ، بۆ ڕۆژی ٢٠١٣/١٠/٣١ بە پاسێک بەڕێکەوتین بۆ هەولێر و بۆشەوەکەی چووینە فڕۆکەخانەی هەولێر و بە فڕۆکەیەک چووینە فڕۆکەخانەی (ڤییەنا) و دوای کاتژمێرێک مانەوە لە ڤییەنا سواری فڕۆکە بووین بۆ کۆبنهاگن، ئەو فڕۆکەیەی سواری بووین زۆر پێشکەوتوو بوو، پاش کاتژمێرێک گەیشتینە فڕۆکەخانەی (کۆپنهاگن) لە دانیمارک.

ئەمەش دەقی ئەو بانگهێشت نامەیە کە (سەنتەری ڕۆشنبیری جیهانی)بۆی ئەنجام داین :



VALIDATION OF INVITATION

Copenhagen 15 Auguste 2013

Ministry of Culture and Youth of Kurdistan Rigion
Shnrwe Musical Group

With this letter we invite the following musicians who their name attached to participate in a cultural event from (1th) of October to (17th) of November at The world Culture Center, where are celebrating the (20th) anniversary as civic cultural house.

The world Culture Center is a culture house under the municipality of Copenhagen, Denmark, with a special interest in and focuses on the ethnic minority groups living in Copenhagen City and suburbs

We often invite artist from abroad that represent the cultures of the minorities living in Copenhagen in order to give the public, minority groups as well as inherent Danes an experience, which transcends what, normally is offered in the local context.

Therefore, we hereby validate and confirm the request by the holder of this letter.

On behalf of
Sara Bech Jakobsen
Manager

Gustavo Lopez
Culture Coordinator

The World Culture Center
Norre Alle 7
220 Copenhagen. N.
Denmark
Phone : +45 8220 5140

Institut kurde de Paris



Institut kurde de Paris

پێشوازیکردنمان لە دانیمارک

هەر لە فڕۆکەخانە کاک گۆران هەڵەبجەیی بە هاوڕێ هەڵەبجەییەکانی دانیمارکی ڕاگەیاندبوو کە ئێمە دەگەینە دانیمارک، ئەوانیش بە سوپاسەوە بە چەپکە گوڵ پێشوازییەکی گەرمیان لێ کردین لەوانە :کاک گۆران خۆی، کاک ئیبراهیمی حاجی حەمە شەریف وکاک هیدایەتی مەلا عەلی لەگەڵ چەند کەسێکی تر کە ناوەکانیانم لە بیر نەماوە، پێشوەخت کاک گۆران هۆتێلێکی بۆ گرتبووین هەروەها پاسێکیش بۆ هاتوچۆی ئەندامان، پاش نان خواردنی ئێوارە گەیاندینیانە هۆتێلەکەو بۆ شەو لەو هۆتێلە ماینەوە.

یەکەم کۆنسێرتمان لە شاری ئۆدیسە لە دانیمارک

تا ئەو کاتەش کە چووین بۆ دانیمارک من مۆبایلێکی ئاسایی پێبوو، مۆبایلی زیرەکیش گران بوو، فەیس بوکم هەبوو، بەڵام کەم کەم پۆستم ئەکرد چونکە مۆبایلەکە وێنەی نەئەگرت و لاپتۆپێکی گەورەم هەبوو بۆ سەفەرەکان ئاسان نەبوو، کاری پاست بێت کاکە نیازی سەنتور وتی من لاپتۆپیکی بچوکم هەیە با لات بێت تائەگەڕێنەوە، ئەوجا بۆم بگێڕەوە، ئەو ماوەیە ئەو لاپتۆپەی ئەوم بەکارئەهێنا بەڵام کاک گۆران هەڵەبجەیی لەکاتی ئەنجامدانی ئەو کۆنسێرتە پۆستێکی کردبوو منیش دەقی نوسینەکەی بڵاو ئەکەمەوە کە باسی یەکەمین چالاکیمان ئەکات بەم شێوە لە سەری نوسیوە : "یەکەم ئاهەنگی تیپی شنرۆ سەرکەوتووانە بەڕێوە چوو".

ئێوارەی ٢٠١٣/١١/٢ لە باڵێڕی ئۆدنسە[دانمارک] لە گەلەری [گالشێوت] یەکەم کۆنسێرتی گرووپی موزیکی شنرۆ بەڕێوە چوو.

سەرەتا بەڕێز [یەنس] سەرۆک و خاوەنی گەلەری پاش بەخێرهاتنی میوانەکان بە کورتەیەک باسێکی جوانی دیرۆکی کوردو ئەو نەهامەتیانەی بەسەریاندا هاتووە پێشکەشکرد. پاشان باسی لە درندەیی ڕژێمی سەدام کرد بەرامبەر بە گەلی کورد تا گەشتن بە ئاستی پەیڕەوکردنی پرۆسەی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، ئینجا وتی سەدام چەکی کیمیاوی بە خەستی لە شاری هەڵەبجەدا بەکارهێنا، ئەو شارەی کە ئەم گرووپەی بەرهەم هێناوە، لەدرێژەی قسەکانیدا وتی کورد زیندووە و بە کارەساتەکان چۆک دانادات و لەگەل تراژیدیاکاندا ڕاهاتووە و ئومێد لەدەستنادات، حەزی لە ژیانە، لە خۆشییە لە هونەر و گۆرانییە. پاشان کاک نیاز بەیاتی دیزاینەرو شێوەکار کە لە هەمان گەلەری کاردەکات، هەر خودی خۆی ئەم کۆنسێرتەی ڕێکخست، باسێکی جوانی خۆشەویستی میللەتی کورد بۆ موزیک کرد، ئەوجا هاتە سەر باسی گرووپی شنرۆ لە کاتی دروستبوونیەوە تا ئەمرۆ).

Institut Kurde de Paris

دوای ئەم دوو پێشەکییە بە چەپڵە ڕێزان پێشوازی لە گروپەکە کرا.

سەرەتا هونەرمەند هۆشیار حەمەفەرج بە کۆمەڵێک گۆرانی ئاهەنگەکەی ڕازاندەوە، ئەوەی تێبینیم کرد زۆرێک لە میوانە دانیمارکییەکان بەسیمایاندا دیاربوو ئاوازو گۆرانییەکانیان لاپەسەندە، بەوەی لەگەڵ ئاوازەکاندا جەستەی خۆیان دەبزواند و چێژیان لێ وەردەگرت، پاش کۆتایی هەر گۆرانییەکیش بەگەرمی چەپڵەیان لێدەدا، دوای گۆرانییەکانی هۆشیار حەمەفەرج، پشووی نان خواردن دەستی پێکرد، کە (لەعلی خان) بەسەلیقەی جوانی، کۆمەڵێک خواردنی کوردەواری دروستکردبوو کە بریتیبوون لە شفتە، برنجی سورو سپی و شلەی باینجان، کە بەلای دانیمارکیەکانەوە زۆر خۆشبوو، زۆرێکیان سوپاسی تایبەتی لەعلی خانیان کرد.

بەرگەی دووەم وکۆتایی بریتی بوو لە گۆرانییەکانی هونەرمەند مەریوان سەفادین، ئەویش لەسەرەتادا چەند گۆرانییەکی ڕیتمی هێمنی چڕی، پاشان گۆڕییە سەر ڕیتمی خێرا و بووە هەڵپەڕکێ، وێرای بەشداری کوردەکان، دانیمارکیەکانیش بەشداری هەڵپەڕکێیان کرد، هەندێکیان زوو فێربوون، بەڵام هەندێکی دیکەیان هەر جەستەیان دەبزواند. ئەوەی گرنگە تا کۆتایی ئاهەنگەکە دانیمارکییەکان دەستیان بەرنەدا. بەیان خان و هاوسەرەکەی کاک نیاز بەیاتی کە جلی کوردییان پۆشی بوو، هاوکات بەشداربوون لە هەڵپەڕکێدا، سەرنجی دانیمارکییەکانیان بۆ جل و بەرگە جوانەکانیان ڕاکێشا، لایان جلێکی جوان بوو.

شایانی ئاماژەیە دوای کۆتایی هاتنی شەوە ئاهەنگەکە، زۆربەیان هاتن و دەستخۆشیان لە ئەندامانی گرووپە موزیکیەکەکرد، ئەمەش نیشانەی ڕەزامەندییان بوو لە ئاهەنگەکە. جێی خۆشحاڵی بوو ئەو شەوە توانرا تا ڕادەیەک دانیمارکییەکان بە هونەری موزیکی کوردی ئاشنا بکرێن، ئەوەی جێی سەرسوڕمان بوو کەمی ڕێژەی میوانی کورد بوو کە تەنها ڕێژەیەکی کەم ئامادەبوون، بەمەرجێک ژمارەیەکی زۆر کورد لەو باژێڕەدا دەژین.


پاش ئەوەی میوانەکان ڕۆشتن هەر لەوێ گرووپەکەو چەند کەسێکی دیکە دانیشتنێکی خۆشمان دروست کرد کە تا درەنگانێکی شەو کاتێکی خۆشمان بە قسەکردن و گوێگرتن لە ئاوازی خۆشی موزیکژەنان و لە دەنگی هونەرمەندان هۆشیارو مەریوان بەسەر برد. جگە لە هۆشیارو مەریوان چەند کەسێکی دیکە لە

Institut Kurde de Paris

موزیکژەنان گۆرانییان چڕی، کۆڕێکی گەنجیش بە ناوی [ڕەوەند هەڵەبجەیی] کە خاوەنی دەنگێکی خۆشە و هاوکات گۆرانیزانێکی باشیشە، زۆرێک لە گۆرانییەکانی هۆشیارو مەریوان و چەند گۆرانیبێژێکی دیکەی چڕی)







Institut kurde de Paris









Institut kurde de

ئەرکی پاککرنەوەی هۆڵەکە کەوتە سەر شانی من و کاک گۆران هەڵەبجەیی

ئەوەی من بەدیم کرد لەو گەلەریەدا کە لە شاری (ئۆدیسە) بوو خاوەنەکەی بەڕێز (یەنس) بوو زۆر سەرنج ڕاکێش بوو، ئەو پیاوە زۆر دۆستی کورد بوو ئەو هۆڵەش بە هۆی کاک نیاز بەیاتی دابین کرابوو خۆبەخشانە بوو واتە کرێی هۆڵەکەیان لێ نەسەندین، سەردانی کوردستانیشی کردبوو، کاک نیاز بەیاتی وتەکانی وەرئەگێڕا بۆ زمانی کوردی و کەسانێکی زۆر لەو دانیمارکییانە کە زۆربەیان بەتەمەن بوون و هونەرمەندیشیان تێدا بوو، هەریەکەی بوتڵێک شەرابی لەبەردەم بوو، لەکاتی پشووەکە زۆربەیان لەو خواردنە کوردەواریەیان دەخوارد کە ئەو خانمە کوردانە دروستیان کردبوو تا درەنگانێکی شەو لەوێ ماینەوە بەدەم بابەت و گفتوگۆی ڕۆشنبیری و هونەرییەوە کەمێک سەرمان گەرم کردبوو.

هەر ئەو شەوە هەموو ئەندامەکان گەڕانەوە بۆ کۆپنهاگن، چونکە دووری نێوان شاری ئۆدیسەو پایتەختی دانیمارک تەنها یەک کاتژمێر بوو، جگە لە من و کاک گۆران کە بڕیار بوو هەموو لەوێ بمێننەوە، بۆ بەیانییەکەی ئەو هۆڵە هەمووی پاشەڕۆی خواردن و قاپ و قاچاخی چەورو دەوری و سینی پیس هەموو کۆببووەوە دەبوایە هەموویمان بشتایە و هۆڵەکەمان بە پاک و خاوێنی تەسلیم بکردایەتەوە، ئێمە خەریکی شتنی قاپ و دەوری و پاک کردنەوەو گسکدانی هۆڵەکە بووین، وابزانم سێ کەس بووین، من و کاک گۆران کە تەندروستی باشیش نەبوو بەدار ئەڕۆی بەڕێوە، لەکاتی ئیش کردندا بووین لەلایەن یەک دوو کەس لە هاوڕێیانمان تەلەفۆنیان بۆ ئەکردم بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ کۆپنهاگن، نەیاندەزانی من خەریکی پاککردنەوەی هۆڵەکەم هەر دەیانگوت دەی کاک ئازاد بگەڕێرەوە، منیش بەوە زۆر بێ تاقەت بووم، چونکە خەریکی گسک دان بووین، ئەوان هەر شەو بێ پرس گەڕابوونەوە هەموو ئەو ئەرکەیان بۆ ئێمە جێهێشت وباریکی دەروونی خراپی بۆ دروست کردم، نزیکەی (٣) سەعات ئێمە خەریکی پاک کردنەوەو شتنی قاپ بووین ئەوانیش وایان ئەزانی لە سەیرو سەفام، تا دوای نیوەڕۆ بە تەنیا لەگەڵ کاک گۆراندا گەڕاینەوە کۆبنهاگن، لەڕێگا هەرچیم ئەدی پرسیارم لێ ئەکرد بە درێژایی ئەو ڕێگایە

Institut Kurde de Paris

هەمووی سەوزایی بوو، جۆرە بەروبومێکی تێدا بوو وەک کاهوو وابوو گەڵاپان، هەمووی دەشتایی بوو هەموو دانیمارک تەختاییە و دەشتایی یەک مەتر نابینیت سەوز نەبێت، جار جارەش خانووی پێشکەوتووی جووتیارەکان بوون دوور لەیەک، یانی دێهاتم نەدی بەڵکو هەمووی دوور بوون لە یەک و هەموو جۆرە ئامێرو تەکنیکی کشتوکاڵیان هەبوو، بۆ وزەی کارەبایی بە سەدان پانکەی هەوایی (الطاحونة) هەبوون بۆ وەدەست هێنانی وزەی کارەبا، چونکە دانیمارک هەواو بای زۆرە، بەسەر پردێکدا تێپەڕین کە لەسەر زەریایەک بوو درێژیەکەی (١٤کم) بوو کاک گۆران وتی بە چوار ساڵ درووستیان کردوو، بۆ پشوودان چووینە چێشتخانەیەک و چایەکمان خواردوە، کاک گۆران پاسەکەی لێدەخوڕی بەو بارە تەندروستیەوە کە قاچی بە تەواوی نەیدەتوانی بجوڵێنێت و بە (جی .پی .ئێس) ڕێگاکەی دەدۆزیەوە ومن ئەو کاتە سەرم سوڕما بوو لەو (ئەپلیکەیشنە) بۆ عەسر گەشتنیە کۆبنهاگن و چووینە هۆتێلەکە، کە چووین زۆربەی ئەندامان هۆتێلەکەیان چۆڵ کردبوو هەمووبان چووبوون هەر کەسەو بۆ لای خزمێکی یان ناسیاوێکی، بە بیانوی ئەوەی کە هۆتێلەکە گرانە، بەوەش زۆر بێتاقەت بووم و بوو بە دەنگە دەنگ لەگەڵیان، وتم وابزانن ئێمە لە سەیرانین ؟ ئێوە هەر شەو هەموو گەڕاونەتەوە و هەموو ئەرکەکەتان بۆ ئێمە جێهێشتووە، هەر ئەو ڕۆژەش کاک گۆران ناچار بوو کە پاسەکەی بەکرێ گرتبوو، تەسلیم کردەوە بە کۆمپانیاکە، ئەو بۆ ئەوەی بەکرێ گرتبوو کە بەکۆمەڵ بمان گەڕێنێت بە سەر مۆزەخانەو شوێنی کلتووری ولاتی دانیماک، نەیئەزانی هەموو دوای ڕۆژێک هەموو پەرتەوازە ئەبن. ئەوەش زۆر دڵگرانی کردم بەڕاستی نازانم ڕاستی لای کاممان بووە؟ دوای ئەوەش ئێمە لەو کۆنسێرتانە داهاتمان هەبوو ئەو داهاتە لای کاک نیاز بەیاتی بوو، بۆ بەیانییەکەی هەمووی تەسلیمی کاک گۆران کرد و لە عەلاگەیەکی شەفافدا بوو، ئەویش یەکسەر تەسلیمی منی کرد، بڕوابکەن نازانم چەندی تێدا بوو هەر گەیشتینە ئەوێ یەکێکیان داوای ئەو پارەیەی کرد، منیش هەموویم تەسلیم کردو دابەشی کرد، ئەمە لە هەموو ئاهەنگەکان دووبارە ئەبۆوە ..بۆ شەوی دووهەم بەتەنها لە هۆتێلەکە مامەوە و بۆ بەیانیەکەی نزیکەی کاتژمێر ١٠ بوو لە خەو هەڵسام چووم بۆ کافتریاکەی کە جۆرەها خواردنی تێدا بوو بەڕاستی ئەوە یەکەمجارم بوو بەو شێوازە خواردنانە هەر لە پەنیری دانیمارکی و

Institut Kurde de Paris


چا وقاوه، گۆشت، قیمه و چەرەسات و شیری فرێش، پاش ئەوە بڕیارمدا بچم بۆ سوید بۆ شاری (یۆتۆبۆری) بۆ نیوەڕۆکەی لە مالّی کاک ئیبراهیمی حاجی حەمە شەریف میوان بووین خزمەتێکی زۆری کردین و خێزانەکەی خاتوو (شیلان حامید) بوو. کە کاتی خۆی لە ئۆپەڕێتەکانی سەوزەو ڕێوی بەشدار بوو لەگەلّمان لە ساڵانی ١٩٨٣ بە دواوە، کاتژمێر دووی نیوەڕۆ کاک ئیبراهیم بردمی بۆ تەرمینالّی کۆبنهاگن و بلیتی شەمەندەفەری بۆ کڕیم و بە تەنها سوار بووم، وە کەوتمەڕێ و یەکەمین جارم بوو سواری شەمەندەفەر ببم .



لەڕێگا بەرەو شاری یۆتۆبۆری سوید دوای ماوەیەکی کەم کە گەشتینە سەر سنوور نامەیەک هات بۆ مۆبایلەکەم کە لەو ولاتە چوومەتە ولاتێکی تر، ئەگینا خۆ هیچ بازگەیەکی تێدا نەبوو وەک لای خۆمان نێوان شارێک و شارێکی تر چەندین بازگە هەبێت، لەڕێگا شەمەندەفەرەکە بە تونێلی وادا دەڕۆشت کە لە ژێر ئاو دروستکرابوو، یەکەمین شار کە گەیشتین بۆ ماوەیەکی کەم شاری (مالمۆ) بوو لەسوید، ئیتر شارو گوندی دەبڕی، لە ناو شەمەندەفەرەکە کچێکی گەنج نزیکم بوو هەندێ قسەم لەگەڵ کرد بە ئینگلیزی و پاش کەمێک گەیشتینە شارێک شەمەندەفەرەکە وەستا، هەموو سەرنشینەکان دابەزین تەنانەت من جانتایەکی گەورەم پێبوو لەگەڵ ئامێری کەمانچەکەم ئەو کچە هاوکاری کردم، من بەوە زۆر تێکچووم، لەدڵی خۆمدا نەشارەزا ! چی بکەم لێرە؟ ئەو کچە بێ ئەوەی بیناسم وتی کەمێکی تر شەمەندەفەرێکی تر دێت و سواری بەو دەتگەیەنێتە یۆتۆبۆری و بردمیە لای ویستگەی بلیت بڕەکان وپێی ڕاگەیاندن کە من بلیتی یۆتۆبۆریم بڕیوە و نابێت پارەی تری لێ بسێنن و لەگەڵم چاوەڕوان بوو وتی بەجێت ناهێڵم تا شەمەندەفەرەکە نەیەت، لەوێدا بیرم لە پەروەردەو گیانی هاوکاری ئەو ولاتانە ئەکردەوە کە چەند جوان پەروەردە کراون، پاشان ژنێک کە تەمەنی نزیکەی پەنجا ساڵ بوو کە زانی غەریبم وتی مەترسە ئێمە هاوکاریت ئەکەیت و لەپڕ شەمەندەفەرێکی ڕەنگ نیللی هات و لە وێستەگەکە وەستا وتیان سواری بەو ئاهێک هاتەوە بەگیانما و زۆر سوپاسم کردن، نزیک کاتژمێر حەوت و نیوی ئێوارە بوو دنیا تاریک ببوو، هاوڕێیەکم چاوەڕوانی ئەکردم و گەیشتمە ئەو شارە، بەڕاستی ئەو هاوڕێیانەم لە هەندەران هەموو تەلەفۆنیان بۆ ئەکردم کە میوانیان بم ماوەی ئەو چەند ڕۆژە هەر شەوەی لە مالی هاوڕێیەکم یان خزمێکم بووم، جار جارەش ئەچوومە هۆتێل کە شەوی بە (٩٠) دۆلار بوو بۆ ئەوەی ئەرک نەبم بەسەریانەوە، لە شاری یۆتۆبۆری شەوێک لەمالی ئاراسی شێخ جەمال بووم خزمەتێکی باشیان کردم، شەو ئاراس کە کاتی خۆی سەنتووری ژەن بوو لەگەڵمان سەنتورێکی هێنا هەموو ژێکانی خاو ببونەوە وتم بۆ کۆکیناکەیت؟ وتی دراوسێکان تەلەفۆنیان بۆ پۆلیس کردووە کە بێزارم کردوون، شەوێکی تر لە

Institut kurde de Paris

مالّی کاک هێمن عەلی بووم کەخێزانەکەی دلۆڤان کچی سەرگولّی پورمە وهێمن دەنگی خۆش بوو شەو گۆرانی جوانی وت، بۆ بەیانی دلۆڤان بلوسێکی جوانی بۆ کوڕە بچوکەکەم بە دیاری بۆ هێنابوو، شاری یۆتۆبۆری دووهەم شاری سویدە کە شارێکی زۆر جوان و دلّگیر بوو.




کۆنسێرتێک لە سوید

هەفتەیەک لەوێ مامەوە تا کۆنسێرتەکە مان دەستی پێ کرد کە بۆ کوردەکان بوو کە کاک گۆران پەیوەندی هەبوو لەگەڵ ڕەوان شاد (دڵشاد ئەحمەد) کە سەرۆکی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان بوو لەو شارەو شوقەیەکیان هەبوو بۆ ئەنجام دانی چالاکی هونەری و ئەدەبی، لەوێش پێشوازییەکی گەرمیان لێکردین، لەوێ بەڕێکەوت نوسەرو دەرهێنەری شانۆیی کاک (جەلیل زەنگەنە)مان دی کە کاک دڵشاد بانگهیشتی کردبوو بۆ کاری هونەری و هەروەها کاک مەریوان هەڵەبجەییش لە نەرویجەوە هاتبوو هەردووکیان لەگەڵ میوانەکانی کوردی ئەو شارە ئامادەی ئەو کۆنسێرتە بوون کە لە شەوی ٢٠١٣/١١/٨ ئەنجام درا لە هۆڵێک نزیک ئەو شوقەیەی کۆمەڵی هونەرەجوانەکانی لێبوو، لەو کۆنسێرتەدا ئاراسی شێخ جەمال پێشکەش کاری بوو، کاک نەوزاد ناوێک فلمێکی دۆکۆمینتاری لەسەر مێژووی تیپەکە دروست کرد کە زۆر جوان دروستی کردبوو بە وێنەو گۆرانییەکانی تیپەکەوە، پاشان کوردانێکی زۆر ئامادە بوون و چەندین هاوڕێی دێرینمان هاتبوون بۆ بینینی ئەو نمایشەو تێیدا گۆرانی بێژان هۆشیار حەمە فەرەج و مەریوان سەفادین چەند گۆرانییەکیان پێشکەش کرد، بۆ شەوەکەی ئێوارە خوانێکیان بۆ ئەنجام داین و پاشان چەند کەسێکمان شەو لە ماڵی کاک فەلاح ئەحمەد ڕەشید ماینەوە، بۆ بەیانییەکەی یەک دوو کەسیان چوون بۆ ئەڵمانیا ومنیش شەوێکی تر لای فەلاح مامەوە و بۆ ڕۆژی دوایی فەلاح بە سوپاسەوە هات لەگەڵم بۆ تەرمینالی ئەو شارەو جارێکی تر گەڕامەوە شاری کۆپنهاگن و ئامادە بوون بۆ کۆنسێرتی سێهەم.

Institut kurde de Paris


گۆرانی .... نازیلی
ووتنی ..... مەریوان سەعادین
ئاوازی .... فۆلکلۆر



کۆنسێرتی سێیەم لەدانیمارک

کۆنسێرتەکە بۆکوردانی ئەو شارە سازدرا لە شەوی ٢٠١٣/١١/١٦ لەو کۆنسێرتە کاک گۆران پێشکەش کاری کۆنسێرتەکە بوو، من دەستێ جلی شاڵم بەدیاری بۆ بردوو بەو جلانەوە پێشکەشکاری کرد، هەموو بەرکەوتنێک لەگەڵ کەسانی دی ڕووداوی خۆش و ناخۆشی تێدەکەوێت کە پێویست بە باس کردن ناکات لێرەدا، لەوێشدا چەندین بەرهەممان پێشکەش کرد و مەریوان چەندین گۆرانی شادی وت و میوانەکان دەستیان کرد بە هەڵپەڕکێ تا کۆتایی ئاهەنگەکە.



شەوێکیان پێش ئاهەنگەکە کاک گۆران من و مەریوانی داوەت کرد بۆ ماڵی خۆیان بۆ ڕۆژەکەی بردمی بۆ ئەو کەنیسەی کە خێزانی مەلیک هاوسەرگیری تێدا ئەکەن بەڵام ڕۆژی شەممە بوو داخرابوو، دوای ئەوە بردمی بۆ مۆزەخانەی پاپۆڕیک کە ٢٠٠ ساڵ لەمەوپێش لە ئاوێکی ئەو وڵاتە نوقم ببوو زۆر گەورە بوو زۆربەی پارچەکانیان بە یەکەوە نوساندبووەوە چەند پارچەیەکی کەم بوو پێش چەند ساڵێک دۆزیبوویانەوە، ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام لەو وڵاتە ناهێڵن کەسانی خانەنشین و بە تەمەن بێزار ببن، ئەبینم زیاتر لە ١٥ ژن و پیاوی بەتەمەن بە جلی

ئاڵو والاو ژنەکان ئارایشتیان کردبوو بە پاسێک هێنابوویانن بۆ سەیری ئەو مۆزەخانەیە، لەوێ بەو شێوە ڕێز لە خانەنشین و بەتەمەن ئەگرن نەک لای خۆمان کە خانەنشینان لە ڕیزی وەرگرتنی مووچەدا دەمرن .

گەڕان بەناو شاری ستۆکهۆڵم و بەسەرکرنەوەی هاوڕێیان و دۆستان

ئێمە پلانی بەرنامەکانمان تەواو ببوو، بەڵام عەزیزو هۆشیار لەگەڵ کاک بەختیاری سلێمان بەگ ڕێکەوتبوون کە ئەم ئاهەنگەش ببەینە پایتەختی سوید لە ستۆکهۆڵم، ئیتر پێش چەند ڕۆژێک پێش ئەوە کەوتینە ڕێ بۆ ستۆکهۆڵم، سواری شەمەندەفەر بووین ئەمجارەیان بە شەمەندەفەرێکی دووقات بەڕێ کەوتین کە وەک پاسەکانی بەغدادی سالاّنی حەفتاکان وابوو، بەڵام زۆر دریژتر، ئێمە ئێوارە کەوتینەڕێ، شەومان بەسەردا هات ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام پیاو و ژنێکی نابینا هەبوون هەردووکیان هەتا دابەزین لە شارێک پێش ئێمە دەستیان خستبووە ناو دەستی یەکتر و ئەیان چپان بە گوێی یەکتردا، لەوێدا بیرم لەوە ئەکردەوە کە خۆشەویستی مانای هەست و بینیش نازانێت کە چەند بەیەکەوە ئاسوودە بوون، بۆ شەوەکەی درەنگ گەشتینە شاری (ڤیستریس) کە مالّی هاوڕێیەکی ئازیزمان لەوێ بوو لەگەڵ مالّی حەمەی مامە خالدم، هەر گەیشتینە ئەوێ کاک مەحمود ئەحمەد عبدالرحمن کە ئەندامی دێرینی تیپەکەمان بوو هەر لەگەیشتنمانەوە بۆ هەندەران هەمیشە وبەردەوام پەیوەندی پێوە ئەکردم بە تەلەفۆن، ئەو شەوە چوار کەسمان لە مالّی مەحمود ماینەوە من و عەزیز و هۆشیارو توانا خورشید، خێزانەکەی (فەوزیە خان) خزمەتێکی زۆری کردین، چونکە من هەر لە منالّییەوە ناسیاویمان لەگەڵیدا هەبووە کە کچی حاجی مەولودە ، شەوی دواتر مەحمود بە درەنگانیکی شەو ئەوانی بردە ستۆکهۆڵم و هاتەوە، من دوو شەو لەمالّی مەحمود بووم کە دەست بلاّوانە خزمەتی ئەکردم لەو کاتەدا تەکسییەکی پێ بوو ئەو دوو ڕۆژە زۆر شوێنی شارەکەی گەڕاندم، هەروەها پاشان حەمەی مامە خالدم شەوێک لە مالّیان مامەوە و زۆر خزمەتی کردم، هەر لە شارەکەی مەحمود بووم کاک گۆران هەڵەبجەیی تەلەفۆنی بۆ کردم وتی لەگەڵ پێشکەشکار خاتوو (نەجیبە) لە تەلەفزیۆنی (ستێرک) چاوپێکەتنتان لەگەڵ ئەکات، دوای ئەوە بۆ ڕۆژی دوایی دەبوایە بچومایە بۆ ستۆکهوڵم لەگەڵ کاک ئیسماعیلی حاجی مەولود هات لەگەڵم بۆ ئەوەی بەڕێ بکەوم کە برای خێزانەکەی مەحمودەو هەر

Institut Kurde de Paris

له منالیەوە ئەیناسم و هات لەگەڵم بۆ تەرمینالەکە و بلیتی بۆ بڕیم وبەو تەمەنەوە بەڕێزەوە جانتاکەمی پێ بێت لەو هەندەرانە هەموو شت بە کاتە بۆ نمونە شەمەندەفەرێک ٤ خولەک ئەوەستێت بۆ ئەوەی سەرنشین سوار بێت، من شتم زۆر پێ بوو وا ڕێکەت کاک ئیسماعیل جانتاکەی منی پێ بوو هاتە ناو شەمەندەفەرەکەو ڕۆشت ئەویش تووش بوو سوار بوو لەگەڵم من زۆر شەرمم لەوە کرد بەڵام وتی ئێرە وایە و نزیکەی نیوکاتژمێر لەناو شەمەندەفەرەکە بوو تا گەیشتە وێستگەیەکی تر ئینجا دابەزی و گەڕایەوە، پاش ئەوە گەیشتمە ستۆکهۆڵم وزۆر هاوڕێ چاوەڕێیان ئەکردم، ئەندامێکی دێرینی تیپەکە کاکە ڕزگاری شێخ سدیق هات بە شوێنما و بردمیەوە لای خۆی کە هۆشیار و عەزیزیش لەوێ بوون، دوو سێ شەو لای ڕزگار بووم کەبەڕاستی خزمەتێکی جوانی کردین، خۆی بە تەنها دەژیا.

شاری ستۆکهۆڵم تا بڵێیت جوان بوو خەریکی خۆ ئامادە کردن بوون بۆ جەژنی سەری ساڵ، هەموو شەقام و ماڵ و مۆڵەکان بە گڵۆپی سپی بە زنجیرەیی ڕازابوونەوە و شەوێک لە ماڵی ڕزگار بووم بەرامبەر شوقەکەی هۆڵێک هەبوو دەنگی مۆسیقا ئەهات کەسەیرم کرد چەندین ژن و پیاوی بەتەمەن خەریکی پرۆڤە کردن بوون و سەمایان دەکرد، سەیرم لێهات وتم ئەوە چییە؟ وتی ئەوە خۆیان ئامادە ئەکەن بۆ ئەنجام دانی چالاکی سەماو گۆرانی بۆ سەری ساڵ، کە لە بەلەکۆنەی شوقەکەیەوە سەیری شوقەکانی ترم ئەکرد هەموو ماڵێک پەنجەرەکەی ڕازاندبووەوە بە گڵۆپ و مۆم، یەک شتی تریشم بەدی کرد هەموو ئەو شوێنانەی دیم لە ماڵی هاوڕێ وئوتێل و شوقە هەموو گڵۆپی زەردیان دائەگیرسان، نەک نیۆن، ئەوەش بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە هێندە خۆر نابینن، دەچوومە هەرماڵێک هەموو مێزەکانیان بە هەموو جۆرە میوەیەک ڕازاندبووەوە، هەموویان جۆرەها خواردنەوەیان لە سەلاجەکانیاندا هەبوو.

لەو ماوەیەی کە لەو شارە بووین چەندین هاوڕێ و دۆستانمان بینی شەوێک سێ کەسمان لە ماڵی کاک عەبدوڵای حەمەلاوبەگ میوان بووین من و عەزیزو هۆشیار، بەڕاستی خزمەتێکی زۆریان کردین و دوای نانن خواردن ئەوان ڕۆشتن بۆ ماڵێکی تر من مامەوە لای عەبدوڵا پێکەوە تا درەنگان پێکەوە دانیشتین، بۆ سبەی زۆر شوێنی شاری ستۆکهۆڵمی گەڕاندم لەوانە سەنتەری شارەکە کە

Institut Kurde de Paris

هەمووی بینای کۆن بوون، بەڵام بە جوانی مابوونەوە، نەدەبوو ئۆتۆمبێلی پێدا بڕوات و کۆڵانەکانی تەسکبوون، بۆ کەنیسەیەکی مێژوویی بردم، بورجێکی گەورە کە بەرزیەکەی (٥٠٠)مەتر بوو بە (مەسعەد) خێرا سەرکەوتین کە هەر وەک ئەوە وابوو لە باڵەخانەیەکی پێنج قات سەربکەوێت چونکە ئەو بەرزییە زۆرەی بە خێرایی ئەبڕی کە لە سەرەوە کافتریای تێدا بوو، دووربینێک کە هەموو شارەکەی نزیک ئەکردەوە، کە چەندین پاپۆڕ لەو دورگانە وەستا بوون، ئەو شارە بە دەیان دوورگەی بچوکی تێدا بوو، بەڕاستی من لە هەر ماڵێک لەشەوێک زیاتر نە ئەمامەوە، مەگەر دەگمەن، چونکە هەموو ئیش و کاریان هەبوو، بۆ شەوێکیش کاک (تەهای حاجی بەکری دارتاش) هات بە شوێنمدا و لەماڵی ئەوان مامەوە، تەها کە لە هەڵەبجە بوو زۆر سەردانی ئەکرین و وەک ئەندام وابوو لەگەڵمان، تەنانەت ساڵی (١٩٨٢) بەشدار بوو لە گەڵمان لە کۆنسێرتێکی هەولێر وەک کۆرس، دارتاشیش بوو زساڵی (١٩٨٢) کە ستۆدیۆیەکمان دروست کرد زۆر یارمەتی ئەدام و هەردووکمان پێکەوە دروستمان کرد، ساڵی ١٩٨٥ یش پێکەوە لە مەڵبەندی لاوان بە تەبەدۆر ستۆدیۆکەمان ڕوو پۆش کردو سەقفمان بۆ کرد، دەنگیشی خۆش بوو شەیدای حەمەی مەاڵی بوو، شەو پێکەوە دانیشتین و چەندین گۆرانی وت ومنیش کەمانەکەم پێبوو .

Institut kurde de Paris

کۆنسێرتێک لە ستۆکهۆڵم

لە ڕۆژی ٢٠١٣/١١/٢٤ لە چێشتخانەیەکی گەورە لەو شارە کۆنسێرتەکەمان ئەنجام دا بەڵام دوو ئەندامەمان گەڕابوونەوە لەوانە دانا شێرکۆ کە بە کیبۆرد لەگەڵمان بوو وە زۆزک ئەحمەد کە ژەنیاری کەمان بوو، زۆر لە هاوڕێیانمان ئامادەبوون، هۆڵەکە پڕ ببوو لە کوردانی ئەو شارە، ئەوە کۆتا کۆنسێرتمان بوو. کە ڕۆشتم بۆ هەندەران مۆڵەتی دوو مانگم لە فەرمانگەکەم وەرگرتبوو وام ئەزانی زۆر ئەمێنمەوە، بەڵام هەرچەندە بە فەرمی ڕۆشتبووین، بەڵام هەستم ئەکرد ژیان لەوێ جیاوازە و هەستم بە نامۆیی ئەکرد و بیری وڵاتم ئەکرد و

ئەمگووت چی لەو جوانییە بکەم کە هیچ پەیوەست نییە بە مێژوومەوە، پاشان دراوسێ و خزمی دێرینم کاکە نەورۆزی وەستا عوسمانی وەستا مەردان کە زانیبووی لە ستۆکهۆڵمم هات بە شوێنمداو دوو شەو بەو پەڕی ڕێزەوە و خزمەتێکی زۆرەوە لە مااڵیان بووم، دەبوایە بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان بگەڕاینایەتەوە بۆ دانیمارک و پارەی هەردوو سەرمان دابوو، بەاڵم تاقەتم نەماو بۆ جارێکی تر بلیتی گەڕانەوەم لە سوید کڕییەوەو بەرە بەیانی ڕۆژی ٢٠١٣/١١/٢٧ نەورۆز بە ئۆتۆمبیلی خۆی هێنامیە فڕۆکەخانەی ستۆکهۆڵم و لەگەڵ زۆربەی ئەندامان لەفڕۆکەخانەی ستۆکهۆڵم ڕاستەوخۆ گەڕاینەوە فڕۆکەخانەی سلێمانی ..



ستۆکهۆڵم - لەگەڵ عەبدوڵاڵ حەمەالو بەگ

پاش ئەوەی کە گەڕاینەوە ئێمە قەرزاری کرێی هاتوچۆی فڕۆکەبووین، بۆیە لە مانگی ١٢چووم بۆ هەولێر وچوومە لای بەڕێوەبەری گشتی لاوان و زۆر هەوڵم دا تا بتوانم موعامەلەکان تەواو بکەم، هەرچۆنیک بوو کاری ئەوێ تەواو بووە کاری تری زۆر مابوو لە بەڕێوەبەرێتی گشتی بانکی هەرێم لە هەولێر و گەیشتمە بانکەکە وچەندین ژووراو ژووریان پێکردم، تا گەیشتە لای جێگری بەڕێوەبەری گشتی کە زۆر پاساوی هینایەوە ئەیگوت چۆن ئەبێت تۆ بەناوی شەش کەسەوە پارە وەربگریت؟ ئەمگوت من سەرۆکی ئەو تیپەم و بەرپرسیارم لێی و باوەڕی نەئەکرد و خەڵکی هەولێر بوو نەی ئەناسیم، زۆر نائومێد بووم پاشان هەموو نوسراوەکانم لێوەرگرت و چوومە لای بەڕێوەبەری گشتی بانکی هەرێم و فایلەکەم دا بە سکرتێری بەڕێوەبەرو دانیشتم و چاوەڕێم ئەکرد، بەڵکو هیچ تەگەرەیەک نەیەتە سەر بەڕێوەچونی موعامەلەکە، پاش کەمێک سکرتێرەکەی بانگی کردم و ناوەکەمی خوێندەوە وتی بەڕێوەبەر بانگت ئەکات کە چووم سەیرم کرد بەڕێوەبەری گشتی بانکی هەرێم کاک (عوسمان سالّح ژاژڵەیی)یە کە پێکەوە لە کۆلێجی بەڕێوەبردن و ئابووری چوار سالّ پێکەوە خوێندکار بووین، تەنانەت لە قوناغی سێی کۆلێج هەردووکمان لە ژورێکدا بووین لە بەشی ناوخۆیی لە گەڕەکی (راغبة خاتون) لە بەغدا، کە دیم ئیتر ئاهێکم پێدا هاتەوە و زۆر ڕێزی لێ گرتم وتی خەمت نەبێت چۆن ئەهێڵم بەدەستی بەتاڵ بڕۆیتەوە، لەگەڵ کاک عوسمان هاوڕێیەتیمان بەردەوام بوو لە دوای تەواو کردنی خوێندن، تەنانەت لەسەر دۆڵابێک لە ژووڕەکەی ئامێرێکی کەمانی دانا بوو نازانم بۆ؟ باش بوو کاری ڕاست بێ ئیمزای ڕەزامەندی بۆ کردم و پاش ئەوەی لەوێ تەواو بووم، بۆیان کردم بە (چەک) ناردمیانە بانکێک لە هەولێر کات گەیشتبووە یانزەی نیوەڕۆ و گەیشتمە بانکەکە و پاش چاوەڕوانی چەکەکەیان بۆ سەرف کردم و پارەکەم وەرگرت و کردمە عەلاگەیەکی ڕەش و سواری تاکسی بووم و چوومە بازاڕی دۆلارەکەی هەولێرو دینارەکانم گۆڕییەوە بە دۆلار بۆ ئاسان هەڵگرتنی، یەکسەر بێ ئەوەی نان بخۆم تاکسیم گرت بۆ تەرمینالّی سلێمانی و یەکسەر سواری تاکسی بووم و گەڕامەوە بۆ سلێمانی، ئیتر ئاهێک هاتەوە بەگیانمدا و لەڕێگا بیرم ئەکردەوە باشە ئەگەر بەبۆنەی ئەو هاوڕێیەمەوە نەبوایە

Institut Kurde de Paris

و ئەو پارەم وەرنەگرتایە ئەو بڕە پارەم لە کوێ پەیدا بکردایە؟ بۆ عەسرێکی درەنگ گەشتمەوە سلێمانی و چوومەوە بۆ تیپ ئەبینم دوو کەس لەوێ بوون لەو ئەندامانەی لە سەفەرەکە لەگەڵمان بوون ئەوانیش توانا خورشید و فوئاد کەریم و بڕی پارەکەم دایە دەستیان و ئەوانیش بردیان بۆ ئەو کۆمپانیایەی کە بلیتەکانمان لێ بڕیبوون ئیتر لەو بەرپرسیارێتیە ڕزگارم بوو .

یادی هەڵەبجە لە ٢٠١٤/٣/١٦

زۆربەی ساڵەکان کە یادی کیمیابارانی هەڵەبجە دێتە پێشەوە ئامادەکارانی ئەو بەرنامانەی تایبەتە بەو ڕۆژە، چ پێشکەش کار یان ڕێکخەری بەرنامەکە، پەیوەندیم پێوە ئەکەن بۆ ئەنجام دانی بەرنامەیەکی تایبەت بەو ڕۆژە، هەروەها پەیوەندی کردن بە کەسانی پسپۆڕەوە لەو یادەدا، جاری وا هەیە ئەو بەرنامە لە دەرەوەی ستۆدیۆ یان لە ناو ستۆدیۆ ئەنجامی ئەدەین، بۆ ئەمساڵە لە ناو ستۆدیۆی کەناڵی کوردسات ئەو بەرنامەیەمان ئەنجام دا.

وە هەر کاتێک پێویستمان بە ئەندامی تر بێت چ وەک مۆزیک ژەن یان گۆرانی بێژ بانگهێشتیان ئەکەین ئەوانیش بە سوپاسەوە هاوکاریمان ئەکەن، هەروەها من هەر کەسێک شارەزا بێت لە بواریکدا بانگهێشتی دەکەین، هەر ئەو ساڵە پەیوەندیم کرد بە ڕەوان شاد مامۆستا ئازاد حەمدی و ڕەوان شاد ئەسغەر ڕەشید و مامۆستا محەمەد حەمە تۆفیقیش وەک شارەزایەکی جینۆساید بانگهێشت کرابوو، گۆرانی بێژان خاتوو تارا ڕەسول و کاک شاخەوان کەیخەسرەو لە هەندەران گەڕابوونەوە بەشداریان لەگەڵ کردین، هەروەها کاک ئاریان کەریم و کاکە ئاری، وەخاتوونێکی ڕۆژ هەڵاتی بەناوی (نێرگز) بەشداری کرد، چەند بەرهەمێکیان پێشکەشکرد، لەوانە تارا ڕەسوڵ (بەتەنیا جێم مەهێڵن)ی وت، شاخەوان ئاوازێکی منی وتەوە بە ناوی (هەوای باخی میر) چەند بەرهەمێکی تر کە لە یادم نەماون هەروەها پیشکەشکاری بەرنامەکە ڕەوان شاد خاتوو (لانە)بوو، هەروەها مامۆستا ئازاد حەمدیش هاتبوو بۆ قسەکردن و لێدوان دەربارەی مێژووی هەڵەبجە.

Institut Kurde de Paris









تارا رەسوڵ ـ ئاریان کەریم ـ نێرگز



شاخەوان کەیخەسرەو



ئازاد صاڵح ـ ئازاد حەمدی. ئەوەی لەدواوە دەرچووە: عەزیز حەمە کەریم

پاش ئەوە کەوتمە بیر کردنەوە لەگەڵ خۆمداو ئەموت ! باشە من بۆ وا ئەکەم ؟ئەم هەموو ماندوو بونەو دوای ئەوەش پیاو خراپ بم؟منیش تاکێکم وەک ئەوان بۆ ئەوەندە ساویلکە بم؟ بۆیە ئیتر لە چالاکی وەستام و گوێم نەئەدایە هیچ.

بۆیە وردە وردە ئەمویست خۆم دوور بخەمەوە،تەنانەت لە ناو بارەگای تیپەکەش.

لە ساڵی (٢٠١٤) سەرەتای قەیرانی دارایی سەری هەڵدا بە هۆی نەناردنی بودجە لە بەغداوەو بە سەربەخۆ فرۆشتنی نەوتی هەرێمەوە و کوردستان کەوتە بارێکی ناهەموار، ئیتر (نەسریە) تیپە هونەرییەکان وەستا، چەندین تیپ هەڵوەشانەوە چ شانۆیی یان مۆزیکی لەبەر نەبونی کرێی بارەگای تیپەکانەوە، بەڵام ئێمە لە بینای دەبۆکەین کە مولکی شارەوانییە و هەر لە سەرەتاوە شوێنێکی پەراوێز خراوەو کرێ نادەین، بۆیە ماینەوە لەو شوێنەدا، لەکۆتاییدا بڕی (١٥٠٠٠٠٠) یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار مابوو لای ژمێریاری تیپ، بەتوانا ئەبوبەکرم وت هیچ خەرجی مەکە، لەو شوێنەی ئێمە بەرامبەرمان تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی هەندێ کەل و پەل و کورسی و دۆڵابە شکاو و کتێب و ئەرشیف هەیە، بەرپرسی ئەوان هونەرمەند (مستەفا ئەحمەد) بوو، ڕۆژێکیان لە چایخانەی جمهوری دانیشتبوو، منیش لەوێ بووم چایەکم ئەخواردەوە، چوومە لای و پێم وت خۆ ئێوە نایەنە ئەو شوێنە و زۆربەی شتەکانتان کۆنەو بە کەڵک نایەت، شوێنەکەی ئێوە فراوانە و ئەو شتانەتان ئەخەینە شوێنێکەوە و وەک گەنجینەیەک لەوێ دایئەنێین با دیوارێک لەو هۆڵەدا دروست بکەین، نیوەی بۆ ئێمە نیوەشی بۆ ئێوە، هەرچۆنیک بێت قەناعەتم پێکرد، ئیتر ئەو کاتانە کەم کەسیان هاتوو چۆی تیپیان ئەکرد، ئیتر بە من و توانا خورشید و فوئاد کەریم خەریکی بووین و سەرپەرشتیمان ئەکرد ئیتر ئەوانی تر هەر ئاگایان لە هیچ نەبوو، ئەو بڕە پارەمان لەو شوێنەدا خەرج کرد.

ئیتر من شوێنێکی خۆمم دەست کەوت و ڕۆژانە بە تەنها لەو هۆڵە تەمرینم ئەکرد و کاتم بەسەر ئەبرد، وەک پێداویستی چەند کورسییەکی کۆن و مێزو ئەوانەی تێدا بوو لە گەڵیاندا خۆمم گونجان.

Institut Kurde de Paris

یادی ٢٠١٥/٣/١٦ لەسەر گۆڕی شەهیدان کرایەوە

ئەو ساڵە کەناڵی کوردسات پێی ڕاگەیاندین کە یادی کیمیابارانی هەڵەبجە بکەینەوە لەسەر مەزاری شەهیدان، بۆ عەسرەکەی بە ڕاستەوخۆ پەخشکرا، ئەم گۆرانی بێژانە بەشدار بوون:

لوقمان سەلیم، ئاڤان عوسمان، شیلان عوسمان، ئەنجام عبدالواحید.

جگە لەم گۆرانیبێژانە چەند بەرهەمێکمی ترمان پێشکەشکرد لەوانە کۆڕاڵی (هۆ خەڵکینە).



Institut kurde de Paris

کردنەوەی خولی مۆزیک لە خانەی مۆزیکی منالاّن

لە هـاوینی ئەو سـاڵەدا خـولێکی مۆزیکمـان کـردەوە بـۆ فێرخـوازان، هەنـدێ فێرخـواز فێـری مۆزیـک ببـوون، لەڕۆژی ٢٠١٥/٨/١٨ نمایشـێکیان ئەنجامـدا لە پەیمانگای پۆلەتەکنیکی سلێمانی.



Institut kurdî

ساڵی ٢٠١٦ و یادگاری ساڵانی حەفتاکان لە فەیسبووک


لەم ساڵەشدا لە تیپی شنرۆ هیچ چالاکییەکی هونەریم نەبوو، بەڵکو بۆ خۆم خەریکی پرۆژە کردن بووم وزیاتر تەنها بووم، لە فەیسبووک زۆرجار گۆرانییە کۆنەکانی تیپم مۆنتاج ئەکرد و خەریکی کۆکردنەوەی ئەرشیفەکان بووم و ماموستا هەڵکەوت شێخ محەمەد چەند شریتێکی کاسێتی ساڵانی حەفتاو هەشتاکانی لامابوو چووم لێم وەرگرت، هەرچەندە کوالێتیان لەڕووی تۆمار کردن باش نەبوو، چونکە لە ئاهەنگدا تۆمار کرابوون، بەڵام ناو بەناو گۆرانیم بڵاو ئەکردەوە، بە تایبەت گۆرانی (هاوڕێی گیانی بەگیانی)کە ئاوازێکی هیندی بووکە ڕەوان شاد ئۆمێد نوری هێنابووی و تێهەڵکێشی هۆنراوەیەکی نیهاد شێخ عارفی کردبوو کە چیرۆکی عەشقێکی ڕاستەقینە بوو، بەدەنگی (ئازادی مەحمودی سەڕاج) نمایشمان کردبوو، کاتێ بڵاوم کردەوە خەڵک زۆری بە دڵ بوو، چونکە یادگاری ساڵانی حەفتاکان بوو، سۆراغی شاعیرەکەم ئەکرد بیبینم بە هۆی ماموستا ڕەئوف حەمە عەلی پورزایەوە دۆزیمەوە، وتی لە هەندەران گەڕاوەتەوە و ڕۆژی ٢٠١٦/٩/١ بە تایبەت چووم بۆ لای لە سلێمانی لای باخی گشتی یەکترمان دی و بەدەست خەتی خۆی هۆنراوەکەی بۆ نوسیم لەگەڵ کاسێتێک لە شیعرەکانی خۆی بەداخەوە لێم ونبوون.

ڕۆژێکیان کە ئەو گۆرانییەم بڵاو کردەوە (خوشکان)ی حەمە فەرەجی کۆێخا لەهەڵەبجەوە بە تایبەت هات بۆ تیپ بۆ لام ئەو گۆرانییەی بە ئاوازێکی تر بۆ وتم وهانی دام بگەڕێمەوە بۆ هەڵەبجە بۆ فێرکردنی فێرخوازان لە هەڵەبجە.

Institut Kurde de Paris



نیهادی شێخ عارف /ئازاد سالح /سلێمانی ٢٠١٦



لەبیرت دێ لە هەڵەبجە
سواران بەلەرزولەخە
گەلەکانی بەرەو کانێشێخ
بەبارلەسەرنوکی بەفر
نیشانەبەکی بەردەوام
نازانت چەفروشتنی بەسەرما
کەتۆسیس کەسڵسم گریوش بەرم
منیش نەمکرد لەشەرما

کەلاجارەکەی کەهاتم
بۆی پێکەنینت نێگردم
لەبیزەکەلەدڵم دا
بەبەجەبانگت نێکردم
کاتم تۆلات دوور دڵیش بوم
لەوەی کەپر هێنۆم کەی
نەم زانی کەخزمەتی و
نەتوێ گەیم ئێ کەی

لەگەڵ
رێزم
ن

شیعری (لەبیرت دێ لە هەڵەبجە) بەدەستوخەتی کاک نیهاد شێخ عارف

Institut Kurde de Paris

گەڕانەوە بۆ هەڵەبجەو دروستکردنی فێرگەی موزیک

وە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٩/١٤ گروپێکی ژنانی یەکگرتوو هەبوون و بانگیان کردم بۆ باسکردنی مێژووی هونەری مۆسیقای هەڵەبجەو یەک دوو کاتژمێر باسی ئەو ڕەوتە مۆزیکییەم بۆ کردن و لە کۆتایشدا یەک دوو کتێبیان پێشکەش کردم کە ڕۆشنا صالح سەرپەرشتی ئەکردن وئەمانیش هانیان دام کە بتوانم بگەڕێمەوە بۆ هەڵەبجەو بۆ کردنەوەی خولی مۆزیک .

ئیتر وردە وردە کەڵکەڵەی ئەوەم کەوتە سەر کە بتوانم لە هەڵەبجە بنکەیەکم هەبێت بۆ ئەوەی جارێکیتر گوڕو تین بخەمەوە هونەری مۆزیک لە هەڵەبجە، چونکە هەڵەبجە پێویستی بە فێرگەی موزیک بوو، بۆ ئەوەی هەر لەمنالییەوە بناغەی هونەری بۆ دابنرێت.

هەروەها لەوە بێئومێد ببووم کە لە سلێمانی تیپەکە کۆ بکەمەوە، چونکە بیرو بۆچونی جیاواز درووست ببوو منیش تاقەتی ئەوەم نەمابوو کە جارێکی تر بگەڕێمەوە ناو چوار گۆشەی یەکەمەوە، کۆتایی ساڵی (٢٠١٦) نزیک ببووەوە منیش هەر بیرم ئەکردەوە چۆن ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکەم بە بێ ئەوەی بە هیچ کەس بڵێم ..

چۆن فێرگەی (شنرۆ)مان کردەوە لە هەڵەبجە

لە مانگی ١١ ی ساڵی ٢٠١٦ دەمەو ئێوارەیەک لە سەرەتای شەقامی مەولەوی کاتێک لە تیپ دەگەڕامەوە بەڕێکەوت کاک (ڕزگار حەمە نوری) ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیم دی تۆزێک ڕەتبووم لێی و دوایی گەڕامەوە، دوای چاک و چۆنی، پێم وت ئەمەوێت گەر بکرێت تەلەفۆنێک بۆ کاک (عەلی عوسمان) پارێزگاری ئەو کاتی هەڵەبجە بکەیت کە بزانم ئەتوانێت خانوویەکمان بۆ بەکرێ بگرێت بۆ ئەوەی فێرگەیەکی مۆزیک بکەینەوە بۆ فێربوونی فێر خوازان، ئەویش تەلەفۆنی بۆ کردو وتی با شەو خۆی تەلەفۆنم بۆ بکات و ژمارەکەیم وەرگرت، بۆ

Institut kurde de Paris

شەو نزیکەی کات ژمێر(٩) تەلەفۆنم بۆ کرد وەڵامی دامەوە و وتی باشە بەسەرچاو وتم ئاخر هەر قسە نەبێت، وتی تۆ سبەی وەرە بۆ لام، بۆ بەیانی ڕۆژی ٢٠١٦/١١/٣ چووم بۆ لای و ئەویش فەرمانبەرێکی لابوو بە ناوی کاک (سەردەشت عوسمان) وتی پاش نیوەڕۆ بگەڕێن و خانوویەک بگرن بۆ فێرگەکە و من مانگانە کرێکەی ئەدەم، منیش دەرچووم لای و لە ناو جەرگەی شار نزیک باخی گشتی خانوویەک لێی نوسرابوو بۆ کرێ، ئەوەم دەست نیشان کرد بۆ پاش نیوەڕۆکەی کاک سەردەشت بە ئۆتۆمبیلی خۆی هات و منیش پێش ئەوە (ڕۆشنا صاڵح)م ناسیبوو کە لە گروپی بەرین بوو، هەرسێکمان پێکەوە چەند گەڕەکێک گەڕاین بەڵام من هەر ئەو خانووەم بەدڵ بوو، هەرچەندە کۆنیش بوو، بەڵام شوێنەکەی ناو جەرگەی شار بوو، ئیتر تەلەفۆنمان کرد بۆ خاوەنەکەی هەرچەندە خانووی براکەی بوو کە لە هەندەرانە، بەڵام براکەی کەسێکی چاک و ڕێکو پێکەودوایش دادە خوشکانی حەمە فەرەجی کوێخا هات لە گەڵمان و چووین بۆ دوکانەکەی (کاک وەزگێڵ) لەوێ (عەقد)ی کرێی خانوەکەمان پر کردەوە ڕێکەوتین مانگی بە (٢٠٠٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار، بۆ ئێوارەکەی گەڕامەوە بۆ سلێمانی، تا ئەم کاتە هیچ کەس لە ئەندامانی تیپی شنرۆێ ئاگادار نەبوون، بۆ ڕۆژی دوایی هاتم بۆ تیپ لە سلێمانی و چوومە هۆڵەکەو کەمانەکەم بە دەستەوە بوو بۆ خۆم لەگەڵ لێدانی مۆزیک بیرم ئەکردەوە و نەخشەم دائەنا و چی بکەم و چی نەکەم، چونکە ئەم کارە بە یەک کەس ناکرێت، من لە ناخی خۆم کاک (عادل حەسەن)م دەست نیشان کردبوو، بۆیە تەلەفۆنم بۆ کردو پێم وت من شتێکی وام کردووە، خانوویەکیان بۆ گرتووم لە هەڵەبجە بۆ فێرگەی مۆزیک پێم وت جارێ وەڵامم مەدەرەوە و بیری لێ بکەرەوە، چونکە دەبێ مالّ و منداڵ جێ بهێڵین و شەو بمێنینەوە و ئەمەش هەروا ئاسان نییە، ئەو وتی دێم لەگەڵت وتم ئاخر ئەمە ئاسان نییە هەر دووبارەی کردەوە و وتی هاوکارت ئەبم، ئیتر پێکەوە بڕیارمان دا نەخشەی چوونمان بۆ ئەوێ بکێشین.

ئەوەی کە ئاسان نەبوو بۆمان ئەو خانووە خانوویەکی ڕەق و تەق، هیچی تێدا نەبوو، خانوویەکی کۆن و زەوییەکەی کاشی نەبوو ئاوی دەرنەئەچوو، یەک دوو مۆزیک ژەن لە هەڵەبجە هەبوون، بە ناوەکانی (کرمان جەلال و ڕێباز عەبدوڵا) کە دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بوون.

Institut Kurde de Paris

لە سلێمانی بووم تەلەفۆنیان بۆ کردم وتیان بە نیازن فێرگە بکەنەوە؟ وتم بەڵێ و ئەمەوێت پێکەوە جووڵە بخەینە هونەری مۆسیقا لەو شارەدا، لە وەڵامەکەی دیار بوو کە حەزی نەئەکرد پێکەوە کار بکەین، وتم باشە من و عادل دێین بۆ هەڵەبجە و قسەی لەسەر ئەکەین، بۆ ڕۆژی دوایی من فەرشێک و مێزێک وسۆپایەک و چەند پێداویستی و قاپ و قاچاخم لە مااڵی خۆم برد، چەند کەسێکیش بە سوپاسەوە هاوکارمان بوون یەکێک لەوانە کاک (فریادی غەفوری حەبێ) و دادە (خوشکان حەمە فەرەج) کە گسکیان دەست نەکەوتبوو بە پەڕۆ ئەو خانوەیان گسک دابوو و پاکیان کردبووەوە، کاک فریادیش تەلەفزیۆنێکی بەکارهاتووی مااڵی خۆیانی هێنابوو، کە گەشتینە هەڵەبجە من و عادل شتەکانمان داگرت و لە سوچێکی هۆڵەکە دامانناو دوایی چووین بۆ باخی گشتی و ئەو دوو کەسەی کە ناوم هێنان هاتن، من کرمانم ئەناسی بەاڵم ئەویتر ئەوە یەکەمجاربوو ببینم، هەرچەندە باوکیم ئەناسی، ئیتر کەوتینە گفتوگۆ، ئێمە بە نیازێکی پاکەوە چووین بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە کار بکەین، بەاڵم ئەوان ئەیان وت ئێمە تیپی خۆمان هەیە و (ناوی تیپی مۆسیقای هەڵەبجە)یە، وتم ئێمە ساڵی (١٩٧٣) بەو ناوەوە تیپمان داناوە و دوایی ناوەکەیمان گۆڕیوە بۆ تیپی شنرۆێ، وتم چەند کەسن؟ وتیان (٧) کەس، هەرچەند ئێمە نەرمیمان ئەنواند بەاڵم ئەوان نەیان ئەویست لەگەڵمان بەشداربن، بۆیە وازمان لەو بیرۆکەیە هێنا، عادل یەک دوو مۆزیک ژەنی تری سەرەتایی ئەناسی چووین بۆ الیان ئەوانیش تاقەتیان نەبوو، ئیتر هەر خۆمان ماینەوە و گەڕاینەوە، ئیتر کات بەرەو سەرماو سۆڵەو باران ئەڕۆشت، شوێنەکەشمان پێویستی بە ئامێرو شتی ناو مااڵبوو، تا لەڕۆژی ٢٠١٦/١٢/٥ خۆم بە تەنها لەگەڵ کاک ئەریوان سەالح بەڕێوەبەری الوانی هەڵەبجە چووینە سەردانی خاتوو نوخشە ناسیح، قائیمقامی هەڵەبجە کە ئەو کاتە کاک ڕائید بەرزان عوسمان کە باوکی هاوڕێی منااڵیم بووە لە قوتابخانە و تەنانەت کۆلێج و دوایش لە ساڵی ١٩٨٣تا ساڵی ١٩٨٥ ئەو بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری لقی هەڵەبجە بوو، منیش ژمێریار و بەڕێوەبەری هونەری ئەو فەرمانگەیە بووم، بەڵێنیاندا هاوکاریمان بکەن، بە سوپاسەوە کاک بەرزان هەمیشە هاوکارمانە لە کاتی ئەنجام دانی هەر کۆنسێرتێک ئەویش بە پاراستنی باری ئەمنی و چەندین مەفرەزەی پۆلیس تەرخان ئەکات بۆمان، بۆ ڕۆژی دواتر ئێمە پێویستمان بە هەڵواسینی پۆستەر

Institut Kurde de Paris

بوو بۆ ئەوەی ڕێکلام بۆ ئەوە بکەین فێرخوازان لە خۆمان کۆبکەینەوە، دوو پۆستەرمان دروستکرد، یەکێکمان لای نزیک فێرگەکە هەڵواسی بە دیواری مالّی سەلاح بەگ و تەیمور بەگ، دوهەمیشمان بە دیواری قوتابخانەی ئەحمەد موختارەوە، بە ڕێکەوت کاک (ئارام شەمێرانی)مان دی کە من یەکەم جار بوو بیبینم و بردینی بۆ کافتریاکەی لە موجەمەعی عەنەب کە چەندین وێنەی کەسایەتی هەڵەبجەی هەڵواسیبوو، پاش ئەوە پێکەوە چووین بۆ لای خاتوو کوێستان شێخ ئەکرەم بەڕێوەبەری شارەوانی هەڵەبجەو ئەویش بە سوپاسەوە (١٨) کورسی بۆ دابین کردین بۆ فێرخوازان، پاش ئەوە سەرماو سۆڵەو باران دەستی پێکرد و بوو بە ساڵی ٢٠١٧ لەو ماوەیەدا بۆ دابین کردنی پێداویستی ئەو فێرگەیە هەر خەریکی هاتووچۆ بووم، چەندین کەسی دڵسۆز پێداویستیان بۆ دابین کردین، لە تیپی شنرووی لە سلێمانی چەند ئامێرێکی لێبوو کە هەموو خراپ ببوون و شکابوون وەک ئامێرێکی قانون و سەنتور و ئیقاع، هاوڕێمان کاک عومەری چەلۆ ئامێرێکی چەلۆی خستە لامان، لەگەڵ کیبۆردێک، ئیتر وردە وردە پێداویستیم کۆ ئەکردەوە وپێش ئێمە تیپی شانۆی هەڵەبجە بارەگایان لە هەڵەبجە هەبوو، بەڵام دوایی وازیان لێهێنا بوو، هەندێ شتی کۆنەیان هەبوو داوام لە ماموّستا کامەران ئەحمەد سەرۆکی تیپەکەیان کرد ئەویش بە سوپاسەوە وتی چیتان بە کەڵک هات بیبەن و سوودی لێ ببینن ولە بینای ڕێکخراوەکانە لای کاک (ئەنوەری ڕابە) چووم گەڕام لەوشتانە کەوانتەریک وگسکێکی کارەباو سەلاجەیەکی لێبوو، پیکابێکم بۆ گرت و هێنام بۆ فێرگەکە، لەو کاتەدا کەس نەبوو کەوانتەرەکەم لەگەڵ هەڵگرێت و ڕۆژێکی زۆر ساردیش بوو لەو کاتەدا کاک بەهنام ئەحمەد پەیدا بوو پێکەوە هێنامانە ژوورەوە، ئەو ڕۆژە زۆر ماندوو بووم، دوایی سەلاجەو گسکەکەم ئیش پێکرد هەردووکیان ماتۆڕەکەیان سووتابوو، دوایی ڕەوان شاد کاک جەمیلی زاوامان ماتۆڕێکی گسکی تازەی دامێ و جارێ زستان بوو پێویستم بە سەلاجە نەبوو، بەو شێوازە بەردەوام بووم و چەند هاوڕێیەکی ترم چەند پێداویستیەکی تریان بۆ دابین کردین و ئیتر لە هەر شوێنێک شتێکم بدیایە هەموشیان کۆنە بوون چونکە هیچ سەرچاوەیەکی مادیمان نەبوو، ئەو تیپی هەڵەبجەیەش کە باسم کرد حەوت کەس بوون، چووبوونە لای پارێزگاری هەڵەبجە و بۆ ئەوەی خانوویان بۆ بگرێت، ئەویش وتبووی ناتوانم

Institut Kurde de Paris

خانووتان بۆ بگرم ئێوە ژووریێکیان بدەنێ، منیش وتم باشە، خانووەکەش بریتی بوو لە هۆڵێک و دوو ژوور و مەتبەخێک و لە خوارەوەش ژێر زەمینێک و بیرێکی دەستی تێدایە، کە ژووەرەکەمان دانێ ئەوانیش کومباریێک و سۆپایەکیان هێناو کومباریێکیان تێدا ڕاخست، ئەو تیپە بۆ ماوەی ساڵێک لەو ژووەردا بوون، تەنها لە یەک چالاکی بەشدار بوون، کە ئەویش چەند شەوێک بۆ یادی هەڵەبجە پرۆژەیان تێدا کردو دوایش بە چۆڵی مایەوە تا خۆیان وازیان هێنا.

بەراستی زۆر کەسانی دڵسۆز پێیان خۆش بوو کە ئەو فێرگەیەمان دامەزراند و وردە وردە فێرگەکەمان کردەوە و یادی ٣/١٦ نزیک ببووەوە بۆیە لە سەرەتای مانگی ٣ چوومە چەند قوتابخانەیەک و بۆ ئەوەی بتوانم زیاتر بە کچان و کوڕانی هەڵەبجە وەک کۆرس بەکاریان بهێنم، چونکە زۆر لە سالاّن لە سلێمانیەوە کۆرسم ئەبرد، سەرەتا چوومە قوتابخانەی هەڵەبجەی کچان و بە سوپاسەوە مامۆستا (ژیان عینایەت) و مامۆستا (کاوە فۆن) هاوکاریان کردین، پاشان چوومە قوتابخانەی هەڵەبجەی سەرەتایی چەند منالێکم پەیدا کرد و هەروەها مۆزیک زانێک کاک ئەمیر ئەرسەلان و خوشکەکانی هاوکارمان بوون، چەند کوڕێکی گەنجیش هاتن بوون بە کۆرس و ڕۆژێک کچەکان هاتن کەزیاتر لە ٣٠ کەس دەبوون و دەنگە باشەکانیانم جیا کردەوە و دوای ئەوەش منالەکانیش، کە کۆڕالێکم دانابوو پێویستی بە منالّ هەبوو، دواتر لەگەلّ ئەندامانی تیپی مۆزیکی شنرۆێ ڕێک کەوتین کە پێکەوە کارەکە ئەنجام بدەین دەستمان کرد بە پرۆژە کردن و مامۆستایەکی شانۆش بە ناوی وەرزێر مەنسور هات وەک هاوکارییەک بەشدار بوو لەگەلّمان، هەروەها چەندین کەس سەردانیان ئەکردین، خوا هەڵناگریت بەهار خان، بەهاری حەمە سەعید کەیخەسرەو بە خاوو خێزانەوە هاوکارمان بوون زۆر دڵسۆز بوون بۆ ئەو فێرگەیە وچەندین جار خواردنی بۆ دروست کردووین لە مالّی کاک ئاری حەمە ئەمینی کاکە سەعە بە خۆی و مێردو منالّیەوە مالّەو مالّ گەڕاوە بۆ کۆکردنەوەی کچان و کوڕان بۆ کۆرس بە ئۆتۆمبیل و توانای خۆی بە خۆبەخشانە، هەروەها کاک ڕێبوار هەڵەبجەیی زۆر دڵسۆزمان بوو، ماندوو بوونی زۆر چەشتووە بەو فێرگەیەوە، ئەو دوانە ببوونە بەشێک لە فێرگەکە.

Institut Kurde de Paris



Institut kurde de Paris

خۆئامادەکردن بۆ یادی شانزەی سێ لە ساڵی ٢٠١٧ دا

ئیتر دەستمان کرد بە پرۆڤە کردن بە دوو شێواز لە لایەک پرۆڤەمان بە کۆرسەکانی هەڵەبجە و لە لایەکی تریشەوە لەگەڵ ئەندامانی تیپی مۆزیکی شنرۆ لە سلێمانی و بۆ مۆزیک ژەن و ئەندامانی کۆرسەکان، پاش ئەوەی هەردوو لایەن کارەکەیان لەبەرکرد کە بریتی بوو لە دوو ئاواز یەکەمیان (کۆرااڵی زامی هەڵەبجە) کە لە شیعری بەندەو شێرکۆ بێکەس بوو وە ئاوازی خۆم بوو، شیعرەکەی شێرکۆ بێکەس، ئاوازی عادل حەسەن بوو، ئاوازی دووهەم بە ناوی (پرسەی گەاڵ) لە شیعری حەسەن هەڵەبجەیی و ئاوازی عادل حەسەن بوو، لە بەر نەبوونی کات ئاوازی دوهەم لە نمایشی ٢٠١٧/٣/١٦ نمایش نەکرا، بەاڵم کۆرسەکان هەموویان لەبەر کردبوو، کاتێ هەردوو گروپەکە ئامادە بوون، ڕۆژی ٢٠١٧/٣/١٥ پاسمان گرت بۆ کۆرسەکانی هەڵەبجەو هێنامانن بۆ بینای دەبۆکە لە سلێمانی و هەموو پێکەوە کارەهونەریەکەیان لەبەرکرد و ئەم کۆرااڵە بە دەنگی هونەرمەندی گۆرانی بێژ کاک (لوقمان سەلیم) ئەنجامدرا لەگەڵ خوشکێکی کاک ئەمیر ئەرسەلان کە سۆلۆیەکی ئەوی تیدا بوو. پاشان گەڕانەوە بۆ هەڵەبجە، ئا

بەم شێوازە سەختە کاری هونەری ئەکرێت، لە شیعر دانان ئاواز دانان وکۆکردنەوەی چەندین کۆرس و مۆزیک ژەن و کاری ئیداری و ڕاگەیاندن و زۆر ماندوو بوونی تر کە بە داخەوە لە کۆمەڵگای کوردیدا تا ئیستاش ڕێز لەو ماندوو بوونە ناگیرێت.

پاش ئەوە لە ڕۆژی ٢٠١٧/٣/١٦ ئەم (کۆراڵ)ە مان لەیاریگای گەورەی هەڵەبجە لە نزیک مۆنۆمێنتەکە نمایش کرد .

هۆنراوەی کۆڕاڵەکە

دوای ئەوە بۆ ماوەیەک پشومان دا، ئەمەوێت لێرەدا سوپاسی ئەو کۆرس و گۆرانی بێژو مۆزیک ژەنانە بکەم کە بە دڵسۆزی هاتن بە پیریمانەوە بۆ ئەنجام دانی ئەم کارە هونەرییە. ئەمەش هۆنراوەی ئەو کۆرالەیە:

ئێمە هەموو منالانی سەر ڕووی زەمین
هاتوین چەپکە گوڵی ڕێزمان بۆ شار بێنین
شار چ شارێ پڕمەڵبەندی عەشق و ئەوین
شار چ شارێ شاری خەبات و ڕابەرین
یەکەمین داستانی عەشق لای (وەلی) نوسرا
یەکەمین چیرۆکی (وێژدان) لای(موختار) نوسرا
یەکەمین شریخەی تفەنگ لە شارەزوور تۆمارکرا
من بوکێکم لە دامێنی شنرۆیدا ڕاکشاوم
من هەڵەبجەم لەکانی عاشقانا هەڵقوڵام
کانی عاشقانت جێگای عەشقە
باخی گوڵانت وەک بە هەشتە

هۆنراوەی شێرکۆ بێ کەس :

چواردەی مانگ بوو
لەسەر گۆیژە با، قەڵەمەکەی فڕاندم
کە دۆزیمەوەو پێم نووسی
پۆل پۆل فڕین وشەکانم
پانزەی مانگ بوو

Institut Kurde de Paris

سیروان، قەڵەمەکەی بردم
وەختێ گرتمەوەو پێم نووسی
بوون بە ماسی شیعرەکانم
شانزەی مانگ بوو!
ئاخ شانزەی مانگ
کە شارەزوور قەڵەمەکەی لێوەرگرتم
وەختێ دایمەوە بنووسم
وەک هەڵەبجە
وشک بوو بوون پەنجەکانم

دواییش سوودم لە هۆنراوەیەکی فۆلکلۆری هەورامی وەرگرتوە و کردوومە بە سۆرانی، کە باس لە ئاوارەیی و دەربەدەری و ژیانی ناو ئۆردوگاکان ئەکات و خۆشم یەکێک بووم لەوانە.

ئەی یاران یاران ئازیز یارانم دوورەن
دڵەکەی غەمبارم ئازیز ماتەن مەلوڵەن
غەریب هەی غەریب غەریبی شاران
جێگای غەریبان ئازیز کۆچەو کەنارەن

دوایش هەڵەبجەم کردووە بە زام و گرکانی ڕاپەڕین:

سروودی بەرزی ئازادی — لە ناو گەروماناتە چڕێ
ئەڕۆین ئەڕۆین بەرەو ئاسۆ — بۆ رزگار کردنی گشت مرۆ
هێزو توانامان یەک ئەخەین — تا بە سەرکەوتن ئەگەین
ئەوسا بۆ ئازادی ئینسان — هەوڵ ئەدەین بە بێ وچان
بۆ ئازادی گشت مرۆڤ — گشت مرۆڤ گشت مرۆڤ

ئیتر دوای ئەو چالاکییە بۆ ماوەیەکی زۆر ئەو قوتابییانە وەک کۆرس هاتووچۆیان ئەکردین و دوای ئەوە دابڕان، بەڵام ئێمە هەربەردەوام بووین لە هاتوو چۆ و دەستمان کرد بە هەڵواسینی تابلۆی فێرگەکە و من ڕۆژی ٢٠١٧/٤/٢٧ ڕۆشتمەوە بۆ هەڵەبجە و تابلۆی فێرگەکەمان هەڵواسی، ڕاگەیانراوێکم لە فیس بووک بڵاوکردەوە و نووسیم لە ڕۆژی ٢٠١٧/٥/١ دەست ئەکەین بە وانە وتنەوە.

Institut kurde de Paris







Institut du monde arabe Paris

یەکەمین قوتابی فێرگەکەمان کێ بوو؟

یەکەمین قوتابی کە وانەم پێوتەوە فێرخواز (پێشواز نزار) بوو، بەتەنها وانەم پێ ئەوتەوە کە باوکی کاک نزار زۆر هاوکارمان بوو، پەردەی هەموو پەنجەرەکانی فێرگەکەی بۆ دروست کردین و بە خۆبەخشانە هەمووی بۆ هەڵواسین، یەکەمین شەوی وانە وتنەوەم لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٥/١١ وانەم بەو فێرخوازە وتەوە بە شەو، کە ئەوە یەکم فێرخوازی فێرگەکەمان بوو.



Institut Kurde de Paris

ئیتر وردە وردە فێرخوازان ڕوویان تێ دەکردین لە پێشدا چەند پیشەوەرێک وەک ئاسنگەر، وەک سەرتاش وەک وەستای ئەلەمنیۆم دواییش چەند کەسێک کە پێشمەرگە بوون و بەشەو وانەمان پێ دەوتنەوە و پاش ماوەیەک زۆربەیان نەیانتوانی بەردەوام بن و هەر لەو کاتەدا فێرخوازان چەندین ئامێری مۆزیکیان کڕی چونکە ئامێری مۆزیکمان زۆر کەم بوو.

قوتابی زیاتر ڕوویان لە فێرگەکە کرد


دوای ئەوە کە خەڵک زانیان شۆێنەکەمان ئەکتیڤە و کار دەکەین ئیتر چەندین فێرخوازی زیرەک لە خوێندکاری ئامادەیی و زانکۆ لە کوڕو کچ هاتنە لامان زۆر بە جوانی وانەکانیان وەردەگرت هەیان بوو خوێندکاری کۆلێجی صیدلیە وئەندازیاری و زانست و چەندین مامۆستای سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی وانەیان دەخوێند، شەوی وا هەبوو زیاتر لە (٤٠) فێرخوازمان لابوو، هەشیان بوو بۆ ماوەیەکی کەم بەردەوام ئەبوون زۆر لە وانەکان تێ نەئەگەیشت و یان باری ژیانیان لەبار نەبوو دوور ئەکەوتنەوە، بەڵام هەر بەردەوام بووین یەکێک بڕۆشتایە یەکێکی تر ئەهاتە لامان بەم شێوەیە بەردەوام بووین.



پاش ئەوە فێرخوازەکان زۆر بوون و وە ئێمەش توانای ئەوەمان نەبوو کە (ستاند)ی نۆتە بکڕین بۆیان و ئەو خانووە ژێرزەمینێکی هەیە و منیش دارتاشی ئەزانم و مشارو درێل و پێداویستی دارتاشیم هەبوو، خوارەوەم کردبووە (وەرشەی دارتاشی) عادل لە ماڵەوە (مەعرەز)یکی کۆنانیان هەبوو تەختەکانی هێناو منیش لە هەر شوێنێک پارچە تەختەیەکم بدیایە ئەمخستە ناو سندوقی

ئۆتـۆمبیلەکەم، ئیتـر دەسـتمانکرد بە دروسـت کردنـی (سـتاند)ی نـۆتەو مێـز بـۆ ئامێرکـانی سـەنتور، قـانون، کیبـۆرد وتەپڵەک و بەو شـتە سـاکارانە کارەکانمـان ئەنجام ئەدا و کارەکانمان بەڕێکرد ، خۆشمان کە لەوێ ئەماینەوە خواردنمـان بـۆ خۆمان دروست ئەکرد تا درەنگانی شەو فێرخواز لامان ئەمایەوە.

مـن هەر لە یەکەمـین ڕۆژەوە لە دەفتەرێـک هەر فێـر خوازێـک بهاتـایە نـاوی خـۆی و ئەو ئـامێرەی کە حەزی لێیەتـی لەگەڵ ژمـارەی مۆبـایبەکەیم تێـدا تۆمـار ئەکرد لە ڕۆژی دەست بە کاربوونیەوە، بڕێک پارەی ڕەمزیمان وەردەگرت لێیان کە بـڕەکەی (٤٠٠٠٠) چـل هەزار دینـار بـوو بـۆ مـاوەی یەک مانـگ بـۆ هەر فێرخوازێک، بەکارمان ئەهێنا بۆ کرێی هاتووچۆ و بەنزین و خواردن .



کەناڵەکانی راگەیاندن رووماڵی چالاکی فێرگەی شنرۆیان دەکرد

ئیتر دوای ئەوەی کە چالاکی فێرخوازەکان لە فێر بوونی مۆزیک بەردەوام بوو، ئێمەش بە لەخۆ بردوویی کارەکانمان ئەنجام ئەدا ئیتر دوای ئەوە چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنی هاتن بۆ لامان و راپۆرتیان لەسەر فێرگەکەمان ئەکرد و لێدوانمان ئەدا دەرباری کارو چالاکیەکانمان.

لە ڕۆژی ٢٠١٧/٨/١٠ پەیامنێری کەناڵی (KNN) سەردانی کردین و ڕاپۆرتێکی لەسەر فێرگەکەمان کردو دوای چەند ڕۆژێک لەو کەناڵەوە پەخش کرا.



لە ڕۆژی ٢٠١٧/٨/١٧ کەناڵی ناوخۆیی (Halabja tv) و بەڕێوەبەرەکەی کاک (شنرۆ ئەحمەد)وستافەکەی سەردانیان کردین و ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەلیان لە سەر فێرگەکەمان کرد و لە شەوی ٢٠١٧/٩/٦ لە تەلەفزیۆنەکەیان پەخشکرا. پاشان چەند جارێکیتر پەخشیان کرد.



لە ڕۆژی ٢٠١٧/٨/٢٣ بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری هەڵەبجەی ئەو کاتە کاک (پەرویز نیازی) ولێپرسراوی بەشی چالاکی ئەو فەرمانگەیە (سەبا) و چەند فەرمانبەرێکی تر سەردانیان کردین وخەڵاتی ڕێزلێنانیان پی بەخشین لە پای ئەرک و ماندووبوونمان وە یەک دوو ئامێری مۆزیکیان پێشکەش کردین و نەخشەمان دانا بۆ ئەوەی لە مانگی ٩ ی ئەو ساڵە کۆنسێرتێک ئەنجام بدەین بە سپۆنسەریان .



Institut Kurde de Paris

ئێمە بەردەوام بووین لە فێرکردنی فێرخوازان و چالاکیمان زیاتر بوو، منیش لە فەیسبوک وێنە وڤیدیۆی ئەو چالاکییانە وفێرخوازەکانم بڵاوئەکردەوە، ڕۆژێکیان لەبەردەرکی سەرای سلێمانی پێشکەشکاری بەرنامەی (کارلێک)کاک (بەرزان کەریم)م دی، وتی ئەمەوێت ڕۆژێک ستافی بەرنامەکەمان بێینە هەڵەبجە و باس لە مێژووی هونەری خۆت و تیپی مۆزیکی شنرۆ و فێرگەکە بکەیت، دوای چەند ڕۆژێک لە ڕۆژی ٢٠١٨/٨/٢٥ بەخۆیان و ستافەکەیان هاتن و بە کامێراو ڕووناکی و هەموو پێداویستیەکانەوە، لەژووریێکی گەرمدا کە نەدەبوو دەنگە هەبێت و ڕووناکی بەهێزیان پێ بوو زوو زوو کارەبای خانووەکە ئەکوژایەوە، تەنانەت من ئەو ڕۆژە کراسێکم لەبەر بوو بۆ وێنە گرتن بەدڵیان نەبوو تا یەکێک لە فێرخوازەکان کاک (شاخەوان نەوڕۆڵی) کراسەکەی خۆی دامێ و کە نایلۆنی زۆر بوو هێندەی تر گەرمام بوو، بۆ ماوەی یەک کاتژمێر زیاتر لێدوانمدا لە مێژووی هونەریم و فێرگەکە، لە شەوی ٢٨/٢٧ ی/٢٠١٧/٨ لەکەنالّی کوردسات پەخش کرا .


kurde de Paris

ئێمە هەر لە چالاکی بەردەوام بووین هەموو هونەرمەندانی کوردستان دەست خۆشیان لێ دەکردین هەر لە شارەکانی کەرکوک، کۆیە، سلێمانی ، لە ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/١٨ شاندێکی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لقی سلێمانی کە بریتی بوون لە مامۆستای مۆزیک زان (شێرزاد حەیدەری وکاک هێرشی کلارنێت و کاک سەردار خدر) سەردانی فێرگەکەیان کردین و ڕێنماییان دا بە فێرخوازان و کاک هێرش ئامێرێکی کلارنێتی پێشکەشکرد بە فێرگەکەمان سوپاس گوزاریان بووین.



Institut kurde de Paris

دروستکردنی ستۆدیۆیەک بەهاوکاری هاوڕێیان و دۆستان

بەوشیۆازە بەردەوام بووین ودوای ئەوە ویستمان بەرهەمێک تۆمار بکەین و هیچ پێداویستیەکمان نەبوو کە بتوانین ستۆدیۆیەک دروستبکەین، ئیتر شەوی ٢٠١٧/١٢/١ بەخۆم وعادل وئەمیر ئەرسەلان وهاوکاری خوشکەکانی و خاتوو ئاریز فەرهەنگ ویستمان گۆرانییەک کە ئاوازی خۆم بوو تۆمار بکەین و کاک (خالید عومەر) لاپ تۆپێکی هەبوو کەمێکیش لە تۆمار کردنی دەزانی و چەند بەتانییەکمان هێناو کردمان وەک ئەوەی ستۆدیۆ بێت و دەستمان کرد بەتۆمار کردنی دەنگەکەی و بەدڵمان نەبوو، ئیتر کەوتمە بیر کردنەوە بۆ دروستکردنی ستۆدیۆیەک لە ژێر زەمینی فێرگەکە و ئیتر هاوڕێیانم کە پۆستێکم کردبوو بەو بەتانیانەوە، بێ توانای داراییمانەوە، هاوڕێیانم کە بەدەیان هاوڕێم هەیە لەوێ، کەوتنە ئەوەی هاوکاریمان بکەن بۆ دروست کردنی ستۆدیۆیەک و کرینی ئامێری دەنگی مۆزیکی بۆ پێداویستی فێرگەکە، یەکەمین کەس کە پەیوەندی پێوە

کردم برای بەڕێزم کاک(گۆران هەڵەبجەیی)بوو کە وتی بە هەموومانەوە هەوڵ ئەدەین هاوکاریتان بکەین، وتی بە هەموومانەوە هەوڵ و کۆششمان یەک ئەخەین و نامە ئەنێرم بۆ هاوڕێ و دۆستانم، پاش ئەوەش پێکەوە نوسراوێکمان نووسی و بڵاوم کردەوە لە فەیسبووک، ئیتر چەندین هاوڕێی بەڕێز هاوکاریان کردین و منیش دەستم کرد بە کرینی چەندین پێداویستی ئامێری مۆزیک و دەنگی و هەمووی بە (پسوڵە) و یەکەکە یەکە شتەکانم بە وردی نوسیبوو، مەگەر نان خواردنێک یان پارەی هاتوو چۆیەکم لەو هاوکاریانە خەرج کردبێت و هەموویم بە پسوڵە ناردەوە بۆ کاک گۆران هەڵەبجەیی و کارێکی دڵسۆزی و هاوشارییانەیان بۆ کردین، من ناوی هەموو ئەو هاوڕێیانەم یەک یەک لایە و بڕی چەندیش هاوکارمان بوون لە سەر داوای خۆیان ناوەکانیان بڵاو ناکەمەوە، بەڵام وەک مێژوو لای خۆم ناوەکانم پاراستووە .



Institut Kurde de Paris





Institut kurde de Paris

ئامادەکردنی کۆرانێک بۆ رۆژی ٢٠١٨/٣/١٦

لەسەرەتای مانگی یەک و دووی ساڵی ٢٠١٨ هەر خەریکی پرۆڤە کردن بووین بە فێرخوازەکانمان و بەردەوام هاتوو چۆمان ئەکرد تا سەرەتای مانگی (٣) کە بیرم ئەکردەوە ئەوە (٣٠) ساڵ بەسەر کیمیابارانی هەڵەبجە تێدەپەڕێت و ئەو شارە لە لایەن کاربەدەستانەوە پەراوێز خراوە و کە هەر لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە بۆتە ململانێی حیزبی و شارێک کە خەڵکە ڕەسەنەکەی دەربەدەری شاران و ولاتانن؟ بۆیە بیرم لەوە کردەوە بە هۆنراوە و مۆزیک و گۆرانی ئەو دەردە دڵیەی خۆم دەربخەم بیرۆکەکەم لە خەیاڵدا بوو، شەوانە لەگەڵ کاک عادلی هاو پیشەم ڕاو بۆچونمان ئەگۆڕییەوە، شێوازی ئاواز دانانی من زیاتر هەوڵ ئەدەم خۆم بتوانم هۆنراوەکان دانێم، چونکە هەستی شاعیر جیاوازە لە ئاوازدانەر مەگەر پێکەوە زۆر کاریان کردبێت، پاش ئەوەش دەبێ چەند بڕگەیەک لە هۆنراوەکە دەستکاری بکەیت، یان هۆنراوەیەک یان ئاوازێکی فۆلکلۆری تێهەڵکێش بکەیت، شێوازی ئاوازدانان وەک ئەندازیاری تەلارسازی وایە، چۆنیەتی ئاوازدانان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ئەگۆڕێت، جاری واهەبووە لە پێشدا ئاوازەکەم داناوە ئینجا شیعرێکم کردوە بە بەریدا، یان بە پێچەوانەوە، هۆنراوەکەم لە بەردەست بووە ئینجا ئاوازەکەم بۆ داناوە و دەست کاری چەند بڕگەیەکم کردوە.

سەرەتا ئەوە هات بە خەیاڵمدا کە (٣٠) ساڵ تێپەڕیوە بە سەر ئەو کارەساتە، بیرم لەوە کردەوە کە گۆرانییەکی سادەو ساکار نەبێت، بە تایبەت ئەمزانی کە چەندین بەرپرس دێن بۆ بینینی چالاکی ئەو یادە، بۆیە بیرم کردەوە کە بەشێوازی (کۆراڵ) پێشکەش بکرێت، مانای کۆرال بۆ ئەو کەسانەی مۆزیک نازانن حەز ئەکەم ڕوون کردنەوەیەکی کورت بڵێم لە سەری: کۆرالّ بریتییە لە گۆرانییەکی کۆمەڵی کە چەندین کوڕو کچ و گۆرانیبێژ تێیدا بەشدار ئەبن و ئاوێزان لەگەڵ گروپی مۆزیک و دابەش کردنی هارمۆنی و گۆڕینی چەندین ڕەزم و مەقامات، بیرۆکەی ئاوازەکەم بۆ هات و ئیتر ڕۆژ دوای ڕۆژ لە سەرەتای مانگی (٣)وە گۆرانی بێژەکەم هەڵبژارد کە ئەویش خاتوو (ئاڤان عوسمان) بوو، دواییش ڕۆژانە چەندین کۆرس دەهاتن بۆتیپەکەمان لە سلێمانی و ڕۆژ دوای ڕۆژ ئاوازو شیعری تازەم بۆ دائەنا بە چەندین مەقام دەستم پێ کرد وە کەوتینە پرۆڤە کردن لەگەڵیان لەگەڵ کاک عادل کە هاوکارم بوو چ لە دانانی هەندێ بڕگەی شیعریی یان دانانی

Institut Kurde de Paris

مۆزیک و نۆتە نوسینەوەی کە بە هەردووکمانەوە خەریک بووین، سەرەتای کارەکە بەم هۆنراوە بە ئاوازەکەشەوە هاتە خەیاڵم کە لە مەقامی حیجاز بوو .

وا سی ساڵە – واسی ساڵە
هەگبەی خەمم لە کۆڵەو بۆم ناکرێتەوە
فرمێسکی ناسۆری ژیان تەلیسمێکە ناسڕێتەوە

ئیتر پاش ئەوە ڕۆژانە کۆرس ئەهاتن و ئەو ڕۆژانەی لە سلێمانی بووینایە لەوێ پرۆژەمان ئەکرد و ئەو ڕۆژانەی لە هەڵەبجە بووینایە پرۆژەمان بە کۆرسەکان ئەکرد، بۆ گروپی مۆزیکیش هەندێ لە ئەندامانی تیپی مۆزیکم بەشداری پێکرد وەک توانا ئەبوبەکر، فوئاد کەریم، ئیبراهیم نجم الدین، تانگۆ ئازاد. لەگەڵ چەند مامۆستایەکی بەڕێز وەک مامۆستا چالاک سدیق، شێرزاد حەیدەری و پێشکار سالار، ڕێژین عومەر عەبدوڵا، زۆزک قەرەداغی، ڕەوەند کەمال، ڕەمزی عەبدوالقادر وچەندینی تر .

وە بۆ ئەم کارەش نزیکەی (٣٠ تا ٣٥) کۆرس بەشدار بوون هەروەها هونەرمەندێکی گۆرانی بێژی تر بەشدار بوون لەوتنەوەی چەند (صۆلۆ) واتە چەند بڕگەیەکیان لە کۆڕاڵەکە ئەوتەوە ئەوانیش (هاوڕێ ئارت) و م. (هەردی هادی) کە لە زۆربەی شارەکانی کوردستان بەشدار بوون تێیدا، لەڕۆژی ٢٠١٨/٣/١٢ هەموو کۆرسەکانی هەڵەبجەمان برد بۆ سلێمانی و هەموو پێکەوە پرۆژەیان کرد بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە لە کارە هونەرییەکە تێبگەن.



Institut kurde de Paris





Institut kurde de Paris





Institut du monde Paris



لە پرۆژ ی٢٠١٨/٣/١٦ لە یاریگـای سـەرداخراوی زانکـۆی هەڵەبـجە نزیـک مۆنۆمێنتەکە نمایشمان کرد و کارێکی جوان دەرچوو، چەندین کەسایەتی ئەو کارەیان دی هەر لە پارێزگاری هەڵەبجە و سلێمانی و چەندین لێپرسراو و شاندی بیـانی ئەو کارەیـان لا پەسـەند بـوو زۆربەی تەلەفزیۆنەکـان بە ڕاسـتەوخۆ ئەو کارەیـان گواسـتەوە، ئەمەش کـۆی شـیعرەکەیە و ئاوازەکەیشـم بە نـۆتە نوسیوەتەوە.







پاش نمایشەکە هەموو ئەندامانی کارە هونەرییەکە چووین بۆ چێشتخانەیەک لە عەنەب دوای چاوەڕوانییەکی زۆر نانی نیوەڕۆمان خواردو ئەوان ڕۆشتنەوە بۆ سلێمانی، منیش بۆ ئەوەی کەمێک پشوو بدەم چوومەوە فێرگەکە لە هەڵەبجە و دوای دوو ڕۆژ گەڕامەوە بۆ سلێمانی .

(هۆنراوەی کۆڕاڵی وا سی ساڵە)
بیرۆکەو داڕشتن: ئازاد ساڵح
هۆنراوە: ئازاد ساڵح + فۆلکلۆر
ئاوازومۆسیقا: ئازاد ساڵح
ئامادەکردنی مۆزیک: عادل حەسەن

کۆرس

وا سی ساڵە..... واسی ساڵە)
گۆرانی بێژ
هەگبەی خەمم لە کۆڵەوبۆم ناکرێتەوە
فرمێسکی ناسۆری ژیان تەلیسمێکە وناسڕێتەوە)
ئەم وڵاتە وێرانەیە ناخ و هەستی بێ لانەیە)
ڕۆژی ڕوونیان شەوە زەنگە و تروسکایی تێدانیە)[٢]

[٢] ئەم دێڕە هۆنراوەی عادلە

Institut kurde de Paris

کۆرس

وا سی ساڵە

وا سی ساڵە

گۆرانی بێژ

واسی ساڵە کۆڕی شیعرم مات و چۆڵە

بەستەو ئاوازوگۆرانیم پڕ ناسۆرە)٢

هەموو:

واسی ساڵە

وا سی ساڵە

گۆرانی بێژ

خاک و خۆڵ و کانی و ئاوم بێ لانەیە

شاخ و گوندی کوردستانم وێرانەیە

گۆرانی بێژ (هاوڕێ ئارت)

وا سی ساڵە ئەم هەواڕە پڕ شکۆیە

ناو جەرگی ئازارو خەم و ڕەنجەڕۆیە

سی ساڵ خەم و

سی ساڵ تەم و

سی ساڵ ئەستێرەی ئاسمانی

بێ جریوەیە

بێ جریوەیە

مۆسیقا

ڕەنگ زەردی خەزان خەتای پایزەن

ڕەنگ زەردیەکەی من دووری ئازیزەن

یارانم دوورەن ماتەن مەلولەن

لەدووری یاران دڵەکەم مەلولەن

هەی لێ وەی لێ وەی لێ

هەی لۆ وەی لۆ وەی لۆ

Institut kurde de Paris

گۆرانی بێژ:

هەی لێ لە دڵەکەی چۆڵی من
وەی لێ لە ئاهو نااڵەی من
هەی لێ وەی لێ وەی لێ
هەی لۆ وەی لۆ وەی لۆ
ئارۆڕام کەوتەن کۆنە هەواران
نە دەنگی بولبول نە سەدای یاران
ئارۆ ڕام کەوتە کەلی (ئەشکەوڵ)
من چاگەم زانا هەڵەبجە بی چۆڵ
هەی لێ وەی لێ وەی لێ
هەی لۆ وەی لۆ وەی لۆ
مـــە قـــا م
لەدوای سی ساڵ لە جەورو ستەمکاری
لە مەرگە سات و ئیش و ئازاری
شیعرو ئەوین نامرێ
گۆرانی و ئاواز نامرێ
وا ســـی ساڵە
واســـــــی ساڵە

ئیتر پاش ئەنجام دانی ئەم چالاکییە وەک و جاران خەریکی وانە وتنەوە بووین بە فێرخوازەکانمان و هەر جارەی تەلەفزیۆنێک ئەهات بۆ ئەنجامدانی ڕاپۆرتی هـونەری لە ڕۆژی ٢٠١٨/٥/٢٤ کەنـاڵی کوردسـتان (TV) و کەنـاڵی (Zagros) ی عەرەبی کاک ڕەحیم غەریب و کاک ئەمیر سـالم هـاتن و (فیچەر)یکیان لە سـەر فێرگەکەمان کرد

Institut kurde de Paris

هەندێ چالاکی و بەرنامەی تەلەفیزیۆنی و را پۆرتی رۆژنامەوانی

لە شەوی (٢٠١٨/٦/١٠) ڕاستەوخۆ کەمانگی ڕەمەزان بوو بەشداریم کرد لە بەرنامەی (شەوانی کوردسات) بۆ لێدوان دەربارەی مێژووی هونەری مۆزیک لە هەڵەبجە .



لە ڕۆژی (٢٠١٨/٦/٢٨) کەناڵی (NRT) بەرنامەیەکیان هەبوو بە ناوی (لە پەیامنێرانمانەوە) کاک وریا حەمەکەریم سەرپەرشتی دەکرد، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو فێرخوازەکانمان چ وەک کۆرس و گۆرانی بێژو مۆزیک ژەنەوە و دوای نیوەڕۆکەی پاسێکمان بۆ گرتن و چووین بۆ گوندی خەرپانی کە چێشتخانەو کەبابخانەی لێبوو، شوێنی سەیرانگابوو، بەرنامەیەکی تێرو تەسەلمان ئەنجامدا بۆ ئەوکەناڵە و پاش چەند ڕۆژێک پەخشکرا، لەوێشدا کاک وریا حەمە کەریم بەڵێنی دا کە خۆبەخشانە کلیپی گۆرانییەکمان بۆ بکات.

Institut Kurde



ئێمەش بۆ هاندانی گەنجان و لاوان هەمیشە پێکلاممان ئەکرد بۆ ئەوەی فێرخوازان کۆببنەوە لە دەورمان وڕۆژی ٢٠١٨/٧/٤ لە فەیسبووک پێکلامێکی ترم بڵاو کردەوە کە دیزاینەکەی فیرخواز کاکە هێژا ئەمین بۆی دروست کردبووین.



Institut Kurde de Paris

لە ڕۆژی (٢٠١٨/٧/٥) کەناڵی (Kurdistan 24) فیلمێکی پێنج خولەکی لە سەر فیرگەکەمان کرد.

بەو هاوینە گەرمەو لەڕۆژی (٢٠١٨/٧/١٠) یەک ئامێری فیلمەکە کەرەوە (موبەڕیدە)مان هەبوو، هەروەها ماتۆڕی سەلاجەی فیرگەکەشمان سووتابوو، بۆیە بە هاوڕێی دڵسۆزم کاک (محەمەد سااڵح) بەڕێوەبەری فەرمانگەی خانەنشینی هەڵەبجەی ئەوکات، تەلەفۆنم بۆ کرد پاش چارەکێک هات بۆ فیرگەکەمان و لەگەڵ خۆیدا بە پیکابێک (موبەڕیدە) یەکی نوێ و سەلاجەیەکی پێشکەشکردین و بەکارمان هێنا بۆ فیلمکەرەوەی ژووڕەکان کە ئەم هەڵوێستە جوانە شایانی سوپاس و پێزانینە.



Institut kurde de Paris

پاشان لەڕۆژی (٢٠١٨/٧/١٢) تەلەفزیۆنی (Xandan) هاتن بۆ ئەنجام دانی ڕاپۆرتێک و فیرخوازەکانم کۆکردەوەو چووین بۆ باخی گشتی هەڵەبجەو ئەو ڕاپۆرتەیان لە سەر کردین.



Institut kurde de Paris

یەکەمجاربوو کۆنسێرت بەشەو بکەین

ئیتـر لە مـانگی ٨ ی ئەو سـاڵە (٢٠١٨) بیرمـان کـردەوە کە بە سەرپەرشـتی (بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕۆشنبیری هەڵەبجە) کە بتوانین کۆنسێرتێک ساز بدەین بۆ فێرخوازەکان، من خولیام ئەوە بووە کە بە شەوێکی هاوین بتوانین لە باخی گشتی ئەو کۆنسـێرتە سـازبکەین کە بەڕێـوەبەرەکەی کـاک (پەروێـز نیـازی) و فەرمـانبەرانی زۆر هاوکارمـان بـوون، هەروەهـا یەکەمـین جـارێش بـوو بە شـەو کۆنسێرت ساز بکرێت، دەستمان کرد بە پلان دانان بۆ ئەنجام دانی ئەو کۆنسێرتە و بەڕێـوەبەری ڕۆشـنبیریش ڕێـک کەوتبـوو لەگەڵ (یانەوسـیاوچەمانە) کە لێپرسـراوەکەی کـاک (سـوبحان فەیـرۆز) کە تیپـی هەڵپەڕکێـی میللیـان هەیە و هەروەهـا بە هاوکـاری شـارەوانی هەڵەبـجە بە دابـین کردنـی بـاخەکەو کارەبـای موەلیـدەو ئەرک و مانـدووبوونیان لەو بـوارەدا، نـزیکیش ببـووینەوە لە جەژنـی قوربان و پێشنیارم کرد کە چەند ڕۆژێک دوای جەژن ئەنجام بدرێت.

ئیترکەوتینە دەست نیشان کردنی گۆرانی بێژو مۆزیک ژەن و کۆرسـەکانمان

لە فێرخـوازانی کچـانی هەڵەبـجە دەستنیشـان کـرد، لە گـۆرانی بێـژانیش بە سوپاسەوە چەند گۆرانی بێژیکی سلێمانی و هەڵەبجەو هەڵەبجەی تازەمان دیاری کـرد لەوانە هونەرمەندان: ئاریـان کەریـم، ئاڤـان عوسـمان، ئەژیـن سـاڵح، جەلال فەرەج، شنیار تاقانە، سیروان لهۆنی، خالد عومەر.

ئێمە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٨/٢٠ وە لە سلێمانی بە شەو لەگەڵ هاوڕێم کاک عادل لەگەڵ گـۆرانی بێژەکـان گۆرانییەکانمـان بـۆ دیـاری کـردن و هەر شـەوەی (٢)کەسیان ئەهـاتن بـۆ پـرۆڤە کـردن، تـا نـۆتەی گۆرانییەکانمـان نووسـییەوە بە هەردووکمانەوە و پاشان لە سـەرەتای مـانگی (٩)وە هەمـوو مۆزیک ژەنەکـان بە شەو لە سلێمانی پرۆڤەمان ئەکرد تا هەموو کـارە هونەرییەکانمـان لەبەر کـرد، کە دەچووینەوە بۆ هەڵەبجە ئەو گۆرانییانەی کە کۆرسـی تێدا بـوایە بە کۆرسـەکانی هەڵەبجەمان لەبەر ئەکرد و تا ئامادە بووین بۆ ئەنجام دانی کۆنسێرتەکە.

لەم کارەدا خاتوو بەهار حەمە سـەعید و کـاک ڕێبـوار هەڵەبجەیـی هاوکارمـان بوون بۆ ڕاپەڕاندنی هەندێ کارو باری ئیداری .



Institut kurde de Paris





Institut du monde de Paris

لە ڕۆژی (٢٠١٨/٩/٤) بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری هەڵەبجە ڕیکلامی بۆ کۆنسێرتەکە کرد کە لە شەوی (٢٠١٨/٩/٦) لە باخی گشتی هەڵەبجە ئەنجام دەدرێ.

ڕۆژی (٢٠١٨/٦/٥) من ڕۆشتمەوە بۆ هەڵەبجە بۆ هاوکاری کردنی فەرمانبەرانی ڕۆشنبیری هەڵەبجە و بۆ بەیانی ڕۆژی دوایی واتە (٢٠١٨/٩/٦) لە بەڕێوەبەرێتی لاوان ستەیجێک هەبوو کە بۆ یادەکانی هەڵەبجە دروست کرابوو بە ئاسن کە چەند پارچەیەکی زۆر قورس بوون تا کرێکارەکانی شارەوانی دایان

نا زۆر ماندوو بوون و ئازاریان چەشت، هەرچۆنێک بوو تا ئێوارە ستەیجەکە بە هەموو شێوازەکان ئامادە بوو چ لە ڕووی ڕوناکی و لە سلێمانیەوە کاک هێرش عبدالرحمن خوشکەزایەکی خۆی نارد و ئامێزی دەنگی بۆ داناین و لە ئێوارە گروپی مۆزیک و گۆرانی بێژەکان ئامادەبوون و ئاهەنگەکە لە کات ژمێر ٩ ی شەو دەستی پێکرد و بە سەدان کەس ئامادەی ئەو کۆنسێرتە بوون کە زیاتر لە هەزار کەس ئامادە بوون و ئەوە یەکەمین جار بوو کاری هونەری ئەوەندە خەڵک ئامادە بێت لەبەر چەند هۆیەک لەوانە دەمێک بوو کاری هونەری نەکرابوو بە شەویش بوو، ئێمەو تیپەکە ناسراو بووین و گۆرانی بێژەکانیش دەنگیان چاک بوو، کەس وکاری فێرخوازەکانیش و هەموو تەلەفزیۆنەکان ئامادە بوون، نمایشەکە شاعیر هێمن لەتیف و کچێک بێژەری بوون. لەپێشدا (یانەو سیاو چەمانە) ئاهەنگەکەی بە چەند گۆرانییەکی هەورامی بە پلەی باک و هەڵپەڕکێیەکی جوانیان کرد و پاشان بەرنامەی ئێمە دەستی پێ کرد کە بەم شێوەی خوارەوە بوو:

ناوی گۆرانی بێژ	گۆرانی	هۆنراوە	ئاواز یان ئامادەکردن
ئاریان کەریم	سیاچەمانە	گۆران	فۆلکلۆر
	کیژە کوردەکە	فۆلکلۆر	کامکارەکان
ئاڤان عوسمان	خودای عەشق	زیاد ئەسعەد	زیاد ئەسعەد
	هەموو شەو	تاریق فایەق	هەڵکەوت زاهیر
جەلال فەرەج	ئەسمەرێ	فۆلکلۆر	حەسەن زیرەک
	کراس ڕەشێ	فۆلکلۆر	حەسەن زیرەک
ئەژین صالح	یادی بەخێر	فۆلکلۆر	مامڵێ
	وەرە یار	فۆلکلۆر	حەسەن دەرزی
خالد عومەر	جەژنەن شادیەن	فۆلکلۆر	ئازاد سالح
	شەماڵ بیشەنێ	فۆلکلۆر	ئازاد سالح
شنیار تاقانە	مەلە جوانەکە	پیرەمێرد	حەسەن کامکار
	هەوای باخی میر	فۆلکلۆر	ئازاد سالح
سیروان لهۆنی	ئامان خورشید گیان	فۆلکلۆر	فۆلکلۆر

Institut Kurde de Paris













قونسولگەری ئیتالیا و وەرک شۆپێک بۆ ٣٠ موزیکژەن

لە ڕۆژی ٢٠١٨/١١/٢٩ قونسوڵگەری ئیتالیا بۆ لێک نزیک خستنەوەی کلتورەکان بۆ ماوەی چەند سەعاتێک (وەرک شوپ)یکیان بۆ زیاتر لە (٣٠) مۆزیکژەنی هەڵەبجە کردەوە تێایدا چەندین و زانیاری هونەری ئاڵ و گۆڕ کراو چەندین گۆرانی تێدا پێشکەش کرا و بۆ نیوەڕۆکەی نیوەڕۆ خوانێک لەلایەن ئەو شاندە هونەرییەوە ساز کرا لە چێشتخانەی (هەردی) لە هەڵەبجە.







Institut kurde de Paris

هەریەکەی بەسەر دەستە و تاقمێکدا دابەش بوو

هەمیشە ویستومە هەموو توانا هونەریەکانی هەڵەبجە یەک بخرێن بۆ ئەوەی کە بە توانایەکی باشتر هونەری ئەو شارە نیشان بدەین وە چەندین دەست پێشخەریم کردووە بۆ ئەو مەبەستە و لە شەوی ٢٠١٨/١٢/٦ زیاتر لە (٢٠) مۆزیک ژەنی ئەو شارە بە هەموو تەمەن و ئاستی هونەری جیاوازەوە کۆبوونەوەیەکمان لە (سەنتەری چالاکی گەنجان) ئەنجام دا و گەشتینە ئەو ئەنجامەی کە منیان کرد بە برا گەورە و پاش ماوەیەک جگە لە قسەکردن هیچ ئەنجامێکی کرداری نەبوو، چونکە هەر کەسەو خاوەن کلتوری و پاشخان و بیرو بۆچوون و ئاستی ڕۆشنبیری لەگەڵ ئەوی تر جیاوازبوو، هەریەکەی بەسەر دەستە و تاقمێکدا دابەش بووە و ئەوەش یەکێکە لە نەهامەتییەکان کە ئەم سیستەمە هێناویەتیە کایەوە.



Institut kurde de Paris

مەرگی ناوادەی کاکە ڕێهات

لەڕۆژی ٢٠١٨/١٢/١٢ هونەرمەندی گەنج و تازە پێگەیشتوو، کاکە ڕێهات بەکارەساتێکی دڵتەزێن کۆچی کرد، کاکە (ڕێهات عەزیز)عازف کلارنێتێکی بەتوانا بوو، بەداخەوە لە نیوە ڕێگەی تەمەنی گەنجیدا بەجێی هێشتین و داخێکی گەورەی خستە نێو خانەوادەیەکەیی و ڕۆشنبیران و هونەرمەندان.

بەم بۆنە خەمناکەوە بابەتێکم بۆ کۆچی دوایی ئەو هونەرمەندە جوانەمەرگە نوسی:

ڕێهات بۆ مۆزیکی کردە ئاوێزانی ژیانی؟

ئەمە پرسیارێکە بۆ ئەوەی لەم بوون و گەردوونە وردببینەوە ... ڕێهات بۆچوونی جیاوازبوو بۆ ژیان .. خۆی لە هەناسەیەکدا ئەبینییەوە وەک هەناسەی کلارنێت.

ئەی هەناسە چییە؟ هەڵمژینی هەوایە؟ هەناسەدان و هەناسەدانەوەو داخە؟ ئەمانە پرسیارن؟ پرسیارێکی تر بۆچی موزیکی هەڵبژارد؟ وەڵامەکەی دیارە

چونکە لە ژینگەیەکدا گەورە بووبوو کە لەمنالّییەوە لەڕێی دایک و باوکی و براکەیەوە گوێبیستی موزیک بووە. پرسیارەکە ئەوەیە ئەی بۆ ئامێری کلارنێتی هەڵبژارد؟

سەرەتا حەزئەکەم کورتەیەک لەمێژووی ئامێری کلارنێت باس بکەم، بەڕای من سەرەتاکەی بۆ سالّی (١٧٠٠) دەگەڕێتەوە، کلارنێت ئامێرێکی فوارەو لەداری رەشی ئەبەنوس دروستکراوە و ئامێرێکی رۆژئاواییە، بەڵام بەڕای من مادام ئامێرێکی فوارە لەرۆژهەڵاتەوە نزیکە و رۆژئاوا بەهۆی زیرەکی خۆیانەوە لەسەرەتادا لە تیپە سەربازییەکان بەکاریان هێناوە.

لەعێراقیش لەسالّی ١٩٢٣ لەدروستبوونی سوپای عێراقەوە هاتۆتە ناو تیپی سوپا، دوای ئەوە تاکە کلارنێت ژەنێک هەبێت کە کەمانچەو کلارنێتی ژەندبێت هونەرمەند (قادر دیلان)بووە، دوای ئەو هونەرمەند (شەوکەوت رەشید)بووە کە لەتیپی موزیکی سەربازی بووەو عودژەنێکی بەتواناش بووە.

لەتیپی مۆسیقای سلێمانیش هونەرمەند (عومەر سەرکار) و (عوسمان سەرکار) ئەم ئامێرەیان ژەندووە.

ئێمە کەتیپی مۆسیقای شنرۆیمان دروستکرد، حەزم لە سۆلۆی کلارنێت کردو لەتوانای رەوانشاد (ئیسماعیل حەمە سەعید) دڵنیابووم. مامۆستا هەڵکەوت لە رێکخراوی لاوان کلارنێتێکی هێنا بۆ ئیسماعیل کە تا ئەو ساتە ئۆکۆردیۆنی دەژەند، پارچە موزیکێکم دانا بەناوی (شنەی مۆردانە) ئەو سۆلۆکانی دەژەند، بۆ مێژوو دەیڵێم شەوی ١-١-١٩٨٠ لەهۆڵی هۆتێل حەسیب صالّح بەشداری ئاهەنگێک بووین مامۆستا سەلاح رەئوف و ئیبراهیم محەمەد لەوێ بوون بەسۆلۆکانی کلارنێتەکەی ئیسماعیل زۆر سەرسام بوون، دوای ئەوە حەزم ئەکرد تیپەکە پڕبێت لە ئامێری هەوایی و ئاواتەخوازبووم هەر کەسێک منالّێکی ببێت فێری ئامێری کلارنێتی بکات، چونکە سیحرێکی جیاوازی تێدایە.

کاکە ڕێهاتیش ئەم سیحرە جیاوازە بەرەو ئامێری کلارنێتی راکێشا، کاتێک ئەم هەستە ناسکە دەچێتە پەیمانگاو دوای پێنج سالّ قالّبوونەوە لەدنیای رۆحی نۆتەو سەرکەوتن و بێزاربوون لەهەموو ژیان لەهەموو موزیک پەنا بۆ ئامێرێک دەبات پڕ بە سینەی فووی پێدابکات و هەموو ئازارەکانی لێوەبکاتە دەرەوە، چونکە کە گوێت لە هەناسەکانی دەبێت وا ئەزانیت کە خۆتیت هەناسە هەڵئەمژیت، ئەویش

Institut Kurde de Paris

بەو هەستە جوانەو بەو هەناسانەی فووی دەکرد بە کلارنێتەکەیدا، چونکە هەموو دنیای لە کونەکانی ئەو دارە رەشەی کلارنێتدا دەبینییەوە.

دەبوو ژیاندۆست بوویتایە نەک مەرگدۆست، بۆ ئەم هەناسە سیحراوییەت بردە ناو گۆڕو بوویتە جەستەیەکی ساردوسڕ؟ گەر وانەبا دەتتوانی چەندین کاری داهێنان بکەیت، بەداخەوە سۆزت سواری بیرکردنەوەت بوو، تا ئەبەد خەمێکی نەبڕاوە دەبیت بۆ هەموو مرۆڤێک کە یەک تۆز هەستی مرۆیی تێدابێت.

کاکە ڕێهات ئەتوانم زۆر شت بنووسم بەڵام تازە هیچ سودێکی نییە، خۆزگە بمایتایە وەک هاوڕێیەک خەمەکانم بۆ سووک بکردیتایە، ئیتر سوننەتی ژیان وایە و ژیان بەردەوامە، بەداخەوە هونەرمەندە بلیمەتەکە هیچم پێ نییە جگە لە فرمێسک، تۆش لەو دنیایەی دیکەی کە هەڵتبژارد مۆزیکی نەمری بژەنەو هەموومان ئەبینەوە بەخاک و خۆڵ و دیارە ژیان رۆحی تێدایەو مردنیش بێ ڕۆحە.



Institut kurde de Paris

بۆیەکەمینجار ئاهەنگێک لەشەوی یەڵدا لەهەڵەبجە

لە سەرەتای مانگی ١٢ی ساڵی ٢٠١٨ خاتوو (سەمیرە سالّح) سەرپەرشتیاری (مۆزەخانەی کلتووری هەڵەبجە) پەیوەندی پێوە کردم کە پێکەوە لەگەڵ (یانەو سیاچەمانە) و بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەریتی ڕۆشنبیری هەڵەبجە کە بتوانین لە شەوی یەڵدا واتە ٢٠/لە سەر ٢١ ی/١٢ بتوانین یادێکی ئەو شەوە بە گۆرانی و تابلۆ و هەڵپەڕکێ و نمایشی جل و بەرگ ساز بکەین، بۆ ئەو مەبەستەش ڕۆژیکیان لە کافتریای ئەمنە سورەکە لە سلێمانی دانیشتنێکمان سازداو پێکەوە نەخشەمان بۆ دانا، دوای چەند ڕۆژێک چەند کچێکی بۆ ئامادە کردین و ئێمەش پێکەوە لەگەڵ مامۆستا عادل، چەند بیرۆکەیەکمان دانا کە لە شێوازی تابلۆی هونەری چەند تابلۆیەک ئامادە بکەین و چەند ڕۆژێک لە ژێر زەمینی فێرگەکە بەو زستانە پرۆڤەمان کردو فێری جولّەو ئاوازەکانمان کردن، کە چەند تابلۆیەکی هونەری جوان بوون وەک:

تابلۆی هەنار هەنار هەنارە
ئەی خاوەر خاوەر خاوەر
مینەی لولک ژەن
بووک بردن و خەنەبەندان .

چەندین ئاوازو ئامادە کردنی جوانمان بۆ کردن، هەروەها (یانە و سیاچەمانە)ش چەند هەڵپەڕکێیەکیان ئامادە کردبوو، هەروەها گروپی مۆزەخانەکە نمایشی جل و بەرگیان تێدا نمایش کردو لە شەوی ٢٠ لەسەر ٢١ ی/٢٠١٨ لە هۆڵی یاریگای هەڵەبجە بە ئامادە بوونی سەدان کەس نمایشمان کرد .

هەروەها ئامادە بووان خواردنیان هێنابوو لەگەڵ خۆیاندا و تا شەوێکی درەنگ بەردەوام بوو، ئەو تابلۆیانە زۆر هونەری جوان بوون، بەڵام لەبەر بچووکی هۆڵەکەو تێکەڵ و پێکەڵی نمایش کاران و ئامادە بووان لە ئاستی هونەری و بیر کردنەوەی ئێمەدا نەبوو، بەڵام شەوێکی ناوازە و پڕ داهێنان بوو لە هەڵەبجە، کە ئەوە یەکەمینجار بوو یادی (شەوی یەڵدا) بەو شێوەیە بکرێتەوە.

Institut kurde de Paris





Institut du monde de Paris







دیاری سەندیکای هونەرمەندان بۆ فێرگەی شنرۆ لە ساڵی ٢٠١٩

لە ســەرەتای ســاڵی ٢٠١٩ هەر وەک جــاران لەگەڵ فێرخوازەکــان بەردەوام بــووین و چەنــدین فێرخوازمــان هەبــوو هەرچەنــدە کــاتی دەوامــی قوتابخــانەی فێرخوازەکان بوو، شەوی ٢٠١٩/٢/٦ لە سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانەوە/ لقی سلێمانی کاک بەهــادین هەڵەبجەیــی و کــاک هێرش عبدالرحمن ســەردانیان کــردین و دوو ئــامێری مۆزیکیــان پێشــکەش بە فێرگەکەمــان کرد(کەمانێــک و گیتارێک) و ئێوارە مانەوە لەگەڵمان کاک عادل برنج و شلەی پەتاتەی بۆ لێنــان و یادەوەرییەکی خۆشبوو، پاشــان تــا درەنگانێک لامــان بــوون و شــەو گەڕانەوە بۆ سلێمانی سوپاس بۆ هەڵوێستی جوانیان .



چامەکەی کەمالی بۆ ناتیق

وا لە مانگی شوباتداین و یادی هەڵەبجە نزیک ئەبێتەوە، چەندین بیرۆکەم لابوو بۆ دانانی ئاوازێکی نوێ بۆ ئەو یادە، بەڵام دەمێک بوو کە ئەمویست سوود لە چامەکەی (کەمالی) واتە عەلی باپیر ئاغا بۆ ناتیق) ی شاعیر، کە ساڵی ١٩٨٤ مامۆستا ساجد ئاوارە بەراوردکارییەکی کردبوو لە نێوان (چامەکەی نالی بۆ سالم) و ئەم چامەیە و لە دووتوێی کتێبیکدا بڵاوی کردەوەو هەر لەو ساڵەدا مامۆستا ئەمین سەپان، مامۆستا ساجیدی هێنا بۆ هەڵەبجەو لە هۆڵی مەڵبەندی لاوان کۆڕەکەی برد بەڕێوە دەربارەی ئەو چامەیە، کاتی خۆی من ئەو کتێبەم لابوو، بەڵام هەروەک زۆربەی وێنەو ئەرشیفەکانم فەوتان، بەڵام لە بەردەرکی سەرا کتێب فرۆشێک هەیە کە کتێبی کۆنی لایە و ئەو بۆی پەیدا کردم، ساڵێک پیشتر چوومە لای کاک حەسەن هەڵەبجەیی خاوەنی کتێخانەی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) لەسلێمانی، (دیوانی ناتیق)م کڕی کە کاک حەکیمی مەلا ساڵح چاپی کردبوو، گەڕانەوە بۆ یادەوەری و تاوتوێی شیعرەکان کە شیعری کلاسیکی بوون و من ئەوە یەکەم جارم بوو کار لە سەر دەقی کلاسیکی بکەم، چەند ساڵێکیش لەوەو بەر هونەرمەند (عەدنان کەریم) چەند بەیتێکی لە (چامەکەی نالی بۆ سالم) ئاوازی بۆ دانابوو، دکتۆر عبدالله جەمال سەگرمە ئامادە کاری مۆزیکی بۆ کردبوو، ئیتر ئەوە بووە خولیام لەوەو پێش بیرۆکەی ئاوازەکەم لابوو، وردە وردە ئاوازەکەم دانا و کاک عادلیش هاوکارم بوو لە تێبینیەکانی بۆ ئەو کارە، ئیتر ئەو شیعرە بووە خولیام کە تەواوی بکەم و ڕۆژ دوای ڕۆژ بیرۆکەی نوێم بۆ ئەهات، کە بیرم لە شیعرەکە ئەکردەوە ئەمویست بە چەند مەقامێک و گۆڕینی ڕەزمەکان (ئیقاعە)کانی گۆڕانکاری تێدا بێت و وردە وردە خەریکی نوسینەوەی نۆتەکانی بووین، لە سەرەتای مانگی (٣) دەستمان کرد بە پرۆڤەکردن، ئەمجارە ویستمان سوود لە خوێندکارانی (پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی) ببینین، بە مۆزیک ژەن و کۆرسەوە، چەند ڕۆژێک زۆر بە شەوقەوە هاتن کە زۆریان پێخۆشبوو بەشداربن لەو کارەدا، تەنانەت بەڕێوەبەری پەیمانگاش ڕێگای پێدان کە بەشدار بن، بەڵام سەرۆک بەشەکەیان بە بیانووی ئەوەی کە لە مانگی داهاتوو نمایشێکیان هەیە لە پەیمانگا ڕێگری لێکردن کە بەشدار بن، ئیتر ناچار بووین

Institut Kurde de Paris

کەسانی تر بهێنین و بە سوپاسەوە خێزانی کاک عومەری چەلۆ بە خاو خێزان و خوشک و کوڕەوە هاوکارمان بوون. دوای ئەوە بە خۆم و کاک عادلەوە پەیوەندیمان کرد بە چەندین کەسەوە و هەروەها فێرخوازەکانی خۆشمان بە مۆزیک ژەن و کۆرسەوە هاوکارمان بوون و توانیمان نزیکەی ٢٥ کەس کۆبکەینەوە و هەروەها مامۆستا بەڕێزەکانی هاوڕێمان لە پەیمانگاو قوتابخانەکانەوە هاوکارمان بوون و توانیمان کارەکە سەربخەین، بۆ دەست نیشان کردنی گۆرانی بێژەکان کاک (ئاریان کەریم)مان هەڵبژارد، ئەو کاتانەش خاتوو (تارا ڕەسوڵ) لە هەندەران بوو، ئاوازەکەم بۆ نارد و بە دڵی بوو کە بەشدار بێت، مامۆستا (سالار مەحمود) یش لە شیعری کاک (دیار هەڵەبجەیی) ئاوازێکی بۆ تاراو کاک نەجمەدینی غولامی دانابوو، تۆماریشیان کردبوو دەیان ویست لەو یادە بەشدار بن، بە سوپاسەوە کاک ئازاد تۆفیقیش بەڵێنی بە تارا دابوو کە خەرجی بلیتی فڕۆکەکەی بگرێتە ئەستۆی خۆی، لە سەرەتای مانگی سێدا تاراش هاتەوە و بە بەردەوامی پرۆڤەمان ئەکرد تا کارەکەمان بە سەرکەوتوویی ئەنجام داو لە ڕۆژی ٢٠١٩/٣/١٦ لە هۆڵی داخراوی زانکۆی هەڵەبجە لای مۆنۆمێنتەکە ئەو کۆڕاڵەمان پێشکەش کرد، زۆربەی تەلەفزیۆنەکان کارەکەیان گواستەوە، بەڵام بە پچڕ پچڕ، بەڵام سوپاس بۆ (Halabja tv) کە هەموو کۆڕاڵەکەی بۆ تۆمار کردین کە نزیکە ی (١٨) خولەک ئەبێت لە مەقام و ڕەزمی جیاواز، ئەمەش چەندین وێنەی پرۆڤەکانمانە :



Institut Kurde de Paris








Institut du monde de Paris

ئەمەش وێنەی نمایشەکەیە



بۆ دەقی شیعرەکان لە چامەکە هەندێ شیعرمان کەم و زیاد پێ کرد بۆ ئەوەی لەگەڵ ئاوازەکەدا بگونجێت و ئەمەش دەقی ئەو شیعرەیە کە کردمانە ئاوێزانی کۆڕاڵەکە.



دەخیلی بەختم ئەی یادی خۆش خەرامی سەبا
لەباتی بەندە بڕۆ بۆ هەڵە بجە تۆ نیستا
بچۆرە خزمەتی ئانق سەلام و حورمەتی من
بەشەوقەوە بکە عەرزی جەنابی مامۆستا
بپرسە ئاخۆ هەڵە بجە چۆنە ئەمسالیش
بەکەیف و زەوق و ئاهەنگە هەروەکو ئەوسا
دەماخی بەرزە سەری سپیە کێوی هەورامان
وەیاخو مێزەری تۆوردا لەداخی جەورو جەفا
شڕوێ سەوزە بابچین بۆ سەیران
لەگەڵ ئافەتی بەهیە و نەختەرخان
زەمانی راوەکەوە شاخی بەرزی شڕوێ
پڕە لەدەنگی تڤەنگ و لە گرمەو سەدا
بەرۆژی جومعە لەچن بۆ گولان و کانی شێخ
بچوکو گەورە بەشەوق و بەزم و سەفا
درەختەکانی بەنەشنەو شەفاقە باخی میر
وەیاخو وشکە لەبەر بەفر و شیدەتی سەرما
پڕە لەلالەو گوڵ ئاخۆ چەمی گوندەبۆز
ڕواوەتیی گوندەزبردە و ترنج و سەوزەگیا
ئەبینی دەستەی یاران کانی ئیواران
بەدەنگیخۆشەوە فاضل لەئی مەقامی سەبا

ئەماوە ئیستا سەیرانگاکانی وەکو جاران
چونکە حالەتی باخی هەناری کانی هاشتان
جەنابی ئانق گەرێتەزووی جوابم بڵێتەوە
بەکەردم غەرقی ئوتفی خۆیم نەکا
بڵێ لەوزعی هەڵە بجە سوئالت فەرموویوو
لەشاخ و داخ و لەرز و باخ و لەجێگا سەیرانی
منیش نەڵێم نەک هەڵە بجە
بەڵکو هەموو خاکی کوردان
پرینداوە پر ئازارە.

Institut Kurde de

ناسینی من بۆ حەکیمی مەلا سالّح

لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٤/٣ چووم بۆ کتێبخانەی هەژار موکریانی لەهەڵەبجە بۆ کڕینی کتێبێک بە ڕێکەوت کاک (حەکیمی مەلا سالّح)م دی و ئەم وێنەمان پێکەوە گرت کە چەندین یادەوەری بەبیرهێنامەوە



ناسینی من بۆ ئەو زاتە ئەگەڕێتەوە بۆ هاوینی سالّی (١٩٧٢) ئەگەرچی پێشتر واتە لەلاپەڕەکانی تردا کەمێک باسم کردووە، بەڵام مادام ئەم لاپەڕەیە تایبەتە بەکاک حەکیم حەزم کرد هەندێکی دووبارە بکەمەوە هەندێک زیادەشی بخەمە سەر.

ئەو کاتە باوی تیپی وەرزشی بوو ئێمە لە گەڕەکی کانی قولّکە بە تایبەت لەو گەڕەکەی کە مالّی (عەلی شەمعەی) لێبوو، کە لە منداڵیەوە هەندێکیانم ئەناسی تیپێکی وەرزشمان دانابوو بە ناوی (تیپی وەرزشی مەهاباد) حەکیمیش سەرپەرشتی تیپێکی تری ئەکرد لە گەڕەکی کانی عاشقان بە ناوی (تیپی وەرزشی ناتیق) یارییەکمان کرد پێکەوە، پیشتر چەند یارییەکی ترمان کردبوو لەگەڵ چەند تیپێکی تردا، ئەو تیپەی ئێمە بریتی بوون لەم کەسانەی کە لەبیرم بێت: من لە بەرگری بووم، ئەوانی تر (ئەحمەد قادر، ئەدهەم مەلا عەلی، لەتیفی مامە حەمەم،

ئەحمەدی عەلی حەمە شەریف، وەهبی مەحمود سەروپێ، جەمالی شێخ حەسەن، چەند کەسیکی تر) لەو یارییەدا نزیک گۆڵی تیپەکەی بەرامبەرەوە تۆپێک بە ئاسمانەوە هات، دوو کەس خۆیان بۆ بەرز کردەوە حەکیم و جەمالی شێخ حەسەن لە تیپەکەی ئێمە کە ئەو دوانە خۆیان بەرز کردەوە سەریان بەر یەکتر کەوت منیش نزیکیان بووم، ئیتر جەمال سەری زۆر ئازاری داو بوورایەوە و بردمانە نەخۆشخانەی سەرەوە لە هەڵەبجە هەر چاک نەبوو تووشی (غیبوبە) بوو، تەنانەت بردیشیان بۆ بەغدا بۆ چارەسەر هەتا چەندین ساڵ کاردانەوەی لەسەر هەبوو، ئیتر منیش زۆر لەوە ترسام و هەرگیز توخنی یاری نەکەوتمەو وازم هێنا، ئەوە یەکەمین ناسینم بوو بۆی، پاش ئەوە لە ساڵی (١٩٧٦) ئێمە ئاهەنگێکمان گێڕا لە هۆڵی سانەوی کوڕان لە ڕێکەوتی ١٩٧٦/٧/١٧ حەکیمیش شانۆگەرییەکی نووسیبوو کاک جەمالی مەلا قادر دەریهێنا.

هەر لەو ساڵەدا چەندین ئەکتەرو ئەدیب، ویستمان بەشێکی (کۆمەڵ و هونەر وێژەی کوردی) بکەینەوە، چووین بۆ سلێمانی و ئەوانەی لە بیرم بێت: جەمالی مەلا قادر، سەید تەها شێخ حەمە ئەمین، مستەفای ئەحمەد شیرین، ساڵح هەژار بوو، من وحەکیمیش بووین کە لە هەموویان منالّتر بووین، بەڵام ئەو لقە نەتوانرا بکرێتەوە.

ئیتر پاش ئەوە حەکیم چەند شانۆگەرییەکی تری ئامادەکرد، لەوانە (مەسەلەی وێژدان) ئەحمەد موختاری کرد بە شانۆگەری و ئەو سەرپەرشتی تیپی شانۆی ئەکرد و پێکەوە هاوکار بووین و پرس و ڕامان بە یەکتر ئەکرد، تەنانەت لە ساڵی (١٩٨٠) مەڵبەندی لاوان گۆڤارێکی دەرکرد بە ناوی (شنرۆ) من و حەکیم یەکێک بووین لە دەستەی نووسەران، تەنانەت ئەگەر کارێکی هونەریمان بکردایە پێکەوە ئەمانکرد، پاش ئەوە هەر چالاکییەک بکرایە پرسیان بە ئێمە ئەکرد، تەنانەت کە (لقی ڕۆشنبیری جەماوەر) کرایەوە پێکەوە بەشدار بووین لە کردنەوەیدا، تا ساڵی (١٩٨٣) ئەو کاتەی ئەو چووە دەرەوە بوو بە پێشمەرگەش هەر پەیوەندیمان هەبوو، ئیتر ئەو کەوتە نووسینی ئەدەبی و لە بواری شانۆ دوورکەوتەوە.

هەمیشە وەک دوو کەسی چالاک و سەرەکی بووین، ئەو لە بواری شانۆ و من لە بواری مۆزیک.

ئەم وێنانەش ئەو یادەوەرییانە دەر ئەخات کە پێکەوە هاوکار بووین:

institut kurde de Paris



گۆڤـــــاری شـــــــنروێ

گۆڤارێکی مەلبەنـــدی لاوانی هەلەبجە یە
مانگی جارێك دەری ئەکات

دەستەی نووسەران

* ئەنوەر محمد ڕەشید
* بەیاد عەبدولقادر
* حەکیم صالح
* ئازاد حەمە صالح

Institut kurde de Paris

" نكسب الشباب لنحسن المستقبل "

السيد مسؤول مركز شباب ومسؤول مكتب شباب حلبجة

تحية طيبة

بأمر فرقتنا الموسيقية والتمثيلية التابعة لمركز شباب حلبجة .

ادناه لفصول الاغاني والمسرحية المزمع عرضها في حفلة عيد السنة الميلادية الجديدة . لذلك نرجوا الاطلاع عليها واعلامنا بالنتيجة بأقرب وقت ممكن لكي نقوم بالبروفات اللازمة للتقديم ، واعتبارا من ١/١/١٩٩٨ لمدة اربعة أيام ، لذا نرجو منكم الشكر والتقدير .

رئيس فرقة الموسيقى
فؤاد صالح صابر

رئيس فرقة التمثيل
حكيم صالح عبدالكريم

النقطة الاولى : المرحلة لغنائية (الوان) المنشورة في مجلة "المثقف الجديد" العدد ١١٠ سنة ٥٨-٥٩ .

النقطة الثانية : ١- نشيد وطني عراقي " [illegible] " ٢- اغنية [illegible] بالكردي بعرض عرضها رفاق الفرقة في ديوانية .

[illegible]

النقطة الثالثة : [illegible]

النقطة الرابعة : مجموعة من الاغاني الفولكلورية

النقطة الخامسة : [illegible]

المسؤول الثقافي
لاتحاد الشباب
ومدرب الموسيقا في مركز شباب
[illegible]

Institut kurde de Paris

لەسالّی ٢٠١٩ دا سەیارەکەیان دزیم

ئیتر لە سەرەتای مانگی چوارەوە من کەوتمە نووسینەوەی رەشنووسی بیرەوەرییەکانم لە فەیسبووک و هەر شەوەی بەشێکم دادەبەزاند و تا مانگی ٦ لەگەلّ ئەوەشدا لەگەلّ فێرخوازان خەریکی وانە وتنەوە بووین.

من لە سەرەتای سالّی (٢٠١٨) خانەنشین کرام، تا ناوەڕاستی سالّی (٢٠١٩) هیچ مووچەیەکم وەرنەگرت و هیچ سەرچاوەیەکی ئەوتۆی داراییم نەبوو، جگە لە بڕە پارەیەی کە لە فێرخوازان وەرمان ئەگرت بۆ وانە وتنەوە و ژیانێکی مەمرەو مەژی بوو، تا لە ناوەڕاستی سالّی (٢٠١٩) ئەو بڕە پارەیان بۆ خەرج کردم کە کەڵەکە ببوو کە نزیکی هەشت ملیۆن دینار ئەبوو، منیش بەو بڕە پارە (ئۆتومبیلێکی سدریک مۆدیل ٢٠٠٢)م کڕی، من ئۆتۆمبیلەکەم لەبەردەم فێرگەکە ئەوەستاند، بەیانییەکی زوو بوو کاک عادل چووە دەرەوە وتی کاک ئازاد ئۆتۆمبیلەکەت دیار نەماوە، تووشی شۆک بووم باشە بۆ؟ دەیان خەیالّ ئەهات بەسەرمدا تا پۆلیس و ئاسایشم تێگەیاند، بۆ ڕۆژی دوایی بە ڕێکەوت کاک عادل بە سواری تەکسییەک لەڕێگای عەنەبەوە بەرەو خورمالّ تەکسییەکە ئەڕۆیشت بۆ سلێمانی و بەڕێکەوت ئۆتۆمبیلەکەی بینیبوو تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی ئۆتۆمبیلەکەتم دۆزیوەتەوە، ئیتر پۆلیس هات و ئەبینم نە مەکینەی تیدا ماوە نە تایە، لەو کاتەدا وەزیری ڕۆشنبیری کاک (حەمەی حەمە سەعید) بەو ڕێگایەدا نازانم لە تەوێلّە هاتبووەوە یان بیارە بەوێدا تێپەڕی و وەستاو وتی ئەوە چییە منیش وتم (سەیارەکەیان دزیوم) وتی باشە بۆت چاک ئەکەمەوە، هەر ئەو قسەیە بوو تا ئیستاش نەمدیوەتەوە، پاشان دەرکەوت کە کەسێکی (کەم عەقلّ) بردوویەتی و بۆ ماوەیەک گرتیان و پاش ماوەیەک هەر ئاگام لێ نەبوو بەریان دابوو، ئەمەش لە پای چی نازانم بۆ ئەم کابرایە کەسی نەدۆزیەوە من نەبێت؟؟

ئیتر لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا تا کۆتایی مانگی هەشتی سالّی (٢٠١٩) ، (٥٧) بەشم لەیادەوەرییەکانم لە فەیسبووک بلاّوکردەوە و هەروەهاش بەردەوام بووم لەگەلّ فێرخوازەکانماندا .

Institut kurde de Paris

تۆمارکردنی گۆرانی بارانە بۆ هونەرمەند ئازادە ڕەش لە ساڵی ٢٠١٩دا

لە سەرەتای مانگی ٩ ی سای (٢٠١٩) بریارمان دا کە چەند بەرهەمێک تۆمار بکەین، من ئاوازێکم دانابوو کاتی خۆی وە لە ساڵی (١٩٩٥) تۆمارمان کردبوو بەناوی (بارانە) بۆ هونەرمەند ئازادە ڕەش دەنگەکەیمان لە تیپی مۆسیقای سلیمانی لە بیناکەی تۆفیق قەزاز مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی بۆی تۆمار کردبووین هەروەها وێنە گرتنەکەشی هەر خۆی بۆی وێنەگرتین کە ئەوکات تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان لە بینای زانکۆ بوو، پایزی هەمان ساڵ خۆیشی لە سەرچنار وێنەی بۆ گرتین و لە شەوی ١٩٩٦/١/١ بۆ یەکەمین جار پەخش کرا هەر ئەو شەوە یەک دوو جار لێدرا، ئیترپاشان ئەو گۆرانییە ون بوو، دیار نەما زۆر سۆراخمان کردوو چووین بۆ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کە ئەو کاتە کاک عەباس عەبدوالرەزاق (عەباسی ڤیدیۆ) بەڕێوەبەری بوو بەڵام هەر نەدۆزرایەوە و بۆیە بڕیارمان دا بە هاوکاری چەند ئەندامێکی تیپی مۆزیکی شنرۆێ سەر لەنوێ تۆماری بکەینەوە لە شەوی ٢٠١٩/٩/٤ لە ستۆدیۆکەی کاک عومەری چەلۆ (ستۆدیۆ لاوە) من و کاک عادل دەنگی کەمانەکانمان خستە سەرو بۆ شەوانی دواتر ئەندامانی تیپی شنرۆێ (ئەرکان، فوئاد، توانای نای، ئیبراهیمی دەف) ئەوانیش دەنگی ئامێرەکانی تریان خستە سەروپاشان کاک (نیازی سەنتور) دەنگی قانون و هەروەها کۆرسەکانیش، هەر بریتی بوون لە مۆزیک ژەنەکان، دەنگی کچیش ئاشتی خانی خێزانی کاک عومەرو بوکەکەی کۆرس بون تیایدا و پاشان دەنگی کاک (ئازادە ڕەش)مان خستە سەرو کاری دەنگ تەواوبوو، کاتی خۆی کاک وریا حەمە کەریم گفتی دابوو کە بۆمان وێنە بگرێت بە خۆبەخشانە، بە سێ جار واتە سێ ڕۆژی جیا وێنەمان گرت یەکەم ڕۆژ لە ٢٠١٩/١١/١ ئەندامان چووین بۆ باخەکانی گوڵان لە هەڵەبجە، هەروەها ئەوەی جێگای سوپاسە خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانیش بە کوڕو کچەوە خۆبەخشانە لەگەڵ چەند فێرخوازێکی فێرگەکەمان هاتن بۆ وێنە گرتن، دوو کچیش خۆیان ئامادە کرد بۆ نواندنی کلیپەکە ئەوانیش (دیە وریا و شانۆ ئامانج) بوون، بۆ ڕۆژی دووهەم ئەندامان چووین بۆ خورمالّ و بەشێکی ترمان وێنە گرت، تا لە مانگی ١٢ ی ٢٠١٩ ڕۆژێکیان باران باری و کاک وریا حەمە کەریم کۆرسەکان و گۆرانی بێژ و منیش لەگەڵیان چووین بۆ گوندی خەرپانی لەوێ ئەو کلیپەمان تەواو کرد و لە ڕۆژی

Institut Kurde de Paris

٢٠١٩/١٢/٨ کلیپەکە تەواوبوو، دامان بە تەلەفزیۆنەکان و ئەوانیش پەخشیان کرد، لەوانەیە لای زۆر کەس تۆمار کردن و کلیپ کردنی گۆرانییەک هەروا ئاسان بێت، نەخێر چەندین ماندوو بوونی تێدایە هەر لە ئاواز و شیعرەوە تا دەگاتە نۆتە نوسینەوە و تا دەگاتە کۆکردنەوەی مۆزیکژەن و کۆرس و گۆرانی بێژ و دوایش کاری چاککردنی دەنگ و پاشان (میکس کردنی) و پاشان کاری وێنە گرتن و مۆنتاج و چوونە دەرەوە و هاتوو چۆ و خواردن و جلو بەرگ و چەندین وردەکاری تر، تا ئەو کارە دێتە بەرهەم وە لە پێش هەموویانەوە توانای مادی، ئەوە نمونەیەک لەو نمونانە .





Institut Kurde de Paris

بەشداری کردنم لە تیپی ئۆرکسترای سەمفۆنیای سلێمانی

هەر لە مانگی ٩ ی ئەو ساڵە (تیپی ئۆرکسترای سەمفۆنیای سلێمانی) بە سەرپەرشتی (دکتۆر عەبدولاّ جەمال سەگرمە) نیازی کۆنسیرتێکیان هەبوو، کاک عادلی هاوڕێم بەشدار بوو، دکتۆر عەبدولاّ جەمال بە عادلی وتبوو با کاک ئازادیش بەشدار بێت، کە پێی وتم بە خۆشحاڵیەوە لە ئێوارەی ٢٠١٩/٩/٧ یەکەم پرۆڤە ئامادە بووم، من ئەوە دووهەم جارم بوو کە لە تیپی ئۆرکسترا بەشداربم، جارێکیان لە ساڵی ٢٠٠١ کە لە زانکۆی سلێمانی نمایشکرا و یەک شەویان بەشداریم کرد، بۆ شەوی دووهەم نەمتوانی لەبەر ئەوەی باوکم کۆچی دوایی کرد.

بۆ ماوەی یەک مانگ بە بەردەوامی ئێواران لە کاتژمێر ٦ تا ٨ ی شەو پرۆڤەمان ئەکرد، شوێنی پرۆڤە کردنەکەش (مەڵبەندی ڕۆشنبیری زانکۆی سلێمانی)بوو، چەند مۆزیک زانێک بۆ ئامێرە فووداڕەکان و کۆنتەراباص لە وڵاتی ئۆکرانیاوە بانگهێشت کرابوون، چونکە ئەو ئامێر ژەنانە دەگمەنن لای خۆمان، لە ئێوارەی ٢٠١٩/١٠/٥ لە هۆڵی زانکۆ نمایشکرا و چەندین پارچە مۆزیکی سەمفۆنیا و تەنانەت کاری کوردیشی تێدا بوو لە دانانی د.عبدالله جەمال و دڵشاد محەمەد سەعید، جەماوەرێکی بەرچاو ئامادەبوون.



Institut kurde de Paris





دوو ئاواز بۆ هونەرمەند خالید عومەر

لە کۆتایی مانگی ١٢ ی ساڵی (٢٠١٩) ئاوازێکی ترم بۆ هونەرمەند (خالید عومەر) ئامادە کرد بە ناوی (خاوەر +هەڵیخە) کە دوو ئاواز بوون پێکەوە گرێ دراوبوون و بە هاوکاری چەند ئەندامێکی تیپی مۆزیکی شنرۆێ لای کاک عومەری چەلۆ (ستۆدیۆ لاوە) تۆمارمان کرد و لە ساڵی (٢٠٢٠) کلیپمان بۆ کرد، ئەمەش دواهەمین چالاکی هونەریم بوو لە ساڵی (٢٠١٩).





Institut Kurdologie

مێژووی سینەمای هەڵەبجە

ئەوەی ئاشکرایە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ نەخۆشی پەتای کۆرۆنا لە هەموو جیهان سەری هەڵدا کە لە وڵاتی چینەوە پەیدابوو، بە داخەوە بووە هۆی لەدەست دانی چەندین ملیۆن مرۆڤ لە جیهاندا و بە داخەوە چەندین کەسانی ئازیزو برادەرمان بە هۆی ئەو پەتا نەگریسەوە گیانیان لە دەستدا، هەندێکیان بە هۆی ئەو نەخۆشیەوە هەندێکی تر بە هۆی نەخۆشی ترەوە، پێش دەست پێکردنی (کەرەنتینە) لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١/٨ هاوڕێم کاک سەلاحە ڕەش خەریکی دەرهێنانی فلمێکی دۆکیمنتاری بوو لە سەر مێژووی سینەماکەی هەڵەبجە بە هۆی ئەوەی من لە نزیکەوە ئاگاداری کردنەوەی ئەو سینەمایە بووم چونکە خاوەنەکەی کاک (حەمەی لاسلکی) بوو کە دراوسێمان بوو، لە هاوینی ساڵی (١٩٧٠) ئەو سینەمایە کرایەوە، هەروەها ڕەوان شاد بەختیاری عومەری خەزانیشی لەگەڵ بوو، چونکە ئەویش ئاگادار بوو، ئەو سینەمایە لە پێشدا هاوینە بوو واتە (سەقف)ی نەبوو کەواتە بە شەو سینەما ئیشی نەکرد، پاشان لە هاوینی ساڵی (١٩٧٣) کاک عومەری خەزان بە هاوکاری کوڕەکانی یەکێکیش لەوانە بەختیاری کوڕی، سەقفی جەمەلۆنیان بۆ دروست کرد ئینجا بە ڕۆژ ئیشی ئەکرد، من چیم لە خەیاڵدا بوو دەربارەی ئەو فلیمە بۆم باس کردن بەوردی و پاش ماوەیەک سەلاح کردیە فلمێکی دۆکیمنتاری .



Institut kurde de Paris

لە بەرواری ٢٠٢٠/٣/١٤ لە کوردستان و هەموو شارەکانی عیراق و هەروەها جیهانیش باری نائاسایی ڕاگەیەنراو (کەرەنتینە) دەستی پێکردو هەموو خێزانەکان لە ماڵەکانیان مانەوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ و لە هەموو چالاکییەک وەستاین .

شیوەنێک بۆ کۆچی دوایی هونەرمەند ئەسغەر ڕەشید

بەداخەوە و لە سەرەتای کەرەنتینەوە لە شەوی ٢٠٢٠/٣/٢٧ هاوڕێ و دراوسێی ئازیزم هونەرمەند (ئەسغەر ڕەشید) بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد و بەڕاستی لەدەست دانی ئەو هاوڕێیەم گریاندمی و تاساندنمی کە یەکێک بوو لە هەرە هاوڕێ و دراوسێی ماڵ بە ماڵ بووین لە ماوەی (سی) ساڵ لە هەڵەبجەدا منیش ئەو شەوە ئەم پەیڤانەم بۆ نووسی و شیعرو ئاوازێکیشم بۆ دانا .

هاوڕێم ئەسغەر گیان

ئاخ مردن ئەی ئەو تەلیسمەی کە نازانیت چ کاتێک بەرۆکت ئەگرێت وئیتر کات و شوێنی بۆ نییە ..ئەم ئێوارە تووشی شۆک بووم بە بیستنی هەواڵی کۆچی لە ناکاوت کاکە ئە سغەر گیان، نازانم لە کام چرکە ساتی منداڵییەوە دەست بکەم بە گێڕانەوەی یاددەوەریم دراوسێیەکی دیوار بە دیواری ٣٠ ساڵ لە تەمەن... و لە چرکەیەکدا بکوژێتەوە زۆر ستەمە، هەر لە تەمەنی منداڵی و یاری کۆڵان و گەڕەک و دوو گۆڵی، ئێمەو ئێوە نەک هاوسێ بووین، بەڵکو هاوڕێ و هاوخەم و هاوسۆز یادەوەرییەکی بەرجەستەی زیندوو کە هەرگیز ناسڕێتەوە هەر لە باوکتەوە کاک ڕەشیدی قەساب کە پێم ئەوت بەڵکو پێستی بەردوگم بۆ بێنە ئەیکەم بە تەپڵ و هەر بۆ سبەی مەلا بانگدان ئەیدا لە دەرگاو یەکسەر پێستێکی نەرم و نۆڵی مەڕێکی ئەدامێ و منیش ئەمبەست لەو شەربەیەی کە بۆ پێستەکەم دانابوو، ئێستاش تەپە تەپی دەستی دادە ئامینی دایکتم لە گوێدایە کە مەلا بانگدان بە دەنگی ساج و مایەی دەستیەوە دەستی ئەکرد بە نان کردنی هەورامی و زۆربەی بەیانیان موچەیەک نانی گەرمی لە دیوارەکەوە ئەدایە دەستمان، یان دەست و

Institut Kurde de Paris

پەنجە و مەچەکی ماندووی کە تەشی دەپست بۆ لفکەو منیش بە کامێرای سینەماییەکەم وێنەم ئەگرت، خێزانیکی کەمدەست بەڵام لەناخەوە جوان و نە فس بەرز، ئێستاش تامەزرۆی دەنگی ئە و مکەبەرەیەم کە لە مالّی سەید حەسەنی سەعاتچیەوە هەڵواسرابوو بە دار تووەکەی مالّتانەوە ئێستاش تامەزرۆی شەوقی ئەو گلۆپە سەیارم کە لە بن گەڵای دار مێوو دار تووەکانەوە بە شەوان شەوقی ئەدایەوە، ئێوە هەموو بە براو خوشکەوە هەرلە منالّیەوە پێکەوە هۆگر بووین، ناهی خوشکت لەگەڵ بەیانی خوشکم لە سەربان چێشتە قولێیان ئەکرد...

ئەو کاتەی کە ئەحمەدی برات خەریکی دروستکردنی پەیکەر بوو بە قالّبی بۆرەک لەسەر سەربانەوە سەیرم ئەکرد ئەو کاتەی کە پێکەوە چووین دیداریکمان سازدا لەگەڵ مینەی لولک ژەن، کە دەستم دایە مۆزیک، کاک حەسەنی برات یەکەمین کەس بوو کەمانێکی لای کاک عوسمانی رەسام کڕی، ئەو کاتەی کە هەر خۆت مێرد منداڵ بوویت خەریکی وێنە کێشان بوویت لەو ژوورە گلّەی کە تێیدا دەژیان بە فانۆسی سیحری وێنەی عەلی مەردانت ئەکێشا .

نازانم یادەوەریت چۆن تومار بکەم کە بە سەدان یادەوەری تالّ و شیرینم لەگەڵ خۆت و براکانت هەیە، بەو هەموو نەهامەتیەی ژیان هەمیشە خۆڕاگر بوون، سەربەرز و نەفس بەرز، ڕۆژێک وا دەرنەئەکەوتن کە نائومێدن لە ژیان، هەر کارێکی هونەریت بکردایە پێش هەموو کەس ڕای منت بە هێند وەرئەگرت، تەنانەت کە تابلۆی شاعیرانت وێنە کرد خۆم بە داری جاوی (داری جاوی داریکی قاوەیی رەق بوو) چوارچێوەکانم بۆ دروستکردیت .

هۆ برای هەمیشە لە یاد نەچووم، فرمێسکی خەمی من بۆ تۆ لەناخێکی خەم هەژێنە کە یادەوەرییەکان وێنایان کردوون، کاکە ئەسغەر گیان ئێستاش شاعیرانی هەڵەبجە: هەر لە گۆران ومەولەوی و ناتیق و سالّح هەژار و حیلمی و شاهۆ هەمووی کە بە دەست و پەنجەی خامەی ڕەنگینت کێشات و کردتە پیشانگایەکی هەمیشەیی هەموو خەمناکن و شین ئەگێرن، هەموو منالّانی ئۆپەرێتی سەوزەو دارە شکاوەکەی کە منالّان ئازاریان ئەدا هەموو چاو بە فرمێسکن و هەموو شەوانی ماندووبوونت لەسەر شانۆ بۆ دروستکردنی دیکۆر، شینی مەرگی لە ناکاوی تۆ ئەکەن، تۆ بوویت پانۆرامای ئازارەکانی هەڵەبجەت کردە تابلۆ، هەمیشە خەم و ئازارەکانت لە کۆڵ بوو بە تەنهایی لە

Institut Kurde de Paris

ئۆردوگاکانی سونغور وژیانی مەمرەو مەژی و ئاوارەیی هەر خەریکی کاری هونەری بوویت تەنانەت گەشیتە تاران بۆ دیکۆری فلیمی سینەمایی، ئەتۆ بوویت خۆ بەخشانە لە ڕێکخراوەکان کارت دەکرد بێ بەرامبەر، دەست پاک و داوێن پاک، تەنانەت خەمت لەگەڵ منالاّنی بێ سەرپەرشت هاوخەمیان بوویت و کتێبێکت چاپ کرد کە وێنەی منالاّنی بێ دایک و باب و بێ سەرپەرشت و چاپ کردنیشت بە هاوکاری کەسانی خۆ بەخش بوو، ئێستاش هاوڕێکانت ئێواران لە لای سەرای ئازادی چاوەڕێتن بۆ ئەوەی پێک شاد ببنەوە لە عوسمانی نەجیبە و ئایارو نەبەزو چەندانی تر بە داخەوە، ئاخ مردن ئەوە تۆ چ ئە فسونێکیت، تۆ چ بارگەی خەمێکی هەرساتەی نا ساتەی هەواڵی گورچک بڕ وەک ماریێکی ژەهراوی ئەدەیت پێمانەوە، نازانم چۆن ئەو هەموو یادەوەرییە بنوسمەوە؟ ناتوانم ئاخر ئێمە ژیانێک پێکەوە بووین بۆ لە پڕ لەم زەمەنی کۆرنایەدا کە نەتوانین ئەو هەموو هاوڕێیەت لە پرسەکەدا ریزی خەم بگێرین بۆ ئازیزیکی هونەرمەندێکی شێوەکاری هەست ناسک و نەفس بەرزو ژیان پڕ خەم. ئەی هاورێ و دراوسێ و خەمی ژینم کاکە ئەسغەر خەمت لەلام ئازارێکی تا بڵێی گورچک بڕو بە سۆیە، ناخم پڕ پڕە لە گریان، هۆ کەسە بێوەیەکە هەمیشە خەمێکت لە کۆڵ نابوو ڕۆحت شاد هەی ڕۆح پەپولەکە.



Institut kurde de Paris

شیوەنێک بۆ هونەرمەند سابیرکوردستانی

بە داخەوە هەر کۆست دوای کۆست لە بەرواری ٢٠٢٠/٨/١١ هاوڕێیەکی دێرینی ترم بە نەخۆشی کۆرۆنا گیانی لە دەست دا کە زۆر ئازاری دام ئەویش کۆچی دوایی هونەرمەند سابیر کوردستانی بوو

وای برام ڕۆ سابیر گیان هۆ دەنگە زوڵاڵەکەی کەرکووک، چ بڵێم چ بنوسم؟ قوڕگم گیراوە لەبەر گریان ژیانی تۆ چیرۆکە، دیرۆکێکی زۆر خەمناک، زۆر تەمومژ، تەم و مژی چاوەکانت وەک غەریبی ڕۆح و جەستەی شەکەت و ماندووت، عە شقی تۆ بۆ هونەر هەر لە منااڵیەوە بوو، بیرم دێت سەرەتای ساڵانی حەفتاکان بوو لە هەر دوو باڵت بە هەوادا با دەدا وا بزانم یەکەمین گۆرانیت بوو.. بۆ تەلە فزیون شیعرەکەی بەم شێوەیە بوو:

بە هەرمێ و هە نار بێ، یارم شەدە لار بێ، خەنجەر بێنە بمکوژە، با گیانم رزگار بێ.

سابیر توو بی خودا دوای تۆو عەلی مەردان کێ مەقامی الله وەیسی و قەتارو خاوکەرو پێنجگا ئەڵێتەوە؟ کێ لە تۆ شیکتر، پاکتر، بەڕەوشتتر بە قسەی سوعبەت و پێکەنین، بەو نابیناییەوە تۆ هەمیشە ڕووناکی بوویت، لەو ڕوناکیش تاریکی نازانم زمانی گۆم وەستاوە، بە داخەوە تۆ ئێستا جەستەیەکی بێ ڕۆحیت، تۆ چیرۆکێکی نەبڕاوەیت، دواترین پەیوەندیم بۆت پێش دوو مانگێک بوو کە تیلم بۆ کردیت و وتم کاک سابیر با ئاهەنگێک ساز بکەین لە هەڵەبجە، شەوێک بێ هیچ بەرانبەر بە شاهیدی هاوڕێکانم وتی ئامادەم، بە داخەوە مەرگ و داخی ئەم دەسەاڵتە و نەخۆشی نەگریسی کۆرۆنا ئاواتەکانی خستە ناو خاک، سابیر گیان هەقە هەرچی سەرۆکی حکومەتە کڕنوش بەرن بۆ هونەری بەرزی تۆ، ئەوان خاکیان فرۆشت تۆ نا، بە دەنگ و بە ئاوازەکانت نیشتیمانت کڕیوە، بە مەقامەکانت، ئەوە تۆیت دوای خۆشت ئاوازو دەنگی ناوازەت بە نەمری دەمێنێتەوە.

لە چلەکەشیدا وتارێکم لەسەر نووسی بەم شێوەی خوارەوە:

نووسینێکم بۆ چلەی هونەرمەندی هاوڕێی کۆچ کردووم سابیر کوردستانی

ماوەیەک لە مەوپێش لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری زانکۆی سلیمانی ئامادەی ناساندن و دابەش کردنی کتێبی (سەمای فریشتەکان)ی هونەرمەند عبدالعزیز مەجید بووم.

Institut Kurde de Paris


نەقیبی سەندیکای هونەرمەندان کاک نیاز نوری دوای تەواو بوونی مەراسیمەکە پێی وتم کاک ئازاد بەڵکو شتێک بنوسیت بۆ چلەی کاک سابیر و بۆم بینێرە بە چەند نووسەر و هونەرمەندێکمان وتوە هەر کەسەی شتێک بنوسێت وئەیکەین بە ناملیکەیەک لەو ڕۆژەدا دابەشی ئەکەین، وتم چاکە، ئەمڕۆ ئەو یادە کرایەوە وگروپێکی مۆزیک بەشداربوون لەگەڵ چەند گۆرانی بێژیک لەوانە محەمەد رەئوف کەرکوکی کەسێکی نابیناش گورانیەکانی کاک سابیری چاک ئەوتەوە، من بە هۆی سەرقاڵیمەوە لە کۆتاییدا توانیم ئامادە بم، ئەوەی مەبەستمە ناملیکەکە دابەش کرا و ئەم هونەرمەندو نووسەرانە بەشداربیان لە نووسین کردبوو، کە لە ناملیکەکە یەک دوای یەک وتارەکانیان بڵاوکرابووەوە

وریا ئەحمەد، ئازاد سالح، زانا مەحمود هەژار، دیاری قەرەداغی، توانا حەمە، د. مارف عومەرگول، فەرهەنگ غەفور، چالاک سدیق، عادل محەمەد کریم، نیاز نوری مەلا محەمەد.



هیوادارم ئەمە دوا کۆستی هونەرمەندان بێت هەرگیز یادی کۆچ کردووانی ئازیزمان نەکەینەوە .

تێبینی/ دەقی وتارەکەم کە بۆ سابیر کوردستانیم نوسیوە لەبەشی وتارەکانی ئەم کتێبەدا بڵاوکراوەتەوە. من هیچ وێنەیەکم نەگرت بە سوپاسەوە ئەم وێنەم لە والّی کاک حەمە رەئوف کەرکوکی وەرگرتوە



حەسرەتێک بۆ گیانی هاورێی هونەرمەند سابیر کوردستانی

نازاد صالح

نازانم چۆن وەک دەنکە زیخی ناو کانیاوی حەیاتم کۆکەمەوە و وەک ملوانکەو بیهۆمەوە و بیکەمە مل
و گەردنی دەنگ و ئاوازەکانت .تۆ ئەی نەورەس و عەندەلیبی هەناسە ی شەتاوی کەرکوک، قەناری کاروانی
مەقامی خاوکەرو اللە وە یس ی و ئای ئای و هیجران و گەرەکەکانی
رە حیم ئاواو ئیمام قاسم وتە پە ، دەشتی لەیلان و کاکی بە کاکی گەرمیان .تۆ .هە ر لە تەمەنی منداڵی و هە رزەکاریەوە گۆش کراوی سە داو دەنگی عەلی مەردان و سەلاح داودەو حسین عە لی چەندینی
تر بوویت بەو کلتوورە دەوڵە مەندە بوویت .خۆرسکانە فێری هە موو وەزن و مەقامێک بوویت لە تووڵی
هەتا کوورتی بە چریکە دەنگت و ئاشنا بوون .هەستی داهێنەرانەت تیدا خوڵقاو بە لەدەست دانی بیستنی
هێندەی تر ڕۆ چویتە ناو قوواڵیی ناخی خۆتەوە هە موو جوانیەکانت لە ئاوازو شیعرو گۆیگرتنەوە ن
میژووەدا نمونەی نە و داهێنەرانە زۆرە هەر لەبو عەلا المعری و تەها حسین و د.کامل البصیر تە وان
بواری شیعرو ئەدەب

Institut Kurde de Paris

بەرنامەیەک لە باخەکانی گوڵانی هەڵەبجە بۆ کەنالّی کوردسات

لە ڕێکەوتی ۲۰۲۰/۱۰/۲۸ بەرنامەیەک هەیە لە کەنالّی کوردسات بە ناوی (GPS) کاک (نەهرۆ شەوقی)پێشکەش کاریّتی و بە هۆی کاک (خەسرەو حاجی مەحمود)وە پەیوەندی پێوە کردم بۆ ئەنجام دانی بەرنامەیەک کە چەندین کەس بەشداری تێدا کرد و بەرنامەیەکی سەرکەوتوومان لە باخەکانی (گوڵان) ئامادەکرد کە سێ چوار گۆرانیمان تێدا نمایش کرد لە وتنی (خالید عومەر) و (مەستان) و دوای چەند ڕۆژێک لە تەلەفزیۆنی کوردسات پەخش کرا کە چەندین کێژو کوڕی هەڵەبجە بەشداریان تێدا کرد.







Institut du monde arabe Paris

بەشداریمان کرد لە چلەی خوالێخۆشبوو، ع.ع. شەونمی شاعیر و رۆناکبیر

وە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/١٢ بە کۆرس و گۆرانی بێژو چەندین فێرخوازەوە بە شداریمان کرد لە چلەی کۆچی دوایی و پەردەلادان لە سەر پەیکەری شاعیر و نووسەرو ئاوازدانەر مامۆستا ع.ع.شەونم .لە هۆڵی زانکۆی هەڵەبجە کە سروودی بەناوبانگی (جەژنە جەژنی کوردستانە)مان پێشکەشی ئامادەبووان کرد بەخۆبەخشانە.









Institut kurde de Paris

تۆمارکردنی کلیپێک بۆ گۆرانی هەی خاوەر و هەڵێخەی خالید عومەر

لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/٢٢ توانیمان لە گوندی عەبابەیلێ گۆرانی (هەی خاوەر +هەڵیخە) کلیپ بکەین کە زیاتر لە ٢٥ کەس بەشدار بوون و دواتر بە چەند ڕۆژێکی تر کلیپەکە تەواو بوو بۆ هونەرمەند (خالید عومەر)





Institut Kurde de





لە ٢٠٢٠/١٢/١٥ بە داخەوە هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستا (حەمەی دادە ڕەعنا)م بیست ئەو مامۆستایەی کە لە منداڵیەوە منی فێری عەشقی مۆزیک کرد و حەسرەتێکی گەورەی خستە ناخمەوە و منیش ئەم پەیڤانەم بۆ نووسی:

چاوەکانم پڕفرمێسکە، ناخم مات و مەلول بۆ مەرگی یەکەمین مامۆستای مۆزیکی ژیانم مامۆستا حەمە سەعید ناسراو بە حەمەی دادە ڕەعنا

بە بیستنی هەواڵی مەرگت مامۆستای ئازیزم منت گەڕاندەوە بۆ مێژوویەکی دوور، هێجگار دوور گوزەر ئەکەم بە ناو یادەوەری منداڵیما وەک تروسکاییەک دەڕۆمەوە ناو یادەوەری منداڵیم لە کۆڵانی جوولەکان کە بتوانم ماوەی چوونە قوتابخانەم لە ساڵی ١٩٦١ کە چوومە پۆلی یەکەمی سەرەتایی، ئەو ساڵە خاڵە حەمە عەلیم وەک مامۆستا لە تەوێڵە دامەزرا، لە پۆلی یەکی سەرەتایی بووم، یەکەمین کەس کە منی داخڵی قوتابخانە کرد بیرم دێت ئەحمەد ڕەشید بوو ئەو ساڵێک پێش من بوو دایکم تەسکەرەکەی دایە و لە گەڕەکی کانی قوڵکە ماڵی شاعیر شاهۆ کرابووە قوتابخانە، مامۆستا ئەحمەد ئەفەندی بیارەیی بەڕێوەبەری بوو، یەک دوو ڕۆژ لەو مەکتەبە بووم دوایی هەموانیان ڕیز کرد بۆ کانی عاشقان، بینای مەکتەبێکی تازە کرابووەوە بە ناوی جەمدون، شوێنەکە دوور بوو دوای ئەوە باوکم نەقڵی کردم بۆ لای مامۆستا شێخ فاتح لە گەرەکی سەرا لەوێش هەستم بە نامۆیی کرد، دوور بوو لە ماڵمان لە کانی قوڵکە، لەوێش هەفتە یەک دەوامم کرد، دوکانی باوکم لە گەڕەکی پیر محەمەد بوو بە هۆی ناسیاوی لەگەڵ زۆربەی مامۆستاکان وتی نەقڵت ئەکەم بۆ مەکتەبی ئاشتی لای فەرەجە فەندی ئیتر چوومە قوتابخانەی ئاشتی لە پۆلی یەکەم، یەک جار فەرەجە ئەفەندیم لە بیرە کە ڕیز کرابووین زۆر سامناک بوو بەو منداڵیە لێی دەترسام، بیرم دێت مامۆستایەکمان هەبوو ناوی مامۆستا حەوێز بوو جارێک بردینیە گۆڕەپانەکە بە جلی وەرزشیەوە ئای چەند خۆش بوو کە مامۆستا دەیووت پانتۆڵی ڕەش و کراسی سپی و فانیلەی عەلاگە لەبەر بکەن خەتێکی سپیش لە نێوان پانتۆڵە ڕەشەکە هەبوو، دوای ماوەیەک بەڕێوەبەر گۆڕدرا وەک خەونی منداڵی لە بیرمە ئیتر مامۆستا ئەحمەدی مەحمود مام عەزیز بووە بەڕێوەبەرمان، منیش لەگەڵ

Institut kurde de Paris

ڕۆداوەکان ڕاهاتم . ئەو کاتانە وەک کوڕی گەورەی مالّ جوانترین جل پۆشتەو پەرداخ، باوکم سالّحی مەلا سابیر بۆ بەغداد هاتوو چۆی ئەکرد کە ئەڕۆشت دەفتەر و قەلّەم و جانتا و هەموو شتێکی ئەهێنا. دوکانەکەی پڕ بوو لە چکلێت و نوقلّ و فستق و حەبی کالمین هی کۆکە جۆراو جۆر جوانترین کێک و شەکرلەمەی دروستە ئەکرد، تەنانەت تا ئێستاش ئاسمانی هەلّەبجە بۆنی کێک و شەکرلەمەی باوکم و دەنگی ئاوازەکانی منی لە بیرە.


ئەو مامۆستایانەی لە پۆلی یەک کوردی پێ دەوتین ناوی مامۆستا بورهان بوو خەلّکی سلێمانی بوو، هەر ئەوەم لە بیرە (دارا دوو داری دی)لە قاتی سەرەوە بوو یەکەم ژوور لەو کەسانەی لە بیرمە تەلەبە بوو لەگەلّم حەمە عەلی حەمە مراد و شەوکەتی برای و ئیتر لە پۆلی دوو چووینە ژورێکی تر وەهبی مەحمود و کەمالی خالّی و چەند مامۆستایەک موتەبق بوون لەوانە زاهیر ئەفەندی و مامۆستا سەلاح حیلمی و مامۆستایەک خەلّکی سلێمانی بوو بە ناوی نەجات ئیمزایەکی زۆر قورسی هەبوو.

لە سالّی ١٩٦٣ هەموومان ئاوارە بووین چووین بۆ ناوچەی سازان لە دێی(تلەوەرێ) بە هۆی ناسراوی مامە سالّح باوکی عومەری ڕەسام، ئەو خێزانە گەورەیە بە سواری ولاّخ چوین، یەک مانگ لەوێ خۆمان حەشاردا وەک سەیرانیک وا بوو، لە سالّی ١٩٦٤ خالّم حەمە عەلی بەڕێوەبەری قوتابخانەی سیروان بوو، مامۆستا ئەحمەد بەڕێوەبەرمان بوو لەو مامۆستایانە لە بیرم بێت مامۆستا حەمە عەلی کوردی پی دەوتین، مامۆستا ئەکرەم جوگرافیا و مامۆستا حامد حساب و مامۆستا عومەر کوردی و حساب و مامۆستا نوری حەمەی مەحمود ئەفەندی زیندە وەرزانی و مامۆستا سالّح دەست و خەتی زۆر خۆش بوو عەرەبی و مامۆستا ڕەسولّ و مامۆستا باقی دین. یەک کەسیان زۆر جیاواز بوو ئە ویش مامۆستا حەمەی ڕەعنا، ئەو پیاوە هەموو ژیانی منی گۆڕی، هەندێ جار نائومێد دەبم و دەلّێم خۆزگە منیش وەک ئەوانی تر گە لحۆ ئەبووم، نا بەس منت فێری ئەوە کرد بە دوای جوانیدا بگەڕێم. ئێستاش تۆ جەستەت مردووە، گیانت زیندووە کێ تۆ ئەناسێت من نەبێت؟ چاک چاک لە بیرمە منالّ بووم تەمەنم دە سالّ بوو ئەتوت ئازاد بڕۆ کە مانچەکەم بۆ بێنە لە مالّی خوشکم شوکریەی ژنی حەمەلەی کەبابچی، پالّ مالّی مستەفای کەمال خەفاف لە بیرتە؟کە بە دزیەوە

Institut kurde de Paris

کەمانچەکەم ئەکردەوە و بۆ ئەوەی بۆ یەکەمجار ببینم؟ لە بیرتە لە ناو پۆلدا تیپێکی کۆرست دروست کردبوو؟

لە پۆلی چوار سالّی ١٩٦٤ من بووم سەرکۆ بوو کۆزاد بوو ئەفراسیاب بوو، کە ئاوازەکانت ئەژەند بە کەمانچەکەت من ناخم ئەهەژا وەک شیعری جوان، هەموو گۆرانییەکانم لە بیرە، یەکسەر دەستم هە لّ ئە بڕی ئەزانی چی بوو؟جەژنی دارو درەختە، مەوتنی، ئەرێ لەیلی، ئەی وەتەن چەند خۆشەوستی، بڕوا بکە چەندین دەنگی ئاوازی کەمانچەم بیستووە ناگاتە ئەو چێژەی لە دەنگی کەمانەکەی تۆم بیستووە، تۆ قوتابخانە بوویت بۆ کەسانی تر، گەر تۆ نەبوویتایە منیش نە ئەبووم منیش نەبوومایە سەدانی تر نە ئەبوون من درێژ کراوەی رۆحی تۆم، لە بیرم دێت دوای چەندین سالّ دابڕان وتت ئازاد گیان من شانازی بە تۆوە ئەکەم، منیش ئەڵێم مامۆستا گیان نەک من هەر هەموومان شانازی بە گیانی تۆوە ئەکەین، پەیکەرێکیت لە ناخماندا و لە جەرگە ی شاردا بۆ دروست ئەکەین، چ بڵێم جگە لە حەسرەت و گریان؟ زۆر بە داخەوە مامۆستا گیان من ئەزانم چەند گەورەیت چ بکەم لە وڵاتی غەریبی گیانت سپارد.





Institut kurde de Paris


ساڵی ٢٠٢٠ هەر نەڕۆیشت تا مەرگی مامۆستا ئازاد حەمدیشمان دی


ئەو ساڵە هەمووی نەهامەتی بوو لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/٢٩ هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستا (ئازاد حەمدی) تاساندمی کە هەر لە سەرەتای لاوێتیەوە هاوڕێی خاڵە (حەمە عەلی)م بووە و ناسیاوییەکی تەواوی لەگەڵ باوکمدا هەبووە و چەندین یادەوەریم لەگەڵیدا هەبووە بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ئەو پیاوە جوان و نیشتیمان پەروەرە کۆچی دوایی کرد.

کە خاوەنی دوو بەرگ لە کتێبی کەسایەتییەکانی هەڵەبجەو یادەوەری مامۆستایەک لە هاوار و بەشدار بووە لەگەڵم لە چەندین بەرنامەی تەلەفزیۆنی.









Institut kurde de Paris

لەڕێکەوتی ٢٠٢١/١/٦ وەک نوێنەری فێرگەی مۆزیکی شنرۆ لە هۆڵی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە ئامادەبووم لە ناساندنی کتێبە شیعری هاوڕێی شاعیرم کاک دلاوەر هەڵەبجەیی کە لە ئوستورالیا دەژی بە ناوی (سۆزی دووری) بە سوپاسەوە داهاتی کتێبەکانی پێشکەش کرد بە فێرگەی شنرۆ بۆ ئەوەی بتوانین خزمەتی فێرخوازەکانی پێبکەین، ئەوە مایەی خۆشحاڵییە کە هاوڕێیانمان لە هەندەران بە ئەرک و ماندووبوونمان ئەزانن، سوپاس هەستی جوانیان ئەکەین.

دلاوەر هەڵەبجەیی داهاتی کتێبەکەی پێشکەش بە فێرگەی موزیکی شنرۆ کرد

Institut Kurde de Paris

دیدارێکی کورت لەگەڵ هونەرمەند عوسمان کێمنەیی

پیاوێک لە بۆنی عەترو دەنگ و ئاواز شیکۆش، ڕۆح جوان کە دیم یەک وشەم لە ناخدایە هەمیشە پێم ئەڵێ ئەزانن چییە؟ خەفەتی بە یەک شت ئەخوارد نەپارەیە نە سەروەتە نە سامانە وتی خۆزگە هەرچی ماڵ و سامانی دنیام لە دەست بایە بەڵام دەنگم لە دەست نەدایە، بە ڕاستی چەندین جار ئەو وشەیەی پێوتوم، بەڵام لە ناخیدا رای ئەگەیەنم.

ئەم دوای عەسرە ٢٠٢١/١/١١ بەڕێکەوت هونەرمەندی ناسنامەی گۆرانی ناوچەی هەورامان بەڕێز مامۆستا (عوسمان کەیمنەیی)م چاو پێکەوت لای چایخانەکەی نزیکی گۆڕەپانی (سەرا) چوومە لای دانیشتم ماوەیەکی زۆربوو بە خزمەتی نەگەیشتووم، کەوتینە باسی گۆرانی و یادەوەرییەکانی و وتی مامۆستا هونەر چی بۆ کردین لە ژیان جگە لە مەینەتی وتی ئێستا هێندە تاقەتی چاوپێکەوتنم هەر نەماوە، منیش وتم ئەمنیش نیو سەدە لەو بوارەدا کارم کردووە مایەمان هیچە، بەڵام ئیتر ئەوە قەدەرە بەختمان یاوەری ئەم نەهامەتیە بوو، پاشان نیو کاتژمێرێک چەندین پرسیارم لێکرد، هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی گۆرانییەوە هەندێ زانیاری دامێ. هێندەی بتوانم دەینوسم، وتی هەر لە سەرەتای

منالّیمەوە هەرچیم دەبیست لە گۆرانی لە دێکەی خۆمان کەیمنە لە بەرم ئەکرد هێندە زیرەک بووم، لە سەرەتای سالّانی چلەکانەوە گۆرانی ئەلّێم و زیاتر لە هەزار شاییدا بەشداربووم، هەر لە هەورامانەوە تا کەلار و دەربەندیخان و قەرەداغ و هەلّەبجە، لەگەلّ نەسرولّا کەیکاوس تەوێلّەیی وئەلیلە و مام حەیدەر، ئەحمەدی نازداریّ، مستەفا محی الدین(مچەی محە)حەمە حسین کەیمنەیی و جەمیل و چەندینی تر. وتم کەی بوو چوویتە ئیزگەی کرماشان؟ وتی کۆتایی پەنجاکان لەگەلّ حەمە حسین بوو کە گۆرانی(کۆرپەلەی قەد باریک)م وتوە باسی کرد عود ژەنێکی فارسی لێبووە ئەو کاتە لە کاتی پرۆڤە پێی ووتم (ئاغا من بگۆم شما برۆ پایین تۆ دەچیتە بالّا واتە من بە تۆنی گڕ مۆزیکت بۆ دەژەنم تۆ بە تۆنی بەرز دەیلّێیت، باسی ئەوەی کرد کە سایزەر گۆرانی کوردی تێک داوە، بەرێزی وتی چەندین کەس گۆرانییەکانمیان تێکداوە زۆر جار گلەیم لێکردوون، وتی من حەزم لە ئامێرە رۆحییەکانە وەک کەمان و عود و نای وکەبتوانم ناخی خۆم دەربڕم.

یەکەمین کەس کە لە هەلّەبجە دەنگی تۆمار کردبێت لە چایخانەکەی حەمە کەریمی چایچی کە رەشەی حەمە کەریمی کوڕی کە من لە یادمە هەمیشە کلّاوێکی لە سەردا بوو تەسجیلێکی گۆرەندیکی هەبووە بۆی تۆمار کردووە، پاشان لە چایخانەی حەمە پایدەر. من هەر لە سەرەتای سالّانی شەستەکانەوە بە دەنگی ئاشنا بووم ئەویش لە رێگای تەسجیلی چایخانەکانەوە کە زۆر جار گۆرانی کاک عوسمان و جەمیلیان دەخستە سەر و گۆرانییەکانیان لێدەدا. دواتر بۆ یەکەمین جار لە نەورۆزی سالّی (١٩٧٠)بوو کە بە بۆنەی بەیانی یانزەی ئازارەوە پارتی لە خورمالّ ئاهەنگێکیان گێڕا و لەو ئاهەنگەدا کاک عوسمانم دی کە گۆرانی وت. پاشان لە سەرەتای سالّانی هەشتاکانەوە مالّیان هاتە هەلّەبجەو لە نزیکەوە یەکترمان ناسی و بڕیامدا هەرچۆنێک بێت گۆرانی لە تەلەفزیۆن بۆ تۆماربکەین و توانیمان لە سالّی (١٩٨٣) دوو گۆرانی لە تەلەفزیۆنی کەرکوک بۆ تۆمار بکەین .. سەرەتای هە شتاکان جارێکیان چوومە مالّیان دوای عەسرێک بوو شەش حەوت تەسجیلی سانکیوی دانابوو لەگەلّ قەفەزێکی کەو ئەو کاتە باسی کرد وتی شەوانە هەموو تەسجیلەکان دەخەمە سەر ڕیکۆردو بە جارێ هەموویان پڕ ئەکەمەوە. کەوەکەش کە گوێی لە دەنگم ئەبێت دەست ئەکات بە خوێندن. (بۆیە هە ندێ شریتی دەنگی قاسپەی کەوی تێدایە)پاشان باسی ئەو دوو گۆرانییە کرد کە سالّی

Institut Kurde de Paris

١٩٨٣ ئێمە وەک تیپی شنرۆ بۆمان تۆمارکرد لە تەلەفزیۆنی کەرکوک بە ناوی (کاڵە بەی . کەتانە) کە هەردووگۆرانییەکە من بۆم ئامادە کرد، وتی من بەو گۆرانییانە هەموو کورد ناسیمی بە تایبەتی هەورامانی ئەودیو، پاشان باسی دەنگ تێک چوونەکەی کرد بە حەسرتەوە زۆر خەمناک بوو، وتی شەوێکی بەهار بوو ساڵی ١٩٩٢ لە مەریوان بووم میوانی چەند کەسێک بووم کە کاتێ چایان بۆ دانا بووم ئاگام لێ نەبوو پیاڵەکەیان گۆڕی وتی ئیتر دوای ئەوە دەنگم تێکچوو ئیتر نازانم چیان تێکردبوو، وتی ئەوتاوانبارانە یەک دوانێکیان مردوون. بەردەوام بوو وتی چوار جار لە تاران نەشتەرگەریم بۆ کردووە سەرکەوتوو نەبووە. لێم پرسی کات چۆن بەسەر ئەبەیت؟ وتی زیاتر لە ماڵەوەم لە سلێمانی. یان جار جار دڵسۆزی کورم باخێکی بچکۆلەی هەیە لە (گەچێنە) جاری وا هەیە مانگێک لەوێ دەبم. بە پێکەنێکەوە وتی گەر رێگاش هەبێت جار جار ئەچم بۆ مەریوان چونکە لەوێش ژنیکی ترم هەیە. وتم گەر بتوانین بەرهەمێکت بۆ نوێ بکەینەوە و بە دۆبلاج و مۆزیکی نوێ بۆت بکەین؟ کاک عوسمان هەرچی بڵێم نااڵێ نا یەکمان خۆش ئەوێت وتی بەڵکو تەمەن رێگا بدات، پاشان کات درەنگ بوو کاتژمێریک چەندین باسمان کرد و کات درەنگ بوو ماڵ ئاواییمان لە یەککرد.



kurdu kurde de Paris

هەوڵدان بۆ دروستکردنی تیپێکی کۆرس لە قوتابیانی قوتابخانەکان

هەر لە سەرەتای ئاشنا بوونم لە گەڵ مۆزیک ویستوومە لە هەڵەبجەدا تیپێکی مۆزیکی تۆکمە دروست بکەم یان تیپیکی کۆرس کە بتوانن بەرهەمە هونەرییەکان بە شێوازێکی جوان بڵێنەوە بۆ ئەم مەبەستەش چەندین هەوڵم داوە وە چەندین قوتابخانە گەڕاوم، بەڵام زۆر لەو هەوڵانە وماندوو بوونمان بە هەدەر ڕۆشتووە لەبەر چەندین هۆ یەکێک لەوانە جێهێشتنی ئەو مۆزیک زانانە بۆشارەکانی تری کوردستان یان هەندەران و یان لەبەر ئاستەنگی کۆمەڵایەتی کەس و کاریان کە نەیان هێشتوە بەردەوام بن لەو بوارەدا، پاش ماوەیەکی کەم وازیان هێناوە و هەوڵ و ماندوبوونی ئێمەش بە هەدەرچووە. بۆ ئەم مەبەستەش چەندین هەوڵم داوە خۆم چوومەتە قوتابخانەکان لەناو قوتابخانەکە کۆم کردوونەتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لەڕۆژی ٢٠٢١/٢/٢٤ سەردانی قوتابخانەی بنەڕەتی (ئاسۆ بامۆکی)م کرد و چەندین دەنگی کچانی خوێنکاری ئەو قوتابخانەم تاقی کردەوە و زیاتر لە (٣٠) کچ ئامادە بوون بەڵام بەداخەوە پاش چەند ڕۆژێک زۆربەیان ون بوون و دیارنەمان لەبەر ئەو هۆیانەی کەباسم کرد و چەندین جار سەردانم کردن بە خۆبەخشانە، بەڵام هەوڵەکانم هەمووی بە زایە چوون.



Institut kurde de Paris





Institut kurde de Paris





Institut kurde de Paris

باسکردنی مێژووی موزیکی هەڵەبجە بۆ کەناڵی کوردسات

وەک بە ئەزمونترین هونەرمەندی بواری گۆرانی و مۆزیک لە مێژووی هونەری مۆزیک لە هەڵەبجەدا هەمیشە پادیۆ و گۆڤارو تەلەفزیۆنەکان بەسەرم دەکەنەوە بۆ باس کردنی مێژووی مۆزیک لە هەڵەبجەو ئەزمون و کارە هونەرییەکانم لە تیپی مۆزیکی شنرۆ لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٣/٦ لە تەلەفزیۆنی کەناڵی (KURDSAT) بانگهێشت کرام بۆ لێدوان دەربارەی باس کردنی مێژووی هونەری مۆزیک لە هەڵەبجەو ڕۆڵی لە شارستانییەتی ئەو شارەدا.



پەیوەندی لەگەڵ پەیمانگای گۆتەی ئەڵمانی

لە سەرەتای دەست بەکاربوونمان لە فێرگەی مۆزیکی شنرۆێ و دامەزراندنی چەندین هاوڕێ بە دڵسۆزی خۆیانەوە خەمخۆری منداڵانی و ماندوو بوونی ئێمە بوون. کەمن ئەو کەسانەی بێ بەرژەوەندی هاوکارمان بوون لەو بوارەدا. یەکێک لەو کەسە جوانە هاوڕێیەکی بەڕێزو دڵسۆزم کە لە ئەمریکا دەژی بەڕێز کاک (ئادەم) کە خاتوونێکی ئەڵمانی مۆزیک ژەن و سەرۆکی پەیمانگای (گۆتە Gouethe)ی ئەڵمانی لە هەولێر خاتوو (ئەنایس بۆلیک) بۆ ئەم مەبەستە دیدارێکی لە شاری هەولێر و لە چێشتخانەیەک بۆ ساز کردین لەگەڵ ئەو خانمە، نزیکەی یەک کاتژمێر زیاتر باسی کارو چالاکی ئەو فێرگەمان بۆ کرد بۆ ئەوەی بتوانن سپۆنسەری چەند چالاکییەکمان بۆ بکەن، گفتی ئەوەی دا کە لەنزیکەوە سەردانمان بکات بۆ ئەوەی لە کارو چالاکیەکانمان ئاگادارین. لەڕۆژی ٢٠٢١/٤/١٠ وە پەیوەندیمان لەگەڵ ئەو پەیمانگایە پەیدا کرد .



Institut kurde de Paris

پەیمانگای گۆتە سەردانی هەڵەبجەیان کرد

پاش چوونمان بۆ هەولێر لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٦/٨ خاتوو (ئەنایس بولیک)و چەند فەرمانبەرێکی پەیمانگای (گۆتە) سەردانی هەڵەبجەیان کردو خۆیان لە نزیکەوە فێرخوازەکانیانی بینی و لە کارو چالاکیەکانمان ئاگاداربوون. زۆریان پێخۆش بوو. پاشان لە پاش نیوەڕۆکەی پێکەوە چووین بۆ ناوچەی هەورامان و بەو سروشتە جوانەی سەرسام بوون و لە چێشتخانەیەک لامان داو نانی نیوەڕۆمان خوارد و پاشان بۆ عەسرەکەی گەڕانەوە بۆ هەولێر و ئێمەش بەو دیدارە شاد بووین.





Institut Kurde de Paris

کۆچی دوایی هونەرمەندی تیپەکەمان کاک(ئومێدی نوری حەمەی نانەوا)

بە داخێکی گرانەوە هاوڕێ و مۆزیک ژەنی دێرینی تیپی مۆسیقای هەڵەبجە لە ڕۆژی ٢٠٢١/٩/٩ بە نەخۆشی کۆرۆنا کۆچی دوایی کرد و یادەوەری و خەونەکانمی وەبیر هێنامەوە ڕۆحی شادبێت.



Institut Kurde de Paris

یادەوەریەکانم لەگەڵ ڕەوانشاد ئومێدی نوری حەمەی نانەوا

بەهاری ساڵی (١٩٧١) بوو لە سەیرانێکی قوتابخانە لە سەیرانگای (دوکان) گەڕابووینەوە بۆ سلێمانی پیش ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ سلێمانی بە پیکابێک، نمە باران ئەباری پیکابەکە وەستابوو لە فولکەی سجنی کۆن و پارکی دایکی ئیستا، ئێمە کۆزادی حەمەی نانەوامان لەگەڵ بوو لەو سەیرانەدا و ئەو کاتە لە پۆلی سێهەمی ناوەندی بووین، بەڕێکەوت ئومێد هاتە نزیکی پیکابەکە، قاتێکی چاکەت و پانتۆڵی لەبەربوو، دەستی کرد بە چاک و چۆنی لەگەڵ کۆزاد، باسی قوتابخانەی لێ پرسی وا بزانم بە شەو ئەیخوێند ئەویش لە پۆلی سێهەم بوو، ئەوە یەکەمین

جارم بوو که ببینم و نەم ئەناسی، تا دواتر پۆلی سێهەمی تەواو کردو باوکی دایمەزراند بوو لە هێزی (پاسەوانی سنوور، حرس الحدود) تا ساڵی (١٩٧٣) نەمدییەوە، تا ئەو ئێوارەی ڕۆژی ١٩٧٣/٤/٢٥ کە لەگەڵ مستەفای کەمال خەفاف هاوڕێ بوون بە بۆنەی ئەوەی کە هەردووکیان باوکیان پێشمەرگەی پارتی بوون پێکەوە بە منالّی هەردووکیان مالّیان لە تەوێلّە بوو. دوای ئەوە ئیتر بووین بە هاوڕێی یەکتر. ڕۆژانە لەگەڵ مستەفا و فوئادی حەمەی محمود ئەفەندی پیاسەمان ئەکرد و پێکەوە مۆسیقامان دەژەند، هەرچەندە لە من گەورەتر بوو بەڵام هاوڕێیەتیمان بەهێزبوو، چەندین جار ئەچوومە مالّیان و لە خێزانێکی ڕۆشنبیر بوون، کچەکانیان مامۆستا (پەروین و نیشتیمان) مامۆستا بوون و (پەیمان و نیان)ی خوشکیشی خوێندکاربوون، کە ئەچومە مالّیان ڕێزێکی تەواویان لێدەگرتم. ئومێد هەر لە سەرەتای منالّیەوە کەسێکی زیرەک و ورد بوو لە بواری ئەلکترۆن و کارەبا و دواییش مۆزیک. وەک لەگەڵ مستەفا بۆیان باس کردم هەر بە هەرزەکاری ئیستگەیەکی ڕادیۆیی دروستکردوە. دوای بەیانی یانزەی ئازاریش لە لاوان ئیستگەیەکی ڕادیۆیی لە هەڵەبجە دروست کردبوو کە شەپۆلەکانی هەموو هەڵەبجەی گرتۆتەوە. پاش دامەزراندنی تیپەکەش ئەو یەکەمین کەس بوو کە ئاوازو شیعرێکی بۆ سروودێک دانا بە ناوی (کوردستان کوردستان ..جێی دلێرو نەبەزان) هەروەها لە ساڵی (١٩٧٤) یش کە چالاکییەکی ترمان بوو ئاوازو شیعرێکی سروودی تری دانا بە ناوی (پارتی پیشرەوی گەلە/ هەڵقوڵاوە لەم گەلە/ بە پشتیوانی سوپا/ نانەوێ قەدئەم گەلە/ پێشڕەوە پێشڕەوە / بۆ خەبات و تێکۆشان/ شەڕکەرە جەنگاوەرە/ لە دژی داگیرکەران/ هەر لە خانەقین و زاخۆ هەموو خاکی کوردستان/ لە ژێر ئالّای پارتیمانە پارتیمان) بەم شێوە بوو، ئیتر هەرچی چالاکی هەیە پێکەوە بووین. ئەو ئۆکۆردیۆنی ئەژەند. یەکەمین ئۆکۆردیۆن لە سەرەتای دامەزراندنی تیپەکەوە ئۆکۆردیۆنێک بوو کە لە عوسمانی ڕەسامی کڕیبوو کە قەرزی لە جەمالی مەلا قادر کردبوو. پاش ئەو ساڵانە ئەو حەزی لە کاری ئیداریش بوو، هەرچی کۆبونەوەمان بکردایە ئەینوسییەوە، کاتێک لە مالیەی هەڵەبجە فەرمانبەر بوو لە بەشی (ڕۆنیۆ) ئیشی ئەکرد و هەرچی نوسراوێکمان هەبوو ئەو بەڕۆنیۆ چاپی ئەکردو جار جار ئەچووم بۆ لای لە فەرمانگەکەی. هەر ئەویش بوو لەگەڵ مستەفا وتیان تۆ ببە بە

Institut Kurde de Paris

سەرۆک تیپ هەرچەند لە هەردووکیان منالّتر بووم، جگە لە توانای کارەبا و ئەلکترۆن و مۆزیک لە نواندنیش بە توانا بوو، بیرم دێت ساڵی (١٩٧٢) نواندنی ئەکردو تەنانەت دوو شانۆگەریشی نووسی بە ناوی (ئەوەی هەڵخەڵەتا هەڵخلیسکا) ئەوی تریان بەناوی (کێ کردی و کێ خواردی؟).

ئەو سەرسام بوو بە گۆرانی هیندی چونکە چەند ساڵێک لە سلێمانی بووە و سەردانی سینەماکانی (ڕەشید و سیروان)ی کردوە وحەزی لە دەنگی (محەمەد رفیع)بوو زۆربەی گۆرانییە هیندیەکانی فلیمە هیندییەکانی لەبەربوو. لە هەموویشی تێدەگەیشت و گۆرانی هاوڕێی (گیانی بە گیانی ئەلقەی پەنجەت موبارەک بێت) کردبوو بە کوردی. یان ئاوازێکی هیندی تری ئاوێزانی شیعرێکی نیهادی شێخ عارفی کردبوو بە ناوی (لەبیرت دێ لە هەڵەبجە. ئێواران بە لارو لەنجە . ئەهاتی بۆ ڕێگانی شێخ. بە ناز لە سەر نووکی پەنجە. ئەها جارەکەی کەهاتم ڕووی پێکەنینت تێکردم . لە بیرت دێ لە ڕێ لامدا . بە پەنجە بانگت لێ کردم ..هتد). ئەو بەردەوام بوو لە سەر ژەنینی ئۆکۆردیۆن .تا ساڵی ١٩٧٩ کاتێک مامۆستا هەڵگەوت شیخ محەمەد ئامێرێکی (ئەرگۆن)ی کارەبایی هێنا ئیتر زۆر حەزی لەو ئامێرە نوێیەبوو. پاش ئەو ئیسماعیل حەمە سەعیدی حەمە ئەمینی حەلاو چووە سەر ئامێری ئۆکۆردیۆن.

تەنانەت کاک ئومێدیش پێشنیاری ئەوەی کرد کەناوی تیپەکەمان بگۆڕین بەناوی (شنرۆ) هەرچەندە ئەو حەزی لە مۆزیکی (سەماعی) بوو، کەمێک نۆتەی ئەزانی بەڵام هەستی بیستنی زۆر چاک بوو. لە ساڵی (١٩٨٠)ش ئاوازێکی تری دانا بۆ شیعرێکی (ئەحمەد موختار جاف) بە ناوی (لە خەو هەڵسن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەر تانە/ هەموو تأریخی عالەم شاهیدی فەزل و هونەرتانە) ئەم ئاوازە هەموو مۆسیقاکەی من بۆم ئامادەکرد و لە مانگی (٢) ی (١٩٨٠) لە هۆڵی ئامادەیی کچان نمایشمان کرد لە گەڕەکی سەرا. پاش ئەوە تیکەڵاویمان درووستبوو. وردە وردە تاقەتی نەما لە مۆزیک تا لە ئاهەنگی سینەماکەی هەڵەبجە (پێشکەشکار)ی ئاهەنگەکە بوو. ئیتر ئەوە دوا کاری هونەری بوو لەگەڵمان، بە داخەوە ٢٠٢١/٩/٩بە هۆی نەخۆشی کۆرۆناوە کۆچی دواییکرد وڕۆحی شادبێت.

Institut kurde de Paris



لێرەدا کاک ئومێد، ئامێری ئۆرگ دەژەنێت



لێرەدا کاک ئومێد، ئامێری ئۆکۆردیۆن دەژەنێت

Institut Kurde de Paris

شیوەنێک بۆ هاوڕێی دێرینم کاکە فوئادی حەمەی مەحمود ئەفەندی

بەداخێکی گرانەوە ڕۆژی ٢٠٢١/٩/١٩ هەواڵی کۆچی دوایی هاوڕێی دێرینم کاکە (فوئادی حەمەی مەحمود ئەفەندی) بیست کە لە شاری لەندەن کۆچی دوایی کرد و ئەم هەستەم لە ناخی خۆم دەربڕی:

شینێک لەناخمەوە بۆ مەرگی هاوڕێی دێرینم کاک فوئادی حەمەی مەحمود ئەفەندی.

بەداخێکی زۆر گرانەوە هەواڵی کۆچی دوایی هاوڕێی منالّی و قوتابخانە و هونەریم و یەکێک لە دامەزرێنەرانی (تیپی مۆسیقای هەڵەبجە)ی ئەوساو (تیپی مۆسیقای شنرۆیی)ئێستا. ئاخ مردن ئەو دەستەواژە ترسناکەی کە مرۆڤ لە بوونی مرۆڤایەتییەوە واتاکانی نەزانیوە و هەرچەند بیری لێ دەکەمەوە و ئەخوێنمەوە لە قورستترین بیری فەلسەفی و ئاینی و هەموو دینە زەمینی و ئیبراهیمیەکانەوە، پرسیارێکی قورسە، ئەبێت هەموو تامی بکات، خۆش نییە مردن و کوژانەوەی هەموو پێکهاتەی مرۆڤ و ئاژەڵ. من هەمیشە بە ئاواتەخوازی ئاژەڵم کە مانای عەقڵ و هۆشمەندی نازانێت .کە نازانێت کەی ئەمرێت، نەگبەت مرۆڤە لە ساتی لە دایکبوونییەوە مردن لە ڕێگای دانراوە بۆیە هەوڵی نەمری داوە ئەویش بە دروستکردنی بە هەشت و دۆزەخ و پاداشت و سزا لەو دونیا کە کەس نەهاتۆتەوە تا بزانین چۆنە؟ وەک خواردن، میوە وچێژ. بۆیە دونیای مرۆڤ بە دوای ژیانێکی سەرمەدی گەڕاوە و چەندین ئاین و خودای بۆخۆی دروست کردوە، هەر کۆمەڵگایەک لە ئاستی هۆشمەندی بیرو باوەڕی خۆی....چ تەلیسمێکیت شەوو ڕۆژ لە خەیاڵی هەموو مرۆڤێکیت. دەبێ مانات چی بێت یان خودی بوون لە چییەوە هاتووە؟ لە هێزیکی میتافیزیکی؟یان وەک زانست بەدواچوونی بەردەوامی بۆ دەکات لە تەقینەوە مەزنەکەوە؟ ئەمانە پرسیار گەلێکن کە لێکۆڵینەوەی وردی زانستی سات بە سات بە دواداچوونی بۆ ئەکات. بەمردن و کوژانەوەی ڕۆح جەستەی هەرتاکێک هەموو شتەکان کۆتایی دێت مەگەر بەس یادەوەرییەکان و بە داخبوونی ئەو کەسەی لەگەڵیدا ژیاوەو یادەوەرییان پێکەوە هەیە بمینێتەوە.

Institut kurde de Paris

پڕ بە دڵ بە بیستنی هەواڵی کۆچت خەم هەموو یادەوەرییەکانی خستەوە یادم لەو کاتانەی کە ساڵانی شەستەکان لە دوکانی باوکت لە گەڕەکی پیرمحەمەد کە دوکانی (حەمەی مەحمودە ئەفەندی) سەروو دوکانی باوکم بوو بەرامبەر دوکانی حاجی ئەورەحمانە فێڵە، کە زۆر جار تۆ و کاک ئەحمەدی براتم ئەبینی لەوێ. پاشان لە ساڵی (١٩٧١) کە پێکەوە لە پۆلی سێهەمی ناوەندی بووین، کە یەکەمین ساڵبوو ناوەندی شارەزوور کرابووەوە و مامۆستا شێخ ساحێب کۆمەڵێ قوتابی نوخبەی هەڵبژاد بوو ئێمەش یەکێک بووین لەوانە، لە بیرم دێت لەو ساڵەوە جگەرەت ئەخوارد تۆو بەهادینی شێخ جەلالی موفتی دراوسێتان.

داخم ناچێ برای شیرینم کە وشەکان ئەنووسم چاوم پڕ گریانە ناخم پڕ حەسرەت و فیغانە.

ئەوساڵەی کە لە پۆلی سێی ناوەندی دەرچووین چەند قوتابییەک تەقدیمی ئامادەیی پیشەسازی و کشتوکاڵی بەکرەجۆیان کردبوو. بیرم دێت چەند کەسێک پێکەوە هاتین بۆ سلێمانی بۆ ئەوەی لەو ئامادەییانە وەربگیرێین. چوار کەس بووین پێکەوە گیانی کۆچ کردووت و بەندەو عەبدوڵای ئەورەحمانی خەلیفە و عەزیزی مەحمودی مستەفا بەگ بۆ کشتوکاڵ .ئەو کاتە مامۆستا هۆگری مەحمودە دریژ مامۆستای پیشەسازی سلێمانی بوو، بۆ شەوەکەی هەموومان لە ئوتێڵ سیروان لای ئەسحابە سپی ماینەوە لە ژووریێک. یەکەم جار بوو کە لە هوتێل بخەوم. ئێوە وەرگیران .من هاتمەوە لەپۆلی چواری ئامادەیی وەرگیرام.

ئەڕۆمەوە یادەوەرییەکانم لە کۆڵانەکەتان نزیک ئەزرگای پیر محەمەد و ماڵتان لە کۆڵانی مزگەوتی (خانم) بوو.

لە پاڵ ماڵی شێخ جەلالی موفتی و هاوڕێی شیخ بەهادین و نصرالدین و سەفادین وئیسماعیل. دراوسێی دوکانی دارتاشی دەرویش باڵەخانەو کە پیاوێکی سپی کەلەی قژ دریژ و ڕیشێکی زۆر و پشت چەماوە. کە هەموو جارێک دەچوومە مزگەوتی خانم چەند دوکانێک سەرنجیان ڕائەکێشام و ئەوەستام یەکێکی تر لەوانە دارتاشخانەی حەمەی ڕەشەی یابە لە دوکانەکەی کۆتری ڕاگرتبوو قەفەسی بۆ دروست کردبوو. بەرامبەری دوکانی حەدادەکان. کە چەند برایەک بوو تەورو داس و خاکەناس و چەندین کەرەستەی کشتوکاڵیان دروستئەکرد. یەکێک لە دواوە بە (موشەدەمە)کورەکەی ئەگەشانەوە و دەست و مەچەکی وەستا مەحمود و عومەرو بەکر....

Institut Kurde de Paris

هـاوڕێی شـیرینم بەڕاسـتی مەرگـت تاسـاندمی تـۆ یەکەمـین کەس نیـت لە خێزانەکەتان بەو نەخۆشیە نەگریسە گیان لە دەست بدەیت. ئەوە مامۆستا نـوری برات کە بە لاوێتی کۆچی کرد کە مامۆستای سەرەتایمان بوو. ئەوە ئەمیرە خانی خوشـکت کە پـێکەوە لە پـۆلی پێـنج و شەشـی ئامـادەیی پـێکەوە بـووین. مەرگ هەمووتانی لەدەست داین..

حەزی مۆزیـک لە خانەوادەکەتـان خۆڕسـکانە بـوو. هەر لە هـەرزەکـاریتەوە شمشـاڵێکی ئاسـنت پـێ بـوو زۆر جـار کە دەچـوویتە گـوڵان و شـێخ سـمایل بـۆ سەعیکردن بە دەمتەوە بـوو. زسـتانی سـاڵی ١٩٧٢ بـوو لەگەڵ شـانۆگەرییەک کە سیف الدینی شێخ محـەمـەدی نـانەوا و سـەید تەهـاو ئەحمەدی شـاه محـەمـەد و چەندینی تر ئێوەش گروپێکی مۆزیکتان دروسـت کـرد، تـۆ وەک شمشـاڵ ژەن بە شمشاڵێکی زەرد. بورهانی موزەمید بە ئامێری عود و عەبدوڵای حەمە خانە ڕۆڵە بە دەف زنجـان. شـەوێک نمایشـتان کـرد. بـۆ ڕۆژی دووهـەم باوکـت: حەمەی مەحمـودە ئەفەنـدی لە کـاتی دەسـت نـوێژ گـرتن توشـی سـەکتە بـوو کەوتە نـاو حەوزەکەی مزگەوتی خانم، ئیتر تۆش تاسەبار بوویت بەشداریت نەکرد.

ئای هـاوڕێی گـۆڕ غەریبم هـاورێیەتی ئێمە بەو هەمـوو دابڕانە لە یەکتر هـەر بەردەوام بوو لە مانگی چواری سـاڵی ١٩٧٣ من و مسـتەفاو ڕەوان شـاد ئومێدی حەمەی نانەوا کە بەداخەوە بەم نزیکانە بە نەخۆشی کۆرۆنا کۆچی دوایی کردو کەسـەرێکی گەورەی خسـتە نـاخمەوە، هـاوینەکەی لە پـۆلی دووی پیشەسـازی هاتیتەوە پەیوەندیت پێوە کردین و بوویتە ئەندامێکی سەرەکی تیپەکە من ئـامێرم هەبـوو، مسـتەفای کەمـال خەفـافیش و ئومێـدیش کە ڕەوان شـاد هونەرمەنـدی بلیمەتی شانۆ جەمالی مەلا قادر بیست دیناری بە قەرز دابوویە ئۆکۆردیـۆنێکی لە کاک عوسمانی ڕەسام کڕیبوو. تۆش هاتیت بۆ سلێمانی ئەو کاتە خاڵت مامۆسـتا ئەنوەر قەرەداغی لە چالاکی زانکۆ بوو. لەوێ کەمانێکی ئەڵمانی شـەرقی دابـوویە لات و بەڵام سێ ژێی پێوە بوو، ئەو کاتە پێداویستی و کتێبی مۆسیقا هـەر نەبـوو ناچار بووین بە (پەتی تەزبیح)ژێی صولمان بـۆ دروسـت کـرد، چـونکە لە بەشـی کارەبا بوویت. کاتێ یەکەمین ئاهانگمـان گێڕا لە ١٩٧٣/٧/١٤ بە مکەبەرەی ڕادیـۆ مایکرۆفۆنـت بـۆ دروسـت کـردین و بـۆ ئەوەی دیـار نەبێـت ئەتخسـتنە نـاو خوێدانێکی باغەی هێلکەییەوە.

Institut Kurde de Paris

تاسەی کۆچت هەژاندوومی یادەکانت دوای نزیکەی پەنجا ساڵ هەر لە بیرە زۆر ڕۆژ دوای پرۆڤە زۆر حەزت لە هەنجیری باخی گوڵان بوو باخەکەی شێخ وەلی وپێکەوە ئەچووین من و مستەفاو تۆو ئومێد کە بە کیلۆ بۆی ئەهێنانین ئەتوت ئای کە بە لەزەتە. هاوڕیەتیمان زۆر سەیر بوو خوشەویستیت هێندە زۆر بوو بۆم هەمیشە ئەتوت ئازاد دڵەکەم، ئەی پێکەنینەکەت و سوعبەتەکانت ...ئەوە هەستی هونەریت بەرز بوو ئەو ساتانە سەرسامی گۆرانیەکانی أم کلثوم بوویت و هەوڵت ئەدا گۆرانی (القلب یعشق کل جمیل) بژەنیت. جارجار ئەتوت بەخوا ئازاد کەمانچە قورسە خەریکم ئەیدەم بە ئەرزا...

دوای بۆردومانەکەی ساڵی ١٩٧٤ ئێمەو ئێوە ماڵمان هاتە سلێمانی، ئێمە لە خانوویەکی کرێ بووین لە گەڕەکی ئیبراهیم پاشا، ئێوەش چوونە ماڵەکەی مامۆستا ئەنوەر کە ئەوان چووبوونە دەرەوە. جار جار سەردانم ئەکردیت و ئەرشیفەکانی مامۆستا ئەنوەر لەوێ بوون نیشانی منت ئەدا و جارێکیان وتت مامۆستا شەماڵ سائیب هاتووە پێی وتوین کە ئەو ئەرشیفانە بشارنەوە نەوەک حکومەت بیگرێت.

ساڵی ١٩٧٤ من چوومە بەغدا و لە کۆلێجی ئابووری و بەڕێوە بردن وەرگیرام، تۆش ئەو ساڵە هەرچەندە دەرچووی پیشەسازی بوویت لەگەڵ چەند هاوڕێیەکت کە پەیمانگای مامۆستایان لە هەولێر تازە کرابوەوە چوونە ئەوێ و تۆ بوویت، ئاواتی حەمەی مەلا کەریم، ڕەوان شاد مامۆستا عومەر شیرەمەڕی، مامۆستا ڕەئوف حەمە عەلی، مامۆستا مەحمود برای مامۆستا ئەمین سەپان.

پاشان یەکەم دامەزراندت لە دێی تەکیەی قەرەداغ بوو کەمانەکەشت بردبوو لەگەڵ خۆت..

پاشان لە سلێمانی لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی بەشداری چەندین چالاکی هونەریت کردوە.

لەگەڵ شەڕی نەگریسی ئێران عێراق لەگەڵ چەند کەسێک هاتنە هەڵەبجەو لە سەربازی ساڵی ١٩٨٢ چوونە ئێران و لەوێش بۆ هەندەران و وڵاتی ئینگلتەرە و شاری لەندەن. ئیتر لە یەکتر دابڕاین.

تا دوای ڕاپەڕین ..کە چەند ساڵێک جارێک ئەهاتیتەوە یەکەم کەس منت بەسەر ئەکردەوە و ئەهاتیتە لام، هێندە خەمخۆر بوویت لەو کاتی قات و قریەدا چەندین

Institut Kurde de Paris

جار هاوکارم بوویت یان خۆت یان ئەت وت لای ئەحمەدی برام بۆم داناویت.

هەر جارێک هاتبیتەوە بەدیدارت شادبووم . لە هەندەران سالانی کۆتایی هەشتاکان لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد گروپێکی مۆزیکتان دامەزراند بە ناوی تیپی مۆزیکی کوردستان . چەند بەرهەمێکتان تۆمار کرد و کاسێتێکت دامێ کە خۆت چەند گۆرانیەکت وتبوو و ئاوازی خۆت بوو بە شێوازی ڕۆژئاوایی.

کە ئەهاتیتەوە پێکەوە ئە چووین بۆ خورمال، بێستان سوور، پێنجوین. هەمیشە ئەتوت ئێستاش هەوایەکی دەشتی شارەزوور نادەم بە هەموو لەندەن.

جارێکیان پرسیم لێت تۆ ماوەیەکی زۆرە لە دەرەوەیت یادەوریت هەیە. وتت یادەوەری لە پێنج سالێەوە ڕۆئەچێتە ناو ناخەوە. من ئێستاش بیری جێ نەزرگای پیرمحەمەد ئەکەم کە بە منالی ئەچووم بۆی.

سالێکیان هاتیتەوە سالی ٢٠٠٠ بوو هاتمە مالی ست ڕووناکی خوشکت لە ئیسکان پیانۆکەی مالی تۆفیق وەهبی کە خزمی باوکت بوو لە بەغداوە لە مالیان داتنابوو کە هی کوڕەکەی تۆفیق وەهبی بەگ بوو بە ناوی ئازاد، تێک شکابوو وتم بیدە بەمن چاکی ئەکەمەوە تۆش دڵت نەشکاندم وتت بیبە کە مێژووی دروستکردنی سەد سال زیاتربوو، بەڵام چووم بیخەمەوە مۆزەخانە کەس نەیویست، منیش لە کاتی نۆژەن کردنەوەی خانوو شوویێنم نەبوو، ناچار بە کریکارێکم وت بیبە بۆ خۆت ئەویش هەر لەو شوێنەدا بە پیک تێی کەوت و بە ئاسن و زەرد فرۆشتی بۆ خۆی بە کیلۆ بەداخەوە لەم ولاتە ڕێزی ئەنتیک ناگیرێت.

پێش شەش حەوت مانگ لەمەوپێش تێلت بۆ کردم وتت تووشی شێرپەنجە بووم و وتت مەعنەویاتم بەرزەو منیش لە ناخەوە ئەگریام ئەمزانی دەردێکی بێ چارەیە.


دوا تەلەفۆنت ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان بوو لە بازار بووم نیوەڕۆکەی بوو وتت نەخۆشییەکەم زۆری بۆ هێناوم ئازارم زۆرە، وتم سەردانێک بکە، وتت لێرە عیلاجم بۆ ئەکەن ناتوانم ئەگینا حەزم لە پیاسەیەکی لای گولان و گولپ و سەرگەت و ئاوی بێستان سوورە، بەڵام ناتوانم.

بەداخەوە ئەمشەو هەواڵی کۆچی ناوادەت هەژاندمی بیرەوەری چەندین سالەی هێنایەوە یادم، هەمیشە لە یادمیت هاوڕێی بەوەفاو دێرینی منالی و گەنجی

Institut Kurde de Paris

وپیریم، بەداخم بۆت. سەرەخۆشی خۆم ئاڕاستەی خانەوادەت، براکانت کاک ئەحمەد و کاک بەختیارو ڕێبوار و مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی.

بەداخەوە یەکێک لە کەسە ئازیزەکانم لە دەستدا و گیانت و جەستەت شاد بێت. ئەوە مردنە و قەدەری هەمووانە یادت بە خێر هاوڕێی دێرینم



دیداری خاتوو ئەنایس و دکتۆر عەبدولّا جەمال سەگرمە

لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/٢٢ خاتوو (ئەنایس بۆلیک) کە سەرۆکی پەیمانگای (گۆتە)یە و لە هەولێرەوە هاتبووە سلێمانی حەزی ئەکرد ئاشنایەتی پەیدابکات لەگەڵ مۆزیک زانێک و پسپۆڕێکی مۆزیکی ڕۆژئاوایی و کە خۆی واتەنی خاتوو (ئەنایس) مۆزیک ژەنێکە لە تیپی ئۆرکستڕای شارێکی ئەڵمانیا و منیش بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندیم کرد بە دکتۆر (عەبدولّا جەمال سەگرمە) سەرۆکی بەشی مۆزیکی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی سلێمانی، بۆ عەسرەکەی پێکەوە لە مۆڵی(citystar) پێکەوە دانیشتێکمان ئەنجامدا کە کاتێکی سوودبەخش بوو، ڕاو بۆچوونمان گۆڕییەوە لە بوارە جیاجیاکان و ستایڵە جۆراو جۆرەکانی مۆزیک سوپاسی ماندوو بوونی هەردوو بەڕێزیان دەکەین، بە ڕاستی بیر کردنەوەم وایە هەمیشە لەگەڵ لووتکەکان لە بواری زانستی مۆزیک کار بکەم.



Institut kurde de Paris

ئازاد سالّح . خاتوو ئەنایس . د.عبدولّا جەمال سەگرمە

خۆئامادەکردن بۆ کۆنسێرتێکی هەمەچەشن لە باخی گشتی هەڵەبجە

خەریکی خۆئامادەکردن بووین بۆ کۆنسێرتێکی گشتگیر لە گۆرانی و هەڵپەڕکێ، گروپی (فێرخوازانی فێرگەی شنرۆ) گروپی (خانمانی شار) کە هەندێکیان بریتی بوون لەو کۆرسانەی سالاّنی حەفتاو هەشتاکان لەگەڵمان بوون، لەگەڵ گروپی هەڵپەڕکێی (ئەستێرەکان) و هونەرمەندانی ئامێرە میللییەکان بە سپۆنسەری (پەیمانگای گۆتەی ئەڵمانی) بۆئەم مەبەستەش نزیکەی شەست کەس ئەبوون بە هەموو بەشدارانەوە. ئەوەی جێگای باس کردنە پرۆژەکانمان لە سلێمانی لە (کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی) ئەنجامدا ئەویش بەهۆی هاوڕێی بەڕێزمانەوە کاک هێرش عومەڕەزا کە ئاسانکاری بۆ کردین و بە سوپاسەوە ئەندامانی کۆمەڵ هەموو هاوکارمان بوون بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانمان لەوێ، چونکە لە تیپی خۆمان لە بینای دەبۆکە هیچ خزمەت گوزارییەکی تێدانەبوو وەک ئاو و کارەباو پێداویستی فێنک کەرەوە. بۆماوەی زیاتر لە دوو هەفتە پرۆژەمان کردو لە شەوی ٢٠٢١/١٠/١٤ کۆنسێرتێکی ناوازەمان لە باخی گشتی هەڵەبجە ئەنجام داو کە لەمێژووی چەند ساڵەی شەوە پایزەی وای بە خۆیەوە نەدیوە و بە هاوکاری مامۆستایان و خوێندکارانی پەیمانگاو کۆمەڵی هونەرە جوانەکانی سلێمانی و تیپی منالاّنی فێرخوازانمان و گروپی خانمانی شار، هەڵپەرکێی گروپی ئەستێرەکان و هونەرمەندە ئامێر ژەنە میللیەکان، گۆرانی بێژان (ئاریان کەریم . شوان قەرەداغی . پێشرەو هەورامی. کیژان. شانۆ ئامانج . یار بەختیار. ژیوار اسماعیل)کە بەسەدان کەس باخی گشتییان پازاندبووەوە بە دیکۆریکی نایاب و ناوازەی دەست ڕەنگینی مامۆستا (رەئوف حەسەن) بە سەرپەرشتی و سپۆنسەری (پەیمانگای گۆتەی ئەڵمانی و بەڕێوەبەرەکەی خاتوو (ئەنایس بۆلیک)و هاوکارانی بۆ ماوەی دوو کات ژمێر لە چالاکی جۆراو جۆر ئەو جەماوەرە زۆرەمان هەژاندبوو. چەندین کەناڵی ڕاگەیاندن ئامادەبوون، شۆڕشێکی هونەریمان نایەوە کە لە یادەوەری هەموویاندا نەخشێنراوە، زیاتر لە شەست بەشدار بوو ئەنجامیاندا کە یەک مانگ زیاتربوو هەموو هەوڵەکانمان چڕ کردبووەوە بۆ ئەنجام دانی و هونەری هەڵەبجەمان بە

Institut kurde de Paris

دەیان کەسانی ئەڵمانیا .فەرەنسا ..ناساند. تەنانەت خاتوونە ئەڵمانیەکە هاتە ناو هەڵپەڕکێکە. مایەی شانازییە کە بەماندووبوون و بیرو هزری خۆمان و ژەنیارو بەشداران کە توانیمان تاپادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بین کە زیاتر لە هەزار کەس ئامادە بوون.





بەڕێز :

فێرگەی موزیکی شـنرۆ بە هـاوکاری کۆمەڵێک لە مامۆسـتایان وخـوێندکارانی پەیمانگا و کۆمـەڵەی هونـەرە جـوانەکانی سلێمـانی و بەسپۆنسـەری **پەیمـانگای گۆتەی ئەڵمانی** و بە بەشداری (چەند گۆرانییەژێک، گـروپی خانمانی شار، گـروپی هەڵپەرکێی ئەستێرەکان، فێرخـوازانی فێرگـەکەمان و گروپی ئـامێرە میللییەکـان) (شـەوە ئاهەنگێکی پاییزە) ساز دەکات.

خۆشحاڵین بە ئامادەبوونتان لەم شـەوە ئاهەنگەدا

شـوێن: باخی گشتی هەڵەبجە پێنج شـەممە ١٤ / ١٠ / ٢٠٢١ کاتژمێر: ٨ ی شـەو





Institut Kurde de Paris



خاتوو ئەنایس . ڕۆزە خان

باخی گشتی هەڵەبجە وتاری پەیمانگای گۆتە ئەخوێنێتەوە



ئاریان کەریم



Institut Kurde de Paris











Institute of Education

بەخشینی مەدالیای ڕێز لێنان بۆ یادی هونەرمەندی گەل تاهیر تۆفیق

هەر بەردەوام بووین لە فێرکردنی فێرخوازان و هاتوو چۆکردن بۆ هەڵەبجە و شەوێکیان خەریکی (چا) خواردن بووم لە هەڵەبجە تەلەفۆنێکم بۆ هات لە لایەن مامۆستا (دەوەن مەولود) سەرۆکی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە بۆ ئەوەی لە ساڵیادی هونەرمەندی گەل (تاهیر تۆفیق) خەڵاتی ڕێز لینان بە چەند هونەرمەندێکی دیرین بدرێت لە هەر شارێک و یەک کەسیان هەڵبژاردبوو.

لە ڕۆژی ٢٠٢١/١١/١٠ دوای نیوەڕۆکەی بە تەنها ڕێکەوتم بۆ شاری کۆیە لە چێشتخانەکەی سەر پردەکەی دوکان دابەزیم، بەڕێکەوت مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی وکاک هێرشی عومەر ڕەزام دی چایان دەخواردەوە ولەگەڵیان دانیشتم ودوایی بەرەو کۆیە بەڕێ کەوتین و پێکەوە لە کانی وەتمان نانی نیوەڕۆمان خوارد. پاشان کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ گەشتینە هۆڵی زانکۆی کۆیە. هۆڵ جمەی ئەهات لە کەسانی هونەر دۆستی شاری کۆیە و میوانانی هونەرمەندی شارەکانی تری کوردستان. بەرنامەی (یادی ٣٤ ساڵەی کۆچی دوایی هونەرمەندی گەل تاهیر تۆفیق)دەستی پێکرد. بەوتاری سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی کۆیە و سەرۆکی تیپی باواجی کۆیە مامۆستا (دەوەن مەولود) وپاشان بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری هەولێر کاک (فەرهەنگ غەفوور) پێش وتارەکەی مەقامێکی وت ودوای کەمێک قسەی کرد. ئەوەی داوای ئەندامانی تیپی مۆسیقای کۆیە بوو کە هۆڵێکی شایستەیان هەبێت کە بە ناتەواوی بەجێ ماوە. کە ئەو هەموو توانا جوانە هەیە، چ مۆزیکژەن چ دەنگی جوان. پاشان ناوی ئەو هونەرمەندە بە ئەزمونانە کە بانگهێشت کرابوون یەک دوای یەک ناوەکانمان خوێندرایەوە و هەر یەک خەڵات و دیارییەکی وەرگرت بەم شێوەی خوارەوە:.

١ـ مامۆستا خالید سەرکار لە سلێمانی

٢ـ شوکر خەیات لە کەرکوک

٣ـ مامۆستا زرار محەمەد مستەفا ڕەواندوزی لەڕەواندوز کە خۆی نەهاتبوو کەسێکی تر بۆی وەرگرت

٤ـ هونەرمەندی گۆرانی بێژ ئیبراهیم سابیر لە کۆیە .

٥ـ هونەرمەندی گۆرانی بێژ خەلیل موراد وەندی لە خانەقین

Institut kurde de Paris

٦ـ هونەرمەندی مۆزیکزان مامۆستا جەمال دهۆکی لە دهۆک

٧.گۆرانی بێژ (خاڵە دێهاتی) لە رەواندوز

٨ـ گۆرانی بێژ سەلاح پشدەری باوکی هەڵوێست و هەردی سەلاح لەدەڤەری پشدەر و قەڵادزێ .

٩ـ ئازاد سالّح لە پاریزگای هەڵەبجە

بۆ هەر هونەرمەندێک بەڕێزێک خەڵاتەکەی پێشکەش ئەکرد .

پاشان بەرنامەیەکی جوان بە تیپێکی دەست و پەنجە جوان هەمووی ژەنیاری بەتوانا کە بریتی بوون لە ١٨ ژەنیار کەیەک دوای یەک ناوەکانیان دەخوێندرایەوەو بە چەپڵە ڕێزانی گەرم پێشوازی لێدەکرا، لەدڵی خۆما وتم ئەم شارە چەند ڕێزی هونەرمەندانی نەک خۆیان بەڵکو بانگهێشتی ئێمەشیان کردووە بۆ ڕێز لێنان. تیپێکی کەنج و دەست و پەنجە شوشەیی، هەموو چاویان بڕیبووە نۆتەکان بە هێمنی بێ شڵەژان، گۆرانی بێژەکان بە توانا و بێ شڵەژان و کۆک کردنی دەنگ بەشێوەیەکی زۆر نمونەیی و دەنگی هەموو ئامێرەکان وەک یەک دەهات ڕوناکی جوان، بەڵام بەداخەوە هۆڵی شانۆکە بچوک بوو بۆ ژەنیارەکان، ڕێزی ئەو هونەرمەندانە سەرسامی کردبووم، کەسانی ڕۆشنبیر لە پیاوو ژن چونکە شاری کۆیە زۆربەی خەڵکە ڕەسەنەکانی خۆی تێدا ماوە هەستم کرد لە ناو شارێکی نمونەیدام. وەک شارەکەی ئێمە وێران و کیمیا باران نەکراوە وخەڵکە ڕەسەنەکەی دەربەدەر بێت هۆکارەکەی ڕیسوا بێت. هەڵەبجەی ئێستا شارێکە کەسە شارییەکانی دەربەدەربوون. ئێستا بریتیە لە کەسانی نامۆ بە کلتووری ئەو شارە و تەنانەت ... پاشان بەرنامەی مۆزیک دەستی پێکرد

Institut kurde de Paris



ئازاد، هێرش عومەر ڕەزا، م. ئەنوەر قەرەداغی



Institut Kurde de Paris





Institut kurde de Paris

خۆئامادەکردن بۆ ئاهەنگی شەوی یەڵدای ساڵی ٢٠٢١

ئیتر پاش ئەوە خۆمان ئامادە کرد بۆ یادکردنەوەی ئاهەنگی شەوی یەڵدا لە شەوی ٢٠ لەسەر ٢١ی ٢٠٢١/١٢ . پێش ئەوە (هۆڵی بۆنەکان)مان هەڵبژارد بۆ ئەنجام دانی ئەو ئاهەنگە. بۆ ئەم مەبەستەش چەند شەوێک لەگەڵ چەند کارمەندێک خەریکی دانانی دیکۆرەکە بووین و بەگڵۆپ وڕووناکی ڕازاندمانەوە و ئەمجارە بە (٣) گروپ بەشداریمان کرد، کە ئەم کۆنسێرتەش هەر بە سپۆنسەری پەیمانگای (گۆتە)ی ئەڵمانی بوو. گروپی یەکەم تیپێکی پێکهاتوو لە چەند ئەندامێکی تیپی شنرۆێ و فێرگەی شنرۆێ لە هەڵەبجەو چەند مامۆستایەک. گروپی دووهەم (تیپی هەڵپەڕکێی نەتەوەیی) گروپی سێهەم بریتی بوون لە گروپی منالانی فێرگەی شنرۆێ. ئەوەی جێگای باس کردنە ئەو شەوە بارانێکی زۆر بەخۆڕ باری و زۆربەی ئامێرە دەنگییەکانی تەڕکرد. کارەبا کوژایەوە و بە نیوەو ناچڵی بەرهەمەکان پێشکەشکران، تەنانەت گروپی منالان لە بەر گلۆپی مۆبایل بەرهەمەکانیان پێشکەشکرد. مولیدەی هۆڵەکەش لەکار کەوتبوو- ئەو کەسەی ئیشی پێئەکرد کەم تەرخەم بوو، ئەو گۆرانی بێژانەی بەشداریان کرد بریتی بوون لە: محەمەد ڕەئوف کەرکوکی . ئاریان کەریم . تارا ڕەسوڵ . تابلۆ ئومێد، ڕیڤین ئاراس و تیپی هەڵپەرکێش دوو تابلۆی زۆر جوانیان پێشکەش کرد هەر لەبەر گرنگی نەدان بە دروستکردنی ئەو هۆڵە ئەوە بوو پاش بەفربارینی زستانی ساڵی ٢٠٢٢ ئەو هۆڵە سەقفەکەی بەرگەی بەفرێکی نەگرت و داڕماو تا ئێستاش وەک کەلاوە وایە، ئەمەش کەمتەرخەمی کاربەدەستانی ئەو شارە دەردەخات کە هیچ گرنگی بە هونەر نادەن .

Institut Kurde de Paris



Institut Kurde de Paris





Institut kurde de Paris



ئاریان کەریم



Institut Kurde de Paris



تیپی هونەری نەتەوەیی







تیپی منالانی فێرگەی شنرۆ

چەند خوێندکارێکی زانکۆ پەیوەندییان کرد بە فێرگەکەمانەوە

لە ســـــەرەتای مـــــانگی (١)ی ســـــاڵی (٢٠٢٢) بەردەوام بـــــووین لەگەڵ فێرخوازەکانماندا وهەفتانە سەردانی هەڵەبجەمان ئەکرد بۆ ئەوەی لە کاتی خوێندنی قوتابخانەشدا بە پێی توانا ئامادە بن بۆ فێربوونی مۆزیک، ئاوازی نوێمان بۆ ئامادە دەکردن و دوای ئەوەش چەند کێژێکی زانکۆی هەڵەبجە کە خەڵکی سلێمانی بوون دەیان ویست فێری مۆزیک بن. بۆیە منیش خۆبەخشانە بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک هاوکاریم کردن .





Institut Kurde de Paris

ئەنجامدانی (فیچەر)یّک لە لایەن دەنگی ئەمریکاو تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان

لە ماوەی چەند هەفتەیەک لەوەو پێش پەیامنێری تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان و دەنگی ئەمریکا کاک (فەرحان حەمە خان) دەیوست (فیچەر)یّک لەسەر فێرگەکەمان ئامادە بکات و لە شەوی ٢٠٢٢/٢/١٠ بە خۆی و ستافی کامێرامانەکەوە هاتن بۆ تۆمارکردنی چەند بەرهەمێک. زۆربەیان بە جلی کوردییەوە ئامادەبوون و هەندێکیان نەیانزانی بوو کە بەرنامە هەیە گەڕانەوە بۆ ماڵەوە و خۆیان گۆڕی یان منداڵێکی تر دایکی جلەکانی هێنا بۆ فێرگە لەوێ گۆڕی. ئەم بینی چ بە شەوق وزەوقێکەوە هاتن. ئەوە مایەی خۆشحاڵییە کە بتوانین هونەری هەڵەبجە بگەیەنینە ئەمەریکا. پاش ژەندنی چەند بەرهەمێک لەلایەن هەموو ئاستەکانیان. ئێمەش لێدوانماندا و تەنانەت باوکی فێرخوازەکان

ئامادە بوون و لێدوانیاندا و خۆشحاڵ بوون بۆ بەشداری کچ و کوڕەکانیان لەو خولە مۆزیکییە بەردەوامانە.



Institut kurde de Paris





فێرخوازەکانمان کردووە بە سێ گروپەوە

لە ٢٠٢٢/٢/١١ تـــۆڕی میـــدیایی (ڕومـــاڵ) بە خۆیـــان و ســـتافەکەیان و بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەرەکەی کاکە ڕێبین حەمە ئەمین هـاتن بۆ فێرگەکەمـان بـۆ ماوەی دوو کاتژمێر لامان مانەوە و ڕاپۆرتێکیان لەسەر کارو چالاکی فێرگەکەمان ئەنجامـدا، تێیـدا چەنـد بەشـێک لە بەرهەمەکـانی فێرخوازەکـان بە هەمـوو ئاسـتە جیاوازەکانەوە نمایش کرد و دایک و باوکی چەند فێرخوازێک دەربارەی هاندانی منالّەکانیان لێدوانیانداو دەست خۆشـیان کرد. ئێمە فێرخوازەکانمـان کردووە بە سێ بەشەوە: بەشـی سـەرەتایی کە خەریکی تەمـرین کردنن لە سـەر ئامێرەکـان. بەشی ناوەند کە گروپێکی زیاتر لە پانزە فێرخوازمان لێدروست کردون بە مۆزیک ژەن و گۆرانی بێژو کۆرسەوە. بەشی پرۆفیشنالّ کە ئاستی ژەندنیان لە ئاسـێکی بالّادایە و دەتوانن بە سەرکەوتوویی لەگەلّ گروپی بە توانا کـارو چـالاکی ئەنجـام بدەن



Institut kurde de Paris





Institut Kurde de Paris

بانگهێشت کردنمان بۆ دیداری عەلی مەردان لە کەرکوک

لە ڕۆژی ٢٠٢٢/٣/٨ وەک میوانێکی تایبەت لە لایەن سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان/لقی کەرکوک وبە هۆی مامۆستای بەڕێزەوە چالاک سدیق بانگهێشت کرابووین بۆ دیداری کەرکوک بۆ مەقامات خولی (عەلی مەردان) بە سەرپەرشتی مۆزیک ژەنی جیهانی و یۆنسکۆ(نصیر الشمه) کە چەندین هونەرمەندی بە ئەزموون بانگهێشت کرابوون. لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق، سەرەتا شاندەکە کۆبوونەوە و بردیانینە سەر قەڵای دێرینی کەرکوک کە چەندین ئاسەواری مێژووی دێرینی تێدابوو. کە دەیان جار بە لای ئەو قەڵایەدا تێپەڕیوم و بۆ جارێکیش سەردانم نەکردوە و ئەمە یەکەم جارم بووە کە پڕ بوو لە ئاسەواری دێرینی هەموو نەتەوە و ئاینە جیاجیاکان کە بۆ سەردەمی زۆر کۆن ئەگەڕێتەوە. وەک مزگەوتی پێغەمبەر (دانیال) کە جوولەکە بووە و قەبرستانی سەربازە تورکەکان و خانووی کوردو ئاسووری و جولەکان. بەڕێوەبەری شوێنەواری کەرکوکیش زۆر زانیاری وردی لەو بارەوە شرۆڤە کرد و لە هەموشارەکانی کوردستان و بەغداوە هونەرمەندان ئامادە بوون و من بۆ خۆم زۆر بەدوای شوێنەواری مێژوویی ئەگەڕێم سوودێک و چێژێکی تایبەتم دی لەمێژووی دێرینی دۆڵی میزۆپۆتۆمیا. پاشان پشوویەک و نان خواردنێک و دوایش چووینە ناو هۆڵی سەنتەری ڕوناکبیری کەرکوک بە چوار زمان نوسراوە. کەرکوک بۆ خۆی خەڵکەکەی جوانە مۆزائیکی پێکەوە ژیانی ئاینزا و نەتەوەی جوانە. ئەوە کوردە قەتارو ئەڵاوەیسی خۆی هەیە تورکمانە قۆریاتی خۆی هەیە، عەرەبە مەقاماتی خۆی هەیە و ئاسورییە کلتووری جوانی خۆی هەیە. تەنانەت جل و بەرگیش یەکێک جلی کوردی، یەکێک کەواو سەڵتە ئەوی تر سدارە، ئیتر کلتوری جیاواز تێکەڵ بووە .بۆ وا نەبێت مرۆڤەکان دوور لە دەمارگیری نەتەوەیی ئاینی و ڕەگەزی پێکەوە نەژین؟ ئینجا نمایشەکە بە تیپی هونەری کەرکوک دەستی پێکرد و چەند بەرهەمێکیان پێشکەش کرد لە مەقاماتی شەرقی و کوردی وەک (ئۆرفە و حوسەینی و قەتارو خاوکەر وگۆرانی ڕاوەستاوە لەو بانە. پاشان گروپی (بیت العود) بە سەرپەرشتی هونەرمەندی بە توانای عود ژەن (محمد العطار) و چوار گەنجی بە توانای ئامێر ژەنی عود کە چەند بەرهەمێکی جوانیان پێشکەش کرد

Institut Kurde de Paris

وەک (رقصة الفرسان) لە دانانی نصیر الشمە و دەست و پەنجەیان وەک شوشە وابوو کە هێندە جوان دەیان ژەند و سەماعیەکی جوانیان نمایش کرد لە دانانی سامی البسیم و پاشان مۆزیکی (سۆلاڤ) لە دانانی غانم الحداد.

پاشان تیپی (بیت المقام فی کرکوک) چەند بەرهەمێکی جوانیان لە کلتووری تورکمانی و عەرەبی و کوردی پێشکەش کرد کە ئەگەڕایتەوە بۆ ڕۆژانی برایی و تەبایی. ئەوەی جێگای تێڕامانە من لەم دیدارەدا ئاشنایم پەیدا کرد لەگەڵ بە توانا ترین عود ژەن (محمد العطار) ئەوانەی ئامادە بوون جگە لە کەڵە هونەرمەندانی کورد، وەک مامۆستا ئەنوەر و خالید سەرکارو خلیل مۆراد وەندی و لە عەرەبەکانیش وەک (حبیب الظاهر)کە من سوود مەندبووم لە کتێبەکانی بە ناوی (اصول الموسیقی الشرقیه)پاشان ئامادە بوونی سەرۆکی سەندیکای هونەرمەندانی عێراق، سەرپەرشتیاری گروپی ژنانی سوید و گروپی کلتوری عێراقی مامۆستا (علاء المجید) و پێشکەشکارانی تەلەفزیۆنی کەرکوک (هاشم الجباری) ودەرهێنەری بە توانا (ناصر حسن) گۆرانی بێژی ناسراو خلیل مۆراد وەندی و هونەرمەندانی کۆیە و کەلارو چەمچەماڵ بەڕاستی ڕۆژێکی جیاواز بوو دەروونم حەسایەوە.



Institut kurde de Paris




عودژەنی بەتوانا محەمەد العطار، ئازاد سالّح / کەرکوک





Institut Kurde de Paris

نوسینێکی برای بەڕێزم کاک جەمالی دەلاک لەسەر مێژووی هونەریم



کاک جەمالی دەلاک یەکێکە لەو کەسە ڕۆشنبیرانەی کە خەمخۆری هونەرمەندانی کوردە لە هەر چوار پارچەی کوردستان و لە سەر ژیانی دەیان هونەرمەندی گۆرانی بێژو مۆزیک ژەن و شانۆکار، چەندین زانیاری دروستی لە هەموو بوارەکان نووسیوە کە بۆتە ئەرشیڤێکی گرنگ بۆ میژووی هونەری کوردی

لە ڕۆژی (٢٠٢٢/٤/٢) نووسینێکی لە مالپەڕی (کوردستان TV) لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی من بلاکردبووەوە. بە سوپاسەوە وەک خۆی بلاوی ئەکەمەوە .



Institut kurde de Paris

کوردستان TV
نووسینی :جەمالی دەلاک

هونەر بەگشتی گولستانێکە کە لێورێژە لە گوڵی گەشاوەی جوان و بۆنخۆش، هەریەکەیان بۆن و بەرامەیەکی تایبەت دەبەخشن، میللەتانی سەر ڕووی ئەم زەمینە هەریەکەیان لەو پێگە جواگرافیایەی خۆیاندا شانازی بەهونەر و هونەرمەندەکانیانەوە دەکەن، ئێمەش وەک نەتەوەیەکی بندەست و بێ دەوڵەت مافی خۆمانە کە شانازیی بە هونەرمەندانی خۆمانەوە بکەین، چونکە لەهەموو ڕوویەکەوە هونەرمەندان لەهەموو بوارەکانی هونەر بەگشتی و هونەرمەندانی بواری مۆسیقا و گۆرانی پێگەیەکی بەرزو بەنرخیان هەیە، چونکە هەریەکەیان لەژێر سایەی زوڵم و ستەمی داگیرکەران، بوێرانەو خۆنەویستانە لەدوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر خۆیان دروست کردووە مێژوویەکی بایەخداریان نەخشاندووە، هونەرمەندان زیاتر لەنیوەی تەمەنیان بێ دابڕان بە هونەری مۆسیقا و گۆرانی نەتەوەکەیان بەخشیوە

بەشێک لەو هونەرمەندە مۆسیقا ژەنانە دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانن و هەندێکیشیان بەبێ ئەوەی دەرچووی هیچ ئەکادیمیایەکی مۆسیقا بن، دڵسۆزانە و بەخولیاو حەزێکی زۆرەوە خۆڕسک فێری ئامێرەکانی مۆسیقا بوون و ژیانیان لەوپێناوەدا بەختکردوەو ئەمڕۆ بوونەتە هونەرمەندێکی ناودار و مامۆستا و وانەی مۆسیقا بە قوتابیەکانیان دەڵێنەوە جێ پەنجەو ماندوبوونیان دیارە.

یەکێک لەو هونەرمەندە ژەنیارانەی لەشارێکەوەخۆی دروست کردو ئەو خەمە گەورەیەی خستە سەرشانی و بەڵێنی بەخۆیی و شاری ئەدیبان و ڕۆشنبیران و شاعیران وهونەرمەندان (هەڵەبجە) دا، کە تادواساتەکانی ژیانی لەخزمەتی پێشکەوتنی هونەر و مۆسیقا و گۆرانیدا بێت، ئەویش هونەرمەندی ژەنیار کە ماوەی نیوسەدەیە بۆ هونەری مۆسیقا و گۆرانی ژیاوە ئێستا بۆتە پێشەنگی

Institut Kurde de Paris

بواری هونەری مۆسیقا و ئاڵای مۆسیقا و ئاواز و گۆرانی لەشاری هەڵەبجەدا بەرزکردۆتەوە ، ئەویش هونەرمەند (ئازاد سالّح مەلا سابیر) ناسراو بە (ئازاد سالّح شنرۆیی)

هونەرمەند ئازاد سالّح مەلاسابیر ، لەیەکێک لەگەڕەکە کۆنەکانی شاری هەڵەبجە، گەڕەکی جولەکان لە خانەوادەیەکی مام ناوەندی و ڕۆشنبیر، لەساڵی (١٩٥٥) چاوی بەژیان و شارە لەدڵاشیرینەکەی هەڵەبجە هەڵهێناوە، تەنانەت دایکی خاتوو (بەدری حسێن بانەیی) و باوکیشی(سالّح مەلا سابیر) هەرلەوگەڕەکە (جولەکان) لەدایکبوون.

هونەرمەند ئازاد سالّح شنرۆیی، براگەورەی (٤) خوشک و (٣) برایە .

هونەرمەند وەک هەرمندالێکی ئاسایی، لەگەڕەکەیان ژیانی منداڵی بەسەر بردووە، لەبەرئەوەی باوکی باری ئابووری تاڕادەیەک باش بووە و خاوەن دوکان بووەو کەسێکی کاسب و ڕوو خۆش و ڕۆشنفکر و کۆمەڵایەتی بووە، بەردەوام بۆدابینکردنی پێداویستیەکانی دوکانەکەی، ڕووی لەشاری سلێمانی و بەغداد کردووە و کاڵای بۆ دوکانەکەی هێناوە، ئازادی کوڕی زۆر خۆشویستووە و هەرجارێک گەڕابێتەوە بۆشارەکەی هەڵەبجە دیارییەکی نایابی بۆ کوڕە شیرینەکەی هێناوە، لەسەردەمانێکدا پایسکیلی سێ تایەی بۆ کڕیوە ، کە زۆر دەگمەن بووە و منداڵانی هاوڕێی گەڕەک ئاواتیان بۆ خواستووە کەئەوانیش وەک ئازاد سالّح بەختەوەر بن، لەلایەکی دیکەوە لەبەرئەوەی خاڵەکانی مامۆستا و ڕۆشنبیر بوون، بەردەوام چاودێری و ڕێنوێنیان کردووە کە خۆی بەشی لاوەکیەوە سەرقاڵ نەکات و هەموو کات هۆش و بیری لەلای قوتابخانە وگرنگی بە خوێندنەکەی بدات، خاڵەکانی زۆریان خۆشویستووە و لەژیانیدا کاریگەری زۆری خاڵەکانی لەسەربووە.

هونەرمەند ئازاد سالّح ، لەساڵی (١٩٦١) دەخرێتە بەرخوێندن، لەقوتابخانەی(ئاشتی) دوای هاتنی بەعسییەکان بۆ سەر کورسی دەسەڵات ناوی قوتابخانەیەکەیان دەگۆڕدرێت بۆ (انتصار) ، کاتێک هونەرمەند قوتابی پۆلی چوارەمی سەرەتایی دەبێت، مامۆستایەکیان هەبووە بەناوی (حەمەی ڕەعنا)، ئەم مامۆستا بەڕێزە دەرچووی بەشی شێوەکاری پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغداد بووە، هەروەها شارەزایی لەژەنینی ئامێری ڤیۆلۆن هەبووە، لەناو

Institut Kurde de Paris

قوتابییەکان چەند قوتابییەک هەڵدەبژێرێت، تیپێکی کۆرس بۆ سروود خوێندن دروست دەکات و مۆسیقای سروودەکانی ئەوسەردەمەیان بۆ دەژەنێ و لەپاڵ ئەو کارانەشدا زانیارییان لەسەر هونەری مۆسیقا و ئەو سروودانە پێ دەبەخشێت.

لەم قۆناغەوە هونەرمەند هەست و هۆشی بۆ لای دنیای هونەر هەنگاو دەنێ و حەزو خولیا و ئارەزووی بۆ مۆسیقا لەناخیدا چرۆ دەکات، لەلایەکی دیکەوە باوکی خاوەنی ڕادیۆ بووە و بەردەوام لەڕێی ئەو ڕادیۆیەوە گوێبیستی ئاواز و میلۆدی و دەنگی خۆشی هونەرمەندانی کورد و عەرەب بووە.

هونەرمەند بیرەوەرییەکانی منداڵی و دەنگ و ئاوازەکانی ئەو سەردەمەی ڕادیۆی کوردی بەغدا مان بۆدەگێڕێتەوە(هەر لە منداڵیەوە گوێ بیستی دەنگی مامۆستا تاهیر تۆفیق بووم، کاتێ مەڵاشووی هزرم کرایەوە بە گۆرانی و موزیک، لە سەرەتای ساڵانی شەستەکانەوە بە هۆی ڕادیۆی کوردی بەغداوە کە ساڵی (١٩٣٩) دامەزراوە، گوێ بیستی دەنگی هونەرمەندان (عەلی مەردان ،ڕەسوڵ گەردی، حەسەن زیرەک، شەماڵ سائیب، حەسەن جزیری و محەمەد عارف جزیری، نەسرین شیروان، گوڵبەهار، عیسی بەرواری، فەخری بامەڕنی، فوئاد ئەحمەد، کەریم کابان)، دوای ئەوانیش حەسەن دڵسۆز، خەلیل مرادوەندی، چەندین مەقام و گۆرانی بەو دەنگانە ئاشنا بووم، کە لە ماڵەوە کە ڕادیۆیەکی (سیرا) ی ئەڵمانی و پاشانیش (فلیبس)ی هۆڵەندی و لە دوکانی باوکیشم کەڕۆژانە میللی ڕادیۆیەکەی دوکانی باوکم ئەگێڕا بۆ ئیزاعەی کوردی و کە بەیانیان بە دەنگی بولبولێک ئەکرایەوە و پاشانیش گۆرانییەکانی بەیانیانی ڕادیۆکە لە خەو خەبەری ئەکردمەوە و بەدەنگی گوڵبەهار (بولبول سپێدە بخوێنە هەر بخوێنە وبەری بەیانە، زیڕەی فنجانەکەی کەریم کابان وئازیز بەهارەی شەماڵ سائیب و کراس زەردێی تاهیر تۆفیق) لەگەڵ نان خواردنی نان و ماست و چای بەیانیانی هەڵەبجە پێشوازی ڕۆژێکی نوێم ئەکردو دوایش خۆم ئەگۆڕی و ئەچووم بۆ قوتابخانە، ئەوە یادەوەری و فلاش باکی منداڵیمە لەگەڵ ئەو دەنگانە) [1].

باوکی هونەرمەند لەبەرئەوەی خاوەنی دەنگێکی خۆش بووە و ئەو هەستە پڕ ئارەزووی بۆ مۆسیقا لەکوڕەکەیدا بەدی کردووە، ڕێگری لێنەکردووە و بەڵکو هاوکاریشی بووە.

Institut Kurde de Paris

دوای تەوابوونی قۆناغی سەرەتایی، لەساڵی (١٩٦٧) هونەرمەند ئازاد سالّح دەچێتەناوەندی هەڵەبجە و درێژە بەخوێندن دەدات، لەم قۆناغەدا هونەرمەند ئازاد سالّح و هاوڕێ قوتابیەکانی ڕووبەڕووی گرفتێکی زمان دەبنەوە، خوێندن و خوێندنەوە پێشتر بەزمانی دایک خوێندوویەتی و ئێستا لەقۆناغی ناوەندی دەبێت خوێندن و خوێندنەوە بەعەرەبی بخوێنن، ئەوەش کاریگەرییان لەسەر دادەنێت و ئەوسالّە سەرکەوتوو نابن و لەخوێندن دوادەکەون.

لەساڵی (١٩٧٠) لەپۆلی دووەمی ناوەندی دەبێت، لەلایەن مامۆستای (وێنە) بەناوی (حەمەفەرەج ئەحمەد مراد) زۆر گرنگی بە هونەرمەند ئازاد سالّح دەدرێت و زیاتر چاوی دەکرێتەوە و ئاشنا دەبێت بەدنیای هونەر.

شاری هەڵەبجە، لەسەرەتای دروستبوونیەوە پۆڵ و کاریگەری لەسەر ڕەوتی (نەتەوەیی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەری) لە دەڤەری هەورامان و شارەزوور و تەنانەت کوردستانیش هەبووە، لەم شارەدا بەدەیان ئەدیب و نووسەر و شاعیر و ڕۆشنبیر و هونەرمەندی تێدا دروست بووە، کە کارو بەرهەمەکانیان بەتەواوی کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە، بەهۆی ئەو پێگە گرنگەی هەڵەبجە بەدرێژایی مێژوو هەیبووە، تیپی مۆسیقای سلێمانی بەمەبەستی نمایشکردنی کار و چالاکییە هونەرییەکانیان و ئاشناکردنیان بە دانیشتوانی شاری هەڵەبجە، لەڕێکەوتی (١٩٧١/٩/١) بۆماوەی (٢) دوو شەو لەشاری هەڵەبجە تیپی مۆسیقای سلێمانی ئاهەنگی مۆسیقا و گۆرانی سازدەکەن، هونەرمەند ئازاد سالّح لاوێکی خوێن گەرمی تەمەن (١٦) ساڵ، زۆر سەرسام دەبێت بە دەست و پەنجەی ژەنیارە بەتواناکانی تیپی مۆسیقای سلێمانی و دەنگی خۆش و بەسۆزی هونەرمەندان (حەسەن گەرمیانی و تۆفیق عەلی) ئەو ئاهەنگە دووشەوە لێورێژە لە سۆزی مۆسیقا و میلۆدی خۆشی کوردی و دەنگی ئەو هونەرمەندانە، کاریگەری زۆر لەسەر هەست و نەستی هونەرمەند ئازاد سالّح دادەنێ .

هونەرمەند لەتەمەنی منداڵیەوە لەبەر ئەوەی خولیای مۆسیقای هەبووە، هەست و دەست و پەنجەی خستۆتە کار، لەتەختە ئامێری (سەنتور)ی دروستکردووە، هەروەها حەزی ئەوەندە زۆر بووەکە لەقابلەمە ئامێری جومبوشی دروستکردووە.

Institut Kurde de Paris

هونەرمەند ئازاد سالّح و تیپی مۆسیقای هەڵەبجە

ئەگەر بەووردی باس لەژیانی هونەری ئەم هونەرمەندە باوەڕبەخۆبووە و عاشقی مۆسیقا بکەین، هیچ گومانی تێدانییە ئەو ژیانە پڕ هەورازو نشێوەی هونەرمەند دەبێت لە پەرتوکێکی قەبارە گەورەدا بنوسرێتەوەو بخرێتە بەردییەی خوێنەران، هونەرمەند ئازاد سالّح چەند بەشێکی ژیانی تایبەتی و هونەری لەوالّەکەی خۆیی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک زۆر بەوردی و بەئەمانەتەوە ئەو مێژووەی خستۆتە بەردییەی هاوڕێیان و خوێنەران،

تیپی مۆسیقای هەڵەبجە، بیرۆکەی سێ کەسایەتی بووەکەلەخەمی مۆسیقادا بوون، مەبەستیان بووە وەک شارەکانی تری کوردستان لەشاری هەڵەبجە تیپێکی مۆسیقا دامەزرێنن و ڕەوتی هونەری مۆسیقا و گۆرانی بەرەوپێش بەرن، ئەو سێ کەسایەتییە (ئازاد سالّح مەلا سابیر ، مستەفا کەمال خەفاف و ئومێد نوری) لەڕێکەوتی (١٩٧٣/٤/٢٦) بڕیار لەسەر دامەزراندنی تیپێکی مۆسیقا دەدەن و ناوی دەنێن (تیپی مۆسیقای هەڵەبجە) و هونەرمەند ئازاد سالّح دەکەن بەسەرۆکی تیپەکە، هەرسێ کەسایەتی خولیاو ئارەزوویەکی زۆریان هەبووە بۆ مۆسیقا، بەبێ ئەوەی لەلای هیچ مامۆستایەک وانەی مۆسیقا بخوێنن و دەرچووی ئەکادیمیا یان پەیمانگایەکی هونەری بن، هەر سێ هونەرمەند پێکەوە بڕیاردەدەن کەلەسەر پێ خۆیان ڕاوەستن و ئەو خەونە بهێننەدی لەشاری هەڵەبجە و هەریەکەیان بەهەرشێوەیەک بێت ئامێری مۆسیقا پەیدادەکات.

ڕۆڵ و پشتیوانی و هاوکاری خانەوادە چەند گرنگە بۆ منداڵەکانیان کە خولیای مۆسیقا بن و بەهەموو شێوەیەک هاوکاری بن لەسەرخستن و ڕۆشنکەرەوەی

ڕێگای هونەر، وەک لەسەرەتا ئاماژەم پێدا خانەوادەی هونەرمەند زۆر پشتیوانی بوون، هونەرمەند لەدەفتەری یادەوەرییەکانیدا بەوشێوەیە چۆنیەتی دابینکردنی پارە و کڕینی ئامێری (کەمانچەکەی) نوسیوە :

(دایکم یەک لیرەی ڕەشادی بۆ فرۆشتم بە (٥) پێنج دینار، باوکیشم (٥) پینج دیناری دامێ، پارەکە بوو بە (١٠) دینار، ئەگەڕام بۆ کەمانچە، لەمانگی (٥)ی (١٩٧٣) دابوو ، (ئەحمەدی مسگەر) کەمانچەیەکی چیکی و ئۆکۆردیۆنێکی هەبوو، من و ئومێد چوین بۆماڵەکەیان کەمانچەکەی بە (١٠) دینار پێ فرۆشتم، کەمانچەیەکی ڕەشی چیکی بوو، زۆر دڵم پێی خۆشبوو)[٢]

Institut Kurde de Paris

ئەو سێ کەسایەتیە دەبنە دەستەی دامەزرێنەر و دەنگۆی دامەزراندنی تیپی مۆسیقای هەڵەبجە بەناو شاردا بڵاودەبێتەوە، هەندێک کەسایەتی دیکە وەک موزیکژەن و گۆرانیبێژ دەچنە ناو تیپەکەوە و ئەندامەکانیان زۆردەبن (شازاد شێخ کەریم، عەزیز مستەفا بەگ، سەروەت حەمە کەریم کوردستانی، سەرکۆ ئەحمەد و سیروان عەلی ڕەزا هاواری وەک گۆرانیبێژ) هونەرمەند ئازاد سالّح بەشەو بە ڕۆژ سەرقاڵی خۆفێرکردن و پرۆڤەکردن دەبێت بەئامێرە شیرینەکەی تا ماوەی (٢) مانگ ، بەبێ ئەوەی نۆتە بزانێت.

هونەرمەند و مامۆستا (عوسمان محەمەد ئەمین) ئەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانی سەردانی شاری هەڵەبجە دەکات و لەنزیکەوە ئەو کۆمەڵە لاوە پڕ وزە و عەشقە بۆ مۆسیقا دەبینێ، باسی مۆسیقا و نۆتەی مۆسیقایان بۆدەکات و چەند ئاوازێکی گۆرانیان بۆ دەژەنێ، بەم کارەی مامۆستا عوسمان زیاتر دەبێتە هاندەر و پشتیوانی کە بەردەوام بن لەسەر ئەو ڕێگا پیرۆزەی هونەری مۆسیقاو گۆرانی.

هونەرمەند، دوای ئەوەی دەست و پەنجەکانی لەسەر ژێکانی کەمانچەکەی ڕادەهێنێ و بەشێوەی گوێگرتن (سەماعی) خۆی فێردەکات، یەکەم ئاوازێک بەشێوەی سەماعی ژەنیویەتی یەکێک لەگۆرانییەکانی هونەرمەند (حەسەن زیرەک) بووە بەناوی (لایە لایەت بۆدەکەم) .

لەدوای دوو مانگ زیاتر لە دامەزراندنی تیپی مۆسیقا و پرۆڤەکردن، بڕیاردەدەن کە ئاهەنگێک سازبکەن، لەگەڵ ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا شانۆگەرییەکیش پێشکەش بکرێت، دوای ماندووبوون و هەوڵدانێکی زۆر و پرۆڤەکردن لە هۆڵی سانەوی هەڵەبجە و خۆئامادەکردن بۆ ئەو ئاهەنگە، تا لەڕێکەوتی (١٩٧٣/٧/١) یەکەم نمایشی هونەری مۆسیقاو گۆرانی ئەنجام دەدەن، هونەرمەندانی بەشداربووی ئاهەنگەکە بریتی بوون لە : (ئازاد سالّح ، فوئاد محەمەد مەحمود، مستەفا کەمال ئامێری (کەمانچە)، ئومێد نوری ئامێری (ئۆکۆردیۆن) ، حیکمەت تۆفیق ئامێری (شمشاڵ) ، عەزیز بابان ئامێری (دەف سنجار) ، شازاد نەقشبەندی ئامێری (ئیقاع) ، بەهاوکاری چەند گۆرانیبێژێک ، بۆماوەی (٥) شەو، ئەو ئاهەنگە و شانۆگەرییە بەردەوامی دەبێت، دڵ و هەست و نەستی ئامادەبووان خۆش دەکەن، لەلایەن خەڵکەوە پێشوازییەکی گەرمیان لێدەکرێت، دوای دەنگدانەوەیەکی باش و دەستخۆشی لەلایەن جەماوەرەوە،

Institut kurde de Paris

لەڕێکەوتی (١٩٧٣/٧/٢٠) تیپی مۆسیقای هەڵەبجە، لەشارۆچکەی (تەوێڵە) بۆماوەی (٢) شەو ئاهەنگی مۆسیقا و گۆرانی و شانۆگەرییەکە پێشکەش دەکەن ، دواتر لە(خورمالْ) و پاشان یەک شەو لە شارۆچکەی (پێنجوێن) ئەو نمایشە هونەرییە پێشکەشی دانیشتوانی پێنجوێنی دەکەن.

تیپی مۆسیقای هەڵەبجە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەشەدەکەن و گرنگی زیاتر بە کارە هونەرییەکانیان دەدەن، بەردەوام دەبن لەسەر گەشەکردنی هونەری مۆسیقا و گۆرانی لەشاری هەڵەبجە، هونەرمەندان لەدەوریان کۆدەبنەوە، ئاهەنگێکی دیکەی تیپی ناوبراو بەبۆنەی یادی دامەزراندنی (پارتی دیموکراتی کوردستان) سازدەکەن، لەڕێکەوتی (١٩٧٣/٨/١٦) لە گۆڕەپانی سانەوی هەڵەبجە چەند سروودێک پێشکەش دەکەن، بۆیەکەمجار هونەرمەندی دەنگ زوڵاڵ و قوتابی قوتابخانەی هونەرمەندی گەورە (سەیدعەلی ئەسغەری کوردستانی ١٨٨٢_١٩٣٧/٢/٤) هونەرمەند (عومەر میرزا نەسروڵڵا، ناسراو بە عومەر خەزان ١٩٢٩_٢٠٠٨/١/١٢) بەشدار دەبێت لەگەڵیانداوسەرەتا مەقامێک دەخوێنێ :

(ناوی کورد وەک مانگ لەئاسمان دیارە ئەدرەوشێتەوە
وابەدەوری ڕۆژی ئازادیی گەلا ئەخولێتەوە
هەوری چڵکن چۆن ئەتوانێ بێت بەری بگرێتەوە
چۆن بەواتەی دەم، گەلی وا ناوەکەی ئەسڕێتەوە
کورد خەڵاتی ناوێ، مافی خۆی دەوێ بێ چەند و چوون
مافی کورد فەرزە لەسەر تەئریخ ئەبێ بدرێتەوە)

دواتر گۆرانی (کۆچی یارم کۆچی سوورە) لەگەڵ ئەو هونەرمەندە دەست و پەنجە هونەرییانەی تیپی مۆسیقای هەڵەبجە پێشکەش بەجەماوەری ئامادەبووی ئەو یادە دەکات.

هونەرمەند ئازاد سالْح، دوای ئەو کارە هونەرییانەی لەگەڵ هاوڕێ هونەرمەندەکانی لەشاری هەڵەبجەو دەوروبەری ئەنجامیاندا و سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، زیاتر ڕۆدەچێتە نێو قوڵایی دنیا جوانەکەی هونەری مۆسیقا و بیر لە دانانی ئاواز دەکاتەوە، لەسەرەتای سالْی (١٩٧٤) ئاواز لەسەر هۆنراوەیەکی

Institut kurde de Paris

شاعیر (شێخ لەتیف شێخ عارف قەرداخی ١٩٣٦_ ٢٠١٨/٦/٢٠) بەناوی (ئەو هیوای کەپێی ژیام - شەپۆلی مەرگ ڕاپێچی کرد)

هونەرمەند ئازاد سالّح باس لەو ئاوازە دەکات و کاریگەری کێی لەسەر بووە (ئەو شیعرە لەڕۆژنامەی (ژین) کە (کاکەی فەلاح) سەرپەرشتی دەکرد بەرچاوم کەوت، شیعرێکی جوان بوو، منیش زۆرجار گوێم لە (حەمە ئەمین عەبدولکەریم ١٩٠٣_ ١٩٧٨/٢/١٥، ناسراو بە مینەی لولەکژەن) ئەگرت ، کاتێک شێلمی ئەفرۆشت خۆڕسکانە شمشالّی دەژەند، بایی چەندت بکڕیایە زیاتری دەژەند، منیش سوود و ئیلهامم لەو ئاواز و شیعرە وەرگرت) [٣] .

هونەرمەند بەهاوکاری ئەندامانی تیپی مۆسیقای هەلّەبجە، بە جۆش و خرۆشێکی هونەری بەرزەوە لەڕێکەوتی (١٩٧٤/٢/١٨) ئاهەنگێکی قەشەنگ لێوان لێو لە دەنگی خۆش و سۆزی مۆسیقا سازدەکەن، لەم ئاهەنگەدا بۆیەکەمجار کچانی هەلّەبجە بەجلی ئالّ و والّای ڕەنگینی کوردییەوە لەسەرشانۆ بە کۆرس بەشداربوون، لەلایەن جەماوەر و ئامادەبووانی ئاهەنگەکەوە هونەرمەند چەند خەلّاتێکی پێدەبەخشرێت.

لەیادی یەکەم سالّی دامەزراندنی تیپی مۆسیقای هەلّەبجە (١٩٧٤/٤/٢٦) لەباتی چەپکە گولّ و خەلّاتکردنی ئەو هونەرمەندە خۆنەویست و دلّسۆزانەی بواری مۆسیقا و گۆرانی، بەداخەوە لەو ڕۆژەدا هەلّەبجە لەشاری بەغداوە ناپالّم و بۆمبی وێرانکەری بەدیاری بەسەردا باری، بەهۆی دەستپێکردنەوەی شۆرشی ئەیلول و بۆردومانی شاری هەلّەبجە لەلایەن فرۆکەکانی بەعسی خوێنڕێژەوە، وێرانکردنی ئەو شارە، وەک شاری قەلّادزێ لە (١٩٧٤/٤/٢٤) ، هەلّەبجە و هەلّەبجەیەکان خۆشی و ئارامییان لێستاندن و تیپی مۆسیقای هەلّەبجە پەرتەوازەبوون، زۆریان بەرەو ڕۆژهەلّاتی کوردستان، لەبەر نائارامیی شاری هەلّەبجەو ناوچەکە، بەلّام هونەرمەند ئازاد سالّح ، لەبەرئەوەی قوتابی پۆلی شەشەمی وێژەیی بووە و تاقیکردنەوەی بەکەلۆری هەبووە، بۆئەومەبەستە ڕوودەکاتە شاری سلێمانی و بەیەکەمی وێژەیی لەسلێمانی دەردەچێت.

هونەرمەند ئازادسالّح، دوای دەرچوونی لەقۆناغی ئامادەیی، لەمانگی (١٠ی ١٩٧٤) ڕوودەکاتە شاری بەغداد بەمەبەستی دریژەدان بەخوێندن لەزانکۆ، هونەرمەند بەحەزوو ئارەزووی کە لەکۆلیژی هونەر وەربگیرێت، بەلّام لەوکاتەدا

Institut Kurde de Paris

ئەوکۆلێژە لەزانکۆکانی بەغداد دا نەبووە، چارەنووس بەرەو کۆلێژێکی دیکەی دەبات: (لە مانگی شەشی ساڵی ١٩٧٤ تاقیکردنەوەمان ئەنجامدا، من یەکەمی سلێمانی بووم لە بەشی وێژەیی، هەموو کۆلێژێک وەریدەگرتم ، من بەڕاستی حەزم لە بەشی موزیک بوو لە کۆلێژی هونەرەجوانەکانی بە غدا بەڵام ئەو کاتە ئەو بەشە نە بوو ،ناچار وتیان کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووریی هەڵبژێرە، دوای موزیک حەزم لە یاسا بوو، ئیتر قەدەر و قسەی کەس و کار وای کرد ئەو کۆلێجە هەڵبژێرم) [٤].

هونەرمەند کاتێک لەشاری بەغداد دەخوێنێ و ڕۆژانە تێکەڵاوی زیاتری دەبێت لەگەڵ هاوڕێ قوتابیەکانی و زیاتر چاوی دەکرێتەوە و کاریگەری زێدەتر لەسەر هەست و بیرکردنەوەی دادەنێ و بەڵام حەزو خولیاو ئارەزووەکەی بۆ مۆسیقا هەرلەبرەودا دەبێت ، لەبەغداد هونەرمەند ئامێرێکی کەمانچە دەکرێتەوە و شەوانە لەگەڵ هاوڕێکانی لەوژوورەی کە بەکرێ گرتبووی بەژەنین و پرۆڤەکردن و خوێندنی وانەکانی خۆی سەرقاڵ دەکات ، لەهەمان کاتیشدا لەبەغداد دەچێتە خولی مۆسیقا بۆ فێربوونی (نۆتە).

هونەرمەند لەپشووی هاویناندا دەگەڕێتەوە بۆ شاری هەڵەبجە، لەهاوینی ساڵی (١٩٧٧) لەزێدەکەی خولێکی مۆسیقا دەکاتەوە و چەندین فێرکار لەخولەکەدا بەشداردەبن ، لەهەمان ساڵدا هونەرمەند کاتێک قوتابی پۆلی سێیەمی کۆلێژ دەبێت، لەبەر حەزو ئارەزوویەکی زۆری بۆ مۆسیقا، بۆ یەکەم جار خامەی دەخاتە کار و بابەتێک لەسەر مۆسیقا دەنوسێت و لەڕۆژنامەی (هاوکاری) ئەوکات بڵاوی دەکاتەوە.

لەساڵی (١٩٧٨) بڕوانامەی (بەکالۆریۆس) بەدەست دێنێت و دەگەڕێتەوە شاری هەڵەبجە ولەبەڕێوەبەرایەتی کارەبای هەڵەبجە وەک کارمەند بەناونیشانی (ژمێریار) دادەمەزرێت.

تیپی مۆسیقای هەڵەبجە بەهەوڵ و تێکۆشانی بێ وچانی هونەرمەند ئازاد سالح و هاوڕێ هونەرمەندەکانی زیاتر گەشە دەکات و چالاکی هونەریی ئەنجام دەدەن و هونەرمەندان زیاتر ڕووەکەنە تیپی ناوبراو، لەساڵی (١٩٧٩) هونەرمەندی دەنگخۆشی شارەکەی هەڵەبجە (هوشیار حەمەفەرەج) پەیوەندی بەتیپی مۆسیقای هەڵەبجەوە دەکات و لەگەڵ هونەرمەندانی ژەنیاری تیپی مۆسیقای هەڵەبجە بەرهەمەکانی تۆماردەکات و دەبێتە ئەندامی تیپ.

Institut Kurde de Paris

دوای حەوت ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ناوی تیپی مۆسیقای هەڵەبجە، ناوی تیپ دەگۆڕێت بۆ (تیپی مۆسیقای شنرۆێ) و ناوی شنرۆێ دەبێتە نازناوی هونەرمەند و لەنێوەندی هونەری هونەرمەند بە (ئازاد سالّح شنرۆێ) دەناسرێت.

ئازاد سالّحی هونەرمەند لەدەستپێکی کاری هونەرییەوە جیا لەو ئارەزووە بێ ئەندازەی بۆ مۆسیقا، مەبەستی بووە لەهەموو بوارەکانەوە زێدەکەی گەشەبکات و بەردەوام وەک سەربازێکی ون تێکۆشاوە، هونەرمەند بەهاوکاری مامۆستاو هونەرمەند (هەڵگەوت شێخ محەمەد) تیپێکی مۆسیقا بۆ منداڵان لەهەڵەبجە دادەمەزرێنن بەناوی (ماملێ)، بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئەوەی هونەرمەند لەهەمان ساڵدا (١٩٨٠) دەبێت بەسەرباز، چالاکی و تێکۆشانی هونەری تیپی مۆسیقای شنرۆێ تا ساڵی (١٩٨٣) ڕادەوەستێت.

هونەرمەند، ئەو هونەرمەندەی کەهەموو ژیانی خۆی بەخشیوە لەپێناو هونەری مۆسیقا و گۆرانی، هەمیشە بەڕاستگۆیانە کارەهونەرییەکانی ئەنجامداوە، یەکێک لەخەسڵەتە جوانەکانی هونەرمەند لەدرێژەی ژیانی هونەریدا لەهەر قۆناغێکی تەمەنی هونەریدا ڕۆژێک لەڕۆژان لەگەڵ هەرهونەرمەند و کەسایەتییەک کاری کردبێت، زۆربەئەمانەتەوە لەبیرەوەریەکانیدا باسی ڕۆڵ و هاوکاری و پێگەی کارەکەی کردووە،

لەساڵی (١٩٨٣) تیپی مۆسیقای شنرۆێ کارە هونەرییەکانیان دەگوازنەوە بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک، چوار گۆرانی بۆ هەردوو هونەرمەندی هەورامان و هەڵەبجە (عوسمان کێمنەیی و محەمەد ئیبراهیم عەبدول ، ناسراو بەحەمە قوتوو) بۆهەریەکەیان دوو گۆرانی تۆماردەکەن (کەتانە و کاڵەبەی) بۆ هونەرمەند (عوسمان کێمنەیی) ، گۆرانی (قاسم خان و ئامین و ئامین) بۆ هونەرمەند(حەمە قوتوو) ، لەپاش تۆمارکردنی ئەم بەرهەمانە، لەساڵی (١٩٨٤ و ١٩٨٥) دوو ئۆپەرێت بۆ منداڵان ئامادەدەکەن و لەتەلەفزیۆنی کەرکوک تۆماری دەکەن.

لەدوای ئەو کارەساتە پڕ تراژیدیایەی خنکاندنی شارێک بە گازی کیمیایی و شەهیدکردنی شاری هەڵەبجەو ئەو هەموو قوربانییەی لێکەوتەوە، هونەرمەند ئازاد سالّح یەکێک بووە لەو هونەرمەندانەی کە ئەو کارەساتە جەرگبڕەی بەچاوەکانی دیوەو لەو ڕووداوە ترسناکەدا ژیاوەو کاریگەری لەسەر داناوە، وەک هاوشارییە ڕزگاربووەکانی، ئامێری کەمانچەکەیی و چەلۆکەی تیپی

Institut kurde de Paris

مۆسیقای شنرۆی بەکۆلێدا دەدات و بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەشاری (سەقز) دەگیرسێتەوە، لەوبارودۆخە ناهەمواردا ئازاد سالّحی هونەرمەند لەژێر خێمەیەکدا بەخۆیی و کەمانچەکەیەوە خەم و ئازاری دەروونی و هاوشارییەکانی و زێدەکەی هەڵەبجە بگەیەنێتە دەوروبەر و ئەو ئازارە پڕ ژانەبەسوێیە کەم بکاتەوە، لەوژیانە سەختە لەلایەک مەرگی ئازیزانت بینیبێت و لەلایەک لەزێدەکەت دوور بیت، بەڵام هونەرمەند کۆڵ نادات لەشاری سەقزو مەهاباد چالاکی هونەری ئەنجام دەدات.

لەدوای ڕاپەڕینەی بەهاری سالّی (١٩٩١) هونەرمەند لەشاری سلێمانی دەژی و لەسالّی (١٩٩٢) هونەرمەند ئازاد سالّح و هونەرمەندانی تیپی مۆسیقای شنرۆ، بەهەستی بەرزی هونەری و دەست و پەنجەی زێڕینیان هەموو سالّێک بەشداری مەراسیمی یادی هەڵەبجە دەکەنەوە،

هونەرمەند هەمیشە بەڕۆحێکی گەش و پیرۆزەو لە هونەرەکەی ڕوانیوە، بەردەوام بەشداربووە لە ئاهەنگ و بۆنە نەتەوەیی و یادە نیشتمانیەکان و دەیان بەرنامەی تەلەفزیۆنی لەکەناڵەکان، هەروەها وەک تاک بەشداری کردووە لەگەڵ تیپە مۆسیقیەکان.

هونەرمەند ئازاد سالّح ، هەمیشە چرایەکی گەش بووە، دەوروبەری خۆی ڕوناک کردۆتەوەو چێژ و ئارامیی پێ بەخشیون، لەوماوە دوورو درێژەی کاروانی خەبات و تێکۆشانی هونەریدا، بەدەیان قوتابی لە کوڕو کچ بەشێوەیەکی ئەکادیمی زانستی مۆسیقا، فێری مۆسیقاکردووە تەنانەت خودی منداڵەکانی خۆشی، کەواتە من هەرچەندی بنووسم ناتوانم مافی تەواو بدەمە ڕەنج و ماندوو بوون و تێکۆشانی هونەری ئەم مامۆستا پێشەنگەی بواری مۆسیقا، چونکە ئەو دەیان قوتابیەی لەسەر هەست و نەست و میهرەبانی هونەرمەند پێگەیشتوون و بوونەتە هونەرمەندی بەتوانا ئەوان گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن. هونەرمەند خاوەنی دەیان ئاوازە کەبۆهونەرمەندانی داناوەو بەدەنگە خۆشەکانیان خوێندوویانە.

کاتێک کەباسی مێژووی هونەری مۆسیقاو گۆرانی شاری هەڵەبجە بکرێت ، ناو و نازناوی هونەرمەند بەرجەستە دەبێت و دەبێتە پێشەنگ لەوبوارەدا .

گەر بەوێژدانەوە چاوێک بە مێژووی هونەری مۆسیقادا لە شاری هەڵەبجە دا بگێڕین، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، گەر ئەم مامۆستا ڕابەرە لە مێژووی

Institut Kurde de Paris

مۆسیقای شاری هەڵەبجەدا دەربکەین، ئەوکات مێژووی مۆسیقا لەشاری هەڵەبجەدا لاسەنگ دەبێت! ئەمەش بەو مانایە دێت ئەم مامۆستا ڕابەرە سەنگی هێندەی سەرجەم هاوڕێکانی دەبێت کەلەم بوارەدا کاریان کردووە، ئەم هونەرمەندە پێشەنگە هەموو ژیانی خۆی و مااڵی و منداڵی بەخشییە هونەری مۆسیقای شارەکەی. مێژوو شاهیدی ئەوەیە کە ئەم مامۆستا ڕابەرە بۆ هونەری چی کردووە، تەنانەت مێژووی شانۆی هەڵەبجە قەرزاری ئەم مامۆستا پێشەنگەیە، زۆربەی ئۆپەرێت و مۆسیقای شانۆییەکان نەخشی دەستی ئەم مامۆستا پێشەنگە بوون [٥].

فێرگەی میوزیکی شنرۆ.!

هونەرمەند لەسەر ڕەوڕەوەی شەمەندەفەرەکەڕێگا دەبڕێ و هەربەردەوامەو چاو لەئاسۆیە، لە (٤٤) ساڵی تەمەن بێ ڕاوەستان، جارێکی دیکە لەخەمی منداڵانی شارەکەیەتی (هەڵەبجە) واز لە ژیانە تایبەتیەکەی دێنێتەوە دەگەڕێتەوە لەزێدەکەی بەو ئاستە بەرزەی تەمەنی لاوی (فێرگەی میوزیکی شنرۆ ، بۆ فێربوونی سەرجەم ئامێرەکانی موزیک، بەهاوکاری هونەرمەند و مامۆستا (عادل حەسەن) دەکاتەوە، شەو و ڕۆژی خستۆتە سەریەک و بەردەوام لەڕێگای هەڵەبجەیە لە فێرگە مۆسیقیەکەی خزمەت بە منداڵان و لاو گەنجی ئەو شارە دەکات (ئەم فێرگەیە بیرۆکەی مامۆستا ئازاد بوو، منیش ئاگادار کردو داوای لێکردم کە هاوکاری بم ، منیش زانیم کە کارەکە پیرۆزە، بێ دووددڵی ڕەزامەندیم دا، لەساڵی (٢٠١٧) ئەم فێرگەیەمان دامەزراند، سەرەتا خانوویەکمان گرت لەسەر پارێزگاری هەڵەبجە، تاماوەی (٣) سێ ساڵ کرێی خانەوەکەیان بۆ داین و ئێمەش بەڕۆحیەتیکی بەرزەوە دەستمان پێکرد، ئێستا بۆ ماوەی (٦) شەش مانگە ڕێکخراوی (گۆتە) ی ئەڵمانی ئەوئەرکەیان لەئەستۆ گرتووە، ژمارەیەکی زۆر لەمنداڵ و گەنج وکچ و کوڕ و مامۆستا و پزیشک و یاریدەدەری پزیشک و ئەفسەری پۆلیس و ئاسایش و تەواوی پیشەوەرەکانی ناوبازاڕی هەڵەبجە، هاتوون و بەشێکی زۆر لە (هاواری)یەکان ڕاهێنانیان پێدەکەین، ئەم فێرگەیە بێ جیاوازی لەبیرو ڕای ئایینی، هەموو کەسێ بۆی هەیە بێتە فێرگەکەو تائێستا چەندین کاری جوانمان پێ ئەنجام داون) [٦].

Institut Kurde de Paris

تیپی مۆسیقای هەڵەبجە و (شنرۆ) ی ئێستا هەرلەسەرەتای دروستبونیەوە، لەخەمی بەرەو پێش بردنی ڕەوتی هونەری ئاوازو مۆسیقادا بووە، سەرەڕای لەمپەرو ئاستەنگەکانی بەردەم ئەو تیپە مۆسیقیە، بەڵام بەهەوڵ و تێکۆشان و کۆششی دڵسۆزانەی هونەرمەند ئازاد سالّح و هەموو هونەرمەندانی خۆشەویستی تیپی مۆسیقای شنرۆ بەبێ ماندووبوون مۆسیقا و گۆرانی یان بۆ ئارامی و جوانیەکانی ژیان چڕیوە.

ئاشکرایە کە تیپی مۆسیقای شنرۆ دەرگای ئاوەڵاکردوە بۆ زۆر لە هونەرمەندانی گۆرانیبێژ تا بەهاوکاری دەست و پەنجە پڕهەستە هونەرییەکانیان هاوکاریان بن لەتۆمارکردنی بەرهەمە هونەرییەکانیان، یەکێک لەو هونەرمەندە دەنگخۆش و لێوڕێژە لەسۆزی هونەری هونەرمەند (هوشیار حەمەفەرەج) ە کەلەساڵی (١٩٧٩) وەئەندامی تیپی ناوبراوەوە، سەبارەت بەهونەرمەندی موزیکژەن و ئاوازدارنەر ئازاد سالّح دەڵێت (لەهەموو شارێکدا هەندێ کەس هەن وەک چڵەگەنمێکی باڵابەرز دیارن لەبواری شانۆ و وەرزش و شێوەکاری، گەر کەسانێک دیاربن ئەوە کاک ئازاد سالّح ە لەبواری موزیک باڵای لەهەمووان بەرزترە، پشکی شێری بەردەکەوێ لە خزمەتکردن و کۆڵنەدان، ئەم هونەرمەندە دەستی منی گرت و هێنامیە نێو دنیای گۆرانی ، زۆر بەپەرۆش و دڵسۆزانە هانی ئەدام بۆئاوازدانان، یارمەتی دەدام و ئاوازەکانی بۆ ڕێک دەکردمەوە بەباش و خراپییەوە، کاک ئازاد منی دروستکرد و منی کردە گۆرانیبێژ هەرگیز ناتوانم ئەو قەرزە گەورەیەی بدەمەوە ، کاک ئازاد هەیەتی بەسەر من و هونەرمەند عومەر خەزان و حەمەقوتوو و ئازادە ڕەشەوەو زۆرێک لەهونەرمەندانی تر، جوانی کاک ئازاد سالّح لەوەدایە لەوەتی هەیە هەردەبەخشێ)[٧] .

لەشارەکەی حاجی قادر و دڵدار و ئەختەر و سێوە و خاڵە تایەر، مەلائەسعەد ، هونەرمەند ئازاد سالّح لەبەرامبەر ئەو مێژووە جوان و پاک و بێگەردەی خەڵات دەکرێت..!

لەیادی (٣٤) ساڵ بەسەر تێپەڕبوون بەسەر ژیانئاوایی هونەرمەندی گەل (تایەر تۆفیق) لە (٢٠٢١/١١/١٠) لەشاری کۆیە، تیپی مۆسیقای باواجی خەڵاتی ڕێزلێنانی بەخشییە (١٠) هونەرمەندی گەورەی گەلەکەمان، لەبارەتەقای ساڵانێکی زۆر خزمەتکردنیان بە هونەری ڕەسەنی ئاوازو گۆرانی کوردی، یەکێک لەو

Institut Kurde de Paris

هونەرمەندانە، هونەرمەندی ژەنیار و ئاوازدانەر (ئازاد سالّح شنرۆێ) خەلّاتی رۆژی هونەری لەشاری کۆپە پێ بەخشرا.

دەخوازم ئەم هونەرمەندە ڕابەر و پێشەنگی مۆسیقا و گۆرانییە هەربەردەوام بێت لەبەخششی هونەری بەتەندروستی باشەوە، ئەوئالّا بەرزەی هونەری مۆسیقاو گۆرانی و ئاوازی کوردی کە هونەرمەند ئازاد سالّح شنرۆێ بەرزی کردۆتەوە هەرلەشەکانەو لوتکەی شکۆداری هونەردا بمێنێتەوە.

سەرچاوە :

(١، ٢، ٣، ٤) تۆڕی کۆمەلّایەتی فەیسبوک، والّی هونەرمەند ئازاد سالّح شنرۆێ، بیرەوەرییەکانی هونەرمەند.

(٥) مامۆستا ئازاد سالّح، هونەرمەندێکی ڕابەر و پێشەنگی بواری هونەری مۆسیقا لە شاری هەلّەبجەدا. کۆچەر میرزا ئەنوەر، فەیسبوک ٢٠٢١/٧/٢٨

(٦) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەلّ هونەرمەند و مامۆستا (عادل حەسەن) لەڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/٥ (ج،د)

(٧) پەیوەندی لەڕێی ماسنجەرەوە بە هونەرمەندی دەنگخۆش (هۆشیار حەمە فەرەج) لەڕێکەوتی (٢٠٢١/١٢/٦) (ج،د)

Institut kurde de Paris

کۆنسێرتێک بۆ خاتوو هانی هونەرمەند

لەڕۆژی ٢٠٢٢/٤/٥ لێپرسراوی پەیمانگای گۆتەی ئەڵمانی خاتوو (ئەنایس بۆلیک) و چەند فەرمانبەرێکیان وەک کاک شەماڵ و خاتوو نەورەس، سەردانی سلێمانیان کردو پیشنیاری ئەوەیان کرد کە لە مانگی داهاتوو کۆنسیرتێک ساز بکەین بۆ فێرخوازانی فێرگەکەمان و گروپێکی مۆزیک لە سلێمانی و بە بەشداری گۆرانی بێژی کوردستانی ڕۆژ هەڵات کە لە ئەڵمانیا دەژی خاتوو (هانی) پلانمان دانا چۆن ئەو کۆنسێرتە سازبکەین. ئەوەی مایەی خۆشحاڵی بوو کە خاتوو (ئەنایس) لەماجیدی مۆڵ لەسلێمانی داوەت نامەیەکی پێشکەش کردم بۆ ئەوەی بچم بۆ ئێوارە خوانێک لە شاری هەولێر.



لەڕاستەوە: شەماڵ . ئازاد . ئەنایس . نەورەس/ماجدی مۆڵ /سلێمانی

بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ ئەو کۆنسێرتە بۆ شەوی ٢٠٢٢/٤/٧ لەگەڵ کەسوکارو باوک و دایکی فێرخوازەکان کۆبوونەیەکمان ئەنجامدا بۆ ئەوەی خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئەو کۆنسێرتە لە مانگی داهاتوو، پاش ئەوە دەستمان کرد بەپرۆڤە کردن لەگەڵ فێرخوازەکان بۆ ئامادە کردنی کاری هونەری بۆ ئەو کۆنسێرتە.





Institut du monde de Paris

لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/٢٧ بە تەنها چووم بۆ هەولێر کە پەیمانگای (گۆتە) ئێوارە خوانێکی ساز کرد بۆ ئەو کەسایەتی و لایەنانەی کە ئەو پەیمانگایە کاری لەگەڵ کردوون لە هەموو عێراق کە نزیکەی سەد کەس دەبوون و منیش وەک نوێنەری هەڵەبجە بەشدار بووم لە هۆتێل (ڕۆتانا) و ئێوارە خوانێکی ناوازە بوو میوانداریەکی جوانیان بۆ میوانەکان ساز کرد، بۆ شەو زۆربەی میوانەکان گەڕانەوە ،بەڵام من لەبەر درەنگی کاتەکەو دووری ڕێگاکە لە هۆتێل ژووریکی تایبەتیان بۆ گرتم و بۆ سبەی بەیانییەکی گەڕامەوە بۆ سلێمانی .





Institut kurde de Paris



ئازاد . ئەنایس، نۆتێڵ ڕۆتانا / هەولێر



Institut kurde de Paris

ئیتر بڕیاردرا لە بەرواری ٢٠٢٢/٥/٢١ لە باخی گشتی هەڵەبجە ئەو کۆنسێرتە ساز بکرێت و ئێمەش خۆمان ئامادە کرد بۆ پرۆڤە کردن و خەریکی ئامادە کردنی چەند بەرهەمێک بووین بۆ فێرخوازەکان.





لە ڕۆژی ٢٠٢٢/٥/٦ نوێنەری پەیمانگای (گۆتە) کاک (موعتەز) کە کوردی سوریایە سەردانی فێرگەکەمانی کرد بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری خۆ ئامادەکردنمان بێت بۆ ئەو کۆنسێرتە، بۆ ئەم مەبەستەش چەند وێنەیەکی چرکاند بۆ ڕێکلام کردن



لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٥/٢١ کات ژمێر ٨ی شەو کۆنسیرتەکە دەستی پێکرد و کە ئێمە (٤) گۆرانیمان ئامادە کردبوو بەم شێوەی خوارەوە کە هەموو فێرخوازەکان بەشداربوون:

١.ئێمە منالّین جوانین، ئاوازو هۆنراوەی ئازاد سالّح
٢.ئێمە ئێمە، ئاوازو هۆنراوەی ئازاد سالّح
٣.بەهاران خۆشەن، ئاوازو هۆنراوەی عادل حەسەن
٤.خانمی خانمی، هۆنراوەی فۆلکلۆر، ئاوازی ئازاد سالّح

بەم شێوە لە سەر ئەم کۆنسێرتەم نووسی

ئەمشەو لە کەرنەڤالّیکی کەم وێنەدا کە لە مێژووی کۆن و نوێی هەلّەبجە شەوی وا جوان نەبووە ئەویش بە سەرپەرشتی پەیمانگای (گۆتە)ی ئەلّمانی و فەرەنسی کە چەندین شاندی بیانی هاتبوون چ لە ئەلّمانیا، فەرەنسا و قاهیرە و سەدان کەس لە ناوەوەو دەرەوەی هەلّەبجەوە هاتبوون ببووە شاریّکی گەشتیاری شەوێکی پڕ لە ئاهەنگ و گۆرانی و سەماو هەلّپەرکێ کە سێ گروپ بەشدار بوون تێداو یەکەمین بەرهەم بەرهەمی فێرگەکەمان بوو. پاشان گروپی (ڕەزبەر) کە لە سلێمانیەوە هاتبوون و پاشان هونەرمەندی بە توانا (هانی خان) وە

Institut Kurde de Paris

گروپه جوانەکەی کە لە ئۆکرانیا و چین و چەند وڵاتیکی تر‌ەوە هاتبوون زیاتر لە ٢٠٠٠ کەس لە کاتژمێر ٨ تا ١١ ی شەو هەموو ئامادە بوون. دەنگی هانی ئاسمانی هەڵەبجەی هێنا بووە لەرزین کە زیاتر لە ٤٥ خولەک ئاوازی ئەچڕی. ئەمشەو باخی هەڵەبجە ببووە چراخان لە ڕووناکی و سەماو ئاوازی جوان. ئەوە بۆ ئێمە مایەی شانازییە کە ئەم فێرگە بە بەردەوام بوونمان بۆتە هۆی ئەوەی بە هەزاران کەس ئامادەبن. سڵاو بۆ هەموان من پێنج شەوە لە هەڵەبجەم بۆ ئەوەی سەرکەوتوو‌بین.















Institut Kurde de Paris

لە شەوی ٢٠٢٢/٥/٢٦ سایتی پەیمانگای گۆتە ئەم وێنەو نوسینانەی بڵاو کردەوە دەربارەی ئەم کۆنسێرتە:

شەممەی پێشوو، پەیمانگای گۆتە لە عێراق کۆنسێرتەکانی هەڵەبجەی ئەنجامدا !

کۆنسێرتەکانی هەڵەبجە بە هەماهەنگی پەیمانگای گۆتە لە عێراق لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری لەهەڵەبجە کرا .

کۆنسێرتەکان پێکهاتبوون لە گروپی فێرگەی میوزیکی شنرۆ، گروپی ڕەزبەر، ئینجا گروپێکی تایبەت لەگەڵ هانی بوون بەناوی (هانی و مانگ) (واتە کۆنستێرتەکەی هانی ناوی مانگ بوو چونکە بەشەو ئەنجامماندا) کە چەند پارچەی میوزیکی و گۆرانییان پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

ئەوەی مایەی نیگەرانیم بوو ئەوە بوو کە بەرپرسێک لەهەڵەبجە لەکاتی کۆنسێرتەکەدا بانگی کردم وتی لەکاتی تەواوبوونی ئاهەنگەکەدا یەکسەر (هانی) دەخەنە سەیارەکەوە و رەوانەی سلێمانی ئەکەنەوە، چونکە هەڵەبجە پڕە لە ئیتلاعات، ئیتر زۆرم پێناخۆش بوو، لەبری دەستخۆشی و ئاهەنگی قەشەنگ، لۆمەی کردم.



Last Saturday, Shnrwe Music School, Razber Band and Hani and the Moon performed musical pieces and songs in Halabja!
Halabja Concerts was organized by Goethe-Institut Irak in collaboration with Directorate General of Arts and Culture in Halabja.



Institut Kurde de Paris







کۆتایی

خوێنەری بەڕێز ئەوەی کە نوسراوە لە بیرەوەری موزیک و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان و عێراق بەگشتی و هەڵەبجە بەتایبەتی، کە لەسەرەتاکانی شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە دەستپێدەکات تادەگاتە مانگی پێنجی دووهەزارو بیست و دوو، پشتم بەچەند شتێک بەستووە، یەکەمیان هەندێ لەو بیرەوەرییانە کاتی خۆی یاداشتم کردووە، بەهۆی بارودۆخی سیاسی هەڵەبجە، بەشێک لەو یاداشتانەم فەوتاوە لەگەڵ زۆر شتی تردا، بەشێکی تریشی پشتم بەستووە بەزاکیرەی خۆم، واتە ئەوەندەی بیرم مابێت هەوڵم داوە ئەو رۆژانە بخەمە ناو ئەم کتێبەوە بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە دنیای هونەر بەگشتی و موزیک بەتایبەتییەوە هەبێت، بەشێکی تریشی پەیوەندی بە چاودێریکردن و خوێندنەوەی خۆمەوە هەبووە لەرابردوودا و زانیاریم لەسەر کۆکردۆتەوە، وەک مێژووی تەلەفیزیۆن و رادیۆ و دنیای هونەر و راگەیاندن و کاریگەری لەسەر من، هەوڵم داوە جگە لە بیرەوەری زانیاری بەخوێنەر بگەیەنم.

لەکۆتایی کتێبەکەدا هەستم بەوە کرد بە ئەرکێکی قورس هەستاوم، بەوەی تا رادەیەک توانیومە موزیکی شارێکی گەورەی وەک هەڵەبجە دۆکۆمێنت بکەم، کە من زیاتر لە نیو سەدە تیایدا ژیاوم و ڕۆڵم هەبووە لەپێشخستنی موزیکی کوردی ئەم شارە. بۆ ئەوەی نەوەی کۆن و نوێ بزانن رابردووی ئەم شارە لە سەردەمە جیاوازەکاندا ئاستی هونەر بە گشتی و موزیک بە تایبەتی چۆن بەڕێکراوە و گەنجانی ئەم شارە فەرهاد ئاسا ڕووبەڕووی ئاستەنگ و لەمپەرەکان بوونەتەوە و تا رادەیەکی باش توانیومانە پێشەنگیش بین. لەم کارەیشمدا دەکرێ ناوی هەندێ کەسم نەبردبێت بێگومان بە ئەنقەست نەبووە و هێندەی بیرەوەری و تەمەن یارمەتی دابم هەوڵم داوە مافی کەسم نەخواردبێت، ئەگەر مافی کەسێک بیرچووبێت خۆشحاڵ دەبم بە نووسین یا بە ئاگادارکردنەوەم پەیوەندیم پێوە بکات تا لە چاپێکی دیکە یا بە نووسینێک مافەکەی بۆ بگێڕمەوە.

لەکۆتاییدا هیوادارم وەک چۆن گوێگران و بینەران لەرابردوو و ئێستادا چێژیان لەبەرهەمەکانی تیپی موزیکی شنرۆێ وەرگرتووە، بەهەمان شێوە، هەم چێژ هەم سوود لەم کتێبەش وەربگرن.

ئازاد سالّح ٦/ ٩/ ٢٠٢٢

Institut Kurde de Paris

Institut kurde de Paris

بەشی دووەم

وتار و لێکۆڵینەوەو چاوپێکەوتن لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان

Institut Kurde de Paris

Institut kurde de Paris

تیپی مۆسیقای هەڵەبجەو چەند سەرنجێک

کەباسی گۆرانی و مۆسیقا ئەکەین لە هەڵەبجەدا ئەبێت بگەڕێینەوە بۆ ساڵانی بەر لە ئێستا، ئەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو کاتەی کە کوڕو کاڵ و پیاو و ژن لە ڕۆژانی بەهاراندا هەموو بەرەو گوڵان و چەمی گوڵەبۆزو باخی میرو کانی ماران و کانی شێخ و باسی شمشاڵەکەی مینەو دەنگی خولەی شێلاری بکەین و ڕەشبەڵەک و کۆڕی شاعیرانی وەک ئەحمەد موختارجاف و تایەر بەگ و گۆران و ع.ع.شەونم و عەلی باپیر ئاغا.. بەڵێ ئەم سروشتە جوانە تێکەڵ بە هەست و نەست و جۆش و خرۆشی خەڵکی ئەم شارە بووە و هەستی بزواندوون و چی لە دڵیاندا هەبووە بە هەڵبەست و گۆرانی دەریان بڕیوە.

ئەوەبوو لە ساڵانی ٥٨-٦١ تیپی نواندن دروستبوو، وەچەندین شانۆگەرییان پێشکەش کرد، یەکێک لەوانە مەم و زین بوو، کە دەرهێنەرەکەی مامۆستا ع.ع.شەونم بوو، پاشان باری ناهەمواری کوردستان ئەو جۆش و خرۆشەی لەناوبرد و شاردییەوە تا ساڵانی حەفتا، ئەوە بوو چەند تیپێکی نواندن پێکهات وە لەگەڵیاندا تیپی مۆسیقای هەڵەبجە دروستبوو، بەهاوکاری چەند لاوێک هەر چەندە هیچ کەس نەبوو یارمەتیان بدات، وە لە ٢٦-٤-١٩٧٣ دا ئەم تیپە پێکهات، وەچەند ئاهەنگێکی ساز کرد لەهەڵەبجەو دەورپشتی (تەوێڵەو خورماڵ و پێنجوێن) وە چەند گۆرانی بێژێک بەشداری لەگەڵ دا کرد وەک عومەری خەزان و سیروان عەلی و ئازاد مەحمود وە لەیادە نەتەوەییەکاندا بەشداریان ئەکرد وە چەند سروود و گۆرانییەکی تازەیان پێشکەش کرد، چەند ئافرەتێکیش بەشداریان کرد بە شێوەی کۆرس و گۆرانی بێژ.

پاشان ئەم تیپە لەکارکردن وەستاو ئەندامەکانی پەرەوازە بوون و ئەندامەکانی هەندێکیان ئێستا لە تیپەکانی سلێمانیدا هاوبەشی ئەکەن و ئەوانی تر بەهۆی باری تایبەتەوە دوورن لە شارەکە.

Institut kurde de Paris

ئەوەبوو ساڵی ١٩٧٦ توانیمان ئاهەنگێکی بچکۆلە بگێڕین بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بە بێ بەرامبەر، وە هەر لەم ساڵەدا هەوڵدرا بۆ ئەوەی بەشێکی کۆمەڵ و هونەر و وێژەی کوردی لقی سلێمانی بکەینەوە بەڵام کەس نەیزانی چی بەسەرهات؟ جا لەبەر ئەم هەیە یارمەتیدانی هونەرمەندان بۆ دروستکردنی ئەم تیپە هەنگاوێکە بۆ پێشخستنی هونەری کوردی، چونکە ئەم ناوچەیە زۆر دەوڵەمەندە بە کەلەپوری نەتەوایەتی کوردییەوە.

ئازاد صاڵح – ئەندامی تیپی مۆسیقای هەڵەبجە - مانگی ١٠ی ١٩٧٧



تیپی مۆسیقای هەڵەبجە وچەند دەسەرنجێک

جا لەبەر ئەم هۆیە یارمەتی دانی هونەرمەندان بۆ دروستکردنی ئەم تیپە هەنگاوێکە بۆ پێشخستنی هونەری کوردی چونکە ئەم ناوچەیە زۆر دەوڵەمەندە بەکەڵەپوری نەتەوایەتی کوردییەوە.

ئازاد حمە صالح
ئەندامی تیپی مۆسیقای هەڵەبجە

توانیمان ئاهەنگێکی بچکۆلە بگێرین بۆماوەی دوو ڕۆژ بەخۆڕایی وهەرلەم ساڵەدا هەوڵدرا بۆ ئەوەی پشێکی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی لقی سلێمانی بکەینەوە بەڵام کەس نەیزانی چی بەسەر هات ؟

Institut kurde de Paris

ڕۆژنامەی هاوکاری

هونەرمەندێکی میللی لێهاتوو کە گوێت لەدەنگی شمشاڵەکەی ئەبێ، دەروێش عەبدولاڵی پاڵەوانی تۆمارە هەرە نەمرەکەی (گۆران)ت بیرئەخاتەوە، خاڵە مینەو شمشاڵەکەی، خاڵە مینەو خۆشەویستی ئاوازو هونەری وجوان، ئاوازی کوردی رەسەن...

چاوم پێی کەوت قسەم لەگەڵ کردو بۆم دوا، بە شمشاڵەکەی ئاوازی خۆشی دا بەگوێما..

ئەم هونەرمەندە میللییە، خاڵە مینەیە کە رۆژگارێکی زۆرە سەرگەرمی ئەم کارە پیرۆزەیە و هەزاران کۆڕی شاعیران و ئەدیبانی کوردی وەک ئەحمەد موختارو تایەربەگی گەرم کردووە، هەروەک خۆی وتی ئاهەنگ نەبووە بەشداریم تیا نەکردبێت، هونەرمەند نەمامی باخی ژیانی بەرەوسیس بوون نزیک بووەتەوە، پیری دەستەویەخەی وەستاوەو چنگی لەگەرووی لاوی گیر کردووە.

لەسەر بەردێک کزۆڵەی کرد و کۆچانەکەی کە تاکە هاوڕێیەتی لە تەنیشت خۆیەوە داینـاوە، لەپاش کەمێک حەسانەوە حەزم کرد ئەو خۆی بەهەموان بناسێنێ؟

هەناسەیەکی هەڵکێشاو وەک یادرگارێکی کۆنی بەبیردا هاتبێتەوە وتی ناوم حەمە ئەمین کۆڕی عەبدولکەریمە لەبیاوێڵە نزیک هەڵەبجە لەدایک بووم.

بەڵام کە پرسیارم لێکرد دەربارەی سااڵی لەدایک بوونی وەک زۆر لە پیرانی کورد ساڵەکەی نەزانی، بەڵام تەنها شتێک کە لەبیری بوو سەفەربەرلک بوو.

هەروەکو خۆی وتی تەمەنی نزیکەی حەفتاو هەشت ساڵ ئەبێت، وەک هەموو منااڵێکی تری کورد سەرەتای ژیانی بەشوانی و بەرگەوانی بەسەربردووە لەدەوروبەری بیاوێڵە لەبەر ئەوە بەناچاری پەنایان ئەبردە بەر هەندێ کار بۆ رۆژگار بردنەسەر.

هونەرمەند وتی پیاوێکم لەگەڵ بوو، ناوی حەمە ئەمین بوو، شمشاڵی زۆر جوان ئەزانی، هەموو کاتێ خۆمم لێوە نزیک ئەکردەوە و سەرنجم ئەداو تەنها ئاواتم ئەوەبوو کە رۆژێک بێت منیش بتوانم وەکو ئەو شمشاڵ لێ بدەم.

لەبەر ئەوە لە قامیش شمشاڵێکم دروست کرد، کەوتمە فوپیاکردنی بەڵام

Institut kurde de Paris

پچڕپچڕ بەردەوام بووم، ئارەزووم بۆ شمشاڵ زۆربوو، ئینجا وردە وردە گۆرانییەکانی نیشان ئەدام و منیش بەدوای ئەودا لێم ئەدا.

ئەوەی شایانی باسە هونەرمەند بۆ هەر کونێک لە کونەکانی شمشاڵەکەی کە بریتیە لە شەش کون، ناوێکی تایبەتی بۆ داناوە بەم شێوەیە:

١ـ فەتاح پاشایی ٢ـ ئەحمەد بەگی ٣ـ هەواڕە لانکێ ٤ـ کەتان لەمل ٥ـ قلیجی ٦ـ مەملی مەمانە مەمۆ. وە ئەوەش بەپێی دەنگەکانی مۆسیقا کە ئێستا بۆی دانراوە (دۆ، ڕێ ، مـی، فـا، صـولّ، لا، سـی) ئەگرێتەوە. زۆربەی ئەم ئاوازانە گۆرانی فۆلکلۆرین بۆ ئەوەی شارەزای کونەکان بێت و لەیەکیان جیابکاتەوە.

لەگەڵ حەسەن زیرەک لە ئاهەنگێکدا لە هەڵەبجە بەشداری کردووە، بەڵام زۆربەی ژیانی لەماڵی ئەحمەد موختار جافدا بەسەربردووە وە شمشاڵ ژەنی بووە، هەر لەبەرئەوە بووە مەقامێکی بەناوی ئەحمەد بەگەوە داناوە، کاتێ ئەحمەد بەگ کوژرا، ئەمیش توشی گەلێ سزاو ئاوارەیی بووە، ماوەی دوو ساڵ لە ئێران گیراوە بەهۆی بەشداربوونی لەگەڵ ئەحمەد موختار جافدا.

لەبەر ئەوە خاوەنی هونەرێکی بەرزە، زۆر لای خەڵک خۆشەویستە، وە تائێستاش خەڵک زۆر پێخۆشحاڵن ئەگەر لەلایان دانیشێت، وەکاتێ پرسیارم لێکرد دەربارەی گۆرانی بێژانی کورد زۆر بەڕێزەوە سەیری مامۆستا عەلی مەردانی ئەکرد، گۆرانی هەورامیشی بەدڵە.

وە بۆ ئەوەی ئەو هونەرە بەرزەمان لەدەست نەچێت بەهیوام کاربەدەستان ئاوڕێک لەکەسانی وەک ئەم هونەرمەندە میللییە بدەنەوەو بە پێی توانا بەدەنگییەوە بچن، هونەرمەندەکانی مۆسیقای سلێمانیش بانگکراون ئاوازی ڕەسەنی کوردی لەم کابرا هونەرمەندە گەورەیە وەربگرن و بیژێننەوەو چاویشیان لەخاڵە مینە مرۆڤ بێت.

تێبینی/ ئەم چاوپێکەوتنە لە ڕۆژنامەی هاوکاری لە ١٢/١/ی ساڵی ١٩٧٧ بڵاوکراوەتەوە، کە لە ئامادەکردنی هێرش محەمەد ئەمین بوو، ئەوی راستی بێت من وەک ئازاد صاڵح لەگەڵ کاک هێرش ئەم چاوپێکەوتنەمان ئامادەکردووە لە هەڵەبجە، بەڵام دەبوو بەناوی کاک هێرشەوە بڵاوبکرێتەوە، چونکە ئەوکات ئەو پەیامنێری ڕۆژنامەی هاوکاری بوو.

Institut Kurde de Paris

هونەرمەندە موسیقیدەکانمان بانگکراون بۆ ئامینی موسیقای کوردی رەسەن :

هێندۆ و شمشالەکەی



هونەرمەندێکی میللی‌ئاهەنگ ، کە گوێت لەدەنگی شمشالەکەی نەبێ ، (دەرویش‌عبدالله) ی پالەوانی نۆمارە هەرە نەمرەکەی « گوران »ت نەخاتەوە بیر ، خالە هێندۆ شمشالەکەی خالە هێندۆخۆشەویستەو ناوازو هونەری جوانی ، ناوازی کوردی رەسەن ..

چاوم پێی‌کەوت .. قسەم لەگەڵکرد و بۆم دوا .. بشمشالەکەی ناوازی خۆشی دابەکویما ...

ئەم هونەرمەندە میللیە .. خالەمینەیە کە رۆژگارێکی رۆژە سەرگەرمی ئێمە کارەبرۆزەیەو هەزاران کۆژی شاعیرانو ئەپیانی کوردی وەک ئەحمەد موختار بابەکر، کەگەرم کردەو .. هەروەک خۆی وتی ئامەتک بەبۆ بەشدارم تیا نەکرد بێت . هونەرمەند ئەمامی باجی ژیانی بەرەو سیس‌بوون نزیک بوونەتەوە ، پیری دەستەوپەخەی وەستاوەو چنگی لێ گیرکردوە .

لەسەر پەردێک کۆژڵەی کردو کۆچانەکەی کە ئاکە هاوڕێیەکی لە تەنیشت خۆیەوە دانابوو ، لەبەرئی کەمن حەسانەوە . جەزمم کرد ئەو خۆی بەهەمووان بناسێنێ ؟

هەر باسەیەکی هەڵکشێ و وەک یادگارێکی کۆنی پەیرەوا هاسێنەوە وتی ناوم لێ‌نەنێن کۆری عەبدول کەریمە لە دێی بیاوانە بریک هەڵبەجەلە دایک بووم .

بەڵام کە پرسیارم لێکرد دەربارەی ساڵی لەدایک‌بوونی وەکو رۆژ لە بیرانی کورد ساڵەکەی نەزانی بەڵام تەنها شتێک کە پیری بوسەدەر پەڵک بوو .

هەروەکو خۆی وتی تەمەنی نزیکەی ٧٨ ساڵ نەبێت وەک هەموو هەڵبکەی‌تری کوردە

« شیعری نوێ‌و تاقی‌کردنەوە »

یەکێتی نووسەرانی کورد ـ لقی هەولێر ، لە سەعات چواری نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممەی رێکەوتی ١٥ـ١٢ـ١٩٧٧دا ، کۆڕێکی ئەدەبی ، لە هۆڵ لاوانی هەولێر لەگەڵ‌مکی سێناقان ساز دەکاتو شاعیری لاو عەبدوڵلا عەبباس بانگ دەکات بۆ پێشکەش کردنی لێ‌کۆڵینەوەیێکی ئەدەبی فراوان بەم ناونیشانەی سەرەوە هەموو ڕۆشنبیرو ئەدەب دۆستێک بانگ کراون بۆ ئامادە بوون لەو کۆڕەدا .

دەستەی پەروێزەیەری
یەکێتی نووسەرانی کورد ـ لقی هەولێر

هەواڵێکی زانستی

چارێ نەخۆشی دەرخت

لە ژاپۆن رێکابەکی زانستی دۆزراوەتەوە بۆ چارێ نەخۆشی داری سنەوبەر، ئەویش بە گەیاندنی شەپۆل کارەبای موگناتیسیەوە کە گرمی ناو دارەکە نەکۆڕێ ئایەڵی ئەو کرمانە دارەکە ئاوبەرن .

ئەم رێکابە دوای ئەوە دۆزراوەتەوە کە کرم داوبەتیە هەڵدێ داری سنەوبەر وە داری سنەوبەرێش کەمرسیەکی بنەڕەتسی دروست کردنی خانوە لە زایەن .

سەرەتای ژیانی بەشوانی‌و بەرگەڵەوانی بەسەربردوە لە دەوری بیستانێک لەبەر ئەوە ناچار بەئایان ئەبردە بەر هەنەدێ کار بۆ ڕۆژگار بردنەسەر .

هونەرمەند وتی : بیاوتکم لەگەڵدا بوو ناوی حمە ئەمین پوشمشالی ڕوز جوان ئەژانی هەموکاتێ خۆم لێوە نزیک ئەکردەوەو سەرنجم ئەدایو تەنها ئاواتم ئەوەبوو کە ڕۆژێک پێت مێشێ بتوانم وەکو ئەو شمشال لێبدەم .

لەبەر ئەوە لەفەرمیس شمشالێکم دروست کردو کەوتمە فووپێاکردنی بەڵام بچڕ بچڕەو بەدەمم بوونەوو ئارەزووم لەشمشال خڕا مێز بووم ، لێنجا وردە وردە گۆرانیەکانی نیشان ئەدا‌و مێشی بەدوای ئەوەدا ئێم ئەدا .

نەوەی شاپەنی باسە هونەرمەند بۆ هەرکوێنک لە گۆنەکانی شمشالەکەی کە بڕیتیە لەشەش کون ناوێکی تایبەتی بۆ دانراوە بەم شێوەیە : ١ ـ فەتاح باشایی . ٢ ـ ئەحمەد بەگی . ٣ ـ هەوارەلانگی . ٤٠ ـ کەتان لەعل . ٥٠ ـ فلیچی ٦ ـ مەملی مەمانە مەمۆ . وەکوتش بەبێ دەنگەکانی مۆسیقایە کە ئێستا پڕی دانراوە (دۆ ، ڕێ . می . فا . سۆل . لا . سی) ئەگرتەوە . ڕۆژ بەی ئەم ئاوانە گۆرانی فۆلکلۆرین بۆ نەوەی شارەزای گونەکان بێتەو لە یەکیان چیا بکاتەوە .

لە کۆل حەسەن زیرەک نامەنکێکدا ئێمە هەڵەبچە بەشداری‌کردوە . بەڵام ڕۆژبەی




ئەم هونەرمەندە ژیانی بەسەرچوە بەبێ ئەوەی هیچ کەس ئاگاداری ئەو بێت . ئەو ئەمانەوێ ئەو هونەرە لەبیر بچێتەوە . ئەو ئەیەوێ ئەو هونەرە بەکەسانی تر بگەیەنێ . ئەو ئەیەوێ ئەو هونەرە لەگەڵ خۆیدا نەبات بۆ گۆڕ . ئەو ئەیەوێ ئەو هونەرە بەکەسانی بدات کە بەڕاستی ئەیانەوێ و ئەیپارێزن .

« بیاڤانی گۆرانیبێژ »

(جۆن کۆزکۆ) ی هاوڕێی دڵسۆزی ، دەربارەی دەڵێت :

(وەک بڵێیت ئەو خانو بیاف نیە گۆرانی دەڵێت : بەڵکوو یارانەودا دەبارێت .. بایەو هاژەی دێت .. تیشکی مانگەو باڵ ئەدات بەبەردا ..)



ڕۆژ کەس هەن (بیاف)یان بە دەستەوە نەبان تاسیرە ئەوە سەرنجی جیهانی ڕاکێشابوو ، بایەخێکی زۆریشی بن نەدرا و بێتاش هەر ئەو بایەخ بێندانەی پێ دەبێت . لەبە دەروونی فەرەنسایی بەکانو خەڵقانی تری چوار گۆشەی جیهان‌دا دەنگ نەداتەوە .

ئەو ئافرەتەش (ئیدیت بیاف)ی گۆرانیبێژە کە هێشتا هەر لە دڵ دەروونی گونکران‌دا دەژیت . لەم دواییەدا‌وەبەوتەی تێبەڕبوونی چوارەە ساڵ بە سەر کۆچ کردنیدا ، لە شاری پاریس پیشانگایەکی تایبەتی لە سەر کرایەوە . مۆزەخانەی کەشی بە ناوی (مۆزەخانەی بیاف)ەوە دەگرێ خرایە سەرپشت (دیئیس لاسیۆن)ی خۆشکیشی گێبیکی لە سەر بڵاو کردەوە لە کاتێک‌دا تەلەفزیۆنی فەرەنسا پڕۆگرامێکی درێژی لە سەر بیاف بە بۆنەی‌یادی کۆچ کردنیەوە پیشان‌دا .

دەزیرەوە .
چی نووسراوە دەربارەی کورد ؟

● پورە فەرەنگیز : ئۆ ئەشیمەکەی ... بن بڕیسس ، هینەکەی حۆت بدە بە نیسە

● چاپکراوی نوێ

هروا‌ربەلا لەشێری گلاسیگیماندا

ئەو گۆڵانەی دەشت‌و کێوانە بەرەو سامانی دل .

کۆچی دوایی خاڵە مینە. مانگی ٢ی ساڵی ١٩٧٨

هونەرمەندی میللی لێهاتوو، کە گوێت لەدەنگی شمشاڵەی ئەبێ و دەرویێش عەبدوڵای پاڵەوانی هەڵبەستە هەرە نەمرەکەی (گۆران)ت بیر ئەکەوێتەوە، (خاڵە مینە) و شمشاڵەکەی، خاڵە مینە خۆشەویستییە و ئاواز و هونەری جوان، ئاوازی کوردی رەسەن.

کە کاک (هێرش محەمەد ئەمین) نوسراوەکەی دەربارەی (خاڵە مینە)ی بۆ هێنام و بۆی باسکردم، چ هونەرمەندێکی مەزنە، ئەو چەند دێڕەی سەرەوەم کردە پێشەکی نوسراوەکەی کاک هێرش و لە هاوکاری ژمارە (٤٠١) بڵاوکرایەوە، ئەوەشم لەبیر نەچوو، کە لەسەرەوە ناونیشانەکە بنوسم (هونەرمەندە مۆسیقییەکان بانگکراون بۆ ناسینی مۆسیقای کوردی رەسەن: مینەو شمسالەکەی)

ئێوارەی ١٩٧٨/٢/٧ زەنگی تەلەفۆن لێیدا، هونەر دۆستێ لە سلێمانییەوە ئەم هەواڵەی گەیاند (ئەو هونەرمەندە میلییەی لە ژمارەی رۆژی ١٩٧٧/١٢/١ دا بە خوێنەرانی کوردستانتان ناساند، شەوی ٤/٣ی/ ١٩٧٨ کۆچی دوایی کرد)

خاڵە مینەی شمشاڵ ژەن کۆچی دوایی کرد، نەمناسیەوە، نەمبینیوە، دوای نوسینەکەی (هاوکاری) بەڕێکەوت لای دۆستێک بەهونەری مۆسیقای میللی گوێم لە شمشاڵەکەی بوو، زۆرم پێخۆش بوو، ئەو پێشەکییەم پڕ بە پڕی هونەرەکەی خاڵە مینەبوو، ئەگەر کەمتریش نەبووبێ...

شمشاڵەکەی خاڵە مینە خۆشەویستیەو ئاوازو هونەری جوان..

ئیدی خاڵە مینە کۆچی دوایی کردو شمشاڵەکەی کەوتە لاوە، خاڵە مینە کە تۆ ئێستا لەپارچەیەک زەوی دەشتی شارەزوور راکشاوی و نامەوێ گلەیی لە هونەرمەندە مۆسیقازانەکانمان بکەم ، بەڵکو دوای (هاوکاری) ژمارە (٤٠١) هاتینە لات و دوای ئەم کۆچە بێ وادەیەشت لەیادت نەکەن.

بەهرە

تێبینی / بەهرە، ناوی خوازراوی عەبدوڵا عەباس بوو.

Institut Kurde de Paris

کۆچی دوایی خـانە مینە



● (هونەرمەندێکی میللـــی لێهاتوە ، کە گوێت لە دەنگی شمشاڵەکەی ئەبێ « دەروێش عبدالله »ی پاڵەوانی هەڵبەستە هەرە نەمرەکەی « گۆران »ت بیر ئەکەوێتەوە، « خانەمینە »و شمشاڵەکەی « خانەمینـــە » خۆشەویستیەو ئـــــاوازو هونەری جوان ، ئـــاوازی کوردی رەسەن) ٠

● کە کاك « هێرش محمد ئەمین » نوسراوەکەی دەربارەی « خانەمینە »ی بۆ هێنـــام‌و بـــۆی باسکـــردم ، چ هونەرمەندێکی مەزنە ، ئـــەو چەند دێڕەی سەرەوەم کـــردە پێشەکی نوسراوەکەی کـــاك « هێرش » و لە « هاوکاری » ژمارە (٤٠١)دا بڵاوکرایەوە ، ئەوەشم لەبیرنەچوو ، کە لە سەرەوە ناونیشانەکە بنوسم (هونەرمەندە مۆسـیقیەکان بانگکراون بۆ ناســـینی مۆسیقای کوردی رەسـەن : مینەو شمشاڵەکەی) ٠٠

● ئێوارەی ٧ـ٢ـ١٩٧٨ زەنگی تەلەفۆن لێیدا ، هونەر دۆستێ لە سلێمانیـــــەوە ئەم هەواڵـــــەی گەیانـــد (ئەو هونەرمەندە میللییـــەی لـــــە ژمـــارەی رۆژی ٨ـ١٢ـ١٩٧٧دا بە خوێنەرانی کوردستانتان ناســـاند ٠٠ شەوی ٣ـ٤ی ـ٢ـ١٩٧٨ ٠٠ کۆچی دواییکرد) ٠٠٠

● « خانە مینـــــە »ی شمشاڵ ژەن ٠٠ کـــۆچی دوا دەایی کرد ٠٠ نەمناسیەوە ٠٠ نـــەمبینیـــــوە ٠٠ دوای نوسینەکەی « هاوکاری » بـــا رێکەوت ٠٠ لای دۆستێك بـــا هونەری مۆسیقای میللـــی گوێم لە شمشاڵەکەی‌بوو ٠٠٠ زۆرم پێ خۆش‌بوو ٠٠ ئـــەو پێشەکیەم ٠٠٠ پڕ بەپـــڕی هونەرەکەی ٠٠٠ خانـــــە مینەبوو ٠٠ ئەگـــــەر ٠٠ کەمتریش نەبوبێ ٠٠٠

شمشاڵەکەی خانە مینە ٠٠ خۆشەویستیەی ئاوازو هونەری جوان ٠٠

وەٕ٠٠ وا ٠٠ خانە مینە ٠٠ کۆچـــی دوایی‌کـــرد ٠٠ شمشماڵەکەی کەوتە لاوە ٠٠ « خانە مینە » کە تۆ ئێستـــا لە پارچەیەك زەوی دەشـــتی شارەزور راکشاوی‌و نامەوێ گەیی بکەم لە هونەرمەنـــدە مۆسیقازانەکانمان بەڵکو ٠٠٠ دوای « هاوکاری » ژمـــارە (٤٠١) هاتبێ لاتو دوای ئەم کۆچە بێ وادەیـــەشت ٠٠٠ لەیادت نەکەن ٠٠

بـــەهرە

Institut kurde de Paris

ئاهەنگێکی هونەری لە هەڵەبجە

رۆژی یەکشەمە ڕێکەوتی ١٩٨٣/٢/٦ تیپی مۆسیقای شنرۆێ و تیپی نواندنی هەڵەبجە ئاهەنگێکیان سازکرد لە هۆڵی سینەمای هەڵەبجە بۆ ماوەی شەش رۆژ، لەم ئاهەنگەدا چەند گۆرانییەک پێشکەش کراو گۆرانی بێژی میللی (محەمەد ئیبراهیم عەبدول) گەرمکەری ئاهەنگەکە بوو، هەروەها گۆرانی بێژی ناوچەی هەورامان عوسمان گەچێنەیی بەچەند گۆرانییەک ئاهەنگەکەی رازاندەوە و هونەرمەندان چەند گۆرانییەکیان پێشکەش کرد.

دوابەدوای ئەمان تیپی نواندنی هەڵەبجە شانۆگەری (کێشە)یان پێشکەش کرد لەنوسینی سەلاح حاجی عەلی و دەرهێنانی بۆ سەر شانۆ : کامەران ئەحمەد بوو.

تێبینی / ئەم هەواڵە هونەرییە لەلایەن ئەحمەد عەبدولڕەحمان ئامادەکراوەو لە ١٩٨٣/٣/٣ لەرۆژنامەی هاوکاری بلاوکراوەتەوە.


ئاهەنگێکی هونەری لە هەڵەبجە

رۆژی یەکشەمە ڕێکەوتی ٦-٢-١٩٨٣ تیپی مۆسیقای شنرۆێ و تیپی نواندی هەڵەبجە ئاهەنگێکیان سازکرد لە هۆڵی سینەمای هەڵەبجە بۆ ماوەی شەش رۆژ ، لەم ئاهەنگەدا چەند گۆرانیەک پێشکەشکراو گۆرانی بێژی میللی محمد ابراهیم عبدول گەرمکەری ئاهەنگەکە بوو ، هەروەها گۆرانی بێژی ناوچەی هەورامان عوسمان گەچێنەیی بە چەند گۆرانیەک ئاهەنگەکەی رازاندەوەو هونەرمەندان چەند گۆرانیەکیان پێشکەشکرد .

دوا بەدوای ئەمان تیپی نواندی هەڵەبجە شانۆگەری (کێشە)یان پێشکەش کرد لە نوسینی صلاح حاجی عەلیو دەرهێنانی بۆ سەرشانۆ کامەران احمد بوو.

احمد عبدالرحمن

Archive kurde de Paris

شارستانیەتی مرۆڤایەتی بەهەوڵ و کۆششی میللەتان بونیاد نراوە، هەر نەتەوەیەک بەپێی گونجاندنی باری ئابوری و رامیاری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی خۆی بەشداری تێدا کردووە.

لەبواری ئەدەب و هونەریشدا کە سەرچاوەی ژێرخانە ئابووریەکەیەتی، بیری مرۆڤایەتی ئاوێزانی یەکدی بووە بۆ داهێنانی ئەدەب و هونەری جیهانی.

هەر نەتەوەیەک بەپێی رۆڵی مێژوویی خۆی، یۆنانییەکان رۆڵێکی گرنگیان دیوە بۆ پێشکەوتنی زانست، فەلسەفە، مەنتیق، مۆسیقا، شانۆ... هتد، بەهەمان شێوە بابلییەکان لەداهێنانی نوسی، فیرعەونەکان لە ئەهرامەکان، ئاشوورییەکان، ساسانییەکان، پاشانیش شارستانیەتی ئیسلامی.

تەنانەت تێکەڵبوونی ئەو شارستانیەتە لەبواری هونەری مۆسیقا و گۆرانییدا بووە هۆی داهێنانی نوسینی نۆتەی مۆسیقا، هەروەها داهێنانی چەندەها ئامێری مۆسیقا وەک (قانون، ساز، عود، رەباب، گیتار، هارپ) پاشانیش بەهۆی بەشداری کردنی کەنیسە. ئەوروپا لەمۆسیقدا چەندەها ئامێری دی وەک ئۆرگۆن، پیانۆ وە چەندەها ئامێری ژێداری دی هاتە کایەوە.

دەتوانین بڵێین وابەستەیی کورد بەشارشتانیەتی رۆژهەڵاتەوەو پاپەندبوونی بەئاینی زەردەشتەوە رۆڵێکی گرنگی هەبووە لەبەرەوپێشچوونی هونەرکەیدا، هەربوونی مۆسیقاو گۆرانی لە ئاتەشکاکاندا تا دەگاتە بواری کارکردن و بۆنە کۆمەڵایەتییەکانی دی، تەنانەت هاوسێ بوونی کورد لەگەڵ (فارس، تورک، عەرەب) بەشێوەیەکی ئاشکراو دیار کاری کردۆتە سەر هونەرەکەی، تەنانەت لەبەکارهێنانی ئامێرە مۆسیقییەکانی وەک (سەنتور، ساز، عود، قانون)و ئاوێتەبوونیان لەگەڵ ئامێرە مۆسیقا کوردییەکان وەک (باڵەبان، شمشاڵ) بەڵکو بوونی کورد بەنەتەوەی ژێردەست هونەرەکەشی پەرتکراوە و فەرهەنگی کوردی وابەستەی هونەری (فارس، عەرەب، تورک) بووە، بەڵکو سامانێکی هونەری

Institut Kurde de Paris

لەدەستدا، بەوەی کە میللەتانی سەردەست خۆیانیان کرد بەخاوەنی هونەرەکەیی و بە سامانی میللی خۆیانیان دانا، بەڵام لەگەڵ ئەم بارە ناهەمواردا بەدرێژایی مێژوو لەم لاو لەولا مرۆڤی کورد هەوڵیداوە شان بەشانی خەباتی شۆڕشگێڕی هونەرەکەی بپارێزێت و لەناو نەچێت، ئەویش بەهۆی چەند کەسانێکەوە چ لە رۆژهەڵاتی کوردستان یان باشور یان باکور.

بۆیە پێویستە بۆ مێژوو هەوڵ و کۆششی ئەو سەربازە نادیارانە لەیاد نەکەین و لەمێژووی هونەری کوردیدا تۆماریان بکەین، چونکە رۆڵێکی گرنگیان دیوە بۆ پەرەپێدانی هونەری گۆرانی کوردی.

یەکێک لەو گروپانە خێزانی (کامکار)ە، کە سااڵنێکی دوور و درێژە ئەسپی خۆیان لەم بوارەدا تاوداوە، تا ئێستاش بەردەوام کاری هونەری دەکەن.

ئەو کەسەی ئەم خێزانەی فێری خۆشەویستی مۆسیقا کردووە، باوکی ئەم خێزانەیە کە هەشت کوڕ و کچێکی عاشقی مۆسیقا کردووە، ئەم هونەرمەندەش مامۆستا (حەسەنی کامکار)ە.

بەڵێ مۆسیقا هێندە هونەرێکی شایستەو والێیە کە پاپەندی هیچ تویژو چینێک نییە بەتایبەتی خۆی بزانێت، بەڵکو کەسانێک کە خولیایەکی خۆڕسک و بەهرەیان تێدایە دەتوانن لەو دەریا بێ بنەدا مەلەوانی بکەن، کوردستانی رەنگینیش بەدیمەنی جوانی ـ ژیانی ساکاری کۆمەاڵیەتی ـ فۆلکلۆری پڕ باری (١) لەگۆرانی و مۆسیقا کە نەوەکان سینە بەسینە دەماودەم یەک لە دوای یەک بەجێیان هێشتووە.

حەسەنی کامکار لەساڵی ١٣٠٢ ک ــ ش ، بەرامبەر ١٩٢٣ز لەشاری سنە لەدایک بووە، هەر لەمناڵییەوە خولیای مۆسیقا بووە، بەجۆرێک کە زۆربەی ئاواز و گۆراییەکانی لەبەرکردووە، خۆی دەڵێ: (یەکەمین پردی پەیوەندی نێوان ئەم و هونەری مۆسیقا بەهۆی (سەتار) ژەنێکی نابیناوە بووە بەناوی (عەلی خان) کە کاکی کامکار دەڵێت (بەماندووبوون و گیروگرفتێکی زۆرەوە چەند پولێکم کۆکردەوە ئامێرێکی (تار) لەعەلی خان کڕی، بەنهێنی خۆم رادەهێنا هەرچەندە چەند جارێک باوکم و کەسانی تری خێزانەکەم لەدوور و نزیک سەریان دەشکاندم لەبەر ئەوە نەبوو کە من ئەو سازەم پەیدا کردبوو، بەڵکو دەیانویست کە خۆم بەکاری ترەوە خەریک بکەم) بەڵام پاش تەمەنی ١٢ساڵی، بواریکی

Institut Kurde de Paris

چاوەڕوان نەکراو بەهانایەوە دێت و لە خوێندنگەی سەربازی دادەمەزرێت، ئەویش کە تەنها جێگایەک بووە لەچاو سوورکردنەوەی باوکی دەربازی دەبێت و ئەو سۆز و خۆشەویستییەی بۆ مۆسیقا هەیبوو بێتەدی و پاشانیش بەو خۆشەویستییە بۆ مۆسیقا منالّەکانی پەروەردە بکات.

حەسەنی کامکار بێجگە لە ئامێری تار کە خۆی فێری بووبوو، لەدەستەی مۆسیقای سوپا لەگەڵ چەندەها ئامێری (بادی) ئاشنایی پەیداکردووە، پاش پانزە ساڵی رووی کردۆتە ئامێری وایلۆن(کەمان) و شارەزایی تێدا پەیداکرد.

کامکار لەم کاتەدا بەدواوە رووی کردە کۆکردنەوەو نوسینەوەی جۆرەها گۆرانی فۆلکلۆری کوردی کە پتر لە ٤٠٠ گۆرانی کۆکردەوە ئەو کاتانەی کە کەم کەس بیریان لەم کارە دەکردەوە. وە بەماندووبوونی شەوانە و رۆژانی توانی چەند خولێکی فێربوون بکاتەوە، پاشان بوو بە پەیمانگای هونەری لەشاری سنەو توانی چەندەها مۆسیقاژەن پێبگەیەنێت، لەوانە هەشت کوڕو کچێکی، هەروەها زۆربەی هونەرمەندانی کوردستان، بۆیە زۆربەی کوڕەکانی رۆڵێکی گرنگیان دیوە لە پێکهێنانی گروپی کامکار کە کوڕەکانی ئەمانەن:

١- هۆشەنگ کامکار: هۆشەنگ لە ساڵی ١٩٤٦ لەشاری سنە هاتۆتە دنیاوە، هەر لەمنالّییەوە لای باوکی دەستی کردووە بە خوێندنی ئامێری سەنتور، پاشان لە ئامێری (وایلون ـ کەمان) پسپۆڕی پەیداکردووە، لە پەیمانگای مۆسیقای (صەبا) کە لەلایەن باوکییەوە بەڕێوەدەبرا، بەردەوام بووە. بۆ ماوەی ساڵێک مۆسیقای کلاسیکی جیهانی خوێندووە، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ سنەو بۆ ماوەی چەند ساڵێک بەناونیشانی کارمەندی مۆسیقا لەفەرهەنگ و هونەری سنە دادەمەزرێت و لەساڵی ١٩٦٩ دەچێتە دانیشگای هونەرە جوانەکانی تاران و لەبەشی قەرهەنگسازی(تألیف) بەپلەی یەکەم خوێندن تەواودەکات بۆ بەردەوام بوونی لەزانستی مۆسیقا بەرەو ئیتالیا دەچێت و بۆ ماوەی یەک ساڵ لە ئەکادیمیای (سانتاچی چیلیا) رۆما بەخوێندنی(هارمۆنی) (٣) خەریک دەبێت، پاشان بەرەو ئەمەریکا دەچێت لەدانیشگای (سان فرانسیکۆ) لە مێژووی مۆسیقا بڕوانامەی (فوق لیسانس – ماجستێر) وەردەگرێت، لەساڵی ١٩٧٨ دەگەڕێتەوە تاران، لەدانیشگای هونەرە جوانەکان – فارابی دەستدەکات بە وانە وتنەوە، جگە لەم کارەی چەند کارێکی تیۆری ئەنجام دەدات و چەند کتێبێک وەردەگێڕێت لەوانە:

Institut Kurde de Paris

أ- (دەستگای شور و فۆرمەکانی مۆسیقای سونەتی ئێران) کە نامەی بڕوانامەکەیەتی بەزمانی ئینگلیزی.

ب - وەرگێڕانی کتێبی (مۆسیقای روسیا لەسەدەی نۆزدەهەم)

ت - وەرگێڕانی (بنەمای ئۆرکستراسیون) لەدانراوەکانی (ریمسکی کوسا کورف) کە بەچاپی گەیاندووە.

ج - وەرگێڕانی کتێبی (هارمۆنی سەدەی بیستەم) دانراوی (پرسی چتی)

ح - وەرگێڕانی کتێبی (فوک دانواشیون) دانراوی (جان ورالڵ) لەکارە مۆسیقییەکانی کە زۆربەی بە ئۆرکسترایەکی گەورە ئەنجام دراوە و ئاوێتەی ئامێرە میللییەکانی کردووە، توانیویەتی (گل همیشە بهار) بەدەنگی شەهرامی نازری وە (کنسرتینو) بۆ ئامێری تار و ئۆرکسترا مۆسیقای وێنەیی بۆ فیلمی (پردی ئازادی) کە خەڵاتی یەکەمی وەرگرتووە لە ڤیستیڤاڵی فەجر، کاسێتی گۆرانی بەناوی (بهاران بیایید) بەدەنگی شەهرامی نازری، بێژەن کامکار کاسێتی (در گلستانه) لەشیعری (سهرابی سپهری) بەدەنگی شەهرام - کاسێتی (بیا حافز) بەدەنگی بێژەن کامکار.

٢- بێژەن کامکار: لەساڵی ١٣٢٨ک.ش، ١٩٤٩ز لە سنە هاتۆتە دنیاوە، سەرەتاییەکانی مۆسیقای وەرگرتووە، لە شەش ساڵییەوە هەستی کردووە کە دەنگی خۆشە بۆیە هەر لەو کاتانەوە لەگەڵ رادیۆی سنە هاوکاری کردووە بەبەرنامەی منالاّن دەستی پێکردووە.

بێژەن تا تەمەنی ٢٦ ساڵی هەموو چالاکییە هونەرییەکانی خۆی لە چوارچێوەی خێزان و رادیۆ سنە و فەرهەنگ و هونەر تێپەڕی نەکردووە، ئەو ساتانە ساڵانی پڕ باری بێژەن بووە کە پایەی هونەری خۆی پەرەپێداوە، تا ساڵی ١٩٧٤ دەچێتە تاران لە دانیشگای هونەرە جوانەکان بەشی مۆسیقا، هەمان کات پەیوەندی دەکات بەگروپی(شەیدا) ٤ بەسەرپەرشتی (محەمەد رەزا لطفی) ئاشنایەتی هونەری لەتەک شەهرام نازری، محەمەد رەزا شەجەریان دەکات. پاشان لەگەڵ گروپی (عارف) هاوکاری دەکات، پاش ساڵی ١٩٧٩ لەکۆمپانیای (روح افزا) وەک گۆرانی بێژ بەچەند کاسێتێک بەشداری دەکات کە دەکاتە نزیکەی ٢٠ گۆرانی، بێژەن پسپۆڕی لە ئامێری (تار)دایە، بەڵام لەم گروپەدا (رباب) دەژەنێت، وە لەزۆربەی کاسێتەکاندا ئامێری دەف بەکار دەهێنێت.

Institut Kurde de Paris

بەرهەمەکانی بێژەن وەک گۆرانی بێژ: بەرهەمی هۆشەنگی بـرای بـەناوی (کجایید ئەی شـەهیدان) پارچەیـەک لـە (حەصـار) لەبەرهـەمی حسێن عـەلی زادە، (زەردی خەزان) بەرهەمی ئەرسەلان کامکار، پاشـان چەند ولاتێک دەگـەڕێت بـۆ پێشکەشکردنی بەرهەمەکانی وەک ئەڵمانیا، سویسرا، بەلجیکا، سوید.

٣ـ پێشەنگ کامکار: لەسالّی ١٩٥١ لەشاری سنە لەدایک بووە، لەتەمەنی حەوت سالّییەوە لەسەر دەستی باوکی ئاشنای مۆسیقا دەبێت، خولیـای خـۆی لـەئامێری سەنتور بەکارهێناوە، پاشان هاوکـاری لەگـەڵ رادیـۆی سـنە دەکـات مـاوەی پێنج سـاڵ درێـژە بـەو کـارەی دەدات ، پاشـان بـۆ مـاوەی چـوار سـاڵ لەدامـەزراوەی فەرهەنگ و هونەر دەبێتە مامۆستای ئامێری سەنتور، سالّی ١٩٧٧ دەچێتـە تـاران لە دانیشگای هونـەرە جوانـەکان بـۆ بەدەسـتهێنانی بڕوانامـەی لیسـانس. پێشـەنگ یەکێکە لە دامەزرێنەرانی گروپی شەیدا و تاک ژەنی ئامێری سـەنتور بـووە لایـان، پاشان چەند بەرهەمێکی لەگەڵیان ئەنجام داوە.

٤ـ ئەرسەلان کامکار: لەسـالّی ١٩٦٠ لەشـاری سـنە هاتۆتـە دنیـاوە، لەتەمـەنی حەوت سالّییەوە ئاشنایەتی لەگەڵ مۆسیقا پەیداکردووە، پاشـان لـەگروپی منـالّان بەشـداری دەکـات، ئینجـا لەسـەر دەسـتی بـاوکی ئـامێری(وایەلۆن – کەمانچـە) فێردەبێت و پەیوەندی بە فەرهـەنگ و هونـەرەوە دەکـات و بـە ئـامێرژەنی عـود – کەمان بەشداری چەندەها ڤیستیڤاڵ دەکات لەسەرانسەری ئێران.

پاش ئەوە ئاشنایەتی لەگەڵ مۆسیقای کلاسیکی ڕۆژئاوا پەیدا دەکات و سـالّی ١٩٧٩ دەچێتە دانیشگای هونەرە جوانەکان بەشی مۆسیقا، وانەکانی لەژێر دەستی (منوچری انصاری) دەخوێنێت، پاشـان دەچێتـە ئۆرکسـترای سـەمفۆنی تـاران، تـا ئێستاش لـە چالاکییەکاندا بەشـداری دەکـات، پـاش دوو سـاڵ لەپـەروەردەکردنی خۆی (هارمۆنی و ئاهەنگسازی) لەسەردەستی براگەورەکەی (هۆشـەنگ) یەکـەم کاری هونەری خۆی بەناوی (سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی) پێشکەش کرد، کە جێی ڕەزامەندی بوو، پاش ئەمە گوڕێکی دی دایـە بـەرخۆی بـۆ بەرهـەمهێنانی (زەردی خەزان) (سویت سەمفۆنیای کوردی) .

فۆرمی کارەکـانی سـوود وەرگرتنـە لـە مۆسیقای فۆلکلـۆری کـوردی و پشـت بەستن بە بنەماکانی مۆسیقای زانستی جیهانی لەو بەرهەمانـەی کـە بـەم شـێوەیە ئـەنجامی داوە: (کونشـرتو بـۆ کەمانچـەو ئۆرکسـترا) کـە کـارێکی هاوبەشـی ئەرسەلان و ئەردەشێری برایەتی.

Institut Kurde de Paris

٥ـ ئەرژەنگ کامکار: لەسالّی ١٩٥٦ ک. ش لەسنە لەدایک بووە، هەر لە منالّییەوە ئاشنای مۆسیقا بووە، لەمنالّییەوە شارەزای ئامێری سەنتور دەبێت پاشان لە ئۆکسترای سنە بە ئامێری (زەرب) لەگەلّ باوکی بەشداری دەکات.

تا سالّی ١٩٧٦ لە ئۆرکسترای فەرهەنگ و هونەر بەردەوام دەبێت، پاشان دەچێتە تاران، پاش خوێندنی ناوەندی دانیشگای هونەرە جوانەکان بەشی نەخش و نیگار، هەمان کات پەیوەندی دەکات بە رادیۆی ئێرانەوە لەگەلّ گروپی (شەیدا)، بەسەرپەرشی (محەمەد رەزا لوطفی) هاوکاری دەکات ، ئەرژەنگ خۆی دەلّێت (ئەو کاتەی هاوکاری خۆم لەگەلّ گروپی (شەیدا) کرد لە ئامێری زەرب پێشکەوتنێکی چاکم بەدەست هێنا، هەر ئەو هۆیە وای لێکردم کە لەگەلّ ئەو گروپە بەردەوام بم) هەرچەندە کاری سەرەکی ئەرژەنگ نەخش و نیگارە، بەلّام حەز و ئارەزووی خۆی لەو ئامێرەدا دەبینێتەوە.

٦ـ ئەردەشێر کامکار: لەسالّی ١٩٦٢ز لەسنە هاتۆتە جیهانەوە، لەتەمەنی حەوت سالّییەوە لەژێر چاودێری باوکی ئاشنایەتی لە ئامێری (وایلۆن – کەمانچە) پەیداکردووە، لەتەمەنی ١٠سالّییەوە لە ئۆرکسترای (باریـد) لە فەرهەنگ و هونەری سنە و تاران و شارەکانی دی، بەشداری کردووە.

هەر لەو رۆژانە لە پالّ ئامێری (وایلۆن – کەمانچە) فێری ئامێری (جۆزە – کەمانچە) بووە، لە تەمەنی ١٩ سالّییەوە لەگەلّ گروپی (عارف – شەیدا) بەسەرپەرشتی محەمەد رەزا لطفی – پەرویزی مشکاتیان – حسێن عەلی زادە ، بەشداری کردووە.

ئەردەشێر بەهۆی هۆشەنگی بۆ – محەمەد رەزا لطفی ئاشنای مۆسیقای ئێران بووە، لەچەند بەرهەمێک بەشداری کردووە لەوانە کۆنسێرتی کەمانچەو ئۆرکسترا کە کاری هاوبەشی ئەردەشێر و ئەرسەلانی برایەتی.

٧ـ ئەردەوان کامکار: لەسالّی ١٩٦٨ ز لەشاری سنە لەدایک بووە، هەروەک براکانی تری هەر لەمنالّییەوە خولیای مۆسیقای لادروستبووە، لەژێر دەستی باوکی فێری ئامێری سەنتور بووە، هەر لە منالّییەوە لەگەلّ گروپی نەوجەوانان لە فەرهەنگ و هونەری سنە بەشداری کردووە، لەسالّی ١٩٧٨ دێتە تاران لەژێر دەستی برای گەورەی (پێشەنگ) وانە دەخوێنێت و چەند کاسێتێک تۆمار دەکات.

Institut Kurde de Paris

ئەردەوان شارەزاییەکی چاکی لە تەکنیکی ئامێری سەنتوردا هەیە، وەک تەکنیکەکانی تاک ژەنی (ماهور) (اصفهان) هەروەها (کنستینو و ارکسترا) کە کاری هاوبەشی خۆی و براکەی هۆشەنگ.

شێوازی کارکردنی هونەری کامکارەکان

گەر سەرنجێک لەکارە هونەرییەکانی کامکارەکان بدەین، دەبینین ئەم خێزانە لەدەوروبەرێکی کوردنشین پەروەردە بوون، هەر هەموشیان لە منالّییەوە ئاشنای مۆسیقا بوون بۆیە جێگای سەرسوڕمان نییە کە بڵێین مۆسیقا لای ئەمان خۆڕسکەو لە منالّییەوە ئاشنای گۆرانییە فۆلکلۆرییە کوردەوارییەکان بوون چ بەهۆی باوکیان یان رادیۆ یان دەماو دەم، لەزاری خەڵکییەوە ئاشنای بوون.

کارێکی گرنگی تری ئەم گروپە ئەوەیە کە هەرچەندە هەر لەمنالّییەوە مۆسیقایان وەک خولیایەک لەژێر چاودێری باوکیان بووە، زۆربەیان مۆسیقایان کردووە بەکاری سەرەکی ژیانیان، وە دانیشگای هونەرییان خوێندووە، بەتایبەتی هۆشەنگ – ئەرسەلان، کە هۆشەنگیان مۆسیقای لە ئیتالیا و مێژووی مۆسیقای لە ئەمەریکا خوێندووە کە ئەمەش لەکارەکانیا رەنگی داوەتەوە، وە ئەرسەلان پسپۆڕی لە ئاهەنگسازی و زانستی هارمۆنی هەیە، ئەوانی تریش زۆر بلیمەتانە لە ئامێرەکانیان پسپۆڕییان وەرگرتووە، وە زۆربەی ئەو ئامێرانەی بەکاری دەهێنن جۆراوجۆرە.

کەواتە بە ئاوێتەکردنی میلۆدییە(٥) کوردییەکان + زانستی مۆسیقای جیهانی + کاریگەری مۆسیقای ئێرانی وە لەبەکارهێنانی ئامێرەکان.

ئامێرە میلییەکان وەک (تار – سەنتور- عود – نای بادی – زەرب) + ئامێرە رۆژئاواییەکان (وایلۆن – ڤیولا – چلو – ترامپیت) هەروەها سوود وەرگرتنیان لەکەلەپوری کۆنی مۆسیقای ئێرانی.

تەنانەت هۆشەنگ خاوەنی شێوازێکی تایبەتی خۆیەتی کە خۆی ناوی (مۆسیقای میللی کوردی) لێناوە، کە ئەم زاراوەیە بەشێوەی جۆراوجۆر بەکار دەهات.

Institut kurde de Paris

هــەروەها داڕشــتنەوەی گۆرانییــەکان گــۆرانی بێژانــی وەک ســەید عــەلی ئەسغەری کوردستانی، عــەلی مــەردان بــە داڕێژراوێکی هاوچەرخانــە و تێکــەڵ بەزانستی هارمۆنی.

هەروەها داڕشتنی کاری وەک (کونشرتو بۆ کەمانچەو ئۆرکسترا) یان (سویت سەمفۆنیای کوردی) کە یەکەم کارە لەهونەری کوردییدا بکرێت.

خاڵێکی تری ناوچەی سنە بەزاراوەی ئەردەڵانی ئاخاوتن دەکەن، وە نزیکییان لەناوچەی هەورامان – لوڕستان، سودێکی تەواویان لە فۆلکلۆری ئەو ناوچانە وەرگرتووە لەکارەکانیاندا وەک خۆشە هەورامان – باران بارانە.

بۆ ئەو میلۆدییە فۆلکلۆریانە هەوڵیان داوە کە زۆربەی ئامێرەکانیان میللی یان ئێرانی بن وەک ئامێرە ژێدارە بێ کەوانەکان لەوانە: (تار ، سەتار، قیچک، جۆزە، عــود، نــای بــادی، زەرب، ســەنتور) کــە شــێوازی پێشــەکی مۆســیقا یــان میلــۆدی کــوردین بــەڵام زۆر بەوەســتایانە کاتــەکانی ورد کراونەتــەوە لــەنێوان بــارە مۆســیقاییەکاندا پشــووی مۆســیقای جیــا بــەدی دەکــەین کــە ئــامێری دەف پــڕ ئەکرێتــەوە، تەنانــەت لــەڕووی شــێوازی دەربڕینــەوە کۆمــەڵێ ســۆزی مۆســیقایی ئاوێتــەیان بــووە وەک بــەکارهێنانی نــەرم ژەنــی piano یــان هێــز ژەنــی Fort هەستدەکەین کە زۆربەی رەزمەکانی رەزمی خێران کە سەرچاوەکەی لە میلۆدییە کوردییە رەسەنەکان وەرگرتووە.

هەروەها بەکارهێنانی شێوەی هۆرە، سیاچەمانە، چ بە ژەندن یان دەنگ.

ماوەتەوە سەر ئەوەی بڵێین گروپی کامکار تەنها بــە ئێرانــەوە وابەســتەنین بــۆ پێشکەشکردنی هونەرەکەیان بەڵکو سااڵنە چەندەها گەشتی هونەری ساز دەکەن بۆ هەندەران بۆ ناساندنی هونەری کوردی کە دەتوانین بڵێین کــە تاکــە گــروپن بــە ڕێک و پێکی بــە شــێوازێکی هونــەری هاوچــەرخ بیانییــەکان و کــوردانی دەرەوە و میللەتان بە هونەری کوردی ئاشنا دەکەن.

سەرچاوە بەفارسی:


مردان موسیقی سنتی ایران، تألیف حبیب اله نصیری فر تهران ۱۳۷۰هـ

تێبینی : ئــەم بابەتــە لــە ڕۆژنامــەی ئــەدەب وهونــەری کوردســتانی نــوێ ژمــارە ١٥٢٦ ڕۆژی پێنج شەمە لە ١٩٩٧/١٢/٢٥ بڵاوکراوەتەوە.

Institut Kurde de Paris

خێزانی کامکارو مۆسیقای کوردی

نازاد سالح - تیپی مۆسیقای شەونم



هەمەند کامکار

شارستانیەتی مرۆڤایەتی بەهرەڵدو کۆشش میللەتان، بونیادنراوە. هەرنەتەوەیەک بەپێی گوتمانەی بارو بارودۆی، راهێنری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی خۆی بەشداری تێدا کردووە.

لەبواری ئەدەبو هونەرپشدا کەسەرهاڵی زێرخانەی ئاپورەی‌یەکەیەتی بڕی مرۆڤایەتی تاپێرانی بەکەدی بووە بۆ داهێنانی تەدەبو هونەری جیهانی. هەرنەتەوەو بەپێی رۆڵی مێژوویی خۆی، پۆتانیە کی رۆڵێکی گرنگیان لەئەدەبو هونەردا گێراوە. ئەمانە هەمووی بەڵگەی ئەوەن کە مرۆڤ لەهەمان کاتدا بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە، کە بەبێ پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تردا ناتوانێ بژی و بەرەو پێشکەوتنیش بچێ. ئەم پەیوەندیانەش بەهۆی چەندین هۆکارەوە دروست دەبن، کە گرنگترینیان هۆکاری ئایدیۆلۆژی و سیاسیە.

ئەم پێشەکیەمان بۆ ئەوە بوو، کە بڵێین هونەرو مۆسیقا بەتایبەتی، هەرگیز لەبەتاڵ و بۆشایی سیاسیدا نەبونەتە هونەرو مۆسیقا، بەڵکو هەمیشە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا و سیاسەتدا هاتوچۆی هەبووە. ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە هونەرمەندان و مۆسیقاژەنان هەمیشە بیرو بۆچونی سیاسی و ئایدیۆلۆژیان هەبووە، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کارو بەرهەمەکانیان دانراوە.

ئەم بابەتەی ئێمە لێرەدا دەیخوێنن، تەنها بەشێکە لە ژیانی هونەری مۆسیقاژەنێکی کورد، کە بەهۆی بیرو بۆچونە سیاسیەکانیەوە، کاریگەری لەسەر بەرهەمەکانی هەبووە. ئەو مۆسیقاژەنەش کەسایەتی «هەمەند کامکار»ە.

هەمەند کامکار لەساڵی ١٩٤٦ لەشاری سنە لەدایک بووە. باوکی «ئەحمەد کامکار» یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی ڕادیۆی کوردی لەساڵی ١٩٤٢ لەشاری مەهاباد. هەمەند لەتەمەنی ٦ ساڵیدا، لەگەڵ خێزانەکەیدا دەچێتە شاری تاران و لەوێ دەستدەکا بە خوێندن. لەساڵی ١٩٥٦ دەچێتە زانکۆی تاران و دەبێتە خوێندکاری بەشی ئەندازیاری کارەبا. لەهەمان کاتدا دەستدەکا بە خوێندنی مۆسیقا لەلای مامۆستا «ئەحمەد عەبدولحەکیم موگەدەم» و «ئەحمەد عەلی ڕەنجبەر». لەساڵی ١٩٦٠ دەچێتە ئەمریکا بۆ خوێندنی باڵا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام دەبێ لەسەر خوێندنی مۆسیقا. لەساڵی ١٩٦٤ بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەئەندازیاری کارەبا وەردەگرێ و لەساڵی ١٩٦٥ بڕوانامەی ماستەر لەمۆسیقا وەردەگرێ. لەساڵی ١٩٦٧ دەگەڕێتەوە ئێران و دەستدەکا بە کاری مامۆستایی لەبەشی مۆسیقای زانکۆی تاران. لەساڵی ١٩٧٠ دەچێتەوە ئەمریکا بۆ خوێندنی باڵا و لەساڵی ١٩٧٢ بڕوانامەی دکتۆرا وەردەگرێ. لەساڵی ١٩٧٣ دەگەڕێتەوە ئێران و دەستدەکا بە کاری مامۆستایی لەبەشی مۆسیقای زانکۆی تاران. لەساڵی ١٩٧٩ دەچێتە ئەمریکا و لەوێ دەمێنێتەوە تا ساڵی ١٩٨٣. لەو ساڵەدا دەگەڕێتەوە ئێران و دەستدەکا بە کاری مامۆستایی لەبەشی مۆسیقای زانکۆی تاران. لەساڵی ١٩٨٤ دەچێتەوە ئەمریکا و لەوێ دەمێنێتەوە تا ساڵی ١٩٨٧. لەو ساڵەدا دەگەڕێتەوە ئێران و دەستدەکا بە کاری مامۆستایی لەبەشی مۆسیقای زانکۆی تاران. لەساڵی ١٩٩٠ دەچێتەوە ئەمریکا و لەوێ دەمێنێتەوە تا ساڵی ١٩٩٢. لەو ساڵەدا دەگەڕێتەوە ئێران و دەستدەکا بە کاری مامۆستایی لەبەشی مۆسیقای زانکۆی تاران. لەساڵی ١٩٩٣ دەچێتەوە ئەمریکا و لەوێ دەمێنێتەوە تا ساڵی ١٩٩٤. لەو ساڵەدا دەگەڕێتەوە ئێران و دەستدەکا بە کاری مامۆستایی لەبەشی مۆسیقای زانکۆی تاران. لەساڵی ١٩٩٥ دەچێتەوە ئەمریکا و لەوێ دەمێنێتەوە تا ساڵی ١٩٩٦. لەو ساڵەدا دەگەڕێتەوە ئێران و دەستدەکا بە کاری مامۆستایی لەبەشی مۆسیقای زانکۆی تاران. لەساڵی ١٩٩٧ دەچێتەوە ئەمریکا و لەوێ دەمێنێتەوە تا ساڵی

ژیان هەمووی دەریایەکە لە ریتم(١) کە هەرگیز شەپۆلەکان داناسەکنێ، ئەو گەردوونەی لەچوار دەورمانە دیاردەکانی لە ریتمیکی رێک و پێکدا دەسوڕێتەوە، بۆیە هانزفون بیلوف دەڵێت (لەسەرەتاوە بوون ریتمێکی کۆک و پراوپڕە) ئەوەی بەئاشکرا هەستی پێدەکرێت سوڕانەوەی هەسارەکانە و دەرکەوتنی .... خۆشاردنەوەیان تەنانەت ژیانی هەموو بوونەوەرەکان چ نییە جگە لەو ریتمە گەردوونییە مەزنە نەبێت.

لەسەرەتای بیری مرۆڤایەتییەوە بیرۆکەی ریتم بیری مرۆڤی هەژاندووە لەو دیاردە گەردوونیە تێڕاماوە، بۆیە تیۆر لەدوای تیۆر دەهێنێتە ئاراوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە ڕێچکەی گەردوون بریتییە لە ریتمێکی مەزن کە ژیانی بوونەوەر چرکەیەکە لەساتەکانی تەنانەت بیرۆکەی سوڕی بێکۆتا (العود الابدی) واتە چەند بارە بوونەوەی لەسەرەتاوە بۆ کۆتا، بێکۆتایی هاتن بەر هەرجارەی سوڕێکی گەردوونی و لێکچوونی سوڕەکان کۆنترین تیۆرە لەبیری مرۆڤایەتی هەر لە (ئەنکسمدیس)ەوە لە چەرخی بۆنانی کۆنەوە تا دەگاتە فەیلەسوفی هاوچەرخ (نیتشە) .

ریتم لە دەوروبەرماندا خۆی حەشاردواوە لەیەک بەدوای یەکدا هاتنی شەو ورۆژ – سوڕی مانگ – وەرزەکانی ساڵ- تەنانەت لەجەستەی بونەوەریشدا بەهەست و نەستیەوە .

لەهەر جێگایەک بوونەوەر هەبێت، ریتم هەیە کۆچکردنی پەلەوەرو گیانداران ئیقاعی تایبەتی خۆی هەیە، کۆچی مرۆڤ – گۆڕانی ئارەزووەکان- گۆڕینی مۆدێلی جل و بەرگ و خواردن خواردنەوە لە ریتمێکی رێک و پێکدا بەردەوامە، مێژووناسەکان لەسوڕی گۆڕینی شارستانیەتەکان بەدی دەکەن (تعاقب الضارات)، ئابوری ناسەکانیش دەڵێن (هەڵکشان و داکشانی) ئابوری لەسوڕەیەک لەدوای یەکەکاندا ریتمێکی تایبەتی هەیە. بەڵکو گەر زیاتر ڕۆبچینە ناو وردەکاری ماتەرەوە لەناوی ئەتۆمدا لەنێوان گەردیلەکاندا بەدی دەکەین کە هەریەکەی جۆرە تەزوویەکی هەیە، کەواتە هەموو بوون و ..... رادەیەک ریتمێکی تایبەتی هەیە، سروشت ڕێچکەیەکی شەپۆلداری هەیە دەگەڕێتەوە لەو جێگایەی دەستی پێکردووە، بەشێوەی سوڕی تایبەتی ئەمەش وایکردووە لە هونەرمەندێکی مەزنی

Institut Kurde de Paris

وەک لیونارد دافنشی کە زۆر بە قوڵی رۆ چووبووە ناو سروشتەوە کە بڵێت هەموو وێنەکانی سروشت ریتمێکی شەپۆلدارەو خودی هەر بوونەوەرێکیش بەندە بەم هەڵچوون و داچوونەوە کە ئەم شەپۆلە دروستی دەکات.

ریتم چییە؟ وشەی ریتم (rhythm)ی زمانی ئەوروپییەکان لە زاراوەی rhuthmos ی یۆنانییەوە وەرگیراوە ئەویش لەفرمانی rheein بە واتای هەڵقوڵان یان ڕێچکە بەستن دێت، وە لەزمانی عەرەبی لە وشەی (التوقیع) کە جۆرێکە لە رۆیشتنی خێرا وەرگیراوە بۆ نمونە دەوترێت (وقع الرجل) کەواتە رۆشتنی خێرا لەگەڵ بەرزکردنەوەی هەردوو دەستدا.

دیارو ئاشکرایە کە رۆشتنی مرۆڤ پاپەندە بە ریتمێکی رێک و پێکەوە، لەوە گرنگتر ریتم جوڵەی تێدایە (الحرکە) کە لە دەقە یۆنانی و عەرەبییەکەدا ئاشکراو دیارە، بۆیە دەبینین پەیوەندییەکی دیالەکتیکی لەنێوان ریتم و جوڵەدا هەیە، ئەو ریتمەی کە لە ناوەوە و دەرەوەی بونەوەر بە مرۆڤیشەوە کە پێویستییەکی مادی و رۆحییە لەیەک ساتدا بەدی دەکرێت، گومان لەوەدا نییە کە ریتم یەکێکە لەو دیاردانەی سروشت و پێناسەکردنی کارێکی سانا نییە لەبەر هیچ هۆیەک نا، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە هەمیشە لەگەڵیدا دەژین، هەردەم لەگەڵ جەستەو گیانماندا ئاوێزە بووە.

لەبەر ئەوە پێویستە کە بەپێی چاخەکانی بیری مرۆڤایەتی پێناسەی بکەین.

ئەفلاتوون دەربارەی ریتم دەڵێت (ریتم لە هەڵفڕینی باڵندەکان بەدی دەکرێت، لەرەگەکانی درەختدا، لەجوڵە و سەمادا، لەبڕگەکانی ئاخاوتندا) ئەم پێناسەیە تا ماوەیەکی زۆر کاری پێدەکرا، تەنانەت دەروونناسە هاوچەرخەکانیش دەیگەڕێننەوە بۆ جوڵەی فۆنت .ی ئەڵمانی Wundt سەرچاوەی ریتم دەگەڕێنێتەوە بۆ (رۆیشتن) وە ، ریمان Riemenn دەیباتەوە بۆ لێدانی دڵ و یوشر دەیباتەوە بۆ سەر جوڵەکانی جەستە.

بەڵکو زۆربەیان لەسەر ئەوە پێکهاتوون کە بڵێین (بریتییە لە یاسا سروشتیەکانی جوڵە) ئەویش لەبەر ئەوەی ریتم پەیوەندییەکی نەپساوی هەیە بە لێدانی دڵ- هەناسەدان – رۆشتنی مرۆڤ و رۆشتنی چوار لاقی ئاژەڵ، بۆیە جوڵەو جێگۆڕکێی کات و شوێن لای فەیلەسوفی یۆنانی هیرقلیطلس بنەمای تێگەیشتنی بوون و ژیانە لەیەک ساتدا بەڵکو هیچ شتێک لای ئەو نەگۆڕ نییە.

Institut kurde de Paris

ئەرستۆ جوڵەی کردبوو بە خاڵێکی سەرەکی لە لێکدانەوەی بۆ دیاردەکان، ئەفلاتونیش دەیگوت کە جوڵە بریتییە لەدیاردە سەرەکییە هەست پێکراوەکان بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین تەنها جوڵە بەس نییە بۆ پێناسەکردنی ریتم، هەرچەند خاڵێکی سەرەکییە لەناخیدا.

بەڵکو ئەو جوڵەیە دەبێت دووبارەکردنەوەیەکی ڕێک و پێکی هەبێت، کەواتە ڕێک و پێکی خاڵێکی گرنگە لە پێناسەکردنی ریتمدا (التنظیم) بۆیە وای لە ئەفلاتوون کردووە کە بڵێت ریتم بریتییە لە (ڕێک و پێکی جوڵە) واتە پاش جوڵە گرنگی داوە بەڕێک و پێکی ئەو جوڵەیە کە ئەمەش بۆ خۆی پەیوەندی بەهۆشەوە هەیە.

نوێترین پێناسە بۆ ریتم بریتییە لە (چۆنێتی دابەشکردنی چرکەکان بەشێوەیەکی ڕێک و پێک) یان (بەدوای یەکدا هاتنی ئاوازەکان کە چرکەی چوونیەکیان هەیە یان جیاواز)

بۆمان هەیە کە بپرسین ئەم ڕێک وپێکییە لەکوێوە سەری هەڵداوە بۆیە دەبێت جیاوازی نێوان دوو جۆر ڕێک و پێکی بکەین یەکەمیان ئەوەیە کە خۆمان دروستی دەکەین و دەیخولقێنین، بەهۆش و بیری خۆمان، ئەمەیان هۆش ڕۆڵێکی تیایدا دەبینێت.

جۆرێکی دی کە سروشت پێمانی بەخشیوە خۆمان دەستەو وەستان دەبین لە ئاستیدا، هەرچەندە هەندێ جار لە سنورێکی دیاری کراودا دەتوانین کۆنترۆڵی بکەین وەک ڕۆشتنی مرۆڤ و بونەوەر کە بە پێی یاساکانی سروشت ڕێک و پێککردنی جوڵەی گیانلەبەرە، بەڵام هەرگیز ناتوانین ناوەڕۆکەکەی بگۆڕین، بەڵام دەتوانین هەندێ گۆڕان بەسەر وردەکاریەکانیدا بهێنین بەوەی کە دەتوانین ڕۆیشتنەکەمان خێرا بکەین یان خاو ببینەوە.

بەڵام هەرگیز ناتوانین کە بەڕێگادا نەڕۆین، بۆیە چاکترین پێناسەکردن بۆ ریتم ئەوەیە کە هەردوو توخمەکە کۆبکاتەوە جوڵە + ڕێک و پێکی جوڵە بەوەی کەجوڵە برتییە لەتوخمی (ماتەری مادی) و ڕێک و پێکی لە توخمێکی (گیانی – ڕۆحی) و بەشێوەیەکی هاوئاهەنگی چونکە بنەمای سەرەکی ریتم جوڵەیە، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی سەربەخۆ ئاوەڵاکرا، ئەو ساتە لە پێناسەکەی دەردەچێت و دەبێتە جوڵەیەکی هەڕەمەکی، بۆیە دەبێت بەشێوەیەکی ڕێک و پێک کۆنترۆڵ بکرێت.

Institut Kurde de Paris

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە ئایا ئەو جولّە و رێک و پێکییە بریتیە لەوەی کە رۆژانە بەدی دەکەین (گۆڕانی شوێن).

بێگومان ریتم لە مۆسیقادا جۆرێکی دییە لە جولّە کە هیچ پەیوەندی نییە بەگۆڕانی شوێنەوە، بەڵکو لە مۆسیقادا جولّە لەناو منداڵدانی کاتدا لەدایک دەبێت، بۆیە دەبێت بیرۆکەی کات کە توخمی سێیەمە لە بنەمای ریتم لەبیر نەکەین.

لەژیانی رۆژانەدا بێ ئاگا هەست بەم جیاوازییە دەکەین کە فەیلەسوفی فەرەنسی برجسون دەریبڕیوە، بەشێوەیەکی دیار جیاوازی خستۆتە نێوان کاتی ئاسایی Letemps وە کاتی زیندوو Ladyree ، کاتێ بیر لە بەسەرچوونی کات دەکەینەوە ئەو جیاوازییە بەدی دەکەین لەنێوان ئەو کاتەی کە بە پێی کاتژمێر رۆژانە دەڕوات و نێوان ئەو کاتە زیندووەی کە هەستەکانمان ئاوێزانی دەبێت کە بەپێی کاتژمێر چەند ساتێکە، بەڵام لە ناخماندا چەند چرکەیەکە یان بە پێچەوانەوە کاتێ چاوەڕوانی دەکەین بە پێی کاتژمێر چەند چرکەیەکە بەڵام لەناخماندا چەند ساتێکە.

بۆیە کات بنەمایەکی سەرەکی مۆسیقایە بەڵکو ریتم لە مۆسیقادا بەهێزترین توخمە کە لە هونەری مۆسیقادا زیاتر بەدی دەکرێت وەک لە هونەرەکانی دی.

هەموومان هەست بەکاتی زیندوو دەکەین ئەو کاتەی برجسون هەستی پێدەکات لە هەستەکانماندا بەدی دەکەین، چاوەڕوانی کات درێژ دەکات ، بەختیاری خێرای دەکات، تەنانەت لە حاڵەتەکانی نەشئەدا هەست بە ونبوونی کات دەکەین. (نەشئەی صوفیان – گوێ گرتن لە مۆسیقا – سەماکردن – ئاوێتەبوون لەگەڵ خۆشەویستێکدا) تەنانەت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگۆڕێت.

هەستکردن بەکات لە مۆسیقادا بە پێی هەڵچوون و داچوونی سۆزەکانمان دەگۆڕێت دەگاتە ئەوەی بەتەواوی لەگەڵیدا بتوێینەوە و کاتمان لەبیر بچێتەوە، چ لەلایەن گوێگرەوە یان لەلایەن مۆسیقاژەنەکەوە، یان ئاوازدانەرەکە، کاتێک خەریکی داڕشتنی ئاوازێک دەبێت کاریگەری ئەم جیاوازییە خودیانە دەگەڕێتەوە بۆناخی ئەو ئاوازدانەرە بۆیە دەبینین ئاوازدانەرێک بە پێی سۆز و ئارەزووەکانی ئەویش بە پێی چەند یاسایەکی خێرای مۆسیقا، خێرایی ئاوازەکەمان بۆ دیاری دەکات کە بەهیچ ئاخاوتنێک چەند وردبێت لە دەربڕیندا دەرنابڕێت.

کەواتە خێرایی Tempo رۆڵێکی گرنگ دەبینێت بۆ دیاریکردنی خێرایی هەر

Institut Kurde de Paris

ئاوازێکی مۆسیقا و بۆ ئەم مەبەستەش ئامێرێکی تایبەتی داهێنراوە کە پێی دەڵێن مترۆنۆم(٢) کە ئامێرێکە بۆ کێشانی کات، هەروەک چۆن تەرازوو هەیە بۆ کێشانی قورسایی، ئەم ئامێرەش کات دەکێشێت کە ئەرکی کێشانی ئاوازێکی مۆسیقایە وە بەشێوەیەکی ورد دەیکێشێت کە بریتییە لە ئامێرێک کە لە دار یان نایلۆن دروستکراوەو شێوەیەکی هەرەمی هەیەو چوارلای هەیە لەلایەکەوە والا دەکرێتەوە و لە ناوەڕاستدا راستەیەکی ئاسن هەیە قورساییەکی پێوەیە کە هاتووچۆ دەکات و چەند ژمارەیەکی پێوەیەو هەروەها چەند نوسینێک لەڕووی پێشەوەی ئامێرەکە کە وەک بەندۆڵی کاتژمێر هاتوچۆ دەکات و ئەم خێراییە بەم شێوەیە نوسراوەMM-72 هەرچەندە ژمارەکە پتر بێت خێرایی زیاد دەکات بۆ نمونە ژمارە d120 لە خێراییەکی دوو هێندەی ئەو خێراییە کە بەم شێوەیە نوسراوەd60 وە لەبەردەم هەر ژمارەیەک کە بەژمارە ٤٤ دەستپێدەکات و بەژمارە ٢٠٨ کۆتایی دێت بەم شێوەیە ٢٠٨ و ٢٠٤ و ٢٠٢ و هتد دەبینین کە چەند زاراوەیەک بەزمانی ئیتالی نوسراوە بۆ دیاریکردنی خێرایی و خاوی هەر ئاوازێک بۆ نمونە d60 خێراییە مامناوەندییەکەیە بەم شێوەیە هێمای بۆ کراوە Andante وە d50 لە ژمارەوە بەم شێوەیە هێمای بۆ کراوەd120 وە ژمارەکە خێراترە وە بەم شێوەیە هێمای بۆ کراوە Allegro ئاشکرایە بە ئەنجام گەیاندنی دانراوێکی مۆسیقا لەلایەن ئۆرکسترایەکی گەورەوە دەگەڕێتەوە بۆ توانای مۆسیقاژەنەکان، نمونە دانراوەکانی مۆتزارت – باخ – هایدن – چایکۆفسکی – خاچادوریان لەچەند کاتێکی جیاواز بە ئەنجام گەیەنراوە وە هەرچەندە هەر هەموویان وابەستەی خوێندنەوەیەکن بۆ کارە مۆسیقاییەکە، بەڵام بلیمەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مۆسیقا ژەنانەی کە بەهەموو هەست و نەستیانەوە تێکەڵ و ئاوێزانی ئەو دانراوە دەبن و کات دەسرنەوە لە ناخ و گیانیاندا. هێندەی زانراوە دەربارەی بیتهۆڤن هەمیشە سەربەستی دەدا بە مۆسیقا ژەنەکان بۆ ئەوەی بە جوانترین شێوە کارە هونەرییەکانیان بە ئەنجام بگەیەنن، جارێکیان بە پیانۆ ژەنێکی ئافرەتی گوت (من ئەم سۆناتەیە وەک تۆ ناژەنم، تۆ بەردەوام بە لەسەر ڕێچکەی خۆت، بەڵام جوان ژەندنی بەم شێوەیە جوانییەکەی لە ڕێچکەی من کەمتر نییە)

ئەم ئاوێزان بوونە لەگەڵ کارە هونەرییەکاندا پەیوەندییەکی ترمان بۆ روونەکاتەوە لەنێوان ریتمی مۆسیقا و کاتدا.

Institut Kurde de Paris

هەرچەندە ریتم لە مۆسیقادا وامان لێدەکات کە هەست بەکات بکەین، بەڵام لە ناخمانەوە، بەهەستمانەوە، بە نەستمانەوە تێکەڵاوی بووین، ئەم چرکانە کات لەبیر دەکەین، مۆسیقا ژەن و گوێگر هەردووکیان پێکەوە بە ئەنجامگەیەنەر و ساتەکان لە هەست و نەستیاندا دەسرنەوەو ئاوێزانی چرکە ئاسودەکانی زەمەن دەبن.

بەم شێوەیە ریتم لە مۆسیقادا لەیەک ساتدا دەتوانێت کاتمان بیرخاتەوەو توانای سرینەوەی هەست پێکردنیشمان بە کات تێدا بخوڵقێنێت.

پەراوێز:

١ـ ریتم: لەم نوسینەدا وەک زاراوەیەک بەکارم هێناوە چونکە هێندەی گەرام لەکوردییدا بەرامبەری ئەم وشەیەم بەدی نەکرد، هەرچەندە لە زمانی مۆسیقادا (کێش) بەکاردێت، بەڵام کێش مانای وەزنە لە عەرەبی و کێش بەرامبەری ریتم یان ئیقاع نابێتەوە.

٢ـ مترۆنۆم: ئەم ئامێرە لەلایەن ئەندازیارێکی ئەڵمانی لیونارد مایلتسل داهێنراوە، ساڵی ١٨٥٠ لە ڤینەنا کۆچی دوایی کردووە.

سەرچاوەکان:

١ـ مع موسیقی ذکریات و دراسات – تالیف (دکتۆر فواد زکریا) الهیئه المصریه العامه للتالیف وه النشر ١٩٧١

٢ـ الموسیقی و النظریه تالیف سلیم الحلو بیروت .

٣ـ مبادیء الموسیقی النظریه ف. أ . فاخر دمییف ترجمه الدکتور رووف موسی.

–

ئەم بابەتە لە پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ ژمارە ١٥١١ لە رۆژی پێنج شەمە ١٩٩٧/١٢/٤ بڵاوکراوەتەوە.

Institut kurde de Paris

ڕێتم لەنێوان ژیان و مۆسیقادا

نازاد سالح/ تیپی مۆسیقای شۆڕش





Kurde

تیپی مۆسیقای شنرۆ، رووی گەشی هونەری شاری هەڵەبجە

ئامادەکردنی: یاسین قادر بەرزنجی/ کوردستانی نوێ

لەنیسانی ١٩٧٣تیپی مۆسیقای شنرۆ لەهەڵەبجە بەکۆششی هونەرمەندان ئازاد صالح، مستەفا کەمال، ئومێد نوری، حیکمەت تۆفیق دامەزراوەو لەتەموزی ئەو ساڵەدا لەئاهەنگێکدا لەگەڵ شانۆگەرییەکی هونەرمەند جەمالی مەلاقادر، دەیان گۆرانی و مۆسیقای بەسۆزیان پێشکەش کردووە و دواتر لە تەوێڵەو خورمالۆ و پێنجوێن گەلێ بۆنەو ناوچەی دیکەدا رووی گەشی هونەری شارەکە بوون و لەو تیپەدا دەیان هونەرمەند بووە بەئەندام و دواتر بەهۆی ژیان و چوونە هەندەران دابڕاون، بەڵام بەڕێز (ئازاد صالح)ی دامەزرێنەرو لێپرسراوی تیپەکە بە خەمخۆری و هونەرمەندی خۆیەوە هەر بەردەوام بووە و لەگەڵ هاوکارانی ناو و دەنگی تیپی مۆسیقاکەی هەڵەبجەی شەهیدیان بەبەرزی هێشتۆتەوە، لەچاوپێکەوتنێکدا چەند پرسیارێکمان لەکاک ئازاد کرد.

- دوای کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، رۆڵی تیپەکەتان چی بوو؟

ئازاد: ئێمە ئاوارەی ئۆردوگاکانی ئێران بووین لە ١٩٨٨/٥/٣٠ دەوڵەتی ئێران لەشاری مەهاباد ڤیستیڤاڵێکی هونەری سازکرد و منیش چەند منااڵێکم کۆکردەوەو بەهاوکاری هونەرمەند (فەیزی نەژادی) بەچەند بەرهەمێک بەشداریمان کرد، لەدیدارێکیشدا کە هونەرمەندی مەزن کاک محەمەد ماملێمان دی و پێی وتین هیچ کارەساتێک هێندەی هەڵەبجە گورچکبڕنەبووە.

- گرفتەکانی تیپەکەتان چین؟

ئازاد: دیارترینیان پەرەوازە بوونی ئەندامان و نەبوونی بارەگایەکی گونجاو، نەبوونی ئامێری مۆسیقا و تۆمارکردن و باری گوزەرانی ئەندامانیش لەوالوە بوەستێ.

- بەرهەکانی دوای راپەڕینی تیپەکەتان چی بوون؟

ئازاد: سااڵنە بەشداریمان لە ڤیستیڤاڵەکانی هەڵەبجەی شەهیددا کردووە بە بەرهەمەکانمان یادەوەری شارەکەمان گێڕاوەتەوە، چەندین بەرهەمی

Institut Kurde de Paris

تەلەفیزیۆنمان بۆ هونەرمەندان هۆشیار حەمە فەرەج و ئازاد کەریم و نەجم محەمەد تۆمارکردووە، لەم دواییانەدا چەند گۆرانییەکی نوێمان بۆ کاک هۆشیار حەمە فەرەج تۆمارکردووە، کە لە هەندەران گەڕابۆوە، وێڕای بەرهەم بۆ میوانی تیپەکەمان خاتوو تارا رەسوڵ

-ئەی بۆ ڤیستیڤاڵی ئەمسااڵی هەڵەبجە؟

ئازاد: کۆڕاڵی هەڵەبجەی عەشق، هەڵەبجەی زام، هەڵەبجەی خەون، بیرۆکەی ئێمەو شیعری مامۆستا ئەمین سەپان، تیایدا ساڵی جارێ نالی و وەلی و ئەحمەد موختار و مەولەوی و گۆران و خاڵە مینەی شمشاڵ دەگەڕێنەوەو سەردانی شەهیدان دەکەن و دەبینن هەڵەبجە جوانەکەی جاران بووە بە وێرانەو رۆشنایی تیانەماوە.

سەرچاوە/ کوردستانی نوێ ژمارە (١٣٩٥) رۆژی دووشەمە ١٩٩٧/٣/١٧


دووشەمە ١٩٩٧/٣/١٧ ژمارە (١٣٩٥) ساڵی پێنجەم

دوا لاپەرە

تیپی مۆسیقای شنروێ ، ڕووی گەشی هونەری شاری هەڵەبجە

بۆ کتێبخانەی شەهیدەکەی هەڵەبجە

هۆشیار حەمە فەرەج و ئازاد کەریم و نەجم محەمەد تۆمارکردووە

Institut Kurde de Paris

منالّ هەر لەسەرەتای بوونیەوە خولیای دەنگ و ئاوازو جولّەیە، تەنانەت هەندێ لە پسپۆڕانی دەروونی منالّ دەڵێن مۆسیقا هەر لەیەکەم رۆژی لەدایکبوونی منالّەوە دەبێتە هاوشانی ژیانی منالّ تا ئەو رادەیەی کە منالّ لەیەکەم چرکەی لەدایکبوونیدا بە (گریان) مەلّاشووی دەکرێتەوە، بۆیە هەر لەسەرەتای ژیانییەوە ئاشنای دەنگە، دەنگیش بنەمایەکی سەرەکی مۆسیقایە. دەنگیش بریتییە لە لەرینەوەیەکی شەپۆلدار کە لەهەوادا بەهۆی لەرینەوەی تەنێکەوە (قوڕگ ـ ژێ) بلّاودەبێتەوە، هەر چەندە دەنگی منالّ لەسەرەتادا مۆسیقی نییە، بەلّام ئەگەر لەسالّانی دواتردا رابهێنرێت دەبێتە دەنگی مۆسیقی،چونکە دوو جۆر دەنگ هەیە مۆسیقایی و نامۆسیقایی.

دووەم بنەمای مۆسیقا بریتییە لە (ڕیتم) واتە ئیقاع، ئەویش بریتییە لە یەک بەدوای یەکترداهاتنی کاتە مۆسیقاییەکان ئەگەر وەک یەک بن یان جیاواز، ئیقاعیش بەشێکی گرنگی مۆسیقایە بگرە هەموو بوون لەسەر ئیقاعێکی ڕێک و پێک بەڕێوەدەڕوات، هەر لەدوای یەکترهاتنی سالّ ومانگ و وەرزەکان (زستان، بەهار، هاوین، پایز) تادەگاتە شەو و ڕۆژ، تادەگاتە ئەوەی ژیانی هەموو بوونەوەر (مرۆڤ ـ گیاندار) بەندە بەلێدانی دلّەوە کە بەشێوەیەکی ورد کۆک کراوە کە بەبەردەوامی ژیان دەپارێزێت، کەواتە نەمانی ئیقاع، واتە نەمانی ژیان، بۆیە دەبینین منالّ هەر لەسەرەتای ژیانەوە ئاشنای ئیقاعە، ئەویش بەوەی کە منالّ لەسەر ئیقاعی (بێشکە ـ جۆلانە) خەوی لێدەکەوێت، چونکە ئەو دووبارە بوونەوەو چەند بارە بوونەوەی جولّاندنی بێشکەکەی لەشی خاودەبێتەوە چاو دەنێتە خەو، کەواتە دەنگ و ئیقاع دوو توخمی سەرەکی مۆسیقان، بەم شێوەیە مۆسیقا دیاردەیەکی سروشتی ژیانی مرۆڤەو لەگەلّ بوونیدا ئاشنایەتی.

هەر لە مانگەکانی تەمەنی یەکەمی منالّیەوە گوێی بەدەنگ و ئاواز دەکرێتەوە، نزیکترین دەنگیش بەسۆزی دایکە کە لەمۆسیقادا چینی سۆپرانۆی پێدەگوترێت واتە (تیژ) بۆیە منالّ ئاشنای ئەو ئاوازانە دەبێت کە لەزاری دایکییەوە دێتە دەرەوە.

Institut Kurde de Paris

نمونە:

هۆ لایە لایە، رۆڵە لای لایە

شەوگار درەنگەو بۆ خەوت نایە

–

دووەم قۆناغی گەورەبوون قۆناغی دانیشتن واتە قنگگرتن ئەو کاتەی منالّ دەتوانێت دانیشێت لەم قۆناغەدا جۆری ئاوازەکان و ئیقاعەکان دەگۆڕێت و منالّیش خۆی (شەق شەقە) دەگرێت بەدەستەوەو ئیقاعەکان خێراتر دەبن، بۆنمونە:

ئش ئش

پەڵپینە بەترش

–

پاشان قۆناغی پێگرتن کە ئەم ئاواز و هۆنراوەش هەر لەلایەن گەورەوە دادەنرێت ئەو کاتەی کەمنالّ (پەوڕەوەی تەختە)ی دەدرێتە دەست و یارمەتی دەدات زوو پێبگرێت.

دەبینین کە منالّ لەقۆناغەکانی منالّیدا تا ئەو کاتەی کە گەورە دەبێت دەچێتە کۆڵان و خوێندنگە لەتوانایدایە ئاواز و هۆنراوە یان خاوەنی یاری کردن بەڵکو گەورە بۆی دادەهێنێت و ئەویش لەگەڵیدا هەستی دەبزوێت بەڵام پاش قۆناغی منالّی تەمەنی ٥ – ٦ سالّان خۆی دەبێتە داهێنەری گۆرانی و ئاواز و یاریيەکانی خۆی.

رۆڵێکی گرنگی تری گۆرانی و مۆسیقای منالّ ئەوەیە کە منالّ فێری ئەوە دەکات کە لەگەڵ ئاوازەکاندا (سەما)بکات و یاری بکات، چونکە سەماکردنیش دیاردەیەکی سروشتی مرۆڤەو پابەندە بە جوڵە سروشتییەکانی مرۆڤەوە و هونەرێکی جوانیشە ئەویش ئاوازێک یان ئیقاعێک کاردەکاتە سەر هەستی ئەو بوونەوەرە: مرۆڤ یان گیاندار دەیخاتە جوڵەو سەما.

دەبێت ئەوەش لەیاد نەکەین کە گۆرانی منالّان هەر تەمەنەو گۆرانی و یاری کردنی خۆی هەیە تەنانەت بیرکردنەوەی خۆی هەیە، ئەو گۆرانییەی بۆ منالّێکی پێنج سالّان دەستدەدات بۆ منالّێکی هەشت سالّان دەستنادات وە ئەوەی بۆ هەشت سالّان دەشێت بۆ منالّێکی دوانزە سالّان ناشێت و چێژی لێوەرناگرێت، بۆ نمونە

Institut Kurde de Paris

منالْ لەتەمـەنی ٥- ٦ سـالّیدا ئـەو قامیشـەی سـواری دەبێت وا دەزانێت ئەسـپێکی راستەقینەیە ئەو(سێ پێچکە تەلە)ی لێی دەخوڕێت وادەزانێت ئۆتۆمبێلێکی راستە، هـەروەها ئـەو چیرۆکـە خەیالّاویانـەی لەتەمـەنێکی دی بـۆی بـاس دەکرێـت وا دەزانێت خۆی پالّەوانی چیرۆکەکەیە.

بۆنمونە:

هۆ ڕێوی ڕێوی هۆ و

ڕێوی بێ ئیمان هۆو

شەریکی شەیتان .. هتد

بۆ منالّێکی ١٢سالّان ناگونجێت.

یان لەقۆناغێکی تری گەورەبوونی منالّ پاپەندی ئەو گۆرانییانەیە کە جولّەو سەماو یاری کردنی تێدایە یان ڕاکردن و هەلّبەزو دابەزکردن،

وەک: سابوونی ڕەقی – پشتم تەقی

ئەوەی جێی باسکردنە منالّ تا تەمەنی ١٢ – ١٣ سالّی خولیای گۆرانی و یاری منالّانەو دوای ئەم تەمەنە تەمەنی هەرزەکاری دێت، ئەمیش لێکۆلّینەوەی تایبەتی خۆی هەیە کە لەم باسەدا نییە.

شیکردنەوەی گۆرانی فۆلکلۆری منالّان

گـەر سـەرنجێک بـدەین لـەگۆرانی فۆلکلـۆری منـالّانی کـورد دەبینـین چەنـد تایبەتمەندییەکی تێدایە چ لەڕووی هۆنراوە یان ئاواز یان ئیقاع، هەروەها لەڕووی گەشـەکردنی بـاری کۆمەلّایـەتی و ئـابووری و ڕۆشـنبیری و ڕامیـاری کـورد و هـەروەها لـەڕووی کـات و شـوێن و تەنانـەت لەشـارەوە بـۆ لادێ، چونکـە منـالّ لاسـایی دەوروبـەری دەکاتـەوە لـەڕووی گەشـەکردنی کۆمەلّایـەتی تێکـەلّبوونی لەگەلّ هاوتوخمی خۆیدا ئەگەر کوڕ بێت یـان کچ، منالّ هەست بـە جیاوازییـەکان ناکات، بەلّکو کۆمەلّ بەسەریدا دەیسەپێنێت، هەروەها گۆرانی منالّان لەزارێکەوە (لەهجە) بۆ زارێکی تر گۆڕان و جیاوازی تێدایە چ لـەڕووی بـەکاهێنانی وشـە یـان ئـاواز، ئاشکراشـە کـە ڕۆژ بـەڕۆژ ئـەم ئـاواز و گۆرانییانـە بـەرەو لـەناوچوون و لەبیرچوونەوە دەچێت بەهۆی گەشەسـەندنی لایەنـەکانی ژیـان لـەڕوی ئـابووری و کۆمەلّایـەتی و ڕۆشـنبیری و کلتـوری، هـەروەها پـەرتبوونی ژیـانی کۆمـەلّ و گەورەبوونی شار و داهێنانە تەکنەلۆژییەکان و زانستییەکان و ئالّۆزبوونی ژیان

Institut kurde de Paris

و هاتنه کایەی هۆی راگەیاندنی دی وەک تەلەفیزیۆن، ڤیدۆ، ئەتاری، سیگا و چەندەها لایەنی تری ژیانی منالْ، بۆیە پێویستە لەسەر پسپۆرانی ئەم بوارە کە ئەم گۆرانی و ئاوازانە بپارێزن چ بە نوسینەوەی هۆنراوەو ئاوازەکانیان یان تۆمارکردنی لەسەر شریتی کاسێت و ڤیدیۆ و هەڵگرتنی لە ئەرشیفی تایبەتی و لێکۆڵینەوە لەسەری، چونکە میللەتان ئەم کارەیان زوو ئەنجامداوەو هەموو گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی خۆیان پاراستووەو لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن تەنانەت عەرەبەکانیش، وە ئەوەندەی من ئاگادارم لەسەرەتای سالْانی هەشتادا مامۆستا حسێن قەدوری کتێبێکی بەناونیشانی (أغانی و لعب الاطفال) پێشکەش کردووەو هۆنراوەو نۆتەی هەموو ئەو گۆرانی و یاری منالْانەی نوسیوەتەوەو لە لەناوچوون رزگاری کردووە، وە ئەگەر بەشێوەیەکی ورد و زانستیانە لەم گۆرانی و ئاوازانە بڕوانین، ئەم خالْانەی خوارەوە بەدی دەکەین:

١ـ ئەوەی ئاشکراو دیارە زۆربەی ئەم گۆرانییانە لەتەمەنی یەکەمی منالْی چ ئاواز چ هۆنراوە لەلایەن گەورەوە دانراوە بەتایبەتی دایک چونکە تێکەڵی منالْ زیاتر لەگەڵ دایکیدایە پاشان کاتێ منالْ گەورە دەبێت خۆی دەبێتە خاوەنی ئاوازو هۆنراوەو یارییەکانی خۆی، بۆ نمونە کاتێ منالْ پێدەگرێت ئەو کاتەی نازانێت ئاوازو هۆنراوە دابنێت، گەورە ئەم ئاوازە دەڵێت و لەگەڵ پاڵپێوەنانی رەوڕەوەکەیدا دەڵێت (داره داره، پێ بگره بەهاره)

٢ـ ئەوەی کە لەگۆرانی منالْاندا رەچاودەکرێت کە زۆربەی گۆرانییەکانی کوڕ و کچ پێکەوە یاری دەکەن و گۆرانییەکان دەڵێنەوە، کەواتە کۆمەڵگەی کوردی لەسەرەتای سەدەی بیستەم رێیداوە کە منالْ لە منالْییەوە تێکەڵاوی یەکتربن، بەڵام دەبینین لەیارییە فۆلکلۆرییەکاندا کە زۆرتر جوڵەی تێدایە یاری کوڕان لەگەڵ یاری کچان جیاوازە، وەک ماڵە باجێنە، خەتخەتێن، هەڵمەقۆ بۆ کچ و یەکەوحەیزەران، یەکەوگۆتەکەو فڕیوە و هەلوکێن بۆ کوڕ، نمونە بۆ ئەو گۆرانییەی کە کوڕ و کچ پێکەوە دەیڵێنەوە:

أ. پشیله سووره بەکوێیا چوو

عەرزی دڕی و پیایا چوو

بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە کوڕ یان کچ گۆرانی تایبەتی خۆی نییە، بۆ نمونە کوڕان حەز لە شەڕە کەڵەشێر دەکەن و لەکاتی بەگژاچوونی کەڵەشێرەکان

Institut Kurde de Paris

ئەم گۆرانییە دەڵێن
ب ـ دگل دگل دانە
شەڕی مامە خانە
یان کچان پێکەوە یاری دەکەن و ئەم گۆرانییە دەڵێن
نمونە:
ئاگری شینی گیایی
بۆ مەیلی برایی
مەیلی برام حەوت جووتە
ئەسپی کاکم لەجووتە
هۆ کچێ تەقەتەق مەکە
گوارەکانم ئەفرۆشم
ئەیدەم بە قەرەوێڵە
لەسەری دائەنیشم
-
نمونەیەکی تر بۆ گۆرانییەک کە کچان پێکەوە دەیڵێنەوە:
ئایشێ بنەوشێ
گسکێ بدە لە حەوشێ
ئەگینا دایکت دەتکوژێ
یاخوا لەشت داوەشێ
٣ـ گۆرانی منالّان لەگەڵ وەرزەکانی ساڵ دەگۆڕێت بۆ نمونە ئەو گۆرانییانەی کە لەزستان دەگوترێن جیاوازە لەباران بڕان، چونکە هاوینان بەڕۆژ یان شەو دێنە گۆڕەپان و کۆڵان.
بۆ نمونە گۆرانی مامە پیرە لە هاوین یان لەبەهار دەگوترێ کەمنالّ خۆی دەکات بە مامە پیرەو گۆجانێک دەگرێت بەدەستیەوەو سەعاتێک دەکاتە دەستی و منالّانیش بە گۆرانییەوە لێی دەپرسن:
مامە پیرە سەعات چەندە
پێم نەگوتی سەعات یەکە
مامە پیرە سەعات چەندە

Institut kurde de Paris

پێم نەگوتی سەعات دووە
بەم شێوەیە دەڕوات تا دەگاتە دوانزە، ئیتر بەم شێوەیە منالّان فێری سەعات خوێندنەوە دەبن.
نمونە لەگۆرانی باران بڕان، کاتێ کە باران ناباریّت منالّان لەپەڕۆ بووک دروستدەکەن و بەمالّاندا دەگەڕێن، کەیبانووی مالّەکەش جامێک ئاو دەکات بە بوکەکەداو منالّان بە یەکەوە ئەم گۆرانییە دەڵێن:
بووکە بەبارانێ
سەعاتی جارانێ
ئاوی بن دەغلّانێ
هەیاران و مەیاران
یاخوا داکاتە باران
بۆ فەقیرو هەژاران
-
یان شەوانی زستان کە منالّان بەڕیز دادەنیشن هەموویان قاچ رادەکێشن یەکێک لە منالّان دەست دەخاتە سەر قاچیان یەکە یەکە لەگەڵ گۆرانییەکەدا دەڕوات و کە دەڵێت (ئەوەی گەزی) ئەو منالّە قاچی دەنوشتێنێتەوە بەم جۆرە تا کۆتایی گۆرانییەکە:
هەللور بەللور تەکامە
زەردو سوور و شەمامە
ئاوە بەرە دەنکە زەرە
مێخم کوتی مێخ هەڵبەزی
تیکەی راستی ئەوەی گەزی
یان:
٢ـ ئاخچی بوخچی – دایەو بابە سندوقچی
٣ـ هەروەها گۆرانی (سابوونی رەقی) کە لە زستان لە ژوورەوە منالّان پشت دەکەنە یەکتر و هەردووکیان یەکتر بەرز دەکەنەوە بەم شێوەیە دەڵێن:
سابوونی رەقی
پشتم تەقی

Institut Kurde de Paris

٤ـ لەڕووی هۆنراوەوە دەبینین زۆربەی لە گیاندار دەدوێ، ئەمەش پەیوەندی بەبیرکردنەوەوە هەیە

وەک:

هۆ ڕێوی ڕێوی هۆو

ڕێوی بێ ئیمان هۆو

یان:

حاجی لەقلەق مار هات ماری ژەنگ و ..

لەیلێ بە گریان هات

پیرەژن بە گۆچان هات

٥ـ لەڕووی ئیقاعەوە: زۆربەی ئاوازەکان ئیقاعی سادەن (الوزن البسیط) ئەویش ئیقاعی دوانی وەک ، ٤/ 4وە بەدەگمەن ئیقاعی تێکەڵاو (الوزن المرکب) هەیە، وەک 6/8لەگۆرانی مامە پیرە هەروەها زۆربەیان یەک ئیقاع لەسەرەتای گۆرانییەکە تا کۆتایی گۆرانییەکە.

دەگمەن نەبێت وەک گۆرانی (بووکە بەبارانە) کە ئیقاعەکەی دەگۆڕێت سەرەتا بە ئیقاعی 4/4 دەستپێدەکات پاشان دەگۆڕێت بە ڕەزمی (ئیقاع)6/8ئەویش پەیوەندی بەجوڵەی منداڵەوە هەیە.

٦ـ لەڕووی هۆنراوەوە زۆربەی هۆنراوەکان سادەن، هەروەها منداڵان لاسایی دەوروبەر دەکەنەوە، جاری واهەیە لەوشەکان تێناگەن و ئەیڵێنەوە بۆ نمونە تەنانەت منداڵانی کورد بەهۆی تێکەڵاوییان لەگەڵ منداڵانی عەرەبدا ئەم گۆرانییە منداڵانەی عەرەبیان دەگوتەوە، کە بەم شێوەیەیە:

استعلا فات فات

ئیزیل و سەباع لەفات

ڕێوییەکە ڕۆی ڕۆی

کلکەکەی حەوت جار ڕۆی

کە خۆی بەعەرەبی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

الثعلب فات فات

وذیله سبع لفات

Institut kurde de Paris

یان ئەم گۆرانییەی دی کە لە منالّانی عەرەبدا وەرگیراوە
الله بصحبکم بالخیر
یالعماره العماره
الله یمسیکم بالخیر
یالعماره العماره

٧ـ زۆربەی گۆرانی منالّانی کورد لەگەلّ یاری کردندا تێکەلّە لەوانەیە ئەو یارییە بووبێتە هۆی داهێنانی ئاوازو هۆنراوەکە، کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مۆسیقاو یاری کردن و سەما پەیوەندییەکی گرێدراویان پێکەوە هەیە و دەچێتە ناوناخی مرۆڤەوەو کاری لێدەکات.

٨ ـ زۆربەی ئەو کاتە مۆسیقایانەی کە لە گۆرانییەکاندا بەکارهاتوون ئەو کاتانەن کە منالّ بە ئاسانی بۆی دەگوترێت وە بلانش(♭) یان نوار (♮) یان کروش (♪) وە یان بەدەگمەن دەبلّ کروش (♫) بەکاردەهێنرێت، چونکە کاتێکی خێراییە وە بۆ منالّ ئاسان نییە.

وەجارجارەش نیشانەی پشوو (علامة السکوت) (𝄽) یان (𝄾) بەکاردێت چونکە منالّ هەناسەی کورتە.

٩ـ لەڕووی داڕشتنی ئاوازەکانەوە دەبینین زۆربەی گۆرانییەکان لە پەیژەی گەورەیە major پەیژەی بچووک minor کەم بەکاردێت، هەروەها نیشانەی چارەکە تۆن زۆر دەگمەنە چونکە پێویستی بە راهێنانێکی زۆرە.

١٠ـ لەبەر ئەوەی چینی دەنگی منالّ (سۆپرانۆ – تیژە) ئەو گۆرانییانە لەکاتی وتن و نوسینەوەدا لەو چینە دادەڕێژێت.

١١ـ لەرووی مەودای دەنگەوە (المسافةالصوتیة) زۆربەی ئەو گۆرانییانە مەوداکانیان لەیەک (تتراکورد) واتە چواردەنگ تێناپەڕێت وە هەرگیز (ئۆکتاف) octave هەشت دەنگ تەواوناکات، وەبگرە زۆربەیان لەیەک تۆن جێگیر دەبن، مەگەر باز (قفزه) بدەن بۆ چوارمیانە (مسافة رابعة) لەخوارەوە پێی دەلّێن (حرکة نازلة) صولّ – دێ یان مەودایەکی سێ دەنگی (مسافه ثالثة) سەرکەوتن (حرکة صاعدة) پاشان دەگەڕێتەوە سەر دەنگە جێگیربووەکە (نغمة الاستقرار)

١٢ـ زۆربەی ئەم گۆرانییانە بەشێوەی جیاواز جیاواز دەگوترێن، بەلّام هێندەی

Institut kurde de Paris

ئەوەی کە بە منالّی وتراوە بە پێی شارەزایی خۆم لەم بوارەدا و گەڕانەوەم بۆ کاتی منالّی سوودم لەم ئاوازانە وەرگرتووە لەکاتی نوسینەوەی نۆتەکاندا.

تێبینی/ ئەو گۆرانییانەی کەنوسراوەتەوە هەموو ئەو گۆرانییانە نین بەڵکو گۆرانی زۆری دی هەیە، هەوڵ ئەدەم کە لەسەرچاوەی ترەوە یان کەسانی ترەوە وەریان بگرم و بنوسرێتەوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت بۆ ئەوەی ببێتە بنەمایەک بۆ گۆرانی منالّانی کورد.

-

ئەم بابەتە لە ژمارە ١٤٥٢ رۆژی پێنج شەمە لە ٢١/ ٨/ ١٩٩٧ لەرۆژنامەی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ بلاّوکراوەتەوە.



ئەدەب و هونەر

ژمارە (١٤٥٢) پێنجشەمە ٢١/٨/١٩٩٧ ساڵی پێنجەم

گۆرانی فۆلکلۆری منالّانی کوردو چەند لێکۆڵینەوەیەک

نووسینی: نازاد سالح
تیپی مۆسیقای ئەدەب

منالّان لەزارێکەوە (لهجه) بۆ زارێکی تر گۆزارو جیاوازی تێدایە چ لەرووی بە کار هێنانی وشە یان ئاواز ئاشکرابێ کە ڕۆژبەڕۆژ ئەم ئاوازو گۆرانیانە بەرەو لەناوچوون و لەبیرچوونەوە دەچێت بەهۆی گەشەسەندنی لایەنەکانی ژیان لەرووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کەلتوری هەروەها پەرت بوونی ژیانی کۆمەڵگەرو بەربوونی شارو دابەشانە نەکەلەڕۆیەکانو زانسیەکان و تاڵۆزبوونی ژیان و هاتنەکایەوەی هۆیەکانی ڕاگەیەندنی دی وەک ئەفزیۆن ـ ڤیدیۆ ـ ئەتاری ـ سیگاو چەندەها لایەنی تری ژیانی منالّ پێویستە لەسەر پسپۆرانی ئەم بوارە کەئەم گۆرانی و ئاوازانە بپارێزن چ بە نووسینەوەی هۆزانەوو ئاوازەکانیان یان تۆمار کردنیان لەسەر شریتی کاسێت و ڤیدیۆ هەڵگرتنی لەدەزبڵی و لێکۆڵینەوە لەسەری چونکە میللەتان ئەم کارەیان زۆر ئەنجام داوەو هەموو گۆرانیە فۆلکلۆرییەکانی خۆیان پاراستووەو لێ کۆڵینەوەی لەسەردەکەن ئەنانەت عەرەبیە کانیش وەکو من ئاگادارم لەسەرەتای ساڵانی هەشتاداماموستا حسین قەدری کێنیکی بەناونیشانی (أغاني ولعب الأطفال) پێشکەش کردووە هۆزانەوو نۆتەی هەموو ئەو گۆرانی و یارییەمنداڵانەی نووسیوەتەوو لەئەناوچوون ڕزگاری کردووە وئەگەر بەشێوەیەکی وورد زانستیانە لەم گۆرانی و ئاوازانە ڕوانین ئەم حاڵانەی خوارەوە بەدی دەکەین:ـ

١ـ ئەوەی ئاشکرابە دیارە زۆربەی ئەم گۆرانیانە لەئەمەی یەکەمی منداڵی

منالّ هەر لە سەرەتای بوونیەوە خولیای دەنگو ئاوازو جوڵانیە. ئەنانەت هەندێ لە پسپۆڕان دەڕوونی منالّ دەڵێن! مۆسیقا هەر لەیەکەم ڕۆژی لە دایک بوونی منالّەوە دەبێتەهاوشانی ژیانی منالّ. تا ئەو ڕادەیەی کە منالّ لەیەکەم چرکەی لە دایک بوونیایە (گریان) مەلاتۆنوی دەکرێتەوە. بۆیە هەر لەسەرەتای ژیانیەوە ئاشنای دەنگە. دەنگیش بنەمایەکی سەرەکی مۆسیقایە.

دەنگیش: ڕیتمێیە لەڕستەوەیەکی شەبۆلدار کە لەهەواوا بەهۆی لەرینەوەی ئەتێکەوە (قوڕگـ ـژی) بڵاودەبێتەوە. هەرچەندە دەنگی منالّ لەسەرەتادا مۆسیقی نیە بەڵام لەگەڵ ئەساڵانی دوایی ڕاهێنراوێت دەبێتە دەنگی مۆسیقی چونکە دوو جۆر دەنگ هەیە مۆسیقایی و نامۆسیقایی.

دووهەم بنەمای مۆسیقا ڕیتمێیە لە (ڕیتم) وانە ئیقاع لەدەبێ ڕیتمێیە لەبەدوای یەکتر هاتنی کاتە مۆسیقاییەکان ئەگەر وڵد بڵەدێن یان جیاواز ئیقاعیش بەشێکی گرنگی مۆسیقایە بگرە هەموو بوون لەسەر ئیقاعێکی ڕێکوپێکن بەڕێوە دەروات هەر لەدوای یەکزهاتنی ساڵو مانگو وەرزەکان ـ زستان ـ بەهار ـ هاوین ـپاییز تا دەگاتە شەوو ڕۆژ تادەگاتە ئەوەی ژیانی هەموو بوونەوەر (مرۆڤـ گیاندار) بەندە بەئیدای (دڵ) ەوە کەبەشێوەیەکی وورد کۆنترۆڵ کراوە کە بەبەردەوامی ژیان دەبارێنێت کەوانە ئەمانی ئیقاع وانە ئەمانی ژیان. بۆیە دەبێنین منالّ هەر لەسەرەتای ژیانەوە ئاشنای ئیقاعە ئەوبێش بەوەی کە منالّ لەسەر ئیقاعی (بێشکە ـ جوڵانە) هەوی ئەدەکوێنت چونکە ئەو دووبارەبوونەوەو چەند بارەبوونەوەی جوڵاندنی بێشکەکەی لەخی هاو دەبێتەوەو چار دەبێتەهەو کەوانەدەنگو ئیقاع دوو توخمی سەرەکی مۆسیقان بەم شێوەیە مۆسیقادیاردەیەکی سروشتی ژیانی مرۆڤەو لەگەڵ بوونیدا ئاشنایە.

هەرلە منانگەکانی ئەمەی یەکەمی منالّیەوە گۆزەی بەدەنگو ئاواز دەکرێتەوەو وەزیکەزین دەنگیش بەسۆزی دایکە کەلەوازەکان چێژ سۆزانۆی پێ دەگووزرێت وانە (نیز) بۆیە منالّ ئاشنای ئەو ئاوازانە دەبێت کەلەزاری دایکی دێتە دەرەوە:

نموونە: هۆلایە لایە ڕۆلە لای لایە
شەوگار دڕەنگە بۆ خەوتنایە

دووهەم فۆنافی گەورەبوون فۆنافی دانیشت وانە قسەگرتن ئەو کاتەی منالّ دەتوانێت دانیشێت لەم فۆنافەدا جۆری ئاوازەکان و ئیقاعەکان دەگۆڕێتو منالّیش حەزی (شەق شەق) دەگرێت بەدەستەوەو ئیقاعەکان

مامەپیرە سەعات چەندە
پێم نەگوتن سەعات دووە
بەم شێوەیە دەروات تادەگاتە دوازدە بەم شێوەیە منالّان قیری سەعات خوێندنەوەدەدەن.

ئەوینە لە گۆزانی باران ڕان کا ئی کە باران نابارێت منالّان لەبەڕۆ بووکێنک دروست دەکەنو پەماڵانا دەگەڕێن کەبانووی ماڵەکەش جامێنک ئاودەکات بەبووکەکەداو منالّان لەم گۆرانیەبە دەڵێن کورو کچ پێکەوە

بووکە بەبارانێ
سەعانی جارانێ
ئاوی میزەلدانێ
ئاوی بن دەفلانێ
مناڵبارانو مەبارانێ
باحوا داکانە باران
بۆ بەدەنو هەژارانێ

یان ئەوانی ڕستان کە منالّان بەڕیز دانەنیشن وەهەمویان قاچ ڕادەکێشن کەبەکێک لەمانەی دەست دەخانە سەر قاچیان و بەکەبەک لەگەڵ ئیقاعی گۆزانیەکە دەوەستنو کە دەڵێت (ئـ)ەوی گـەزی ئـەو منـالە قـاچ دەنوشێنێتەوە) لەم جۆرە باکۆتایی گۆزانیەکە.

هەلّلور بەلّلور تەکەمە
زەردۆ سوورو شەمەنە
ئاوەبەرە دەنکە زەرە
مێرد کوێ مێرد هەڵەزێ
نێکەی ڕاستی ئەوەی گەزی
یان
٢ـ ئاگی بوگی دایەو بابە سندوقی

٣ـ هەروەها گۆزانی (سابوونی ڕەق) کەلەزستان لەژوورەوە منالّان پشت دەکەنە یەکتر هەردووکیان یەکتر بەزن دەکەنەوە بەم شێوەیە دەڵێن.

سابوونی ڕەقی
پشم نەقی

Institut kurde de Paris

ئەو هونەرمەندە کوردە بلیمەتەیە کە هێندەی تر گۆرانییەکانی حەسەن زیرەکی رازاندۆتەوە

کێ بێ لە ئێمە گوێی لەدەنگی حەسەن زیرەک نەبووبێت، لەگەڵ ئەو گۆرانییانەدا دەنگی بەسۆزی ئەو کەمانچەیە نەیهەژاندبێت کە لەگەڵ گۆرانییەکاندا ئاوێزان دەبوو، وای لە گوێگر دەکرد هێندەی تر چێژ لەو گۆرانییانە وەربگرێت و بەنەمری بمێنێتەوە.

کێ بێ هەست بەو جیاوازییە گەورەیە نەکات لە گۆرانییەکانی حەسەن زیرەکدا ئەوانەی لە ئیستگەی بەغدا تۆمارکراون، یان ئەوانەی لە کرماشان تۆمارکراون، ئەمیان مۆسیقایەکی کرچ و کاڵ، ئەویان تەپوپڕ، ئەوانەی بەغدا بێ پێشەکی مۆسیقایی، گۆرانییەکانی کرماشان پێشەکییەکی جوان و ڕێک وپێک هەیە، ئەوانەی بەغدا سەرپێی تۆمارکراون، ئەوانەی کرماشان ماندووبوونێکی زۆری لەگەڵ کراوە و زۆر جوان تۆمارکراوە، ئەوانەی بەغدا هەستەکەیت زۆر بێگیانە، ئەوانەی کرماشان هەستەکەیت هێندە ڕۆحت دەبزوێنێت.

ڕۆحیەت و مۆرکی مۆسیقاکانی ئیستگەی بەغدا زیاتر عەرەبییە، چونکە مۆسیقاژەنی عەرەب زۆربەی ئامێرەکانیان ژەندووە، بەڵام گۆرانییەکانی کرماشان زۆر نزیکە لە دەنگ و مۆرکی حەسەن زیرەک ئەویش ڕۆحیەت و مۆرکی کوردییە.

بەڵێ لەپشت پەردەکانەوە چەندین مۆسیقاژەنی بەتوانا هەبووە لەدوای ئەو سەرکەوتنە مەزنەی کە گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک بەدەستی هێناوە.

دڵنیام لەوەی کە زۆر لە شەیدایانی دەنگە بەسۆزەکەی حەسەن زیرەک تامەزرۆ تینوی ئەوەن تا بزانن ئەو هونەرمەندە بلیمەتە کێیە کە ئەو کەمانچە بەسۆزە لێدەدات؟ چونکە دەتوانین بڵێین چریکەی دەنگی حەسەن زیرەک و سۆزی کەمانچەکەی هونەرمەندی بلیمەت (موجتەبای میرزادە) دوانەن و لێک جیاناکرێنەوە، هەردەم ئاوێزان و دەستەملانی یەکترن، موجتەبای میرزادە لە ساڵی ١٩٤٥ لە کرماشان لەدایکبووە، بەپێی بارودۆخی ئەو کاتە کە زۆر لە خێزانەکان ڕێگایان دەگرت لە منااڵەکانیان بۆ ئەوەی نەچنە ناو جیهانی هونەرەوە،

Institut Kurde de Paris

بـەڵام لەگـەڵ ئەمەشـدا زۆر لـە هونەرمەنـدان لـەم ناوچەیـە پـەروەردە بـوون و هەڵکەوتوون.

ئەم هونەرمەندە زۆر منالّ بووە کە لەگەڵ مۆسیقادا ئاشنایەتی پەیداکردووە ئەویش بەهۆی رادیۆی دراوسێیەکیانەوە، خۆی دەڵێ (هەر کاتێ دەنگی مۆسیقای ئاغایـان مەهـدی خالـدی و پـەرویزی یـاحقی)(١) لـەرادیۆی دراوسـێکەمانەوە لێبدرایە، ئیتر مـن بەهـموو هەستەکانمەوە لەگەڵیاندا دەژیام، بەتایبـەتی دەنگی صـۆڵۆکانیان(٢) ئاشکرایە گـوێم لـە مۆسـیقای هـەموو هونەرمەنـدانی وڵاتەکـەم دەگرت کە لە رادیۆوە پەخش دەکران بەڵام دەنگی ئامێری ئـەو دوو هونەرمەندە چێژی تایبەتی هەبوو لام)

میرزادە وەک زۆربەی هونەرمەندان زۆر عاشق و شەیدای مۆسیقابووە، بەڵام توانای کڕینی ئامێری مۆسـیقای نـەبووە بۆ ئـەوەی تاسـەو ئـارەزووی خـۆی پـێ بشـکێنێت. هـەموو رۆژێـک دوور لـەچاوی بـاوکی لەکـەناڕێکی ماڵـەوە بـە قـاپ و قاچـاخ لاسـایی ئـەو ئاوازانـەی دەکـردەوە کـە لـەرادیۆ دەیبیسـت، تەنانـەت لـە خوێندنگـە بـە پارچـە گـوێزان لـەمێزی وانـە خوێندنـدا ئـامێرێکی مۆسـیقی لێدروستکردبوو کە دەنگی وەک ئەو ئاوازانە بوو کە رۆژانە لەرادیۆ باوبوو، بۆیە ئـەم بـارە ئـەم هونەرمەندەی رازی نـەکرد تـا ئـەو کاتـەی تـوانی ئـامێرێکی (نـای) پەیدابکات و رۆژانە خۆی پێوەخەریک دەکرد و راهێنانی لەسـەر دەکرد، هێندەی ئەو ئامێرەی جوان لێدەدا تـا کـاری کـردە سـەر هەسـت و نەسـتی براگەورەکـەی، وایلێکرد کە سەنتورێک بکرێت و لاسـایی براکـەی بکاتـەوە، بـەڵام هـیچ فێرنـەبوو بۆیـە زوو وازی لێهێنـاو ئامێرەکـەی خسـتە لاوە، ئالـەم کاتـەدا ئەسـتێرەی بـەختی موجتەبا بێداربووەوە بە ئامێری سـەنتوری براکـەی شادبوو، لـەو دەمـە بـەدواوە میـرزادە بەهـەوڵ و کۆششـی خـۆی تـوانی لاسـایی ئـەو گۆرانییانـە بکاتـەوە کـە لـەرادیۆ پـەخش دەکـران، هـەر لـەو رۆژانـەدا خـۆی بگەیەنێتـە هونەرمەنـدی گەورە(حەسەنی کامکار)(٣) ئاشنایەتی لەگەڵ پەیدابکات و بچێتە رادیـۆ سـنەو لـە ئۆرکسـترای رادیـۆ بەشـداری بکـات و سـوود لـە ڕێنمـایی و ئامۆژگارییـەکانی وەربگرێت.

میـرزادە پـاش یـەک سـاڵ لەگـەڵ (حەسـەن زیـرەک، مەزهـەری خـالقی، هاشـم ربیعی) بەرنامەکانی خۆی پێشکەش دەکرد کە هێشتا قوتابی ناوەندی بوو، هێشتا

Institut Kurde de Paris

نۆتەی مۆسیقای چاک نەدەزانی، بەڵکو هەمووی بەهۆی ئەو هەستە ناسکەو گوێ سوکەیەوە بوو، کە دەست و پەنجەکانی تێکەڵاوی دەنگی حەسەن زیرەک دەکرد.

میرزادە هێندە عاشقی مۆسیقابوو، دەیویست زیاتر خۆی قوڵ بکاتەوە سوود لەکەسانی تر وەربگرێت، بۆیە ساڵی ١٩٦٧ چۆتە تاران بۆ فێربوونی نۆتەی مۆسیقا، رۆژانە کتێبێکی سەرەتایی نۆتەی دەکڕی و کە (ضیاء مختاری) دەینووسی، ئەم کتێبە بێجگە لەچەند زانیارییەکی سەرەتایی دەربارەی خوێندنەوەی نۆتەکە و ئەلفبای مۆسیقا هیچی تر نەبوو، بەڵام ئەو رۆژانە گۆڤارێک کە ناوی (مۆسیقای ئێران) بوو، دەرچوو، کەبەلای کەمەوە حەفتانە نۆتەی گۆرانییەکی بڵاودەکردەوە، لەکاتی خۆی بەگوێ فێربووبوو، بۆیە بە ئاسانی دەیتوانی نۆتەکان لەبەربکات، وە بەڕاهێنانێکی زۆر توانی بەم ڕێگایە فێری نۆتە خوێندنەوە ببێت.

ساڵی ١٩٦٨ بوو، کە رادیۆ رایگەیاند پێویستی بەچەند مۆسیقا ژەنێکە هەر لەو کاتەدا چوو بەدەم بانگەوازەکەوەو لەتاقیکردنەوەی (مستەفا کسروی) دەرچوو، ئیتر وەک مۆسیقاژەنێکی رادیۆ دامەزرا، لەو کاتەدا سێ تیپی رادیۆ هەبووکە چالاکانە کاری هونەرییان دەکرد بریتی بوون لە :

١ـ(نگیسا) بەڕابەری مستەفا کسروی

٢ـ(فارابی) بەڕابەری مورتەزای حەنانە

٣ـ(باربد) ، بەڕابەری فریدون ناسری

ئەمیش هاوکاری خۆی لەگەڵ تیپی (نگیسا و باربد) کرد، لەساڵی ١٩٧٠ هاوکاری خۆی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی فەرهەنگ و هونەر دەستپێکرد.

پەراوێزەکان:

١ـ مهدی خالدی – پرۆیزی یاحقی، دوو مۆسیقاژەنی بەتوانای ئێرانن کە تا ئێستا پەرۆیزی یاحقی یەکێکە لە بەتواناترین مۆسیقاژەنی ئێران لەساڵی ١٩٣٦ لەتاران لەدایک بووە.

٢ـ صۆلۆ لە مۆسیقادا بەوە دەڵێن کە بەتەنیا یەک ئامێر مۆسیقا لێدەدات.

٣ـ حەسەن کامکار: باوکی هونەرمەندانی بەتوانا (بێژەن، ئەردەشێر، ئەرسەلان .. هتد)

Institut kurde de Paris



7 KURDISTANI NWE

سالی پێنجەم ژمارە: ١٤٧٠ پێنج‌شەممە ١٩٩٧/١٠/٢

موجتەبا میرزادە

نە و هونەرمەندە کوردە بلیمەتەیە کە هێندەی تر گۆرانیەکانی حەسەن زیرەکی رازاندۆتەوە

نازناو سائح

تیپی مۆسیقای فۆلکلۆر

بۆ کچە غەمبارەکانی شارەکەم

لاوەند نەوزاد

هەڵاڵانمان... وادێنەوە، بەردو دڵی شارەکەم بەردو نەوێڵی گەشتان.. هەنگاو دەنێن.

چاوەڕێن... لەپایزدا! بەرگی بەهار لەبەاڵی هەوێر دەپێچن... ئۆفرە بگرن. لەسێدەیەکی ڕۆژاڵی پایزدا، لە شاشەفامێکی ماندوو، و ڕۆشن بەئاوێکی گێنگەر، هەڵاڵی بیرەیاوەر بەدی دەکەن!

سارتەر دەڵێ: مرۆف هەڵوێستە. سڵاو لەهەڵاڵان بە هەڵوێستە... دیسان دەڵێ: قسەکردن لەگەڵ ئامرەتدا قسەیەکە... سڵاو لەقسەکەری زامداران...

ئەی شارەکەم، بەڕۆیینی هەڵاڵانم، تووڕە مەبە!

ئێکدارانی مۆزیمی، تێمەو هەوێرەکانیش، لەبەر خۆزێق وەهێدا، بەڕۆیینی هەڵاڵانم شارە لەکچان دڵگیرتر، غەمبارتر...

هەڵاڵانمان... وادێنەوە، بەردو دڵی شارەکەم بەردو نەوێڵی گەشتان.. هەنگاو دەنێن.

چاوەڕێن... لەپایزدا! بەرگی بەهار لەبەاڵی هەوێر دەپێچن... ئۆفرە بگرن. لەسێدەیەکی ڕۆژاڵی پایزدا، لە شاشەفامێکی ماندوو، و ڕۆشن بەئاوێکی گێنگەر، هەڵاڵانی بیرەیاوەر بەدی دەکەن!

سارتەر دەڵێ: مرۆف هەڵوێستە. سڵاو لەهەڵاڵان بە هەڵوێستە... دیسان دەڵێ: قسەکردن لەگەڵ ئامرەتدا قسەیەکە... سڵاو لەقسەکەری زامداران...

ئەی شارەکەم، بەڕۆیینی هەڵاڵانم، تووڕە مەبە!

ئێکدارانی مۆزیمی، تێمەو هەوێرەکانیش، لەبەر خۆزێق وەهێدا، بەڕۆیینی هەڵاڵانم شارە لەکچان دڵگیرتر، غەمبارتر...

دڵی کچانی خاشیش.... ئەدێ ئاوەها بەسووتوو!

پایز داهات... تۆفرە بگرن. ئێکدارانی مۆزیمی تێمەو هەوێرە خەباتێکە، هەڵبژێرەوە... لەنێو مێشکی مرۆڤێکدا... مرۆڤێکدا!

ساڵانێکە بەچێسە ڕادیۆی سنەو لەنوێکشەرای ڕادیۆ بەخەباری یەکەم ڕۆژنامەنووسی و ئامۆژگاری یەکان دەورەگرێت. میرزادە باش یەک ساڵ لەگەڵ (حەسەن زیرەک، مەڵبەندی خانەقین، هاشم ڕەیمی) بەرنامەکانی خۆی پێشکەش دەکرد کە هێشتا لوتانی ناوەندی بوو وەهێشتا نۆژەن مۆسیقا چاڵ نەدەزانی بەئێکەمی هەموری بەهۆی ئەو هەستە ناسکەو گوێ سووکەبەرە بوو کەدەستی بەچەکاڵی تێکەڵاو دنگی بەسۆزی حەسەن زیرەک دەکرد.

میرزادە هێندە خاڵق مۆسیقا بوو کەدەبێست زیاتر خۆی لوول گانەوەو سوود لەکەسانی تر وەرگرێت بۆیە ساڵی ١٩٦٧دا چۆتە تاران بۆ تێروبۆی نۆتەی مۆسیقا ـ ڕۆژانە کێشێکی سەرەتایی نۆتەی دەکوێکە (هیا، هتاری) دەبیستوی. ئەم کێبە بێچگ لەچەند زانیاریەکی سەرەتایی دەربارەی خوێندنەوەی نۆتەکە تە لقیای مۆسیقا هیچی تر نەبوو. بەڵام لەو ڕۆژانەدا گۆڤارێک کەناوی (مۆسیقای تێران) بوو دەردەچوو. کەبەڵای کەمەوە هەفتانە نۆتەی گۆرانی یەکی بڵاودەکردەوە کەئاو خۆی بەگوێ قێری بوو بۆیە بەناسانی دەیتوانی نۆتەکان لەبەر بکات. وەبەراهێنانێکی ڕۆژانەی بەئاسانی دەیتوانی نۆتەکان لەبەر بکات. وەبەراهێنانێکی ڕۆژانەی بەئاسانی ساڵی ١٩٦٨بوو کەڕادیۆ ڕایگەیاند پێویستی بەچەند مۆسیقارێکی هەر لەو کاتە چوو بەدەم بانگەوازەکەوەو لەناڵی کردنەوەدا (مست‌ەفا کەریمی) دەبگەرێتەوە بۆ ڕادیۆ. ئەو ساڵانەی ڕادیۆ دامەزرا، بەوگی لەکەناڕێکی ساڵانەوەدا بەقاپەو قاچاخی ساڵانەو لاسایی ئەو ئاوازانەی دەکردەوە کەڕادیۆ دەیبست.

ئەنانەت لەخوێندنگا بەپارچە گۆرانیزان لەمێزی وانەخوێندندا ئامێزێکی مۆسیقای لێ دروست کردبوو کەدەنگی وەک ئەو ئاوازانە بوو کەڕۆژانە لەڕادیۆدا بایبوو. بۆیە ئەم بارە ئەم هونەرمەندەی زانی بەڕاستی ئاتاوە کانەی توانی ئامێزێکی (ئای) پەیدا بکات و ڕۆژانە خۆی پێوە خەریک دەکرد و ڕاهێنانی لەسەر دەکرد. هێندە ئەو ئامێزەی جوان ئێدەدا تا کاری کردە سەر هەستی بە‌ستی ڕاگەورەکەی وای لێ کرد کەستێوریک بکڕێت و لاسایی ڕاگەی بکاتەوە.

بەڵام هیچ قێر نەبوو بۆیە ڕۆژ وازی لێهێناو ئامێزەکەی خستەلاوە. ئینام کاتەدا دەیتوانی بەهەش موجتەبای بێنادرووەوو بەئامێزی ستێوری ڕاگەی شادبوو. ئەو دەمە بەدواوە میرزادە بەهەوڵو کۆشش خۆی توانی لاسایی ئەو گۆرانیانە بکاتەوە کە ڕادیۆ بەهۆی دەکوان هەر لەو ڕۆژانەدا خۆی بێ‌بەشکرد هونەرمەندی گەورە (حەمەی کامکار ٣ X) وئاشایەلی گەلان پەیدا هەڵکەوتوون.

ئەم هونەرمەندە ڕۆژ مناڵ بووە کە لەگەڵ مۆسیقادا ئاشنایەتی پەیدابکردووە ئەویش بەهۆی ڕادیۆی دراوسێکەیانەوە.

خۆی دەڵێت (هەرکاتی دەنگی مۆسیقای ئاهێیان (مهدی هاڵدی- پەروێزی یاحەق ١٩) لەڕادیۆی دراوسێکەمانەوە دەهاتە گوێم هەموو هێزێکی کاندەو لەگەڵیاندا دەژیام بەشێوەیەک کەئەتۆ لە دنگی مۆسیقای ئاهێیان ئاشنەبیت گوێم لەمۆسیقای هیچ کەسێکی تر نەدەبوو. وڵاتەکەم دەگەڕێکە لەم ئاهێزە بەشی دەکران بەڵام دنگی ئاهێزی لە دوو هونەرمەندە چێزی تایبەتی هەبوو لەم. میرزادە هەروەک ڕۆژگەی هونەرمەندان ڕۆژ خاشۆو شەبدای مۆسیقا بوو بەڵام نوانای کەرینی ئامێزێکی مۆسیقای لێ دروست کردبوو کەدەنگی وەک ئەو ئاوازانەی بوو کەڕۆژانە لەڕادیۆدا بایبوو. بۆیە ئەم بارە ئەم هونەرمەندەی زانی بەهۆی ڕادیۆی دراوسێکەیانەوە.

خۆی دەڵێت (هەرکاتی دەنگی مۆسیقای ئاهێیان (مهدی هاڵدی- پەروێزی یاحەق ١٩) لەڕادیۆی دراوسێکەمانەوە دەهاتە گوێم هەموو هێزێکی کاندەو لەگەڵیاندا دەژیام بەشێوەیەک کەئەتۆ لە دنگی مۆسیقای هیچ کەسێکی تر نەدەبوو. وڵاتەکەم دەگەڕێکە لەم ئاهێزە بەشی دەکران بەڵام دنگی ئاهێزی لە دوو هونەرمەندە چێزی تایبەتی هەبوو لەم. میرزادە هەروەک ڕۆژگەی هونەرمەندان ڕۆژ خاشۆو شەبدای مۆسیقا بوو بەڵام نواناکی کەرینی



Instrument Kurdi

– تێبینی/ ئەم بابەتە لە پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ ژمارە ١٤٧٠ ڕۆژی پێنجشەمە ٢-١٠-١٩٩٧ بڵاوکراوەتەوە

یەکێک لەو هونەرانەی کە پەیوەندییەکی راستەوخۆیان بە هونەری مۆسیقاوە هەیە (سەما)یە Danse یەکەمین پەیوەستبوونی سەما بە مۆسیقاوە لەوەدا بەدەردەکەوێت کاتێ کە گوێت لە ئاوازێک دەبێت هەموو جەستەت دەکەوێتە جوڵە کە لە پێیەکانەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە هەموو لەش، تەنانەت کە مۆسیقا ژەنێک ئامێرەکەی دەژەنێت بە پێی خێرایی و خاوی رەزمی ئەو ئاوازە پێی دەجوڵێت، بۆیە دەتوانین بڵێین یەکەم پەیوەندی بە مۆسیقاوە سەماکردنی ناخ و هەستی ناوەوەیە پاشان دەگاتە جەستە، بە واتایەکی دی کاردانەوەی لەسەر هەست و نەست دەبێت و پاشان خۆی دەگەیەنێتە جەستەی مرۆڤ.

پەیوەندی مۆسیقاو سەما تەنها لەمرۆڤدا رەنگ ناداتەوە بەڵکو زۆربەی گیاندارانی ئەم پەیوەندییە کاریگەری هەیە لەسەریان، کە (مار) یەکێکە لەو گیاندارانەی لەتەک مۆسیقادا جۆرە سەمایەک دەکات.

ئەم پەیوەندییە لە دێر زەمانەوە هەستی پێکراوە وە لێک جودا کردنەوەیان لای کۆمەڵگا سەرەتاییەکان کارێکی ئاسان نەبووو، تەپڵ لێدان یان چەپڵەکوتان هۆیەکە بۆ ئەنجامێکی تر کە سەمایە.

لای هەندێ کۆمەڵگا شێوەیەکی پیرۆز دەگرێتە خۆ وە دەبێتە بەشێک لەبۆنە ئاینییەکان، سەمای دەرویشان ئەو راستییە دەردەخات. لای قولە رەشەکانیش هۆیەکە بۆ دەربڕینی ناڕەزایی بۆ داواکردنی مافەکان دژی جیاوازی رەگەز، دەبێت ئەوەش لەیاد نەکەین کە مۆسیقا هونەرێکە پەیوەندی بەکاتەوە هەیە کەچی هونەری سەما پەیوەندی بە شوێنەوە هەیە بۆیە دەتوانین بڵێین کە بەهونەری سەما هەردوو توخمەکە (کات و شوێن) پەیوەست دەبن بەیەکەوە.

چونکە سەما بێ مۆسیقا نابێت، کە هێزێکی جوڵێنەرە کە لە ئاستیدا جەستە ملکەچ دەبێت و لەگەڵ رەزمەکانیکدا رەوتی جوڵەو نەشئە وەردەگرێت.

مۆسیقا هێزێکی کاریگەر لەسەما وەردەگرێت و گیانی پێدەبەخشێت. تەنانەت هەندێ لە توێژەرەکان دەڵێن سەما یەکێک بووە لەو دوو هۆیەی کە مۆسیقی رۆژئاوایی پەرەپێداوە کە ئەوەی دییان کەنیسە بووە. وە ئەوەی جێگای تێڕامانە

Institut kurde de Paris

کاریگەری سەما بۆ سەر مۆسیقا پێچەوانەی کاریگەرێتی کەنیسە بووە. سەما جەستەی پێبەخشیوە و کەنیسەش گیان.

بۆیە کەنیسە هەمیشە هەوڵی داوە مۆسیقا لە جەستە دوور بخاتەوە نمونەش بۆ ئەمە ساڵی ١٩٠٦ کە سەمای تانگۆTango هاتە ناو مۆسیقای رۆژئاواییەوە کەنیسە کەوتە دژایەتی کردنی بەڵام بۆی نەچووە سەر چونکە هەردوو هونەرەکە دەگەڕێنەوە سەر رەگ و ریشەی لێکئاڵاو، تەنانەت هەندێ لە ستایشە ئاینییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست سەمائامێز بوو بۆیە مۆسیقا و سەما هاوسەنگیان پەیداکرد و بەم شێوازە (بالیە) پەیوەستبوونی سەمای بە مۆسیقاوە چەسپاند وە چەندەها دانەری مۆسیقا خۆیان تەرخان کرد بۆ کاری بالیە هەر لە رامۆوە Rameau تا دەگاتە سترافنسکی Stavinsky .

لە تێڕوانیمان بۆ هونەری بالیە پەیوەندی پتەوی نێوان مۆسیقا و سەما بەسانایی بەدی دەکەین کە لە پێ و پل و جوڵانەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە دەست و پەنجەو لەنجەی لەش و لار، بەڵکو لەمەش گرنگتر جوڵەی ئەو مایسترۆیەیە کە سەرپەرشتی ئۆرکسترا دەکات، کە لە شێوەدا جۆرێکە لەسەما، لەناخیشدا جیهانێکە لەرەزم و ئاواز و هاودەنگی مۆسیقا.

بەپێی قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵ و داهێنانە ئەدەبی و هونەری و زانستیەکاندا سەماش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە جۆرەها سەما هاتۆتە کایەوە وەک ڤالس – تانگۆ – فۆکستروت – روندو – پوپ – دیسکۆ بۆ نمونە بەداهێنانی فرۆکە لە ساڵی ١٩١١ هێندە سەرسوڕهێنەربوو سەمایەک داهێنرابەناوی سەمای فرۆکە کەلاسایی فرۆکەی دەکردەوە لەکاتی هەڵفرینداء هەروەها لەسەرهەڵدانی سەرمایەداری و خاوکردنەوەی جەستەی ماندووی کارمەندانی کارگەکان جۆرەها داهێنراوی وەک رۆک – جاز – دیسکۆ پوپ داهێنرا ئەویش بۆ خاڵیکردنەوەی هەست و جەستەی ماندوویان.

لای کۆمەڵگای رۆژهەڵاتیش سەما و مۆسیقا وابەستەی یەکترن، هەڵپەڕکێی میللی میللەتانی رۆژهەڵاتیش چاکترین نمونەن، لای عەرەب هەڵپەڕکێی چوپی – هجح – هێوە ، لای کوردیش شێخانی، گوڵشێنێ، بابلۆکان، سێ پێی و چەپی و سوێسکەیی کە زۆریان بەناوی ئەو گۆرانیانە ناو نراون کە لەگەڵیدا دەوترێت. بەڵکو خێرایی و خاوی ئەم هەڵپەڕکێیانە بە پێی ئاو و هەوا و جوگرافیا و داب و

Institut Kurde de Paris

نەریت دەگۆڕێت (کە هەندێ میللەتان سەما وەک خەوش سەیر دەکەن، بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژئاوا چەندەها خوێندنگە و پەیمانگا دەکرێتەوە بۆ فێرکردنی سەما و باڵیە، بۆیە دەبینین هەڵپەڕکێ و سەمای شوێنە ساردەکان خێراترە لە گەرمەکان.

بۆیە دەڵێن کە سەما لەلایەک دەمانخاتە نەشوەی سۆفیانەوە لەلایەکی دییەوە جەستە دەهەژێنێت و ئارەزووی سێکس دەجوڵێنیت، کە لەسەمای ڕۆژهەڵاتی – دیسکۆ – جاز کە جوڵەی پێی و پل و لاروڵەنجە و لەرەی سینە، هێندەی تر مۆسیقا و سەما ئاوێتەی یەکتر دەبن و ڕۆدەچنە قوڵایی هەستی جوانکاریمانەوە و نەشئەو خۆشی دەدەن بەگیان.

سەرچاوە : مع موسیقی دراسات و ذکریات، تالیف الدکتور فواد ذکریا، الهیئه المصریه العامه للتالیف و النشر

تێبینی/ ئەم بابەت لە ڕۆژنامەی پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ ژمارە ١٥٧٥ لەڕۆژی پێنج شەمە ١٢-٣-١٩٩٨ بڵاوکراوەتەوە



8

Kurdistani Nwe

ژمارە: ١٥٧٥ پێنج‌شەممە ١٩٩٨/٣/١٢

شانۆی نانو بووکە شووشە

وەرگێڕانی: بورهان غەفور قەرەداغی

پەیوەندی مۆسیقا بەسەماوە

ئازاد سالح

ڕوانگە

محەممەد دەرەتجاو

مۆسیقا نوێنەری بەشێکی سەرەکی شارستانییەتی مرۆڤایەتییە، بۆیە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە ژیانی نەوە یەک لەدوای یەکەکانەوە هەبووە، لەقۆناغەکانی گەشەکردنی شارستانییەتدا، هەر قۆناغەش جۆرە قوتابخانەیەک و جۆرە بۆچوونێک وجۆرە رەنگدانەوەیەکی خۆی هەبووە لەسەر هەست و بیری شارستانییەتی ئەو دەمانەو هەر کۆمەڵگایەک.

ئەفلاتوون مۆسیقای داناوە بە یەکێک لە بزوێنەرە پیرۆزەکانی هەستی مرۆڤ، کە راستی و دادپەروەری تێدا رەنگی داوەتەوە، هەر لەم بۆچوونەی ئەفلاتوونەوە دەردەکەوێت کە مۆسیقا رۆڵی گرنگی بینیوە بۆیەکخستنی هەستەکانی دەربڕین لای مرۆڤ، کە توانیویەتی ببێتە شێوازی دەربڕین لای تاک و کۆمەڵ وهەستەکانیان یەکبخات.

مۆسیقا – لە شارستانیەتی کۆندا هۆیەک بووە بۆ پەرستن و پەیوەندی نێوان مرۆڤ و هێزی سەرەوە، هەروەک چۆن بۆتە هۆیەک بۆ یەکخستنی هەست و نەستی جەنگاوەران لەکاتی شەڕەکاندا، هەر لەگەڵ ئەمانەشدا خۆی ئاوێتەی سەماو سروودتە ئاینییەکان کردبوو، فاکتەرێکی سەرەکی بۆجۆشدان بە جوڵەو رەزمی ئەو نمایشانە.

بەتایبەتی شارستانیەتی فیرعەون و بابلی کە گیانێکی زیندووی خۆرهەڵات بوون، کە تائێستاش سەرچاوەیەکی بەپێزی چەندەها ئیلهامی مۆسیقایی بووە.

مرۆڤ هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ دەوروبەری مامەڵەی کردووە، بەپێی گونجاندنی ژیانی چەندەها مەقام و رەزمی (ئیقاع) داهێناوە. شارستانییەتە کۆنەکانیش ئەمە دەسەلمێنن هەروەها نکوڵی لە شارستانییەتی یۆنانی کۆن ناکرێت کە خۆرئاوا بە پێزەوە سوودی لێوەرگرتووە، بۆیە دەتوانین بڵێین پەیوەستمان بوونمان بەو گەشەسەندنە مێژوویییە لەگەڵیدا چێژوەرگرتن لەجوانکارییەکانی مۆسیقا هەردەم لە گۆرانکاریدا بووە، چونکە هونەرێک نییە کە بۆ خۆی سەربەخۆ بێت، ئەگەر بێت و بەو گۆرانکارییە بەردەوامانەوە پەیوەست نەبێت کە لە ئاستی چێژ وەرگرتندایە.

Institut kurde de Paris

وه بەچاوپێداخشاندێک بەو سەردەمە مۆسیقاییە سەرەکیانە دەبینین مۆسیقا وەک هۆیەکی بیرکاری بۆ دەربڕین خۆی لەچەند بنەماو فۆرمێک دا دەبینێتەوە کە هەر سەردەمەو قۆناغی تایبەتمەندی خۆی لە شێواز و دەربڕین و داهێنانەکاندا هەیە بۆ وەدەستهێنانی یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی چێژی مۆسیقا ئەوەیە کە تا چەند دەتوانین پەیوەست بین بە شێوازی هونەری(الاسلوب الفنی) وە پاشکۆی رۆشنبیری ئەو سەردەمەی کە مۆسیقاکەی تێدا بەرهەم هێناوە، چونکە دیاردە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکانی ئەو سەردەمەیە کە دەتوانێت کارێکی وا بەرهەم بهێنێت کە رەنگدانەوەی خۆی تیادا بەرجەستە بکات.

تۆژەرانی مۆسیقا هەریەکی بە جۆرێک پێناسەی (شێواز) دەکات، هەیە دەڵێت بریتییە لە (فۆرم، بیرۆکە، رەزم) ئاوازەکان و مەقامەکانیان چارەسەرکردنی دابەشکردنی (بولیفینی یان هارمۆنی) لەوانەیە بڵێین کە بلیمەتێکی وەک باخ بە جوانترین شێوە پێناسەی شێوازی کردووە کە دەڵێت (شێواز بریتییە لەرەنگ و بۆی گیانی کارە هونەرییەکان)

راستە ئەگەر رەنگ و بۆی مرۆڤێکی ئاسیایی لە ئەفەریقایی و ئەوروپی جیاواز بێت، ئەی چی دەوترێت دەربارەی جیاوازییە گیانی و رۆحییەکان؟ هیچ نکولی لەوە ناکرێت کە شارەزایی بوون لە کلتوری رۆشنبیری مۆسیقایی هۆیەکی گرنگە بۆ پرپارکردنی چێژ لای گوێگر، ئەم باکگراوندە رۆشنبیرییە پاپەندە بە رۆشنبیری هەموو سەردەمە مۆسیقییەکان و شارستانیەکانی، هەر بەمەشدا شێوازو دەبڕین و بیرۆکەیە دەرکەون و چێژوەرگرتن نەش و نما دەکات و پەروەردە دەکرێت، بۆ ئەوەی هەست بە شێوازی سەردەمە نوێکان بکەین و لێی تێبگەین پێویستە بگەڕێینەوە بۆ بنەماو ئەو رەگ و ریشانەی کە ئەو شیوازانە چۆن چەکەرەیان کردووەو بالایان گرتووە. بۆیە هەر خوێندنەوەیەکی مۆسیقای کۆن هەرچەندە ساناش بێت پێویست بەو رۆشنبیرییە هونەرییە دەکات، چونکە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە.

مرۆڤیش خۆی لە خۆیدا مێژووە لە نەوە یەک بەدوای یەکەکاندا، کەواتە هونەر و مرۆڤ مێژوویەکی دانەبڕاون لەیەکدی کە مەحاڵە جودا ببنەوە، هونەری مۆسیقاش ئەو هونەرەیە کە توخمی سەرەکی گۆڕانکاری وێژدانی مرۆڤە لە چاخە یەک لەدوای یەکەکاندا.

Institut Kurde de Paris

ئەو هەگبە پڕبارەی کە گوێگر خۆی پێ قانگداوە، رۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە چێژیدا بۆ مۆسیقا، بەڵکو بنەمایەکیشە بۆ پەرەپێدانی چێژی ئاستی هەست کردنی بە شارستانییەت و هونەر و مێژووەوە رادەی کاردانەوەی بەرامبەر ژیان و مرۆڤ، هەر ئەم هەستانەشە کە بەردەوامی دەبەخشێت بە ژیان و نوێگەرایەتی لەخودی خۆیدا بەرجەستە دەکات.

هەست کردن بەو جیاوازیەی ئیستاتیکا مەزنەی نێوان جوان و ناشرین لەواتای شتەکان بێ ئەوە کاری لەسەر داتەپانی شارستانیەتی و کپبوونی نەوەکان بێت. هەر بەهۆی هونەری مرۆڤایەتییەوە دەتوانین ئاستی داهێنانەکانی هزر و چەپۆکانی بیر پەی بێ بەرین، لەوەش گرنگتر دەتوانین نهێنییە شاراوەکانی داهێنان لەگیاندا بدۆزینەوە و ئاڕاستەی بکەین. گومانیش نییە کە گوێگرتنی بەردەوام خۆی لەخۆیدا بەسانایی گەشەی گیانە هەروەک چۆن لە هونەرەکانی دیدا هەیە، بەڵام ئەگەر بگەڕێین بەدوای تولە ڕێگایەکی تردا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مانای هونەرە جوانەکانی تردا، دەبینین خۆمان خستۆتە ناو دەریایەکی بێ بنەوە و لەگەڵ شەپۆلەکانی ناوەوە مامەڵە دەکەین مانایەکیش وەدەست دێنین کە بەها جوانەکانی ژیانمان بۆ بەرجەستە دەکات ئەمەش خۆی لە خۆیدا چێژوەرگرتنە لە جوانکاری هونەردا، واتە چێژ وەرگرتن لە تێگەیشتنی هونەری دانەرەکە، وە گەڕخستنی هەست لەگەڵ توخمەکانی دەربڕینی مۆسیقادا وەک ئاواز، دابەشکردنی هارمۆنی، فۆرم، جۆری ڕەزمەکان، بەمەش کت و مت چێژی ئیستاتیکی پێناسە دەکەین و دەڵێین (کلتوریکی پڕ چێژە کە هەمیشە و هەمیشە لەنوێ بوونەوەدایە، هەرگیز خۆی لەدەست نادات وکە لە تۆپی تێگەیشتنی ئەقڵیانە کاردانەوەیەکی پڕ سۆز لە ئامێز دەگرین.

ئەمە تەنها کاری هونەری مەزنە، بە پێچەوانەشەوە داشەکان دژ بەیەک دەبنەوەو کار بە پێچەوانەوەیە، ئەو مۆسیقا بەهادارەی کە پاشکۆیە بۆ سەردەمێک خۆی لەخۆیدا تایبەتمەندی وردکراوەی دانەرەکەیەتی، بیروبۆچوونیەتی، بەکارهێنانی هێماکان بۆ داڕشتنی واتاکان کە بەدرێژایی تەمەن خۆی مەڵاس داوە لە هەست و بیرکردنەوەو مەودا خەیاڵەکانیدا، هەر لەبەر ئەم هۆیانە بەگوێگرتن لەم کارانە خۆی لەخۆیدا چێژ وەرگرتنەو واتاکانمان بۆ شی دەبێتەوە، ژیانمان بۆ جوانتر دەکەن، کێ بێ لە ئێمە ژێکانی هەستی لەگەڵ ژێی هەستی رابەری ئۆرکسترادا یەک ئەخات و ڕۆنەچێتە ناو دنیای دانراوەکانەوەو

Institut Kurde de Paris

لەگەڵ شنەبای لەنجەی مۆسیقاژەنێکی ناسکپەنجەدا با نەیهەژێنێت و تێکەڵ بە پێ و پل و پەنجەی ئەو شۆخە کەمانچە ژنە – ڤیولا ژەنە نەبێت؟

ئەم ساتانە خۆیان لەخۆیاندا فێری مەوداکانی ژیانمان دەکات فێری چرکە پڕتاسەکان، چرکە هەست تەزێنەکان، پڕ موچڕکەکانمان دەکات کە بەختیاری لە ئامێز دەگرێت لەو خواوەندانەمان نزیک دەکاتەوە کە حەقیقەتی لەپشتە ئەویش خوای جوانی و مۆسیقایە کە یۆنانییەکان ناویان لێناوە (الە الجمال) ، کە گوێ رایەڵی مۆسیقایەک دەبین یان چاومان بە دانسێکی نایاب، گۆران واتەنی دەکەوێت ئەو مۆسیقاژەنەی کە بەنەرمی، بە ناسکی، بەشۆخی، پەنجەکانی جووت دەکات لەگەڵ ئاواز دابەشکردن، لەگەڵ جەستەو لەرینەوەی لەش، لەپی و پل و خەندە و بزەی پر واتای هەژان تینوو بە هەموو ئەو کانیاوانەی کە سەرچاوەیان وشک بووەو لەو ساتانەدا هەر هەموویان دەتەقنەوە، لەگەڵ رونـاکی نـاو هـۆڵ و ئەفسونی ئارەقی ماندوو بوون و بەد گومانی لە هەموو واتاکان و هەرەسهێنانی هەموو بەها پڕ بایەخە دروستکراوەکان، داڕمانی تەمەن، بەرجەستەبوون، لەساتە وەختەکانی توانەوەو رۆچوون بۆ قوڵایی حەقیقەت کە ژیان خۆی تێدا مەڵاس داوە لەو چرکانەی کە هەست بە ونبوونی کات دەکەین و ریتمەکانی گەردوون خۆیان لە ریتمەکانی مۆسیقادا دەتوێتەوە.

کە گوێڕایەڵی مۆسیقایەک دەبین لەچەند رێگایەکەوە هەست بە چێژ دەکەین وەک ئەوەی مۆسیقاژەنێکی تاک ژەن (صۆلۆ) زۆر بە سەرکەوتوویی رستە مۆسیقایەکانمان بۆ دەهۆنێتەوە لەگەڵیدا هەست بە دڵەراوکێ دەکەین، هەروەها بەختیاری لە ئامێز دەگرین و پەیوەندیمان لەگەڵیدا پتەوتر دەبێت.

کاتێک لەگەڵ دانراوێکی مۆسیقادا دەژین لەگەڵ رستە یەک لەدوای یەکەکاندا هەست بە هەڵچوون و داچوون دەکەین و دەگەینە لوتکەی چێژەوە، بە کارە سومفۆنیەکاندا، لەگەڵ ئەم هەموو چێژ وەرگرتنەوە چوونە ناو دنیای رستەی جوان و هارمۆنی و گورجی و خاوی ئاوازەکان، نابێت بیرۆکەی (الفکرە) ئەو دانراوانە لەیادبکەین و فەرامۆشی بکەین، ئەم بیرۆکەیەش لەچەند لایەنێکی جوانکاری فەلسەفیدا خۆی دەنوێنێت کە هەندێ کاری زانستە مۆسیقاییەکان ئەگەر بمانەوێ لەماناو واتای رستە مۆسیقاییەکان بکۆڵینەوە کە خۆی بەرجەستە دەکات دەبینین دەنگەکان لە مۆسیقادا چوون وشەن لە زماندا، دواتریش بەرامبەری وشەکان دەوەستینەوە لەو هونەرەی کەپشت بە زمان دەبەستێت، کە

Institut Kurde de Paris

بە شێوەیەکی گشتی هێمایەکە بۆ دەربڕین، دەشزانین کە وشە هەڵگری ماناو بیرۆکەیە کە مرۆڤ ئاڵوگۆڕی پێدەکات، پاشتریش دەنگە مۆسیقاییەکان هەمان تایبەتمەندی زمانی هەیە لە دەربڕیندا، چونکە راستە لە ئەدەبدا شیعر لە مۆسیقاشدا رستە بەرامبەری وشە دەوەستێتەوە کە ئەویش خۆی بۆ بیرۆکەیەکە بۆ دەربڕین و گەڕان بەدوای شتەکاندا، لەبەر ئەم هۆیانە مانا لە مۆسیقادا ئاوازەکان هەڵیدەگرن کە پێی دەوترێت بیرۆکەی ئاواز، کە کارە مۆسیقایەکەی لەسەر بونیاد نراوە.

وەهەر ئەم بیرۆکەو ئاوازانە لە مافوریکی چنراو و بونیادێکی هەڵچوو دەچن کە بیرۆکەی دانەرەکە و هەست و ناوەڕۆکی ئەو کارە پێکدەهێنن.

کاتێ گوێمان لە دەربڕینێکی جوان دەبێت بە هەموو هەستمانەوە دەچینە ناو ئەو کارەوە لەوانە بەهۆی ئەو چەند ئامێرە مسانەوە بێت کە خۆی لە لوتکەی هەڵچوون دەبینێتەوە، یان لە ئامێرە رەزمییەکان کە دڵمان دەخاتە خورپە، وە چەند هەستێکی دی لە ئاوازێکی هێمن و لەسەرخۆدا بەدی دەکەین، لەبەر ئەم هۆیانە گوێبیستی مرۆڤ بۆ هەر ئاوازێک یان دانراوێک بە پێی ئەو ئاوازە یان ئەو دانراوە دەگۆڕێت.

تەنانەت باری دەروونی گوێگریش رۆڵی خۆی هەیە، بەڵکو چێژوەرگرتن لە مرۆڤێکەوە بۆ ئەوی دی دەگۆڕێت و یادگارەکان دەهێنێتەوە یاد تەنانەت مێژووی ژیانی گوێگریش بۆ نمونە کە گوێت لە ئاوازێک بۆ یەکەمجار بووە لەکات و شوێنێکی دیاریکراودا کە بۆچەندان جار گوێت لەو ئاوازە دەبێتەوە هەمان یادگاری ژیانتی تێدا بەرجەستە دەبێت، هەموو ئەمانە بڕەو پێ دراوتر دەبێت لەگەڵ زۆری گوێگرتن و چێژ وەرگرتن لەو جوانکاری مۆسیقایە، دەربڕینی مۆسیقایی بە چێژو داهێنەرانە لەچەند توخمێکی سەرەکی پێکدێت کە بریتیە لە ئاواز، دابەشکردنی هارمۆنی، رەزم، فۆرم، چێژوەرگرتنیش خۆی لەخۆیدا پێویستی بە تێگەیشتنی قوڵ هەیە لە هەر یەک لەم بوارانەدا.

گوێگرێکی ئاساییە بە نغرۆبوون و قوڵبوونەوە لە هەریەک لەم توخمانە هەست بەلایەنە جوانەکانی ئەم کارە دەکات، دوای ئەوە چەند جارێک ئاوێزانی گوێگرتنی دەبێت، وردە وردە دەگاتە ئەوەی هەریەک لەم توخمانە ببەستێتەوە بە بونیادی سەرەکی ئەو دانراوە.

ئەو سەرچاوانەی کە دەربڕین پربارتر دەکات خێرایی، جۆری ئامێرە

Institut Kurde de Paris

مۆسیقاییە بەکارهاتووەکان، بەشداری دەنگی مرۆڤ، جۆری ئامێرە رەزمییەکان (الالات الایقاعیە) ئەمانەو جگە لە فۆرمی ئەو دانراوە کە بریتیە لە شێوەو ناوەڕۆکی کارەکە زانستیانەو جوانکاریانە بیرۆکەکەی تێدا دەردەکەوێت.

واتە لە مۆسیقادا بەهەست کردن وەدی دێت کە لە هەناوی ئەو کارەدا خۆی حەشارداوە کە پێی جۆرەکانی دەگوترێت، هەروەها بە جیاوازی نێوان دەنگەکان و پێکهاتەکانی ئەو واتایەی کە بیروبۆچوونی دانەر هەڵیدەگرێت و بە وەستایانە دەری دەبڕێت.

گوێگریش خۆی لەبۆتەیدا دەبینێتەوە تا چ رادەیەک دەتوانێت ئەو کارە شی بکاتەوە و هەست بە چێژەکانی بکات... ئەویش بە پێی راهاتن و تاقیکردنەوە لەم بوارەدا.

ئاشکراشە کە هەرسەردەمەی جۆرە فۆرمێک، بیروبۆچوونێک ، کە پەیوەندی بە ئاستی بیرکردنەوەی کۆمەڵ لەبوارەکانی تری ژیاندا رەنگدەداتەوە و تێڕوانینێکی بۆ دیاردەکان (خو و نەریت، باری ژیان و گوزەران، دەسەڵات، ئاینی سەردەم تەنانەت تەکنەلۆژیای پیشەسازی ئامێرە مۆسیقاییەکان و بەکارهێنانیان)

لەو فۆرمانە موتیت (Motet) گۆرانی میللی، ستایشی ئاینی کە تایبەتە بەدەنگی ئەو کارانەی کە تەنها بۆ ئامێرە مۆسیقاییەکان تایبەتە وەک سەمفۆنیاو سۆناتە، کۆنشرتۆ. بەم فۆرمانە دانەر بیرۆکەی خۆی هەڵدەڕێژێت لەشێوەی کاری ئاوازی دژیەک واتا پەیوەندییەکی دیالەکتیک وشەکان بچڕین واتا نابەخشن تا بەشێوەیەکی دژیەک نەچێنرێت، ئەمەش برگە و بەشۆکە پێکدەهێنێت کە تەواوکەری یەکدین، هەمان شێوەش لە مۆسیقادا دەنگەکان لای دانەر هیچ ناگەیەنن، تاپێکەوە گرێ نەدرێت لە پەیوەندییەکی دژیەکدا، چونکە یاسای دژیەکی یەکێکە لە یاسا سەرەکییەکانی ژیان، چونکە هیچ تیۆرێک بێ دژ نییە، سارد بێ گەرم نییە، شەو بێ رۆژ نییە، چاکە بێ خراپە نییە، رەشیش بێ سپی نییە.

لەکۆتاییدا دەبێ ئەوەش لەیاد نەکەین کە هونەری مۆسیقا تایبەتمەندی خۆی هەیە و سێ رەگەزی سەرەکی رۆڵی لەبواری کارە مۆسیقاییەکاندا دەبینێت کە بریتیە لە :

١ـ دانەر

٢ـ دەربڕ (گۆرانی بێژ، یان مۆسیقاژەن)

٣ـ گوێ بیست.

Institut Kurde de Paris

کەواتە دانەرێکی بلیمەت و بیرۆکەیەکی جوان و پاشان ئەنجام گەیاندنی ئەو کارە لە ڕێگای دەربڕەوە پاشان گوێ بیست بەهەموو هەستەکانییەوە چێژی لێ وەردەگرێت، کەواتە بە تەواوکەری ئەو سێ توخمە بڕیار لەسەر جوانی ئەو کارە دەدرێت واتە گوێ بیستیش بەشدارە لەو داهێنانەدا.

سەرچاوەکان:

١ـ دعوة الى الموسيقى مايسترو : يوسف السيسى

٢ـ مع الموسيقى ذكريات و الدراسات، دكتور فواد زكريا.

٣ـ البعد الجمالى، هبرت ماركوز، ترجمه: جورج طرابيشى.

تێبینی/ ئەم بابەتە لە گۆڤاری شاکار ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٩ بڵاوکراوەتەوە.



چێژ و فۆرم
لە جوانکاری مۆسیقادا

نازاد تەالح / تیبی مۆسیقای شنۆی

مۆسیقا نوێنەری بەشێکی سەرەکی شارستانیەتی مرۆڤایەتیە .بۆیە پەیوەندیەکی ڕاستەخۆی لە ژیانی ئەوە یەک لەدوای یەکاکاندا هەبووە . لە قۆناغەکانی گەشەکردنی شارستانیەتدا ، هەر قۆناغەش جۆرە قوتابخانەیەک و جۆرە بۆچوونێک و جۆرە ڕەنگدانەوەیەکی خۆی هەبووە لەسەر هەست و بیری شارستانیەتی ئەو دەمانە و هەر کۆمەڵگایەک . ئەفلاتون مۆسیقای دانـاوە بەیەکێک لـە بزوێنـەرە پەروەردەکانی هەستی مرۆڤ . کە ڕاستی و دادپەروەری تێدا ڕەنگی داوەتـەوە هـەر لـەم بـۆ چوونـەی ئەفلاتوونەوە دەردەکـەوێت کە مۆسیقا ڕۆڵی گرنگی بینیوە بۆ یەکخستنی هەستەکانی دەبڕین لای مرۆڤ . کە توانیویەتی ببێتـە شـێوازی دەربڕیـن لای تـاک و کۆمەڵ و هەستەکانیان یەک بخات .

مۆسیقا – لە شارستانیەتی کۆندا هۆیەک بووە بـۆ پەرستن و پەیوەندی نێوان مرۆڤ و هێزی سەرەوە – هەروەک چۆن بۆتە هۆیەک بۆ یەکخستنی هەست و نەستی جەنگاوەران لە کاتی شەڕەکاندا . هەر لەگەڵ ئەمانەشدا خۆی ئاوێتەی سەماو سروتە ئاینیـەکان کردبوو فاکتەرێکی سەرەکی بۆ جۆشدان بـە جووڵە و ڕەزمی ئەو نمایشانە .

بـە تایبـەتی شارسـتانیەتی فیرعـەونی و بـابلی کـە گیانێکی زیندووی خۆرهـەڵات بـوون کە تـا ئێسـتاش سەرچاوەیەکی بە پێزی چـەندەها ئیلهامی مۆسیقایی بووە .

مرۆڤ هـەر لەسـەرەتاوە لەگـەڵ دەورویـەری مامەڵـە کردوە و بەپێی گونجـاندنی ژیانی چـەندەها مـەقام و ڕەزمی (ایقاع) داهێنـاوە . شارستانیەتە کۆنـەکانیش ئەمـە دەسـەلمێنن هـەروەها نکوڵی لە شارسـتانیەتی یۆنانی کۆن ناکرێت کە خۆرئاوا بە پـێزەوە سـوودی لێ وەرگرتووە . بۆیە دەتوانین بڵێین پەیوەست بوونمـان بەو گەشەسەندنە مێژووییە لەگەڵیدا چێژ وەرگرتـن لـە جوانکاری یەکانی مۆسیقا هـەردەم لـە گۆڕانکاری دا بووە . چونکە هونەرێک نیـە کـە بـۆ خـۆی سـەربەخۆ بێـت ئەگـەر بێتـو بـەو گۆڕانکاریـە بەردەوامانـەوە پەیوەست نەبێت کە لە ئاستی چێژ وەرگرتندا یـە . وە بـەچاو پیاخشـاندنێک بـەو سـەردەمە مۆسـیقاییە سەرەکیانە دەبینین مۆسیقا وەک هۆیەکی بڕیاری بۆ دەربڕین خۆی لە چەند بنەما و فۆرمێک دا دەبینێتـەوە کە هەر سەردەمە و قۆناغی تایبـەت مـەندی خـۆی لـە شێواز و دەربڕین و داهێنانەکاندا هەیـە.بۆ وەدەست هێنانی یەکێک لە توخمە سەرەکیەکانی چێژی مۆسـیقا ئەوەیە کە تاچەند دەتوانین پەیوەست بین بە شێوازی هونەری (الاسلوب الفنی) وە پاشـگۆی ڕۆشنبیری ئـەو سەردەمەی کە مۆسیقاکەی تێدا بەرهـەم هێـناوە . چونکە دیاردە کۆمەڵایـەتی و ڕۆشـنبیریەکانی ئـەو سەردەمەیە کە دەتوانێت کارێکی وا بەرهەم بهێنێت کە ڕەنگدانەوەی خۆی تێدا بەرجەستە بکات.

تۆێژەرەوانی مۆسیقا هەریەکـەی بـە جۆرێـک پێناسـەی (شێواز) دەکات هەیـە دەڵێت بریتیـیە لـە (فـۆرم – بڕۆکـە – ڕەزم) ئاوازەکـان و مەقامـەکانیان – چارەسەرکردنی دابەش کردنی (بولیفینی یان هـارمۆنی) لەوانەیە بڵێین کە بلیمەتێکی وەک بـاخ بـە جوانتـرین شێوە پێناسـەی شێوازی کردوە کـە دەڵێت (شـێواز بریتیـیە لـە ڕەنـگ و بـۆی گیـانی کـارە هونەریـەکان)

Institut Kurde de Paris

دەبێ و دەبێ کامە نوسین، کام دەربڕین، کام پەڕەموچی بوێر بتوانێت رۆبچێتە ناو قولاّیی دەریای بێ بن و ناخی ئەو شەپۆلانەی کە شەپۆل دەدەن لەناو شەپۆلدا و کە بارانن لەناو باراندا و کە کێڵگەن لەسەوزبووندا کە بوونن لەناو بووندا.. کە هەمیشە پرسیارو گومان و رەخنەن لەسەرجەم دیاردەکانی بوون، کە هەردەم دژن لەناو دژەکاندا کە لەبۆتەی نامۆبوونی مرۆڤ چەندان زنجیر دەشکێنن و سنوورەکان دەڕمێنن و بەرەو راستی ژیان هەنگاودەنێن. ئەوە چ بێت کە نغرۆ ببێت لە قولاّیی دەریای داهێنانی بلیمەتێک لە داهێنەرانی مێژووی لێکدانەبڕاوی نەوەکانی مرۆڤایەتی، کە بە ئاوێتەبوون لەگەڵ دیاردەکانی ژیان، مێژوویان بنیات ناوەو لە رەوڕەوەی خۆی بەردەوامە.

هەبێ و نەبێ .. لە ئێمە نزیک تا دوور، لەکەم تا زۆر، لەرەش تا سپی لەرەگەزی مێیە یان نێر ... لەهەموو چین وتوێژو تەمەنەکان گەر تەنها بۆ ساتەوەختێکیش بووبێت گوێ ڕایەڵی پرشەو ورشەی هەڵچوون و داچوونی پێشەکی و سۆناتەو سەمفۆنییەکانی کەڵە داهێنەر و بلیمەتێکی وەک (لودڤیچ ڤان بیتهۆڤن Ludwing Van Beathoven) نەبووبێت، هێندەی جێگای تێڕامانە تا چ رادەیەک ئەو هونەرمەندە هەستی خۆی لە بۆتەی ژیان و ئازارو خەمەکانیدا چۆن ئاوێتەی کارە هونەرییەکانی کردووە و رەنگی داوەتەوە، ئەویش بەشیکردنەوەو ڕاڤەی هزرو خەیاڵ.

پەیوەست بوونێکی واقیعانە بە دیالێکتیکی ژیان و دەوربەرو سەردەم .

بیتهۆڤن کەلەساڵی ١٧٧٠ لەشاری (بۆن) لەکەنار ڕووباری (ڕاین) لە خانەوادەیەک کە لەبنەڕەتدا لە (ئەنتۆرب)ی بەلجیکییەوە هاتبوون لەدایک بووە.

باوکی گۆرانی بێژ بووە لەکڵێسای شارداو پیاوێکی کەمتەرخەم بوو، بێهوودە دەیڕوانییە ژیان و کەسەر (مەی خواردنەوە) خۆی راهێنابوو. توندڕەو بەرامبەر جگەرگۆشەکەی کە خولیای منالّەکەی لە پێناو بەرژەوەندی خۆیدا بەکار دەهێنا بەوەی کە بەتۆپزی ڕاپێچی فێربوونی مۆسیقای دەکرد.

ئەمەش لەدواییدا بەلایەنی چاکە شکایەوە، لای (لودڤیچ) خۆ هەر منالّێکی دیبوایە هەر زوو مۆسیقای فەرامۆش دەکرد. هەرچی باوکی بوو دەیویست

Institut kurde de Paris

بەزوویی وە (مۆتزارت)ی منالّی لێبێت چونکە زۆر سەرنج راکێش بوو لای، بەلّام نەیدەزانی کە خونچەی رەسەن بە زوویی ناکرێتەوە، چونکە هێزی داهێنەرانەی بیتهۆڤن لەو جۆرە دەریا بێ بنانە بوو کە بە ئاسانی نەدەچووینە ناو قولّاییەوە و یاقوتە دەگمەنەکانیت نەدەدۆزییەوە!!

کاتێک باوکی شەوانە لە خەلّوەتی باڕەکان دەگەڕایەوە بەهاودەنگی هاوڕێکەی کە هەمان کاتیش مامۆستای کۆڕەکەی بوو بەناوی (تۆبیاس) لەخەویان رادەکردوو خەوەکەیان دەزڕاند بەزۆرەملێ ملی لەسەر ئامێری پیانۆ مەشقیان پێدەکرد، پاش وەنەوزێکیش بەرەو خوێندنگای سەرەتایی بەڕێدەکەوت، بەرەنگی زەرد و لێوبەبارو جەستەیەکی تێکشکاوەوە، جل و بەرگێکی شێواوەوە خۆی دەکرد بە وانەکانی خوێندندا، نوسین بە خەتێکی جوان فێربوو، هەروەها زمانی فەرەنسی و لاتینی، بەلّام زمانی دایک کە ئەلّمانییە بە ئاسانی وشەکانی بۆ ئەزبەر نەدەکرد، لەبیرکاریشدا تابلّێی کۆلّ بوو، هەر بەم شێوەیەش مایەوە تاکۆتایی ژیانی، کە برازاکەی منالّێکی بچووک بوو هەمیشە یارمەتیدەری بوو بۆ کۆکردنەوەی سادەترین ژمارە. بەپێچەوانەوە دایکی سۆزێکی زۆری دابوویە، کاتێک لەسالّی ١٧٨٧ کە هەوالّی مەرگی زانی لە ڤیەننا بوو، یەکسەر گەڕایەوە (بۆن) ئەو دالّدەی سۆزەی لەدەستدا کە بەدرێژایی ژیانی ئەو خەمەی بە کۆلّەوەبوو.

ئەم لە تەمەنی یانزە سالّیدا چووە ناو جیهانە ئەفسوناوییەکەی مۆسیقاوە، ببوە تانی گیانی، خولیای هەستی، هەرچی دەیکرد نەیدەتوانی لەگەلّ ژیانی ئاساییدا وەک کۆمەلّ بژی، هەرچەند توانای بلیمەتانەیدا هەبوو کە چەندەها زانیاری و زانست دەستەمۆ بکات، بەلّام ئەم گیانی زالّ دەکرد بەسەر مادییەکانی ژیاندا.

(ریس)ی هاوڕێی بەم شێوەیە باسی ئەم لایەنەی ژیانی دەکات:

(شل و شێواو، جێی بەزەیی، خاو و خلیچک لە هەلّس و کەوت، کەمجار هەبوو شتێک نەگرێت بەدەستیەوەو نەیشکێنێت، رۆژانە شووشە مرەکەبی دەڕژاند، تەنانەت پەنجەکانیشی لەسەر ئامێری پیانۆ کە بە گونجاوی نەدەجولّا)

ژیانی هێندەی خەم و ئازار بوو، هێندە ئاسوودە نەبوو، هێندەی باوەشی بۆ نەمری کردەوە، هێندەش ساتەوەختەکانی تەمەنی تلانەوە بوو بە خەونەکانەوە.

لەگەلّ ئەمانەشدا ئەم خاوەنی خۆڕاگرییەکی پۆلّاین کە نەمری خۆی لە

Institut Kurde de Paris

وێرانەی نوشستی و داڕمانەکانی بونیاد دەنایەوە، کاتێک کە گوێی گران بوو، لە خۆشەویستترین هەستی بوو، ١٣٨ شاکاری بەرهەمهێنابوو.

کە نەمری سەرکەوتنی گیانی پڕ دڵە راوکێی خۆی بەرجەستە دەکرد لە جەستەو گیانێکی خەمۆکدا.

بەم وشانە یەکێک لە یاداشتەکانیدا دەستپێدەکات (تا دەتوانیت خاوەن چاکە بە، ئازادی مرۆڤ بەهاترین خۆشەویستییە، بوێر بەو راستییەکان بڵێ، گەر تەختی پاشایەتیش لەدەست بدەیت) سالّی (١٧٩٢) بۆ جارێکی دی گەڕایەوە ڤییەننا، ئەمجارەیان بە گوڕێکی تڕەوە ئەویش بە چوونە ناو دنیای گەشتی مۆسیقاوە بڕەودان بەتواناو خولیای هونەری لەسەر دەستی مامۆستای کلاسیزم (هایدن)ی مەزن ئەم بۆماوەی یەک سالّ خوێندکاری بوو، بەڵام هەستی بە ئاسوودەیی نەدەکرد، ئەویش لەلای خۆیەوە نەیدەزانی چۆن وەڵامی پرسیارەکانی ئەم بداتەوە کە هەمیشە ئەم پرسیارانەی دەکرد، چۆن؟ بۆچی؟

ئەوساو ئێستاش وا باوە کە چینە باڵا بەدەست و ئۆرۆسوکراتیەکان خۆیان بەشایانی پیاهەڵدان و ستایش کردن دەزانن بەرامبەر: بڕە یارمەتییەک کە مافی ڕەوای خۆیانە بگرە پتریش، بەڵام ئەم بە پێچەوانەوە هەرگیز کڕنووشی بۆ نەبردن و خۆی لەوان بە شایستەتر دەزانی، چونکە ئەم نەمر بوو لەدەربڕینی ئازارەکانی مرۆڤ، ئەوانیش بەستەم و زۆرداری، چونکە سەرەتای ئازارەکان کردبوویە خۆڕاگرێکی بەهێز و بەسۆزو شۆڕشگێڕ، ئەم هێزەش لەم یاداشتەدا بەدی دەکرێت کە دەڵێ (ئەمە هێزی لاوییە، بەڵێ ئەمێستاش هەست بە خوێنی شادەمارەکانی گیانم دەکەم، هەر ڕۆژێک لە تەمەنم گوزەر بکات و لاپەڕەیەک هەڵبدرێتەوە دەمبینن کە لە ئاوات و ئامانجەکانم نزیک دەبمەوە وەک ئەوەی بە چاوانم ببینم و لەبیرمدا دەچەسپێت ئەوە منم کە دەست بەسەر گەرووی قەدەر و نەهامەتییەکاندا دەگرم و هەرگیز لە وزەو تینم کەم ناکاتەوە) ئەم وشانەی کاتێک دووپات دەکردەوە کە لەکارێکی هونەری، نەهامەتی ژیان، یان لە خۆشەویستییەک شکستی بهێنایە، یان بەرامبەر ڕەخنەگرانی کە لەوەڵامدا دەیگوت (گوتەی ڕووت ئەمری وەدی ناهێنێت).

هەمیشە و هەمیشە مەلەکانی دڵی بەرامبەر خۆشەویستی بۆ شۆخەکان لەگۆدا بوو، هەرچەندە دەیویست لەگەڵیاندا سەقامگیر بێت، بەڵام کە ئەو شۆخانەی

Institut Kurde de Paris

خۆشی دەویستن لە چینێکی بالاتر بوون لەخۆی، بۆیە سەرکەوتنی وەدەست دەهێنا.

بەڵام جۆش و خرۆشی ئەم گیانی زیندووی بۆ خۆشەویستی جێی تێڕامان بوو کاتێک لەساڵی ١٨٢٧ کۆچی کرد لە یەکێک لە بنمیچەکانی ژوورەکەیدا نامەیەک دۆزرایەوە کە سۆزی خۆشەویستی دەردەبڕێت (ناتوانم بە دریژی بۆت بنووسم، بمبورە، ئەمە چەند وشەیەکە کە بە پێنووسەکەی خۆت، تەنانەت ناتوانم تا سبەی جێگایەک بۆ خۆم بدۆزمەوە تاسبەی، ئای لەم کاتە چۆن دەڕوات، خۆشەویستی وادەکات کە هەوڵ بدەیت بۆئامانجەکانت ، چ بکەین گەر مەحاڵە بۆ یەکتر بین، بۆ خۆشەویستی هەموو کارێک پێویستییە، ئەمەش هەستی هەردووکمانە.. دەبێ ئەوە لەبیر بکەیت کە دەبێ بۆ یەکدی بین ئای... خۆزگە ئەو پەیوەندییە گیانییەمان دەگەشتە رازەکانی.. ئەو کاتانە چۆکمان بە چارەنووس دادەدا).

هەرچی ئازادی خوازی ئەمیش بوو کردبوویە شۆڕشگێڕ.. لەو کاتەدا شۆڕشی فەرەنسای کردبووە نمونەی ئازادی مرۆڤ، بۆیە کاتێک ناپلیۆن بووە رزگارکەری فەرەنسا، سەمفۆنیای سێیەمی بەناوی (پاڵەوان Eroica) دانا.

ئاواتی چەسپاندنی بنەماکانی شۆڕشی فەرەنسا لە برایی و دادپەروەریی وئازادی هەموو گەلان بگرێتەوە.

بەڵام کاتێک ناپلیۆن خۆی کردە ئیمپراتۆری فەرەنسا هیوا بڕاوبوو، تەنانەت باوەڕی نەدەکرد تا لە رۆژنامەدا کاتێک لەگەڵ (ریس)ی هاوڕێی دابوو، لەو کاتەدا ئاوازەکەی گرت بەدەستەوەو بەرگەکەی دڕاند و کردییە ژێر پێی وتی (پۆناپارت لەوانی دی چاکتر نییە، ئەویش مرۆڤە سبەینێ مافی گەلەکەی پێشێل دەکات) لەم کاتەدا ریس دەیویست لە ژێر پێیدا دەری بهێنێت (واز بهێنە با پێشێلی بکەم، چونکە ئەو ئاواتەکانی منی پێشێل کرد) بۆیە دەبێت مرۆڤایەتی بەڕێز و ستایشەوە شاکارەکانی، هەستی مرۆیی، خۆڕاگری و بە ئەمەکی ئازارەکانی و سۆزی خۆشەویستی لەیاد نەکات.

Institut kurde de Paris

تایبەتمەندی شێوازی بیتهۆڤن

بیتهۆڤن دەروازەیەکی فراوانی والاّ کرد بۆ کارە مۆسیقییەکانی سەدەی نۆزدەهەم لەبواری داڕشتنی کارەکاندا بە بەکارهێنانی بەهێزی و نەرمی و جوانکاری لە دەبڕینی دەنگی تاک و کۆمەڵدا، وە ڕێگای بە بەرنامەکردنی کارەکان و دانراوەکان بە شێوەیەک کە بتوانێت لە ڕووداو وناوەڕۆک بدوێت، لەلایەکی دی پەرەپێدانی قوتابخانەی کلاسیک بەتایبەت مامۆستاکانی هایدن و مۆزارت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە چەند بەشێک بسڕێتەوە و چەندێکی دی بخاتە سەر شێوازە کۆنەکان، هەروەها مانای کورتکردنەوەو درێژکردن و چڕبوونەوەو جێگۆڕکێ، بۆیە ئەم سەربەستی دەربڕینە نەبوایە لە مۆسیقادا کە ئەم هێنایە ئاراوە، هەرگیز مۆسیقا بۆ خۆی نەدەگەیشتە کەنارەکانی دڵنیابوون و گەشەسەندن.

شێوەی مۆسیقاش تەنها ڕێگا باوەکان ناگرێتەوە بۆ نوسینەوەی سۆناتاو کۆنشترتۆ سەمفۆنیاکان، بەڵکو چۆنێتی نوسینەوەی داناروەکان لە وردترین خانەی مۆسیقاوە کە یەک بەدوای یەکدا هاتنی چەند نۆتەیەکی بچوکە تادەگاتە یەکانگیربوونەوەی ئەم خانانە بۆ ئەوەی جەستەیەکی مۆسیقایمان بۆ بێتە بەرهەم کە خاوەنی تایبەتمەندێتی خۆی بێت.

دەربارەی ئەم شێوازانە دەیگوت (نازانم و نازانم چۆن ڕوونی بکەمەوە یان دایرێژم کە چۆن و لەکوێ ئەم بیرۆکانەم بۆ دێ) ، بەڵام بەوە کۆتایی دەهێنا (بیرۆکەکانم دێن و بێ هیچ بانگەوازێک بەشێوەیەکی خۆڕسک لە هەر جێگایەک لە ئامێزی سروشت یان کاتی گەڕان، شەوێکی بێدەنگ، یان کاتی کازیوەی بەیان) بەردەوامەو دەڵێ (ئەو بیرۆکانە دەتەقنەوە بە پێی بیرکردنەوەی خۆی و دەستدەکات بە نوسینەوەی تێبینیەکانی هەر ئەم ڕەشنووسانەشە کە دەبنە کاری مۆسیقایی و دەیانخاتە ژێر یاسا و ڕێساکانی دانراوەکان و داهێنانی خۆی و هەستی جوانکاری ئاوێتەدەکات)

کارەکانی ئەم خاوەنی ناوەڕۆک و تایبەتمەندی خۆیەتی لە کارتێکردنی بۆ شارستانیەت و بەها جوانەکان، ئەویش بە توێژینەوەی کارە بەرهەمهێنراوەکان بۆ نمونە هێمای لە شکسپیر، گوتە وەردەگرێت، بۆ خۆشی دنیایەکی فراوان لە سۆزو میهرو... خۆشی تامەزرۆ، لەلایەکی دی خەم و ئازار بەواتایەکی دی لە

Institut kurde de Paris

ئامێزیدا کۆمیدیا و تراژیدیای حەشاردابوو، کە لەدڵە راوکێدایە لەنێوان خەڵوەتێکی قوڵ و هیوایەکی پڕ خەندە ، ساکاری و توانای بەهێز کە پەیوەستە بەم جیهانەوە بەرەو بااڵش مل دەنێت.

بۆ جارێک هەستی بلیمەتانەی دەربڕین لەلایەکی دیش چی لە راستییەکاندا هەیە پەی پێدەبات، بەڵکو پتریش لەمانە لە شاکارەکانیدا هەست پێدەکرێت.

هەندێ لە رەخنەگرانیش کارەکانی دەکەن بە سێ قۆناغەوە:

یەکەم: لەم کارانەیدا پەیوەستە بە هونەرمەندانی پێش خۆی وەک مۆزارت، هایدن، کە لە سەمفۆنیای یەکەم ، دووەم، کۆنشیرتۆی یەکەمی پیانۆ، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم ساتانەی رەنگدانەوەی هەستی ئالودەی بوو کە لە شێوازێکی کلاسیکی دەریدەبڕی، بەدیوارێکی نەخشکراو نەخشێنراو بوو ، کە هەر لە نەخش و نیگاری هایدن و مۆزارتدا خۆی دەبینیەوە.

دووەم: دەربازبوونێکی بە ئاگا لە پێشینیەکانی خۆی و چەسپاندنی تایبەتمەندێتی خۆی بەاڵم نەک دابڕانێکی یەکجارەکی لە دانراوەکانی ئەم سەردەمەی سەمفۆنیای سێیەم ، چوارەم ، پێنجەم ، شەشەم، لە سەمفۆنیای سێیەمدا بە ئاگاوە خۆی لە کلتوری باو دەرباز دەکات. مامەڵەش لەگەڵ دەنگە هارمۆنییەکاندا رەنگ و بۆیەکی ئاشکرای ئەو سەردەمەی پێوە دیارەو کە سەردەمی شۆڕش و بونیادن، ئاشکراشە هەموو بیرێکی نوێ، دیاردەیەکی تازەگەری جێگای سەرسوڕمان و رەخنەو پرسیارە؟ یەکێکیان دەڵێت (بەراستی سەمفۆنیای سێیەم دانراوێکە پڕ مانای داهێنەرانە، ئەمەش کەمترین چاوەڕوانییە لە بلیمەتەکان، ئەم سێیەم نۆتەیەکەی زیندووی شێوازی دووەمی مۆسیقای بیتهۆڤنە، بەڵکو خاڵی وەرچەرخاندنە، لەرادەی بیرکردنەوەی باوی گوێبیستان.

بۆ ئەوەی رێچکەیەک بۆ خۆی بدۆزێتەوە تەنانەت یەکێک لە ناودارترین کەمانچەژەنی ئەو دەمانە (شوپانتزیغ) کاتێک کە چوارینەی حەوتەمی لە پەیژەی (Fa) دەژەنی بە پێکەنینەوە دەتریقایەوە کە چەند رێکخستیەکی دەنگی دەهاتە رێ کە هەرگیز لەوەوپێش بەدی نەکردبوو.

سێیەم: لەم قۆناغەدا یەکجاری دەرباز و رەهابوو، لەهەموو کۆت و بەندێکی کلاسیک، کە بلیمەتی خۆی دەهاویشتە ناو جیهانە تایبەتیەکەی خۆی کە وێنەی لە

Institut kurde de Paris

سەمفۆنیای نۆیەم و چەند کارێکی وەک (القداس الحافل) کە سەمفۆنیای نۆیەمی بە (سروودی خۆشنووس) کۆتایی پێدەهێنێت لە شیعری شیلر، کە گەیشتە ئەوپەڕی توانای داهێنان کە لەتوانای داهێنانی مرۆڤدا بێت، تا ئەوەی کە بتوانێت لەرادەبەدەر بێت!! ئالەم کاتە ناسکەدا گوێی زیاتر گرانتر دەبوو، بەرەو نەبیستنی تەواو دەچوو، دەیگوت (وا پایزی تەمەن بەڕێ دەکەم، گیانم هەمووی بەروبوومە و بە بەرهەکانی بارگرانم، بە بچوکترین و کەمترین لەرینەوە وەک روبارێکی بەخوڕ پەڕەکانم دەکەونە خوارەوەو پەل و پۆ دەگرن) بۆیە دەوترێ سەمفۆنیای نۆیەمی روبارێکی بەخوڕی بەرهەمی ناوازەیە.

بەرەو جیهانە تایبەتییەکەی چەند سەمفۆنیایەکی بیتهۆڤن

سەمفۆنیای سێیەم (No3) Symphony Erioca

لەم سەمفۆنیایەدا بیتهۆڤن لە شێوازی دانەرە کلاسیکییەکان دەرچوو، هەمیشە بیستی بەدەنگە نوێیەکانی سەردەم ئاشناکرد، سەردەمی شۆڕش و ئازادی مرۆڤ، هەروەک لە کارەکانیدا دیارە، بیستن لەو نەریتە باوە ئازاد دەکات، و دەیانخاتە جێی رامان و رەخنە.

ئەم ئەفراندنی خۆی لە بۆتەی بیری خۆیدا دەهاوێشتە ناو هەزری داهێنانەکانیەوە، ئەگەر بارمتەکەشی گران بوایە کە ئەویش دەبووە سەمەرەی رەخنەگران، بەڵام ئەم هەموو کارێکی دەکرد بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی و بیروبۆچوونەکانی خۆی.

جوڵەی یەکەم (خێرا Allegr Conbiro)

درێژترین جوڵەی ئەم سەمفۆنیایە یەکەم جار لە شێوازی سۆناتەدا خۆی دەنوێنێت، کە پێش هەموو شتێک مۆسیقایەو مۆسیقا ڤیولونستیلەکان (چەلۆ) دەست بەم جوڵەیە دەکەن و پاشان ڤیۆلۆنەکان لە تاریکییەکی کپدا کە ئیلهام لە ئاوازی سەرەکی وەردەگرن، ئیدی مۆسیقا بەرفراوان دەبێ بەرەو پێگەیشتنێکی گۆرانی ئامێز تا گۆرانی بەسەدا دێت و دەبێتە هێمنییەکی بێدەنگ و بێ چرپە، کە

Institut Kurde de Paris

ئـازاری قـولّی حەشـارداوە، بەردەوامـە لەبەرزبوونـەوەو هەژانـدن تـا ئـامێرە بوقییەکان ئاوازی سەرەکی لە ڤیۆلۆنەکان دەدزن، کە گوێگر دەخاتە ناو خەونێکی فراوان و بـەرین، هـەروەک ئـەوەی بیـەوێ نەخشـە بـۆ دنیایـەکی جـوانتر بـۆ مـرۆ وەدی بێت و پاشان بانگەشەی دنیای پڕ شکۆ دەکات.

لەجوڵەی کۆتـادا بـەهاواریێکی تاسـاوەوە بـەتاک، پاشـان ئـامێرە مسـییەکان بـە هەرەوەزی چەلۆکان لەیەک بەدوای یەکدا هـاتنێکی هـارمۆنی خـۆی دەنوێنێت تـا لێدانـەکانی لـە جیهانـە تایبەتییەکـەی بیتهـۆڤن ئیلهـام وەردەگرێت و هێدی هێدی ئازارەکان خامۆش دەبن.

جوڵەی دووەم مارشی ماتەم Marica Funebre

لەم ماتەمەدا هونەرمەند سـلاّو دەنێرێت بـۆ گیـانی ئـەو جەنگاوەرانـەی کـە لـە مەیدانی جەنگدا گیانیان لەدەستدا، کاتێک پاڵەوان بەرەو گلّکۆ بەڕێدەخرێت و دلّی ئەوانەی کە بەشدارن لەو مەراسیمەدا پرخەم دەکات.

ئاوازەکە بەردەوام دەبێت تا مالّئاوایی لـە گیانیـان دەکـات و ئـامێرە بوقییـەکان ئـەم مالّئاوایـە جـێ بـەجێ دەکـەن، هاوکـات ڤیۆلۆنـەکان و ئـامێرە فوودارەکـان تەدارەکەی خەم بەرجەستە دەکەن بە فرمێسکەوە ئازارەکانی بتهۆڤن بە توانایی و بێ توانایی دەردەبڕن، جارجارەش لە نێوانیاندا کوتەی تیمپانی دێت، وەک نرکەی ئـەو شۆڕشـەی کـە مـرۆڤ خـەوی پـێ دەبێت و چەنـدان سـاڵە دەیـەوێت لـەو نامۆبوونە سەرفراز بێت.

ئازاری بلیمەتی خۆی لە دووتوێی خەمەکانیدا لـە مـەڵاس بـوون دەردەکـات و تروسکەی هیوا لە هێزی ئۆرکسترادا بەرجەستە دەکات، ئامێرەکان پێکڕا دەژەنن و بانگەواز دەکـەن بـە تایبـەت ئـامێری ترامپێت و تیمپانـەکان ئـەم تەدارەکـە سـاز دەکـەن، راسـتییە تاڵـەکانیش لـە تاریکیـدا گـوزەر دەکـەن و کـەژاوەی ماتـەم بـۆ جـەنگاوەران دەگێـڕن، دەگـرین، دەکڕوزێنـەوە، ئـەم تەدارەکـەش بـەدەنگی کۆنتریاسـەکان کۆتـایی پێدەهێنرێت و مـرۆڤ لـە بێـدادی هۆشـیار دەکاتـەوە و سـەری ڕێـز و نـەوازش بـۆ پاڵەوانـە ئەفسـوناوییەکان دائەنـەوێنن، ئیـدی هیـۆر دەبێتەوە و لە فەزایەکی نادیاردا خۆی لە چاوان وندەکات.

Institut kurde de Paris

جولّەی سێیەم (خێراو بە گوڕوتین Scherzo : Allegro Vivace)

لەم جولّەیەدا لەکۆت و بەندی باو خۆی مەرەخەس دەکات و دەرباز دەبێت، بەوەی کە جولّەیەکی سەما ئامێز(السکیزو) دەگەیەنێتە ئاستی ئەفراندن بەچەند ئاوازێکی خەندەبەخشی رەوان و بە ئامێرە ژێدارەکان و ڕێگا خۆش دەکات بۆ ئۆرکستراو رەشبەلّەکی تورپەیی و هەژاندن تا تەرەمپیتەکان سەرچۆپییەکەی بگرن، خۆ ڕێڕەوی هەژاندنەش ناوەستێت ئیدی پێکڕا ژێدارەکان ئاوازی سەرەکی سەرهەلّئەداتەوە و هێدی لەیەک گونجاندنێکی هارمۆنیدا ئازارەکان دەسڕێتەوە.

ئا لەو ساتانەدا هەست ختوکە دەدرێت و بەرەو ئاسمان شاباڵ دەگرێ، هێند ناخایەنێ کوتەو زرمەی دەهۆلّەکان بە هەرەوەزی مسدارەکان مژدەی سەرکەوتن دێنن، لەپڕ بێ دەنگی، پاش کەمێک ئاوازی ڕەوان دەبێتە میوان و بە پشتیوانی مسدارەکان ڕەشبینی وەدەردێنن و هیوایەکی نادیار هێندەی نادیاری چارەنووس، ئۆرکسترا بەردەوام دەبێت و هەموو ئامێرەکان تێکڕا ئاوێزان دەبن و پروشەی هەستی مرۆڤ بەرەو ئاسودەیی دەبەن.

جولّەی چوارەم زۆر خێرا ALLEGRO MOLTO

لەچەند زرمەیەکی زۆر خێرادا هەموو ئامێرەکان لە ئازارەکانی (پرۆمتیۆس) کە بێکۆتایە (پێشتر بتهۆڤن پێشەکییەکی بۆ داستانی پرۆمتیۆس دانابوو، کە لە خەمەکانیدا هەموو خەمی مرۆڤی لەکۆلّناوە) لە هێمنییەکی لەسەرخۆدا قولّ بەلّام بە خێرایی بۆ ماتەمی مرۆڤایەتی لە جولّەی دووەمدا تا دەگاتە ئەو کاتەی کە خەریکە کۆتایی بێت ڤیۆلۆنەکان وەلّام دەدەنەوە بە دەنگێکی پڕ حەسرەتەوە هێدی هێدی بەرز دەبێتەوە و هەلّدەکشێ و بەرەو ئاسۆ ملدەنێ، لەو شوێنەی کە ئاواتی مەزنی سەماگر، خەندەبەخشن، بانگەوازی ئاسوودەیی رادەگەیەنێت، کە جەورو ستەمی زۆرداران ناتوانێت ببێتە بەربەست چونکە هیچ خەمێک ئەبەدی نییە..!!

Institut kurde de Paris

(لەسەمفۆنیای پێنجەمدا قەدەر لە دەروازەکان دەدات)

پێشەکی ئەم سەمفۆنیایە بە ناوازەترین و قەشەنگترین کاری مۆسیقای دادەنرێت، هەرچەندە لەدوو دەنگی (SOL –MI) تێپەڕ ناکات، بەڵام لە هۆشدا سەقامگیر دەبێت و لەبیردا یادگاری بەجێدێڵێت، جگە لە ئاوازێکی دی کە لەسەر جوڵەی یەکەم یان چنراوە کە ئیلهامی ئەم ئاوازەی لەدەنگی باڵندەیەک کاتێک لە دارستانەکانی ڤییەننا دەهات و دەچوو وەرگرتووە.

کاتێک (شیندلر) هاوڕێی پرسیاری لێکرد دەربارەی وتی (بەم شێوەیە قەدەر لە دەروازەی ژیان دەدات) لەم کارەدا لە ڕێچکە کۆنەکان دەربباز دەبێت لە جیاتی MINUTE ئاوازی SCHERZO دەخاتە جێی کە لە دوو تۆێی دا باری ناهەمواری دەروونی خۆی بەرجەستە دەکات بۆ ئەوەی چارەسەرێک لە هێزی قەدەر وەربگرێت و بیخاتە گەڕ. فەیلەسوفێکی وەک نیتشە بەم شێوەیە دەربارەی دەڵێ (ئەم سەمفۆنیایە هەموو بەها جوانەکانی مرۆڤایەتی لە ئامێز دەگرێت)

جوڵەی یەکەم خێراو بەگورجی ALLEGRO CONBRIO

هەرچی جوڵەی یەکەمە بە سێ کوتە (ضربە) ی کورتی پێشەکی و پاشان چوارەم کوتەی درێژ قەدەر دەهەژێنێت، هێدی هێدی گەشە دەسەنێت و هەموو جەستەی سەمفۆنیاکە دەگرێتەوە، پاش ئامێزگرتنەوەی کورت لەلایەن کلارنێتەکانەوە، پاشان ژێدارەکان لە هەمئاهەنگی لەتەک فوودارەکاندا دەکەونە ڕاڤە کردن پاش کەمێک ئۆرکسترا دێتە ناوەوە، جارجارەش بوار بە (ئۆپوا) دەدەن و ژێدارەکان ئەرک دەگرنە ئەستۆ.

ململانێی نێوان خود و بابەت (الذات و الموضوع) هەمیشە مانایەک بووە لە نێوان بەرەنگاری و ملکەچ بوون، ئەو دەیزانی ئەم دوو توخمە حەقیقەتی ژیانی تیدایە و ململانێی نێوانیان وەک دژ مانای نوێ دەبەخشێ بە ژیان، هەر ئەمانەشن کە پرسیارەکان دەخوڵقێنن لەو دیارانەی کە نادیارن و لەو نادیارانەی کە دیارن، هەریەکەو بە پەردەیەک خۆی پۆشیوە کە لەدیوەکەی دی ڕاستی ماناکانیان هەن، لە پێکهاتەیەکی ئاڵۆز بەرامبەر بوون بە هەردوو لایەنییەوە.

Institut Kurde de Paris

کاتێ بتهۆڤن گوێ گرانییەکەی بەرەو کەڕبوونی تەواوی دەبرد، دەیویست لەڕێگای ئەم جوڵەوە هەستی خۆی بەرامبەر زل هێزی قەدەر دەربڕێت، کە هەمیشە نەفرەتی دەکرد چونکە هەر قەدەرە بوونەوەرەکانی لە بچوکترین رووداوەوە بەرەو گەورەترین هەڵدێر و گلانەدن دەبات لەم بۆچوونەوتێگەیشتنەوە جوانترین جولەی ناوازەی لەدەنگە مۆسیقایەکان چنی و ڕست، کە بەتەواوی گوێ بیست خۆی بۆ ناگیرێت.

کە هەرچییەکی تێدایە دژیەکەو بەرامبەرکێیەکی درامی لەدەروندا هەر لەسەرتاوە تا کۆتا، تەنانەت ئەو کاتە کورتەی کە ئۆبرا نەغمەکان دەدزێ، هەر هەموو ئەمانە دژ بە قەدەرێکی بێ ئەمەک کە دوژمنی بوونەوەرەکانێتی، بۆیە کاردانەوەی سۆزەکانی تەریب بوو لە تێگەیشتنەکانی).

جوڵەی دووەم (کەمێک هێمن ANADANTE CONMOTO)

ئاوازێکی گۆرانی ئامێزی درێژو بەنۆرە لەنێوان ڤیۆڵاو چەلۆدا بە جۆرایەتی کردن بە دەنگەکان کە ئازارەکانی بەرامبەر قەدەر نیشان دەدات، جوڵە کە دابەش دەبێت بەسەر دوو ئاوازدا کە لەچوار لایەندا چەق دەبەستن لە جوانکاری جێگۆڕکێدا کە ئامێرە فوودارەکان رۆڵی دەبینن، پاشان دووبارە بوونەوەیەکی نزمی لە ئاوازی سەرەکی لەلایەن کلارنێتەوە، بۆ دەمێکی دی، ئۆرکسترا گوژم دەبەستێتەوە بە ئاوازێکی مارشی کە دەیەوێت هەموو ئاوازەکان کۆبکاتەوە و ئەم جوڵەیەش بەبەشی کۆتایی ئاوازە سەرەکییەکە کۆتایی دێت.

جوڵەی سێیەم (خێراو بەگوژم ALLEGRO)

جوانترین (سکریزۆ) کە بتهۆڤن داینا، چونکە لەم شێوەیە ئاوازی پوخت و کورت و نمونەیی دروست کرد، وەلە شێوەیەکی زیندوودا نیشانی دا کە لە قولاییەکی نادیارەوە لەلایەن چەلۆ و کۆنترباسەوە هەڵدەهێنجرێت بە ئاوازی دی وەلاّم دەدرێتەوە لەلایەن ڤیۆلۆنەکانەوە بەدووبارە کردنەوەی ئاوازی قەدەر کە ڕێگا خۆش دەکات بۆ هاتنە ناوەوەی ئاوازی سەرەکی، پاشان سەرکەوتنێکی

Institut kurde de Paris

تیژڕەو کە (ڤیۆلا و باسۆن) ئاوازەکە وەردەگرن و دەیدەنە دەست ڤیۆلۆنەکان و (ئۆبوا) و ڕێگا خۆش کردن بۆ سکریزو، بەڵام لەشێوەی پرسیارکردن و وەڵام دانەوەدا، کە بەچەند تووڵەڕێگایەکمان دەبات تا دەگەینە دەنگی تیمپانیەکان و لەهەمان کاتدا ژێدارەکان بەنەرمی ڕێگاخۆش دەکەن بۆ جوڵەی چوارەم، بە هێمایەک کە لەتاریکی دەرچوون بەرەو ڕوناکی لە هێمنی و بێدەنگیدا دۆش دادەمێنین، بەڵام مۆسیقا لە جۆشدایە بە ئاسوودەیی لە خرۆشدایە بە وتنەوەی ئاوازی یەکەم بۆ ئەوەی مژدەی سەرکەوتن بە ژێی کەمان و کوتەی تیمپانیەکان رابگەیەنێت.

دەڵێن لەکاتی ئامادەبوونی کچی گۆرانی بێژ لاما لیبوان بۆ ئەم سەمفۆنیایە کە لە هۆڵی (کۆنسرفتواری پاریس) پێشکەش دەکرا، لەهۆش خۆی چوو، هێندە جۆش و خرۆشی دەروونی ئاوێزان کردبوو، هەروەها ئەفسەرێکی خانەنشین لەبەر ناپلیۆن هەستایە سەر پێ بەدەنگی بەرز هاواری دەکرد (ئەو ئیمپراتۆرە، من سوێند دەخۆم کە ئەو ئیمپراتۆرە) کە مەبەستی بتهۆڤن بوو.

جوڵەی چوارەم : زۆر خێرا ALLEGRO

لەسەرەتای جوڵەدا مۆسیقا گوزم دێنێ، بەڵام نەک بە ئاوازی سەرەکی کە هەموو ئامێرەکانی مۆسیقا بەڕەزمی مارش دەیژەنن، پاش کەمێک ئاوازێکی دی لە ئاوازی سەرکەوتن ئامێرە فووداڕەکان تا مۆسیقا دەگاتە ئەوپەڕی جوانی ئیتر ئاوازی هێمن بەژێدارو فووداڕەکان لە دەربڕینێکی نایاب گیانی شانازی – کە هەموو ئاوازەکان دەکاتەوە و پێکەوەی گرێ دەدات و گوێ دەگرین لە ئاوازی قەدەر کە لە جوڵەی سێیەمدا بەرچاومان کەوت، بەڵام بە خێرایی کە هێمایە بۆ سەرکەوتنی مرۆڤ، بەسەر نەهامەتییەکاندا کە خۆی بەرجەستە دەکات، لەکەسایەتی هونەرمەند کە هەمیشەو هەمیشە بە گژ ئازارەکانیدا دەچێتەوە، زاڵبوون بەسەریدا بەوەی کە بلیمەتی خۆی و شاکارەکانی بۆ هەتایە نەمر کرد.

Institut Kurde de Paris

پەیوەستی مرۆڤ بە سروشتەوە لە سەمفۆنیای شەشەمیدا

کاتێک ئەم سەمفۆنیای شەشەمی بەناوی (سەمفۆنیای لادێ) ناودەبرد، هەر خۆشی ناونیشانی بۆ دادەنا، کە ئیلهام وەرگربوو لە هەڵچوون و داچوونی بەرامبەر سروشت و بوون، دەشیزانی کە هەر سروشت نامۆبوونەکانی کەم دەکردەوە، لەتەکیا ئاوێزان دەبوو، دوور لە هەموو دیاردەکانی شارستانیەت بە بەخشینی گیانی خۆی بەسروشت و بەتایبەت لادێی نەمساوی کە بەجوانی ناوی دەرکردبوو، کاتێک لە ژێر سێبەری درەختەکان خوڕەی ئاوی – دەنگی بولبولەکان، شاد دەبوو، ئەمەش پێش گوێ گران بوونی بەتەواوی، بۆیە رستەی ساکار لەوێنەو تابلۆی هونەریدا داڕشت بۆ ئەوەی کە بەجوانترین شێوە هەستی پەنگخواردووی دەربڕێت لەهەموو پاپەندییەکانی سەمفۆنیای باو دەرچوو، کە پێش خۆی یاسای بۆ دانرابوو بەوەی کە سەمفۆنیای کردە پێنج جوڵەو کە پێش خۆی کەس نەیکردبوو.

جوڵەی یەکەم(خێراو بێ زێدەڕۆیی ALLEGRO MANON TROPPO)

خۆی ئەم ناونیشانەی بۆ داناوە (هەست کردن بە شادی کاتی گەیشتنە لادێ) کە دەیویست گوێگر بەراستەوخۆ تێبگەیەنێت و سەربەستی بداتێ لە وێناکردنی بۆ تابلۆکان، چونکە خۆی دەیگوت سەربەستی دەدەم بە گوێگر با خۆی وێنەکان شی بکاتەوە بە ئارەزووی خۆی.

یەکەم جوڵە وەک پانۆرامایەک دەکرێتەوە کە وێنەکانی سروشت وێنەی بەهاری لادێمان بۆ بەرجەستە دەکات کە جوتیاران لە مەرزەکاندا پەرش بوونەتەوە کە هونەرمەند جوانکاریەکانی خۆی بۆ ئەفراندووە، کەوا هەستدەکەیت لە گوندێکی رێک و پێکی خنجیلەی جوانی ئەوروپایت کە سەوزایی هەموو سروشت و دەوروبەری داپۆشیوە.

ئەم جوڵەیە لە دوو ئاوازی سەرەکی پێکدێت :

یەکەم: هەموو ئۆرکسترا لە دوو توێی ئاوازێکدایە کە هێز و هێمنی تێدا بەرجەستە دەبێت کە ئەم ئاوازە بنەمایەکە بۆ کانیاوی هەڵقوڵاندن.

Institut Kurde de Paris

دووەم: بە پێچەوانەی یەکەم کە کەمانچەکان پاش ئەمان چەلۆ (باص، کلارنێت، فلوت) دواتر ئاوازەکان بەیەکدا دەچن و دەمانباتەوە سەر بەشی یەکەمی جولّە.

لەکۆتاییدا هەموو کەمانەکان و فلوت بەهاوکاری ئۆرکسترا جولّەکە دەچێتەوە دۆخی یەکەم و بەرەو دنیای بەهارو سروشت و شادیمان دەباتەوە.

جولّەی دووەم: (لەسەرخۆ بەشێوەی سۆناتا ANDAN TH MOLTO MOSSO)

ئەم تابلۆیە بەناوی (وێنەیەک لەسەرکانی) ناوی دەبات، کە هێماکانی هونەرمەندانە دەردەبڕێت کاتێک ژێدارەکان هێدی هێدی نزیکمان دەخەنەوە لەسەرچاوەی کانیاو و وا دەزانین لەسەر چیمەنێکی سەوز راکشاوین و چاومان بڕیوەتە رەوە هەورێکی سپی کە کۆدەبنەوە و دەپوکێنەوە لە ئاسۆدا، لەو دەمانەش خورپەی ئاوی کانی کە لە بنیا دەلەرزێ مرواریی زیخ و چەو دێتە گوێمان و لەسەر درەختیش دەنگی بولبولی خۆش ئاواز دێتە گوێ، کە ئامێرە فوودارەکان دەیچڕن، هەموو ئەمانە بە دەربڕینێکی سەمفۆنی تۆکمە بێ ئەوەی هیچ لە دنیای رۆمانسیەت کەمبکاتەوە.

جولّەی سێیەم (خێرا ALLEGRO)

پێدەچێت گەنجینەی یادەکانی بیتهۆڤن لەناو گوندەکان هەرگیز وشکایی نەیەت، پێکگەیشتنی دۆست و یاران لەم سروشتە دلّڕفێنە ئیلهام بەخشی ئەم جولّەیەن کە لە شێوەی (السکرتسو) ئامادەی کردووە بۆیە بە ئاوازە فەنتازییەکانی کە وەک شێوەی کاریکاتێر وایە لەوێنەدا هاتووە، یادگارییەکانی دەچێتەوە رۆژێکی بەهار لەلادێ کە لەناوچەی (مودلنک) نزیک ڤییەنا، پێکەوتی تیپێکی مۆسیقایەکی گەڕۆکی کرد، ئەوەی بۆی کرا چەند سەمایەکی بۆ نوسینەوە بە پێی ئاست و توانای خۆیان، چونکە هەندێکیان بۆ ماوەیەک واز لە ژەنین دێنن بۆ ئەوەی پێکێ دروستبکات یان لەگەڵ هاورێکەی بدوێ، ئەم وێنانە کە کاتی پچڕپچڕبوونی ئاوازەکان هەستی پێدەکەین.

Institut kurde de Paris

جولّەی چوارەم (خێرا – رەشەبا ALLEGRO)

کتوپڕ دەچینە ناو هەڵکردنی باڕەشێک کاتێک جوتیاران لەوپەڕی خۆشیدان دەژەنن، سەمادەکەن، گۆرانی دەڵێن، کاتێک رەشەبا هەڵدەکات و ئامێری (پیکلۆ) شاوری هەورە بروسکە لێدەدات و ئامێرە ژێدارەکان گرمەی هەورەکە بەرجەستە دەکەن، فووی بۆقیەکانیش لەگەڵ کوتەی تیمپانیەکان هێندەی تر جۆش بە رەشەباکە دەدەن پاش کەمێک هێمنی باڵ دەکێشێت بەسەرداو هێما بۆ جولّەی پێنجەم دەکەن.

جولّەی پێنجەم (خێراییەکی مامناوەندی ALLEGERTTO)

رەشەباکە خامۆش دەبێت، هێور دەبێتەوە، هەورە بروسکە دەڕەوێتەوە لەو کاتەدا هەست بەدڵنیایی و ئاسوودەیی دەکرێت. لەو کاتەدا شوانکاران دەپارێنەوە کە ئامێری کلارنێت بەرجەستە دەکات کە زاڵە بەسەر ئەم جولّەدا، تیشکی رۆژ لە هەورەکان سەردەردێنێ کە هێدی دەڕەوێنەوە و بەرەو نادیار دەچن و سرودی شوانەکان هەڵدەچێ ... تاکۆتایی سەمفۆنیاکە.

سەمفۆنیای حەوتەم (سەمای پیرۆز)

مۆسیقاژەنی ئەڵمانی فاگنەر بەم شێوەیە باسی ئەم کارە دەکات (ئەو واتە بتهۆڤن سەمای گەیاندۆتە ئاستی خواوەندەکان)مۆسیقای جیهانیش ناوی نەمری داوە بەم کارە ئەوەی گوێی لەم سەمفۆنیایە دەبێت رادەمێنێت لە توانای بلیمەتانەی ئەو هونەرمەندە خۆی بەکەم دەزانێت بەرامبەر ئەم ئەفراندنە پڕ بەهایە هەرچەندە داهێنانەکانی کرنوشت پێ دەبات، لە هەمان کاتدا چەندان پرسیاری لا دروستدەکات بەرامبەر ئەو توانایەی کە لە پشت ئەم ئەفراندنە نادیارو قولّەوە دەوەستێت.

سەمفۆنیای حەوتەمی بە خۆشترین سەمفۆنیای دادەنرێت لای خۆی، کە لە کاتی گوێ گرانیدا بەرجەستەی دەکرد، ئەو دەنگدانەوەی ئەم سەمفۆنیایە لای گوێگر دروستی دەکات لە ئەنجامی پانتاییە قولّەکانییەوە کە دابەشکردنی ئۆرکسترایی دەهێنێتە ئاراوە، کەچەند وێنەیەکی نمونەیی لە جولّەکاندا بەرجەستە دەبن، ئامێرەکان دووبارەو چەند بارە دەبنەوە، پاشان هێمنی میوانت دەبێت،

Institut kurde de Paris

لەجولّەی دووەمیشدا هەروەک دەستێک هاتبێت ئەو هێمنیەی شلّەقاندبێت ئامێرە ژێدارەکان لە قەراردا بەرەزمێکی یەکگرتوو جولّەکە دەردەخەن، هێدی هێدی هەست بە ونبوونی خۆت لە ئاوازەکان دەکەیت، بێ ئاگا، هەروەک ئەوەی هەرچی جوانی دەوری بوونی داوە هەمووی رەشەبا فڕاندوویەتی و وادەزانێت هەرچی سەوزەگیا هەیە هەمووی سوتاوە، کە گوێگر دەخاتە ناو جیهانی نەمانی کەسایەتی خۆی و لەبۆتەی ئاوازێکی نادیاردا دەگاتە حالّەتی گریان، رەزمە بێوینەکانی هەموو هێزێکت لێ زەوت دەکات، کە بێهوودانە سەیری هەموو بوون دەکەیت، تەنانەت هەست بەشتە مادییەکان ون دەبێت بەیەک هەستەوە سەرقالّە ئەویش ماتیەکی شاراوە کە لە منداڵانیدا نەشوەیەکی نامۆی تێدایە، پاشان ئاوازەکان هەڵدەکێشین وەک ئەوەی بتهۆژن بەزەیی بە گوێگردا بێتەوە بۆ ئەوەی دەستەووەستان نەوەستێت، بۆ ئەوەی ئازارەکانی بلیمەتانەی بخاتە گەڕ و پاکی بکاتەوە لە گوناهەکانی کە مژدەی بەیانێکی رووناکی پێدەبەخشێت و خۆی ئامادە دەکات بۆ جولّەی سێیەم کە خێرایی مۆرکێکی ئاسوودەیی پێ دەبەخشێت بۆ ئەوەی لەو تەنگاوی جولّەی دووەمدا ئاسوودەی بکات. تەنانەت رەخنەگران بەجوانی ئەم گۆڕینە سەرمەستن کە کارێکی ناوازەیە لە دنیای ئاوازدا.

گونجاندن لە نێوان دوو ئاوازی دژیەکی پێچەوانە یەکێک کوتەی ئازار، ئەوی دی نەشئەبەخش و شادی ئامێز گوێگر شاگەشکە دەکات، هەروەها گەڕانەوەی کوتەی دەهۆلّەکان کە ئامێزی جولّەی یەکەم ببوو لە جیهانێکی سەمفۆنیادا یەک دەگرنەوەو بۆئەوەی لە زەمەنێکی ئاساییدا تێکەڵ بەجولّەی چوارەم بێت و کە هەلّچوونی ژەنین و لێدانە یەک لەدوای یەکەکان کە زیاتر گورچکبڕ دەبن کە بیتهۆژن دەیویست یەکێک لە جەژنەکانی (باخۆس) بەرجەستە بکات کە خوای مەی و نەشئەمرۆییەکانە وەک ئەوەی بڵێت(من با خۆم کە مەی بەتام و دەگوشم بۆ مرۆڤ بۆ ئەوەی خەڵوەتی عەشقی خودایی پەخش بکەم) رۆمان رۆلان دەڵێت لە جولّەی چواردا رەسەنایەتی بیتهۆژن دەردەکەوێت کە زمانی ئاخاوتنیەتی، کە هەرگیز نەشازە بە دنیای یاسا و دەسەلّات و ملکەچبوونی کوێر، ئەمەیە بە فیرۆدانێکی شێتانەی تواناکانی مرۆڤە، بێهودانە تەنهاو تەنها بۆ کات بردنە سەر، ئەوکاتەی رووبارەکان لافاودەکەن و هەموو شت دەکەن بە ژێرەوە.

بۆیە رەخنەگری هاوچەرخ (ریشارد لیۆنارد) دەڵێت (ئەم سەمفۆنیایە کە دەستی مرۆڤ نوسیویەتیەوە)

Institut Kurde de Paris

بانگهێشتێک بۆ (ئاسوودەیی مرۆڤ) لە سەمفۆنیای نۆیەمدا

کاتێک شاعیری ئەڵمانی(فردریک شیلر) لە ساڵی ١٧٨٥ قەسیدەیەکی بەناوی (بۆ سەربەستی) نوسیبوو کە لە ژێر کاریگەریێتی شۆڕشی فەرەنسا نوسیبووی بەڵام باری تایبەتی وڵاتەکەی ناونیشانەکی پێ گۆڕیبوو بە (بانگهێشت بۆ ئاسوودەیی) بۆیە بەبیریدا هات کە لەم سەمفۆنیایەدا کە دەنگی مرۆڤ ئاوێتەی ئەم کارەی بکات کە تایبەتە بە شێوازی سێیەمی بیتهۆڤن کە لە هەموو کۆتەکانی کلاسیک دەرباز دەبێت، جڵەو بۆ ئەفراندنی خۆی شلدەکات کە لە پەیژەی (DMINOR) ڕێ ماییزم کە سروودی ئاسوودەیی هەموو جوڵەی چوارەم داگیر دەکات کە کۆڕاڵ دەیڵێتەوە.

جوڵەی یەکەم خێراو بەراشکاوییەوە (ALLEGRO MA NON TROPPO)

دەربڕینی قەدەر و سیستەمی ئەبەدی بوون بەرجەستە دەکات و هەڵوێستی رامانی مرۆڤی دەربارەی بیتهۆڤنیش شۆڕشگێڕی خۆی بەرامبەری دەردەخات مۆسیقا... ئەوە دەگەیەنێت کە بانگهێشتی مرۆڤ بکات بەرەودەرباز بوون لەئازارو نەهامەتییەکان، رقی پیرۆزیش ئاڕاستەی زەوتکەرانی ئازادی و مرۆڤایەتی دەکات، ئەم جوڵەیە لە هەستی بەرینی بیتهۆڤنەوە ئاوازی سەرەکی پێکدێت کە ژێی هەستمان دەژەنێت و تێکەڵ بە نێرە دەنگی کۆنترباسەکان دەبێت و لەچارەنووس دەدەن و دەسەلاتی چارەنووس بەرامبەر حەسرەتی ئەو مرۆڤەی کە عەودالێ نهێنییەکانی دڵە راوکێیەتی، نغرۆ لەناو خەمە سەرمەدییەکاندا، هێور بوونەوە بۆ ساتەوەختێک کە گوێ بیست دەخاتە بێدەنگییەکەوە کە لەقولایی دەروونەوە سەرچاوە وەردەگرێ دەیخاتە ناو بۆتەی بیرکردنەوەیەکی بێ بن و نادیار، پاش کەمێک چەند ئاوازێک دەڕژێنە ناوەوەو بە هێزێکەوە کە نازانیت لەکوێوەیە بوونی خۆی رادەکێشێت بۆ خۆی، بەڵام ئازارەکان و خەمان هەمیشە هیوایەکی باڵادەست لە شێوەیەکی جواندا هەمیشە دەچڕێنێت بەگوێدا، هەر ئەمانە ئامێری ڤێولا و چەلۆ بەرجەستەی دەکات، هەروەها ئاوازێکی دی هەیە لە هەمان جوڵەدا کە ئاسوودەیی دەبەخشێت کە سەمفۆنیاکە بەرەو ڕووی دەڕوات وادەزانی کە لە ئاسمان داباریوە و لەگەڵ ئاوازی سەرەکیدا نەش و نما دەکات کە گوێگر وادەزانێت بەرەو دوا دەچێنن، بەڵام نەخێر – باڵا دەبێت و باڵا –.

Institut Kurde de Paris

جولەی دووەم: (زۆر خێرا MOLTO VIVACE)

پێداگرتن لەسەر جولّەی یەکەم و بیرۆکەی دەروون دێتە جۆش و ئاوازەکان تێکەڵ بە قۆناێیی دەبن بۆ ئەوەی خۆی لە دەربازبوونی مرۆڤ لە ئازاروپاکبوونەوە لە گوناە، ئەو (سکیرزو) یە لەم جولّەدا جوانترین شێوازی بیتهۆڤنیە کاتێک ئاوازە نرکەدارەکە ئاوازی سەرەکی راودەنێ و ڕێگا بۆ ئاوازێکی سەرەکی خۆشدەکات، سۆز دابەشدەکەن لە هارمۆنییەکی گونجاودا، سەما پێکەوە دەکەن، بە هیوایەکەو کە لەناویدا هەست ئازارەکانی گیان کە دۆشداماون بەرامبەر چارەنووسی نادیار کە بەردەوامە لە کوتاندنی تیمپاییەکان هەوڵی وردو خاشبوون دەدات، داوا لە هێزی تاریکی دەکات کە خۆی بسەپێنێت، پاش کەمێک فوارەی چەند ئاوازێکی جوان – جوان دەمانگوشێت وا لەمرۆڤ دەکات سەما بکات و کاژی تاڵی مەینەت فڕێبدات، هیواکان تروسکاییان دیارە، لەدوور، لە ئاسۆیەکی نادیارەوە.

کاتێک بێدەنگی دەمانخەڵەتێنێت کوتەکان شێتانە دەکوتن و ملکەچمان دەکەن، ئاوازێکی خوڕەدار دێت و جارێکی دیش هیوا دەبەخشنەوەو چاوەڕێی مەسیحێک دەکەین، تا رزگارکەر بێت.

جولّەی سێیەم (خاو بە سۆزەوە ADAGIO MOLTO ECACANTBILE)

لەم جولّەیەدا دوو ئاوازمان پێشکەش دەکەن یەکەمیان جوانترین و قوڵترین ئاوازەکانی کە گوێبیست دەخاتە دڵەڕاوکێیەکی خەمناکەوە، ئاوازەکان بەخاوی دێنەدەر، وەک ئەوەی بێدەنگی بێنێتە گۆ، ئاواز دێتە ناخمانەوە بەنەرمی، پاش ئەوە کۆکردنەوەیەکی درامی مۆسیقا، هەروەک ئەوەی هەموو گەنجینەکانی مرۆڤی لە گریان، توانەوە لە ڕۆح – مەڵاس دابێت.

ئەو لەخۆگرتنەی ئەم جولّەیە مرۆڤ دەگرێتەخۆ، هەموو مادییەکانی هەست دەمرێنێت، هەرچی لەناخدایە دێتە زمان لەگەڵیدا ئازارێکی خۆش و تامەزرۆ کە وردترین خانەی ئاواز پەخشی دەکات کە ئاواتە خوازە هەر لە دەریای خەمی بلیمەتانەی خۆیدا مەلەبکات و ورد وخاش بێت بۆ ئەوەی نهێنییەکانی ئەو دنیا سیحراوییەی بۆ بدۆزێتەوە، هێندە نابات کەمانەکان و ئامێرە بۆقیەکان هێدی

Institut kurde de Paris

هێدی مت دەبن و لەناکاودا تەوژمی کۆنترباسەکان بەخوڕ دێن .. هەڵدەکێشن و هەڵدەکێشـــن، ئۆرکســـتراش مـــژدەی رۆژانـــی چـــاوەڕوانکراو دەدەن بـە بەشـمەینەتەکان لـە هیوایەکـدا خنجیلەیـە، نەرمـە، بەخەونـە و تروسـکاییەک دەبەخشێ.

جوڵەی چوارەم (زۆر خێرا)

بەبانگهێشتیک بیتهۆڤن رێگایەکمان بۆ خۆشدەکات لەم جوڵەدا بەوەی کە داوا لەهەموو بەشمەینەتان دەکات بۆ تەقینەوەی شۆڕشیان لـە چوارچێوەی ئـاوازی سـەرەکیدا بـە ئۆرکسـترا دێنێتـەگۆ بـۆ بەرجەستەکردنی سـروودی ئەفسـوناوی داهـاتوو، مۆسـیقا گیـانی جۆشـدان بەرزدەکاتـەوە و پاشـان نغـرۆ دەبێـت لـە بێدەنگییـەکی نادیـار، ناخابـەنێ دەگەڕێتـەوە و لەگـەڵ خۆیـدا مـژدەی ئاسـوودەی ژیان دەگەیەنێت بە هەمووانی دەبەخشێت و دەیڕژێنێتە ناو هەموو دڵەکانەوە.

مۆسیقای سروود کە هێشـتا نادیـارە لەمـەودای نێـوان هیـوا چـاوەڕوانکراو لـە هاژەیەکی بـەخوڕ کـە ئۆکسـترا بەرجەسـتەی دەکـات جگـە لـە ئـامێرە ژێـدارەکان، پاشـان هـەموو ئـاوازەکـان یـەکانگیر دەبـن لەهەرسـێ جوڵـەی پێشـوودا، هـەموو ئامێرە ژێدارەکانیش بـەردەوام بـەرەنگاردەبن، بـەڵام ئـامێرە فوودارەکـان رێچکـە دەشکێنن بـۆ ڕێگـا خۆشـکردن بـۆ قەصـیدەی شـیلر بـە شاگەشـکەی ئاسـوودەیی مژدە بەخش، ئۆرکسـتراش داواخـوازە کـە نرکـەی ببڕێـت بـەڵام دەنگی بـاریتونی کۆرااڵ بە ئاشکرا دەڵێت:

ئەی هاوڕێیان – ئەی هەڤاڵان
ئەم دەنگانە ئەبەدی نییە
با گۆرانی بڵێین، گۆرانی خۆشنوودی
تۆ هەرگیز نەمریت، ئەی خۆشنوودی

رۆمـان رۆڵان بـەم شـێوەیە لـەم سـاتە نەچرکـەی دەسـتپێکردنی سـروودی خۆشنوودی دەدوێت (لەو کاتەدا کە خۆشنوودی لە سەمفۆنیاکە خۆی جڵەوکێش دەکات، ئۆرکسترا لە پڕ لە ژەنین دەکەوێت)

Institut Kurde de Paris

بێدەنگییەکی سەیر باڵی دەکێشێت بەسەردا، کە سروودەکە تایبەتمەندییەکی یەزدانی تێدایە، بەرجەستە دەبێت، سەیرەو زۆر سەیرە، لەو کاتەدا گومان لە هەموو شت دەکەیت، تەنانەت لە هێزی یەزدانیش.

لەو کاتەدا ئاسوودەیی باڵ دەکێشێت و ئازارەکان دەسڕێتەوە، لەو ساتانەدا هەست بەگریان دەکەیت، گریانی نەشئەوخۆش.

لەو ساتانەدا خۆشەویستی سەرهەڵدەدات، خۆشەویستییەکی ئەبەدی مرۆڤ بۆ سروشت، بۆ شتە جوانەکان، بۆ لابردنی هەموو دڵەڕاوکێکان، بۆ دەربازبوون، ئەو نامۆبوونەی کە ئاین و نەتەوە و دەسەڵات و خێزان و کۆمەڵی فرەچین وەدی هێناوەو هەر خۆشیان خۆیان بەرەو نەمان دەبەن، لە ململانێیەکی سەختی مێژووییدا.

ئەمە بیتهۆڤنە، شای بلیمەتەکانی ئەفراندن دەڵێت کاتێک ئەم سەمفۆنیایە بۆ یەکەمجار پێشکەشکرا، بۆ ماوەی یەک کاتژمێرو نیو بێدەنگییەکی پڕ مانا، هێندەی مانای سەمفۆنیاکە باڵی بەسەر هۆڵدا کێشا، پاشان چەپڵە ڕێزان و دەستخۆشی شای داهێنەرانیش ئاگای لەم کەین و بەینە نەبوو، بەڵام ئەم نە چەپڵە ڕێزان، نە دەستخۆشی لەشوێنی خۆی چەق وەستابوو، هەموو بانگهێشتەکانی خەڵکی ڤییەننای لا میوان بوو، جگە لەوەی کە رابەری ئۆرکسترا بەناوی (ئەمیلۆف) ئاگاداری کردەوە، لەوکاتەدا تەنانەت گوێی لە چەپڵەڕێزان، ڕەشبەڵەکی ئەو کەسانە نەبوو کە هەردەم خۆشەویستی بوون، گوێی لە جوتیاران نەبوو کە گۆرانی بۆ دەگوتن، لەو کاتەدا پڕ بە گەرووی گریا و گریاو فرمێسکی ڕشت، بووە ڕووبار و لەو کاتەدا زێدەتر بوو لەمرۆڤ، لەو کاتەوساتەوەختانەدا خودای ئاسوودەیی هەموو مرۆڤایەتی بوو.

جولّەی چوارەم: لەشیعری فردریک شیلر:

ئەی هاوڕێیان، ئەی هەڤاڵان
ئەم دەنگانە ئەبەدی نین
با گۆرانی برایی بڵێینەوە – گۆرانی خۆشنوودی
دەبا نەمر بێت تۆ ئەی خۆشنوودی

Institut Kurde de Paris

ئەی خۆشنوودی ، ئەی کانیاوی رووناکی ئەبەدی
ئەی جگەرگۆشەی فیردەوس
ئێمە لە رووناکی دەپاڕێینەوە تا بگەینەلات
بۆ لای گیانی پیرۆزت
بەرووناکی دڵڕفێنی تۆ .. مرۆڤایەتی سەرفرازدەبێت
لەکۆتەکانی ...
لەوکاتەدا شابالّ دەگرێت
مرۆڤ هەمووی برای یەکە
تۆ ئەی جێگای شانازی
تۆ کە هاوڕێی بەوەفای خۆت هەیە
تۆ ئەوەی کە دڵی ئافرەتێکت راکێشاوە
لێبگەڕێ با نەمرت بکەین
ئەوەی دڵ ناوا
با لە ئەشکەوتی تاریکیدا بێت
بەتەنها ئاسوودەیی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە
هەموو کون و قوژبنێکی جیهان
هەتا دوایی ....
-

سەرچاوەکان :

١ـ نزعات انسانیه فی موسیقی بیتهوڤن (غانم الدباغ) بغداد- ١٩٧٩
٢ـ الموسیقی العالمیه ، د.طارق حسون فرید ، بغداد ١٩٨٩
٣ـ تاریخ الحیاه الموسیقیه ، مصطفی کامل الصراف (دار الیقضه العربیه ، للتالیف و النشر السوریه - دمشق)
٤ـ دعوه الی الموسیقی : یوسف السیس .

تێبینی/ ئەم بابەتە لەگۆڤاری شاکار، ژمارە ٢ ساڵی ١٩٩٩ بڵاوکراوەتەوە.

Institut kurde de Paris



پرۆشەی هەستی مرۆیی لە سەمفۆنیاکانی بیتهۆڤن دا

ئازاد صالح

دەبێ و دەبێ کامە نووسین – کام دەربڕین – کامە پەڕە موچی بوێر بتوانێت ڕۆبچێتە ناو قوواڵیی دەریای بێ بن و ناخی ئەو شەپۆلانەی کەشەپۆل دەدەن لە شەپۆلداو کەبارانن لەناوباراندا و کەکێڵگەن لەسەوزبووندا کە بوونن لەناو بووندا . کەهەمیشە پرسیارو گومان و ڕەخنەن لەسەرجەم دیاردەکانی بوون ، کەهەردەم دژن لەناو دژەکاندا کەلە بۆتەی نامۆبونی مرۆڤ چەندان زنجیر دەشکێنن و سنورەکان دەڕمێن و بەرەو ڕاستی ژیان هەنگاو دەنێن . ئەوە چ بێت کەنغرۆ ببێت لە قووڵایی دەریای داهێنانی بلیمەتێك لە داهێنەرانی مێژووی لێك دانەبڕاوی نەوەکانی مرۆڤایەتی . کەبەئاوێتە بوون لەگەڵ دیاردەکانی ژیان مێژوو یان بونیاد ناوەو لە ڕەوڕەوەی خۆی بەردەوامە .

هەبێ و نەبێ .... لە ئێمە نزیك تا دوور ..لەکەم تا زۆر – لە ڕەش تا سپی لەرەگەزی مێ یە تا نێر ... لە هەموو چین و توێژ و تەمەنەکان گەر تەنها بۆساتەوەختێکیش بووبێت گوێ ڕایەڵی پرشەو وورشەیی هەڵچون و داچونی پێشەکی و سۆناتە و سەمفۆنیەکانی کەڵەداهێنەر و بلیمەتێکی وەك (لودڤیگ ڤان بیتهۆڤن) نەبووبێت؟!! Ludwing Van Beathovenهێندەی جێگای تێڕامانە .. تا چ ڕادەیەك ئەم هونەرمەندە هەستی خۆی لە بۆتەی ژیان و ئازار و خەمەکانیدا چۆن ئاوێتەی کارە هونەرییەکانی کردووەو ڕەنگی داوەتەوە . ئەویش بەشی کردنەوەو ڕاڤەی هزرو خەیاڵ ....

پەیوەستبوونێکی واقعیانە بەدیالێکتێکی ژیان و دەوروبەر و سەردەم .

بیتهۆڤن کەلە ساڵی ۱۷۷۰ لە شاری (بۆن) لەکەنار ڕووباری ڕاین لەخانەوادەیەك کەلەبنەڕەتدا لە (ئەنتۆرب) ی بەلجیکی یەوە هاتبون لەدایك بووە .

باوکی گۆرانی بێژبوو لە کلێسای شاردا و پیاوێکی کەم تەرخەم بوو بێ هووده دەبڕوانی یە ژیان و کەسەر (مەی خواردن) خۆی ڕاهێنابوو .

پێناسەیەک بۆ ئابووری نێودەوڵەتی

ئەم زاراوەیە بریتیە لەکۆی پەیوەندییە دراوی و کاڵاییەکانی نێوان وڵاتانی جۆراوجۆر، هەروەها هەموو چالاکییەکی خزمەتگوزاری و دامەزراوەی کە وڵاتانی جیهان پێکەوە دەبەستێتەوە لە ئەنجامی دابەشکردنی جیاوازی هۆیەکانی بەرهەمهێنان لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە لە نێوانیاندا.

دەبێت ئەوەش لەیاد نەکەین کە لەڕووی پراکتیکەوە خۆی لە هاریکاری وڵاتان لەڕووی ئابووری و بازرگانییەوە بەرجەستە دەکات، یان بە شێوەیەکی تری بە دەوڵەتکردنی ئابووری، بەڵام لەڕووی تیۆرەوە راستییەکی ئاشکرا خۆی بەرجەستە دەکات ئەویش جیاوازی دابەشکردنی هۆکانی بەرهەمهێنانە لەنێوان وڵاتانی جۆراوجۆردا لە نەبوونی کەرەستەی سروشتی، ئەویش بە پێی جیاوازی ئاو و هەوا و پێکهاتەی جیۆلۆجی زەوی و پیت و فەڕی. هەروەها لەرووی جیاوازی دابەشکردنی سەرمایەوە لە هەندێ وڵاتان زۆرەو لە هەندێکیش دەگمەن، ئاشکرایە کە سەرمایە رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت بۆ وەگەڕخستنی کەرەستەی خاو و کرێی کار و بێ ئەویش پرۆسەی بەرهەمهێنان پەکی دەکەوێت و لەبار دەچێت.

ئەم بنەمایە رۆژ لەدوای رۆژ بە شێوەیەکی ئاسۆیی و ستوونی فراوانتر دەبێت لە سایەی پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژیاو هۆکانی هاتوچۆ و گەیاندنەوە، کە نوێترینیان سیستمی جیهانگیرییە کە کارێکی گەورە دەکاتە سەر ئابووری بە شێوەیەکی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ.

لێرەدا گرنگی ئابووری دەرەکی دەردەکەوێت بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی جیاوازی دابەشکردن لە هۆکانی بەرهەمهێناندا هەر لەم ڕێگایەوە وڵاتان دەتوانن ئەم ئامانجانە بهێننە دی:

١ـ وەدەستهێنانی کاڵای بەکاربردە کە هەندێ وڵات لەبەر نەبوونی باری لەباری هۆی سروشتی یان زەوی بەفەڕو پیت لە توانایدا نییە بەرهەمی بهێنێت، لەم ڕێگایەوە دەتوانێت پێویستییەکانی هاوڵاتیان دابین بکات.

٢ـ وە دەستهێنانی کاڵای بەرهەمهێن (سلع انتاجية) کە لەناوخۆدا بەرهەم نایەت

Institut kurde de Paris

لەبەر نەبوونی زانستیەکی پێشکەوتوو یان سەرمایەی لەبار، بەم شێوەیە هێنانی ئامێری بەرهەمهێن دەبێتە هۆی گەشەسەندنی ئابووری.

٣.هەر بە هۆی ئابووری نێودەوڵەتییەوە هەندێ وڵات دەتوانن کە سەرچاوەی دراو (مصادر العملة) لە دەرەوە بەدەست بهێنن کە هێزی کڕینی بۆ دەرەخسێت بۆ ئەوەی هاوردەکانی لە کاڵا پێ دابین بکات، هەروەها سوود وەرگرتن لە پسپۆڕانی زانستی و هونەری بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنان.

٤ـ هەر لەڕێگای ئابووری نێودەوڵەتییەوە کە بەرجەستە دەبێت بەهۆی ئاڵوگۆڕەوە هەندێ لەوڵاتان دەتوانن ئەو کاڵایانە بەرهەم بهێنن کە تێچوونیان کەمەو واز لە بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە کاڵایانە بهێنن کە تێچوونیان گرانە بەمەش دەتوانن ئەو جۆرە کاڵایانە لە وڵاتانی ترەوە بهێنن.

توخمەکانی ئابووری نێودەوڵەتی

بریتییە لە چەند توخمێکی سەرەکی لەوانە:

١.بازرگانی دەرەوە (لەناردن و دووبارەکردنەوەی ناردن دەگرێتەوە هەروەها هاوردەی کاڵای بەکاربردەو بەرهەمهێن)

٢ـ بازرگانی نەبێنراو: (غیر منظورة) کە بریتییە لە هەندێ خزمەتگوزاری بازرگانی یان بازرگانی کە ئەمانە دەگرێتەوە:

أ.گواستنەوە (کاڵا یان کەسان) بە ڕێگای خاکی یان هەوایی یان ئاوی لەم وڵات بۆ ئەوی تر.

ب ـ دابینکردنی دەرەکی (التامین الخارجی) .

ج ـ جێگیربوون لەدەرەوە بە شێوەی دیبلۆماسی یان رامیاری، سەربازی، ڕۆشنبیری یان بازرگانی.

د ـ کۆچکردنی هێزی کار و کڕینی مۆڵەتی زانستی و ڕاگەیاندن و پێشانگاکان لەدەرەوە.

هـ ـ بەکارهێنانی سنووری زەمینی و ئاوی و هەوایی هەندێ لەوڵاتان.

٣.پەپوەندی دارایی و بانکی نێوان وڵاتان کە جۆرەکانی سەرمایە خۆی تێدا دەنوێنێت.

Institut Kurde de Paris

جیاوازی نێوان ئابووری نێودەوڵەتی و ئابووری ناوخۆ

هێندەی ئاشکراو دیارە کە ئابووری نێودەوڵەتی و ناوخۆ دوو تۆخمی سەرەکین لە توخمەکانی ئاڵوگۆڕی کاری بەهەمهێناندا، لێرەدا هەردووکیان رۆڵی ئاڵوگۆڕکردن دەبینن ئەویش بەگۆڕینی کاڵا بەدراو، پاشان دراو بۆ کاڵا، واتە کاڵا – دراو – کاڵا، هەرچەندە هەندێ جیاوازییان هەیە چونکە بازرگانی دەرەوە بەشێکە لە سیستمی ئاڵوگۆڕی دەرەوە بۆ ئابووری نیشتمانی بۆیە لەسەر رۆشنایی ئەم جیاوازییە دەتوانین ئەم خاڵانە دیاری بکەین:

١ـ گواستنەوەی هۆکاری بەرهەمهێنان لە ئابووری ناوخۆ بە شێوەیەکی ئاسان، چونکە جیاوازی نێوان کرێی کار لەسنوری یەک وڵاتدا بە ئاسانی دەگوازرێتەوە بۆ ئەو جێگایەی کە کرێی کار لەبارترە یان جوڵەی سەرمایە بە ئاسانی هاتوچۆ دەکات، لەبەر ئەوە لەهەمان وڵاتدا یەک جۆر دراو بەکاردێت، بەڵام لەنێو وڵاتان ئەم هاتوچۆیە ئاسان نییە، ئەویش بەهۆی سنووری جوگرافی و جیاوازی بەکارهێنانی جۆری دراو.

٢ـ جیاوازی دراوی نیشتمانی نێوان وڵاتان لەبەر ئەوەی هەر وڵاتە جۆرە یاسایەکی هەیە بۆ دەرکردنی دراو و بەهای هەر دراوێک چونکە لەهەر پرۆسەی هێنان و ناردنێکدا دوو جۆر دراو بەکاردێت، دراوی وڵاتی هێنەر + دراوی وڵاتی نێردەر، ئەمەش پێویستی بە گۆڕینەوەی دراوەکان هەیە

٣ـ جیاوازی سنووری جوگرافی و رامیاری کە بازرگانی ناوخۆ لەسنووری جوگرافی یەک وڵاتدایە، بەڵام بازرگانی دەرەوە لەنێوان چەند وڵاتێکدایە، چونکە هەر بەهۆی بازرگانی دەرەکییەوە دەتوانین بازاڕی نیشتمانی و بازاڕی نێودەوڵەتی گرێ بدەین. لێرەدا بازرگانی دەرەکی رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت کە تا چ رادەیەک ئابووری نیشتمانی دەتوانێت لەگەڵ گەشەی ئابووری دەوڵەتاندا خۆی بگونجێنێت.

٤ـ بوونی پێناسەی گومرگی (التعریفە الجمرکیە)و جیاوازی سنووڕەکان کە دەبێتە هۆی بەرجەستەبوونی سیاسەتێکی گومرگی بۆ بازرگانانی دەرەکی، ئەو کات سنووری دەسەڵاتی جوگرافی چەند ناوچەیەکی گومرگی دەسەپێنێت کە لەگەڵ سنووری جوگرافیا هاوتانین.

Institut Kurde de Paris

٥. توانای کەڵەکەبوونی سەرمایە لە پێگای بازرگانی دەرەکییەوە کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا جیاوازییەکی سەرەکییە لەنێوان بازرگانی دەرەکی و ناوەکیدا، چونکە بازرگانی دەرەکی نێوان چەند ووڵاتێکە کە لەڕووی بەرهەمهێنانەوە جیاوازن و لەپرۆسەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیدا (یاسای بەها)کاریگەری دەخاتە سەر نرخەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆیە دەبێتە فاکتەرێک بۆ دابەشبوونەوەی سامانی نیشتمانی نێوان ئەم ووڵات بۆ ئەو ووڵات لەکاتێکدا کە بازرگانی ناوەکی نابێتە هۆیەک بۆ وەدی هێنانی کەڵەکەبوون (تراکمات).

هۆکاری ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێودەوڵەتی

١. هەندێ لە ووڵاتان بەهۆی هۆکاری سروشتی یان جێوڵۆجی یان تەکنەلۆژی ناتوانن چەند بەرهەمێک بەدەست بهێنن، بۆیە پەنا دەبەنەبەر بازرگانی نێودەوڵەت، بۆ نمونە جیاوازی باری سروشتی دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەسەر ئاستی بەروبوومی کشتوکاڵی، بەڵام جیاوازی جێوڵۆجی دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕکردنی کانزایی وەک (نەوت، ئاسن، بەردی مەرمەڕ) هەروەها جیاوازی رادەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕکردنیبەرهەمە پیشەسازییەکان، کە هەندێ لەووڵاتان ناتوانن بەرهەمی بهێنن لەبەر نزمی ئاستی پێشکەوتنی زانستی.

٢. هەندێ بەرهەمی نیشتمانی ناتوانێت خواستی دانیشتووان لەسەر جۆرەکانی کاڵایەکی دیاریکراو بهێنێتەدی و تێری بکات، بۆیە ئەو ووڵاتە ناچار دەبێت کە پەنا بباتەبەر هێنانی ئەو جۆرە کاڵایە لەدەرەوە.

٣. جاری واش هەیە جیاوازی نرخی تێچوون کە کاڵایەک لەناوخۆدا بەرهەم بهێنرێت زیاتر بێت لەوەی کە لەدەرەوە بهێنرێت کە چاکتر وایە هێزەکانی بەرهەمهێنان ئاڕاستەی پیشەسازییەکی دی بکات، کە بتوانێت بە نرخێکی گونجاوتر بیهێنێتە بەرهەم.

٤. هەندێ بەرهەم و کۆمپانیا ناوبانگی جیهانی تایبەتی خۆی هەیە کە وادەکات هەندێ کاڵا لەدەرەوە بهێنرێت وەک ئەوەی ئەڵمانیا کاتژمێری سویدی لە دەوڵەتە ئەسکەندەنافیەکانەوە بهێنێت لەوەی خۆی بەرهەمی بهێنێت، هەرچەندە لەتواناشیدا هەبێت.

Institut Kurde de Paris

٥ـ هۆی رامیاریش یەکێکە لەو هۆیانەی کە پەیوەندی نێوان وڵاتان بەتین دەکات یان بە پێچەوانەوە گرژی دەکات، کە دەبێتە هۆی بەتین بوونی پەیوەندی بازرگانی یان بە پێچەوانەوە.

کاریگەریێتی بازرگانی دەرەوە

ئاشکرایە کە بازرگانی دەرەوە کاریگەری خۆی هەیە لەسەر رادەی نرخ ئەویش لەڕێگای نەهێشتنی دوو نرخی جیاواز بۆ یەک کاڵا چونکە هۆی جیاوازی نرخ بۆیەک کاڵا لەدوو وڵاتدا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی یان نەبوونی هۆیەکانی بەرهەمهێنان، ئەو وڵاتەی کە هۆیەکانی بەرهەمهێنانی بە ئاسانی وە دەستدێت، نرخی شت و مەک تیایدا گونجاوە، بە پێچەوانەوە راستە، ئەمەش پێش ئاڵوگۆڕی بازرگانی، بەڵام ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەردوو وڵات دەبنە یەک بازاڕ.

کاریگەریێتی بازرگانی دەرەکی لەسەر بەرهەمهێنان و بەکاربردن

بەهۆی بازرگانی دەرەوە ئەو وڵاتەی کەم بەرهەمە جۆرە کاڵایەکی تێدا زۆرە، ئەگەر بێت و وڵاتێکی دی دروستی بکات بەهاوردنی هەمان کاڵا هەرچەندە بەرهەمەکەش زیاتر بێت کار ناکاتە سەر بەکاربردنی لە هەمان وڵاتدا، چونکە ئەو بەرهەمە زیادەی کە بەرهەمی دەهێنێت وڵاتێکی دی پێویستییەکانی پێ پڕ دەکاتەوە کە ئەو جۆرە کاڵایەی تێدا نییە.

کاریگەریێتی بازرگانی دەرەوە لەسەر نرخی هۆیەکانی بەرهەمهێنان

لەکاتی بە ئەنجام گەیاندنی بازرگانی دەرەوەدا نرخی هۆیەکانی بەرهەمهێنان لەنێوان دوو ناوچەدا وەک یەکی لێدێت بۆیە ئەم بازرگانییە دەبێتە هۆی کەمبوونەی ئەو جیاوازییە، بۆ نمونە ئەگەر وڵاتێک کارو سەرمایەی گونجاو بێت، زەوی گونجاو نەبێت بۆ کشتوکاڵ، وڵاتێکی دی زەوی بە پیتی هەبێت بەڵام کارسەرمایەی نەبێت ئەم دوو وڵاتەش بێ بازرگانی دەرەکی بمێنێنەوە ئەوا لەیەکەمیاندا کارو سەرمایەی زۆر و بێ زەوی کشتوکاڵی، دووەمیشیان زەوییەکی زۆر بەڵام بێ کار و سەرمایە، بەڵام بەهۆی بازرگانی دەرەوە نرخی هۆیەکانی بەرهەمهێنان بەرەو یەکسان دەچن.

Institut Kurde de Paris

کاریگەریتی لەسەر خواست بۆ کالاّ

لەکاتی ئالّوگۆڕی بازرگانیدا پانتایی بەکاربردن فراوان دەبێت بەهۆی باری ئاو و هەوا یان جیۆلۆجی یان تەکنەلۆژی هەندێ ولّات ناتوانێت ئەو کالاّیە بەرهەم بهێنێت و هاولّاتیان بەکاری بهێنن بۆیە پەنادەباتە بەر بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە کالاّیانەو پاشانیش برەوپێدان لەئاستی بەکاربردندا بۆیە گەر بازرگانی دەرەکی نەبوایە لەوانەیە هەندێ ولّات لە زۆر کالاّ بێبەش دەبوون.

کاریگەریتی لەسەر داهاتی نەتەوەیی

هەر بەهۆی زۆربوونی رادەی نارددنی کالاّوە ولّاتان دراو وە دەست دێنن ئەویش دەبێتە هۆی پتەوبوونی داهاتی نەتەوەیی و پاشانیش دابەشبوونەوەی بەسەر تاکەکانی کۆمەلّدا وەک چاکبوونی باری گوزەران.

تێبینی:

١-بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:

الاقتصاد الدولی – الدکتور أمین رشید کنونە ١٩٨٠

٢ــ ئــەم بابەتــە لــە رۆژنامــەی کوردســتانی نــوێ ژمــارە ٢١١٢ لــە رۆژی چوارشەمە لە ٢٠٠٠/٤/٥ بلاّو کراوەتەوە.



پێناسەیەك بۆ ئابووری نێودەوڵەتی

نازاد ساڵح

Document kurde de Paris

زانستی جواننناسی واتە ئیستاتیکا، کە بەشێکە لە لقەکانی فەلسەفە، کرۆکی دەربرینی جوانییەکانە لەئەدەب و هونەردا (Aesthetics) لەیۆنانی کۆنەوە وەرگیراوە، پەیوەندیدارە بە - شت-ەوە یان رۆچوونە ناو شتەکانەوە کە دەچنە ناخ و هەستی مرۆڤەکانەوە. لەفەرهەنگ و زانیارییە فەلسەفییەکاندا واتای هەستکردن بەجوانی و چێژوەرگرتن و توانای جیاکردنەوەی رەش لەسپی و ناشرین لە جوان، ئەمەش خۆی بۆ خۆی وردبوونەوەیە لەناوکی نەبینراوی شتەکان - هەڵسەنگاندنیان، رەخنەگرتن و خوێندنەوەیان بۆ چەندین جاری دی.

ئێمەش لێرەدا موزیک دەخەینە ژێر پرسیارەوە بزانین چەندە جوانە - پڕ بارمان دەکات لە چێژو ئاھ و حەسرەتمان پێهەڵدەڕێژن، بۆ ئەمەش دەبێت قوڵ بینەوەو خۆمان رۆشنبیر بکەین، دەبێت بزانین بنەماو ناوەڕۆکی چییە؟پێکهاتەی بونیادی ئەمانەش خۆی لە زاراوە شاراوەکان ئاشنامان دەکات، شیکردنەوەی پوختتر بە ئەنجام بگەیەنین، ئەویش بە ئەقڵانیکردنی هۆشمەندییە بۆ خوێندنەوەی دیاردەکان ئەمەش بەرەو کەنارەکانی پەیبردن بەجوانییەکانی موزیکمان دەبات، بۆ ئەوەی رەخنەگری موزیکناس شیکاری خۆی، بۆچوونەکانی چڕبکاتەوە دەبێت بنەما و سەرەتاو هێماکانی شارەزا بێت، جگە لەمانەش هەست و ناخ و پەروەردەیی و رۆشنبیری تێگەیشتن لەژیان بەگشتی بخاتە تەرازووی گیانەوە ئەو ساتانە دادوەرێکی بە ئەمەک بێت، ئەو ساتانە نەغمەی دەنگ و رەنگ دێتە جۆش و خورپەو دڵەڕاوکێ سەقامگیر دەبێت و خۆی لە بۆتەی جوانییەکاندا دەبینێتەوە، کاری نەزۆک دەبێتە گڤەی باو گوزەر دەکات ، جوانیەکانیش تا مێژووی مرۆڤایەتی ماوە نەمر دەبێت، ئەدی کارەکانی بتهۆڤن، موزارت، فاگنر، چایکۆفسکی، نەمر نین؟ ئەی کارەکانی سەید دەرویش و ئوم کەلسوم لەمیسر، بەیت و بالۆرەو حەیران و لاوک و سیاچەمانەی لەمەڕ خۆمان؟ ئەدی کوانێ ئەوانەی کە بڵقی سەر ئاو بوون؟

بۆئەوەی ئەم زانیاریە پڕ هەگبەمان هەبێت ئەبێت چی بکەین؟ ئەدی موزیک ئەو ساتانە کارێکی سەخت و دژوار نییە؟ بەهەموو کەس هەرس دەکرێت؟ چونکە موزیک خولیایەکەی بۆماوەییەو پڕ ئەندێشەیە. لەدیاردەکانی سروشت دژوارترو

Institut Kurde de Paris

پڕ هێماترو ماناداڕترە، چونکە زمانێکی دەربڕینە نەک ڕەنگدانەوەی دیاردەیەک، چونکە موزیک وێناکردن نییەلەبۆتەی سروشتدا، وەک وێنە و نواندن نییە، لەناو کەسایەتیە کۆمەڵایەتیە سروشتیەکاندا، هەڵگۆڵینی کەسایەتیە ناسراو و ناودار و بلیمەتەکان نییە وەک پەیکەرتاشین، بەڵکو دەریایەکە لەدەربڕین، سۆزێکە پڕ عەشق، ئای لەو کەسەی چەند بلیمەتە کە سۆزو عەشق ئاوێتەی شێوازێکی جوانی دەربڕین دەکات و کێڵگەی ژیانی پێ ئاو دەدات، هەر هونەرێک بۆ خۆی یاسا و ڕێسایەکی دیاری کراوی هەیە کەلەسەر ئەو بنەمایە خۆی بونیاد دەنێت و کەسایەتی خۆی دیاری دەکات، بۆ مرۆڤیش هەیە ئەو زاراوانە شی بکاتەوە و چیژیان لێوەربگرێت و شیکاری هێماکانی بکات و واتاکانی ڕاڤە بکات و جوانتر ژیانی پێبخوێنێتەوە چونکە لەکۆتاییدا کاریگەرییەکە هەر لەسەر مرۆڤەو مرۆڤ.

موزیک خۆی بۆ خۆی لەناوک و کرۆکیدا چەندین مانای لەخۆیدا حەشارداوە ڕەزمەکانی وپەیژەکانی و هارمۆنییەکانی و شێوازەکانی دەربڕین، بچوکترین خاڵ و هێما مانایەک، دەستەواژەیەک دەگەیەنێت، مەگەر هەر موزیکناسەکان پەی پێبەرن و لەوردەکارییەکانی و پەرشبوونی وێنەکانی بگەن، کە لەگیانی ئەو بوونەوەرە سیحراوییەدا خۆی بەرجەستە کردووە وەک شیعر ڕۆژانە دادەچۆڕێت، لەکاتێکدا کە ئامانج نادیارە و بەرهەمهێنانی واتاکانی لە کەسانی ئاسایی بەدوورەو سروشتی دەربڕینی بێکۆتاییە. لێرەدا دوو دەستەواژە خۆی دێنێتە ئاراوە، داهێنان + ڕەخنەگرتن، تیۆری سەرەکی لەناخی هونەرمەندا هەموو یاساکان دادەڕمێنێت بۆ پرۆسەی داهێنان، دوای ئەویش کاری ڕەخنەگر دێتە ئاراوە و کاری ڕەخنەگرتن بە ئەنجام دەگەیەنێت. هونەر خۆی بەردەوام هەڵسەنگاندنی زانستیانە ئەنجام دەدات، زانستیش بۆ خۆی شیکارەکانی خۆی بۆ خوێندنەوەی کارە هونەرییەکان بەرجەستە دەکات، موزیک هەرگیز کۆت ناکرێت، تیۆری نەگۆڕ نییە بەڕێوەی بەرێت، چونکە داهێنان لە ئاوێکی وەستاودا ناکرێت، بەڵکو گۆڕان و جوڵە دوو دەستەواژەی خوازراون لەلایەن کارە موزیکییەکانەوە، هەر لە هەمان ساتدا دەربڕینێکە کە هونەرمەند چی مەڵاس داوە لەهەست و نەست و خوێندنەوەو بیرکردنەوەو بواری کۆمەڵایەتی و پەروەردەبوونەوە بەشێوازی نوێ و جیاجیا پەی پێدەبات و ئەنجامی دەدات ئەویش پرسیار کردن لەخۆی و دەوروبەر هەروەک هەموو هونەرەکانی دی موزیک پاپەندە بەجووتبوونی نێوان

Institut Kurde de Paris

هۆشمەندی و نەست لەکاتێکدا هۆشمەندی پێمان دەڵێت موزیک هەردەم لەجوڵەو گۆڕاندایە، نەستیش ئاگادارمان دەکاتەوە کە گەنجینەی نەستمان بۆ ماوەییەو بۆیە پێناسەیەکی ورد و پوخت بۆ جوانکاری نایەتە گۆڕێ و ڕاڤە ناکرێت هەروەک مردن – ژیان – چاک – پیرۆز ، ئەو ساتانەی لەتەک جوانکاری ئاوێزان دەبین لەئەدەب یان لەهونەر یان سروشت ، هەست بە نەشئەو گەشە دەکەین چونکە سۆزێکی فراوان و بەرینمان پێ دەبەخشێت، بۆیە ئاوێزان بوونی بەردەوام لەگەڵ جوانییەکاندا خەیاڵ بەرین دەکات و والای دەکات بۆ بزوت و داهێنان، سێ بواری سەرەکی هەیە بۆ هەست بەجوانکاری لە موزیکدا:

١-وەرگرتن بەپێی شێوازە موزیکییەکان

٢-وەرگرتن بەپێی خەیاڵ و بەرهەمهێنانەوە

٣ـ وەرگرتن بەهۆی سۆزەوە. واتە وەرگرتن لە شێواز و خەیاڵی والا و هەڵچوونی سۆز.

ئەم سێ بوارەش بەهۆی عەقڵەوە ڕاڤە دەکرێت و دەگەینە کەنارەکانی چێژ وەرگرتن، کاتێک مرۆڤ گوێ بۆ ڕستە موزیکییەکان شلدەکات و ئاوێزانی دەبێت، لەڕێگای هەستەوە ڕاستەوخۆ وەریدەگرێت و هەستیش دەهەژێنێت و گەشەی پێ دەدات، لەم ساتانە هەست بەرەزمەکانی دەکەین چونکە ڕەزم لەبوونی خودی مرۆڤدا بەرجەستەیە بۆیە لەناخدا تێکەڵ بەرستەو ڕەزمەکان و هێڵی ئاوازەکان و پێکهاتەی هارمۆنی و پەیژەکان دەبین و هەموو کارە موزیکەکە لامان بەرهەمدێت لەعەقڵ و خەیاڵدا خۆی دەسەپێنێت بۆیە ئەو ساتانە دەگەینە لوتکەی چێژ وەرگرتن . هندرسۆن دەڵێت (ئەو یاسا و ڕێسایانەی پەیوەندی نێوان جوانکاری موزیک و هەستی مرۆڤ ڕێکدەخات و ڕاڤەی دەکات لایەنێکیان دەگەڕێتەوە بۆ بیرو هۆشمەندی و لایەنەکەی دیش بۆ سۆز و عاتیفە)هەستەکانیش هەمیشەو هەمیشە یاریدەدەری بیرو عاتیفەن واتە هەستەکان هۆن نەک ئەنجام، ئەو هەستانەی ڕستە موزیکیان وەردەگرن پاپەندی وەرگرتنن ئەویش لەخزمەت بیروسۆزدایە، مرۆڤ ئەو ساتانە ڕەخنە دەگرێت کە بەم شێوازە سەیری کارەکان دەکات، واتە کام شێواز و بۆتەی هەیە، پەیکەری گشتی کارەکە – ئاوازەکە – بونیادی ناوەکی کارەکەو – توانای بلیمەتی دانەر – لەهەمانکاتدا گرێدانی ئەم پێکهاتانە پێکەوە و بەرجەستەبوونی لە شاکارێکی تۆکمەو بەرابەری نێوان

Institut Kurde de Paris

شێوەو ناوەڕۆک و خەیاڵ .. هەردەم خولیایەکە لەدنیای جوانکاری موزیکدا چونکە هێزێکی لەبن نەهاتووی بنیاتنەرە بۆ بیری مرۆڤایەتی، هانزلیک لەم بارەیەوە دەڵێت (هونەر پەلهاویشتنی داهێنەرانەیە بۆ جوانی نا بۆ هەستەکان، بەڵکو بۆ بوونمان وەک مرۆڤ، ئەویش فراوانبوون و والابوونی خەیاڵمانە)

بۆ ئەمەش دەڵێین خەیاڵی دانەر، خەیاڵی گوێگر پەلدەگرێت بۆ دنیای خۆی، دوای ئەم بگرەو بەردەیە دەربارەی جوانکاری موزیک، نێوان موزیکناس و فەیلەسوف و دەروونناس دەڵێت (موزیک زمانێکە بێمانایەکی دیاریکراو، هێمایەکە لە هێماکان، هێزێکی وێناکردنی عەقڵ و هۆشیاریيە، ئەگەر وایە ئەی نەوەکانی داهاتوو پەی بەکام راقەو لێکۆڵینەوەو بۆچوون بەرن؟ ئەوەی سروشتییە موزیک کاریگەرە لەسەر سۆز، گوێگریش هەردەم نکولی بەم کاریگەرییە ناکات، گرنگ ئەوەیە پەیوەندی هەیەو بوونی دیارە راستەوخۆ بێت یان لە خەیاڵ ئەمەش کاردانەوەی دروستدەکات. گوێگر! بەچەندین شێوە موزیک لای کاریگەرە لەم ڕێگایەوە دەتوانێت رەخنە لەژەنەر بگرێت چەند گەرم و گوڕە – هەستی شاعیری تێدایە – چەندە بەسۆزە– خەیاڵ فراوانە – چەند گیانی ئاوێتەی موزیک دەبێت. دەربڕینیش لەم بوارانەدا دەگیرسێتەوەو وەرگێڕانێکە بۆ بیروبۆچوونی دانەرەکە لەم بارەیەوە جون دیوی دەڵێت: (بیری مرۆڤ هێدی هێدی بەرجەستە دەبێت و لەگەڵ وەرگرەکاندا ئاوێزان دەبێت و هەردەم زانیاری فراوانتر دەبێت لەو کاتانەش هەست و هۆشیاری گەشەدەکات و گۆڕانکاری بەسەردا دێت و لەجوڵەیەکی بەردەوامدا لەگەڵ ژیاندا مامەڵە دەکات) زانیاری و پەرەپێدانی و خۆفێرکردن و بوونە خوێندکار لەهەر تەمەنێک کۆن بە نوێ پەیوەست دەکات و لێکیان دەئاڵێنێت و لەم ئاوێتە بوونەدا هۆشیاری و بیر نەشونما دەکەن و دیسانەوەو دووبارە وێنا دەبنەوەو لەگەڵ یەکدی رادێن بۆ ئەوەی مرۆڤ بە ژیان پەیوەست بێت و گۆڕان هەردەم بەردەوام بێت ژیان بۆ خۆی لە ململانێی نەوەکاندا بەرجەستە بکات ئەویش پێکگەیشتنە لەنێوان عەقڵ و گەردوون، ئەم پێکگەیشتنەش خۆی بۆ خۆی خەیاڵێکی فراوانە کە دەرەنجامی پێویستیە رۆحییەکانە – ئایدیای ئارەزووەکان – خەونەکان، ئەمەش هەر هەمووی تێکدانی هەست و نەستە، هەست بەژیان لەگەڵ واقیع، ئەمیش گەڕانەوە بۆ یادگاری و تاقیکردنەوەکان و دیسانەوە بەرهەمهێنانەوەی جوانتر و جوانتر.

Institut Kurde de Paris

سەرچاوە: جمالیات الابداع الموسیقی – جیزیل برولیە – ترجمە/ فواد کامل

تێبینی/ ئەم بابەتە لەپاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ ژمارە ٣١٩٨ رۆژی پێنج شەمە لە ١٦-١٠-٢٠٠٣ بڵاوکراوەتەوە.

هەست بەجوانکاریی لەموزیکدا

نازاد سالح/ شنۆی

زانستی جوانناسی وانە نیستانیکا کە شێکە لەلقەکانی فەلسەفە کۆزکی دەبرینتی وانیەکانە لەندەبیو هونەرەوا. ڕشتەکەش Aesthetics) لەیونانی کۆنەوە وەرگیراوە بەمانەدیدارە بەشت-وە یان ڕۆچوونە ڕشتەکانەوە کە دەچنە ناخی هەستی ڕۆفەکانەوە. لەخەرهەنگرد زانیاریبە فەلسەفیەکاندا واتای هەستکردن بەجوانیو بڕیارگرتن دا توانای جیاکردنەوەی ڕەش-سپی- ناشرین لەجوان- لەمەش خۆی بۆخۆی دەبوونەوەیە لەناوکی نەمیراتی شتەکان- لەمکانەدیان- ڕەخنەگرتن دا خوێندەویان بۆ مەندین جاری دی. لێمەش لێرەدا موزیک دەخەینە ژێر پرسیارەوە بزانین چەند جوانە- پەرەی ئارمان دەکات لەچێژ- ئاهەر حەسرەتان دا پەیدابووە. بۆ لەمەش دەینێت قەوڵ بینەوە کە ئەو ڕستنیە لەزمان ڕۆشنیو بکەین دەینت بزانین بەمەبەستی چیە؟ پێکهاتەی بنیادی لەمانەش ئەوی لەنزاوە شارەزەکان ئاشنامان دەکات. بێگومانەوی پوختر بڵێدەبم بگەیدێنێ- ئەوش هەندەقلانیکردنی هۆشمەندیە بۆ خوێندنەوەی بابەردەکان لەمەش بەردو کەنارەکانی پەیدەن بەجوانیەکانی موزیکمان دەسات. بۆئەوەی ڕەخنەگری موزیک ئاس شیکاری خۆی- ڕوچوونەکانی چڕبکاتەوە- دەبێت بەماوەتار- هێمانکاسانی شارەزا بێنت- بگەلامانەش هەست- ناخ- پەردەدیەر ڕۆشنبیری تێگەیشتن لەژیان بگشتی هاتەمارووی گیانیەوە- ئەوساتانە داوەرێکی بڵێمەك بێت. ئەوساتانە نەغمەی دڵنگر ڕەنگ دێتە جۆش خوڕیو دڵەڕاوکێ سڕەقاگیر دەبێتو خۆی لەبزنێو جوانیەکانا دەبینێتەوە. کاری نەزانك دەبێتە گڤی بەار گوزار دەکات- جوانیەکانیش تەماشەزەری مرۆڤایەتی مەارەدەبن. ئەوی کارەکانی بتەوژن- مەوزارت- ڤاگنر- چایکۆڤسکی نەمرێن! ئەی کارەکانی سەبید دەڕیژن! ئوم کەلسوم لەمیسر- بەتهۆڤن لەئوزەو حەیرانو لاوانز سیاچمانەی لەمەو خۆمان! ئەوی کوانن ئەوانەی کەمڵێی سەرنان بوون..؟

بۆئەوەی ئەم زانیاریە پڕەنگیەمان هەبێت دەبێت چ بکەین؟ ئەوی موزیک ئەوساتانە کارێکی سەختر دەژار نییە! بەهەمو کەس هەروەک دەکرێت؟ چونکە موزیک خولیایەکی بزماوەیەو پڕەندنشەیە. لەدیاردەکانی سەرشت دەژارتەرو پڕهێماتر ماناداترن چونکە زمانێکی دەبرینە نەك ڕەنگدانەوەی دیاردەیەك. چونکە موزیک ڕێناگردن نییە لەمۆتەکەو سەرشتنا.. وەك ڕێتە- نواندن نییە لەناو کەسایەتیە کۆمەڵایەتیە سەرشتیەکاندا. هەڵگۆڵینی کەسایەتیە ناسراوو نادار بلیمەتەکان نییە وەك پەیکەتراشین- بەڵکو دەڕبەکە لەدەبرین سۆزکە پڕ عەشق ئای لەو کەسانی چەقی بلیمەتە کە سۆزی عەشق ئارتێستی شێوازگی جوانی دەبڕینن دەکات، کێڵگەی ژیانی پێناوەدات. هەر هونەرێك بۆخۆی باساو ڕستەیەکی دیاریکراوی هەیە کەلەسەر ئەو بنەمایانە خۆی بونیادە دەبێتو کەسایەتی خۆی دیاردەکات. بۆ مرۆڤیش هەیە ئەو ڕاڕانانە شیکاتەوو چێژبان لێبڕوگرێت- شیکاری هێماکانی بکات، واتاکانی ڕاڤەبکات، جوانتر ژیانی پێبخوێنێتەوە. چونکە لەگەڵ ئەمانەدا کاریگەریەکە هەر لەسەر مرۆڤەو مرۆڤ..

موزیك خۆی بۆخۆی لەخۆاندو کۆزکیدا چەندین مانای لەخۆیدا هەڵدەگرێت و ڕەزمەکانی و پەیژەکانی- هارمۆنیەکانی- شێوازەکانی دەبڕین- بچوکترین خاڵەو هێندە مانایەکان دەستەواژەیەك دەگەیەنێت. مەگەر هەر موزیك ناسەکان پەیبەبرن لەبەردەکاریەکانی و پەڕشووتی ڕێنەکانی بگەن کەلەگیانی ئەو بوونەوەدا سەیراوبدا خۆی بەرجەستەکردەوە وەك شیعر ڕۆژانە دادەچڕێنت. لەکاتێکدا کەماناتج ناداوەدا بەرهەمهێنانی واتاکانی لەکەسانی ناسایی بەدوورەوە سروشتی دەبڕینی ئارەوە- ڕاهێنان و ڕەخنەگرتن- تیۆری سەوتی لەناخی هونەرمەندا هەمووە یاساکان دادەڕێژێنت بۆ پرۆسەی ڕاهێنان- دواجا ئەویش کاری ڕەخنەگر دێتە ئاراوەو کاری ڕەخسوێگرتن بەئەنجام دەگەیەنێت. هونەر خۆی بەردەوام هەڵسەنگاندنی زانستیانە ئەنجام دەدات زانستیش بۆخۆی شیکارەکانی خۆی بەرخوێندنەوەی کەرەهونەرەیەکانی بەرجەستە دەکات. موزیك هەرگیز کۆتا ناکرێت- تیۆری نەگۆڕ نییە بەڕێوەی بەرێت چونکە ڕاهێنان لەئارێکی ڕەستاوەدا ناکرێت. بەڵکو گۆڕانی جوولە دوو دەستەواژەی خوازراوی لەلایەن کەرەموزیکەکانەوە. هەرلەبەمان ساتەدا دەبڕینێکە گەهونەرمەند چیی- هەڵاس دراوە لەهەستەر دەستەر خوێندنەوەو بێگومانەوە بەرگرتنەوو بەرواری کۆمەڵایەتی و پەروەردەیووە. بەشێوازی نوێو جیاجیا پەی پێدەبات و لەنجامی دەدات ئەویش پرسیارکردن لەخۆی و دووبارە. هەروەك هەموو هونەرەکانی دی موزیك پابەندە بەجوودە بوونی نیزان هۆشمەندی و نەست. لەکاتێکدا هۆشمەندی بێمان دەڵێت موزیك هەروەك لەجوولەو گۆرانابە نەستیش ئاگادارمان دەکاتەوە کەگەهێنەی نەستان بۆمارەیەو بۆیە پێتاسەیەکی وردو پوخت بۆ جوانکاری ئایتە گۆڕوو ڕاڤەناکرێت هەروەك مەردن- ژیان- چاڵ- پیرۆز. ئەوساتانەی لەتەك جوانکاری ئارێزان دەبن لەندەدب یان هونەر یان سروشت هەست پەندەشنەو گەشەدەکەین چونکە موزیکی فەراوازو بەرنیمان پێندەبەخشێت. بۆیە ئارێزانبوونی بەردەوام لەگەڵ جوانیەکاندا خیاڵ بەرین دەکات و ڕاڤی دەکات بۆبزووتن داهێنان. سێ بواری سەرەکی هەیە بۆ هەست بەجوانکاری لەموزیکدا.

١- وەرگرتن یەعنی شێوازە موزیکیەکان.

٢- وەرگرتن یەعنی خیاڵ بەرهەمهێنانەوە.

٣- وەرگرتن بەخۆی سۆزەوە. واتە وەرگرتن لەشێوازو خیاڵی و ڕاڤەکردنی سۆز- ئەم سێ بوارەش بەهۆی عەقڵەوە ڕاڤە دەکرێتەوە دەگەینە کەنارەکانی چێژوەرگرتن. کاتێك مرۆڤ گوێ بۆ ڕستە موزیکیەکان شڵەدەکات و ئارێزانی دەبێت. لەرێگای هەستەوە ڕاستەوخۆ وەردەگرێت و هەستیش دەهەژێت و گیانی پێندەدات لەم ساتانە هەست بەوزەکانی دەکەین چونکە ڕەزم لەبونی خودی مرۆڤدا بەرجەستەیە بۆیە لەساتەدا تێکەڵ بەڕستە ڕەزمەکانو هێنلی ئارازەکان- پێکهاتەی هارمۆنی و پەیژەکان دەبینو هەموو کارەکە لاسان بەرهەم دێنت لەسەقڵ خەیاڵدا خۆی دەبینێتێت بۆیە لەو ساتانە دەگەینە لوتکەی چێژوەرگرتن. هندرسۆن دەڵێت ئەو یاساو ڕێسایانەی پەیوەندی نێوان جوانکاری موزیك و هەستی مرۆڤ ڕێکدەخاتو ڕاڤەی دەکات لایەنێکیان دەگەڕێنەوە بۆ بیرو هۆشمەندی- لایەنەکەی دیکەش بۆ سۆزو عاتیفە) هەستکانیش هەمیشەو هەمیشە پارید دەڕی بیرو عاتیفەن و ئەو هەستکانی هۆن ئەنا ئەنجام.

لەو هەستانەی ڕستە موزیکیەکان وەردەگرن پابەندی وەرگرتن ئەبێتر. لەخزمەت بیرو سۆزدایە- مرۆڤ ئەوساتانە ڕەخنە دەگرێت کەبەم شێوازە سەیری کارەکان دەکات، ئاتە کام شێوازو یژانی هەیە- پەیکەری گشتی کارەکە- ئارازەکە- یونیادی ئارەگی کارەکەو- ئرانبار بلیمەتی دانەو- لەهەمانکاتدا گرێدانی ئەم ئاوەزانەو خیاڵ... هەروەها خولیایەکی لەدنیای جوانکاری موزیکدا چونکە هێزێکی لەمین ئەهاتوری بنیاتنەرە بۆ بەیی مرۆڤایەتی- هاتڵیك لەم بارەیەو دەڵێت (هونەر پەلهاوێشتنی داهێنەرانەیە بۆ جوانی ئا بۆ هەستەکان- بەڵکو بۆ بوونەوان وەك هەروك ئەوش فراوانبوونو وڵاوبونی خیاڵمانە).

بۆئەمەش دەڵێین خیاڵی دانەر خەیاڵی گوێگر پاڵدەگرێت بۆ دنیای خۆی- دوای ئەم بگەوو بەردەبە دەبارەی جوانکاری موزیك نیشان موزیکناس ئەیلسۆف- دەبوونناس دەڵێت (موزیك زمانێکە بێمانایەکی دیاریکراو هێمایەکە لەهێماکان هێزێکی وزناگردنی عەقڵو هۆشیاریە؛ ئەگەر ڕابە ئەی نەوەکانی داهاتوو پەی بەکار ڕاڤەر لێکۆڵینەوەو بۆچوون بەون؟ ئەوی سروشتیە موزیك کاریگەر لەسەر سۆز گوێگریش هەردەم ئەکوڵی لەم کاریگەریە ناکات. گرنگ ئەوەیە پەیوەندیی هەیەو بوونی دیارە ڕاستەوخۆ بێنت یان لەخەیاڵی ئەمەش کارەکانەوی دوورنی دروستەکات. گوێگر..! بەچەندین شێوە موزیك لای کاریگەرە لەم ڕێگایەوە دەتوانێت ڕەخنە لەژانەر بگرێت چەند گەرەگرە- هەستی شاعیر تێدایە- چەندە بەسۆز- خیاڵ فراوانە- چەند گیانی ئارتێستی موزیك دەبێت. دەربڕینیش لەم بوارانەدا دەگەیستەوو وەرگێڕانێکە بۆ بەربۆچوونی دانەرەکە لەم بارەیەو، جۆن دیوی دەڵێت (بیری مرۆڤ هێندی هونەری بەرجەستە دەبێتر لەگەڵ وەرگەکاندا ئاسۆیان دەبێتر هەردەم ڕاسەری فراوانتر دەبێتر لەرکاتانەش هەستو هۆشیاری گشەدەکات گوزانکاری بەسەردا دێتر لەجوولەیەکی بەردەوامدا لەگەڵ زیادنا مامەلە دەکات). زانیاریو پەرەپێدانی خۆنێرکردن بوونە خوێندکار لەهەرتەمەنێك کەون بەنوێ پەیوەست دەکات لێکیان دەداتێبێنێت لەم ئارێتەبوونەدا هۆشیاریو بەر نەشوغا دەکەن دیساندەو دوبارە ڕێتا دەبەدو لەگەڵ یەکدی ڕادێن بۆئەوەی مرۆ بەڵێان پەیوەست بێنت گوزان هەردەم بەردەوام بێنت ژیان بۆخۆی لەملەڵێی نەوەکان بەرجەستە بکات ئەوش پێکگەیشتنە نیشان عەقڵو گەردون ئەم پێکگەیشتنەش خۆی بۆخۆی خیاڵێکی فراوانە کەدەڵەقامی پێویستە ڕەخنەکانە- ئابەدیای- ئارزووەکان- خەونەکان ئەمەش هەرهەموی تێکەڵدانی هەست ئەمە هەست بەژیان لەگەڵ ڕاتبە ئەمیش گەرانەوو بۆیاد گاریو تاقیکردەوەکان دیساندەو، بەرهەمهێنانەوی جوانتر دەوانێ.



چایکۆڤسکی



ئوم کلسوم



بتهۆڤن

سەرچاوە: جمالیات الابداع الموسیقی- جیزیل برولیە/ ترجمە/ فؤاد کامل

بەراوردکارییەک لەنێوان موزیکی رۆژهەڵاتی و رۆژئاوا

بەرایی

دەمەوێت پرسیارێکی گەلێک دژوار والاّبکەم، ئەویش ئەمەیە ئایا لەرۆژهەڵاتدا ناوێکی پڕواتامان هەیە بۆ موزیک؟ ئەوەی راستی بێت موزیک خستنە ژێر ئەم پرسیارە گەورەو گرانەوە چەند داکۆکیکەرو چەندین دژە رای خۆی هەیە، ئەمەش یەکێکە لەبنەماکانی رەخنە، مافی هەر کەسیشە بۆ داکۆکی کردن لەرای خۆی گرنگ ئەوەیە کە عەقڵ و لێکۆڵینەوەی زانستیانە دادوەر بێت، نەک هەڵچوونی سۆز و دەروون، ئێمە لێرەدا بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پشت بە چەند بنەمایەکی زانستیانە دەهێنینەوە نەک هەڵچوونی سۆز ئەویش بە خوێندنەوەی دوو شیکاری زانستی، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هەر هونەرێک ئەوەیە کە خۆی بۆ خۆی تا چەند دەتوانێت سەربەخۆ بێت پێویستی بەهونەری دی نەبێت، بۆ ئەوەی تەواوکەری بێت بۆ دەربڕین، ئاشکرایە موزیکی خۆرئاوا ئەم سەربەخۆییەی بۆ خۆی دەستەبەرکردووە لە شیعرو گۆرانی خۆی جیاکردۆتەوە پاش گەشەسەندنێکی مێژوویی دوور و درێژ لەتوانایدایە پەیامی دەربڕین بۆ خۆی مەیسەر بکات.

بەڵام شیعرو سەما ناچێتە ناواخنی موزیک بۆ پرکردنەوەی بۆشایی تیایدا، بەڵکو بۆ بەرهەمهینانی شێوازێکی نوێ لە موزیکی شیعری یان سەمایی، بەڵام ئەم هەنگاوانە کامانەن کە موزیکی رۆژهەڵاتی ناویەتی بۆ سەربەخۆبوونی؟ ئەوەی دیارە موزیکی رۆژهەڵاتی دەستەو وەستانە بەرامبەر هەر واتایەک لەدەربڕین و سۆز.

خۆی بۆ خۆی توانای دەربڕینی نییە، بەڵکو هەموو هەوڵ و تاقیکردنەوەکان هاوشانە لەگەڵ هونەری گۆرانییدا، گەر هەشبێت ئاوا زۆر دەگمەنە، چونکە موزیکی پوخت جگە لەچەند هەوڵێکی سەرەتایی هیچی دیکە نییە کە کارێکی ئەوتۆ ناکاتە سەر گوێگر، هەرچەندە ساناش بێت بەڵکو تا سەردەمێکیش لەمەوبەر بە موزیکی پوخت و سەربەخۆ دەگوترا (موزیکی بێدەنگ) وەک ئەوەی کە موزیک گۆرانی لەتەک نەبێت و وشە ئامێز نەبێت هیچ زمانێکی دەربڕینی نەبێت!! واتە

Institut kurde de Paris

لالّەو ئەو هەموو دەنگانەی کە دەریدەبڕێت هەمووی بێدەنگە، چونکە لەرۆژهەلّات موزیک و گۆرانی دوو دەستەواژەی لێکئالّاون ئەم بێ ئەو نابێت تەنانەت زۆر جار هۆنراوەی گۆرانییەکە بەسە بۆ ئەوەی کاربکاتە سەر گوێگر، هەر چەندە ئەو موزیکەش کە لەتەکیدایە چەند ئاست نزمیش بێت، زۆر جاریش گۆرانیەک جێگای سەرنج راکێشانە بەهۆی هۆنراوەکانییەوە هەرچەندە موزیکێکی زۆر ساکارو بێزارکەری لەتەک بێت، بۆیە تا ئێستا موزیکی رۆژهەلّات پەیوەستە بەگۆرانییەوە، ئێمە هانا بۆ وشە دەبەین بۆ چێژ وەرگرتن بە موزیک و پڕمانای دەکەین لەبەر ئەوەی موزیکمان توانای دەربڕینی کەمەو بەلّکو یەکێتی ئامانج لەنێوان وشەو موزیکدا ونە، بۆ نمونە زۆر جاران ئاوازێک دادەنرێت پاشان وشەکانی دەکرێتە بەر، یان موزیکێک بۆ گۆرانییەکانی شاد دەتوانرێت بۆ موزیکێکی خەم دابنرێت، بێ ئەوەی هەست بەهەر دژێک بکەیت لەنێوانیان، ئێمە لێرەدا خودی (موزیکی بێگەرد) دادگایی دەکەین، نەک تۆخمی دووەم کە وشەیە، تەنانەت لەبواری وشەشدا ئەرکی خۆی جوان جێبەجێ ناکات، بەلّکو رەنگدانەوەیەکی کۆمەلّایەتی تەندروست نییە خۆی لە خەم و بێهودەیی و کپبوونی ستیلیدا خۆی دەنێتەوە.

بۆ ئەوەی رونتر توخمەکانی زمانی موزیک شی بکەینەوە و لێی بکۆلّینەوە با لە توخمەکانی بکۆلّینەوە لە کرۆکی موزیکی رۆهەلّاتیدا کە ئەویش:

١ـ ئاوازMelody ٢ـ رەزم Rhythm ٣ـ هاودەنگی Harmony ٤ـ شێواز Form

١ـ ئاوازMelody موزیکی رۆهەلّاتی بەوە ناسراوە کە ژمارەیەکی زۆر پەیژەو مەقامی هەیە کە جاری وا هەیە لەژمارە نایەت و ئەمەش وا دەزانرێت کە جێگای ستایش و شانازییە، لەکاتێکدا کە موزیکی رۆژئاوایی لە دوو پەیژەو مەقام تێپەڕ ناکات، ئەویش پەیژەی گەورە (Maijar) و پەیژەی بچووک (Meynor) بەلّام گەر بە زانستیانە ئەم پەیژانە شی بکەینەوە ئەم پەیژانە چ نین جگە لەوشە کە زمانی موزیک و رستەکانی پێ بەرهەم دێت، زۆری ئەم وشانەو نوسینەوەیان بەخەتێکی جوان ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم پارچەیە کارێکی ناوازەیە، لێرەدا گرنگ ئەفراندنە و داهێنان و زمانی دەربڕین نەک زۆر بەکارهێنانی مەقامەکان، بۆیە پشت بەستن بە زۆری ژمارەی پەیژەکان ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە گەیشتووینەتە لوتکەی داهینان، چونکە پەیژەکان تەنها وشەن بۆ ئەلفبای هەر دانراوێک بەلّکو بنەمای دادوەری کردن بۆ خودی دانراوەکەیە.

Institut Kurde de Paris

خۆ گەر وابێت زمانی چینی کە بەوە ناسراوە زۆرترین پیتی لە ئامێز گرتووە، دەبێت شاکاری وای پێ بنوسرێت کە زۆر لەزمانی دی بالاتر بێت! گرنگ ئەوەیە کە کێشەکان وشەکان نین، بەڵکو بیرۆکەی وشەکانە، کاری موزیک ئەوەیە کە چۆن بتوانێت ئەم دەنگانە ریزبەند بکەیت و ڕێکی بخەیت لەچەند کۆمەڵەیەکی کەمی ڕێکخراو کە لە ئەنجامدا چەند ئاوازێک دەربڕێت کە بەهایەکی جوانی ئیستاتیکی لەخۆی بگرێت، ئەتوانین بڵێین ڕۆژئاوا بە پێی گەشەسەندنێکی مێژوویی دوور و درێژ گوشاریان خستۆتە سەر ئەم مەقام و پەیژانەو لەدوو جۆردا کۆیان کردوونەتەوە.

بۆیە ئەم مەقامانە ئەوە ناگەیەنێت کە نەتوانرێت کارێکی جوان بکرێت، بەڵکو هەر بەم دوو پەیژە شاکاری وا ئەنجام دراوە کە مێژوو هەرگیز ناتوانێت کۆنیان بکات و تا ئێستاش کار لە سۆز و هەست دەکەن.

هێندەی موزیک ناسە ڕۆژهەڵاتییەکان شانازی بەوە دەکەن کە موزیکی ڕۆژهەڵاتی ئاوێزانی هۆنراوەو وشەیە هاودەنگی (Hermomy) ئاوێزانی نییە کە دەڵێن موزیکی ڕۆژهەڵاتی بناغەکەی لەسەر میلۆدییەکان دانراوە نەک هاودەنگییەکان، بۆ وەڵامی ئەمانەش ڕاستە کە ئەم موزیکە لەسەر میلۆدی بونیادنراوە، بەڵام ئەم میلۆدییانەش ئەو بەهایانەش لەدەستدەدەن لەبەر ئەم دوو هۆیە:

أ- پێکەوە لکاندن: زۆربەی هەرە زۆری موزیکە ڕۆژهەڵاتییەکان بە ڕستەیەک موزیک دەستپێدەکەن پاشان هەر هەمان ئاواز پلەیەک نزمتر یان بڵندتر دووبارە دەبێتەوە، ئەمەش لە هەرە زۆری میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا دووبارە دەبێتەوە بە موزیکی کوردیشەوە واتە تۆنەکان پێکەوە نوساون، زۆر جاریش هەر هەمان کاتی موزیکی دەبێت.

ئەوەی ئاشکرایە ئەو ئاوازەی کە تۆنەکانی (پلە دەنگییەکانی) پێکەوە لکاون لەمانادا زۆر ساکار و سانان، بەڵکو گەر گوێت لەڕستەی یەکەم بێت، بێ ئەوەی گوێت لە ڕستەی دووەم بێت ئەتوانیت خۆت ئەو ڕستەیە تەواو نەکراوە بڵێیتەوە، هەرچەندە شارەزاییەکی کەمیشت لە موزیک هەبێت یان گوێگری ئاسایی بیت، بۆیە توانای دەربڕین و چوونە ناو ناخی دەربڕینەوە لای موزیکی ڕۆژهەڵاتی زۆر نزمە بە پێچەوانەوە لای موزیکی ڕۆژئاوایی کە تۆنەکانی دوور لەیەک و

Institut Kurde de Paris

بەرزو نزمییەکی تایبەتی تێدایە کە پشت بەدەنگە (باص)ەکان بەواتە دەنگە گڕەکان دەبەستێت، بۆ ئەنجامدانی ئاوازێکی رۆژهەڵاتی چەند گروپێکی موزیک ژەنان بەسە کە پێی دەوترێت (تەختی رۆژهەڵاتی)، بەڵام بۆ ئەنجامدانی شاکارێکی رۆژئاوایی یەک ئۆرکسترای سەمفۆنیایی ئەم کارە ئەنجام دەدات، کە پتر لە (١٠٠) موزیک ژەن پێکهاتووە لە چەندین ئامێری فودارو رەزمی پشت بە دابەشکردنێکی تۆکمەی هارمۆنی و بەشداری هەموو پلە دەنگییەکان کە بریتییە لە سۆپرانۆ – تیژ / ئاڵتۆ مام ناوەندی تیژ، تینور مام ناوەندی گڕ باص دەنگی گڕ، نمونەیە لەمانە سەرەتای جوڵەی یەکەمی سەمفۆنیای سێیەمی بیتهۆڤن:

نمونەیەکی دی جوڵە کۆتایی سەمفۆنای شەشەمی بیتهۆڤن:

ئەم دوو نمونەیە ئەو سەربەستیەمان نیشان دەدات و مەودای فراوانی میانەکان هەروەها بلیمەتی دانەرەکەی بەرجەستە دەکات، دانەر هەرگیز خۆی لەوە دوور دەگرێت کە مەوداکان نزیک بن و پێکەوە لکابن وەک پەیژەیەک لەپلەی سێیەمەوە بێتە پلەی دووەم بەڵگو سەربەستی جوڵەکان و مەوداکان کارەکە جوانتر دەکات ئەم پێکەوە لکاندنی میانەکان موزیکی رۆژهەڵاتی وا لێکردووە کە هاودەنگی تیایدا ونە، چونکە ئەو ئاوازەی پلەکانی سەربەستانە باز دەدات دەتوانرێت ناوەندەکانی بە هاودەنگی پڕبکرێتەوە بەوەی کە پەیوەندی سێ پلەو پێنج پلە بەرهەم دەهێنێت.

ب ـ چوون یەک بوون: ئەوەی زانراوە هونەری جوان خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە داهێنان بەرهەم بهێنێت کە هەمیشە چێژ بەخش بێت بەدانەبڕاوی، لێرەدا چوون یەک بوون گەر بوو بە بەشێکی دووبارە بووەوە لەڕووی جوانکارییەوە بێ بەها بێت، بۆ ئەمەش نمونەیەک دەهێنینەوە گەر داوات لێکرا ئەم وێنەیە تەواوبکەیت، ئاسانترین کار ئەوەیە کە شێوەیەکی چوون یەک لەخوارەوە دروستبکەیت بەم شێوەیە، گەر ئەم چوون یەک بوونە بوو بەکارێکی هەمیشەیی جوانییەکەی لەدەستدەدات، چونکە ئەرکێکی هێندە گران نییە، ئەمەش وای کردووە کە وێنە زەخرەفیەکان لە رووی هونەرییەوە هێندەی بەهای نەبێت، گەر شێوەی ئەم نمونە تەشکیلییە لەبواری موزیک ئەنجام بدەین دەبینین زۆربەی ئاوازە میلۆدییە رۆژهەڵاتییەکان بەم شێوەیەن، گەر بەراوردکارییەک ئەنجام بدەین لەنێوان بەشی (أ) و (ب) دەبینین چوون یەکن، ئەوە نەبێت کە تۆنی ئەمیان لەو بەرزترە یان

Institut Kurde de Paris

نزمتـره، بەمـەش ئاوازدانـەری رۆژهـەلاتی کـاریکی ئاسـان ئـەنجام دەدات، بـۆ ماوەیەکی کورت بڕ دەکات، بە پێچەوانەی موزیکی رۆژئاواوە کە ئەم چوون یەک بوونە لە فەرهەنگی موزیکیاندا بوونی نییە.

بەکورتی گەر توخمی یەکەم کە ئاوازە لە موزیکی رۆژهەلاتدا هەرچەندە پشت بە میلۆدی دەبەستێت هەمیشەو هەمیشە هانا بۆ ئەو شێوازە ئاوازە دەبات کە پێکەوە لکاون و میانەکانیان نزیکە لە یەکەوە ئەمەش گوێگری هەستیار بێزار دەکات.

٢ــ ڕەزم (Rhythm) دووەمین توخم: ڕەزمە، لەزمانی موزیکدا دیارترین جیاوازی لە نێوان موزیکی رۆژهەلات و رۆژئاوا ئەوەیە لەرۆژهەلاتدا ڕەزم دیارەو ئاشکرا، لەیەکەم ڕەزم سەربەخۆیە لە ئاواز، واتە هەر هەمان ڕەزم چەند بارە دەبێتەوەو بەشێوەیەکی سەربەخۆو جیا لە میلۆدییەکە و ئاشکرا لێی جیادەبێتەوە، بەڵام شاکارە مۆزیکییەکانی رۆژئاوا ڕەزم ئاوێزان و لەهەناوی ئاواز و پێکهاتە بە واتایەکی دی ئاوازە پێکهاتە هارمۆنییەکان لەهەناویاندا ڕەزم خۆی حەشارداوە و لەتەک ئاوازەکە دەڕوات، بۆ ئەمەش دانەر پێویست ناکات کە دەستنیشانی بکات و بۆیە ڕەزم لەموزیکی خۆرئاوا پێویست بە کوتەی تایبەت ناکات، تەنها لەهەندێ شوێنی کەم نەبێت.

زۆربەی کوتەکان زۆر نزمە جاری واهەیە گوێمان هەستی پێناکات، بەڵکو ڕەزم لەهەناوی ئاوازەکەدا هەیەو لەگەڵ بەردەوامی هەموو پێکهاتە هارمۆنییەکەدا دەڕوات، دەتوانین ئەم تایبەتمەندییە بکەین بە دیارترین جیاوازکاری نێوان هەردوو ڕەزم.

٣ـ هاوەنگی (Harmony) یەکێک لەهەرە دیارترین بنتی جیاکەرەوەی نێوان هەردوو موزیک هاوەنگییە کە دەتوانین بڵێین موزیکی رۆژهەلاتی پێی نامۆیە، ئەوەی کە ئەم دیاردەیەی لە موزیکی خۆرهەلات ونکردووە میلۆدی بوونی موزیکە لە رۆژهەلاتدا ئەمەش وایکردووە کە موزیک زۆر ساکار بێت و قاڵ بوونەوە لە چێژدا کەم بێت.

بەپێچەوانەوە دەتوانین بە بوونی هاوەنگی بە بەردەوامی گوێ گرتن هەموو جار مانای نوێ بەرهەمدێت و چێژ بە بەردەوامی دەکرێت و جوانتر لێی دەگەین و بەبەردەوامی مانا شاراوەکان ئاشکرا دەبێت و بلیمەتی دانەرەکەت بۆ

Institut kurde de Paris

دەردەکەوێت کە لەچەند هێڵێکی هاودەنگی تێکئاڵاودا کە یەکەیەکی تۆکمەی جوان داڕێژراو چۆن بەبەردەوامی چێژ بەخش دەبێت، بەڵام چونکە موزیکی رۆژهەڵاتی یەک هێڵە میلۆدییە گەر بە بەردەوامی گوێ بگریت لەوانەیە بێزارت بکات، ئەمەش یەکێکە لە خاڵە لاوازەکانی موزیکی رۆژهەڵات و هەرە دانراوی موزیک بۆ چەند مانگێک پتر بڕناکات، بۆیە ئێمە تا ئێستا شاکارێکی نەمرمان نییە وەک دانراوەکانی باخ و موتزرات.

دەتوانین بڵێین کە موزیکی لەمەڕ رۆژهەڵات (وەرز)ییە، چونکە هێندە کارو ماندوو بوون بۆ ئەم کارانە نەکراوە.

٤ـ شێواز (From) هێندەی دەربارەی موزیکی رۆژهەڵات ناسراوە دەبینین شێواز ونەو زۆرجار شێوازێکی نەگۆڕی هەیە کە بەچەند (ئاهێک) یان دابەشەیەک (تقاسیم) بە ئامێری موزیکی دەستپێدەکات و لەتەک موزیکدا بەردەوام دەبێت، ئەمە شێواز نییە، بەڵکو چەند وێناکردنێکی باوە بەردەوام دوبارە دەبێتەوە.

گەر بەوردی لە موزیکی رۆژهەڵات وردبینەوە دەبینین کە چەند تایبەتمەندییەکی سەرنج راکێشیش هەیە ئەویش (گەڕانەوە بۆ بنەڕەت)ە ، ئاشکرایە هەر پەیژەیەکی موزیکی پلەی بنەڕەتی تایبەتی خۆی هەیە بۆنمونە مەقامی راست بنەڕەتییەکەی دەنگی (دۆ)یە، تایبەتمەندی پلەی بنەڕەت ئەوەیە هەمیشە هەست بە تێربوون دەکەیت لەگوێگرتنداو تێر چێژ دەبێت و دامرکاندنەوەی چێژی موزیکە، هەرپاش پارچەیەکی کورت دەگەڕێتەوە سەر دەنگی بنەڕەت و هەست بە تێربوونی چێژ دەکەین بۆ چەند جارێک بەڵام لەموزیکی رۆژئاوادا شێوازی جوڵەیەکی بەردەوام بەخشە بەرەو ئامانجێک مل دەنێت و گەشە دەکات تا دەگاتە ترۆپک تەنها بۆ جارێک پاشان شاکارەکە کۆتایی دێت، بۆیە هەمیشە لەچاوەڕوان بوون داین بەردەوام ئاوێزانی گوێ گرتن دەبین کاتێک هەموو تاڵە داوەکانی ئۆرکسترا هەر لە ئاواز، ڕەزم، هارمۆنی، شێواز تێکەڵ دەبێت و یەکانگیر دەبێت و بەشداری لە کۆتایی هێنان دەکات بۆیە دەبینین لە ئاهەنگە رۆژهەڵاتییەکاندا پاش تەواوبوونی هەر بەشێک لەبەشەکانی گوێگران دەست دەکەن بە چەپڵەو هات و هاوار، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەر پارچەیەک سەربەخۆ گوێگر تێر دەکات لەچێژ چ وشەکان، چ ئاوازەکان واتە

Institut Kurde de Paris

دووبارە چەند بارەبوونەوەی چێژوئەمەش پێچەوانەی کۆنسێرتە سەمفۆنیاکانی ڕۆژئاوا کە هەمیشە گوێگر ڕادەمێنێ و لە چاوەڕوانیدایە، لەرستەی جوان لە پێکهاتەی هارمۆنی تاکۆتایی، بەواتایەکی دی گوێگری ڕۆژهەڵاتی زوو تێر دەبێت بەڵکو بەو چەند بارەبوونەوە تووشی ئینتەلای گوێگرتن دەبێت هۆش و بیری هێندە ماندوو ناکات هەر گوێ دەگرێت، کارێکی ئاسان وەردەگرێت و زوو هەرسی دەکات، بە پێچەوانەی گوێگری ڕۆژئاوایی.

ئەم جۆرە هەڵوێستە وای کردووە کە گوێگری ڕۆژهەڵات بەوردی گوێ ناگرێت، جدی نییە، هەر زوو ڕەزامەندی خۆی و شاباشی کارەکە دەکات.

سەرچاوە: التعبير الموسيقى – د.فواد زكريا

تێبینی / ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ ژمارە ٣٢٨٢ ڕۆژی پێنج شەمە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٤/١/٢٩ بڵاوکراوەتەوە.



ژمارە (٣٢٨٢) پێنجشەممە ٢٠٠٤/١/٢٩ No:3282 Thursday 29-1-2004

ئەدەب و هونەر

بەراوردکارێکە لەنێوان مۆزیکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا

نازاد سائح شنۆی

بەرایی

دەستی پێکردنی گەڵێک دژوار وا لێکەم ئەوتی تەنیە تایبا لەڕۆژهەڵاتدا ناڕێکی پرداتامان هەیە بۆ مۆزیک؟ ئەوەی ڕاستی بێت مۆزیک خستە ژێر تەم پرسیارە گەورە گرانەوە چەند داکۆکیکەرو چەندین دژ ڕای خۆی هەیە، تەسڵی پەکێکە لەمانەکانی ڕەفزە سافی هەرکەسێکە بۆداکۆکی کردن لەڕای خۆی گرنگ ئەوەیە لێرەدا بۆ وڵامی ئەم پرسیارە پشت بەچەند بنەمایەکی زانستیانە دەبێنین، تێکە هەڵچوونی زانستیانە دەبێنین، تێکە شیکاری زانستی پەکێک لەتایبەتمەندییەکانی هەر هونەرێک ئەوەیە کەخۆی بۆخۆی تاچەند دەتوانێت سەرەخۆ بێت پێویستی بەهونەری دی نەبێت بۆئەوەی تەواوکەری بێت بۆدرێبن ناتەکرایە مۆزیکی خۆرئاوا ئەم سەرەخۆییەی بۆخۆی دەستەبەر کردووە لەشیعر گۆرانی خۆی جیا کردۆتەوە، پاش گەشەسەندێکی مێژوویی دوورو درێژ لەتوانای داپەە پەیامی دەربڕینی بۆخۆی مەیسەر بکات.

بەڵکو شیعر سەما ناچێتە ناراهتی مۆزیک بێبرگەنەوی بۆشایی نیایا بەڵکو بەرهەم هێنانی شێوازێکی نوێ لەمۆزیکی شیعری یان سەمایی، بەڵام ئەو هەنگاوانە کامانەن کەمۆزیکی ڕۆژهەڵات ناڕەستی بۆسەربەخۆ بوونی؟ ئەوەی دیارە مۆزیکی ڕۆژهەڵاتی دەستەوستانە بەرامبەر هەر وانایەک لەدەربڕیۆ سۆز..!!

خۆی بۆخۆی توانای دەربڕینی نییە کەمۆزیکی ڕۆژئاوایی لەدوو مەقام تێبەڕبوونی بەیەکی گەورە (Maijar) و بەیەکی بچووک (meynor) بەڵام گەر بزانستیانە ئەم پێزانە ئەی کەینەوە ئەم پێزانە چ ژمن جگە لە (وشە) کەمزمانی مۆزیکیدا ڕستەکایی پێن بەرهەم دێت، زۆری ئەم وشانەو نوسینەوەیان بەهۆتیکی جوان ئەوە ناگەیەنێت کەئەم پارچەیە کارێکی نازایە لێرەدا گرنگ ئەفزانەدەو داهێنانو زمانی دەربڕین نەک زۆر بەکارهێنانی هەڤاهەکان، بۆیە پشت بەستن بەزۆری ژمارەی پەیڕەکان ئەوە ناگەیەنێت کەئێمە گەیشتوینەتە لوتکەی داهێنان چونکە پەیڕەکان تەنها ڕشەن بۆئەلفبای هەر دانارێیەک بەڵکو بنەمای دادەزری کەردن بۆخودی دانراوەکەیە.

خۆگەر وابێت زەمانی چینی کەمەو ناسراوە زۆرترین پێنجی ئەڤامێز گرتووە دەبێت شاکاری ڕای پێنووسەرێت کەهۆز لەزمانی دی بااگر بێنێت..! گرنگ ئەوەیە کەئێشەکە دەڕەکان نین بەڵکو پێوڕگەی ڕشەکانە کاری مۆزیک ئەوەیە کەچۆن بتوانێت ئەم دەنگانە ڕێزبەند بکەیت ڕێکەرار ئەیە، لێبەند کۆمەڵەیەکی کەمی ڕێکەرار کە هاهنا چەند تانازێک دەربڕێت کە بەهایەکی جوانیی ئیستاتیکی لەخۆی بگرێت، ئەتوانێن بڵێین ڕۆژئاوا بەپێی گەشەسەندنێکی مێژوویی دوورودرێژ گوشاریان خستوتە سەر ئەم مەقامەو پەیڕانەو لەدوو جۆردا کۆیان کردۆتەوە.

١) بڕێ ئەم مەقامانەی ئەوە ناگەیەنێت کەئەتوانرێت کاریگەی جوان بکرێت، بەڵکو هەر بەم دوو پەیڕەیە شاکاری وا ئەهام دراوە، وانایەک لەدەربڕیۆ سۆز..!!

٢) بڕێ ئەم مەقامانەی ئەوە ناگەیەنێت کەئەتوانرێت کاریگەی جوان بکرێت، بەڵکو بەم دوو پەیڕەیە شاکاری وا ئەهام دراوە، وانایەک لەدەربڕیۆ سۆز..!!

کەمۆزیکی ڕۆژئاوایی ئەدوو پەیڕەو مەقام تێبەڕبوونی بەیەکی گەورە (Maijar) و بەیەکی بچووک (meynor) بەڵام گەر بزانستیانە ئەم پێزانە ئەی کەینەوە ئەم پێزانە چ ژمن جگە لە (وشە) کەمزمانی مۆزیکیدا ڕستەکایی پێن بەرهەم دێت، زۆری ئەم وشانەو نوسینەوەیان بەهۆتیکی جوان ئەوە ناگەیەنێت کەئەم پارچەیە کارێکی نازایە لێرەدا گرنگ ئەفزانەدەو داهێنانو زمانی دەربڕین نەک زۆر بەکارهێنانی هەڤاهەکان، بۆیە پشت بەستن بەزۆری ژمارەی پەیڕەکان ئەوە ناگەیەنێت کەئێمە گەیشتوینەتە لوتکەی داهێنان چونکە پەیڕەکان تەنها ڕشەن بۆئەلفبای هەر دانارێیەک بەڵکو بنەمای دادەزری کەردن بۆخودی دانراوەکەیە.

خۆگەر وابێت زەمانی چینی کەمەو ناسراوە زۆرترین پێنجی ئەڤامێز گرتووە دەبێت شاکاری ڕای پێنووسەرێت کەهۆز لەزمانی دی بااگر بێنێت..! گرنگ ئەوەیە کەئێشەکە دەڕەکان نین بەڵکو پێوڕگەی ڕشەکانە کاری مۆزیک ئەوەیە کەچۆن بتوانێت ئەم دەنگانە ڕێزبەند بکەیت ڕێکەرار ئەیە، لێبەند کۆمەڵەیەکی کەمی ڕێکەرار کە هاهنا چەند تانازێک دەربڕێت کە بەهایەکی جوانیی ئیستاتیکی لەخۆی بگرێت، ئەتوانێن بڵێین ڕۆژئاوا بەپێی گەشەسەندنێکی مێژوویی دوورودرێژ گوشاریان خستوتە سەر ئەم مەقامو پەیڕانەو لەدوو جۆردا کۆیان کردۆتەوە.

١) بڕێ ئەم مەقامانەی ئەوە ناگەیەنێت کەئەتوانرێت کاریگەی جوان بکرێت، بەڵکو بەم دوو پەیڕەیە شاکاری وا ئەهام دراوە، وانایەک لەدەربڕیۆ سۆز..!!

٢) بڕێ ئەم مەقامانەی ئەوە ناگەیەنێت کەئەتوانرێت کاریگەی جوان بکرێت، بەڵکو بەم دوو پەیڕەیە شاکاری وا ئەهام دراوە، وانایەک لەدەربڕیۆ سۆز..!!

خۆی بۆخۆی توانای دەربڕینی نییە

ئەدیکی دەرهنگوەختی

سەید موحسین

وانەری خۆشنووسیی، بەشێکە لەشاکارە دیارو ڤانی دەبیای هونەر، ئەویش بەر پێیەی ئەم جۆرە ە خاوەنی ژمارەیەک لەیارو ڕیسار بنەمای تایبەت ەنی.

وانەری خۆشنووسیی فۆناغانەیەکی سەربەخۆیەر ن ئەوەی جۆرەکانی خەت پێنووەر خاڵبەندیی خۆی ئەمەناکاتیشدار لەکاتی ئەڤامدانی تابلۆیەکی نووسیندا سلیقەو جوانکاریی ڕۆنی بەرچاو دەبینێ ەرخستنی هەر نووسێر جۆرە خەتێکدا.

ەبەتە ئەم لایەنەو کورد-یش خاوەنی خەرمانی ی و گەلێک دەستەنگێرو بەهرەمەندی لەبواری جوان ێندا هەیە، بەڵام پەداخەوە وەک پێویست گرنگی پەم هونەرییە نەدراوەر پەدگەمان نەبینێت نووسین و ەنەوەی دروستی بۆنەکراوە.

ەمە دیارو شانازکاکانی ئەم پەوارەی کوردە ڕۆژن، ە خانمە ئەسەدی، کەبووتە فۆناغانەو سەدان ان خوێندکاری پێگەیاندووە، هەروەها ئەمەند ئەمین

Institut Kurde de Paris

بەدەستگیرکردنی سەدامی دیکتاتۆر، هەڵەبجەییەکان خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕن

ئازاد سالّح:

لەدێی عۆجە بونەوەرێکی دڕندە خۆی بە مرۆڤایەتی ئاشناکرد، هەر لە سەرەتاوە شەڕەنگێز بووە، ئەم بوونەوەرە خۆی لە پاڵ عەرەبی نەتەوەیی ئیسلامی بینیەوە، ئەو خۆی بۆ خۆی نامۆبوو بەهەموو جوانیەکانی دنیا تەنها گوللەیەک کردی بە پاڵەوانی نەتەوەی عەرەب، ئەو گوللەیە کە ئاڕاستەی عەبدولکەریم قاسم کراو ئەو بریندارببوو، بوو بەوەی کە بچنە ڕیزی پێشەوەی هەر هەموو بەعسییەکان، بوو بە قوتابی کۆلێژی قاهیرە و یاسای خوێند، زیندانیکرا رایکرد، بووە قسەراستی هەموو بەعسییەکان، هەر لە سەرەتاوە ئەم مرۆڤە بە دوو فاق دەژیا، کە لە تەلەفزیۆنەکان ئەیبینین مرۆڤێکی تاسەر ئێسقان بە بەزەیی و بەخشندە، بەڵام لە ناخیدا دڕندەترین مرۆڤ بوو، هەرگیز سڵی نەکردۆتەوە لەتاوان کە بچوکترین تا گەورەترین، بەڕاستی بەرهەمی شۆفێنیزمی عەرەبی ئیسلام بوو، ئەو دڕندەیە تەنها و تەنها بۆ ژیانی خۆی دەژیا، گەر عەرەبەکان بە پاڵەوان ناوی دەبەن ئەوا رۆژگار سەلماندی کە ترسنۆکترین بوونەوەرە، کە بیر لە شەڕەکانی دەکەمەوە لەناخی خۆمدا دەمزانی چ مالێکە، بۆیە هەرگیز گاڵتەم بەوانە دەکرد کە دەبوون بە سووتەمەنی بۆی، گەر لە سیاسەتەکانی بکۆڵینەوە (حزب بعث – امە عربیە واحدە – ذات رسالە خالدە – میشیل عەفلەق – القائد المؤسس – الاب القاعد) هەموو کەسەکان لەو دڕندەیە کۆبوونەوە، هەموو بوونە قوربانی، ئەو عەشقی چەک بوو تەنها بۆ بێدەسەلاتەکان، بەڵام ترسنۆک بەرامبەر گەورەکان، هەموو گیانی خۆ بەزل زانین بوو، بەرامبەر نزمتر لەخۆی، ئەیکوشتن، ئەیبڕین، بەڵام ترسنۆک بەرامبەر ئەوانەی کە لە خۆی بەتواناتر بوون، لە بچوکترین تاوان تا گەورەترینی ئەنجام داوە، بەڵام زۆر ترسنۆک، گرگن، زۆر کۆیلە بۆ گەورە و باڵاکان، ئەدی چ چیرۆکێکە، چ کارەساتێکە بە ملیۆنان ببنە سوتەمەنی جرجێکی ترسنۆکی ناو زێڕابەکان، ئەدی خۆ وی لە گوندێکی بێ کارەبای، بێخزمەت هاتە ژیان، بوو بە دڕندەترین گیانلەبەر، هەر خۆی بۆ خۆی کونی جرجەکانی هەڵبژارد بۆ ئەوەی

Institut kurde de Paris

ببێته عیبرەت، ئای چ کارەساتێکە دەوڵەتێکی وەک عێراق، دڕندەیەک، دیکتاتۆرێک، خەڵکانی خێڵ ببنە دەمڕاستی ئەم وڵاتە، وڵاتێک بەم هەموو مێژووە نازانین بۆ ئاخر سی و پێنج ساڵ کەم نییە ئەوە ژیانی سەدان و هەزاران و ملیۆنانە ، شانازی بەوەوە دەکەم بۆ چریەک هەڵنەخڵەتاوم، ئەمن وەک هونەرمەندێک وەک هەڵەبجەییەک هەرگیزاو هەرگیز ملم نەداوەبۆی، ئێمەی کوردیش یەکەمین جارە بەرژەوەندییەکانمان لەگەڵ داگیرکەر یەکبگرێتەوە، بەڵام داگیرکەرێکی مۆدێرن، خاوەن تەکنەلۆژیا، گەلێک باشترە لە داگیرکەرێکی عەرەبی ئیسلامی خێڵەکی، دەبا رێبگرین لەو عەقڵانەی کە ئەم جرجە دڕندەیەیان بەرهەمهێناوە.

تێبینی/ ئەو لێدوانەی سەرەوە لە رۆژنامەی هەڵەبجە لە رۆژی سێشەمە ١٦-٣-٢٠٠٤ بڵاوکراتەوە.

Institut Kurde de Paris

***چەند دێڕێک بۆ دیکتاتۆر**



لە دێی عۆجە بوونەوەرێکی دڕندە خۆی بە مرۆڤایەتی ناشناکرد هەر لە سەرەتاوە شەڕانگێز ئەم بوونەوەرە خۆی لە پاڵ عەرەبی نەتەوەیی ئیسلامی بینییەوە، ئەو خۆی بۆ خۆی نامۆ بوو بە هەموو جوانیەکانی دنیا تەنها گوللەیەك کردی بە پاڵەوانی نەتەوەی عەرەب ئەو گوللەیە کە ئاراستەی عەبدولکەریم قاسم کراو ئەو بریندارببو بە بەوەی کەبچنە ریزی پێشەوەی هەر هەموو بەعسیەکان بوو بە قوتابی کۆلیجی قاهیرەو یاسای خوێن، زیندانیکرا رایکرد، بووە قسەراسی هەموو بەعسیەکان، هەر لە سەرەتاوە بەڵام لە ناخیدا دڕندەترین مرۆڤ بوو، هەرگیز سڵی نەکردۆتەوە لە تاوان کە بچوکترین تا گەورەترین، بەراستی بەرهەمی شۆفێنزمی عەرەبی ئیسلام بوو، ئەو دڕندەیە تەنها و تەنها بۆ ژیانی خۆی دەژیا، گەر عەرەبەکان بە پاڵەوان ناوی دەبەن ئەوا ڕۆژگار سەلماندی کە ترسنۆک ترین بوونەوەرە - کە بیر لە شەڕەکانی دەکەمەوە لە ناخی خۆمدا دەمزانی چ مالێکە، بۆیە هەرگیز گاڵتەم بە وانە نەکرد کە دەبوون بە سووتەمەنی بۆی، گەر لە سیاسەتەکانی بکۆڵینەوە -حزب بعث- - امة عربية واحدة ذات رسالة خالدة- میشیل عفلق - القائد المؤسس- الأب القائد- هەموو کەسەکان لەو دڕندەیە کۆبوونەوە هەمووی بوونە قوربانی ئەو عەشقی چەك بوو، تەنها بۆ بێ دەسەلاتەکان - بەڵام ترسنۆك بەرامبەر گەورەکان هەموو گیانی خۆ بەزل زانینبوو بەرامبەر نزم تر لە خۆی، ئەی کوشتن ئەی بڕین بەڵام ترسنۆك بەرامبەر ئەوانەی کە لە خۆی بە توانای تربوون، لە بچوکترین تاوان تاگەورەترینی ئەنجام داوە، بەڵام زۆر ترسنۆك گرگن زۆر کۆیلە بۆ گەورەو باڵاکان، ئەدی چ چۆنێکە چ کارەساتێکە بە ملیۆنان بینە سووتەمەنی جرجێکی ترسنۆکی نار زیرابەکان - ئەدی خۆ وی لە گوندێکی بێ کاربای بێ خزمەت هاتە ژیان بوو بە دڕندەترین گیان لەبەر هەر خۆی بۆ خۆی کونی جرجەکانی هەڵبژارد بۆ ئەوەی ببێتە عیبرەت ئای چ کارەساتە دەوڵەتێکی وەك عێراق دڕندەیەك

رووەو هونەرێکی کوردی ڕەسەن و هاوچەرخ

ڕیپۆرتاژی: ڕاز عوسمان

بەئامادەبوونی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندان و شەیدایانی هونەری موزیکی کوردی، دوێنێ سەعات ٤ ی ئێوارە، یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان لەژێر ناوی (رووەو هونەرێکی کوردی ڕەسەن و هاوچەرخ) دووەمین ڤیستیڤاڵی موزیکای کوردی لە هۆڵی سلێمانی بەڕێوەبرد.

سەرەتای ڤیستیڤاڵەکەش سەرجەم ئامادەبووان ساتێک بە بێ دەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان وەستان، پاشان فەرەیدوون دارتاش وتاری یەکێتی هونەرمەندانی کوردستانی خوێندەوە، دواتر بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەوتەیەکدا وێڕای بەخێرهاتنی میوانان و هونەرمەندان بۆ شاری سلێمانی، باسی لەگرنگی ڤیستیڤاڵەکە کرد و هیوای خواست کە کارو هەنگاوەکانی هونەرمەندان هاندەرێک بێت بۆ پێشخستنی موزیکی کوردی.

دوا بەدوای ئەوە تیپی هونەرە میللییەکانی هەولێر و تیپی سەنتەری گەنجانی زاخۆ و تیپی مۆسیقای شنرۆێ، بەرهەمەکانیان پێشکەش کرد.

شایانی باسە دوا لاپەڕە لەهۆڵی ڤیستیڤاڵەکە چەند بەشداربوویەکی بەم شێوەیە دواند:

مستەفا ڕەنجەڕۆ:

ئەم ڤیستیڤاڵە، ڤیستیڤاڵێکی سەرکەوتوو دەبێت و دەستخۆشی لەهەموویان دەکەم و خۆزگە هەر چوارپارچەکەی کوردستان بەشدار دەبوون، چونکە هەموومان یەک زمان و مێژوومان هەیە، ئەم ڤیسیڤاڵەش دەبێتە هۆیەک بۆ ئەوەی یەک بگرینەوەو شتێکی جوانە، پێموایە زۆر چاک خزمەتی هونەری کوردی دەکات و بوار بوایە لە هەر وەرزێکدا لە پارچەیەکی کوردستان ئەم ڤیستیڤاڵە بکرایە، ئێمە وەکو تیپی هونەرە میللییەکانی هەولێر بە سێ بەرهەم بەشداریمان کردووە.

Institut kurde de Paris

شەوکەت محەمەد:

ئێمە وەک خەڵکی بادینان یەکەمجارە بەشداری دەکەین، دەبینم ئەم ڤیستیڤاڵە زۆر خزمەتی هونەرمەند دەکات وەک تاقیکردنەوەیەکی هونەرمەندانە زۆر خۆشحاڵین بەشداریمان لەم ڤیستیڤاڵە کردووە و دەستخۆشی لە هەموو تیپەکان دەکەم.

لینا جەلال ئەمین:

هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکەم کە لەگەڵ تیپەکەمدا لەم ڤیستیڤاڵە بەشدار بووین، چونکە دڵنیام ئەم بەشداربوونەمان هاندەرێکی باش دەبێت بۆ ئەوەی بتوانین لە داهاتوودا زیاتر گرنگی بە موزیکای رەسەنی کوردی بدەین.

تێبینی/ ئەم ریپۆتاژە لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٣٦٠٦ رۆژی هەینی ٢٥-٢-٢٠٠٥ بڵاوکراوەتەوە.

کوردستانی نوێ
KURDISTANI NWE
No:3606 Friday 25/2/2005
ساڵی چواردەهەم- ژمارە (٣٦٠٦) هەینی ٢٥/٢/٢٠٠٥

رووەو هونەرێکی کوردیی رەسەن و هاوچەرخ

بەشداربوونی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر لەهونەرمەندان و شەیدایانی هونەری موزیکی کوردی، دوێنێ سەعات (٤)ی ئێوارە، یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان ئۆڤێر ئیاری (رووبەرووی هونەرێکی کوردیی رەسەن و هاوچەرخ) دروستی ئیستیڤاڵی موزیکای کوردی لەهۆڵی سلێمانی بەرپابەرە.



تیپی مۆسیقای شنۆرێ



مستەفا رەجەبۆ

سەرەتای فیستیڤاڵەکەش سەرجەم ئامادەبوران ساتێک بەمێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان رەمتان، پاشان قەرەبەدن دارتاش ڕیاری بەکێتیی هونەرمەندانی کوردستانی خوێندەوە، دواتر بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەرتەیەکیدا ڕیسای بەخێرهێنانی میوانان و هونەرمەندان بۆ شاری سلێمانی، باسی لەگرنگیی فیستیڤاڵەکە کردو هیوای خواست کەکارو هەنگاوەکانی هونەرمەندان هاندەرێک بێت بۆ پێشخستنی موزیکی کوردی.

دواپەدوای ئەوە تیپی هونەرمیللییەکانی هەولێرو تیپی سەنتەری گەلەیانی زاخۆو تیپی مۆسیقای شنۆری بەرهەمەکانیان پێشکەشکرد.

شایانی باسە، دوالایەرە لەهۆڵی فیستیڤاڵەکەدا چەند بەشداربوویەکی بەمشێوەیە دراند:

***مستەفا رەنجەبۆ:**

-ئەم فیستیڤاڵە، فیستیڤاڵێکی سەرکەوتوو دەبێت و دەستخۆشی لەهەمووبان دەکەم و خۆزگە هەر چوار پارچەکەی کوردستان بەشدار دەبوون، چونکە هەموومان یەک زمان و میژوومان هەیە، ئەم فیستیڤاڵەش دەبێتە هۆیەک بۆئەوەی یەک بگرینەوە شتێکی جوانە، پێنوایە زۆرچاک خزمەتی هونەریی کوردی دەکات و بۆار بوایە لەهەر وەرزێکدا لەبارچەیەکی کوردستان ئەم فیستیڤاڵە بکرایە. ئێمە وەکو تیپی



شەوکەت محەمەد

هونەرە میللییەکانی هەولێر بەسی بەرهەم بەشداربیانکردووە.

لەدنیای هونەرو رووناکبیریدا

هەڵە بچە

لەدرێژەی چالاکییەکانیدا، ئاوەندی رووناکبیری هەڵەبجە، ڕۆژانەی (٢٣-

شەوکەت محەمەد:

-ئێمە وەک خەڵکی بادینان یەکەمجارە بەشداریی دەکەین، دەبینم ئەم فیستیڤاڵە زۆر خزمەتی هونەرمەند دەکات وەک تاقیکردنەوەیەکی هونەرمەندانە زۆر خۆشحاڵین بەبەشداریمان لەم فیستیڤاڵەو دەستخۆشی لەهەموو تیپەکان دەکەم.

***لینا جەلال ئەمین:**

-هەست بەخۆشییەکی زۆر دەکەم کە لەگەڵ تیپەکەمدا لەم فیستیڤاڵە بەشداربین، چونکە دڵنیام ئەم بەشداربوونەمان هاندەرێکی باش دەبێت بۆئەوەی بتوانین لەداهاتوودا زیاتر گرنگی بەموزیکای رەسەنی



لینا جەلال ئەمین

کوردی بدەین.

راژ-کۆسار قۆزۆ/حەمەمەمەر

کەرنەڤاڵی لاوک و حەیران و هۆرەو سیاچەمانە

دەزانن گەلۆ، ئەمن هاتوومە کەرنەڤاڵی عەشق بهۆنمەوە، من هاتووم و دەمەوێت چوارپرچ بهۆنمەوە، وەک زەنگیانە یاقوتەکانی کیژە سرکێکی هەورامان و بیدەم لەیەخەی لاوی خۆم لە بادینان، ئەمن دەنگێکی نەمرم، من لەناو چوار تاقی تاشەبەردەکانی هەورامانەوە لەهاژەی چەم و لەخورپەی قەڵبەزەو لەقاسپەی کەو و لە زیکری سۆفیانی خانەقاو لە ملە سەختەکانی تۆڵە رێکانی لای تەلانی ریزکراوی هەورامانەوە ئەڵئەقوڵێم، سەرچاوەی من لەدەنگی سەدای لایەلایەی کنەلەیلە نازدارەکانی هەورامانەوە دێت، لای خانی دۆڵێ و دۆڵی هەجیج و دوو ئاوانەوە دێت، پەکو چەند خۆشە دەنگی من لەتەک لاوکی بادینان ئاوێزان بێت.

سەدای چاو رەشەکانی لای هەورامان تێکەڵ بەخەمی کیژە هەولێرییان بێت و ئەو ساتانە لاوک ئاوێزانی هۆرە بێت و سیاچەمانەش گۆرانی عەشق بۆ لاوک بچڕێت، پێکەوە هەموو دەستەو پەنجە ناسکەکان تار بژەنن، سەنتور لێبدەن و دەف بۆ خۆی هەڵپەڕێت و جۆزە وەک دارگوێزەکانی هەورامان رستەی جوان جوان بەش بکات بەسەر منالاّنی ئەم دەڤەرەدا.

ئەدی نازانن سیاچەمانە دەنگی زوڵاڵی چاوڕەشەکانی هەورامان، وێنەی رەنگاورەنگی زوڵفی شۆڕی کناچەکانی لای هەورامانی تەخت و لهۆنە، پشتوێنی رەنگاورەنگی ئاڵ و والاّی بەرکەمەر و دەنگی هەیاسەی لای شاخ و دۆڵەکانە (سیاچەمانە – سیاچەمانە – بەهەشتی عەشقە ئەم هەورامانە) ئەمە کت و مت لەڕووی فەلسەفەوە دەنگێکی ئێجگار سیحراوییە ئەزانن بۆ؟ چونکە لەگاتاکانی زەردەشت و لەسووتەکانی ئاڤێستاوە سەرچاوەی گرتووە، ئەمن لەپیری موغانەوە ئیلهامی لەرینەوەکانی ناخم پێشکەش دەکەم، ئاخر نازانن بۆهێندە چڕینەکانم بەسۆزن، چونکە دەیان ئاهو حەسرەت و عەشقی کپکراوی ئاخنراوی لەگەڵ شەپۆلەکانی زەڵمدا لەناو ناخی خۆیدا حەشارداوە، دەیان چیرۆکی (یۆسۆ ئاسکەی) لەپێچی مێزەرەکەی خان ئەحمەد خان دا مەڵاسداوە، خۆی بۆ دەنگی حەسرەتێکی مرۆیی پڕ ئەوینی بارگەکراو بەهۆنینەوەکانی رستەی جوانی و مرواریییەکانی بن زیخی کانیاوەکان هەڵگرتووە.

Institut kurde de Paris

بۆچ نازانن لەبن کانیاوە روونەکانی لای هەورامان چەندین عەشق کپکراوە؟ ئەدی نازانن بۆ تاشەبەردەکانی هەورامان چەندین دەنگی عاشقانی بێ ئاکام کراوە، ئای لەو مێژووە چەند سەختە! کە بەهەرهەموومان ناتوانین دەنگی چاو ڕەشەکانی لای نزیکترین جوگرافیا پەیوەست بە ئەمڕۆی ئەوێنداری ڤیستیڤاڵی موزیک بکەین خۆ ئەم جێژنەوارەشمان هەنگاوێکە بۆ ئاسوودەکردنی ڕۆحی سووکی سیاچەمانەکانمان، باوە هۆرەکانمان بەڕاستی پەیڤێکە دەبێ هەموومان وانەی نوێ لەرابردوودا بەدی بهێنین لە دیرۆکی بابردووی رابردوو دەیان رستەی جوان و وێنەی قەشەنگ و تابلۆی سەرسوڕهێنەر بێنێتەدی، لە لەرینەوەی سیاچەمانەکان پەیمانگایەک دروستبکەین بۆ خوێندنی ئەم تەرزانە، لەهۆرەو لاوک و حەیران و سیاچەمانەو پارچەیەک لەملا، گۆشەیەک لەولا، حەسرەتێکی قوڵ لای لاوک و دەنگی کاوێس ئاغا و حەیرانی ڕەسول گەردی و سیاچەمانەی عوسمان کێمنەیی وێنەیەک لە موجتەبا و تابلۆیەک لە خالقی و هارمۆنییەک لای ع.ج.سەگرمەو ... بەهەر هەموو پێکەوە کەرنەڤاڵی ناوازەترین موزیک دروستبکەین، ئەویش وێناکردنی دەنگەکانە لە شێوازێکی چڕ و پڕتر، ناسکتر، ئەکادیمی تر، پاش ئەویش زانستی تر بۆ خوێندنەوەی جوانتر بۆ ئەمڕۆی موزیکی کوردی و پاشەڕۆژی.

تێبینی/ ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی ئاواز لە بڵاوکراوەی تایبەت بە ڤیستیڤاڵی موزیکی کوردی ژمارە ٤ سلێمانی، لە ٢٩-٣-٢٠٠٥ بڵاوکراوەتەوە.

Institut kurde de Paris

کەرنەڤالی لاوك و حەیران و هۆرەو سیاچەمانە

نازاد سالح

دەزانن گەلۆ، ئەمن هاتوومە کەرنەڤالی عەشق بهۆنمەوە، من هاتووم و دەمەوێت چوراپرچ بهۆنمەوە، وەك زەنگیانە یاقوتەکانی کێژەسرکێکی هەورامان و بیدەم لەپەخەی لاژی خۆم لە بادینان، ئەمن دەنگێکی ئەمرم...من لەناو چوار تاقی تاشەبەردەکانی هەورامانەوە، لەهاژەی چەم و لەخورەی قەڵبەزەو لەقاسپەی کەو و لەزیکری سۆفیانی خانەقاو لەملەسەختەکانی تۆپەرێکانی لای تەلانی ڕێزگاری هەورامانەوە هەڵدەقوڵێم... سەرچاوەی من لە دەنگی سەدای لایەلایی کنیەلە نازدارەکانی هەورامانەوە دێت، لای خانی دۆڵێ و دۆڵی هەجیج و دوو شاوانەوە دێت، بەگۆ چەند خۆشە دەنگی من لەتەك لاوکی بادینان شاوێزان بێت.

سەدای چاوەڕشەکانی لای هەورامان. تێکەڵ بەخەمی کێژە هەولێرییان بێت و ئەو ساتانە لاوك ئاوێزانی هۆرەبێت و سیاچەمانەش گۆرانی عەشق بۆ لاوك بچرێت، پێکەوە هەموو دەستەو پەنجە ناسکەکان تار بژەنن، سەتور لێدەن و دەف بۆخۆی هەڵپەڕێت و جۆزە وەك دارگوێزەکانی هەورامان ڕستەی جوان جوان بەش بکات بەسەر منداڵانی ئەم دەڤەرەدا. ئەدی نازانن سیاچەمانە، دەنگی زوڵاڵی چاوەڕشەکانی هەورامان. وێنەی ڕەنگاو ڕەنگی زوڵفی شۆڕی کناچەکانی لای هەورامانی تەخت و لهۆنە...پشتوێنی ڕەنگاوڕەنگی ئاڵ و والای بەرکەمەرو دەنگی هەیاسەی لای شاخ و دۆڵەکانە ... (سیاچەمانە- سیاچەمانە-بەهەشتی عەشقە ئەم هەورامانە) ئەمە کت و مت لەرووی فەلسەفەوە دەنگێکی ئێجگار سیحراوییە، نازانن بۆ، چونکە لەگاتاکانی زەردەشت و لە سروتەکانی ئاڤێستاوە سەرچاوەی وەرگرتووە ئەمن لەپیری موغانەکانەوە ئیلهامی لەبیرەوەکانی ناخم پێشکەش دەکەم، ئاخر نازانن بۆ مێندە چرپنەکانم بەسۆزن، چونکە دەیان ئاهو حەسرەت و عەشقی کپ کراوی ئاخنراوی لەگەڵ شەپۆلەکانی زەلمدا... لەناو ئاخی خۆیدا حەشارداوە، دەیان چرۆکی (یۆسۆناسکەی) لەپێچی مێزەرەکەی خان ئەحمەد خانەدا مەڵاسداوە... خۆی بۆ دەنگی حەسرەتێکی مرۆیی پرنەوێنی یارگەکراو بەهۆنینەوەکانی ڕشتەی جوانی و مروارییەکانی بن زیخی کانیاوەکان هەڵگرتووە... بۆ چ نازانن لەبن کانیاوە ڕوونەکانی لای هەورامان چەندین عەشق کپ کراوە؟ ئەدی نازانن بۆ تاشەبەردەکانی هەورامان چەندین دەنگی عاشقانی بێ ئاکام کراوە.. ئای لەو مێژووە چەند سەختە... کە بەمەر هەموومان ئاتوانین دەنگی چاوەڕشەکانی لای نزیکترین جوگرافیا پەیوەست بەنەمرۆی نەویندارێ فیستیڤاڵی موزیك بکەین خۆ ئەم جێژنەوارەشمان هەنگاوێکە بۆ... ئاسوودەکردنی ڕۆحی سووکی سیاچەمانەکانمان، باوە هۆزەکانمان بەڕاستی پەیڤێکە دەبێ هەموومان وانەی نوێ لەڕابردوودا بەدی بهێنن، لەدیرۆکی بابردووی ڕابردوو دەیان ڕستەی جوان و وێنەی قەشەنگ و تابلۆی سەرسوڕهێنەر بێنێتەدی، لە لەرینەوەی سیاچەمانەکان پەیمانگەیەك دروست بکەین بۆ خوێندنی ئەم تەرزانە، لەهۆرەو حەیران و لاوك و سیاچەمانەو پارچەیەك لەم لا، گۆشەیەك لەولا، حەسرەتێکی قوڵ لای لاوك و دەنگی کاوێس ئاغاو حەیرانی ڕەسول گەردی و سیاچەمانەی عوسمان کێمنەیی، وێنەیەك لە موجتەباو تابلۆیەك لە خالقی و، هارمۆنیەك لای ع.ج. سەگرەمو... بەمەر هەموو پێکەوە کەرنەڤالی ناوازەترین موزیك دروست بکەین، ئەویش وێناکردنی دەنگەکانە لە شێوازێکی چڕو پڕتر، ناسکتر ئەکادیمی تر... پاش ئەویش زانستی تر بۆ خوێندنەوەی جوانتر بۆ ئەمرۆی موزیکی کوردی و پاشەڕۆژی.

Institut Kurdologie Paris

پێشکەشە بەگیانی نورانی موجتەبای میرزادە

هۆ ئەی رستە هۆنراوەکانی موزیک – میلۆدییەکان، ئەی هەموو کەمانچەکان، بۆ نایەن مانبگرن، بۆ هەڵناسنە سەر پێ وێکڕا مەراسیمی پرسەیەک ساز ناکەن؟! هەر هەمووتان پێکەوە ئاوازێکی ناوازەتان لەدەستداوە، وا کەڵە هونەرمەندێکی رۆح سووکی نورانی هێدی هێدی جەستەی ماندووی رۆحی پڕ سیحر و ئەفسوونی رووەو خاک هەنگاو دەنێت، ئەی هەموو میلۆدییەکانی ئەندێشەی میرزادە.. شایی لۆغانی پرسە دانێن، هەی هەموو کەمانچە دارینەکان، هەموو یەک یەک ریزبن و چەندین ریزیش بەسەر پێوە پرسە بگرن، ئەی هەموو پەنجە ناسکەکانی کەمانچە ژەنەکان لەجوڵە بکەون و هەموو وێکڕا پرسەی پەنجە پڕ ئەفسونەکانی میرزادە سازبکەن، هەی زیرەک لەگۆڕ سەردەربێنە لەسەر نااڵەشکێنەوە بڕوانە، هەی هایدەی شۆخ و شەنگ توبی گیانی شیرین گیانت لە مەنفای دوورەوە سەیربکەو .. ئاوازێکی خەمناکتر لە شیرین گیان بچڕە بۆ گیانی میرزادە، چونکە ئەویش رووەو خاک هەنگاو دەنێت، دەسا ئەی خاک تکا ئەکەم هێندە ئازاری جەستەی ماندووی کەمان ژەنە بلیمەتەکەی خاک و ئەوین ئازار مەدە.. ئای ئای مەرگ تۆ لەخودی حەتمەییەت تری چ قەدەرێکی بێ تەفسیر و تۆ چ فەلسەفەیەکت لە بونیادی خۆتدا حەشارداوە، ژیان چییە؟ بوون چییە؟...

من دەژیم واتە هەم، من ناژیم واتە نیم.. ئەی پاش ئەوەی کەمردم هەموو دنیا بەمن چی؟ با چەندین پەیکەر و شیعرو کتێب لەسەر من بنوسرێت، بەچی ئەبێت؟ خۆ تۆ هەست بەهیچ کامیان ناکەیت، با ملیۆنان لەسەر گۆڕم بن پرسە دانێن، چی لەناوەڕۆکی خودی مەرگ دەگۆڕێت... نازانم... لەکام فەرهەنگ وشەکان کۆبکەمەوە وەک گەردانە یاقوتییەک بیکەمە گەردنی رۆحی میرزادەی هونەرمەند .. ئەوە چ عەشقێک لە مۆسیقا و چ خولیایەک لە میهر و چ ئەفسونێک لە هونەر تۆی کردە ئەو کەڵە بلیمەتە.. بە ئەندێشەت، بە پەنجەکانت بەقەوسی کەمانەکەت سوێندت ئەدەم بیری تۆ لەکام کانی هەڵقوڵا، لەکام کێڵگە سەوز ئەبوو؟ لەکام درەخت بەروبوومی دەهاتە بەرهەم؟ هەر لەمنااڵییەوە تاپیری بەرهەمەکانت

Institut kurde de Paris

جوانتر بوون، ناوازەتر ئەبوون، چەشنی بتهۆڤن ئاسا تۆ هەرچەندە تەمەنت ڕێی بکردایە چەشنی درەختێکی بەردار بەروبوومەکەت جوانتر دەبوو، گیانی داهێنانی تۆ درەختێک بوو لە دارگوێز تا کاملّتر دەبوو، بەرهەمەکەی جوانتر و ناسکتر و نەشمیلانەتر دەبوو.. تاک ژەنینەکانی تۆ، نمونەی داهێنان و ئەفراندن بوو، ئەمن لەم چیرۆک و دیرۆکەدا کام دەستەواژەی موزیک کام هێما بەکاربهێنم کە گیانی خۆڕسکی تۆ ئەنجامی نەدابێت.. ئەتۆ چەشنی دەرویێش عەبدولّای گۆران – ی بیلمەت نە حەرفی مەکتەبێکت خوێند نە ئوستادێ پەلی گرتی، صیرف بەرزی زەکا ئەم سنعەتەی فێرکرد بە شمشاّلت . ڕۆحی تۆ گەمەی لەتەک هەموو دەستەواژەکان دەکرد هەر هەمووی خۆرسکانە سنووڕەکانی دەبەزاند، هەموو کۆتەکانی دەشکاند و مامەلّەی لەگەلّ ڕۆحدا دەکرد، ئەو خۆی بۆ خۆی تەلیسمێک بوو لە سیحر بەو دەست و پەنجانە ملیۆنان ڕستەی موزیکی ئەفراندووە، نازانم لە چ نەستێکەوە دەهاتە دەر، بە کەمانچەکەی ئاشنایی لەگەلّ ئەو دەریا بێ بنەدا پەیداکردووە، ئەو دەیان لە گۆرانی بێژان و سەدان لە موزیکژانان و هەزاران لە میلۆدی و ملیۆنان لەرستەی هۆنیوەتەوە، بڕوابکەن هەتا ئێستاش بە ئاسمانی نزیک ئێستگەی کرماشانەوە بە هەزاران لە نۆتەکانی سەر پەنجەی میرزادە سەدای دەنگیان پەخش دەکەن، ئەی نازانن؟ ڤیۆلینەکەی میرزادە و دەنگی زیرەک دوانەیەکی لێکتاّلاّو بوون، بۆ نازانن ئەو لە ڕۆحی خالقیدا بلیمەتی و داهێنان بوو. کام لە ئێوە هەی هونەرمەندانی ئێران بەکورد و فارس و تورک هتد قەرزاری باری ڤیۆلینەکەی میرزادە نین؟ هایدەی شۆخ، مەهەستی، حومەیرا، گوگوش، گولّپایگان، ئیرەج... هتد.

ئای چەند ڕۆحت ئاسوودەیە تۆ بۆ گەورەترین و بلیمەتترین هونەرمەندی زەمانی خۆت ڕستەی میلۆدی جوانت هۆنیەوەتەوە، گوێت لەدەنگی هایدەی شۆخ و مەهەستی و زایەلّەی دەنگی ئیرەج بووە، دەزانی گیانی تۆ دەریایەک بوو لە داهێنان، ڕووباریّک بوو لە عەشق، کانییەکی ڕوون ڕوون لە ژیان، ئاوی کانی لەبن چەو و زیخەکاندا هەمیشە لە هەلّقولّیندایە، ئەتۆ مرۆڤێک بوویت لە جەستەو ڕۆح، کامیان لە پێش کامیان لەدایک بوو، ئەی چۆن ژیایت؟ ئەی بۆ ئالّودەی مەی و بێهۆشی بوویت؟ تۆ بەو تەمەنەت عاشقێکی بەهرە بەخش بوویت، هەمیشە گیانت عاشقی شۆخ و شەنگەکانی تاران بوو، کامە ڕاهیب دەرسی دادایت کامە

Institut Kurde de Paris

دین و کامە مەزهەب؟ لای گیانی تۆ مانادار بوو، هەی ڤیۆلینە مێردمندالّەکە کێ ئاشنای کردی بە زیرەک؟ کام ڕێکەوت بوو؟ تۆیەکی تەمەن حەڤدە هەژدە ساڵ لەگەڵ حەسەنی هەگبەی خەم بناسێنێت، چۆنت ناسی یەکەمین جار تۆ کرماشانی و ئەو بۆکانی، چۆن ڕۆحتان ئاوێزانی یەکدی کردو ئەو بەرهەمە ناوازەیەتان بۆ مێژوو خولّقاند، هەرچەند دەکەم سیحری گیانت بخوێنمەوە ناتوانم هەروەک دیاردەکانی سروشت و سوڕانەوەی مانگ و شەو ڕۆژو چاکەو خراپەو خودی مەرگ دژوارن، هەمیشەو هەمیشە هونەرمەندان و شاعیران ژیان بەخشن نەک مەرگ بەخش، ئەوان ناتوانن هەرگیز پیاوێک بکوژن چەشنی سیاسییەکان، ئەوان هەمیشە ژیان دۆستن نەک مەرگ دۆست، شتێکی سەوداسەری هونەری خۆڕسک نازانم چۆن بەو کەمانەت عاشق بووم هەر لە منالّییەوە دەمزانی سەدایەک دێت گوێم پڕ ئەکات لە نەشئە، لە ئیزگەی کرماشانەوە تێکەڵ بەدەنگی شوکرەلّای بابان ومیدیای زەندی و بەرنامەی هەوارگەی دلّان، جار جارەش گۆرانییەکی زیرەک سەدایەکی زۆر سەیری هەبوو، گۆرانییەکان زۆر سەیربوون بەدەیان وسەدان لەکرماشان دەهاتن بۆ هەلّەبجە بۆ گەڕەکەکەمان لەناو رادیۆکەماندا دەنگیان دەدایەوە، وەک قومری، نالّەشکێنە. ئەسمەرێ، نەورۆز، شیرین تەشی دەڕێسێ، بۆنی هەلّالّان دێ، ئەوە خودی میرزایە تێکەڵ بەدەنگی زیرەک و خالقییە پەخش دەبێت. ئەتۆ چ بوویت کورد بوویت یان فارس گیانی تۆ ئالودەی یا حەقی بوو یان کلتوری کرماشان؟

لەکۆتایی هەموو میلۆدییەکان شای لۆغانی پرسە بگرن بۆمیرزادەو دە ڤیۆلینەکان لە ژەنین بسرەون... دە ئاوازەکان تێر تێر بگرین .. پرسەی ڕۆحتان ئاوێزانی جەستەی مردووی زیرەک و هایدەو موجتەبا بکەن، ئێمەش لێرەو لەوێ هەموو پرسەی ماتەمینی بۆ بلیمەتێک سازبکەین، بۆیە دەلّێم هەی ڕۆ، هەی ڕۆ، عاشقی دنیای موزیک و داهێنان ڕۆ.

تێبینی/ ئەم بابەتە لە پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ ژمارە ٣٧٦٤ لەڕۆژی پێنج شەمە لە ٢٠٠٥/٩/١ بلّاوکراوەتەوە.

Institut kurde de Paris

چرکەساتەکانی پرسەی میلۆدییەکان

پێشکەشە بەگیانی نوزانی موجتەبای میرزادە

نازاد سالح شنرۆی

هـۆ ئـەی رسـتە هـۆزراوەکـانی مۆزیک-میلۆدییەکان- ئەی هەموو کەمانیچەکان. بۆ ناپەن مان بگرن- بۆ هەڵبەستە سەریی وێکرا سڕاسیمی پرسەیەک ساز ناکەن؟! هەر هەمووتان پێکەوە نازاڵزێکی نازاڵزمان- ئەوەست داوە- وا گەلە هونەرمەندێکی ڕۆح سپڕکی نوورانی هێندی هێندی جەستەی بادەوی ڕەهی پڕ سیحر ئەخسڵتی ڕووەو خاک هەنگاو دەنێت، ئەی هەموو میلۆدییەکانی ئەندێشەی میرزادە، شایەی ئۆغانی پرسە داسێن، هەی هەموو کەمانچە دارینەکان هەموو یەک یەک ڕیز بن و چەندین ڕیزیش بەسەر یەنوو پرسە بگرن، ئەی هەموو پەفە ناسکەکانی کەمانچەزەنەکان ئەمووڵە پڕ ئەخوونەکانی میرزادە سازکەن، هەی زیرەک لەگۆڕ سەردەهێنمو لەسەر ئاڵەشکێنمو بروانە هەی هایدەی شۆخ و شەنگ ئەبی گیانی شیرین گیانت ئەمەتەق دووڕەو سەبر بکە، و ئازاڵزێکی هەمیشەگۆ لەشێرین گیان بچەڕ بۆ گیانی میرزادە، چونکە ئەبێش ڕووفاک هەنگاو دەنێت. دەسانەی خاڵ تکا دەکەم هێندە نازاڵزی جەستی ماندووی ئەمان ژەنە بلیمەتەکەی خاڵ و ئەوین نازار مەدە. ئای ئەی مەرگ تۆ لەخووی حەقیقەت حەقیقەت تری چ قەدەرێکی پێ تەخسیر تۆ چ فەلسەفەیەکت لەمونیادی خۆتدا حەشارداوە، ژیان چیپە؟ بوون چیپە؟..

من دەڵێم ڕاتە هەم، من ناڵێم ڕاتە نیم. ئەی پاش ئەوەی کە مرۆم هەموو دنیا بەمن چی.. پاچەندین پەیکەرو شەعر کتێب لەسەر من بنووسرێت بەچی ئەبێت. خۆ تۆ هەست بەخێ کامیان ناکەیت. بامیلیۆنان لەسەر گۆڕم بن پرسە دانێن چی لەماوەیرگی خووی مەرگ دەگوڕێت... نازانم. لەگام فەرهەنگ ڕشەگان کۆکەمەوە وەک گەردانە یاقوتێک بیکەمە گەردنی ڕۆحی مۆزادەی هونەرمەند.. ئەوە چ هەستێکی ئەمۆشیار چ خولیایەک ئەمبوو چ ئەشتیاک لەخوێنم تۆی کردە ئەو گەلە بلیمەتە بەندەنیشتت.. بەچەفەکانت!. بەدەبی کەمانەکەت. سوێندت ئەدەم بۆی بۆ ئەگام گانی هەڵگوڵا. لەگام کێبڵگ ساز ئەبوو؟ ئەگام درەخت بەردبووەوسێ دەچانە بەرهەم، هەر لەمندالیەوە تایبەتی بەرهەمگانت جوانتر بوون، نازانم ئەمبوون چەشنی پێنوفڕێ ئاسا بە ئەی نازانم؟ قیولینەکەی مێرزادەو دەنگی زێڕەک دووانەیەگی لێکئاڵاڕ بوون، بۆ بازاڕی ئەو ڕۆحی خاڵفیدا.. بلیمەتی و داهێنانی بوو. گام لەتیو..

لەدارگۆڕ تا کامڵتر دەبوو بەرهەمەکەی جوانتر ئاسکتر ئەخیاڵانتر دەبوو.. تاڵ ژێشەکانی تۆ، ئەرێنەی داهێنان و ئەفراندن بوو.. ئەمن ئەم چیرۆک و دیرۆکەوا کاوەدەستەوازەی مۆزیک، کامە هێما بەکاربهێنم کە گیانی خۆرسکی تۆ ئەفامی ئەدایەت.. ئەتۆ چەشنی دەرێش عەبدوڵا-ی گوران-ی بڵیمەت ئەمەرۆی مەکتەبێکت خوێند ئەنوستادی پەڵی گرتی، حەرف بەرزی زەکا ئەم سیفەتەی فێرکردی پەخشانتا- ڕۆحی تۆ گەمەی لەتەک هەموو دەستەژاکان دەکرد، هەر هەمووی خوزسکانە ستوورەکانی دەمهێنا هەموو گۆتەکانی دشکاندو مامەڵەی لەگەڵ ڕۆحدا دەکرد. ئەم.. خۆی بۆ خۆی، تایبەستیان بوو لەسەر بەم دەست و پەفانە ملیۆنان ڕستەی مۆزیکی.. ئەفڕاندووە.. ئەزانم ئەوج نەستێکەوە دەهاتە دەر، بەگەمانچەکەی ئاشنایی لەگەڵ ئەمە دەرپا پێبندا! پەیداکردووە، ئەم دیوان لەگۆرانیپێژان و ستران ئەموزیکەکاران و هەزاران ئەمبیلودی و ملیۆنان ئەرستەی هونیەوە، بڕوا بکەن هەتا ئێستاش بناغەیانی نزیک ئێستگەی کرماشانەوە مێرزادە ستەای دەنگیان پەخش دەکەن، ئەی نازانن؟ قیولینەکەی مێرزادەو دەنگی زێڕەک دووانەیەگی لێکئاڵاڕ بوون، بۆ بازاڕی ئەو ڕۆحی خاڵفیدا.. بلیمەتی و داهێنانی بوو، گام لەتیو..

هەی هونەرمەندانی ئێژان بەکوردو فارس و تورک.. هەند قسەزاری باری قیولینەکەی مێرزادە نێ؟ هایدی شۆخ، مەحمەستی، هیوا، گوگوش، گوڵپایگان، ئیرج، هتد.

ئای چەندە ڕۆحت ئاسوودەبە، ئێ بۆ گەورەترین و بڵیمەترین هونەرمەندی زەمانی خۆت ڕستەی میلۆدی جوانت هونیوەتەوە، گوێت لەدەنگی هایدی شۆخ و مەحمەستی و زایەڵەی دەنگی ئیرج بووە، دەزانی، گیانی تۆ.. دەبایەلی بوو لەداهێنان، ڕووبارێک بوو لەمەشق، کانیەکی ڕووان ڕووان، لەزیان، ئاوی کانی ئەمن چەمۆ زەمەکانیدا هەمیشە لەهەڵقوڵین دایە. ئەئێ مرۆڤێک بووبت لەمەستەو ڕۆح کامیان لەپێش کامیان لەداکیبوو.. ئەی چۆن زیایت، ئەی بۆ ئاسوودەی مەی و بێهۆشی بووبت، ئێ بۆ ئەمەنەت عاشقێکی بەهرە بەخش بووبت هەمیشە گیانت عاشقی شۆخ و شەنگەکانی تاران بوو.. کامە ڕاهیبە دەرسی دادایت کامە دین و کامە مەزهەبت.. ئای گیانی تۆ مانداڕ بوو.. هەی قیولینە مێدەمندالەکە کێ ئاشنای کردی بەزیرەک کام ڕێکوت سوو.. ئێوەکێ ئەمەن هەڵدە هەمزادە سااڵ، لەگەڵ حەمەی هەڵگیت خەم، بناسێنێت، چۆنت ناسی بەگەمین جار ئێ کرماشانی و ئەم بۆکانی. چۆن ڕۆحتان تاریزانی بەگەدی کردو ئەم بەرهەمە ناڕاوبەختان بۆ مێزوو خوڵقاند. هەرچەند



ئاڵەشکێنە، ئەمەرۆ، ئەووڕۆ، شیرین ئەشی دەربێسی، بۆنی هەڵاڵان دی، ئەوە خودی میرزادەیەو ئیکبڵ بەدەنگی زیرەک و خاڵفیبە پەخش دەبێت. ئەئێ ڕۆح بۆ بوویت کوردە سووربێست یەسان ئاسمانەوە یاخۆ ئەوە ئەی گیانی ئێ ئاسمانەوەی یاخۆ بوو یان کلتووری کرماشان.

موجتەبای میرزادە

لەکۆتایی هەموو میلۆدییەکان شای ئۆغانی پرسە بگرن بۆ میرزادەو دەقیولینەکان لۆژنین پسڕۆن. دە ئازاڵزکان ئێرە ئێرە بگرن. پرسەی زۆرخنان ئاریزاسی جەستی مردوی زیرەک و هایدەو موجتبا بکەن. ئێمەش ئێوەو ئەوی هەموو پرسەی ماتەمینی بۆ بلیمەتێک ساز بکەین، بۆیە دەڵێم هەی ڕۆ هەی ڕۆ عاشقی دنیای مۆزیک و داهێنان ڕۆ.

Institut kurde d

ریپۆرتاژ

خراپی ئابووری (شنرۆ)ی دوورخستۆتەوە

سابات – سەروەر محەمەد

هەرچەندە تیپی مۆسیقای شنرۆ سالانێکی زۆرە کاردەکات و وەک سەرپەرشتیارەکەشی دەڵێت: لە ئێستادا خراپی باری ئابووریان دووری خستوونەتەوە، بەڵام بەڵێنی دانەبڕان بە هەوادارانیان دەدەن.

تیپی مۆسیقای شنرۆ، یەکێکە لە تیپە دێرینە ناودارەکانی کوردستان و لە ساڵی ١٩٧٣دا لەسەر دەستی چەند لاوێک لە هەڵەبجە دامەزراوە.

ئازاد سالح سەرپەرشتیاری تیپی مۆسیقای شنرۆ، ئاماژە بەوە دەکات یەکەم ئەندامی تیپەکەیان مستەفا کەمال بووە کە ئێستا دانیشتووی شاری هەولێرە و دواتر چەند هونەرمەندێکی تر هاتوونەتە تیپەکەیانەوە، لە لێدوانێکدا بۆ سابات وتی: (ئێمە کە تیپەکەمان دامەزراند بیرمان لەوە نەکردبۆوە خزمەتی گەلی کورد بکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خزمەتمان کرد) لەساڵانی رابردوودا و غەریبی و دەردەسەری شارەکەیان تیپی شنرۆیی دانەبڕی لەکاری هونەری بەڵام ماوەیەکە شنرۆ بێ بەرهەمە، سەرپەرشتیارەکەشی هۆکارەکەی بۆ خراپی باری ئابووری تیپەکەیان و هان نەدانیان گەڕاندەوە. وتی (ئەمڕۆ بەگشتی هونەر لە قەیراندایە، ئیمەش بەشێکین لەو قەیرانە) بەڵام باسی لەوە کرد : کە بەنیازن لەم ماوەیەدا لە چەند بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنیدا دەربکەونەوە.

سەرپەرشتیاری تیپەکە بۆ سابات وتی (ساڵی ١٩٩٧ چووین بۆ هەڵەبجە لەگەڵ سابیر کوردستانی، برادەرێکمان لەگەڵ بوو ، پێڵاوەکەی کاک سابیر شاردەوە، ئینجا نزیکەی پەنجا پێڵاوی لێبوو، کاک سابیر هەر دەستی بەسەر پێڵاودا ئەهێنا و ئەیوت ئەمە نییە، دواجار دەستی بۆ پێڵاوێک برد و وتی ئەمەیە، وتمان چۆن دەزانیت؟ وتی بە گوڵەکەی دەیناسمەوە.

تێبینی/ ئەم ریپۆتاژە لە رۆژنامەی رۆژنامە ژمارە ٦٤٦ لە رۆژی سێشەمە ٩-٨-٢٠١١ بڵاوکراوەتەوە.

Institut Kurde de Paris

چاوپێکەوتن

هونەرمەند ئازاد صاڵح :

وەک هونەرمەند هێندەی بۆم کرابێت بەشداریم کردووە لە ڕەوتی هونەری مۆسیقا

دیداری / موحسین یاسین

مۆسیقا وەکو خۆراکی گیان وایەو مێشکی مرۆڤ ئارام دەکات و دڵی مرۆڤیش شاد دەکات.

هونەرمەند (ئازاد صاڵح) کەمانچە ژەنی دەستڕەنگین و داهێنەر، هاوڕێی گیانی بەگیانی هەمیشەیی هونەری مۆسیقای کوردی و ئامێری کەمانچە، لەدیمانەیەکی هونەریدا بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی دایناوە:

ـ چۆن پێناسەی خۆت دەکەیت؟

دەڵێم من باوەڕم بە بەها مرۆییەکانی مرۆڤ هەیە کە دەبێت هەر هەموو ژیانێکی شایستە بە حەزوئارەزووەکانیان دابین بکەن، وەک هونەرمەندیش هێندەی بۆم کرابێت بەشداریم کردووە لەڕەوتی هونەری مۆسیقاداو زانستیانە لەبواری جیاجیاکاندا هەر لە ژەنین و ئاوازدانان و باری تێۆرییەوە تەنانەت نوسینەوەش لەلایەن ستاتیکیەکەوە دەڕوانمە ئەم هونەرە مەزنە.

ـ گۆرانی بێژی ئەمڕۆ چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

لەمۆسیقای ڕۆژهەڵاتدا گۆرانی بێژ لایەنێکی سەرەکی هونەری مۆسیقایە، تەنانەت لە کوردییدا کە باس لە مۆسیقا دەکرێت دەوترێت (گۆرانی و مۆسیقا) کە پەیوەندییەکی جەدەلی لەنێوانیاندا هەیەو تەواوکەری یەکترن.

گۆرانی بێژی شیاویش بەچەند خاڵێک هەڵدەسەنگێنرێت لەوانە تۆنی قوڕگی جوانکاری تێدابێت، لەرینەوەی دەنگ، هەناسە درێژی، شارەزایی لە لایەنە جیاوازەکانی وتن هەبێت واتە (اداء)ی چاک بێت، شارەزایی لە نۆتە خوێندنەوە، هەرچەندە ئەمە لای ئێمە دەگمەنە، گۆێندە (مقامات) لێکجیابکاتەوە، لەم گۆێندە بۆ ئەو ئاڵوگۆڕ بکات، لەگەڵ ئیقاعدا بگونجێت، زۆر وردەکاری تر، کە دەچێتە بواری تیۆری مۆسیقاوە.

Institut Kurde de Paris

ـ وەک هونەرمەندێکی مۆسیقاژەن تێڕوانینت چییە بەرامبەر بەو تازەگەرییەی ئەمڕۆ کە لە مۆسیقادا بەرچاو دەکەوێت؟

هونەر وەک هەموو لایەنەکانی تری ژیان لەگۆڕاندایە وە (جوڵە) واتە گۆڕان لە هەموو ئاستەکانی ژیان دەماودەم دەگۆڕێت، تەنانەت لە خودی خانەکانی مرۆڤدا لە چرکەیەکدا بە ملیۆنان خانە لەناو دەچێت، لە جێگای خانەی نوێ دروست دەبێتەوە، تەنانەت ئەو رووبارەی کە پیایدا دەپەڕیتەوە هەر هەمان رووبار نییە کە دووەمجار دەپەڕیتەوە، چونکە ئاوەکەی هەمان ئاو نییە، ئەی دەبێت چۆن هونەر لەگۆڕاندا نەبێت کە جوانترین دەربڕینە لە هەست و نەستی مرۆڤ، بەڵام بە مەرجێک پشت بە زانستی مۆسیقاو لایەنە جیاجیاکانی ببەستێت، ناوەڕۆک وەک خۆی، بەڵکو دەبێت گۆڕانکاری لەسەرجەم بونیادەکەدا بێت، بەهەموو شێوەو دەربڕینەکانییەوە، ئەو کاتە روانینم گەشبینە بەرامبەری، چونکە ئەوەی کە کلتوورە پیرۆز نییە، بەڵکو دەبێت گۆڕانکاری بەسەردابێت.

ـ تیپی مۆسیقای شنرۆ لای تۆ چی دەگەیەنێت؟

یەکێکە لەو تیپانەی کە هەوڵ دەدات کاری جوان پێشکەش بکات و رۆژانە لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکاندا دەژین لەبواری هونەردا، بەڵام بە پێی تواناو بواری لەبار.

منیش وەک دامەزرێنەری ئەو تیپە لەگەڵ چەندانی تر کە لە منادڵییەوە لەگەڵیدا ئاشنابووم و هێندەی کرابێت دریغیم نەکردووە لە دڵسۆزیم بۆی.



پارێزگاران

ژمارە (٢٢) دووشەممە ٢٨ی شوباتی 2000

هونەرمەند ئازاد صالح :

وەک هونەرمەندێکی هێندەی بۆم کرابێت بەشداریم کردووە لەڕەوتی هونەری مۆسیقا

دیدار/ محسن یاسین

مۆسیقا وەکو خۆراکی گیان وایەو مشکنی مرۆڤ ناژیە بەتەنیا دڵسۆزی شاد دەکات. هونەرمەند (ئازاد صالح)ی کەماتچە ژمنی دەست رەنگینو دانێنەر. هاوڕێی گیانی بەگیانی هەمیشیی هونەری مۆسیقای کو. ی.و ماندیری کەماتچە. لەدیمانەیەکی هونەریدا بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی دایەوە

• چۆن پێناسەی خۆت دەکەیت؟

-دڵنیە من باوەڕم بە بەها مرۆییەکانی مرۆڤ هەیە کە دەبێ هەر هەموو ژیانێکی شایستە بەجەرز ناوبرێوەکانیان دابین بکەن. وەک هونەرمەندێش هێندەی بۆم کرابێت

هەبێت واتە (داە) ی چاک بێت

تری ژیان لەگۆڕاندایە وە (جوڵە) واتە گۆڕان لەهەموو ئاستەکانی ژیان دەماودەم دەگۆڕێت تەنانەت لەخودی خانەکانی مرۆڤدا لە چرکەیەکدا بە ملیۆنان خانە لەناودەچێت و لەجێگای خانەی نوێ دروست دەبێتەوە. تەنانەت ئەو رووبارەی کە پیایدا دەپەڕیتەوە هەر هەمان رووبار نییە کەدووەم جار دەپەڕیتەوە چونکە ئاوەکەی هەمان ئاو نییە. ئەی دەبێت چۆن هونەر لەگۆڕاندا نەبێت کە جوانترین دەربڕینە لەهەست و نەستی مرۆڤ. بەڵام بەمەرجێک پشت بەزانستی مۆسیقا و لایەنە جیاجیاکانی ببەستێت ئەو کات هیچ ترسێکی لێ ناکرێت

کاری هونەری لەوانەیە سوود یاخود زیان بە مرۆڤ بگەیەنێ

ئا: ئەژین

(ئاشار الحکیم) ی هونەرمەند، دەچووی کۆلێژی ئادابە بەشی ئینگلیزی لە زانکۆی (عین شمس) ساڵی ١٩٨٠ دەستی بەکاری نواندن کردووە دواتر بۆ ماوەی (٩) ساڵ دابڕا پاشان گەڕایەوە.

دەربارەی سەبەبەکە ئەگەر نیستا زیاتر لە (٢٠) فیلمی نۆمار کردووە (ئاشار الحکیم) دەڵێ: خۆم زۆر بەبەختەوەر دەزانم چونکە کاتێک لەئاوەندی هونەری دووردەکەوتەوە بۆ ماوەی (٩) ساڵ، کاروانی سینەمای میسری لەدەیران دابوو، هەروەها دەڵێ: کاری هونەری هەر هونەرمەندێک مۆنکی بێنەرە بۆیە پێویستە هونەرمەند هەمیشە خەڵکدو مەسەلە کۆمەڵایەتی و دەروونی یەکان بەهەند بگرێت


دەسەلاتدارانی هەولێر بەرپرس لەتەشەنەکردنی تیرۆرو تۆقاندن

بەشداریم کردووە لەمەڕەتی هونەری مۆسیقادا وانسیتانە لە بواری جیاجیاکاندا هەر لەژمێرو ئاواز دانان و باری تیۆری یەوە تەنانەت نووسینەوەش لەلایەنە ستاتیکیەکەوە دەربڕانەم هونەرە مەزنە

«گۆرانی بێژی لەسەرێ چۆن مەلەدەستەکێنیت؟

-لە مۆسیقای رۆژهەڵات دا گۆرانی بێژ لایەنێکی سەرەکی هونەری مۆسیقایە. تەنانەت لە گۆرەیدا کەباس لە مۆسیقا دەکرێت دەورێتریت (گۆرانی و مۆسیقا) کە پێوەندیەکی جەدەلی لە نێوانیدا هەیەو ناتوانرێ یەکێ.

گۆرانی بێژی شیاوبش بەچەند خاڵێک هەلدەستەنگێنرێت لەوانە توانی قورگی جوانکاری تێدابێت. لەرینەوەی دەنگ. هەناسە درێژی شارەزایی لەلایەنە جیاوازەکانی وەتن





Institut Kurde de Paris

لێدوان لە ڕێپۆرتاژێکی ڕۆژنامەوانیدا لەسەر ڤیستیڤاڵی موزیکی کوردی:

سازدانی ئەم جۆرە ڤیستیڤاڵانە بە شێوەیەکی بەردەوام و سااڵنە، یاخود هەموو وەرزێک سازبکرێت کارێکی زۆرباشە، چونکە گوڕ و تین دەدا بە هونەری ئەکادیمی کوردی، ئەو بەرهەمانەی کە بینیتان لە ١٠ڕۆژدا لەدایک بووە، راستە ئێمە وەک دارایی یارمەتی دراوین، بەاڵم ئەو هاندەرە مەعنەویەمان نەبووە، هیوادارم ئەو هاندانە مەعنەوییە لەمەودوا بچێتە پاڵ هاندانە داراییەکە تاوەکو کاری جوانتر و پاکتر بەرهەم بهێنین ولەئەنجامدا بگەینە ئاستێکی باڵای جیهانی.



7

پاریزگاران

٢٨ی شوباتی 2000

گۆشەی چاوێکەوتن

بەریز (بەکر مستەفا محیەدین) سەرۆکی یەکێتی باڵەی کوردستان

هونەرمەند نازاد سالح ... باشماوە

ناوەرۆک وەک خۆی. بەاڵم دەبێت گۆرانکاری لەسەرجەم بونیادەکە دابنێت بەهەموو شێوە دەربڕینەکانەوە. ئەو کاتە روانیمە گەش بینە بەرامبەری چونکە ئەوەی کە کلتوورە پیرۆز نیە. بەاڵم دەبێت گۆرانکاری بەسەردابێت.

ئێمە مۆسیقای شندرێی لای تۆ چی دەگەیەنێت؟

-یەکێکە لەو تیبانەی کە هەوڵ دەدات کاری جوان پێشکەش بکات و ڕۆژانە لەگەڵ ناڵوگۆڕەکاندا دەژین بەواری هونەردا بەپێی تواناوە بواری لەبار

منیش وەک تاک دامەزرێنەری ئەو تیپەم لەگەڵ چەندانی تر کەئەمندالییەوە لەگەڵیدا ناشنا بووم، هێندەی کرابێت درێغیم نەکردووە لەدڵسۆزیم بۆی.

لە یادی ... باشماوە

وە هەروەها توانیوبەتی ڕۆژەی شیعرەکانی لە ڕۆژنامەکانی (ژین)و دەنگی گێتی تازەو گۆڤاری گەاوێژی ئەو سەردەمەدا باڵو بکاتەوە. بەاڵم بەداخەوە ئەم هەموو بەرهەمە بەنرخو بەپێزەی گەلەبواری دڵداریدا پێشکەش نەتەوەکەی کرد لەڕۆژی ١٩٩٤/٢/٢٦ داو بۆ یەکجاری لە شاری

ئاکادیمیەک لە یەکێتی باڵەی کوردستان

بەریز هەڵۆ ڕواندزی ... باشماوە

عیراق بەگشتی و هتد بڕۆگرامەکانی بەخشڵکەری، بۆیە بەم بۆنەیەوە بەڕێوەبەرایەتی ڕادیۆی پارێزگاران باڵێتی جەماوەری پێردەوام و پێشکەوتنێکی بەرچاو دەدات بۆ خزمەتکردنی زیاتری جەماوەر و تۆڕەکانی کۆمەڵگەکەان. سااڵو لەو کارەندانەی کە نەیانتوانیوە دەنگەنە سلێمانی و لەهەولێر کەمارۆدران. سااڵو لەو کارەندانەی کە دامەزرێنەری ڕادیۆی پارێزگاران بوون. سااڵو وەفا بۆ ئەو کارەندانەی کەلەشاری سلێمانی بە پیرمان وەهاتن.

سااڵو لەبەکەم ڕۆژی پەخشی دەنگی سەربەخۆیی لە شاری هەولێر

بەریز محەمەد کەساس ..... باشماوە

گۆمەاگای مرۆڤایەتیدا. لەفەرهنساو بەریتانیاو هۆاندا دەیان ڕێکخراوو گروپی ڕۆشنبیری هەن کە هەریەکەیان بەجۆرێک لە جۆرەکانی خزمەت بەبواری ڕۆشنبیریو کەلتووریبەکەی خۆیان دەکەن وباشترین بەرهەمیش لەلایەن هەموویانەوە پێشوازی گەرمی لێ دەکرێت (دوور لە جیاوازی فکری).


نیستاش کە (یانەی قەڵەم) بەهەوڵ وماندووبوونی چەند نووسەرو


Institut du monde de Paris


فیستیڤالەکە لەلایەن بەکێتی هونەرمەندانی کوردستانەوە جێگەی بایەخ و ڕێزلێنانە.
تیپە بەشدار بووەکانی دووەمین فیستیڤالی کوردی پێک هاتووە لە:
•لەسلێمانی: تیپی موزیکی سلێمانی، کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان، مەڵبەندی گشتی، تیپی موزیکی مەولەوی، گرووپی سەماکە، تیپی موزیکی شۆڕش.
•لەهەولێر: تیپی مۆزیکای هونەرە میللیەکانی هەولێر، گرووپی نالی.
•لەدهۆک: تیپی موزیکی شۆرەشگێڕ، تیپی موزیکی سۆلاۆ..
•لەزاخۆ: تیپی مۆزیکای سەنتەری گەنجان.
•لەدهرەبەندیخان: تیپی مۆزیکای دەربەندیخان.
•لەڕواندزو سۆران : تیپی مۆزیکای شاکار.
•لەشارەزوور: تیپی مۆزیکای شارەزوور.
•لەکۆیە: تیپی مۆزیکای باواجی، تیپی موزیکیی گەنجان.


عەبدوڵا زێڕین


سەلاح ڕەووف


نازاد سالح


جەلال سەعید


وریا ئەحمەد


مستەفا ڕەنجەڕۆ

بەستراوەتەوە بەهونەرو مۆسیقای نەو میللەتەوە، سازدانی ئەگەرە فیستیڤالانە ئەوە دیاری دەکات کە بایەخێکی گرنگ دراوە بەهونەرو شارستانیەت، من لەو بڕوایەدام سازدانی نەگەرە فیستیڤالانە دەبێتە هاندەرێکی گرنگ بۆ بەرەو پێشڕەوچوونی هونەرو بەرزکردنەوەی ڕۆڵی هونەر لەنار گەلی کوردستاندا.

عەبدوڵا زێڕین-هونەرمەند:

ئایا بەهەمە بەشداربووکان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

-من ناتوانم بڵێم ١٠٠٪ بەهەمە بەشداربووەکان سەرکەوتوو بوون، بەڵکو دەکرێت بڵێین لە٩٠٪ سەرکەوتوو بووە، تیپ هەبوو زۆر باش بوو، تیپ هەبوو مامناوەندی بوو.

تیپی مۆسیقای شەنبۆی:

١-گۆرانی (سێ چرپکەو وەرزێک سازبکرێت کاریگەر زۆربێت، چونکە گۆرانیەکە بەهۆنەری ئەکادیمی کوردی، ئەو بەرهەمانەی کە بینیتمان لە(١٠)ڕۆژدا لەدایکبووە، ڕاستە تێنە وەک دارایی یارمەتی دراوین، بەڵام ئەو هاندەرە مەعنەویەمان نەبووە، هیوادارم ئەو هاندانە مەعنەویە لەمەودوا بچێتە پاڵ هاندانە دارایەکە تاکو کاری جوانتر پاکتر بەرهەمبهێنن و لەنەخامدا بگەینە ئاستێکی باڵای جیهانی.

٢-گۆرانی (پەری شێوە) هونەراوی (گۆران عەباس) ئاوازی (کامەران محەمەد) وتنی (دانا مستەفا).

٣-گۆرانی (یاد) هونەراوی (نۆرکلۆڕ) مۆسیقار دابەشکردنی (ئاراز نوری) ئاوازو وتنی (ئیسماعیل ساوری).

٤) پرۆگرامی ...ەمەی تیپی ...ەرە میللیەکانی ...تیپێکرد کە ...یکەاتبوون لە: (خۆشویستم) ...ەجەرز) وتنی ...

(مەمەڕەشینە ...ەجەرز) وتنی ...

(بینینە دڵ) ...ەجەرز) وتنی ...

جەلال سەعید) ...ی فیستیڤالەکە ...سیاری (داخۆ ...یڤالی لەهۆرە ...ێ بۆ هونەری ...ردی؟) وتنی: ...م فیستیڤالی ...یە بەشێتیکی ...کە لەژێر سایەی ...سەرکەوتنەکاندا ...بەبۆنەی ئەو ...ە یەک کۆمەڵ ...ان کێبونەتەوە ...ی کوردستانەوە ...ادەبون، ئیستر ...لەنار ئەو ...بۆڕی سەیری ...حکەمەندانە ...کە بەچاری ...هاندەری ئەو ...ەردو پێشمان ...ن هونەرەکەی ...ە پاڵ هونەری

...سەرکی تیپی

...سەرەتادا ...ەکەم لەم ...سوراوانی ئەم ...ە توانیان ...ۆر بگەنە ئەو ...هموو گرووپە ...کوردستانەو ...خزمەت بەو ...ری گۆرانی و ...دەتوانم بڵێم ...دەیەکی ڕۆژ ...ت، هیوادارم ...ێك نەهۆرە ...از بکرێت و ...ەفیستیڤالی ...چونکە ئێمە ...ۆر پشتگوێ ...هونەر بەرزکردنەوەی ڕۆڵی ...هونەر لەنار گەلی کوردستاندا.

عەبدوڵا زێڕین-هونەرمەند:

ئایا بەهەمە بەشداربووکان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

-من ناتوانم بڵێم ١٠٠٪ بەهەمە بەشداربووەکان



نازاد سالح-سەرکی تیپی شنۆی:

-سازدانی نەگەرە فیستیڤالانە بەشێوەیەکی بەردەوام و سالانە یاخود هەموو ڕۆژێک سازبکرێت کاریگەر زۆربێتە، چونکە گۆرێنی دەدا بەهونەری ئەکادیمی کوردی، ئەو بەرهەمانەی کە بینیتمان لە(١٠)ڕۆژدا لەدایکبووە، ڕاستە تێنە وەک دارایی یارمەتی دراوین، بەڵام ئەو هاندەرە مەعنەویەمان نەبووە، هیوادارم ئەو هاندانە مەعنەویە لەمەودوا بچێتە پاڵ هاندانە دارایەکە تاکو کاری جوانتر پاکتر بەرهەمبهێنن و لەنەخامدا بگەینە ئاستێکی باڵای جیهانی.

ڕۆژی دووەم:

Rizgari Kurdistan Party

نازانم چۆن وەک دەنکە زیخی ناوی کانیاوی خەیاڵم کۆبکەمەوە وەک ملوانکە بیهۆنمەوە بیکەمە مل و گەردنی دەنگ و ئاوازەکانت، تۆ ئەی نەوڕەس و عەندەلیبی هەناسەی شەتاوی کەرکوک، قەتاری کاروانی مەقامی خاوکەرو ئەڵاوەیسی و ئای ئای و هیجران و گەڕەکەکانی ڕەحیم ئاواو ئیمام قاسم و تەپە، دەشتی لەلایلان و کاکی بەکاکی گەرمیان، تۆ هەر لەتەمەنی مێردمنداڵی و هەرزەکارییەوە گۆشکراوی، سەداو دەنگی عەلی مەردان و سەلاح داودەو حسێن عەلی و چەندینی تر بوویت بەو کلتوورە دەوڵەمەندە بوویت، خۆڕسکانە فێری هەموو وەزن و مەقامێک بوویت، لە تولانی هەتا کورتی بەچریکەی دەنگت و ئاشنابوون، هەستی داهێنەرانەت تێدا خوڵقا بە لەدەستدانی بینایت هێندەی تر ڕۆچویتە ناو قوڵایی ناخی خۆتەوە، هەموو جوانییەکانت لە ئاوازو شیعرو گۆێگرتنەوە لە مێژوودا نمونەی ئەو داهێنەرانە زۆرە هەر لە ئەبوعەلای موعەڕی و تەها حسێن و دکتۆر کامیل بەصیر ، ئەوان لەبواری شیعر و ئەدەب، تۆش لی ژیانتا دەست گیرۆیت بکرایە کەمتر نەئەبوویت لەگەورە ئاوازدانەری نابینای میسری عمارالشریعی، چونکە هەر لەو کاتەوە ڕێگای بەغدات گرتەبەرو بەرەوئیزگەی کوردی بەغدا ڕۆشتیت و بە مەقامبێژی گەورە عەلی مەردان ئاشنابوویت و چەند گۆرانییەکت تۆمارکرد، وەهەمیشە خولیای ئەوە بوویت کە خۆت داهێنەری ئاوازو شیعرەکانت بیت و هەرواشت کرد و لاسایی کەرەوە نەبیت و خۆت بیت لەناخی خۆتدا و تابوویتە قوتابخانەیەکی هونەری بۆ خۆت و هەرواشت کرد، تۆ (نە حەرفی مەکتەبێکت خوێندو نە ئوستادێ پەلی گرتی، صیرف بەرزی زەکا ئەم سنعەتەی فێرکرد بە عود و شمشاڵت)، هەر ئاوازێکت، شیعرێکت ڕەنگدانەوەی چیرۆکێکی ڕاستەقینەی لە پشتەوەیە.

ئەمیرە، بەڵێن بێ ئیتر، غەریبم، و چەندینی تر، نابینایت هێندەی تر ئاوازەکانی جوانتر کردبوویت، هەر لەسەرەتای حەفتاکانەوە نازناوی کوردستانیت هەڵبژارد و تا ئێستاش کەس نازانێت ناوی ڕاستەقینەی باوکت چییە؟ بەخۆشمەوە هەموو وا ئەزانین کوردستان ناوی باوکتە، هێندە هەستی نەتەوایەتیت تێدا بەرجەستە بووبوو لەکەرکوکی تەعریب و تەبعیس کراودا بەم هەستە جوانەت چەندین

Institut kurde de Paris

ئاوازو مەقام و شیعرت داهێنا، وە کاری ئەفراندن لە ناختا چەکەرەی کرد، بەداخەوە هاوڕێ ونبوو و لەدەستچووم، هێشتا زوو بوو بۆ ئەوەی ئەم پەتا نەگریسە جیهانییە (کۆرۆنا) زەفەر بە هەناسەت بەرێت و سیەکانت و جەستەو رۆحت بخاتە ژێر گڵ و دەرگای کراوەی ژیانت کلۆم بکات بۆ ئەبەد سەر بنێیتەوە، چونکە کە یەکترمان ئەدی ئەتگوت کە چەندین ئاوازو شیعری نوێم لایەو توانای تۆمارکردنیم نییەو ئاواتە خوازبوویت کە ئاوازە کۆنەکانت بە شێوازی نوێ تۆماربکەیتەوە بە موزیک و ئامادەکردنێکی پراوپڕ لە کوالێتی و تازەگەری، بەڵام بەداخەوە مردن کە لە حەتمیەت حەتمیەتترە لە نەبوون نەبوونترە، چ قەدەرێکی ئەو تەلیسمەی کە دەستەواژەو مانای ژیان دەگەیەنێتە خاڵی سفر بوون و کۆتایی هەموو ئاواتەکانی فەنا کرد، وەک فەنابوونی هەموو فەناکانی تر، چونکە لە ژیاندا هەموو شتەکان لەدونیا ماندوو بوونە، تەنها مردن نەبێت کە کۆتایی هەموو هیوا و ئومێد و تەنانەت ئازارەکانیشە، تۆ کەسێک بوویت لەوانەی کە ژیانت بەو هەموو ناهەمواری و نەهامەتی و داچوون و هەڵچوونەوە، ژیانت خۆش ئەویست، هەمیشە شیک و پاک و خاوێن و لەسەرخۆ و دەم بەخەندەو قسەی خۆش و گەمە و سوعبەت و کۆڕی دانیشتنی هاوڕێ و دۆستان، ژیانت خۆش ئەویست بۆ ئەوەی بزانیت چۆن دەمریت، لەوانەشە مردن وەک ژیان وابێت کێ ئەزانێت؟ خۆ کەس لەودنیا نەهاتۆتەوە تا بزانێت دۆزەخ یان بەهەشت چۆنە؟ ئایا بوونەوەر وەک کۆمپیوتەرێک وایە کە کوژایەوە ئیتر بیگیان ئەبێت؟ یان کە مردین رۆح لە جەستە جیادەبێتەوەو دەڕوات بۆ ئاسمان؟ ئەمانە هەمووی پرسیاری سەختی وجودین لەوەتەی مرۆڤ فامی کردۆتەوە و چەندین ئاینی زەمینی و ئاسمانی هەر لە بودی و زەردەشتی و یەهودی و کریستان و بە ئیسلامیشەوە کە کۆتایی ئاینەکانە .. هاوڕێی لەدەستچووم هەرچەند مردن دوورت بخاتەوە لێمان، هێندەی دووری هەسارەکانی ئاسمان، بەڵام هەمیشە بە زیندوویی لە یادەوەریمان بەرجەستەیت، لە منداڵانی خەیاڵماندا دەیان چیرۆکی دابڕان هەیە کە ئێواران لەیادماندایەو تا درەنگانی شەو ئەیانلاوێنینەوەو بۆ ئەوەی ئازار نەیکوژێت، چونکە ژیان خەونێکە مردن ئاگادارمان ئەکاتەوە لێی، کاتێک نەزانین ژیان چ مانایەکی هەیە بۆچ هەین؟ کەواتە بۆ دروستبووین؟ ئەی دوای مردن چیمان لێدێت؟ جارێکی تر ئەبینەوە بە شێوازێکی جیاوازتر؟!

Institut Kurde de Paris

ئەمانە هەمووی پرسیاری ئەزەلی مرۆڤە تا هەنوکەش بەوەڵامی هەموو ئاینەکانەوە گومان و پرسیار هەیە و بەچۆنی ئەوان حەقیقەتن، زانستیش بەم هەموو پێشکەوتنەوە بە بیردۆزی تەقینەوەی مەزنیش دەستەووەستانە لە ئاست حەقیقەتی رەها کەواتە ئێمە هەموو بەستەزمانین بەرامبەر بە گەردوونی مەزن و لێکدانەوەی زانستیش، تەنانەت ئەم نەخۆشییە نەگریسە کە گەردوونییەگیانی هەزاران کەسی کردۆتە قوربانی ڤایرۆسێکی نەگریس، هەر زانستە بتوانێت بەری پێبگرێت و لەناوی بەرێت، بۆیە هەموو لەم خەونە خۆش و ناخۆشانەی ژیان نەزان و سەرگەردانین، هەرکەس بەجۆرێک، تۆ بە هونەرەکەت هزرو هەستت سەرقاڵ بوو، چالاکییەکی جوانی ستاتیکایە خۆت سەرقاڵ کردبوو، ئاوێزانی هەست و گیانت بوو، تا دەنگ و سەدات نەمر بێت وەک چۆلەکەی پاسساری و کۆترە شینکە بە ئاسمانی هەستماندا باڵەفڕکێ بات و ناخ هەژێن بێت، نەوە دوای نەوە نەمر بێت، زۆر ماوە بێلێم بەڵام ئەفسوس ئەوە قەدەری هەموومانە.

گیان ورۆحت شاد ـ ٢٠٢٠ سلێمانی



حەسرەتێک بۆ گیانی هاوڕێی هونەرمەند سابیر کوردستانی

نازاد صالح

نازانم چۆن وەک دەنکە زیخی ناو کانیاوی خەیاڵم کۆکەمەوە و وەک ملوانکەو بیهۆنەوە و بیکەمە مل و گەردنی دەنگ و ئاوازەکانت .تۆ ئەی نەورەس و عەندەلیبی هەناسە ی ئەئاوی کەرکوک، قەتاری کاروانی مەقامی خاوکەرو اللە وە یس ی و ئای ئای و هیجران و گەرەکەکانی

رە حیم ئاواو ئیمام قاسم وتە پە ، دەشتی لەیلان و کاکی بە کاکی گەرمیان تۆ .هە ر لە تەمەنی مێرد منااڵی و هە رزەکاریەوە گۆش کراوی سە داو دەنگی عەلی مەردان و سەلاح داودەو حسین عە لی چەندینی تر بوویت بەو کلتوورە دەوڵە مەندە بوویت .خوێرسکانە فێری هە موو وەزن و مەقامێک بوویت لە ئووڵانی هەتا کوورتی بە چریکە دەنگت و ئاشنا بوون .هەستی داهێنەرانەت تیدا خوڵقاو بە لەدەست دانی بینایت هێندەی تر رۆ چوینە ناو قوواڵیی ناخی خۆتەوە هە موو جوانیەکانت لە ئاوازو شیعرو گۆڤارتەوە لە میزوودا ئموئەی ئە و داهێنەرانە زۆرە هەر لەئەبو عەلا المعری و تەها حسین و د.کامل البصیر تا وان لە بواری شیعرو ئەدەب

Institut kurde de Paris

بەشی سێیەم

ئەلبومی وێنەیی

Institut kurde de Paris

Institut kurde de Paris


Institut kurde de Paris

باوکم سالّح مەلا سابیر. سالّی (١٩٦٨) ستۆدیۆ عوسمان



دایکم بەدریە میرزا حسەین بانەیی، لەدایکبووی سالّی (١٩٣٨)
ئەو دایکەی لیرەیەکی خۆی بۆ فرۆشتم بۆ کڕینی یەکەمین کەمانچە



ساڵی (١٩٦٠) . لەگەڵ خانّە حەمە عەلی



ساڵی (١٩٩٦٠) مانّی دایە گەورەم لە گەڕەکی جولەکەکان لە هەڵەبجە

ئەوەی بە پێوە وەستاوە دایە گەورەم (فاتمە ئەحمەد سنەیی). لە راستەوە .ئازاد، کاوە، دایکم بەدریە میرزا حسین بانەیی، منانّەکەی باوەشی بەیانی خوشکم. سەرگوڵی پورە فەخریم. پورە فەخریە منانّەکەی باوەشی سەرنج، سروە، پورە نەجیبەم، ڕوناکی کچی ئەوانەی لە خوارەوە دانیشتون .تەلعەتی پورە نەجیبە و دڵنیایە

Institut kurde de Paris



لەڕاستەوە: خاڵە مەجید، ئازاد، کاوە



مامۆستایان و کارمەندانی قوتابخانەی (الانتصار) ساڵانی شەستەکان کە وانەیان پێ وتوم
لە راستەوە: شێخ عومەر، عەفان نەقشبەندی، زاهیر ئەفەندی، بەڕێوەبەر، ئەحمەد محمود، بیرم نەماوە،
نوری محمد محمود، شێخ ئەکرەم، عبدالله سوور. کارگوزاران: ئەحمەد، عبدالله، محمد

© Institut kurde de Paris



سەیرانی قوتابیانی پۆلی چوارەمی گشتی بۆ سەرچنار مانگی ١٩٧٢/٤/١٣

لە ڕاستەوە: عوسمان محمد سید ئەحمەد.عومەر خورماڵی .ئازاد محمود سەراج.فەوزی ڕەشید.عوسمان مەلا محمد .ئەفراسیاب ئیبراهیم .نەوزاد حاجی ئەمین.عوسمان .هێمن عبدالقادر .ابراهیم عەلی میرزا، فؤاد عوسمان . ئازاد سالّەح



سەیرانی ئەحمەد ئاوا مانگی چواری ١٩٧٢ قوتابیانی پۆلی چواری گشتی

لە ڕاستەوە، ئەوانەی بە پێوەن: عومەر کامل،ئەفراسیاب ئیبراهیم، سەرکۆ ئەحمەد،دواوە: کۆزاد محمد نانەوا دانیشتوەکان: نەوزاد جاجی ئەمین،ئیبراهیم عەلی میرزا، عومەر خورماڵی، هێمن عبدالقادر، فؤاد عوسمان، عوسمان عەلی شین .ئازاد سالّح

Institut kurde de Paris



مینەی لولک ژەن .عبدالله سعید جەواهیر سالانی شەستەکان



بەغدا - باب المعظم - چێشتخانەی دارالطلبة ، سالی ١٩٧٥

لەراستەوە : بەکر کۆلیجی ئاداب - ئینگلیزی، سەرکۆ ئەحمەد پەروەردە – مێژوو، ئازاد سالح - ئابووری و بەڕێوەبردن



تەفتەقانی عەنەب ١٩٧٧/١١/٣ کاتێ چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی هاوکاری
لەڕاستەوە: ئازاد سالح ، هێرش محمد ئەمین ،مینەی لولک ژەن ،ئەحمەد ڕەشید



سالی (١٩٧٩) لە ڕاستەوە: ئازاد سالەح،هەلکەوت محمد، ڕزگار فەرەج. دواوە: ئەحمەد عەلی، محمد ئەحمەد کارەبا




سائی (١٩٧٩) لەڕاستەوە: ئازاد، هەڵکەوت، ڕزگار



لەڕاستەوە: بەهمەن ئەحمەد، عومەر حەمە ڕەحیم، ئیسماعیل سعید، ئومێد نوری، ئازاد سائح، هەڵکەوت محمد، ڕزگار فەرەج
کۆرسەکان لە ڕاستەوە: فائق، بەختیار هاشم، نازانم، سیروان عەلی ڕەزا
منائی لای ڕاست ڕوشدی تۆفیق، هەردی تۆفیق

kurde de Paris





Institut kurde de Paris


بەهاری ساڵی (١٩٨٠) نمایشی وەرزشی قوتابخانەکان، بە ڕیتمی (مارش) بەشداریمان کرد



ساڵی (١٩٨٠) شەهید شاهۆ حسین



Institut kurde de Paris





(١٩٨٠/٢/١٨) هۆڵی سانەوی کچان هەڵەبجە - تیپی مۆسیقای منالانی ماملێ

ئەڕاستەوە: بەهمەن ئەحمەد، سەلام میر ئەحمەد، شوان عەلی مەجیلان، فەلاح حەسەن، نەوزاد محمد سۆفی، ڕێگار شێخ سدیق، ڕوشدی تۆفیق، شێرکۆ جافر، جەمیل سید قادر، گیتارەکە. سۆران کەمال

کۆرسی کچ ئەوانەی ئەیاننناسمەوە: نەرمین محمد لاسلکی، پەیمانی خۆشکم، نیاز حەمەی سابیر ئەوانی تر نانناسمەوە.



لەڕاستەوە :بەهمەن ئەحمەد، سەلام میر ئەحمەد. شوان عەلی، نەوزاد محمد سۆفی، کۆرسە کچەکە: نەرمین محمد



کلارنیتەکە نازانم، شیرکۆ جافر، سۆران کەمال، جەمیل سید قادر

Institut kurde de Paris



١٩٨٠/٦/٢٠ سەیرانی مەڵبەندی لاوانی هەڵەبجە بۆ دهۆک، نزیک پردی دەلال لە زاخۆ
لەڕاستەوە: ئازاد سالح، هەڵکەوت محمد.
ئەوەی نێوانمان جانتای کامێرا سینەماییەکەمە، چەندین وێنەی ئەو ناوچەیەم گرت بەڵام بەداخەوە فەوتان



لەڕاستەوە :بەهمەن ئەحمەد :ئیسماعیل حەسەن :ئاراس شێخ جەمال .حیکمەت تۆفیق هەڵکەوت محمد
لە دواوە ئیسماعیل سعید ،عزیز حەمە کەریم بە پێوە ئازاد سالح : گۆرانی بێژەکە سیروان عەلی ڕەزا



چالاکی ۱۹۸۰



تیپی منالاّنی ماملێ ۱۹۸۰

Institut kurde de Paris



لەڕاستەوە: ڕزگار شێخ سەدیق -ڕۆشدی تۆفیق، شێرکۆ جافر، جمیل سید قادر



Institut Kurde de Paris





Institut kurde de Paris






Institut kurde de Paris





Institut kurde de Paris





Institut kurde de Paris





Institut kurde de Paris





institut kurde de paris





Institut kurde de P





Institut kurde de P





Institut kurde de Paris





Institut kurde de Paris





Institut Kurde de Paris





Institut Kurde de Paris





Institut Kurde de Paris





Institut kurde





Institut Kurde de Paris





Institut kurde de Paris





Institut kurde de Paris










Institut kurde de P





Institut kurde de Paris







Institut de Paris













Institut Kurde de Paris







Institut du monde arabe Paris







Institut de Paris







Paris







Institut du monde de Paris



سەرەتای ساڵی (٢٠٠٠)

لە ڕاستەوە: ئازاد ساڵح، هونەرمەندی گەورە مەزهەری خالقی، نیاز محمد، خلیل عەبدوڵا



لەڕاستەوە: ڕەوان شاد سابیر کوردستانی, ئازاد ساڵح سەیرانێک لە دوکان ساڵانی نەوەدەکان

Institut kurde de Paris



کۆتایی نەوەدەکان. وێنەیەکی یادگاری لەگەڵ هونەرمەند بێژەن کامگار


Institut kurde de Paris

کۆتایی نەوەدەکان. وێنەیەکی یادگاری لەگەڵ هونەرمەندی گۆرانی بێژ حسەینی شەریفی



Institut kurde de Paris

پێرست

پێشەکی ٣
بەشی یەکەم ـ بیرەوەرییەکان ١٥
چەند دێڕێک لە بیرەوەری منالێیم ١٧
مامۆستا و قوتابیانی هاوپۆلم لە سالانی شەستەکان کێ بوون؟ ٢٢
دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول ٢٣
سالی (١٩٦٤)، سەرەتای ئاشنابوونم بە ئامێری کەمان ٢٥
دوکانەکەی باوکم لە پیرمحەمەد و دراوسێکانی ٢٩
ناوی هەندێ یاریزانی هەڵەبجە لەسالانی شەستەکاندا ٣٢
رۆڵی رادیۆ لەبەغدا و کاریگەری لەسەر من ٣٤
ئاشنابوون و گوێگرتن لەڕادیۆی کرماشان ٣٨
پەیدابوونی تەلەفزیۆن ٣٩
مێژووی سەرەتای تێپە هونەرییەکان لە عێراق و کوردستاندا ٤١
یادەوەریم لەگەڵ شارەزوور و ڕەنگدانەوەی لە هەستی هونەریمدا ٤٥
کێ یەکەم کەس تەلەفیزیۆنی هێنایە هەڵەبجە؟ ٤٩
قۆناغی خوێندنی ناوەندیم لەشەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا ٥٢
دەرچوونی بەیانی یانزەی ئازاری ١٩٧٠ ..... ٥٧
تەسجیل وەک سەرچاوەی سەرەکی بۆ گوێگرتن لەگۆرانی ٦٠
هاتنی حەسەن زیرەک بۆ هەڵەبجە و شەوە ئاهەنگێک لەماڵی کاک فازیلی خەیات ٦١
پەیدابوونی سینەما لەعێراق و کوردستان ٦٢
ئاهەنگ و شانۆکانی دوای یانزەی ئازاری ١٩٧٠ ..... ٦٤
سالی ١٩٧١ بۆ یەکەم جار مامۆستا ئەنوەر قەرەداغیم دی ٦٦
تیپی مۆسیقای سلێمانی و ئاهەنگێک لەهەڵەبجە ٦٩
سەرەتای ئاشنابوونم بە ئامێری کەمان ٧٤

Institut kurde de Paris

دامەزراندنی تیپی مۆزیکی هەڵەبجە ٧٩
هەڵبژاردنی سەرۆکی تیپی مۆسیقای هەڵەبجە ٨٢
یەکەم ئاهەنگمان پێنج رۆژ بەردەوام بوو ٨٤
ئاهەنگی دووەمی تیپی مۆسیقای هەڵەبجە ٨٥
بەزۆر کردیانم بەسەرۆکی تیپی مۆسیقای هەڵەبجە ٨٨
بۆردومانی هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٧٤ دا ٩٢
دوای رووداوەکەی ساڵی ١٩٧٤ هاتینە سلێمانی ٩٤
ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی پۆلی شەشەمی ئامادەیی و چوونم بۆ زانکۆی بەغدا ٩٧
سەردانی مەڵبەندی رۆشنبیری لەبەغدا ١٠٥
لە قۆناغی دووەمی کۆلێژ لەزانکۆی بەغدا و هەندێ چالاکی هونەری لە هەڵەبجە ١٠٨
قۆناغی سێیەمی کۆلێژ لەزانکۆی بەغدا ١١٤
ساڵی چوارەمی کۆلێژ لەبەغدا ١١٨
ساڵی ١٩٧٨ کۆلێژم تەواوکرد و کرام بەسەرباز ١٢٥
چالاکییەکانی ساڵی ١٩٧٩ ..... ١٢٨
هاوینی (١٩٧٩) و هاتنی چەند ئەندامێکی تر ١٣٢
دروستکردنی تیپی منالاّنی (ماملێ) ١٣٤
چالاکی ساڵی ١٩٨٠ ..... ١٣٦
چوونم بۆ سەربازی لە ساڵی ١٩٨٠ ..... ١٤١
بەدەم سەربازییەوە کاری هونەریم دەکرد ١٤٩
لەسەربازی هەڵاتم و خەریکی کاری هونەری بووم ١٥٣
کۆنسێرتێک لە سینەمای هەڵەبجە ١٥٥
لەسەربازی رزگارم بوو ١٥٨
یەکەمین بەرهەمی تەلەفزیۆنیمان چۆن تۆمارکرد؟ ١٥٩
کۆنسێرتێک بۆ هونەرمەند عوسمان کێمنەیی ١٦٠
ئۆپەرێتی (سەوزە)مان برد بۆ دهۆک ١٦٢
ئاهەنگی ساڵی ١٩٨٤ ..... ١٦٣
تۆمارکردنی ئۆپەرێتی سەوزە لە ساڵی ١٩٨٥دا بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک ١٦٧
دانانی ئاوازی سەربەستی لەساڵی ١٩٨٦دا ١٦٩
دانانی چەند ئاوازێک لە ساڵی ١٩٨٧ دا ١٧٠

Institut kurde de Paris

دانانی (١٠) ئاواز بۆ تیپی هونەری پێشڕەو لە هەڵەبجە، ساڵی ١٩٨٨ ..... ١٧١
چالاکی هونەری لە ئێران لەساڵی ١٩٨٨ ..... ١٧٣
ساڵی ١٩٨٩ و ١٩٩٠ چالاکی هونەریم وەستا ١٧٦
یەکەمین چالاکی دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لەهەڵەبجە ١٧٧
پێشکەشکردنی کۆڕاڵی هەڵەبجە لەساڵی ١٩٩٢ ..... ١٧٧
بە دوو ڕۆژ شەش گۆرانیمان وێنەگرت ١٧٩
چالاکی هونەری ساڵی (١٩٩٣) ١٨٠
ساڵی ١٩٩٤ و هاتنی کاک عادل حەسەن بۆ تیپەکەمان ١٨١
چۆن لە بینای دەبۆکەی سلێمانی لە شەقامی مەولەوی نیشتەجێ بووین؟ ١٨٤
هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ و لەدەستدانی فیزەی ئەڵمانیا ١٨٦
ساڵی ١٩٩٥ و چوونی ئەندامانمان بۆ هەندەران ١٨٧
ژنێک باران لێیدەدا، سەرنجی ڕاکێشام ١٨٨
ساڵی ١٩٩٦ و یادی هەڵەبجە و پێڵاوەکانی سابیر کوردستانی ١٩١
بەرهەمەکانی ساڵی ١٩٩٦ لەیادی هەڵەبجە و قەڵادزێ ١٩١
یادی هەڵەبجە لەسلێمانی ئەنجامدرا لە ساڵی ١٩٩٧دا ١٩٣
تۆمارکردنی چەند بەرهەمێک لەژێرزەمینەکەی مالی ئەنوەر قەرەداخی ١٩٧
ساڵی ١٩٩٨ ـ وایزانی سەید عەلی ئەسغەر زیندووبۆتەوە ١٩٩
ساڵی ١٩٩٨ و یادی هەڵەبجە لە هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی ٢٠١
ساڵی ١٩٩٨ و تۆمارکردنی چەند بەرهەمێک ٢٠٤
ساڵی ١٩٩٩ و تۆمارکردنی دوو بەرهەم بۆ نیان عەبدوڵا ٢٠٦
کەی مۆڵەتی فەرمی تیپی شنرۆیمان وەرگرت ٢٠٨
ساڵی ٢٠٠٠ و تۆمارکردنی چەند بەرهەمێک ٢١٥
ساڵی ٢٠٠١ و ئامادەکردنی بەرنامەیەک بۆ جەژنی ڕەمەزان ٢١٨
کارکردن لە گۆرانییەکی سابیر کوردستانیدا ٢١٨
چەند بەرهەمێک لەیادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە ساڵی ٢٠٠٢ ..... ٢١٩
لە ساڵی ٢٠٠٣ دامەزراندنی ناوەندی ڕوناکبیری هەڵەبجە ٢٢٠
چالاکییەک لە ساڵی ٢٠٠٤ ..... ٢٢٢
خۆئامادەکردن بۆ ڤیستیڤاڵی یەکێتی هونەرمەندان لە ساڵی ٢٠٠٥دا ٢٢٣
بەشداری کردن لە یادی کیمیابارنکردنی هەڵەبجە لە ساڵی ٢٠٠٥ دا ٢٢٧

Institut kurde de Paris

هەوڵێکی سەرنەکەوتوو بۆ بەشداری کردن لە ڤیستیڤاڵی کلتوری لە ئەڵمانیا ٢٣٠
چالاکی هونەری ساڵی ٢٠٠٦ ..... ٢٣٤
ساڵی ٢٠٠٧ کاک عادل حەسەن بەرهەمێکی بۆ بەهرۆز بەڵخەیی ئامادەکرد ٢٣٦
چالاکی ساڵی ٢٠٠٨ ..... ٢٣٧
چالاکی ساڵی ٢٠١٠ ..... ٢٤٠
تۆمارکردنی چەند بەرهەمێک بۆ منالاّن ٢٤١
بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیری هەڵەبجە ڕێزیان لێنام ٢٤٥
چالاکی ساڵی ٢٠١١ ..... ٢٤٨
ڕێزلێنان بۆ هونەرمەند عوسمان کەیمنەیی ٢٥١
دیداری شیعری وەلی دێوانە لە سەیدسادق ٢٥٥
کۆنسێرتێک بۆ چوار گۆرانی بێژی تازە ٢٥٦
شێرکۆ بێکەس چەند شیعرێکی لە ڤیستیڤاڵی گەلاوێژ خوێندەوە ٢٥٨
ئاهەنگی ڕۆژی منالاّن لەساڵی ٢٠١٢ ..... ٢٥٩
ڕۆڵی کچان و ژنان لە بواری هونەردا لە هەڵەبجە ٢٦٠
ئەو پیاوانەی ڕۆڵی ئافرەتیان دەدی ٢٦٣
چالاکی ساڵی ٢٠١٣ ..... ٢٦٤
ڤیستیڤاڵێکی نێونەتەوەیی بۆ نەورۆز ٢٦٦
کۆنسێرتێک بۆ هونەرمەند هۆشیار حەمەفەرەج ٢٦٨
یادی حەسەن زیرەک لەساڵی ٢٠١٣دا ٢٦٩
بڵاوکردنەوەی چەند گۆرانییەک (بۆ منالاّن) ٢٧١
سەفەری تیپی مۆسیقای شنرۆ بۆ وڵاتی دانیمارک و سوید ٢٧٣
گۆران هەڵەبجەیی هەوڵی سەفەرەکەی داین ٢٧٣
بۆ چاوپێکەوتن چووین بۆ تاران ٢٧٥
تەنها شەش هونەرمەند ڤیزەی سەفەرکردنیان بۆ دەرچوو ٢٧٦
بۆ ئەم سەفەرە زۆر کەسایەتی و لایەن هاوکارییان کردین ٢٧٧
پێشوازیکردنمان لە دانیمارک ٢٧٩
یەکەم کۆنسێرتمان لە شاری ئۆدیسە لە دانیمارک ٢٨٠
ئەرکی پاککرنەوەی هۆڵەکە کەوتە سەر شانی من و کاک گۆران هەڵەبجەیی ٢٨٦
بەتەنها چووم بۆ سوید ٢٨٩

Institut kurde de Paris

کۆنسێرتێک لە سوید ٢٩١
کۆنسێرتی سێیەم لەدانیمارک..... ٢٩٣
کۆنسێرتێک لە ستۆکهۆڵم..... ٢٩٦
دوای گەڕانەوە لەسەفەری دانیمارک و سوید ٢٩٨
یادی هەڵەبجە لە ٢٠١٤/٣/١٦ ..... ٢٩٩
هونەرمەند مستەفا ئەحمەد شوێنەکەی تیپی پێشڕەوی دا بە ئێمە..... ٣٠٢
یادی ٢٠١٥/٣/١٦ لەسەر گۆڕی شەهیدان کرایەوە ٣٠٣
کردنەوەی خولی مۆزیک لە خانەی مۆزیکی منالان ٣٠٤
ساڵی ٢٠١٦ و یادگاری ساڵانی حەفتاکان لە فەیسبووک..... ٣٠٥
گەڕانەوە بۆ هەڵەبجەو دروستکردنی فێرگەی موزیک ٣٠٧
چۆن فێرگەی (شنرۆ)مان کردەوە لە هەڵەبجە ٣٠٧
خۆئامادەکردن بۆ یادی شانزەی سێ لە ساڵی ٢٠١٧ دا..... ٣١٢
یەکەمین قوتابی فێرگەکەمان کێ بوو؟..... ٣١٦
قوتابی زیاتر ڕوویان لە فێرگەکە کرد ٣١٧
کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕوومانی چالاکی فێرگەی شنرۆیان دەکرد ٣١٩
دروستکردنی ستۆدیۆیەک بەهاوکاری هاوڕێیان و دۆستان..... ٣٢٢
ئامادەکردنی کۆرانێک بۆ ڕۆژی ٢٠١٨/٣/١٦ ..... ٣٢٥
هەندێ چالاکی و بەرنامەی تەلەفیزیۆنی و ڕادیۆیی و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی..... ٣٣٣
یەکەمجاربوو کۆنسێرت بەشەو بکەین ٣٣٦
قونسولگەری ئیتالیا و وەرک شۆپێک بۆ ٣٠ موزیکژەن ٣٤٢
هەریەکەی بەسەر دەستە و تاقمێکدا دابەش بوو..... ٣٤٣
مەرگی ناوادەی کاکە ڕێهات ٣٤٤
بۆیەکەمینجار ئاهەنگێک لەشەوی یەڵدا لەهەڵەبجە..... ٣٤٧
دیاری سەندیکای هونەرمەندان بۆ فێرگەی شنرۆ لە ساڵی ٢٠١٩ ..... ٣٥٠
دانانی کۆرانێک بۆ یادی هەڵەبجە لە ساڵی ٢٠١٩ ..... ٣٥١
ناسینی من بۆ حەکیمی مەلا ساڵح ٣٥٥
لەساڵی ٢٠١٩ دا سەیارەکەیان دزیم ٣٥٩
تۆمارکردنی گۆرانی بارانە بۆ هونەرمەند ئازادە ڕەش لە ساڵی ٢٠١٩دا..... ٣٦٠
بەشداری کردنم لە تیپی ئۆرکسترای سەمفۆنیای سلێمانی..... ٣٦٢

Institut kurde de Paris

دوو ئاواز بۆ هونەرمەند خالید عومەر..... ٣٦٤
مێژووی سینەمای هەڵەبجە ٣٦٥
شیوەنێک بۆ کۆچی دوایی هونەرمەند ئەسفەر رەشید..... ٣٦٦
شیوەنێک بۆ هونەرمەند سابیرکوردستانی..... ٣٦٩
بەرنامەیەک لە باخەکانی گوڵانی هەڵەبجە بۆ کەنالّی کوردسات ٣٧١
بەشداریمان کرد لە چلەی خوالێخۆشبوو، ع.ع. شەونمی شاعیر و روناکبیر..... ٣٧٣
تۆمارکردنی کلیپێک بۆ گۆرانی هەی خاوەر و هەڵێخەی خالید عومەر..... ٣٧٥
کۆچی دوایی ئەو مامۆستایەی لەمنالّیمدا هۆگری مۆسیقای کردم ٣٧٧
ساڵی ٢٠٢٠ هەر نەڕۆیشت تا مەرگی مامۆستا ئازاد حەمدیشمان دی ٣٨٠
ساڵی ٢٠٢١..... ٣٨٢
دیدارێکی کورت لەگەڵ هونەرمەند عوسمان کێمنەیی..... ٣٨٢
هەوڵدان بۆ دروستکردنی تیپێکی کۆرس لە قوتابیانی قوتابخانەکان..... ٣٨٥
باسکردنی مێژووی موزیکی هەڵەبجە بۆ کەنالّی کوردسات..... ٣٨٨
پەیوەندی لەگەڵ پەیمانگای گۆتەی ئەڵمانی ٣٨٩
پەیمانگای گۆتە سەردانی هەڵەبجەیان کرد ٣٩٠
کۆچی دوایی هونەرمەندی تیپەکەمان کاک(ئومێدی نوری حەمەی نانەوا) ٣٩١
شیوەنێک بۆ هاوڕێی دێرینم کاکە فوئادی حەمەی مەحمود ئەفەندی..... ٣٩٥
دیداری خاتوو ئەنایس و دکتۆر عەبدوڵا جەمال سەگرمە ٤٠١
خۆئامادەکردن بۆ کۆنسێرتێکی هەمەچەشن لە باخی گشتی هەڵەبجە..... ٤٠٢
بەخشینی مەدالیای ڕێز لێنان بۆ یادی هونەرمەندی گەل تاهیر تۆفیق..... ٤٠٨
خۆئامادەکردن بۆ ئاهەنگی شەوی یەڵدای ساڵی ٢٠٢١ ..... ٤١٢
چەند خوێندکارێکی زانکۆ پەیوەندییان کرد بە فێرگەکەمانەوە..... ٤١٧
ئەنجامدانی (فیچەر)ێک لە لایەن دەنگی ئەمریکاو تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان ٤١٨
فێرخوازەکانمان کردووە بە سێ گروپەوە ٤٢٠
بانگهێشت کردنمان بۆ دیداری عەلی مەردان لە کەرکوک..... ٤٢٢
نوسینێکی برای بەڕێزم کاک جەمالی دەلاک لەسەر مێژووی هونەریم ٤٢٥
کۆنسێرتێک بۆ خاتوو هانی هونەرمەند..... ٤٤٠
کۆتایی ٤٥١
بەشی دووەم ـ وتار و لێکۆڵینەوەو چاوپێکەوتن لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان ٤٥٣

Institut Kurde de Paris

تیپی مۆسیقای هەڵەبجەو چەند سەرنجێک ٤٥٥
مینەو شمشاڵەی ٤٥٧
ئاهەنگێکی هونەری لە هەڵەبجە ٤٦٢
خێزانی کامکار و مۆسیقای کوردی ٤٦٣
ریتم لەنێوان ژیان و مۆسیقادا ٤٧٢
تیپی مۆسیقای شنرۆ، رووی گەشی هونەری شاری هەڵەبجە ٤٧٩
گۆرانی فۆلکلۆری منااڵنی کورد و چەند لێکۆڵینەوەیەک ٤٨١
موجتەبای میرزادە ٤٩٠
پەیوەندی مۆسیقا بەسەماوە ٤٩٤
چێژو فۆرم لە جوانکاری مۆسیقادا ٤٩٧
پرۆشەی هەستی مرۆیی لە سەمفۆنیاکانی بیتهۆڤن دا ٥٠٤
پێناسەیەک بۆ ئابووری نێودەوڵەتی ٥٢٦
هەست بەجوانکاری لە موزیکدا ٥٣٢
بەراوردکارییەک لەنێوان موزیکی رۆژهەاڵتی و رۆژئاوا ٥٣٧
بەدەستگیرکردنی سەدامی دیکتاتۆر، هەڵەبجەییەکان خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕن ٥٤٤
رووەو هونەرێکی کوردی ڕەسەن و هاوچەرخ ٥٤٦
کەرنەڤاڵی لاوک و حەیران و هۆرەو سیاچەمانە ٥٤٨
چرکەساتەکانی پرسەی میلۆدییەکان ٥٥١
ریپۆرتاژ ٥٥٥
چاوپێکەوتن ٥٥٦
لێدوان لە ریپۆرتاژێکی رۆژنامەوانیدا لەسەر ڤیستیڤاڵی موزیکی کوردی: ٥٥٨
حەسرەتێک بۆ گیانی هاوڕێی هونەرمەند سابیر کوردستانی ٥٦٠
بەشی سێیەم ـ ئەلبومی وێنەیی ٥٦٣

Institut kurde de Paris

Institut kurde de Paris